

# ئاینده ئێستایه


خاوەن ئیمتیاز : حسێن عارف

سەرنووسەر : دڵشاد عەبدوڵڵا

دەستەی نووسەران :

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل – کامەران سوبحان – سەباح ڕەنجدەر – دانا فایەق – ئیدریس عەلی

سەرپەرشتی هونەریی: حەمید ئەزمودە

کۆوارێکی ئەدەبییە دوومانگ جارێک دەزگای ئاراس و سەردەم وەکو پرۆژەی هاوبەش بڵاویدەکەنەوە



ناونیشان : هەولێر ، شەقامی گوڵان ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

سلێمانی ، شەقامی سالم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

تەلەفۆن : سەرنووسەر ٠٧٥٠٤٥١٢٧٨٦ ، ٠٧٧٠١٥٣٢١٤٥

ئیمێڵ: dlshad 7@yahoo.com - aeynda@yahoo.com



ژمارە ( ٩٣ ) تشرینی دووەم ٢٠١٠

نرخ ١٥٠٠

# ناوەڕۆک


| | | |
|---|---|---|
| ٤ | مەلەفێکی ئەدەبی تورکمانی | |
| ٦ | نەسرین ئەربیل شاعیرێکی دوورە وڵات | و: ئەحمەد تاقانە |
| ١٠ | شیعری نوێی تورکمانیی | قەرە وەهاب و عسمەت ئویزجان |
| ١٨ | شەوی لە دایک بوون | محەمەد خورشید داقوقلی |
| ٢٠ | پێنج کورتە چیرۆک | قەحتان هرمزی |
| ٢٢ | ئیکور.. ئیکور، ئاغفور ئاخجیک | نەسرەت مەردان |
| ٢٦ | نهێنی جیهانە شاراوەکان | سەلاح بەهلول چامرچی |
| ٢٨ | حەکایەتی عەشقێک لە قەڵای کەرکووک | فازل ناسر کەرکوکلی |
| ٣٢ | نامەیەک بۆ ژنەکەم | عەبدوللەتیف بەندەر ئوغلو |
| ٣٤ | بزووتنەوەی شانۆگەری لە کەرکووک | فازل حەلاق |
| ٣٨ | مچالا | سەلاح نەورەس |
| ٤٦ | لە حەکایەتەکانی دەدەقورقورتەوە | نەسرەت مەردان |
| ٥٠ | شادیی بێدەنگییەکی ناتەواو | سوبحییە خەلیل زەکی |
| ٥٤ | ترس | یاشار بایاتلی |
| ٥٥ | قسمەت | هاشم قاسم ساڵحی |
| ٥٨ | لە بیرچوونەوە | نەرمین موفتی |
| ٦٠ | کتێبی مردن | نەسرەت مەردان |
| ٦٢ | دایکم | رەمزی چاووش |
| ٦٤ | وشەیەکی کورت دەربارەی خۆیرات | ئەسعەد ئەربیل |
| ٦٦ | بێدەنگ بە | محەمەد عومەر قازانچی |
| ٦٧ | ڕێگا | د. محەمەد مەردان |
| ٧٤ | یادی لە دایک بوون | عسمەت ئویزجان |
| ٧٦ | زندە خەو | نازم سائیغ |
| ٧٨ | لە خۆشەویستیەک دەگەڕێم | حوسام حەسرەت |
| ٧٩ | ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان | قەدریە زیائی |
| ٨٠ | گەڕۆکەکانی ئێستێتیکای دەق لە شیعری.... | دەوەن |
| ٨٧ | پەنجەرەکانی ئارابخا | ئەدیب نادر |

| | | |
|---|---|---|
| ٩٢ | غەریب هەرگیز خانەنشین ناکرێت | سەلام محەمەد |
| ٩٣ | ئەم پیاوستانە ئەمکوژێ | چنوور نامیق |
| ٩٥ | ستایشەکانی عیشق | فەرەیدوون سامان |
| ٩٨ | خۆشەویستی لە دوا وێنەدا لەدیوانی جەلال بەرزنجیدا | ڕێبین ئەحمەد خدر |
| ١٠٢ | دیمانەیەک لەگەڵ لالە عەبدە | کامەران سوبحان |
| ١٠٨ | دیمانەیەک لەگەڵ سەرگۆن پۆڵس | و: نەبەز گەرمیانی |
| ١٢٢ | دۆزینەوە | محەمەد مەولوود مەم |
| ١٢٦ | داری مەرگ | حوسێن لەتیف |
| ١٢٩ | سۆسیۆلۆژیا و دابڕانی ئەبستمۆلۆژی | و: شوان ئەحمەد |
| ١٣٣ | هونەری زمان لە ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان...) | حەمە مەنتک |
| ١٣٧ | سێ شیعری وەرگێڕدراوی ئەحمەد شاملو | و: عەتا جەمالی |
| ١٤٠ | سرکەوانی خەیاڵ | دیار گوڵزار |
| ١٤١ | نارام سین | و: سابیر ڕەشید |
| ١٤٩ | حەرفە دوورەکانی من و تۆ | ڕۆژ هەڵەبجەیی |
| ١٥١ | کوشتار | و: جەبار سابیر |
| ١٥٦ | شتەکەم تۆ شێت نیت | کلارا |
| ١٥٨ | ئەستەنبوڵ | نزار ئاگری |
| ١٦١ | گەوهەری کۆشک و هونەری وەرگێڕانی دراماو دۆبلاژ | ئیدریس عەلی |
| ١٦٥ | دەقی شیعری: گوتاری شیعریی | هەندرێن |
| ١٦٧ | سەبارەت بە شیعر | بۆتان جەلال |
| ١٧١ | ئەکیرا کوراساوا: جیهان ناگۆڕێت... | و: ئەکبەر حەسەن |
| ١٧٥ | لە بارەی بۆرخیس، ئەفسانەی ئەدەبی ئەرژەنتینی | لە ئینگلیزییەوە: سەعید محەمەد عومەر |
| ١٧٨ | لیتوما لە چیای ئەندیزدا | ماریو فارگاس یۆسا |
| ١٨٠ | جەلالی میرزا کەریم | سەباح ڕەنجدەر |
| ١٨٢ | پیاوێک بە تاجە گوڵی هێرۆوە | دڵشاد عەبدوڵڵا |

# مەلەفێکی تری

ئایندە، ئەمە یەکەم جاری نییە، "مەلەفێک" بۆ ئەدەبی تورکمانی، ئامادە بکات. لە ژمارە "٧٥"ییدا دەستپێشخەرییەکی کرد، کۆمەڵێ دەقی تورکمانی بۆ کوردی وەرگێڕاو بڵاوی کردەوە. پێ خۆشحاڵی و ڕەزامەندی نووسەرانی تورکمان بەو کارەمان و بڕوای ئێمەش بە کاریگەری ئەدەب بە وشەی جوان و نوێو و بیری مرۆڤانەوە لە توانایدا هەیە ڕق و کینە بسڕێتەوە و هەموو شتێک جوانی پڕژێن بکات، خوێنەری کوردیش بە ئەزموون و تاقیکردنەوەی ئەدەبی گەلانی دیکە شارەزا بێ و شتی نوێیان لێوە بخوێنێتەوە، بە تایبەتی ئەدەبی گەلێک کە لەسەر ئەم نیشتمانە دەژین و ساڵانێکی دوور و درێژمان پێکەوە بە تەبایی بەسەر بردووە. بۆیە ئەمجارەش ئەزموونی کۆمەڵێک نووسەرانی تورکمانمان لەم مەلەفەدا وەرگێڕا و بڵاو کردەوە.. هەندێکیان بە دەنگمانەوە هاتن و دەقەکانیان بە Email بۆ ناردین، هەندێکی تریشیان ڕوومان لێ نان و بە دەنگمانەوە نەهاتن. ئەوانەش دەنگ و دەستمان پێ نەگەیشتن لە دیوانە شیعر و کۆمەڵە چیرۆکە بڵاوکراوەکانیانەوە دەقەکانمان بە کوردی کردوون.

هەر لە سەرەتای هەفتاکانەوە، ژمارەیەک لە نووسەرانی کورد، ناوە ناوە شیعر و چیرۆکی تورکمانیان بۆ کوردی وەردەگێڕا و لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاویان دەکردەوە.

لێرە جێگەی خۆیەتی ناوی ئەو بەڕێزانە بەخێر بهێنین لەوانە:

# ئەدەبی تورکمانی

خوالێخوشبوو شکور مستەفا، چامەیەکی درێژی عەبدوللەتیف بەندەر ئوغلوی بە کوردی کردووە و وەکو کتێب لەژێر ناوی "خەم بۆ من ئازار بۆ تۆ باهۆز بۆ هەموومان" بە چاپ گەیاندووە.
ئازاد ئەحمەد، محەمەد سابیر مەحموود، ئەحمەد تاقانە جێ دەستیان لەم بوارەدا دیارە.
ئێمە هەر ئەوەندەمان لە دەست هاتووە، ئومێدەوارین خزمەتێکی بچووکی بە هەردوو ئەدەبەکە گەیاندبێ.
داوای لێبوردنیش لە هەندێ ناوی دیاری ناو ئەدەبی تورکمانی دەکەین کە لێرەدا بەرهەمەکانیان بە کوردی نەکراوە دەنگ و دەستمان پێ نەگەیشتوون.
بۆ لەیەک تێگەیشتن و زیاتر لەیەک نزیک بوونەوە، ئومێدەوارین نووسەرانی تورکمانی کۆمەڵێک دەقی شایستەی کوردی (ئەگەر چی لە ڕێی زمانی عەرەبیشەوە بێت) بۆ وەربگێردرێن و لە ڕۆژنامە و گۆڤارە تورکمانییەکاندا بلاو بکەنەوە. ئەمە ئومێدێکە و دەیخەینە بەر چاو.
جگە لەو بابەتانەی ناوی وەرگێرەکەی لەسەرە، سەرجەم بابەتەکانی دی بەندە کردوومن بە کوردی.

**ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل**



له شیعری نوێی تورکمانییەوە:

# نەسرین ئەربیل

# شاعیرێکی دوورەوڵات

و: لەتورکمانییەوە: ئەحمەد تاقانە

## نەسرین ئەربیل کێیە؟

نەسرین ئەربیل، کچی عەتاوڵڵا ئاغای ناوداری هەولێرییە، کە سەر بە یەک لە بنەماڵە ناسراوەکانی ئەم شارە دێرینەیە، دایکی لە بنەماڵەی ناسراوی "نەفتچی" ی کەرکووکە. لە ٩ ی ئەیلوولی ١٩٣٩ لە هەولێر هاتووەتە جیهان. ماوەیەک درێژەی بە خوێندن داوە، دواتر بەهۆی نەخۆشییەوە وازی لە خوێندن هێناوە، بەڵام سوودی لەو کتێبخانە دەوڵەمەندەی باوکی بینیوە بۆ خۆپێگەیاندن.

جگە لە تورکی، عەرەبی و ئینگلیزی، ئەڵمانیشی بە کۆششی و زیرەکیی خۆی فێربووە. تەنانەت وای لێ هاتووە لە پاڵ تورکیدا بە ئینگلیزیش شیعر بنووسێ و بەو زمانە ئاستی رۆشنبیریی فراوانتر بکا.

ساڵی ١٩٥٦ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەلایەن (میوزیک ستی – شاری مۆسیقا) وە کێبەرکێیەک رێکخراو، لەم کێبەرکێیەدا نەسرین بەشداریی کردووە و بە شیعری ( for love All – هەموو شتێک بۆ خۆشەویستی) پاداشتی یەکەمی بەدەست هێناوە. کۆمپانیای (نۆردیک)ی تۆمارکردنی گۆرانی لە کالیفۆرنیا شیعرەکەی لێ کڕیوەتەوە بۆ ئاوازبۆدانان و تۆمارکردنی. دواتر هەر ئەو کۆمپانیایە، دوو شیعری ( Lonely ô Come back to me – واتە: تەنیا –و– وەرەوە لای من) لێ کڕیوەتەوە.

بەمجۆرە، بە هەوەس و ئارەزوویەکی پترەوە کاری لە ئەدەبیاتدا کردووە، هەروەها لەم دەمانەدا، دەست بە خوێندن دەکاتەوە و ئامادەیی تەواو دەکات و لە (کامبرج) بڕوانامەی دیپلۆم لە ئینگلیزی وەردەگرێ.

چوار ساڵ چووەتە مەڵبەندی رۆشنبیریی ئەڵمانی و زمانی ئەڵمانی فێر دەبێ، دوای ساڵی ١٩٦٠ دەکەوێتە قۆناخێکی زۆر بە پیت و بەرهەمەوە و بووە بە شاعیرێکی چاک و ناسراو، دواتریش دەچێتە بەغدا و لەگەڵ هاوسەریدا لەوێ دەژی کە دایکی تاکە منداڵێکە.

هەندێک لە شیعرەکانی خۆی لە کۆشیعری ( Deniz Ruyasi – خەونی دەریا) دا ساڵی ١٩٦٩ لە ئەنقەرە لە چاپ داوە.

ساڵی (٢٠٠٢) بە ناونیشانی (دوو شار)ەوە لە ئەنقەرە کۆمەڵە شیعرێکی دیکەی بڵاودەکرێتەوە.

خاتوو نەسرین وەک شاعیرێکی هەولێری، توانیویەتی سنووری شارەکەی، تەنانەت وڵاتەکەشی ببەزێنێ و لە ناو کەوشەنێکدا گیرنەخوا... بە زمانێکی سفت و ورد و جوان شیعرەکانی دەنووسێ.

لە شیعری خاتوو نەسرین – دا زۆر ئاساییە، تاسەی بەرامبەر زێد و شارەکەیمان بەرچاو بکەوێت.. بەڵکو لە بابەتە جیاجیاکانیشدا ئەم هەستە قووڵەی لە دەروونی هەڵکۆڵراوە، هەست پێ دەکرێ.. لە لایەکی دیکەشەوە، زیرەکی و شاعیرییەتیی لە زۆر لاوە خۆی دەسەپێنێ، تەنانەت لەو شیعرانەیدا کە چەمکێکی قووڵ و فراوان بە شتی بچووک و لە بیرکراو دەبەخشێ و دەیانکاتە شیعرێکی جوان، وەک لە شیعری ( مافوور ) دا دیارە.. بە گشتی شیعری خاتوو نەسرین لە ئاستێکی بەرزدایە کە شایەنی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیە..

ئەم نموونە شیعرییانەی ئێرە لەم دوو کۆمەڵە شیعرەی خوارەوە وەرگیراون "کە هەردووکیان بە تورکیی لاتینین ":

١ ) دوو شار " ایکی شهر " – بڵاوکراوەی " ئویتویکەن " – چاپخانەی " ئویزەنەر " – ئەستەمبووڵ ١٩٩٨.

٢ ) دوارۆژم "گەلەجەگیم " – هەولێر ٢٠٠٤.

نموونە لە شیعرەکانی

## مافوور

تۆ دۆستی
سەدەیەکی بنەماڵەکەمی
کێگەل بەسەریدا نەگەڕان
کێگەل

## شت

دەتگوت " شتێلێک بڵێ "
" هەرچی شتێک بێ "
منیش ئەوەی دەمویست بیڵێم
شتێلێکی زۆر بوون
ئێستاکە ئەو شتانە
لە تاکە شتێکدا کۆ دەبێتەوە
ئەو شتە شتێکی وەهایە کە
وەک شت

## بۆ دایکم

لە تاریک و ڕوونیی فێنکی ژوورەکەمدا
تارماییی تۆ
لەو پەرداخەدا کە دەیهێنمە لای لێوم تۆ هەیت
فێنک وەک بارانێکی نیسان دایەگیان
لەبیرتە
سپیی ناو پرچت
ئەسری ناو چاوت
ئەو ئێوارانەی چاوەڕێت دەکردم
کە لە ئامێزی گەرمتدا منت دەخەواندبە زەردەی سەر لێوانت گەرم
دەبوومەوە
ئیدی تەنیام
بوونی لەناو تەنیاییی بێتۆییدا
نە کەس هەیە بە چاوانم پێبکەنێ
نە دەستەکانم بلاوێنێتەوە
هێندەی ماوەکانی نێوانمان
بیرەکانم دوورن
چاوەکانم نمدار
دەوەستم و دەوەستم بەرەو تۆ وەردەگەڕێم
بە چاوەکانت و ڕووە خەمبارەکەتەوە
وەکو بووی یادت دەکەم
تا تێر بوون دەگریێم
دەگریێی

ڕۆژێک دەگەڕێیتەوە
دەزانم
ئەسری چاوت کوڵمەکانت دەسووتێنێ
پێ ترپەکانت
بێدەنگییە هەمیشەییەکە تێکدەدا
تێدەگەی کە دواکەوتووی
گیا ئەوەی گەماروو داوە بە دوایدا دەگەڕێی
تا کونکردنی ڕابوردوو
دەگرییێی؟

## ڕاگوزاری

سبەی لە سەعات یەکدا
ڕوانینت بە دوای شەمەندەفەردا دەڕوا
دەست ڕاناوەشێنم و
لە ڕقی جودابوونەوە
ناگرییێم.



## وەڵام

گوتبووی، وەرە
لە وەرزە سەوز و زەردەکاندا
چاوەڕێی تۆم کرد
لە گوڵە پشکووتووەکاندا
بە دوای ڕەنگەکانتدا گەڕام
هەناسە ساردەکانت کسپە کسپە
لە ناخمدایە
بەتۆم گوتبوو بێ
هەموو شتێک وەها گۆڕاوە کە
ئیدی ئەگەر نەشییێی دەبێ.

## شیعری نوێی تورکمانی:

# عسمەت ئۆێزجان

و: لە تورکمانییەوە: ئەحمەد تاقانە

"عیسمەت ئوزجان" ساڵی ١٩٤٦ لە شارۆچکەی کفری لە دایک بووە.
خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی ئامادەیی لە خورماتوو تەواو کردووە، لە سەرەتای حەفتاکاندا بۆ خوێندن چووەتە تورکیا.
لە هەشتاکاندا گەڕاوەتەوە، ماوەیەک لە هەولێر و دواجار لە خورماتوو نیشتەجێ بوو.
بە دەنگێکی دیاری شیعری نوێی تورکمانی دادەنرێت. بێجگە لە شیعر چیرۆک و شانۆنامەشی نووسیوە.
کۆمەڵە شیعرێکی بە هاوبەشی لەگەڵ (نەسرت مەردان و محەمەد عمر قزانجی) بە ناوی "شەفەق" بڵاو کردۆتەوە.
ساڵی ١٩٩٤ بەدەم نەخۆشییەکی کوشندەوە لە خورماتوو کۆچی دوایی کرد.

## نموونه له شیعره‌کانی

### به‌د - نزا

نزا به‌ده‌که‌م
کرد
به ژێی که‌وانه‌که‌مدا
به ئاخه‌کانمه‌وه
هاویشتم
به ڕووی ئاسماندا
به‌ڵکو گیانی هه‌وران
ده‌سووتێنێ
ته‌رزه به‌سه‌ر
پشکۆی دڵمدا
ده‌بارێ

### وه‌ره

چاوان نه‌یبینن
گوێ نه‌یبیستن
په‌ڕه‌یه‌ک بدزه
له په‌ڕه دواییه‌نه‌کانی ڕۆژژمێره‌وه
پۆل پۆل
قومری به‌سه‌رمانه‌وه
ڕه‌ت بن
جارێکی که
ڕۆژگار، نه‌یێته‌وه دواوه

### ئه‌ی دڵ بنوو

بنوو ئه‌ی دڵ بنوو
وه‌رز دره‌نگه
گوڵ بێ بۆنن
مه‌لان بێدار
ئه‌سپه شێکه‌ی خۆشمان ده‌ویست
چوارناڵه غار ده‌دا
له ئێمه دوور

### تۆ و شیعر

تۆ و شیعر
شیعر و ئه‌تۆ
گیرۆده‌بیه هه‌ره گه‌وره‌که‌من
جام و جگه‌ره
ئه‌مانه‌ش دۆستی بچووکمن
به یاد کردنه‌وه‌ی تۆ
شیعر ده‌نووسم
له‌گه‌ڵ جامدا یه‌کدی ماچ ده‌که‌ین
له‌گه‌ڵ دووکه‌ڵدا ده‌نووم

## هەرگیز

ئەوە؟
ئەمەی کە دەیبینم
ئەم لە کێلاندا ژەنگی هەڵهێناوە
ئەمە نییە
ئەو شمشێرە
ئەمەیە؟
ئەو کیژە شۆخە سەرسەرییە
ئەمە..
ئەو نییە
هەرگیز

## من هەم

نیم
نییە
هەم
بنوشتێرەوە
بۆ دوژمن
خار
بۆ دۆستم
یار
چیایەکی مەزنم
سەر بە بەفر
ڕێگە نادەم
من
هەم
هەم
هەم
هەم

# سەناریا

عیسمەت ئۆیزجان
و: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

ئەی ئەو ئەسپەی لە خوێنمدا
چوار ناڵەتە..
لەو دیو تەلبەندەکانەوە
سپی دەچیتەوە.. سپی.
لە جادووی ئەو نزایانای
لە هێلانەی باڵندەکانەوە دێن.
پەپوولە مەستەکان دێن و دەچن
شارێک لە گەڵتدا
هەموو بەیانییەک پێدەکەنێ!
وەرز بەهارە و مانگی نیسانە
پیاوێکی تەنیا لە گەڕەکێکی خامۆشی "دوز"دا
ئەویش منم..
هەمیشە بە تەنیا، بەر پەنجەرەکە بەر نادا *
لەم تەنهاییەدا مێروویەکم کردۆتە هاوڕێ!
چ ڕوو دەدا! گەر ئەویش بەجێم بێڵێ؟
وەرە، لە "ئاوە سپی" * بپرسە.
ئازاری جەستەم چۆن کووڕی کردووم
چوون سەعاتەکەی "دالی" تێکشکاوم
دەبمە سەعاتێکی بێ چرکە ژمێر
لە بوخچەی غەمباری بیاباندا
نازانم چۆن بزانم دنیا کەیە
ئاگرێک لە هەناومدا هەڵاساوە
لە لاجانگمەوە عارەق دەڕێژم
ئازار کینگڵم پێدەدات
منیش دەمێکە نەماوم...

* بەدەم ئازاری شێرپەنجەوە ئەم شیعرەی نووسیوە (و).
* ئەو ئاوەی بە شارۆچکەی خورماتوودا تێدەپەڕی (و).



## شیعری نوێی تورکمانی

# قەرە وەهاب

و: لە تورکمانییەوە: ئەحمەد تاقانە

### کورتەیەک لە ژیننامەی:

– قەرە وەهاب (وەهاب ئەحمەد عەلی) شاعیرێکی تورکمانە، لە خورماتوو لە دایک بووە.

– دەرچووی خوێندنی ناوەندییە.

– بەرهەمە چاپکراوەکانی:

× بیر ئاوج دویغو (یەک مشت هەست) – کۆ شیعری یەکەمیەتی (بە تورکمانی).

× ئالما (سێو) کۆ شیعر (بە تورکمانی).

× و بن (هەروەها منیش) کۆ شیعر (بە تورکمانی).

× [illegible] (بە باران دەسووتێم) کۆ شیعر (بە عەرەبی).

تێبینی: ئەم شیعرانەی ئێرە لەم کۆشیعرەی خوارەوە وەرگیراوە "کە بە تورکیی لاتینی چاپ کراوە":

"و.. من" ( ڤە.. بەن ) – فۆتۆکۆپیی "سامی حەبیب مەییاس" – چاپخانەی ئەلمەییاس – کەرکووک ٢٠٠٦.

نموونە لە شیعرەکانی

## بزن

وەکو بزن!
لە نێو دوو بەرداندا دەژیم
وەک کارژۆڵە،
سەرم بە قەساب نافرۆشم
ئەگەر برسیم بێ وەکو گورگ!
جنۆکەکان و با دەخۆم
ڕێزی شێر
لە بزن دەگرم
بەڵام هەڵسوکەوتی مێروولەیەک
هێندەی دوو بزن
پەسندترە لام.

## شعر

ئەم شیعرە!
تۆ خوێیەکەیت تێکرد،
من، ئاوەکەی.
لەبەر ئەوە
هەمیشە
لە دەستەکانتدا ڕەشەبا
لە دەستەکانمدا بەهار
هەیە

## ئێمەگەل

ئێمەگەل میللەتێکین لەسەر ڕووی خۆمان
دڵمان بە خۆشەویستی بۆ مرۆڤایەتی دەخورپێ
ئێمە.. زەریا
لەچاوماندا پاڵ دەداتەوە
مرۆڤایەتی گەلێ ئازیزە
ئێمە.. نێوچەوانمان ئارەقەیە، دڵمان دەخورپێ
چوار وەرزە، شەقار شەقار.

## ئێوەگەل

ئێوەگەل... کەشتیگەلتان ڕۆنا
بە دوای بەردە قەوزە نەگرەکاندا گەڕان
ئێوەگەل.. ئێمەتان لە هزردا
لقێکی دارگوێزین.

## ئەو

ئەو، وەک ڕۆژگار دەڕوا
ئاور لە دواوە ناداتەوە
ئەو.. لە تۆزی گەردەلوولەکان، لەناو گرمەگرمەکانەوە
شتە ژیان پەخشەکان دەخولقێنێ.
ئەو.. دەڕوا، وەکو خوێن،
بێ ئەوەی تەماشای برینەکانی بکا.

## لە ئاگر

ڕۆژێک لە سەهۆڵ
پیاوێ بم لە سەهۆڵ
دەمەوێ دڵم لە ئاگر بێ
بە درێژایی تەمەن،
پیاوێک بم لە ئاگر
نامەوێ دڵم لە سەهۆڵ بێ
لە ناو ئاوێکی سەد پلەییدا، سەرم بکوڵێ،
پێویست بە یەک پلە سەهۆڵ ناکا.

## چوار نموونەی دیکەی شیعری

## قەرە وەهاب

و: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

### تار

هەندێ جار، تار، بۆ گوڵە گەنم
ئاوازی لێ بەرز دەبێتەوە
هەندێ جاریش
بۆ چقڵ و درِک..
جارێکیان
سەمفۆنیای شنەی بای ژەند
گەرداو لە رقاندا
تاری شکاند..!
تکاتان لێ دەکەم
کاتێ گڤەی "با" دەژنەون
"فاتیحا"ی رۆحی بدەن،
ئەوە وژە وژی
تارەکەی منە
دەگری...

### کە خۆشم ویست

دڵدارەکەی منیش "لەیلا"یەکە بۆ خۆی
بەڵام پێم ناڵێن "مەجنون"
منیش چوون فەرهاد "شیرین"ێکم
خۆشدەویست.
نە چیام کۆڵی، نەبەردم تاشی.
منیش وەک "کەرەم"
عاشقی "ئەسلی"یەک بووم
نە ئاگرم دی، نە دووکەڵ
"قەیس" دای بە کەژا،
"فەرهاد" غەمی عەشقی لە کۆڵ نا
"کەرەم" بوو بە ئاگر،
منیش دڵداریم کرد
بووم بە شاعیر..
*کەرەم و ئەسلی: داستانێکی میللی دڵدارییە.

### رِێگا

هیچ رِێگایەکم لە پێشدا نەماوە
چۆن بێم و
لە دەرگات بدەم..!

### تکا

تکایە، مەڵێ من هەورم
رۆژێ دەبارێی
ئەگەر نەباری
با دەتبا.
تکایە، مەڵێ من ئاسنم
نەکو ژەنگ بگری
تکایە...



# شەوی لە دایک بوون

محەمەد خورشید داقوقلی

و: لە تورکمانییەوە: ئەحمەد تاقانە

شەو کاتژمێر ئاماژەی بە سێ دەکرد، مانگ هێشتا خۆی پیشان نەدابوو، تاریکییەکی هیسڕەنگ وەک چەترێکی سیا هەموو لایەکی داپۆشی بوو.

لە سووچێکی ژوورۆچکەیەکی لە قوڕ دروست کراوی بێ پەنجەرە و بێ دووکەڵکێشدا کە هەرگیز بۆ ژینی مرۆزادە دەست نادا، ڕاکشابوو دەست و پێیەکانی دەلەرزین و چاو دامرکاو، وەک شوێنەوارێک بە ڕوونی بە ڕوویەوە دیار بوو کە چەند سەعاتێک گەلێک زەحمەتیی بینیوە، لە بێ ورەییان لە نووزە کردن بەولاوە هیچی دیکەی لە دەست نەدەهات. پیرەژنە مامانەکەی دواساڵانی ژینی بەسەر دەبرد لە بەرامبەری دانیشتبوو. سەردەمانێک کە تاکە مامانی شارەکە بوو هەموو لایەک دەیانناسی و ڕێزیان لێ دەگرت، ئێستاکەش لەبەر ئەوەی مامانی فەنتازی پێگەیپوون لە بیرکراوەتەوە. چون ئاسیاوێکی داهات و ئاو وشک بووەوەی لێ هاتووە. میمکە " بەهیە " ی دنیادیتە کە بە دەستە سووکەکانییەوە ڕزگاریی بۆ هەزاران ژنی زگپڕ هێناوە، ئامۆژگاریی ژنە بەستەزمانەی دەکرد و داوای خۆڕاگریی لێ دەکرد.

– کچم ئایشێ، هەندێکی کەش خۆت ڕاگرە، خۆڕاگری بەشی کەسانی چاکە، تۆ هیچت لە بارەی ئەییووبی پێغەمبەرەوە "سڵاوی لێ بێ " ت نە بیستووە؟ ئەوەی وا لە مەولوودەکەی ئیسماعیل ئەفەندیی خۆماندا خواجە ئەفەندی باسی لە نەخۆشی و خۆڕاگریی ئەیووبی پێغەمبەر دەکرد و کۆتاییی پێ نە دەهێنا، کچم سەبر دەرگای ڕزگارییە.

لە نزیک دوو ئافرەتەکەدا لالەیەک کە بە هیسەکەی ژوورەکەی پڕکردبوو و بە تیشکە کزەکەیەوە دەسووتا. ئافرەتە بەستەزمانانە بە حاڵ پێیان دەکرا هەناسەی سارد بدەنەوە.
لە دەرەوەی ژوورەکەدا باوکی بەستەزمان ڕاوەستا بوو، شەکەتی ڕۆژگار، یانیش کەسێکی دەنواند ڕێیەکی دووری بڕیبێ، چاوی بڕیبووە مەنجەڵی بان ئاگرەکە، گورج و گۆڵ گیانی لە پێناوی پێگەیینی ( بولاماج ) دادەنا.
ئێش و ژانی ژنەی بەستەزمان تا دەهات پتردەبوو، هەر چرکەیەکی بە ساڵێک ڕەت دەبوو. کەچی میم بەهیە لە بارێکی شڵەژاودا دەبینرا، ئەو هەرگیز منداڵی بە ئافرەتێکی ئەمەندە ژانگرتوو نە زاییبوو، هەر ساتەو نا ساتێک تەماشایەکی پیاوە لەبەر دەرگا وەستاوەکەی دەکرد. ڕوانینەکانی واتای پڕ مەبەستیان تێدا بوو، پیاوی بەستەزمان، وە نەبوو لە مەبەستەکان تێ نەگا، ئەو هەموو شتێکی بە دڵدا هاوردبوو، دوکتۆر هێنان سانا بوو، بەڵام کە دوو پوولی لە گیرفاندا نەبێ چی لە دەست دەهات، ئەو تەنانەت پارەی پشکنین پەستی دەکرد، ئینجا بە چ دڵێک لەم سەعاتە دواییەنەکانی شەودا لە دەرگای دوکتۆر بدا، بە چ ئازایەتییەک بەبێ پارە ئەو بهێنێتە ماڵەکەی.
ئەم تاکە دوکتۆرە فەرمانبەرە میرییە ڕەوشت لە خۆباییە خوو هەڵەشەیەی شارۆچکەکەی زۆر چاک دەناسی، کە بە خێسەوە سەیری بێ پارە و پوولانی دەکرد و قسەی ڕەقی بە دەستکورتان دەگوت. لە بارەی ئەوەوە لە چاخانە و سەرخەرمانان و کێڵگەکاندا چی و چیی بیستبوو، بەڵام چار چییە، ئافرەتی بەستەزمان تا دەهات ڕوو بەرەو خراپتر دەچوو. بڕیاری چوونە ماڵی دوکتۆری دا، لێی بپاڕێتەوە و تکای لێ بکا، بە ناوی مرۆڤایەتییەوە بانگهێشتی بکا.
لە دەرگاوە بەرەو دەرەوە دەرپەڕی، تووڕە و زۆر تێکچوو و بیرێکی تارو مار بە هەنگاوی گران گران هەنگاوی بەرەو پێشەوەی دەنا... کۆڵان تاریک و نووتەک ڕەشەبا بە گوڕ دەهات بێدەنگییەکی گۆڕستانی ئارام بەبیرهێن هەموو لایەکی گرتبووەوە، جارو بارێ جگە لە حەپەی سەگ هیچی دی نەدەبیسترا، گەیشتە شار و بەلای ڕاستەوە چووە کۆڵانی دووەم و بەرەو رووی چوارڕێیانێک بووەوە. بە ڕێنیشاندەریی پاسەوانەکەی ئەوێ ماڵی دوکتۆری دۆزییەوە. بە شەرمێکەوە دەسکی دەرگاکوتەکەی جووڵاندەوە، نە دەنگ هەیە نە دەنگدانەوە، بۆ دووەم جار لە دەرگەی دایەوە..
کێیە ئەوە؟
منم.. هین!!...
تۆ کێیت؟
دوکتۆر بەگ لە ماڵە؟.
نەخێر، دوکتۆر بەگ لە ماڵەوە چی دەکا. ئەو دیسانەوە لە جیهانی خواردنەوەدایە، لە دەوری مێزی قوماردا، کێ دەزانی ئێستاکە لە چ ماڵێکدا ڕۆژ دەکاتەوە.
ئەم وەڵامە وەک خەنجەرێکی ژاراوی بەر ئەحمەدی بەستەزمان کەوت. دیسانەوە بە هەنگاوی گران هەر لەو ڕێیەوە کە لێوەی هاتبوو گەڕایەوە. کە لە دەرگا نزیک کەوتەوە بە سەرسوڕمانەوە گوێی لە میمکە بەهیە بوو هەرایەکی بەرپا کردبوو، هێندەی نەمابوو دڵی لە سینەوە دەرپەڕێ، بە هەنگاوی یەک مەتری بە حەوشەکەدا ڕەت بوو، لەوە گەیی کە ئایشێی هاوسەری چەند چرکەیەکە لە جیهان جوێ بووەتەوە.
میمکە بەهیە چاوی ئافرەتە بەستەزمانەکەی داخستبوو، بە سەرپۆشێکی سپی سەری دادابووەوە، لەلای ڕاستەوەی سەریەوە دانیشتبوو، مێردی بەستەزمانیش لای ڕاسەوەی لێ گرت، زارزار دەگریا، چۆن نەگریێ هاوبەشی ژیانی، ئایشێی تاکە کەسێکی دڵی پێ دەکرایەوەی لە دەست داوە.
چاوەڕوانی هەڵهاتنی شەفەقیان کرد ، هاوسێ نزیکە دەست کورتەکانی وەک خۆیان ئاگادار کردەوە، دوای کۆتایی هاتنی ڕێوڕەسم، قەرەباڵغییەکی گچکە تەرمەکەی گەیاندە گۆڕستان.
دوای چەند سەعاتێک ئەحمەدی بێکەس، بە زەحمەت توانیی خۆی بگەیەنێتەوە ماڵەوە، میمکە بەهیە ماڵەکەی گسک دابوو، وردە کارەکانی ناوماڵیشی کردبوو.
کوڕم ئەحمەد، زویر مەبە، ئەم ڕێیە ڕێی گشتمانە، خۆت خۆش بی، خودا یار بێ سبەینێ سەرت لێ دەدەمەوە.
وەک مەلێک لە قەفەس ڕزگار بووبێ حەوشەکەی ڕەت کرد، لە دەرگاوە دەرپەڕێ... ڕۆی..

سەرچاوە:
قارداشلق : ژمارە / ٩ - ١ ی کانوونی دووەمی ١٩٦٢.

# پێنج کورتە چیرۆك

## قەحتان هرمزی



- یەکێکە لە شاعیرەکانی "کۆمەلی کەرکووک"
- ساڵی ١٩٣٦ لە قەرە تەپە لە دایک بووە.
- لە ساڵی "١٩٥٣"وە دەستی بە نووسینی ئەدەبی کردووە.
- بە عەرەبی و بە تورکمانی بەرهەمی چاپ و بڵاوکردۆتەوە:
- أيام شديده البوس / بە زمانی عەرەبی شیعرە ١٩٦٢.
- نخب العالم المنهار، کۆمەڵە شیعر ١٩٦٨ بە تورکمانی.
- بە ئارەزوو لە بەهەشت چوونە دەرەوە، ١٩٩٥ بە تورکمانی.
- بەلەمێک لە بیاباندا، بە تورکمانی ٢٠٠٥.

لە بواری چیرۆک و شانۆدا گەلێ بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە.

- ساڵی ٢٠٠٩ لە کەرکووک کۆچی دوایی کرد.

### ١- قەدەغە:
لەبەردەم دادوەرەکەدا ڕایان گرتم، پشتم چەماوەتەوە و دەڕوانمە بەر پێی خۆم.
"دۆسییەکانی بهێنن"
دۆسیەکانیان دابووە کۆڵی کابرایەکدا.. لەبەر خۆمەوە دەڵێم "دۆسیەکانم ئەوەندە زۆرن وشترێک بە نیخەنیخ دەیهێنێ!" بەڵام زۆرم پێ سەیر بوو، دادوەرەکە بەسەرما نەڕاندی: "ئێمە ڕێگا بە کەس نادەین بە ئارەزووی خۆی بدوێ!" زانیم ئەو هەموو فایلانە، ئەوەی لەگەڵ خۆمدا دواوم و بیرم لێ کردۆتەوە لەوێ تۆمار کراون.

### ٢- نەخێر:
دوای پشکنینێکی ورد دکتۆرەکە پێی وتم: سییەکانت "با"ی ئەم شارەی لێ ناکەوێت، دەبێ لەم شارەدا نەمێنی و بڕۆی بۆ شارێکی کە.
لە ژێر لێوەوە بە خۆم دەڵێم: دەکرێ.. من ئەم شارەم خۆشدەوێ چۆنی بەجێ بهێڵم. گوێی لە ورتە ورتەکەم بوو: ئایا کەس لەم شارەدا کە خۆشت دەوێت سییەکانی خۆیت دەداتێ، تا بمێنیتەوە لە گەڵیاندا؟!
گورجێ وتم: نەخێر
وتی: بۆ؟
چونکی هەموو تووشی ئەم نەخۆشییە بوونە...

### ٣- تاوانی بیرکردنەوە:
لە قاوەخانەکەدا دوو کەس دەدوان..
"بڕوانە ئەو گەنجە چۆن چۆتە ژێری و بیر دەکاتەوە"
"بیر لە چی دەکاتەوە"
"نازانم.. بەڵام مرۆیەک بیر بکاتەوە "خەتەرە" هەر ئەوەندەت زانی تەقییەوە"
"دەبا لێی دوور کەوینەوە بەر لەوەی بتەقێتەوە."

### ٤- پەراوێز:
خەریکی نووسینەوەی یادەوەریەکانی بوو، لە کۆتاییدا نووسی: بۆ خۆشەویستەکەم "گوڵ فیندان" داوای لێبوردن دەکەم، لۆمەم نەکەی. وا بۆ بەرەکانی شەرم دەبەن و تازە هەر ئەمرۆش لە زیندان بەریان داوم.

### ٥- مرۆڤ:
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بچوک دەبمەوە.. کە بینیان جێگاکەم بۆ ئەم جەستە فیسقەییەم نابێ. چونکی هەر ڕۆژە و لایەکیان لێ دادەبڕیم، ناوەکەشمیان لە تۆمارەکاندا سڕییەوە و لەسەر فایلەکەم نووسییان "مافی مانەوەی نییە".



# ئیکور.. ئیکور ئاغفور ئاخجیک *

نەسرەت مەردان

ئەو ڕۆژەش، وەکو هەزاران ڕۆژی دیکە ماڵئاوایی لە کۆڵانەکانی "عەرەفە" دەکرد. ئەو گەڕەکە کە کرێکارانی موسوڵمان و مەسیحی ساڵانێکی دوور و درێژە لە پاڵ یەکتردا دەژین، ئەو ڕۆژە وەکو ڕۆژانی رابوردوو دەڕۆیشت و دەبڕایەوە و بۆ ژنانی گەڕەکیش نەدەبووە جێی باس و خواسی نوێ ئەگەر گوێیان لە ئای و ئۆف نەبوایە کە لە ماڵی "ئاکوب ئەرمەنی"یەوە دەهات.

هاوسێکان وا ڕاهاتبوون بەر لەوەی ئەناهیدی کچی لەگەڵ عەبدولرەزاقدا هەڵبێ، هەموو دەمە و ئێوارانێک گوێیان لە گۆرانییەکی ئەستەنبولیانە، یاخود مەقامێکی "خوریات" دەبوو، ئاکوب ئەو "خوریات"انەی لە "قەرە مەردان"ەوە فێر ببوو کە لە کۆمپانیای نەوت پێکەوە کاریان دەکرد.. بەڵام ئەم ئێوارەیە بە "ئەرمەنی" گۆرانییەکی کۆنی دەوتەوە، ئەو گۆرانیانە نەبوو کە هاوسێکان پێی ئاشنا بوون و لێی ڕاهاتبوون... :

ئیکور.. ئیکور

ئاغفور ئاخجیک

ئاوازەکە، خەمی لێ دەچۆڕا و بەسەر ماڵە نزیکەکاندا دادەباری..
ئێوارەیەکی خۆڵ و تۆزاوی مانگی ئاب بوو.. وەکو هەموو ئێوارانێک ژنان لە پێش دەروازەی ماڵەکاندا دانیشتوون.. ئەمە چوار ڕۆژە ئافرەتان دەیرێسن و چەنە دەدەن، بابەتی فرە ویژی ئەم ئێوارەیان بەشی زەخیرەی ئێوارەکانی داهاتووش دەکات..
-حەیف بۆ ئەناهید! چۆن ئەم کارەی کرد؟
-من بەزەییم بە "بیاتریس"ی دایکی دێتەوە.. ماقی پەڕیوە لەو ڕۆژەوە..
-باشە.. دەبێت بە ئیسلام؟!
-بۆ نا.. شایەتمانی هێنابێ تەواو...
ئاوازە خەمگینەکەی "ئاکوب" بەردەوام بوو:
ئیکور.. ئیکور
ئاغفور ئاخجیک
شەو باڵی بەسەر شار و دانیشتوانەکەیدا کێشا، ئاگرە هەڵایساوەکەی "باباگورگور" ئاسمانی "عەرەفە"ی سور چواندبوو، تا دەهاتیش گەشتر و سوور تر دەبوو...
یەکێ هەستی بە باری گرانی "یاکوب" دەکرد، ئەویش "قەرە مەردان"نی هاوسێیان بوو، کە هەموو ئێوارانێ پێکەوە دادەنیشتن و کاتیان بەسەر دەبرد، ئەو دەزانی چ غەمێک "یاکوبی" دەورە داوە.. بۆ دڵدانەوەی چووە لای:
-ئەمە قەدەرە و ڕویداوە.. یەزدان ڕۆژی خۆی لە "لەوح" ئەمەی نووسیوە.. لە ئاست ویستی خوا هیچمان پێ ناکرێ.. ئەو ئێوارەیە گوێی لە هاوڕێکەی نەگرت، قسەکانی تەسەللای نەدەدا. "ئەناهید" هەمیشە لەبەرچاوی بوو، هەر وەک منداڵەکەی دوێنێ دەیبینی.. کە سەرخۆش دەبوو، دوو شتی دەکرد: گۆرانی دەگوت و ئەناهیدی ماچ دەکرد و لە باوەشی دەگرت دوای هەر پێکێک وای دەکرد.. ئەو ئێوارەیە، ئاکوب، هەستێکی ئاڵۆز دەورەی دابوو، نادیار، تێکەڵ بە غەم و یادەوەری و ئارەزووی بینین.. هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوو جارێکی کە (ئەناهید) نەبینێتەوە هەتا هەتایە.
لە ڕۆژی یەکەم، ناوەکەیان لە "ئەناهید"ەوە، بۆ "ناهیدە" گۆڕی. لە ساڵی یەکەمی شوکردنیدا بووە دایک، بەڵام شتێک نەیتوانی لێی جیا ببێتەوە، لە ڕۆحی دەرنەدەچوو.. خەونی بەوەوە دەبینی: کچێکی جوانی ببێ لە خۆی بچێ.. کەزێی درێژی بە قەردیلە رازێنراو، هەمیشە لەبەر خۆیەوە بانگی دەکرد:
"ئیکور.. ئیکور
ئاغفور ئاخجیک"
ئەو شەوەی خەزووری مرد، دوای ئەوەی تووشی ئیفلیجی بوو، دەنگێک لە پشت پەردەی رابوردووەوە، دەنگێ، فێنک، ئامادە، بەهێز هەزاران جار دووبارە دەبووەوە:
"ئیکور.. ئیکور
ئاغفور ئاخجیک"

ڕۆژگارێکی زۆر تێپەڕی، سالآنێک بەسەرا چوو، ئەو دەنگە لە ڕۆح و یادەوەریدا دەژیا، دەیوروژاند دەنگەکە، ئارام نەدەبوو، تا تێر تێر دەیڕوانیە هەرسێ مندالەکەی.. بەلآم دەنگە شەیتانیەکە لە ڕۆحیدا کنەی دەکرد، هەمیشە هێرشی بۆ دەبرد، ئارامی شێلو دەکرد کاتێکی دیاریکراویشی نەبوو دەنگەکە، گوێی بە کاتی خۆشی و غەمی نەدەدا.. کوڕە گەورەکەی کە مرد.. دەنگەکە هەر بەردەوام بوو، بە مکوڕبوونەوە بەردەوامی هەبوو.. دەنگە شەیتانیەکە، هەندێ جار بە جددی و جاریش هەبوو لە شێوەی گالتە پێکردندا دەیژنەوت.. وەک تۆلە لە "ئەناهید" بکاتەوە...

لە زەماوەندی کوڕی ناوەڕاستی، دەنگەکە هەر بەردەوام بوو.

"ئیکور.. ئیکور

ئاغفور ئاخجیک"

دوای بیست سالٚ مێردەکەشی مرد، ئەو شەوەش دەنگەکە لە مێشک و ناخیدا دەزرنگایەوە. دەنگەکە لە شوێنێکی (خەرافی)یەوە لە نادیارەوە دەهات.. ئەمجارە.. پێدەکەنی، هەلهەلەی لێ دەدا، خۆشی دەردەبڕی بە مردنی مێردەکەی.. بەردەوام بوو لە دووبارە کردنەوەی:

"ئیکور.. ئیکور

ئاغفور ئاخجیک"

دوای بیست و پێنج سالٚ خۆیشی نەیزانی چۆن پێکانی بۆ ئەوێ بەکێشیان کرد.. بۆ "عەرەفە"، ئەو گەڕەکەی شایەتی ساوایی و مندالی ئەو بوو.. هاوسێکانی جاران نەمابوون. ئاکوب مردبوو، دایکی و خوشکەکانی بەرەو ئینگلتەرا کۆچیان کردبوو.. لەو گەڕەکەدا کەسێ نەمابوو گەواهی ڕابردووی بێ، لە پێش مالە کۆنەکەیاندا ڕاوەستا، ڕانەوەستا، بەلکو لە پێش دەرگاکەدا لەپەل و پۆ کەوت، نەیدەتوانی بجوولێ، بە دوو دلیەوە سەری کێشایە ژوورەوە. دارتووەکە، کە لەگەلٚ "زافین" برایدا، پەتیان لە لقەکانی دەبەست و دیلانێیان دەکرد بێ دەنگ چووەتە ئاسمانا، شایەتێک بوو بەلآم لالٚ و بێ دەنگ و هیچ لە دەست نەهاتوو.

لە پڕ ئافرەتێک هاتە بەر دەرگا..

-فەرموون؟

بەبێ دەنگی، تەماشای کوڕە بچووکەکەی کرد، کە ئەویش بە سەرسوڕمانەوە دەیڕوانی. نەیدەزانی دایکی لە پێش چ شایەتێکدایە...

-پوورێ.. زوو لەم مالە دادەنیشتین، ڕێگام پێدەدی بێمە ژوورەوە و چاوێکی پێدا بگێرم؟

-فەرموو.. بەسەرچاو..

بە ئەسپایی هەنگاوێکی هەلهێنا.. لە سێبەری دار تووەکە وەستا. چاوی پڕ بوو لە فرمێسک.. کام لق بوو دیلانیمان پێ هەلواسیبوو؟ چووە ئاشپەز خانەکەوە. گەلێ جار یارمەتی دایکی دەدا و مەزەی بۆ باوکی دەکرد. لە وێوە دەرگایەک بەرەو ژووری میوانی برد.. باوکی زۆربەی کاتی لێرەدا بەسەر دەبرد. بە گوێگرتن لە رادیۆیەکی "سیرا" .. گوێی لە ئیستگەی "یەریڤان" دەگرت. چەندین جار "قەرە مەردان" دوای پێکی سێهەم ئەو گۆرانیە تورکمانیەی دەگوتەوە:

قلعه نین دیبنده *

بیر داش اولایدیم

وای هەست کرد، ئێستا "زافین"ی برای، لە ژوورەکەی ترەوە دەردەکەوێت و گۆڤاری "حەوا"ی بەدەستەوەیە و بە منی دەدا...

باخچەکە پشت گوێ خرابوو.. باوکی زۆر بە تەنگییەوە بوو.. ئالێرەوە عەبدولرەزاقی بینی و خۆشەویستی لە نێوانیاندا پەیدا بوو.. سەری هاتە گێژ.. توانای ئەو یادەوەریانەی نەبوو.. مالەکان وەکو خۆیانن، بەلآم خەلکەکەی ئەوانەی ئەوسا نین.. سوپاسی ئافرەتەکەی کرد و دەرچوو...

دانیشتوانی ئەم مالانە بۆ کوێ ڕۆیشتوون؟!

– بۆ دەگری دایە؟.. کوڕەکەی بەسەر سوڕمانەوە وای پێ گوت... بەرە و وێستگەی پاسە نەفەر هەلگرەکان هەنگاوی دەنا.. کە چەندین جار لەوێ چاوەڕێی هاتنیانی کردووە. سالآنێکی دوور و درێژ جانتای قوتابخانەی لە باوەش دەگرت و چاوەڕێی دەکرد.. باران تەڕی دەکرد، تک تک بە قژیا دەهاتە خوارێ.. ئەناهیدەکەی دوێنێ نەبوو کە لێرە ڕادەوەستا. ژنێکی غەمگینی بەسالآچوو بوو.. لە پڕ چاوی کەوت بە ئارتین هیوا و ئومێدێک لە ناخیدا چەکەرەی کرد، مەلی خۆشی لە دلٚیا لەشەقەی بالی دەدا.. خودایە.. ئەوە گەواهێکی ئەو ڕۆژانەیە.. "ئارتین" شێتەکەی گۆلان. جاران ئاسایی سواری قامیشێ بووە و وەک ئەسپی لە ژێردابێ هەلدەبەزێتەوە.. لێی نزیک بووەوە.. بە زاراوەی ئەستەنبولی لێی پرسی:

-ئارتین ناسلسین؟ "چۆنی ئارتین"، وەک بەردێکی بێ گیان ڕاوەستا. وەک لە شوێن و کاتێکی دیکەدا ڕاوەستابێ..

-مامە ئارتین نامناسی؟

ئارتین سەری بادا، بە پێی پەتی دەستی بە لێخوڕینی ئەسپەکەی کرد. جارجارەش دەیحیلکان و دەیگوت:

"ئیکور.. ئیکور

ئاغفور ئاخجیک".

ⵙ گۆرانیەکی میللی ئەرمەنییە:

وەرە.. وەرە

کچە جوانەکە

ⵙ لە بن قەلآدا بەردێک بوایەم.

ژمارەی داهاتووی "ئایندە"
تایبەتە بە چیرۆك





# نهێنی جیهانە شاراوەکان

سەلاح بەهلول چامرچی

ئێوارەیەکی پایز، بەسەر پردی شەهیداندا تێدەپەڕیم، بەوردی سەرنجی روومەتی هات و چۆکەرانم دەدا، هەناسەیەکم هەڵکێشا و لە دڵی خۆمەوە گوتم: گەر ئەم پردە، پردە بەردینەکەی جاران بوایە×، هەمان ئەم روومەت و دەم و چاوانەم دەبینی.. ئاوا بە پەرۆشەوە دەبووم بۆ بینینی ئەو بنجە زەل و قامیشانە لەرزوکانە کە تۆی تاوێرەکانی چەمی خاسەدا رواون؟.. لە هەمان کاتیشدا، قەلا مەزنەکەی بە هەیبەتێکەوە لە بەرامبەرمدایە و بەرە و خۆیم پەلکێش دەکات! "دەمێکە سەردانی قەلام نەکردووە.. تیایدا نەگەڕاوم تا بە پەرۆشەوە بۆ هەموو شتێکی هەڵڕوانم... ئاە، ئەو دیوارە ڕاست و بەرزانەی چەند جوانن، بە ستوونی چوونە بە ئاسماندا.." من لەم والاوردانەدا بووم کۆمەڵێ کەسم بینی، رایان دەکرد وەک شتێک ڕوویدابێ.. من لە هەوادار و لایەنگری نە ئەملاو نە ئەولام، نە لە لایەنگرانی لایەنێکم "نە لەم بەرم نە لەو بەرم" پەیوەندی و برادەریشم لەگەڵ کەسێکی ئەو لایەنانەدا نییە، تا بە باشی هاوسێکانی خۆشم ناناسم،.. تەنها شتێک بیری لێ دەکەمەوە و مەبەستمە و هەموو بوونی منی داگیر کردووە، خۆشەویستی دار و بەردی ئەم خاکەیە و هیچی کە.. من بەمە سەر بەرزم، تاوانێکم بەرامبەر نەکردووە، بۆیە لەم لایەنەوە هیچ گومانێک و دڵەڕاوکێیەکم نییە، ئاسوودەم!!... لە ناو کۆمەڵە خەڵکە شپرزەکەدا ئافرەت و منداڵی بچووک و پیرەمێردم دەبینی ترس لە ڕوومەتیان نیشتبوو رایان دەکرد.. وتم: با ئەم ترسنۆکانە جێگایان دۆزەخ بێ.. دەبا ئەمە حاڵیان بێ.. بەڵام من چیم لەمە داوە؟ هەر ئەوندەم زانی خۆم لە ژێر دەست و پێیاندا بینییەوە!.. کەوتبوومە ژێر پێیان و بێ ڕەحمانە دەیان شێلام.. لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەمەی ڕوو دەدا کارێکی ئاسایی نییە، ئەنجامەکەشی باش نابینم.." .. منیش کەوتمە ناو شەپۆلەکەوە، بەڵام بۆ کوێ؟ نازانم.. کەوتمە هۆڵی خۆ ڕزگار کردن.. لەو کاتەی پەلەقاژێی خۆ دەرباز کردن بووم، کۆمەڵێکی کە، وەک شەپۆلێکی شێت رایان ماڵیم، باش بوو وەک پووشێک کەوتمە قەراغی ڕێگاکە.. جەستەم هەنجێنرا بوو، هەردوو قۆڵم خوێنی لێ دەڕۆیی.. خودایە ئەمە چی بەڵایەک بوو؟! من ئەم ئێوارەیە دەرچووم، تا هەناسەیەک بدەم و دڵ بە دیمەنی خەڵکی ئەم شارە خۆشکەم، کەچی تووشی شتێک هاتم لە بیری کەسدا نەبوو... خەڵکە.. بە کۆمەڵ هەر رایان دەکرد.. بۆ ئەوەی خۆم لابدەم، بە پاڵە پەستۆ خۆم کردە بازاڕی گەورەدا لەو شوێنەی بازاڕی "حەلواچیەکان"ی لێیە، تا لەوێوە سەرکەومە سەر قەلا.. بەڵام ڕێگاکە، ڕێگاکەی جاران نەبوو، ڕێگاکەیان گۆڕیبوو. جاران ڕێیەکی پان و خەڵکێکی زۆری پێدا دەڕۆیی، قەلا، ببووە گردێک، ئەو ڕێگایەش ببورە بزتە ڕێیەک، پێچاو پێچ، هەستم بە ماندوو بوون کرد، چوومە پاڵ دیوارە ڕووخاوەکان و کەلاوە یچ هەڵوەشێنراوەکان، من شارەزای قەلا بووم، بست بە بست، کۆڵان بە کۆڵان شارەزا بووم، دانیشتوانەکەیم دەناسی، جاران دەچوومە سەر مەزاری پەیامبەر (دانیال) شوێنە دێرینەکانم بەسەر دەکردەوە... بەڵام ئەمڕۆ، ئەوەی دەبینم بە من نامۆن، وەک هەر نەمدیبێتن، ماڵێکی تێدا ناناسم..! جەستەم هەموو پل دەدا ئازاری هەیە.. قۆڵم روشێنراوە، وەک سووتابێ پێستەکەی داماڵاوە، لە ژێر دیوارەکەدا دەرچووم.. دیوار؟ هەر ناوی دیوارە.. پارچە ئاسنێکی ژەنگاوی لەو ناوەدا کەوتبوو، سەرنجم خستە سەری، دەبینم: کلیلێکی ئاسنینی

ژەنگ گرتووە.. درێژییەکەی سەرنجمی ڕاکێشا.. بستێک دەبوو.. "چ کلیلێکی جوانە!! کەرەستەیەکی دەگمەنە.. جوان دروست کراوە..."

خۆم بەسەر دیواری دەرگاکەدا دا، نووسینی جوان و نەخشی نایاب و ناوازەی لەسەر کرابوو.. هەندێ لەو نووسینانە بە تورکی کۆن نووسرابوون.. کلیلە ژەنگاوییەکەم بە دەستەوە گرت، سەری کلیلەکەم، کە لەسەری (میلی دنگ) دەچوو، خستە کوونی دەرگاکەوەو دووجار سووڕاندم، دەرگا کرایەوە.. دەرگایەکی زەبەللاحی نەخشدار.. کە پاڵم بە دەرگاکەوە نا، منیش لەگەڵ دەرگاکەدا وەکو پوشێک خزامە قولایی حەوشەوە... خودایە بمپارێزی.. خەریک بوو هەناسەم بووەستێ، لەم کاتەدا وێنەی منداڵەکانم "تەیمور، تیموجین، تولین" هاتنە بەر چاوم، بەرەو شوێنێکی قوڵ تاریک خزام، پەنجا، سەد مەتر نازانم.. لە خوارەوە بەرە بەرە تاریکاییەکە ڕەطەوییەوە، خۆم لە شوێنێکی پان و بەریندا بینیەوە، نازانم چەندی خایاند داچۆڕاندمە بەرەو ناخی زەوی، کە بە دەوروبەری خۆمدا هەڵم روانی، کەسانێکی نورانیم بینی، روومەتیان نووری لێ دەباری.. ئێوە کێن؟ لە چ بنەچەو ڕەگەزێکن، ئەجندەن؟ وام پێ وتن.. وتیان "بێدەنگ بە، ئارام بگرە و مەجوڵێ.. تۆ زامداری..!" ژن و منداڵیشیان لەگەڵدا بوو، وەکو ئەوان نورانی بوون... نەمدەزانی ئەمانە لە دانیشتوانی بەهەشتن، یان لە شوێنێکی دیکەوە هاتوون و خۆیان وا نورانیین!!.. جەستەمیان تیمار کرد.. کچێکی جوان خۆی بەسەرما شۆڕ کردبووەوە، پرسیم: من لە کوێم؟ ئێرە کوێیە؟. وتی: گیانەکەم تۆ وا لە ماڵی خۆتدای، لە نێوان کەس و کاری خۆتدای، ئەمانە هەموو ۆ پاراستنی تۆ لێرەن.. وا خەریکین لەسەر شەرەفی تۆ خوانێک ئامادە دەکەین.. دوای نان خواردن جۆرە بۆنێکیان بەسەرما پرژان قەت بۆنی وام نەکردووە.. جلوبەرگی تایبەتی خۆیان بۆ هێنام، لەبەرم کردن.. بە نێو باخچەی سەوز و گوڵی ڕەنگاو ڕەنگدا دەیان بردم، من شوێنی وا خۆش و جوان و سەرنج ڕاکێشم نەدیبوو.. لە شوێنێک دانیشتین، هەموو ئەوانەی لەوێ بوون، وەکو غەریبێک هاتبێتە ناویان دەهاتن تەماشایان دەکردم لێم ورد دەبوونەوە، دوای ماوەیەک، یەکێک لە وانەی ئەوێ داوای لێ کردین گوێ لە "مارشێکی سەربازی" بگرین. هەموومان ڕاوەستاین، پارچە ئاوازێکی سەر سوڕهێنەری لێدا.. دواجار دوو گەنج بە ڕێکردنێکی سەربازانە هاتن و منیان هەڵساند و لە شوێنێکدا دایاننام، یەکە یەکە ئەوانەی لەوێ بووم پێمیان ناساند، پاش ئەوە کابرایەکی گران و سەنگین هاتە تەنیشتمەوە، هەموو ڕووداوەکانی مێژووی لە سەردەمی سوومەرییەکانەوە تاکو ئەمڕۆی بۆ باس کردم، زانیم ئەمانە لە بنەچەی "سۆمەرییەکان"ن، کەلە چاخە کۆنەکانی مێژوودا ژیاون، دوای ئەوەی سەرکەوتوونەتە جیهانی سەرەوە، لە قەڵای کەرکوکەوە کۆچیان کردووە.. هاتوونەتە جیهانی خوارەوە کە لە ژێر قەڵاکەی کەرکووکدایە.. لەبەر ئەوەی ئێرە ئاو و هەوایەکی سازگار و خاوێنی هەیە.. من زۆرم مێژوو خوێندبووەوە، بەڵام ئەمڕۆ بووم بە یەکێ لەوان.. لێم پرسین:

- ئەم خوانەتان بۆ ئامادە کرد؟

وتیان: ئێمە بە فەرمانی خۆمانی دەزانین، ئەوانەی لە جیهانی تاوان و گوناح ڕزگاری ببێ خوانێکی تایبەتی بۆ دەڕازێنینەوە. بە پێی ئەو یاسا و ڕێنماییانەی لە باوباپیرانمانەوە بۆ ماوەتەوە.

لەم جیهانەی ئێمەدا، کەس درۆ ناکات، کارێکی ناشایستە ناکات.. تاوان کردن نییە، نە تاوانبارمان هەیە نەشایەت. مانای ترسیش هەر نازانین چییە..!! هیچ شتێک نییە ئێمە لێی بترسین و سڵی لێ بکەینەوە.. بۆیە هەموومان لەشێکی ساغ و تەندروستیمان هەیە.. بە سیستەمێکی دیاریکراو کارەکانمان رادەپەڕێنین، کە بووەتە هۆی تەمەن درێژیمان، هەمیشە لە جەستەمانەوە بۆنێکی خۆش دەردەچێ.. روومەتمان، لە روومەتی هیچ نەتەوە و بنەچەیەک ناچێ، هەمیشە پاراو سەرنج ڕاکێش.. ئەو خوانە، بۆ ڕێزلێنانی تۆ بوو، خۆشی دەربڕین بوو، بۆ هاتنت و ڕزگار بوونت لە کەش و هەوای "جیهانی سەرەوە"کە تژییە لە گوناه و ناپاکی و پیسی "خوا لێمان خۆشبێ" هەموو بەیەک دەنگ ئەو دوعایەیان وتەوە "خوایە لێمان خۆشبی".. تیپێکی مۆسیقا ئاوازێکی بەجۆشیان لێدا، هەموویان خرۆشان.. هەندێکیان دەستیان بە سەمایەکی تایبەتی کرد.. گۆرانی دەستی پێ کرد:

"قلعه نین دیبینده بیرداش اولایدم

گلنه گیدەنه یولداش اولایدم"

–خۆزی لە دامێنی قەڵا دەبوومە بەردێک

دەبوومە هاوڕێی، ئەوانەی لەوێوە تێدەپەڕن–

لە ناو هەموویاندا تەنها من خەم دایگرتبووم. بینم گیرا، دەستم بە گریان کرد.. فرمێسکم ڕژاند، هەناسەی ساردم هەڵکێشا... سەرم دانەواند و گریام.. هەموویان لە دەورم کۆببوونەوە دەیان پرسی (چی بووە؟ بۆ وا دەگری؟).

سەرم هەڵبڕی.. پێم وتن، لە چارەنووسی منداڵەکانم دەترسم.. لە قۆڵیان گرتم و هەڵیان ساندم.. دەی بابەیەک دەنگ بڵێین: –

"خودایە.. لێت دەپاڕێینەوە، هەموو مرۆڤێ بپارێزە بە تایبەتی ئەوانەی لە (جیهانی سەرەوە) دەژین. خودایە توانا و هێزمان بدەرێ تا ئەو مرۆڤانەی (جیهانی سەرەوە) ڕزگار بکەین..

Ѳ تا ساڵانی پەنجاکان پردێکی بەردین لەسەر چەمی خاسە هەڵواسرا بوو..

Ѳسەلاح بەهلول: یەکێکە لە دەنگە دیارەکانی ئەدەبی تورکمانی.

Ѳلە شاری کەرکووک لە دایک بووە.



# حەکایەتی عەشقێک له قەڵای کەرکووک

فازل ناسر کەرکوکلی

چیم پێ دەڵێن بیڵێن.. من، خۆم پەسەندە، شکلێکی ڕێک و جوانم هەیە، بە تایبەتی ڕەنگی چاوم کە خەرمانەیەکی تەنکی کل دەورەی داوە.. کە دەڕوانم بە ڕەنگی ڕاستەقینەی خۆی، تێکەڵ بە ڕەنگێکی گوڵ ڕەنگی ڕوون دەبینم.. بەڵام ئەوەی منی پێ ناسراوم وپێی بە ناوبانگم و جوانترین شت کە بە من بەخشراوە، ئەو پەڕە ڕەنگالانەیە کە وەکو باوەشێنێکی چینی کراوەتەوە، یان بڵێم وەکو پۆپنەیەکی جوان بە تەوقی سەرمەوەیە.. بەڵام بە هیچ جۆرێک لە پۆپنەی گۆشتینی کەڵەباب ناچێ ئەوەی من، کە خۆیان پێ فش دەکەنەوە و پێوەی لووت بەرزن... نەخێر، من رقم لە کەڵەشێرە، رقم لەو خۆ بە نێر نیشاندانانەیەتی.. ئەوەی ڕاستی بێ، وەکو هەندێ کەسی داخ لە دڵ دەڵێن من لە خۆبایی نیم... تەنها باڵندەیەکی ڕەنگاڵەی جوانم، باڵندەیەک بە هەموو مانایەکەوە لە کەسی تر ناچم، حەزیش ناکەم بچمە ناو بردە و بگرە و قسە و قسەلۆکەوە و لەگەڵ ناحەزان و دوژمناندا بکەومە دەمەتەقێوە کە لە هەموو شوێنێکدا بەدواوەمەن، هەر لە شاهین و هەڵۆوە بیگرە تا دەگاتە ئەو مەلە گۆشت خۆرانەی کە بەسەر هێلانەکەمدا دەدەن و ژیانی ئارامم لێ ئاڵۆز دەکەن.

حەز دەکەم ئەوەشتان پێ راگەیەنم بەر لەوەی تۆمەتم بدەنە پاڵ، من هەرگیز ناتوانم ژیان لە ناو قەفەسدا بگوزەرێنم، یان لە ناو ماڵاندا بەخێوم بکەن و پاشماوەکانی خۆیانم لەبەر نێین، وەکو هەندێک باڵندەی دیکە پێی رازین، بۆیە زۆر رقم لە وشەی "ماڵیکردن"ە، بەڵکو حەزم لەو وشانەش نییە، کە لەم وشەیەوە دەردەچن و پێک دێن، ناشتوانم هاورێتی ئەو کەسانە بکەم باڵندە "ماڵی" دەکەن، لە دووریشەوە مەرحابایان ناکەم...

من باڵندەیەکی ئازادم، ئازادی یان جوانی، رەنگە لەبەر ئەمەش بێ وا دیمەنێکی جوانم هەیە.. "مەلیک سلێمان" منی دەست نیشان کرد ببمە باڵیوزی شاژن بەلقیس، نەک بە سیخور و هەواڵ هێنەر وەکو هەندێ بێ ئاگا ئەو تۆمەتەم دەدەنە پاڵ..

ئێستا بەر لەوەی حەکایەتی خۆمتان بۆ بگێرمەوە، دەمەوێ ئەوەتان پێ رابگەیێنم کەوا من لە بنەچەی باڵندەیەکی دەگمەنم، باپیرانم زۆر بەتەنگی رەواڵەتی خۆیانەوە بوون، تا رادەی پیرۆزی، ئەمە خۆهەڵنان نییە، بەڵکو خۆیان ئاوا لە دایک بوون...

خویان وابوو حەزیان لە بەرزێتی دەکرد و بەر لەوەی من شا سلێیمانی دەسرۆ و دەوڵەمەند بناسم. بۆیە باپیرانم هەمیشە شێک و پۆشتە بوون، لە تۆی قەدیفە و ئەتلەسدا پاڵ دەکەوتن، شوێنەکانیان بە زومەرد و میناتۆر دەرازێینرایەوە، دوای ئەوەی لە "بیابانەکانی قەرەقورم"ەوە هاتن وێنەکانیان لە ناو کتێبەکاندا بە نەخش و شیعر و هۆنراوەی عیشق دەرازێنرانەوە... کۆچەرەکانی ئەو بیابانانە، ناوێکی سەیریان لە باپیرانم نابوو "هوی بوی بیک"یان پێ دەوتن، رێک ئەو ناوە قابیلی خۆیان بوو..

ئەو کۆچەرانە، کە گەرما برژاندبوونی دەیانزانی چۆن پێشوازی لە باپیرانم بکەن.. شاهین و هەڵۆیان بەسەر سەریاندا هەڵدەفراند، لەو بڕوایەدا بوون، ئەم باڵندانە لە بەهەشتەوە هاتوون.. باپیرانم لەو بڕوایەدا بوون ئەو دەشتاییانە پیرۆزن بۆیە شەوان بە ئەستێرە پرشنگدارەکان دەرازێنرانەوە..

ئەسپ و وشتری ئەو کۆچەرییانە، بە بەرد و موورووی پیرۆز نەخشێنراو نوقلانەی هاتنی باپیرانی منیان دەدا، یان دەزانی "بودەستا"ی گەورە لە ناو هەموو باڵندەکاندا چووە ناو جەستەیانەوە تا ببێتە گەورەی هەموو باڵندەکان.. "بودەستا" هاواری کرد و وتی (ئێمە هوی بوی بیک)ین.. بەم جۆرە "بودەستا"ی باڵندە، دەستی کردە نەغمە خوانی تا هەموو باڵندەکان بژنەون:

**دار کچی زەوییە،**
**ئێمە پەنای بۆ دەبەین**
**ئەم دارە وا خەریکە دەسووتێ.**
**باڵندەکان لە شەقەی باڵ بدەن**
**دوور، بە قووڵایی ئاسماندا بچن.**
**چونکی ئەوێش نیشتمانی ئێمەیە.**

ئەو دارە، داری (حیکمەتی پیرۆز) بوو، باپیرانی من لەو دارە چڵێکی هەڵایساویان لێ دزی، بەر لەوەی مەملەکەتی "ساکیا" تەفر و توونا بێ، بەڵام ئیتر توانای پێشبینیان پەیدا کرد و توانای ئەوەیان بۆ هات لەگەڵ هەموو زیندەوەرێکدا بدوێن، وەکو ئێستا من لە گەڵتاندا دەدوێم.. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە.. ئێوەی بنیادەم خووە پووچەکانی خۆتان ناگۆڕن لە بەرامبەر ئەو کارە خاریقانەی حەکیمان بە دەستی دەهێنن و کردەوەی چاک دەکەن، ئێوە یەکسەر بە جادووی دەزانن، هەر بۆیە ناتوانن و بۆتان ناکرێ لە زەوی دوور بکەونەوە..

بیرۆکەی فڕین و بڕینی نێوان شوێنە دوورەکان کە ئێستا شانازی پێوە دەکەن، بەلای منەوە هیچی وا نییە، من باس لە دۆزینەوە و بینین دەکەم... ئەگەر ئێوە هەموو توانا و هێزی خۆتانتان بەکار بهێنابا، کردەوە و هەستتان بخستایەتە گەڕ، زاهیری و باتنی لەم ملیونەها ساڵانی رابردوودا.. ئەوا دەتانتوانی بەرز ببنەوە تا ئەو شوێنەی ئێمە پێی دەگەین، سەرەڕای بچووکی جەستە و خەونەکانیشمان ئێمە بەرز بەرز دەبینەوە.. حیکمەت وەکو زانراوە هەمیشە لە سووتانی ئەبەدییەوە دەست پێدەکات لە (تەجەللی) گەورەدا..

بۆیە هەموو باپیرانم بە شەوقی سوتانی داری حیکمەت سووتان..

بەڵێ ئەوە بەسەر باو باپیرانماندا هات، من نەوەی ئەوانم کە هەواڵی دەگەیاندە حەزرەتی سلێمان و قەڵای دوژمنانی پێنیشان دەدا، ئەم کارە کە شا سلێمان زۆری لێکردم ئەنجامی بدەم، دواتر بووە یەکێ لە ئەرکە پیرۆزەکانم، چونکی لاپەڕەیەکی نوێی خستە سەر تۆماری باپیرانم، کار ئاسانیەکی زۆری بۆ کردم، تا نهێنی عەشق بزانم و لە ناخی قوولی مرۆ ئاگاداربم و پەی بە نهێنیە سەرسوڕهێنەرەکانیان ببەم. ئەوە یەکەم ئەرکی من بوو، ناوبانگی منی پێ بڵاو بووەوە، بەڵام بەداخەوە ناوبانگەکەم نەک تەنها وەکو نوێنەرێکی عاشقان، بەڵکو وەکو شتێک بە کەینونەی عەشقەوە لکابێ زۆری نەبرد لە ڕێگای منەوە بووە ڕەمزێکی زۆر دژوار لە بەردەوامی ژیاندا، وەکو پیشەی مرۆ زۆرێک لە "کاهین" و جادووکەران لە هەموو لایەکەوە پەیدا بوون و دەستیان کردە چنینی فێڵ و تەڵەکەبازییەکانیان و بەکارهێنانی شێوەی جوانی من بۆ بەرژەوەندی و مەبەستی خۆیان و دەستیان کردە خوێن ڕشتنم بۆ نوشتە و چاوەزار و پارچە پارچە کردن و لەت لەت کردنی جەستەم بەوپەری دڵ ڕەقییەوە.. سەرەڕای ئەم دیمەنە تاریکە کە دەجالەکان نوقمی خوێنیان کرد، وێنەیەکی پرشنگدار لە هەستی خەڵکیدا دەرکەوت کە راستی و حەقیقەتی منی دەنواند کاتێ کچە جوانەکان بە نەخش و نیگار لەسەر جلەکانیان وێنەی منیان لەسەر سەرینە بە فرمێسک تەڕ بووەکانیان نەخش دەکرد.. یا لە سوچێکی نامە ئاگراوییە بۆندارەکانیان ناوی منیان دەنووسی. یان لەسەر دەرگا دارینەکان لە پاڵ ئەو پەیکەرانەی لەسەر دەرگاکان هەڵکەنرابوون، لەسەر کۆڵەکەی ناو ماڵەکانیان و لە پەراوێزی پەنجەرە لە مەڕ مەڕ دروستکراوەکانیاندا نەخشێنرابوون...

بە کورتی من لە ڕێگای ئەو وێنە پرشنگدارانەوە، بوومە بەشێکی تەواوکەری کەسایەتیەکی لەوپەڕی ناسکیدا،

کە بەرەو ڕووناکیەکی گەورە دەیبرم لە کۆچکردنی باڵندەکاندا بەرە و وڵاتانی نهێنی سەرسوڕهێنەر، وەکو لە بارەی منەوە خوێندوتانەوە و لە ڕێگای ئەو خوێندنەوە کە ڕێبەرایەتی باڵندەکان دەکەم و بە وتەکانم کە پڕن لە حیکمەت و ئەزموونی تاڵ و سەخت و لەو سەردەمانەدا کە بوونە هاوڕێی کتێبە نایابەکەی فریدالدین عطار
کە شایەنی لێ ورد بوونەوەیە.

دەتوانرێ بوترێ ئەو کۆچکردنە، دوا کۆچ بوو ئێمەی باڵندە لە نورە درەوشاوەکانیدا سووتاین کە پێشتریش باب و باپیرانمان بەر لە سەدان ساڵ لەسەر داری حیکمەتدا سووتان. ئەگەر ویستتان لەم ڕووداوە دڵنیابن، ئەوا دیواری هەندێ لە پەرستگاکان کە تا ئێستاش تروسکەی ئاگری بن دیوارەکانی لەسەر پۆپەی چیای "ساوئالان" ورشەی دێ. پڕە لە هەواڵی ئەم کۆچە بەرە و گەشانەوە و ڕووداوە کۆنەکانی بەر لەوەی بچنە ناو پەڕەی تۆمارەکانەوە.. بێگومان لە پەرستگا روخاوەکانی "حەبەشە"دا هۆی لە خاکی کەنعان دەرچوونم دەبیننەوە.. لە وێنەی سەر دیوارەکاندا دەیبیننەوە کە ڕەنگەکانیان تەواو کاڵ بۆتەوە. چونکی "مەلیک سلێمان" وەسیەتی کردبوو، هەیکەلی یەزدان لە خاکێکدا دروست نەکرێ پێی بەدکاران پیسیان بکات و لە ژێر ئەو (هەیکەلەدا) خۆشەویستترین هاوریانم ئازار بدرێن..
"ئەرمیا"ی هاوڕێم ڕاستی کرد کاتێ بە ناوی خوای هەیکەلەوە هاواری کرد:

**بڕۆن.. بە ئورشەلیمدا بگەڕێن**
**مەیدانەکانی بشکێنن**
**ئەگەر مرۆڤێکتان بینی**
**دادپەروەرانە کاری کرد و پشتی حەقی گرت**
**ئەوا من لەو شارە گوناهبارە خۆش دەبم**

ڕاستیەک هەیە دەیڵێم.. بە چاوی خۆم بینیم، بەسەر دار زەیتونێکی پیری خاکی کەنعانەوە بووم، کەهەنەکانی هەیکەلم بینی پەیامبەر "ئارمیا"یان فڕێدایە ناو بیرێکی پڕ لە پیساییەوە، بۆیە ئیتر لەوێ هەڵاتم و بەجێم هێشت و بەرەو "بابل" بەڕێ کەوتم تا شایەتی حەق بدەم، و تاکو سوێندتان بدەم تیرەکانتان لە سنگم مەدەن کە پڕە لە برین... من ماندووم، تارادەی مردن نائومێدم لە درۆ و دەلەسەکانتان کە دەبینم بەوجۆرە لەگەڵ پیرۆزەکاندا ڕەفتار دەکەن.
ئێستا.. دەبێ ئەوە بهێننە بەرچاوی خۆتان، من لەو ئاسمانەوە باڵەکانم بەیەکا دەدەم و چاوم بڕیوەتە قەڵای سەرمەدی "ئارابخا" کە هەر ئەوەندەی ناو لەپێک دیارە بە گومەز و منارە و خاچی کەنیسەکانییەوە. منارەکان هەمیشە بە گڵۆپی ڕەنگاڵە و سەربانەکانی بە جلی شۆراوە هەڵخراوەکانی و بە ڕەنگی ئاڵ و واڵایانەوە بە جلی جوانی منداڵی ساواوە رازاوەتەوە. مناڵەکانیش بەرەو لای من کۆلارە ڕەنگاڵەکانیان دەنێرن... لێتانی ناشارمەوە.. ئەوەی زۆر سەرنجی من رادەکێشێ و لەو ئاسمانە پان و بەرینەوە دەمڕوانی.. داڵان و حەوشە بە تەنیشت یەکەوەکانی (قەڵایە) کە خۆر پڕیان دەکات لە تیرۆژی خۆی، داری ناو حەوشەکانیشی چوون یاقووت و زومەرد دەدرەوشێتەوە...
"قەڵای" شاری "ئارابخا" لەو قوڵایی ئاسمانەوە من وەک کەشتیەک دێتە بەرچاوم بە نێو شەپۆلی سەوزی گردەکاندا دەڕوات.. ختووکەیەکن موچڕکێک بە لەشمادێنێ، حەز دەکەم لەوبانەوە باڵەکانم بکەمەوە و ڕاوەستم، تا هەتاهەتایە هەروا لەوبانە بمێنمەوە. ئەم هەستە ئاڵۆزە کە دامدەگرێ ئێستا، خۆشیەکی ئەزەلی دووری تێکەڵ دەبێ.
لەو بانەوە.. بانگەوازێک ختوکەم دەدا، باڵەکانم بەلەشمەوە بنووسێم بەرەو خوار بکشێم بۆ "چەمی خاسە" تا توینێتی خۆم بشکێنم بەو دیمەنە جوانانە کە هەرگیز لێی تێر نابم لەو بانە بمێنمەوە.. وام کرد، دابەزیم تا لە ئاوی ئەو شارە جادوکەرە بخۆمەوە.



# عەبدوللەتیف بەندەر ئوغلو

- ساڵی ١٩٣٧ لە شارۆچکەی خورماتو لە دایک بووە، قۆناغی ناوەندی لەو شارە خوێندووە و دواجار چووەتە پەیمانگای نەوت. لەبەر باوەری سیاسی بە ناچاری ساڵی ١٩٤٦ چۆتە بولگاریا، پاش چەند ساڵێک گەڕاوەتەوە لە هەفتاکاندا بووە بە بەڕێوەبەری رۆشنبیری تورکمان و پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ گەلێ شاعیر و ئەدیبی ئازەری و تورکیادا هەبوو.. تا بروانامەی دکتۆرای ئەدەبیات لە زانکۆی "باکو" پێ دراوە..

لە کابینەی پێنجی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرایە وەزیری هەرێم بۆ کار و باری تورکمان، پەنجا کتێبی لە بوارە جیا جیاکاندا بە چاپ گەیاندووە.

## نامەیەک بۆ ژنەکەم

نەکەی بێزار بیت
چاوەڕێم کە، بە دوو چاوی پڕ لە ئومێدەوە
چاوەڕێم بە.
هاکا لە بەرەبەیانێکی رۆژێکدا گەڕامەوە.
لەگەڵ شنەی بەیانیدا لە دەرگا دەدەم
منداڵەکان با چاوی پڕ گریانی تۆ نەبینن
لە خەویان مەکە
ڕەنگە لە خەونەکانیاندا بمبینن
تاریکی شەو بێزارت نەکات و
چاوەڕێی سپێدە بە
وەک چۆن چاوەڕێت کردم، دەگەڕێمەوە
کاتێ ژوورەکەم پڕ دەبێ لە خۆر و
قاقای منداڵان.

## نازم حیکمەت

هەر لە منداڵیەوە گوێم لێ بووە
لە زیندانەکانی "بۆرسە"وە
بە چاو باوەشت بۆ خۆر کردۆتەوە
بە بێدەنگی تاریکی ورد و خاش دەکەیت
لە شەڕی ژیندا
بۆ هیوای مرۆ، ئاواز دادەنێی.

*

هەر زوو ئەو شیعرانەتم خوێندەوە
تاقگە ئاسا دەهاتنە خوار
شیعرەکانت فێریان کردم
جوانی ژیانم خۆش بوێ

## ژوور

مێزێک لە ژوورەکەدایە
پێنووسێک بەسەر مێزەکەوەیە
چەند کاغەزێک
کاغەزەکان لە ڕەژوو ڕطەشترن
کاغەزەکان سپی ترن لە ڕەژوو
لە پاڵ مێزەکەدا
دڵێکی ماندوو لە لێدان کەوتووە.

## چەند بڕگەیەک لە چامە درێژەکەی (ئازار هی من ئاوات هی تۆ باهۆز هی هەموومان)

و: شوکور مستەفا

خۆشەویستەکەم
ئەو گوڵۆڵانەی مرۆ، کە
لە زینماندا چەکەرە دەکەن و
لە تەواو بوون و برانەوە نایەن،
لەگەڵ کزانەوە و گروزانەوەی منداڵی برسیدا
خرکەوە و لە پێش دەرکەی
دنیادا بەسەر خۆشەویستەکانیانتدا
ببەشێنەوە.
هیدی هیدی ئەوانەی دەیانەوێ
فێرە سەر بزێوی بن،
بەرگە و زاتیان وەبەرخە
هێدی هێدی لەوانەی بوونی خۆ
دەبەزێنن، راخورە، بقریوێنە
هیوای بڵندی مرۆیان
لەوانە بگەیێنە کە دڵیان
لەگەڵ گزنگ دا بە پژانی
گولووکان خۆش دەبێ.
شەونم لە خونچە مەکە.
بروسکە لە شەوە زەنگ دامەبڕە،
ئەو فرمێسکانەی بەدەم
چاوەڕێ کردنەوە
لە چاوی دایکان دێ
بسڕەوە.
بچۆ لە لێرەکانی ئامریکای لاتینیدا
گوێ لە ڕاز و نیازی ئەو گیانبازانە بگرە
کە هەتاو دەمژن.
تێبگە ئەوانەی
لە خاکە بێ گوناهەکانی دنیادا
بومبای "نوترۆن" زۆر دەکەن
بۆ مرۆ بیر لە چی دەکەنەوە
ئەتۆ دەزانی شۆخەکەم،
ئەم بومبا ناحەزە
جگە لە خۆشەویستی، گیان لەبەرانیش دەکوژێ
کاری بەسەر ڕۆژگارەوە،
بەسەر چەرخ و چاخانەوە نییە
کاری بەسەر شتانەوە، بەسەر خانوومانەوە نییە.
تەنها هەر ئینسانان، زیندەوەران
دەگەل خۆشەویستەکانیاندا دەسووتێنێ
هۆ گوڵی ڕەنگ پەڕیو
هۆ دار گوێزی رووخێندراو
لەبەسەر سێبەری دار کاژان
ببە بە ئاشقی سەر بزێوی
لەبەر هەر دەرکێکەوە رادەبری
کلیلێ بۆ هەر دەرکەیێک،
بروسکەیێ بۆ هەر تاریکییەک بدۆزەوە



# لە کەرکووک

## بزووتنەوەی شانۆگەری لە حەفتاکاندا

فازل حەلاق

لە دەیەی حەفتایەکاندا جولانەوەی شانۆگەری چالاک و درەوشاوە بوو، هەموو لایەنەکانی تیادا بەشدار بوون و پشتگیریان دەکرد و هونەرمەندانی شانۆکار بواریان بۆ ڕەخسا توانا هونەرییەکانی خۆیان وەدەرخەن.. بەمجۆرە ژمارەی تیپەکان زیادی کرد و دەستیان بە پێشکەش کردنی بەرهەمەکانیان کرد، لە ئەنجامی پێشوازیکردنێکی باشەوە تیپەکان کەوتنە خۆیان و جۆرە کێبڕکێیەکی ڕەوایانە کەوتە نێوانیانەوە بۆ پێشکەشکردنی بەرهەمی باش..

یەکێ لەو هۆکارانەی کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە چالاکی و کەوتنە گەڕی تیپەکان -بە تایبەتی تیپە تورکمانیەکان- دەرچوونی بریاری مافی ڕۆشنبیری بوو بۆ تورکمان لەساڵی ۱۹۷۰ز دا. هەر لەو ماوەیەدا ڕێکەوتنی ۱۱ ئازار مۆرکرا.. ڕێکخراوەکان دامەزران، یانەکان کەوتنە جم و جۆڵ. لە پاڵ ئەوانەشەوە، یەکێتی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و نقابەی مامۆستایان دامەزران و هەندێکیان چالاکی شانۆییان ئەنجام دەدا.. بە گوێرەی شانۆی تورکمان، نقابەی مامۆستایان لقی کەرکووک ڕۆڵێکی گرنگی نواند.. تیپی شانۆگەرییان دامەزراند، چەندین چالاکی و نمایشی شانۆییان. پێشکەش کرد، ئەم تیپە جمهورێکی زۆری هەبوو. ئەم چالاکیە و سەرنج ڕاکێشانی خەڵکێکی زۆر و ئامادەبوونیان لە نمایشەکاندا، بە دڵی هەندێ کەس نەبوو بۆیە دەستیان کردە کۆسپ و ئاستەنگ دانان. لەگەڵ ئەو کۆسپ و تەگەرانەشدا جوڵانەوەی شانۆگەری لە کەرکووک سەرنجی پارێزگاکانی دیکەی ڕاکێشاو بە ڕێزەوە دەیانڕوانیە چالاکیەکانیان.. بە تایبەتی کە تیپەکانی کەرکووک لە بەغدا بەرهەمەکانیان پێشکەش کرد "تیپی پەروەردەی کەرکووک" لە پێشەوەی تیپەکانی پارێزگاکانی دیکەوە بوون، لێرەدا ناوی هەندێ لەو تیپانەی کە لە کەرکووکدا چالاکیان دەنواند لەگەڵ هەندێ لە بەرهەمەکانیان دەخەینە پێش چاو. وەک گەواهێک بۆ چالاکی شانۆگەری لەو دەیەیەدا..

أ- تیپی بابە گورگوڕ بۆ نواندن و مۆسیقا: ساڵی ۹٦۹-۹۷۰ دامەزرا، کە دوو تیپ بوون بەیەک: تیپی "نواندنی نوێ" و تیپی "قەرەئالتون" ئەمەی دوایی سەر بە ڕۆشنبیری جەماوەری کەرکووک بوو، تەحسین شەعبان سەرپەرشتی دەکرد. ئەو دوو تیپە کە بوون بەیەک دەستەیەکی نوێی بۆ هەڵبژێردرا: لەوانە:- تەحسین شەعبان ، کەمال توفیق، عەدنان ئیسماعیل، یلماز شوکور، جەلال سودەچی، ئەکرەم کەرکوکلی... بارەگای ئەم تیپە لە "یانەی سەورەی کەرکووک" بوو. ئەم بەرهەمانەی پێشکەش کرد:

۱-شەمەندەفەر: لە نووسینی "نەسرەت مەردان" و دەرهێنانی - تەحسین شەعبان.

۲-دللیلر دوختوری -دکتۆری شێتەکان-: نووسینی یاوز هرمزی، دەرهێنانی هاشم زەینەل.

۳-التی اللیغ -شەش درهەم-: نووسینی یوسف العانی، دەرهێنانی تەحسین شەعبان.

٤-غیورلر بادەسی -پێکی مەردان- نووسین و دەرهێنانی تەحسین شەعبان.

ب-تیپی یانەی سەورە بۆ نواندن و فولکلۆری تورکمان: - ساڵی ۱۹۷۱ دامەزرا.. ناکۆکی کەوتە نێوان تیپی "بابا گوڕ گوڕ"وە، ژمارەیەکیان لە تیپەکە وازیان هێنا و ئەم تیپەیان بە دەستەیەکی نوێوە دامەزراند لەوانە: ئەحمەد ئوتراقچی، یلماز شوکور، عرفان سدیق، غالب حەیدەر، عماد بەهجەت، غازی میخائیل، حسن عەلی غالب.. بوون بە دەستەی بەڕێوەبەری تیپەکە.

ئەندامەکانیشی ئەمانە بوون:

"شەمسەدین مستەفا، مستەفا تورکمان ئوغلو، سەمرا کەرکوکلی، نورهان بەیاتلی، بەحریە چەلەبی، فکرەت کەرکوکلی، عەدنان ساری کەهیە"

ئەم تیپە ئەم شانۆگەرییانەی پێشکەش کردووە:

۱-اوینباز عزە "عیزەتی فێڵباز" نووسینی ئەحمەد ئوتراقچی و دەرهێنانی، عیماد بەهجەت.

۲-بیندە بیر "لە هەزارا یەک" لە نووسینی یلماز بەگ ئوغلو، دەرهێنانی، عیماد بەهجەت.

۳-یەتیم: نووسین و دەرهێنانی: یلماز بەگ ئوغلو.

٤-کیملیکسز وەتنداش "هاوڵاتیەکی بێ ناسنامە" دەرهێنانی: عیماد بەهجەت، لە عەرەبییەوە کراوە بە تورکمانی.

٥-املا دەرسی: "وانەی ڕێنووس" لە عەرەبییەوە مەولود تەها قایاجی کردوویەتی بە تورکمانی.. لە دەرهێنانی غالب حەیدەر..

٦-نجە، نیچن، کمیچین "چۆن، بۆ، بۆکێ" وەرگێرانی ئەحمەد ئوتراقچی، دەرهێنانی حسین عەلی غالب.

۷-وقت واریکن "هێشتا ماوە ماوە" نووسینی، ئەحمەد ئوتراقچی، دەرهێنانی، حسین عەلی غالب.

ج- تیپی نەتەوایەتی نواندن: "مللی تاقمی".

ساڵی ۱۹۷۰ دامەزرا، ئەندامانی ئەم تیپە، هەمان ئەوانە بوون کە "تیپی شانۆی هونەرییان" لە ساڵی ۱۹۷٥ز دامەزراند بوو. بەڵام ئەندامی نوێی لە دەرچوانی بەشی شانۆ و کەسانێکی تر لەگەڵیاندا بوون. ئەم تیپە سەر، بە کۆمەڵەی مانگی سوری کەرکووک بوو. لە ئەندامە دیارەکانی: ئەنوەر محەمەد ڕەمەزان، سەڵاح نەورەس، ئایدن عێراقی و عەباس ئەرەتای، دواتر ئەم بەڕێزانەش هاتنە ناو تیپەکەوە: محەمەد قاسم، عەبدوللا جومعە، عەبدولرەزاق هرمزی..

لە ڕێگای ئەم تیپەوە، هەندێ گۆرانی بێژ دەرکەوتن لەوانە: "فتح الله التون سەسی" و "یەشار مستەفا کەمال". هەروەها لەو مۆسیقا زانانەی لەم تیپەدا بەشدار بوون ئاوازی گۆرانی و ئۆپەرێتیان بۆ تیپەکە دانا:

جەلال وەندی، حسین بەهائەدین.. ئەم دوو تیپە "تیپی نەتەوەیی" و تیپی یانەی سەورە بۆ نواندن و فولکلۆری تورکمانی" ئاهەنگیان ساز دەکرد، تیایدا گۆرانی و هەڵپەرکێی تورکمانیان تێدا پێشکەش دەکرد.. ئەمەش ئەو شانۆگەرییانەیە کەتیپی نەتەوەیی بۆ نواندن لەسەر شانۆکانی کەرکووک پێشکەشیان کردووە:

۱-بتمیەن گیجە "شەوێکی بێ کۆتایی" لە نووسینی قەحتان هرمزی، دەرهێنانی ئەنوەر ڕەمەزان.

۲-تمبل عباس "عەباسە تەمەڵ" نووسینی شاعیر سەڵاح

نەورەس، دەرهێنانی: ئەنوەر رەمەزان.
٣-بازار اغاسی: "گەورەی بازاڕ" نووسینی سەلاح نەورەس، دەرهێنانی ئەنوەر محەمەد رەمەزان.
٤-یاراسا: "شەمشەمە کوێرە" نووسینی سەلاح نەورەس، دەرهێنانی ئەنوەر محەمەد رەمەزان.
٥-چارشی "بازار" نووسینی سەلاح نەورەس، دەرهێنانی: ئەنوەر محەمەد رەمەزان.
٦-حکیملار ساغ اولسون "دکتۆرەکان خۆش بن" نووسینی سەلاح نەورەس، دەرهێنانی: ئەنوەر محەمەد رەمەزان.
٧-یولچولار "ڕێبوارەکان" نووسینی سەلاح نەورەس، دەرهێنانی: ئەنوەر محەمەد رەمەزان.
٨-بایرام اقشامی "ئێوارەی جەژن" نووسینی: وەجدی کدک، دەرهێنانی: قاسم محەمەد.
٩-مردیوان "پەیژە" نووسینی وەجدی کدک، دەرهێنانی: عەبدولرەزاق هرمزی.
ئەم تیپە لە گەلێ شوێن بەرهەمەکانی پێشکەش دەکرد، لە یانەی سەورەی وەرزشی، لە مانگی سور، یانەی برایەتی تورکمان لە بەغدا و گەلێی شوێنی تر. بابەتەکانی زۆر بە دیقەت هەڵدەبژارد، گرنگیان بە لایەنی هونەری نواندن دەدا.. زۆرتر دەقی خۆماڵی نمایش دەکرد، هەندێ جاریش دەقی جیهانی و عارەبی بە تورکمانی پێشکەش دەکرد، بەڵام زۆر بەردەوام نەبوو، لەبەر هۆی سیاسی و ئاڵۆزی بارودۆخی کەرکووک، ئەندامەکانی لە تیپەکە دوورکەوتنەوە و چوونە ناو تیپەکانی سەندیکاکان یاخود رویان لە کاری هونەری دیکە کرد وەکو مۆسیقا و رەسم.
د- تیپی پەروەردە بۆ نواندن: ئەم تیپە ساڵی ١٩٧٤ دامەزرێنرا بۆ بەشداریکردن لەو فیستیڤاڵانە شانۆگەرییانەی وەزارەتی پەروەردەی عێراق دەیسازاند. ئەم تیپەش چەند شانۆگەرییەکی لە وێدا پێشکەش کرد و چەندین خەڵاتی وەدەست هێنا. لەو چالاکیانەی لەسەر شانۆکانی بەغدا و کەرکووکدا پێشکەشیان کرد لە ساڵی ١٩٧٤ز ئەمانە بوون.
١- ئەنتیگۆنا: نووسینی جان کۆکتۆ، دەرهێنانی سەلمان فایق. خەڵاتی دووەمی لە بەغدا وەدەست هێنا، جارێکی کە لە کەرکووک نمایش کرایەوە.
٢- بازرگانی ڤینیسیا: ولیەم شەکسپیر، دەرهێنانی: سەلمان فایق سێ شەو لە ناوچەی (گاور باغی) نمایش کرا.
٣- تەڵە: نووسینی: عەلی حەسەن بەیاتی، دەرهێنانی: حسین عەلی غالب.
لە ساڵی ١٩٧٦ دا.
١-دەنگی ناڕەزایی: ئامادەکردن و دەرهێنانی: تەحسین شەعبان.
٢-بیرۆکە رەشەکان: نووسین و دەرهێنانی: تەحسین شەعبان.
لە ساڵی ١٩٧٧ز دا
١- کەوتن و بەرز بوونەوەی ئایسن: نووسینی فازل حەلاق، دەرهێنانی: ئەنوەر رەمەزان.
ئەم شانۆگەرییە لە یاریگای ئیدارەی مەحەلی پێشکەش کرا.
٢- هەناسەی بیابان: نووسینی جەلیل قەیسی، دەرهێنانی سەعید ماکی..
٣- هاوار موعتەسەم: ئامادەکردن و دەرهێنانی تەحسین شەعبان.
ە- تیپی قوتابیان بۆ نواندن: لە ١٩٧١ بۆ ١٩٧٢ بەردەوام بوو ئەو شانۆگەریانەی پێشکەشیان کرد:
×- بووک و خاک دەرهێنانی سەلمان فایق.
×- کلیو پاترە دەرهێنانی ئەنوەر رەمەزان.
×- زەنگ نووسینی نەسرەت مەردان، دەرهێنانی: ئەنوەر رەمەزان.
لە ساڵی ١٩٧٤دا:
×- رێبوارە تازەکە: نووسینی فازل حەلاق، دەرهێنانی ئەنوەر محەمەد رەمەزان، دوای ئەوەی لە بەغدا خەڵاتی دووەمی بە دەست هێنا، لە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بەغدا تۆمار کرا، دواتریش لە کەرکووک لەسەر شانۆی ئامادەیی کەرکووک نمایش کرا.
لە ساڵی ١٩٧٥:

×– ئودیب: نووسینی تەوفیق حەکیم، دەرهێنانی ئەنوەر رەمەزان.
ساڵی ١٩٧٦ز:
×– ئۆپەرێتی خۆشەویستی: ئامادە کردن و دەرهێنانی: ئەنوەر رەمەزان.
لە ساڵی ١٩٧٧ز
×– بدور: نووسینی فازل حەلاق، دەرهێنانی: واجب سەعید.
ئەمەش ناوی چەند تیپێکی شانۆییە کە شانۆگەرییان پێشکەش کردووە، کە سەر بە دامەزراوە حکومیەکان بوون، لەوانە: تیپی شانۆی ئەزمونگەری.. کە ئەم بەرهەمانەی پێشکەش کرد:
– تیپی شانۆی ئەزمونگەری:
سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی ناوخۆیی بوو. کە لە چەند ئەندامێکی دەرچووی پەیمانگا شانۆییەکان بوون، لەوانە: هەیسەم عەبدولرەزاق، عەواد عەلی، عەبدولرەزاق محەمەد عەزیز، داود زەیا، جەعفەر مووسا، یاوز فایق، جەلال فەتاح رەفعەت، فازل ناسر، لە ئەندامە چالاکەکانی ئەم تیپە کە ڕۆڵی گرنگیان بینی:
حسین میسری، نهاد شوکور، لەهیب خەلیل، ریاز ئیسماعیل، هەنا جاسم، ئینتیسار محەمەد، گوڵشان نازم، باسم عەبدولقەهار، عەلی ریسان، ئیسماعیل هەورامی، سەمیرە موراد، سعاد ستار، فاروق فایق، کەمیل شەمعون.. ئەم شانۆگەرییانەیان پێشکەش کردووە: –
– هەڵهاتنی مانگ: نووسینی: لیدی گریگوری. دەرهێنانی: هەیسەم عەبدولرەزاق.
– نواندنی کەلەپور.. دەرهێنانی هەیسەم عەبدولرەزاق.
– باڵندە و ڕێوی: دەرهێنانی: جەعفەر مووسا.
– دەروێشەکان بە دوای راستیدا دەگەڕێن: نووسینی مستەفا حەللاج، دەرهێنانی: عەواد عەلی.
– گەمەی سوڵتان و وەزیر: نووسینی "البوسەیری عبداللە"، دەرهێنانی: عەبدولرەزاق محەمەد عەزیز.
– تیپی نەقابەی مامۆستایان: ١٩٧٤
لە لایەن نەقابەی مامۆستایانی کەرکووکەوە دامەزرا.. ئەم بەرهەمانەی پێشکەش کردووە:
– دوو هاوڕێ: (بەزمانی تورکمانی)، نووسینی: هربرت فرگیون، وەرگێرانی: سەلاح نەورەس. دەرهێنانی: فازل حەلاق.
– شلون، لویش، المن "چۆن، بۆ، بۆکێ" نووسینی یوسف العانی. دەرهێنانی: فازل حەلاق.
– غەریبەکان: نووسین و دەرهێنانی: فازل حەلاق.
– تیپی یەکێتی هونەرمەندان: ١٩٦٩– ١٩٧٠ز. دوو شانۆگەری پێشکەش کرد:
١– گوڵی دۆزەخ: نووسینی: تەها سالم، دەرهێنانی سەلمان فایق.
٢– دزە رەشەکان: ئامادە و دەرهێنانی: سەلمان فایق.
ئەم شانۆگەرییانەش لە لایەن چەند لایەن و تیپێکەوە نمایش کران.
١–دادگایی کردنی لوکلوس: نووسینی بریشت، دەرهێنانی سەلمان فایق.
٢–مرۆڤـ و تەڵە: نووسینی عەدنان ئیسماعیل، دەرهێنانی سەلمان فایق.
ڕەنگە هەندێ لەو شانۆگەریانەی لەم ماوەیەدا پێشکەش کرابن من لە یادم نەبن داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام تا ڕادەیەک ڕۆشناییم خستۆتە سەر ئەو تیپانەی کە کاری باشیان ئەنجام داو هونەرمەندی دیاریان تیادا کاری کرد..
(لێرەدا تەنها باسم لەو شانۆگەریانە کرد کە بە تورکمانی و عەرەبی بەرهەمیان پێشکەش کرد.. شانۆی کوردیش ڕۆڵێکی دیاری لە کەرکووکدا هەبوو بە تایبەتی لە کۆتایی پەنجاکانەوە..).



# مچالا *

## سەڵاح نەورەس

**کارەکتەرەکان:**

کۆمەڵێ کۆسە بەبارانی

| | |
|---|---|
| کۆسە | مچالا |
| پیرەژن | زەینەب |
| عوسمان | ئاغا |
| مستەفا | خورشید |
| کەسی ١ | جەندرمەیا ١، ٢ |
| کەسی ٢ | گەردیوان |
| کەسی ٣ | چەند کەسێک لە دیوەخانێکدا |
| سەلمان | جەماوەر |

**ئەم شانۆگەرییە لە ڕووداوێکی ڕاستەقینەوە وەرگیراوە**

مچالا.. کەسایەتییەکی ناسراو و خۆشەویست بووە.. لەسەردەمی پێش شەڕطی یەکەمی جیهانی ژیاوە.. گۆرانی بێژ و مەقامزانێکی بە ناوبانگ بووە، تا مەقامێک بە ناوی "مچالا"وە هەیە و ئێستاش لە لایەن گۆرانی و مەقام بێژانی تورکمانییەوە دەوترێت.. عەتا تەرزی باشی، لە بارەی ئەم کەسایەتییەوە دەڵێ: جێگایەکی دیاری هەبوو لە ناو مەقام خوێنەکانی ئەو سەردەمەدا، ناوبانگی بە ناوی مەقامێکەوە بە ناوی خۆیەوە دەرکردووە –مەقامی مچالا–.. لە ڕووداوێکدا بووەتە قوربانی.. لەبەر بەیانێکدا کاتی "مستەفا" –مچالا– لە مەزرایەکی "غەفور ئاغا"دا خەریکی کارکردن دەبێ. کوڕی خاوەن مەزراکە بە ناوی "زەینەل ئەفەندی" کە بەو بەیانییە بۆ حەمام دەڕوات. دەمیان لەیەک گیر دەبێ، مچالا بێڵێکی بەدەستەوە دەبێ، بە بێڵەکە بەبێ ئەوەی قەستی کوشتنی بێ، لە زەینەل ئەفەندی دەدا.. زەینەلی کوڕی غەفور ئاغا کە تازە زاوا دەبێ، بەو زامەوە دەمرێت..

برایەکی زەینەلی زۆرخۆش دەوێت لە خەمی ئەودا، ئەویش دەمرێ. "مچالا" دەگرن و دادگایی دەکەن و حوکمی ئیعدامی بۆ دەردەکەن.. لە ڕۆژی ئیعدام کردنەکەیدا خەڵکێکی زۆر لەو مەیدانە (مچالا)ی لێ هەڵدەواسن کۆدەبنەوە. کاتێ بەرەو پەتی سێدارەکەی دەبەن ڕوو لە خەڵکەکە دەکاو خۆریاتێ دەڵێ:

لە پێش سەرایدا رادەوەستن
کەلەپچەی دەستم دەشکێنن
فەرمانی کوشتنم دراوە
وا ئێستا هەڵم دەواسن

خەڵکە ئاپورەکەی مەیدانەکە دەست بە گریان دەکەن.. یەکێک بە ناوی "رەووف سەلیم ئەفەندی" بریاری حوکمەکە دەخوێنێتەوە "مچالا" بە خۆریات و دەنگە زولاڵەکەی دەڵێ:

من وا دەڕۆم، دایکم مایەوە
هەر دەسوتێ و ناکوژێتەوە
خێرم نەدی لەم دنیایە
ئەسەرێکیشم نەهێشتەوە

(لەو ڕۆژگارانەدا، وا باو بووە، خزمێک یا نزیکێکی کوژراوەکە، پەتەکە لە مل بکوژەکە بخات. ئەو کارە بە "شەریف" ناوێک ڕادەسپێرن. کە خزمەتکاری ماڵی "زەینەل ئەفەندی" بوو. "مچالا" ئەمەی پێ ناخۆش دەبێت دەسبەجێ کوت و پڕ، خۆریاتێ دەڵێ:)

خۆزی چوار لەت بوایە ئەم سێوە
لە دڵمدا بوو بەژان
خۆزی ئەوەی لە ملمی دەدا
یەکێ بوایە مەرد بوایە

لە دواییشدا کە خەریکن پەتەکەیان لە مل دەنا، دیسانەوە خۆریاتێک دەچڕێ:

بەبێ قەڵا
نابێ کەرکووک بێ قەڵا بێ
وامن ڕۆیشتم
سەری ئێوە بێ بەڵابێ

**بەشی یەکەم**

شوێن: کەرکووک.
زەمان: سەردەمی شەڕی یەکەم جیهان.

وەرز، زستانە، شەوێکە لە شەوانی کەرکووک، چرایەکی کز ڕۆشناییەکی کاڵ و زەردی خستۆتە ئەو دەوروبەرە.. لەلای راستەوە یەک دووپەنجەرە دیارن، تاریکن، لەبەردەمەوە پەنجەرەیەک ڕۆشنایی لێ دێتە دەرەوە، لە پەنجەرەکەوە دەنگە دەنگ دێ. قاقای پێکەنین.. لە پڕ دەنگی کۆسەبەبارانی پەیدا دەبێ "پەنجەرەکان دەکرێتەوە" کۆسەبەبارانی هات.. لە یەک دوو دەرگا لەولاترەوە، کەسانێک دێنە بەر دەرگاکان.. لەبەلەکۆنی لای پەنجەرە ڕووناکەکەوە چەند کەسێک دەردەکەون. تەماشای هاتنی کۆسە بەبارانەکە دەکەن.

خەڵکانێک: خوایە داکەیتە باران.
دار و دیوار تەڕکەی.
کۆسەکە: ئەوەی سەخییە، خانمە
رەزیل خوایە بە بەردکەی.
خەڵکەکە: خوایە داکەیتە باران.
دارو دیوارمان تەرکەی.
کۆسە: عەمبارەکان بکەنەوە.
تا، بەشی بارانی لێدەی.
خەڵکەکە: خوایە بیکەیتە باران
تەڕکەی دیوار و سەربان.

(لە یەکێ لە ماڵەکانەوە، پیرەژنێک دێتە دەرەوە)

پیرەژنەکە: بڕوانە چەرمێتی قژم.
نیشانەی سنگم سەیرکە

بێ بەشین لە ڕۆشنایی
کوانێ ڕۆنی چراکان.
( کاتێ پیرەژن، ئەمە دەڵێ. عوسمان لەگەڵ دووکەسدا لە بالکۆنەکە دێتە خوارەوە بۆ کۆڵانەکە)
خەڵکەکە: خوایە داکەیتە باران.
دار و دیوار بخووسێ.
کۆسە: دەرگای عەمبار بکەنەوە
بەشی بارانی لێ بدەن.
پیرەژن: پایز گەڵای وەراند
هێزی ئەژنومان نەما.
نانمان بۆ خواردن نییە
ئێمە کەی عەمبارمان بووە.
(عوسمان، دارێکی بەدەستەوەیە، بەدارەکەی دەستی بە دیوارەکەدا دەکێشێ، هەموو بێ دەنگ دەبن...).
عوسمان: بەم نیوە شەوە، مینەی مار دەکەن؟
کۆسە: هاتووین ئارد کۆدەکەینەوە و لە خوا دەپاڕێینەوە.
مستەفا: (لە بالکۆنەکەوە) بڕۆن لە شوێنێکی تر لە خوا باڕێنەوە. لە ژێر باڵکۆنەکەی ئاغادا ژاوەژاو مەکەن.. کۆسە نەماندیوە بەشەو دەرچێ!
دەروێش: ئەمشەو، شەوی سێشەممەیە.. کۆڕی زکر لە تەکیە بەستراوە. لەوێوە دەرچووین و هاتووین.. بە دەنگی بەرز.. (حەی ی ی...).
پیاوی ١: وا نیوەی زستان تێپەڕی و باران نەباریوە..
عوسمان: ئیرادەی خۆیەتی..
پیاوی ٢: نیوەی زستانە و لەماڵی کەسدا ئارد دەست ناکەوێت..
مستەفا: (لە بالکۆنەکەوە) بەڵام عەمبارەکانی ئاغا لێوان لێوە...
پیاوی ٣: ئێمە بەم کۆڵانەدا تێدەپەڕین زیانی بۆ ئێوە هەیە؟
عوسمان: چۆن.. هیچ شتێیک لەم شارەدا بێ ڕەزامەندی ئاغا نابێ.. کەس لەم کۆڵانەدا ناتوانێ ڕووناکیەک، چرایەکی بەدەستەوە بێ لە ماڵی ئاغا بەولاوە...
پیرەژن: ڕۆشنایی مولکی ئاغا نییە. باپیرانمان گوتوویانە.. ڕۆشنایی بۆ هەموو کەسێکە و هی سروشتە.. (دوای ئەوەی پیرەژن قسەی تەواو دەکات.. ئەوانەی لە مەیدانەکەدان دەست بە غەڵبەغەڵب و ژاوەژاو دەکەن.. پیاوانی ئاغا، کۆسەبەبارانەکە بە زۆر لەو ناوە دوور دەخەنەوە... کە لەوناوە غەڵبەغەڵب نامێنێ دوو لە پیاوانی ئاغا، دەرگای ماڵی پیرەژنەکە دەکەنە، دەچنە ژوورەوە، دەنگی پاڕانەوە و هاواری پیرەژنەکە دەبیسترێ.. لەوکاتەی خەڵکی لە دەنگی هاوارەکە دێنە دەرەوە. پاسەوانی کۆڵانەکە "سەلمان" پەیدا دەبێ..
سەلمان: (بە دەنگی بەرز).. ڕاوەستن.. چی دەکەن؟!
عوسمان: بۆ خۆمان لە ژێر پەنجەرەی ماڵی ئاغادا ڕاوەستاوین.

سەلمان: (بەماناوە).. زۆر مەوەستن تا سەرما کارتان لێ نەکات!
جارێکی کە بە ناوەخت لە کۆلاندا بتانبینم...!
(عوسمان و دووپیاوەکەی ئاغا، دەچنە ژوورەوە.."مچالا" پەیدا دەبێت)...
سەلمان: مچالا.. تۆش درەنگ کەوتووی...
مچالا: دڵ.. گوێ بە درەنگ و زوو نادات...
سەلمان: (خۆی ڕادەگرێ).. مچالا.. وا دیارە زامداری..
مچالا: قەدەری من وایە..
سەلمان: وا دیارە ئەم خۆشەویستیەت زۆر لەسەر دەکەوێت.
مچالا: دەمەوێ لەم خاکە بێ بارانەدا
تۆوی غەم بچێنم..
سەلمان: ئافەرین مچالا.. نەمزانی وا بە پەرۆشی...
مچالا: دەمەوێ لەمەش زیاتر
دەست بۆ یار درێژ بکەم
و لەدەوری ئەو مۆمەدا
وەک پەروانە بگەڕێم...
سەلمان: تۆ دەم بە گلەییت بۆ دەتەوێ بسووتێی؟
مچالا: ئەمڕۆ کە دەڕوا، لە تەمەن دەڕوا.
زەمەنیش چنگی لە ئاسنە.
سەلمان: ئەگەر مەسەلەی زەمەن بێ، ئەوا پیاو پێویست ناکا هیچ بڵێ، بەڵام ئەو ئازارە هەر دێتە گوتن و دێتە سەر لێو... پێشینان گوتویانە "ئەوە من نیم ئای و ئۆف دەکەم.. دەردەکانی دڵە لەیەک دەدەن و دەنرکێنن..". شەوێکی شاد مچالا...
(سەلمان دەڕوات، دواجار، لە پشت پەنجەرەکەوە ڕۆشناییەکی کز و تارماییەک دەردەکەوێت... "زەینەب"ە، چرایەکی بە دەستەوەیە، بە دەستەکەی تری دەستە سڕێکی سپی بۆ دەرەوە دێنێ)
(مچالا.. لە بەرامبەر پەنجەرەکەدا بە چۆکا دێ.. دەسەسڕەکە دەگرێ و بۆنی دەکات..).
مچالا: بە خۆشی
خۆشم ویستی بە خۆشی،
سەرم دەنێمە سەر ڕانت
ڕۆح دەسپێرم بە خۆشی. (زەینەب ڕووی وەردەگێڕێ)..
زەینەب: (بە چرپە).. مچالا...
مچالا: قوربانت بێ مچالا
فیدای تۆیە مچالا.
خۆی داناوە.
لە دەورت گەڕێ مچالا..
زەینەب: خوا بتپارێزێ.. ئەگەر وابڵێی لێیت دەتۆرێم...
مچالا: بتۆرێ...
دڵداری من قەت ناتۆرێ

(لەبالکۆنەکەوە یەکێ تەماشایان دەکات.. کە سەلمان دەردەکەوێ زەینەب چراکە دەکوژێنێتەوە و خۆی دەشارێتەوە. مچالا دەسەسرەکە زوو هەڵدەگرێ و دەیشارێتەوە..).
سەلمان: هێشتا لێرەی مچالا؟
مچالا: بۆ کوێ بڕۆم.. شوێنێکم نییە بۆی بڕۆم. خۆزی خوا بۆ خۆی دەیبردم و لێرە نەدەمام.
سەلمان: بڕۆ کەمێ پشوو بدە.. وا ڕۆژ دەبێتەوە..
مچالا: (بە پێکەنینەوە).. وا زوو ڕۆژ نابێتەوە..
سەلمان: بە دەنگی بەرز وا پێمەکەنە. ئەوانەی خەوتوون بە ئاگا دێن و ئەوانەشی نەخەوتوون خەویان دەزڕێنی...
(ئەوەی وا بەرز دەیڕوانی دەکشێتەوە.. پیرەژنەکە دەردەچێ پەرێشانە).
پیرەژنەکە: گوێم لە هەموو شتێک بوو، بەڵێ بێگومان خۆر هەڵدێ.. خۆر هەڵدێ کوڕینە هەڵدێ...!
(کە عوسمان دەردەکەوێت، پیرەژنەکە دەچێتە ژوورەوە)
عوسمان: ئەم پیرەژنە خەرفاوە.
سەلمان: (بە گاڵتە پێکردنەوە) ئەی تۆ؟.. دە بڕۆ لەبەر چاوم لاچۆ... (عوسمان و مچالا دەڕۆن.. ئاغا لە بالکۆنەکەوە دەردەکەوێ مشتی قوچاندووە وەک هەڕەشە بکات).. باشە باش مچالا.. باسی خۆشەویستی و خۆرهەڵاتن و نازانم چی، نازانی قەدەغەیە.. من ئەو کچە والێدەکەم خۆشمی بوێت (ئاماژە بۆ پەنجەرەکەی زەینەب دەکات) حەسحەسێکیش ئا لەوێدایە، حەزم لە دەنگی نییە، دەبێ ئەو دەنگەش ببڕم.. (مچالا)ش باسی خۆر دەرچوون دەکات.. نازانی بەر لە هەموو شوێنێ خۆر لە پەنجەرەکەی من دەکەوێت.. (بە دەنگی بەرز) کە خۆر هەڵدێ بەر کوێ دەکەوێت؟
دەنگێک لە ژوورەوە: بەر پەنجەرەکەی تۆ دەکەوێت ئاغا.
ئاغا: کوێ؟
دەنگەکەی ژوورەوە: پەنجەرەکەی تۆ. (ئاغا دەچێتە ژوورەوە لە ژوورەوەش هەر پرسیار دەکات: بەر کوێ دەکەوێ؟ وەڵامی دەدەنەوە: بەر پەنجەرەکەی تۆ ئاغا)

**بەشی دووەم**

(کۆشکی ئاغا.. دیوەخانەکەی ئاغا، لە دوولاوە تەخت دانراوە، مەنقەڵەی قاوە گەشاوەیە. ئاغا نەرگیلەی لەپێشدایە، لە لای ڕاستییەوە عوسمان و لە چەپەوە مستەفا دانیشتوون، میوانی هەیە، قاوەچی قاوە دەگێڕێ.)
عوسمان: (بە دیقەتەوە دەڕوانێتە ئاغا). ئەو کارەمان چارە بکردبایە، (ڕوو لە مستەفا دەکات) چ دەڵێی؟
مستەفا: با ئاغا بفەرموێ دەیکەم.
ئاغا: پێتان دەڵێم دوا وتەمە، ئەو پارچە زەوییە بۆ منە.. ئاوێکی باشی هەیە. سلێمان بەگ ناتوانێ ڕێگام لێ بگرێ. زۆری دیکەی وەکو سلێمان بەگ، کەللەڕەقیان کرد، ئەنجامەکەی چ بوو؟ ئەوەی من ویستم کرا، ملی ئەوانەش بڕان کە عاقلانە بیریان نەکردەوە.. سلێمان بەگ، کابرایەکی کەللەڕەقە، نایەوێ ئەو زەوییەم پێ بفرۆشێ.. (بەتوڕەییەوە) پێت نیشان دەدەم سلێمان بەگ...
عوسمان: بەس تۆ فەرمان بدە.. سلێمان بەگت بۆ فت دەکەم.
ئاغا: نەخێر عوسمان.. دەمەوێ بە بەردێ دوو چۆلەکە بکوژم.. مستەفا..
مستەفا: بەڵێ ئاغا.
ئاغا: ئەو حەسحەسە ناوی چییە کە بەشەو دێتە کۆڵانەکە؟
مستەفا: سەلمان..
ئاغا: ئەمە چۆن ناوێکە!!..
عوسمان: زۆر بەد خووە...
مستەفا: دوژمنیشە...
ئاغا: سەلمان..! سەلمان.. بەدخووە و دوژمنیشە.. خورشید؟
خورشید: (بەپەلە دێ) فەرموو ئاغا.
ئاغا: کاتی سەر گەرم کردنە.. ئا، ئامادەی کە..
(خورشید.. پێشتر هەموو شتێکی ئامادەکردووە.. پێکێ بۆ ئاغا دێنێ)
(بۆ میوانەکانیش دێنێ)
ئاغا: نۆش.. یانی حەسحەسەکە ناوی سەلمانە.. باشە باوکی ناوی چییە؟
مستەفا: کاوجۆ.. پێدەکەنن..
عوسمان: سەرکەسیر.. پێدەکەنن.
(لە کۆڵانەکەوە دەنگی فیتوو دێت، دەنگی پا دەبیسترێ..)
عوسمان: قوربان، وتتان بە بەردێ دوو چۆلەکە.. ئەوە چۆلەکەیەکی سلێمان بەگە.. ئەوی دیکەیان کێیە؟
ئاغا: ئەوی تر.
(دەنگی خۆریاتی مچالا دێ لە دوورەوە)
بەفر بولبولی گرتۆتەوە
چ وەختێکی نالەبارە
بەرتیری خوا کەوتووم
بێ شەرمانەش خەڵکی تیرم تێ دەگرن.
ئاغا: ئەوە مەلەکەی ترە، باڵی یەکەم دەشکێنین، چولەکەکەی تر ملی هەڵدەکێشین.. مستەفا.. (ئاغا دەچرپێنێتە گوێی مستەفاوە) ئاماژە بۆ دووکەس دەکا و هەردووکیان دەردەچن...
عوسمان: چۆلەکەی دووەم، لە چۆلەکەی تر ناچێت.. باڵندەیەکی خۆشەویستە پۆلێ باڵندەی بە دواوەیە...
ئاغا: بەڵێ، ملی دەشکێنم، بە شێوەیەک دەیکەمە دوژمنی باڵندەکانی تر. (یەکێ لە منداڵەکانی ئاغا دێ و بە چرپە شتێک بە ئاغا ڕادەگەیەنێ، ئاغا دەشڵەژێ.. یەکێک دێتە ژوورەوە هەمووی

لەبەری هەڵدەستن).
ئاغا: بە خێر بێی مستەر.. (هاو دیو دو؟). (دادەنیشن)
مستەر: (گود ئەفتەرنون ئاکا) لە کاتی خۆیدا هاتووم (هاوار یو) ئاکا؟
ئاغا: (پانکیو) ئێوە چۆنن؟
مستەر: (نوت گود) باش نیم، تۆ پیاوێکی بەتەنگەوە نایەی.. بەرلەوەی ئەم دەڤەرانە بگرین دەبێ میشکی خەڵک ئامادە بکەی، دەبێ خەڵکی وا تەماشای ئێمە بکات رزگارکەرین نەک داگیر کەر، "ئیتز ڤەری ئیمپورتانت فۆر ئەس".
ئاغا: بەو پەڕی توانامەوە خەریکین.. ئەم شارە جیاوازە، هەموویان ئامادەن خۆیان بە قوربانی نیشتمان بکەن...
مستەر:"ئیناف" سوپا بڕیاری داوە ئەم ناوانە داگیربکەن. خۆشەویستی نیشتمان خەتەرە، بەڵێ "دانجار، ڤەری دانجار"..
(لە دوورەوە دەنگی مچالا دێت)
من لە کوێ و ئەم ڕۆژە لە کوێ.
دڵم پڕ بووە لە برین
رەقیب هەمووی لیم ئاڵکاوە
تا گوڵی باخچەکەم بکەنەوە.
ئاغا: بەڵێ مستەر مەسەلەکە لێرەدایە.. (دەنگی مچالا دێ)
غەم دەورەی داوم
غەم ئاڵای هەڵداوە
لە ماڵی بولبولیشدا
شیوەنە و واوەیلایە گریانە.
مستەر: دەبێ ئەو دەنگەش کپ بکرێتەوە... جەنەراڵ، لەبەرامبەر ئەو کارانەی کردوتە ئەم دیاریانەی بۆ ناردووی کە ئێوە دەزانم حەزی لێ دەکەن "زێرە.. گولە ئاکا زێڕ"
ئاغا: دەستی جەنەراڵ ماچ دەکەم...
مستەر: جەنەراڵ لەبەرامبەر ئەمەدا دەبێ ئەوکارەی بۆ جێبەجێ بکەیت.
(دەنگی مچالا دێ).
غەم کەڵەکەیە لەلام
ئاڵای خۆی بەرز کردۆتەوە
دڵمی کردۆتە مەسکەنی خۆی
ئابلۆقەی داوم غەم.
ئاغا: دڵنیا مستەر.. سەری (مچالا)ت بۆ دەخەمە سینییەکەوە. (مستەر دەڕوا.. ئاغا کڕنۆشی بۆ دەبا و بەڕێی دەکات)، دەبینی مستەفا.. مچالا لە ناو دەدەین و زەینەب بۆ خۆم دەبێ.. دەبینی چۆن ئەم چۆلەکەیەمان هێلکەی زێڕمان بۆ دەکات.
مستەفا: کاتی ئەوەش هاتووە ملی چۆلەکەکەی دیکە ببڕین.
ئاغا: (شانی مستەفا دەگرێ) ئاغا هەندێ زێڕ دەداتە مستەفا و هەندێکیش بە دیوەخانەکەدا هەڵدەدا.. دانیشتوانەکە بەپەلە پروزێ لەسەر سنگ دەخشین بۆ زێڕ دەگەڕێن (مستەفا.. بڕۆ بۆ مەرکەزی پۆلیس و خەبەری کوشتنی سلیمان بەگیان پێ راگەیەنە..)
عوسمان: پیرۆزە ئاغا.. (دەنگی مچالا دێ).
قوربانی گوڵ
بولبول قوربانی گوڵ بوو.
لە بولبولی سوتاو بپرسن
چۆن بووە قوربانی گوڵ..
(عوسمان لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوە دەکات (هێشتا وا لەسەر چۆکە لەبەرامبەر پەنجەرەکەیدا)..
ئاغا: (بە پەرۆشەوە).. چی بەدەستەوەیە؟
عوسمان: گوڵێکی سپی..
ئاغا: پەنجەرەکە ڕۆشنایە یان تاریکە؟
عوسمان: تروسکاییەک دیارە..
ئاغا: لە شوێنەکەی خۆی هەڵدەستێ). ئەو گوڵە دەژاکێنم، رووناکیەکە دەکوژێنمەوە.. دەبێ ئەو رووناکیە بۆ من هەڵکرێ...
دانیشتوان: هەموو چراکان دەبێ بۆ ئاغا هەڵکرێن.
(مستەفا و عەریف و سەلمان و دوو جەندرمە دێنە ژوورەوە).
ئاغا: لە کاتی خۆیدا هاتن.. ئەو برادەرە خۆشەویستەم ئەمشەو بە داخەوە کوژراوە، بەڵام سوپاس بۆ خوا مستەفا و هاوڕێکانی بکوژەکەیان بینی، خوێنی سلێمان بەگ بەفیڕۆ ناڕوات!!.
عەریف: دڵنیا بن تاوانباران بە سزای خۆیان دەگەن..
ئاغا: دەزانن کێیە؟ ئەوەی لەبەردەم پەنجەرەکەدا بە چۆکدا هاتووە، خەریکە مێشکی کچە پاکیزەکان تێک دەدات.. لەو زیاتر کەسی تر نییە کە دەستی سوورە بە خوێنی بێ تاوانەوە.
عەریف: (دەڕواتە بەر پەنجەرەکە) یانی مچالایە!!
سەلمان: (بەسەر سوڕمانەوە) کێ؟!
مستەفا: مچالا.. دەبێ کێ بێ.. من بە چاوی خۆم بینیم..
سەلمان: دەک چاوت کوێر بێ درۆزن..
عەریف: با شایەتەکان لەگەڵما بێن. (عەریف، جەندرمە، مستەفا، لەگەڵ دوو کەسدا دەردەچن.. دەنگە دەنگ دێ لە دەرەوە).
دەنگە دەنگەکە: ڕاوەستە مچالا.. نەجوڵێی.. کەلەپچەی لە دەست بنێن..!
سەلمان: (لە پەنجەرەکەوە دەڕوانێ).. ئەم کەتنەت کرد و لە مچالا رزگارت بووو.. مچالا دەستی بە خوێنی سلێمان سوور نەبووە. خوێنی سلێمان لە پەنجەرەکانی تۆوە دەچۆڕێ.. (سەلمان دەڕوا، دانیشتوان قاقا پێدەکەنن..)

### بەشی سێهەم

(ژێر زەمینێک، مچالا پێوەند کراوە و قژی سەر و ڕیشی تێکەڵ بووە. بە دیوارەکەوە چرایەک هەڵواسراوە).

مچالا: باڵی لێ پەیدا بوو.
مەل، باڵی گرت و هەڵفڕی
ڕاوچی بەتیر پێکای
خوێنی بەسەرما داباری.
(گەردیانەکە، ئامانێکی بە دەستەوەیە، پارچەیە نانی بەسەرەوەیە. لەبەردەم مچالا دایدەنێ).
گەردیانەکە: دەنگت دەچێتە ناخمەوە.. پشووت بێ، حەق ون نابێت..
مچالا: بڕوام بە خوا زۆرە برا، ئەگەر تاوانبار بوایەم گوێم پێ نەدەدا، من کوشتەی ئەوەم بەبێ هۆ دادگایی دەکرێم.
گەردیان: سەلمان پشتگیریت دەکات.. ڕەنگە ئەو هەوڵەی ڕزگارت بکات.. ئەوەی دەتناسێ و ناتناسێت خەمت دەخۆن.. پشووت بێ..
مچالا: وا سێ مانگ تێپەڕی.. زەینەبیشم نەدیوە...
گەردیان: زەینەب شەو تا بەیان چاوەڕێی سەلمان دەکات.. ناهێڵن و سەردانیت قەدەغە کراوە.. کەس بڕوا ناکات تۆ سلێمان بەگت کوشتبێ.. بەڵام چی دەکەی مستەفا و دوو هاوڕێی تۆیان بینیوە!!
(عەریفەکە دێ.. گەردیانەکە بێ دەنگ دەبێ.. سەعاتێکی باخەڵی زنجیر زێڕی بە بەرۆکەوەیە.. عەریفەکە تەماشای سەعاتەکەی دەکات)
عەریف: نازانی قسەکردن قەدەغەیە لەگەڵ بەندکراوەکاندا؟
گەردیان: خواردنم بۆ هێنا..
مچالا: (مچالا.. لەگەڵ خۆیدا دەدوێ.. من ئەم سەعاتەم دیوە.. ئا.. بە بەرۆکی ئاغاوە دیومە..) کەی ئەم سەعاتەی پێشکەش کردی؟
عەریف: ئەگەر بزانی کەی ئەم سەعاتەی پێشکەش کردووم غەمی پێ دەخۆی..
مچالا: نەخێر خەم ناخۆم.. بێگومان، ئەو ڕۆژەی کە منت دەستگیر کرد.
عەریف: نەتزانی.. بەڵکو ئەو ڕۆژەی زەینەب لە ژوورەکەیەوە هاتە دەرەوە...
مچالا: (لە تووڕە بوونی خۆیدا پەلاماری عەریفەکە دەدات) سەگی پیس..ئەوەی لە دەسستتان دێ بە منی بکەن بەڵام واز لەو کچە بێنن. ئەو مردنی پێ خۆشترە لەوەی بچێتە ژووری ئەوەوە.
عەریف: (خۆی دەردەهێنێ لە دەستی) گاڵتەم کرد.. من تۆم خۆش دەوێ
مچالا: ئێوەمانان دەزانن خۆشەویستی چیە؟
عەریف: ئەوە ڕێگاشمان بە زەینەب دا. بێت و سەردانیت بکات..
مچالا: بەڕاستە؟ کەی؟
عەریف: (دەچێتە دەرەوە، هەر لە دەرگاوە ئاماژەیە دەکات...
زەینەب دەردەکەوێت..)
عەریف: وامن دەرچووم زۆرتان پێ نەچێت...
زەینەب: مردنم پێ خۆشتر بوو لەوەی بەم حاڵەتە بتبینم.
مچالا: خۆشەویستەکەم.. بڕوام پێ بکە دەستی من بە خوێنی ئەو کابرایە سوور نەبووە.
زەینەب: دەزانم.. هەموو کەسێ ئەمە دەزانێ.. تاوانی تۆ ئەوەیە منت خۆش ویستووە...
مچالا: چ تاوانێکی خۆشە...
زەینەب: سەلمان هەوڵت بۆ دەدا.. لە ڕەحمی خوا بێ ئومێد مەبە (دەگری).
مچالا: دەیانەوێ لێکمان جیا بکەنەوە.. نازونینۆک لێک جیا دەکرێنەوە؟... (دوای بێ دەنگی) یانی کەس بڕوای نایە من کوشتوومە.. یانی بڕوایان بە من هەیە.. سووپاس بۆ خوا... (ئاغا، عوسمان، عەریف و دوو جەندرمە دێنە ژوورەوە).
ئاغا: (بە دەوری مچالادا دەسوڕێتەوە).. نابێ.. هەبێ و نەبێ هەڵەیەک ڕوویداوە.. زۆرم پێ ناخۆشە ئاوا دەتبینم.
مچالا: (مچالا ڕووی دەمی لە زەینەب دەکات).. خانمەکەم دڵم نایهێنێ ئازارت بدەم، کەی ڕەوایە بۆ یەکێکی تر سەر دانەوێنم..
ئاغا: بێگومان.. ناکرێ و ڕەوا نییە.. ئەمە هەڵەیە.
مچالا: بێگومان.. هەڵەیە، دەبوایە تۆ لێرە بوایەت نەکو من.
عوسمان: تۆ بەهەڵەدا دەچی.. دەبێ پەنا بۆ ئاغا بەریت، ئەگینا کەس لێرە لەو زیاتر ڕزگارت ناکات.
مچالا: کەنیران
کەنیران لە ناو ئاودا شین دەبن
بەسەر پردی نامەردا تێ مەپەڕە
با ئاو بتبا
ئاغا: بەسیەتی.. تووڕەم مەکە.. من دەمەوێ یارمەتیت بدەم.
مچالا: دەتەوێ یارمەتی من بدەی؟!
ئاغا: بێگومان..
مچالا: دەبا بزانین.. چۆن یارمەتیم دەدەی.
ئاغا: ببە یەکێ لە پیاوانی من.. مچالایەکی دیکە دەخەمە جێگاکەت...
مچالا: تێناگەم...
ئاغا: تۆ ناوی ڕاستەقینەت "مستەفا" نییە؟
مچالا: بەڵێ..
ئاغا: ئەگەر ببیتە پیاوی من. "مستەفا"یەکی دیکە دێنینە ئێرە..
مچالا: یانی "مستەفا" سلێمان بەگی کوشتووە.. بەڵام.
ئاغا: ئەگەر بەگوێم بکەی زەرەر ناکەی...
زەینەب: منیش بۆ ئەو دەبم و
عەریف: تۆ لە دەستی ئێمە ڕزگارت نابێ..
(زەینەب زللەیەکی لێ دەدا).. بێ شەرەف.

مچالا: (بە دەنگی بەرز) نامەرد...
ئاغا: (بە عەریف) تۆ بێ دەنگ بە (ڕوو لە مچالا دەکات) بڕوانە زەینەبیش دەیەوێ بە قسەی من بکەی..
مچالا: باشە.. گوێم لێتە دەتەوێ چ بڵێی؟
ئاغا: بێ ئەملا و ئەولا و پێچ و پەنا.. دەزانی من کابرایەکی ناسراو و بەناوبانگم.
مچالا: من ئەمەم نەزانی بوو...
ئاغا: دەیزانی.. من سامانێکی زۆرم هەیە، تۆش شاعیرێکی و دەنگت خۆشە..
مچالا: ئێ...
ئاغا: دەبینی دنیا گۆڕاوە.. ئەمڕۆ هەموو شتێک زێڕ هەڵیدەسەنگێنێ.. هەموو شتێکیش قابیلی کڕین و فرۆشتنە.
مچالا: نەک هەموو شتێک...
ئاغا: ئەگەر واش نەبێ دەمەوێ لەگەڵ تۆدا بسازێین.
مچالا: من تۆ لێک دوورین.. من دەڕوانمە مرۆڤایەتی، خۆشەویستی پێوەری بیروباوەڕ (تەماشای زەینەب دەکات) هەستی دڵە بە پارە ئەمانە نافرۆشرێ و ناکڕێ... دەزانی ئەوانەی لە پێناوی ئەمانەدا خۆیان بەخت دەکەن چیان پێ دەڵێن...
ئاغا: (بە پێکەنینەوە) پێیان دەڵێن شەهید... هۆشت لە دەست داوە مچالا.. دوای ئەوەی کە تۆ مردی کێ باسی ئەمانەت بۆ دەکات... ئەمەی تۆ دەیڵێیی بەسەرچووە.. دنیا گۆڕاوە...
مچالا: ڕاستە دنیا هەمیشە لە گۆڕاندایە... بەڵام ئەم بەهایانە ناگۆڕێن و وەک خۆیان دەمێننەوە...
ئاغا: بریسکانەوەی زێڕ هەموو شتێک دەگۆڕێت.
مچالا: ئەمە ڕای تۆیە.. تۆیەک هەموو شتێکت لەلا پارەیە...
ئاغا: سەبریش سنووری خۆی هەیە.. بۆ دواجار پێت دەڵێم دەمویست ببینە هاوڕێ.. لە دوامەوە بی.. لە مردن ڕزگارت دەکەم و لە زێڕ نوقمت دەکەم...
مچالا: ئەوانەی تۆیان بە زێڕ غەرق کردووە ئازادیان لێت وەرگرتووە، ئەوانەی لەگەڵ تۆدا ڕێک ناکەون، مردن بەلایانەوەشەرەفە...
ئاغا: تۆ سلێمان بەگت کوشت و هەڵت دەواسن وەکو تاوانبارێک شایستەی ژیان نیت..
مچالا: لە مەیدانەکەدا ڕاستی دەردەکەوێت..
ئاغا: ئەمەی تۆ دەیکەی زیان بەم کچە جوانەش دەگەیەنێ.
مچالا: بڕوای تەواوم پێی هەیە...
زەینەب: ئەوەی مچالا بڕوای پێیەتی منیش بڕوام پێیەتی.
(گاردیان دێت و بە گوێی عەریفەکەدا دەچرپێنێ.. هەموویان دەردەچن)
زەینەب: ئازاریان زۆر دای.. کوێر بوایەم ئەم حاڵەتەم نەبینیایە..
مچالا: چاوەکانت گیانەکەم
چیان بینی چاوەکانت.
کە شێر لێی دەکەوێت.
دەردێنی میرو لە چاوی..
ئاغا: (دەگەڕێتەوە بەردەرگاکە و بە مچالا) وا فەرمانەکە دەرچووە. سبەی لەسەر چەمی خاسە یەک دەبینین (مچالا گوێی پێ نادا).. "زەینەب دەبورێتەوە.. ئاغا قۆڵی زەینەب دەگرێت"
مچالا: (بە دەنگی بەرز) قۆڵی بەردە نامەرد.. (زەینەب هۆشی بەبەردا دێتەوە.. دەستی ئاغا لادەدا)..
زەینەب: دەتکوژن و بە تەنها جێم دێڵی لەم دنیایەدا..
(ئاغا دەردەچێت.. جەندرمەکان، زەینەب دەردەکەن)
عەریف: سبەی لەسەر چەمی خاسە لە سێدارەت دەدەن، داوایەکت هەیە بیڵێ..
مچالا: دوو داوام هەیە.. دەست نوێژ هەڵگرم و نوێژ بکەم.
عەریف: ئەم ئیمانە ڕزگارت ناکات.
مچالا: لەشم ڕزگار ناکات، بەڵام ڕۆحم ڕزگار دەکات.
عەریف: ئەم داوایەت ڕەفزە.. داوای دووەمت چییە؟
مچالا: ڕێگام بدەن جەلادەکەی خۆم، خۆم هەڵیدەبژێرم.
عەریف: بزانین...

### بەشی چوارەم

(لە دامێنی باشووری قەڵای کەرکووک. لە پەیژەکانی "توپ قاپی"

بە لای چەپەوە، بەشێک لە پردە بەردینەکەی سەر چەمی خاسە دیارە.. لەناوچەمەکەدا تەختێکی درێژ دانراوە، جەلادەکە رووومەتی هەڵپێکاوە شمشێرێکی بە دەستەوەیە چاوەڕێیەتی.. خەڵکێکی زۆر لە دامێنی قەڵا و ناو چەمی خاسە ڕاوەستاون..
(عوسمان و مستەفا) بۆ خەڵکەکە دەدوێن..)
عوسمان: هەمووتان دەزانن، سلێمان بەگ، لە پیاوە ناسراوەکانی ئەم شارە بوو، بە دەست تاوانبارێک کوژرا. دەبێ بکوژەکەی بگاتە سزای خۆی، خۆش بەختانە دووکەس ئەو تاوانەیان بینی.
خەڵکەکە: ئەی کەبینیان بۆ هێشتیان بیکوژێ.
مستەفا: کە بینیان تاوانەکەی ئەنجام دابوو.
خەڵکەکە: بۆ نەیان گرت؟
عوسمان: چۆن بیگرن.. شەڕ لە چارەی دەباری..
خەڵکەکە: بکوژەکە کێیە؟
مستەفا: کە سەرمان لە لەشی جیاکردەوە دەزانن کێیە..
عوسمان: مچالا بکوژەکەیە..
خەڵکەکە: بڕوا ناکەین..
مستەفا: من بە چاوی خۆم بینیم.
خەڵکەکە: درۆیە...
مستەفا: چەقۆکەم بە دەستەوە بینی.
خەڵکەکە: درۆیە.. درۆیە..
(عوسمان، عەریفەکە، چوار جەندرمە، مچالا، لە ناوەڕاستیاندایە).
(کاتێ مچالا سەردەکەوێتە سەر تەختەکە.. زینەب دەردەکەوێت.. زەینەب ڕوو لە خەڵکەکە دەکات:)

پیاوانی ئازای شار
قۆڵی لێ هەڵماڵن
تاوانبار بزانن کێیە
تا مچالا ڕزگاری بێ.
خەڵکەکە: (لە دوای زەینەبەوە ئەوە دووبارە دەکەنەوە)
مچالا: لەپێش سەرایدا
کەلەپچەی دەستم دەشکێنن
فرمانی کوشتنم دەرچووە
بە ناحەق سەرم تیای چوو..
(ژاوە ژاو و دەنگە دەنگ)
مچالا: لەم خانەوە
کاروان تێپەڕی لەم خانەوە
گەز ییەکانت بۆم مەزاد کە
لەم تاوانە ڕزگارم بێ..
زەینەب: چیبکەم سەلمان هەر نەهاتەوە
وێڵ بوو لەو هەردە و چۆڵە
گەکز ییەکانم خستە مەزاد
پێم بڵێن ڕوو لە کوێ بکەم
خەڵکەکە: با مچالا ڕزگار بکەین.. تاوانباران ئاشکرا کەن.. با مچالا ڕزگار ببێ...
(سەری مچالا لەسەر پارچە دارەکە دادەنێن، خزمەتکارەکەی ماڵی ئاغا شمشێر دادەهێنی و سەری لە جەستەی جیا دەکاتەوە..
زەینەب قیژەیەکی درێژی بۆ دەکات... جەندرمەکان دەشڵەژێن..
لەم کاتەدا.. دەنگی سەلمان دەبیسترێ..
سەلمان: (دەزانێ کار لە کار ترازاوە) (بە ئەسپایی سەردەکەوێتە سەر تەختەکە... عوسمان، مستەفا، عەریف، ئاغا دەکشێنە دواوە..) برایان.. ئەوە چەند مانگێکە ئەسپ تاو دەدەم... شەو و ڕۆژ ڕێ دەکەم (تەماشای لاشەکە دەکات) بەڵام بە داخەوە دواکەوتم.. (ڕوو لە خەڵکەکە دەکات) خۆم و ئەسپەکەم، قرفە و دەشتی کاکی بە کاکیم بڕی، بە چیادا سەرکەوتم.. بەردم کردە سەرین.. گەڕام تا حەق بدۆزمەوە، بەڵام هیچم لەوێدا دەست نەکەوت، ڕەنگە ئەوەی بە دوایدا دەگەڕام لێرە بیدۆزمەوە... کێ مچالای تاوانبار کرد؟.. بەڵام ئەوە لە نێو ئێوەدایە.. لێرەدایە..
ڕۆژێ خۆتان بکوژی سلێمان بەگ دادگایی دەکەن (ڕادەوەستێ..فرمێسک دەسڕێ).. زەینەب دێتە سەرەوە، لەگەڵ چەند کەسێکدا تەرمەکەی "مچالا" دادەگرن و دەچنە ناو ئاپورەی خەڵکەکەوە.

×بچووک کردنەوەی ناوی (مستەفا)یە.

لە (أوچ ییرلی پیەس)ەوە بە کوردی کراوە

# له حەکایەتەکانی دەدەقورقورتەوە

## بۆ چیرۆکی تورکمانی نوێ

نەسرەت مەردان

کەلەپووری ڕۆشنبیری تورکمانی گەنجینەیەکی گەورەی داستان و چیرۆکی میللی تێدایە، هەر لە کۆنەوە لە گەڵیاندا ژیاوە. حەکایەتەکانی "دەدەقورقورت" بریتین لە چیرۆکی ئازایەتی و سوارچاکی و شەڕ و پێکدادانی تورکمان لە شەڕەکانیاندا، لە نێوان ئەو حەکایەتانەوە شارەزای ژیان و هەڵس و کەوتی مرۆکانی ئەو سەردەمانەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، بەڵگەیەکی گرنگن مێژووی ژیانی باپیرانمانی تێدا تۆمار کراوە..

داستانی "دەدەقورقورت" لە دوانزە چیرۆک پێکهاتووە، کە هەر حەکایەتێکی بۆ یەکێ لەو دوانزە هۆزەی "ئوغوز" نووسراوە.. لە هەندێ سەرچاوەدا هاتووە کەوا "دەدەقورقورت" لەسەردەمی پێغەمبەردا ژیاوە. هەندێ کەس بۆ سەدەی پانزەهەم دەیگەڕێننەوە.. مێژوو نووسی ئازەری "جەمشینوف" دەڵێ "قورقوت" زۆر کۆنە و بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان و فیرعەونەکان دەگەڕێتەوە، حەکایەتەکانی ململانێی ناو هۆزەکانی "ئوغوز = غز" دەردەخات. لەهەر حەکایەتێکدا کەسێکی "گێڕەرەوە" هەیە کە "دەدەقورقورت"ە، کە هەر دوانزە حەکایەتەکە بە یەکەوە گرێ دەدا، سەرەڕای زانیاری سەبارەت بە ژیانی ئابووری و بیر و باوەڕی دینی و بەها کۆمەڵایەتییەکان وەکو ئاهەنگ گێڕان و گەشت و گواستنەوە و ڕاوەشکار.

ڕووداوەکان هەمیشە بە هێرش بردنی دوژمنان دەست پێدەکات و بەسەرکەوتنی "ئوغز" کۆتایی پێ دێ. "دەدەقورقورت" لە میانەی حەکایەتەکانیەوە، هەمیشە کاردەکاتە سەر "بایندرخان" کە ڕوو لە ئاشتی بکات و کۆتایی بە خوێن ڕشتن بهێنێ و ڕۆحی فرەلایەنی و لێبوردەنی و تەبایی و خۆشەویستی لە حەکایەتەکاندا زاڵترە لە شەڕ و خوێن ڕشتن و تۆڵە سەندنەوە، هەروەها جیاوازی "ئاینی" نەبۆتە هۆی ڕق لێهاتن و شەڕ و پێکدادان، هەر وەکو لە حەکایەتی "ها ارزو - ئارەزوو" دا دەردەکەوێت.. "ئارەزوو" لەگەڵ باوکیدا ناگونجێ، سەری خۆی هەڵدەگرێ و بۆ ناوچەی "ئەبازە" دەڕوات، پەنا بۆ "قەشە"یەک دەبا و لەوێش کچێکی دیان دەخوازێ.. "جەلال پۆلات" لە کتێبی (دەدەقورقورت)دا دەڵێ:

"حەکایەتەکانی دەدەقورقورت" بە دەست نووسی ئەم دەست و ئەو دەستی کردووە، یەکێ لەو دەست نووسانە بۆ (٦٠٠) ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. بەڵام چەندین سەدە پێشتر ئەو حەکایەتانە هەر هەبووە، کە ژیانی هۆزەکانی "ئوغوز"مان بۆ ئاشکرا دەکات باسی ئازایەتیان دەکات، ململانێیان لەگەڵ "بت" پەرستەکاندا لە دۆڵی دەریاچەی خەزەر، پێش و دوای پەیدا بوونی ئیسلامیش. لێکۆڵێرەوان باس لەوە دەکەن، "ئەحمەد حەسەن بالی" ناوێک بە دەست لە سەردەمی عوسمانیەکاندا نووسیویەتییەوە، لە سەرەتای سەدەی هەژدەمەوە، گەلێ لە ڕۆژهەلاتناسان و لێکۆلێرەوە هەوڵی ئاشکراکردنی مێژووی ئەو حەکایەتانەیان داوە، پرسیارێکیش هەمیشە دێتە ئاراوە "دەدەقورقورت" کێیە؟ لە کوێ و کەی ژیاوە؟

دەستنووسی حەکایەتەکانی دەدەقورقورت، لە کتێبخانەی شاهانەی درسدن دوزرایەوە لە لایەن لێکۆڵەری ئەڵمانی "فیلتشر"و، "فون دییز"ی ئەڵمانی، حەکایەتی "تبە کوز" بۆ ئەڵمانی وەرگێڕا، بەراوردێکی وردی پاڵەوانی حەکایەتەکەی لەگەڵ عملاقەکەی ناو داستانی ئۆدیسای هۆمیرۆس دا کردووە، گەیشتۆتە ئەو ئەنجامە، کەوا "گریکەکان" ئەو داستانەیان لە ڕۆژهەلاتەوە وەرگرتووە.

زۆربەی سەرچاوە مێژووەکان، لە دیاری کردنی کەسایەتی دەدەقورقورت لەیەک نزیکن بە "فەیلەسوف" ناوی زەوی دەکەن.. زانا و دانا و شاعیر بووە،...

"ئوغوز" لە چەند هۆزێک پێک هاتبوون، کۆچەر بوون، بۆ چەند سەدەیەک هەر بە کۆچەری ماونەتەوە، داب و نەریتی خۆیان هەبووە، بۆ کوێ ڕۆیشتوون پارێزگارییان لەو داب و نەریتانەیان کردووە. کە لە ڕۆژئاوای دەریاچەی خەزەر و ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ ژیاون. بەهۆی تێکەڵ بوونیان لەگەڵ میللەتانی تردا سوودیان گەیاندووە و شتی نوێش لەوانەوە فێربوون. لە حەکایەتە میللیە تورکمانیەکان، وەکو هەر حەکایەتێکی میللی میللەتانی دیکە باسیان لە حۆری و جن و دێو و کاری نەکردەنی و پەرەجوو کردووە، وەکو لە حەکایەتی "ئەحمەد جادووکەر" دا دەردەکەوێت یان حەکایەتی "وشتری سپی".. هەندی چیرۆکیش لە کتێبە ئاسمانیەکان وەرگرتووە، وەکو حەکایەتی " بیر و کراس" کە لە چیرۆکی (یوسف)ەوە وەرگیراوە.. چیرۆک و حەکایەتی دیکەی تێدایە کاریگەری چیرۆکی حەزرەتی ئەیوبی بەسەرەوەیە.. بێجگە لەو چیرۆکانەی کە بەهای جوان و ئامۆژگاری و ڕێنمایی دەگەیەنن وەکو چیرۆکی "ڕاوچی و چۆلەکە". کۆچکردنی تورکمان بەرەو ڕۆژهەلات و تێکەڵ بوونیان لەگەڵ میللەتانی ئەو شوێنانەی بۆی دەچوون، حەکایەت و داستانە تورکمانیەکان تێکەڵاو داستان و حەکایەتی ئەو میللەتانە بوون، بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە گەر چیرۆکەکانی "هەزار و یەک شەوە" کاریگەری بەسەر حەکایەتی تورکمانیەوە هەبووبێ لە بەکارهێنانی ڕەمزی ماری سپی بۆ چاکە و ماری ڕەش وەکو هێمای خراپەکاری، هەمیشە یەکەم بەسەر دووەمدا زاڵ بووە و سەرکەوتووە.

هەروەها "کلیلە و دمنە"ش کاریگەری خۆی بەسەر حەکایەتەکاندا بەجێ هێشتووە، باڵندەی ئەفسوناوی (عەنقا) کە لە حەکایەتە تورکمانیەکاندا بە "زمەر عەنقا" ناوی هاتووە، لە ڕووی ئەو کاریگەرییەوە، هەر وەک لە چیرۆکە فارسی و عەرەبییەکاندا هاتووە و قارەمانی ناو حەکایەتەکان بە باڵ هەڵدەگرێ بۆ "چین و ماچین" و چیای قاف و حەوت تەبەقەی ئاسمان...

لە کەلەپووری چیرۆکی تورکمانیدا، ئەفسانەی ئامادەیی هەیە کە گرنگی بە ڕیزبەندی ڕووداوەکان دەدا زیاتر لەوەی بەشان و باڵی قارەمانەکەدا هەڵبدا،

کە هەمیشەش ڕەمزە بۆ چاکە و جوانی. کارێکی ئاساییشە حەکایەتەکان چەند ڕووداوێکیان تێدابێ لە ناو یەک حەکایەتدا، هەموو چیرۆکەکانیش کۆتاییەکانیان بە خۆشی و بەختەوەری کۆتاییان پێ دێت، لەو چیرۆکانەدا دوای ئاستەنگ و سغلەتی کەسەکان بەخۆشی بەیەک شاد دەبن، کە زۆرجار قارەمانەکە لە "عەنقاکان" دەپارێتەوە بیگەیەنێتە چین و ماچین یان حەوت تەبەقەی ئاسمان... لەم حەکایەت و چیرۆکانەدا "دێو" ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ وا دەبێ هەندێ جار، قارەمانی حەکایەتەکە ناتوانێ بگاتە مەبەست، دەچێتە لای "دەڵە دێو" کە هەر مەمکێکی بە شانیکیدا داوە، جا قارەمانەکە لە شیری دەڵەدێو دەخوات و مەمکی دەمژێ، ئەوجا دێوەکە پێی دەڵێ چی دەوێت بۆی جێ بەجێ بکات. لە ڕاستیدا ئەم بابەتە پێویستی بە لێ وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە هەیە، ئەم چەند دێرانە مەبەست بەدەستەوە نادەن.

لە لایەکی ترەوە، حەکایەتی تورکمانی، پەیوەندی بە ڕووداوە مێژووییەکانەوە هەیە، وەکو: گرتنی ئەستەمول و بەغدا، یان حەکایەتی جەنگیز خان و کوڕەکانی، لەگەڵ حەکایەت و چیرۆکی دڵداری وەکو "کەرەم و ئەڵلی" و "ئارزی و قەنبەر".. لەم بارەیەوە، د. محەمەد مەردان لەبارەی "ئارزی و قەنبەر"ەوە دەڵێ:

داستانی "ئارزی و قەنبەر" ،نیشانەیەکی پرشنگدارە لە مێژووی دەماو دەمی تورکمانی، جێگایەکی دیاری لە ناو حیکایەتە میللیەکاندا هەیە وەکو "ئەسلی و کەرەم" و "تاهیر و زوهرە" و حەکایەتی "کوێر ئوغلو".. کە لەوە جیایان دەکاتەوە، لەو حەکایەتەدا راو بۆچوونی تورکمان دەردەخات دەربارەی خۆشەویستی، هەروەها بارودۆخی ژیانی ئەو سەردەمە و بیرو بۆچوون و بیر کردنەوەی قۆناغێک دەخاتە ڕوو، باس لە خوود و نەریتەکانی ئەو ڕۆژگارە دەکات، بیرکردنەوەیان خواست و ئارەزووەکانیان تیادا باس دەکرێ..

"ئارزی و قەنبەر"یش وەک زۆر لە حەکایەتەکان خاوەنی دیار نییە.. ئەم چیرۆکە نووسەری ناوبانگی تورکمان "عەتا تەرزی بارشی" لە دەمی بەساڵا چوویەکەوە تۆماری کردووە و لە تورکیا بە چاپی گەیاندووە...

لێرەدا دەبێ ئەوەش بوترێ خوالێخۆشبوو "ئیبراهیم داقوقی" وەک ئەوەی لە شاری "تاوغ – داقوق" دا هەیە نووسیوەتەوە. هەروەها " د. عەبدوللەتیف بەندەر ئوغلو" بەشێوەزاری تورکمانەکانی "دوزخورماتوو" تۆماری کردووە. کەهەر هەموویان لە هەندێ جیاوازی کەم نەبێ، جیاوازیەکی ئەوتۆیان لە نێواندا نییە...

ئەدیب و نووسەرانی تورکمان، گرنگیان بەم توخمە ئەدەبیە داوە و گەلێ لە لێکۆلێرەوان لەسەر ئەم بابەتە دواون، (د. فازل بەیات) لە کتێبەکەیدا "مێژووی ئەدەبی تورکمانی لە عێراق" لە ١٩٥٨–١٩٦٨

بەشێکی بۆ ئەم لایەنە تەرخان کردووە لە ژێر ناوی: "چیرۆک لە ئەدەبی تورکمانیدا" بڵاوی کردۆتەوە. لە کێشەکانی چیرۆکی تورکمانی دەدوێ و لەبەرهەمی سێ چیرۆکنووسی تورکمان دەدوێ کە ئەمانەن: "هاشم قاسم سالّحی" و "عەلی مەعروف" و "عزالدین بیاتی" لەم بوارەدا، عەبدوللەتیف بندر ئوغلو و قاسم ساری کهیە سەبارەت بە چیرۆکی تورکمانی لێکۆڵینەوەیان بڵاوکردۆتەوە هەروەها خوالێخۆشبوو د.مهدی بیاتی بە زمانی ئەڵمانی بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرییەکەی، لە چیرۆکی تورکمانی شەستەکان دواوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە "ئەرشەد هورمزی" وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە چیرۆکی تورکمانی و هونەری چیرۆک لە ئەدەبی توزرکمانیدا ئەو چوونە پێشەوەی بە خۆوە نەدی، وەک لە شیعری تورکمانیدا دەیبینین.

سەرەتاکانی چیرۆکی تورکمانی بۆ بەرهەمەکانی "فهمی عەرەب" دەگەڕێتەوە، کە چەند چیرۆکێکی هونەری لە ڕۆژنامەکانی "معارف" و "ایلری"دا بڵاو کردۆتەوە. ئەم نووسەرە دواتریش لە ڕۆژنامەی "کرکوک" کە ساڵی ١٩٢٦ لە کەرکوک دەردەچوو چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە.. بەڵام چیرۆکی تورکمانی بە شێوەیەکی فراوانتر و هونەری تر بە دەرچوونی گۆڤاری "قارداشلق" "١٩٦١"کە لە بەغدا دەردەچوو هاتە ئاراوە... لەو قۆناغەدا چیرۆکنووس "هاشم قاسم سالحی" وەکو چیرۆک نووسێک ناسرا، پێشتریش لە ساڵی ١٩٥٧ دا کۆمەڵە چیرۆکێکی بە ناوی " هەنگاوی یەکەم" بڵاوکردەوە. ئەم چیرۆکنووسە بەردەوام بوو، لە ڕۆژنامە و گۆڤارە تورکمانیەکاندا چیرۆکەکانی بڵاو دەکردەوە.. ساڵی ١٩٨٣ کۆمەڵێکی دیکەی بە ناوی "دەفتەری یادەوەرییەکان"ەوە بڵاو کردەوە. ئیتر بەرە بەرە نووسەرانی تورکمان دەستیان بۆ ئەم توخمە ئەدەبیە برد و چەند ناوێک لە ناوەندەکەدا دەرکەوتن وەکو: محەمەد خورشید داقوقی و د.عوسمان شنگول و سەباح حەسەن نجم و مەولود تەها قایەچی و مووسا زەکی.. تاد.

لە بواری ڕۆشنبیریشدا، ئەوا لە چەند ڕۆمانێک بەولاوە، کە لە پەنجەی دەست تێ ناپەڕێ، ئەوەندە ئاوڕ لەم توخمە ئەدەبییە لە ئەدەبی تورکمانیدا نەدراوەتەوە. بەڵام لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، حەمزە حەمامچی و جەلال پۆلات هاتنە مەیدانەکەوە، لە کورتە چیرۆک و ڕۆماندا کارەکانیان لە ڕووی هونەرییەوە جیاوازییەکی دیاری هەبوو بە گوێرەی پێش خۆیان، تا ئێستاش بەردەوامن، حەمزە حەمامچی بێجگە لە چیرۆکی کورت چەند ڕۆمانێکیشی بە چاپ گەیاندووە، لەوانە: (کەڵەبابی سپی) و (ئەفسون) و (پێڵاوی نەخشین).

بەشێوەیەکی گشتی چیرۆکی تورکمانی لە ئاستی هونەری بەرزا نییە ئەگەر ئاستی چیرۆکی عەرەبی عێراقی و چیرۆکی کوردیدا بەراورد بکرێ.. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵێ دەنگی تازە پەیدابوون، لەوانە قەحتان هورمزی، سوبحیە خەلیل، یەشار بەیاتی، محەمەد عومەر قزانچی، میتن عەبداللە، قەدریە زیائی، عیسمەت ئوزجان.

# سوبحییه خەلیل زەکی

ساڵی ١٩٣٢ لە کەرکووک لەدایک بووە، دوای تەواو کردنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لەکەرکووک، چووەتە ئەستەمبووڵ و لەوێ لە تاقیکردنەوەی بەشی نەقشکاریی خۆرهەڵات و منیاتۆری - ئەکادیمیای هونەرە جوانەکاندا دەرچووە، گەڕاوەتەوە بەغدا، ساڵی ١٩٥٥ دواناوەندیی ئەمریکاییی تەواو کردووە.
لە ساڵی ١٩٦٠ ەوە نووسینە بەراییەکانی لە گۆڤاری " قارداشلق " دا بڵاوکردووەتەوە.
ئێستا ئەم نووسەرە بە توانایە لە کەرکووک دادەنیشێ.

# چیرۆک

# شادیی بێدەنگی ناتەواو

سوبحییە خەلیل زەکی
و: لە تورکمانییەوە: ئەحمەد تاقانە

قورسایی ئەو کۆڵەپشتانەی هەڵیدەگرتن لە مێژە لە پشتی ئیسماعیلی بەستەزماندا دەستی بە دەرکەوتن کردبوو. لە نزای بۆ خودا کە پشتی دوو قەد چەماندبووەوە و لەسەر جێیدا خستبوو و خوێندنەوەی ئەو یەکدوو ئایەتە قورئانەی کە دەیزانین بەولاوە هونەرێکی دیکەی نەماوە. لەو گۆشەیەوە کە لێی دادەنیشێ چاوی بڕیوەتە دەرگا و لە چاودێریی " شوکرییە "ی هاوسەری و " نەدرەت "ی کچی بەولاوە کارێکی دیکەی نییە. خزاونەتە یەک لەو ژوورانەی ڕووخانی لەوانی دی کەمتری میوانخانە بە کەلاوە بووەکەی ئەنوەر بەگی هاوسێی تەکیان و بژێویەدەریان. لەگەڵ خێزانە سێ کەسییەکەیدا دەژیا. شوکرییەو نەدرەت بە خزمەت کردنی خێزانە بە ژمارە هەر ئەوەندەی ئەمانیان پارووی حەڵاڵی خۆیان پەیدا دەکرد. ئیسماعیلی کۆڵهەلگر بەوە دڵی خۆش بوو کە مەگەر هەر خێزانێکی وەها کچە لاوەکەی و ژنەکەی کە بە گەنج دەژمێررێ داڵدە بدەن و ناموسیان بپارێزن، بەڵام دیسان ترسی ئایندەی لە ناخدا بوو، ئەگەر خۆی شتێکی لێ بێ ئەمان چییان بەسەر دێ؟

"سەفییە " خانمی مامۆستای خانەنشینی هاوسەرەکەی ئەنوەر بەگ، نەدرەتی، کە بەدەستی خۆی لەدایک بووی کردبووە منداڵی گوزارەیی خۆی و لە مافەکاندا کردبوویە هاوبەشی یەکسانی نەجدەتی کوڕی. لەگەڵ ئەودا دەخوا و دەنۆشێ، لەگەڵ ئەودا وازی دەکا، لە گشت ڕوویەکەوە نەدرەت پێ دەگەیەنێ، خوێندن و نووسین، هەر جۆرە کارێکی مەتبەق و ناوماڵ، هەموو زانیارییەکی ئایینی و کۆمەڵایەتیی فێرکرد. نەدرەتی چون کچێکی لە ئاستی کۆمەڵایەتیی خۆیدا خستەڕوو. ئەمەی بە هەستێکی بەرز ئەنجام دا، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە هەستێکی جوداشی لە ناخدا هەبوو، چی بوو نەیدەزانی... نەجدەتی کوڕی سەفییە خانم دوو ساڵ بەر لە نەدرەت لە دایک بووبوو، پاش لە دایک بوونی بە چەند مانگێک گوێکەڕ و ماوەیەک دواتریش لاڵ بوونیان بۆ دەرکەوتبوو بەرامبەر ئەم کارەساتە سەفییە خانم خانەنشین بووبوو. خۆی و تەواوی بوونی خۆی بە هەموو هێزێکییەوە بە کوڕەکەی بەخشیبوو. سەفییە خانم تاکە کچی دایک و باوکە دەوڵەمەندەکەی بوو، بە هاوکاریی سامانی مێردە زۆر دەوڵەمەندەکەی کوڕەکەی، ئەگەرچی بە ئامانجی چارە دۆزینەوە بە هەموو لایەکی دنیادا بردو سووڕاند بە نائومێدی هاتەوە، بەمجۆرە سەری بۆ

چارەنووس دانەواند و لە بارودۆخێکی ناخۆشدا خۆی بۆ پەروەردە کردنی نەجدەت تەرخان کرد، بە ئەشکەنجە و نووزە و ناڵەوە بە ساڵدا چوونەوەیان بەرەو پێشەوە برد. ناوێکی لەگەڵ نەجدەت گونجاوی دیتبووەوە و خۆشەویستییە نهێنییەکەی ئاسوودە کردبوو. "..... "ئەنوەر بەگیش ئەم ناوەی لا پەسند بوو و پێی خۆش بوو. ژنی ئیسماعیل بڕوای بە گوێی خۆی نەدەکرد لە خۆشییان خەریک بوو بفڕن. هەموو جۆرە کارئاسانییەک بۆ شوکرییە کرابوو. کیژەکەیان لەناو بووندا پەروەردە دەبوو. نەجدەتی لاوی شەنگ و شۆخ و دلێر لە کۆبوونەوەیەکی ئافرەتانی دایکیدا کە لەو ناوە دەگەڕا، بە هەلیان زانی کە پێیان وابوو سەفییە خان لەدەرەوەیە، بەوەی بەزەییان بەم منداڵەدا دێتەوە، سەفییە خان گوێی لە هەموو ئەو قسە بێ مانایەیان بوو کە دەیانگوت: بە کەڵکی چی دێ؟ کێ کچی خۆی دەداتێ؟ ئەم سامانە بۆ کێ دەمێنێ؟!

ناوەوە و دەرەوە ی دەکڕووزایەوە، ئەگەرچی گەڕایەوە ژوورەکە، سەری بەبێ وەستان وورووژابوو بۆ ئەم هەڵوێستە لە چارەیەک دەگەڕا، ئیدی ئێستا گەیشتبووە نهێنیی ڕاستی. هەرکە میوانەکانی بڵاوەیان لێ کرد و نەکرد ئەو چارەسەرەی کە دیتبوویەوە بە ئەنوەر بەگ ڕاگەیاند، غاری دا کە پێشنیارەکەی بە نەجدەت گەیاند، لاوە بە هەڵبەز و دابەزەوە خۆشیی خۆی دەربڕی.. سەفییە خان بێ ئەوەی چاوەڕوانی بەیانی بکا بەرەو کەلاوەکەی ئیسماعیلی لێ دەژیا بووەوە، کە لە دەرگا شەقوشڕ و شکاو و کراوەکەوە چووە ژوورەوە نەدرەت و دایکی بە سەرسوڕمانەوە هەڵسانە سەر پێیان، هەستیان کرد بۆ شتێکی نائاسایی هاتووە بێ ئەوەی وەڵامی سڵاوەکەی بدەنەوە..

– ئیسماعیل هاتووم داوای کچەکەت نەدرەت دەکەم بۆ نەجدەتی کوڕم! دەڵێی چی؟ ئەگەر پەسندتان کرد هەمووتان دێن لەگەڵماندا دەژین! کوڕم سامانم، گیانم و مێردم لە فەرمانتاندا دەبین. ئێستاکە پێویست ناکا وەڵام بدەنەوە شەو بیری لێ بکەنەوە بەیانی بڕیارتان ڕابگەیەنن.

ماڵئاوایی لێ کردن و بە فڕکان خۆی بۆ دەرەوە هەڵدا.

کە چووە ماڵەوە سەیری کرد نەجدەت و باوکی لە باڵکۆنە تاریکەکەدا چاوەڕێیان دەکرد. بواری پرسیار کردنی نەدانێ:

– ئەنوەر، نەجدەت تەواو، یەکلایی بووەوە، هەموو شتێکم جێبەجێ کرد، هەموو شتێک بە گوێرەی دڵمان دەبێ!

چوو نەجدەتی لە باوەش گرت و دەستی بە قسە کرد:

– شاد بە کوڕم، شاد بە دەی بزانم پێیکەنە کامەران بە.

بەبێ وەستانیش دەگریا. ئەنوەر بەگیش بە گریانەوە گوتی!

–ڕاوەستە سەفییە پەلە مەکە، لەپێش ڕووداوەکانەوە ڕامەکە، هێشتا بابزانین داهاتوو چیی بۆ شاردووینەتەوە گەر قایل نەبن ئا ئەوساکە دەبێتە کارەسات،

بەڵام سەفییە خان ئەوەندە دڵنیا بوو کە کچەکە دەدەن کە دەیگوت:

– یانی چی، کێ لە هەڵوێستی ئیسماعیل بێ ئەم داواکارییە ڕەت دەکاتەوە.

نەدرەت هێشتا بەسەر پێوە وەک تاوسێکی بەفیز کلکە ڕەنگاوڕەنگەکەی کردبێتەوە سەری لە بەرزیدا کوڵمەکانی پەمبە هەڵگەڕاونەتەوە لە چاوەکانیدا دڵۆپەیەکی تەڕی ئەو لەخۆبایی بوونەی دەرداو وەستا. بێ ئەوەی پێڵووی چاوەکان جووڵە بکەن لەگەڵ نەجدەت وازییەکان و بە ئاماژەوە گاڵتەکانی دەنواند.

پێی نەدەکرا کەموکوڕی بداتە پاڵ نەجدەت، گەنجێکیش کە هەموو کیژێک ئاواتی پێ دەخواست، لەبەر ئەوەی لە گەڵیشیدا گەورە بووە لە دنیادا ئاماژە زەحمەتترین دیالۆگی لێک گەیشتنە، بە تایبەتی ئەم دیالۆگە لە ژوورێکدا بەتەنیا لە نێوانی ژن و مێرددا بێ.!

لەو بێدەنگیی مەرگئامێزەدا کە ژوورەکەی پێچابووەوە ئیسماعیل و شوکرییە وەک بڵێی گوێ لە دەنگی بیرکردنەوەی کچەکەیان دەگرت. ئیسماعیل بێدەنگییەکەی شکاند:

– کچم مەسەلەکە ئاڵۆزتر مەکە، ئێمەمانان لە هەڵویستی وەهادا مافی بیرکردنەوەمان نییە، ترسی دواڕۆژمان خەوی لێ بردووم، وەک شارەوانی نەخشەی بۆ کێشاوە ئەگەر ئەم کەلاوەیە

بەر جادە بکەوێ ئێمە دەخزێینە کوێوە. من بمرم ئێوە چی دەکەن رۆڵەکەم بۆ دواجار پرسیارێک لە تۆ دەکەم ، کێ کچە حەماڵێک دەخوازێ؟. با من وەلامەکەی بدەمەوە، ئیدی هەر کوڕە حەماڵێک نییە کچم؟
دەسا کچم ناوی خودای لێ بهێنە و قبووڵی بکە!
دایکیشی وەک لێی بپاڕێتەوە سەیری دەموچاوی دەکرد:
– منیش بەساڵدا چووم، داهێزرام نەدرەت، هێز و تینم نەماوەکچم هەروەها پەنادەرێکیشمان نییە، من لە خۆم نا، بیر لە تۆ دەکەمەوە لەو ماڵەدا تۆ وەک شاژنێک دەژیت هەرشتێکت لە دڵدا مابێتەوە دەستت دەیگاتێ. تۆ دەبیتە خاوەنی ئەم سامان و موڵکە بێ ئەژمارە، منداڵەکانت دەبنێ،
– لە کچەکەی نەوییەوە– ، نەدرەت بە گریانەوە سەری نایە سەر شانی دایکی، دەیگوت:
– دایە گیان، ژیان لەگەڵ مێردێکی لاڵ و کوڕ بە ئاسان دەزانن، من کە یاریم لەگەڵ ئەودا دەکرد کە بێزار دەبووم بە جێم دەهێشت و دەڕۆیشتم، ئەگەر ببمە هاوسەری ئەمەم پێ ناکرێ نابێ بیکەم گوناهە ئەویش و منیش گوناهین. دوایی بە ئازاری ویژدان دەمرم.
لە پرمەی گریانی دا باوکی لەو جێیەوە لێی دانیشتبوو بە گریانەوە سەیری دەکرد و سەری دەلەقاندەوە.
ئیدی هەموو بێدەنگ بوون بێدەنگییەک تاوێک ژوورەکەی داگرت، ئاخاوتنی نەدرەت کە لە هێزی گرمەی تۆپێک بوو جددی و تاک تاکە وشەکانی دەکوتەوە ئەوەی ڕەواندەوە:
– دایە گیان، لەوەی دەیڵێن ڕاست دەکەن، قبووڵ دەکەم. تکایە بڕیارەکەم بە تاتە سەفییە بگەیەنە،
– نەدرەت یەکەم جاری بوو بە سەفییە خانمی دەگوت تاتە، شوکرییە وەک مار پێوەی دابێ بەبێ عابا غاری دایە دەرەوە هەرای کرد چووە ماڵی ئەنوەر بەگ، کە چووە ماڵەوە بە دەنگی بەرز موژدەکەی داپییان ئەوەی لە ماڵدا بوون هەڵسانە سەر پییان یەکە یەکە شوکرییەیان ڕاموسی.
شاییەکی مەزنی بە دەهۆڵ و زوڕنایان گێڕا تا ئێستا شتی وەها لە شارەکەیاندا نەکرابوو. حەوت ڕۆژ و حەوت شەو لە هەموو لایەکی ماڵەکەدا ئاهەنگ بوو. بانگکراوان لە سوفرەی درێژ و دەوڵەمەندا نانیان دەخوارد و هەڵپەڕکێ و سەمایان کرد. بووک و زاوای لە گۆشەی سەرەوە دانیشتوو وەک لە چیرۆکی ئەفسانەکاندا یەکیان لەوی دی جوانتر بوون، بەڵام لە چاوی نەدرەتدا خەمێکی قووڵ و نهێنی هەبوو.
نەدرەت وەک لە ڕۆمانەکاندا نوقمی زێڕ و ئەڵماس بوو، لە گۆشەی سەرەوە دانیشتووە ئەوەی دەیگوت نەدەبوو بە دوو لە خوداوەندان دەچوو، کە لەگەڵ نەجدەتدا دەچووە ژوورەکەی لە ڕێوڕەسمی شاییدا لە جیاتی پەیوینی مێردەکەی قسەو قسەلۆکی دیکەی دەبیست وەکو: ( مخابن بوو بۆ کچی بەستەزمان، چۆن لە یەکدی دەگەن؟ شووی بە کەسێکی لەمە باشتر دەکرد؟ کچە حەماڵی چینی خوارەوە مەلی دەوڵەتی بە سەردا نیشتەوە ) قسەی تاڵی ڕووخێنەری لە گشت لایەکەوە بیست. دەی.. هەرکەسێک چیی بەسەردا هاتبێ ئیدی وەها نووسراوە.
خەمی ڕووی نەدرەت و تێڕامانی کاری لە هەموو کەسێکی ناو ماڵەکە دەکرد و پتر لە نیو سەعات دانەدەنیشت، ئەم هەڵوێستە لە چاوی کەسێکەوە بەدەر نەبوو، بەرەو زەردی و ژاکان دەچوو، حەزی لێ بوو کاتی دوور و درێژ بە تەنیا بمێنێتەوە، هەموو شتێک بەلای سەفییە خانمەوە لە نابینابییەوە دێ، وای بیر دەکردەوە و دەیگوت: ئاخ منداڵێکیان بووایە هەموو شتێک لە جێی خۆیدا ڕۆدەنیشت ئەم تراژیدییەش کۆتایی پێ دەهات. ئەو ترسەی لە ناخیدا بوو ئارامی تەراندبوو. وەکو چاوەڕوانی دەکرد ڕۆژێکیان بووە بینەری ڕووداوێک، نەدرەت لە ژوورەکەیەوە یەخەی کردبووەوە بە هەڵداوان و هاوار هاوار:
– نەخێر نایکەم، قەت نایکەم، تەحەممولم نەما سووتام. کە منداڵ بووم کە بووکەڵەکانم دەدواند وەڵامی نەدامایە لێیم دەدا و فڕێم دەدا، ئێستاکە بووکەڵە گیاندارەکەم، لە ڕێی خودا با قسە بکا بە وشە خۆشەویستیم پێ ڕابگەیەنێ دەمەوێ گوێم لێی بێ. ئەم بێدەنگییە خەریکە دەمکوژێ دەمەوێ گوێ لە دەنگی ئەوین بگرم لووتکەی ئەوین ئاخاوتنە، دەمەوێ ببیەم ببیەم.

# ترس

یاشار بایاتلی

له هەر چوار دیواری ژوورەکەمەوە دەنگێک دەژنەوم.. دەنگەکە له هەر چوار لاوە بۆم دێ، وەک چیایەکم بەسەردا بکەوێ وایە.. ئەمە چۆن دەنگێکە؟.. تێناگەم، وەک سوژنم بە گوێچکەدا بکەی..دەترسێم.. له شەوێکی ساردی زستانێکی بێ باراندا، له ژوورەکەمەوە دەنگ دێ.. چیە؟! کێیە؟!.. دەنگەکە له تووی خشتی دیوارەکانەوە دەردەچێ.. چی، کێ لەوێدایە؟ .. فزەم له خۆم بڕیوە. لێفەکەم بەسەر خۆدا داوە، له درزێکەوە دەڕوانم.. بۆ کوێ بڕوانم؟

"وو وو ووو ڤـ ڤـ" دەنگێکە لەم جۆرە..

ماوەیەک بێدەنگی هەموو شتێک دەگرێیتەوە، له پڕ دەست پێدەکاتەوە. سەرم بە تەواوی دەکەمە ژێر لێفەکەمەوە. خۆم گرمۆڵە دەکەم. بەم سەرمایە، بۆ له عەرەقە نشتووم؟ ددانم له لێوم گیر کردووە، دەنگەکەش وەک قەپاڵم لێ بگرێ وایە.. خۆزی دەمزانی دنیا کەیە؟ نازانم.. تەنها دەنگەکەم له بیرە.. وا دەستی پێکردەوە.

"ووو و ووڤـ ڤـ"... ئەمە یەکەم جار وا بەجێم دێڵێ و بە تەنهام. ئەو لێرە بووایە نەدەترسام.. "وو و ووو ڤـ ڤـ".

ئەم دەنگە.. دەنگی مرۆڤە.. دەنگی کەسێکە.. دەنگی ئاژەڵ نییە، راوەستە، ئەم دەنگە دەناسم.. له ترسا جەستەم کەوتۆتە هەژان.. هەناسەم له خۆ بڕیوە... بۆ ماوەیەک دەنگەکە بڕا.. یان بڵێم دیوارەکان خامۆش بوون. بە ئەسپایی لێفەکەم لەسەر خۆم لادەدەم، تەنها دەستمە دەجووڵێ، جەستەم بووەتە بەردێکی بێ هەست و جووله... له پڕ دەنگێ وەک شتێکم بە ڕوومەتدا بدرێ: "موراد بینیت.. ئەم دەنگە له تۆ دەگەڕێ..!!".

خۆم وا گرمۆڵە کردبوو، له تۆپێکی گەورە دەچووم.. بێ جووڵە، بێ دەنگ، بمتوانیبا لێدانی دڵیشم رادەگرت، دەنگەکەش گوێزان ئاسا بە جەستەمدا دەهات و دەچوو.. بە خۆم دەڵێم: بۆ وا له خۆت دەکەی، چی بووە؟!..

سەرم هەرچۆنێک بوو لەسەر سەرینەکە بە ئاستەم بەرز کردەوە، ویستم چاوێ بگێڕم.. له پڕ له بەرامبەرمەوە، چاوێکی زاقم بۆ هات، سەرم کەوتە خول خواردن، ئیتر هەموو شتێک لەبەر چاوم ڕەش هەڵگەڕا، هیچم نەدەدی، هەستم بە ماندوو بوون کرد، لەسەر نوێنەکەم درێژ بوومەوە. وام هەست کرد دەنووم، وەک شەوانی تر، کاکم کە له ژوورەکە پێکەوەین بێزارم ناکات بە خوێندنەوەی تا درەنگانێ چراکەم کوژاندەوە، بەڵام ترسی ئەم دەنگە خەوی زڕاندوم. هەموو شەوێ پەندێ، یا چیرۆکێکی بۆ دەگێڕامەوە.. کەوتە بیرم جارێکیان وتی:" موراد.. گوێ بگرە، ئەم کتێبە دەڵێ بیرکردنەوە پاشە ڕۆژی مرۆ ڕۆشنا دەکاتەوە.. ترس، ژیان تاریک دەکات..."

گورجێ هەستام، بڕیارم دا، ئەم ترسە له دڵم دەرکەم.. چراکانم هەڵکرد، کە ژوورەکە ڕۆشن بووەوە.. کاکم پێدەکەنی و کتێبەکەی نیشاندام.

له کۆمەڵە چیرۆکی
(یاشامین رەنگلری) یەوە
بەغدا ١٩٩٠



# قسمەت

هاشم قاسم سالحی
و: لە تورکمانییەوە: ئەحمەد تاقانە

هێشتا تازە هاتبووە جیهان، لەناو ئەو خۆشییەدا، ئێجگار ئاساییە نۆبەرە خۆشەویست دەبێ، هەرچەند کە لە دایک بوو، دایک و باوکی کە بیستیان کچە، تۆزێ دڵگیر بوون، چونکە لەلای خۆمان نەریت وایە نۆبەرە دەبێ کوڕ بێ. وەک بڵێی بۆ دایک و باوک کوڕ لەکیژ بەسوودتر دەبێ.

تا دەهات "گویلەر" ی گچکە، گەشاوەتر دەبوو. دایکی کە وازیی لەگەڵدا دەکرد:

-من کچی خۆم نەک بە ئاغاکان، بە پاشاکانیش نادەم: بە دنیاکانی ناگۆڕمەوە.

پیاوەکەش کە گوێی لەوە دەبوو گاڵتەی دەکرد:

-بەڵێ ئاغا و پاشاکان ئێستا چاوەڕێی کچی تۆ دەکەن، لەوەی تۆ بەولاوە کچی دیکە نییە.

-گاڵتەت پێ دێ؟ دەبینی.

ئیدی ژن و مێرد گفتوگۆی وەهایان لە نێودا دەبوو.

گویلەریش ڕۆژ بە ڕۆژ گەشاوەتر دەبوو. لە دەموچاویشیدا جوانییەکی ڕاستەقینەی هەبوو، کە بووە پێج شەش ساڵان جاروبارێک لە دایکیەوەی دەبیست:

-من کچی خۆم بە کەس نادەم ئاغا بێ یان پاشا.

گویلەر ناوە ناوە دەیپرسی:

-دایە گیان بۆچی دەچمە لای کەسی دیکە؟

کچە حەقی بوو بۆچی لە ماڵەباوکییەوە دەبرێتە ماڵی خەڵکی، ئاساییە کە ئاوەزە گچکەکەی لەمە نەدەگەیشت، دەیپرسییەوە:

-ئاغا پاشا یانی چی؟

-گوێ بە شتی وەها مەدە، مەپرسە، تۆ هێشتا منداڵی!!
-بۆچی منداڵم؟ ئیدی ئەوە بوومەتە کچێکی گەورە، وانییە؟
ڕۆژگار بەسەردەچێ، گویلەر خوێندنی سەرەتاییی تەواو کرد، لە قوتابخانەی ناوەندیدا ئیدی لەوە تێگەیی کە ئەم چوونە لای هی دیکە یانی چی... ئیدی درک بە شتان دەکا.. ئەمێستا هەر لاوێک دێتە بەرامبەری سەر لە بەیانی پەسەندی دەکا، سەر لە ئێوارە کەسێکی دیکە دەخاتە مێشکییەوە.. نیگەرانییەکی لە ناخدا، تەواوێک ژیانی گۆڕرا. لەلایەکی دیبیەوە خۆپەسندییەکی لە ناودایە.. جوانە، شەنگوشۆخە، کێ بە تەمای نابێ.. بەڕاستی قسەی دایکی ڕاستە.
ئیدی شایەنی پاشایانە..
کە چووە ئامادەیی، کەسانێکی زۆر داواکاری بوون. فێرکار، ئەفسەر، فەرمانبەری باری ژیان ناوەندی.. بەڵام دایەخان گشتیانی ڕەت کردەوە.. بیانووی جیاجیای دیتووەتەوە و دووری خستوونەتەوە.
کۆتایی.. کچە بووە مامۆستا.. ئیدی لە خزمان لە هاوسێ داواکاری زۆر بوون بەڵام " گویلەر " ەکەی ئێمە ئیدی بەجۆرێک قایل نابێ، بەتایبەتی ئێستاش کە پێنج و دە دینارێک مووچەش وەردەگرێ.. بەرز دەفڕێ، پارەی هەیە و جوانیشی سەربار و ئیدی قسەی تێدا نییە.
باوکی بە بارودۆخەکە دەزانێ، بیری لێ دەکاتەوە، ڕۆژێکی وا هەر دێ ئەم کچە لە جێ دەمێنێ و هیچ کەسێکی داواکار نابێ ..
دوای چەند ساڵێک ئەو جوانییە نەماوە و ئەو گویلەرەی بینیبوومان ژاکاو و سیس بووە و لە ناو بیری قووڵ قووڵدا ڕادەمێنێ..
دایکی لەناو لێکدانەوەدا جاروبار بە مێردەکەی دەڵێ:
-حاڵی ئەم کچە چی دەبێ؟.. ئیدی کەس لێی ناپرسێتەوە.
-ئاساییە، من لە یەکەم ڕۆژەوە پێتانم گوت، ئەنجام وەک خۆر دیارە، هەموو خەتاکە لەتۆوەیە، تۆ گەمەت بە عەقڵی کچەکە کرد، بەخەیاڵت پێچایەوە، زۆر بەرز هەڵفرین.
-دەبێ چارێکی بکەین.
-چارە لای من نییە.. چار لەلای ئێوەیە، ئیدی لەمەولا یەکەم کەس بێتە پێشەوە پەسەند دەکرێ.
-من چۆن کچی خۆم بە هەر کەسێک بدەم؟
-ئەوجا ئەوەندەی چاوەڕوان بوویتە چاوەڕوان بە.
تەمەن گەیشتە سی ساڵ.. کیژ قسە لەگەڵ کەس ناکا، تەنانەت لە قوتابخانەشدا پێوەندی بەکەسەوە ناکا.. برادەرەکانی لەبەر دڵی ئەو، بەهیچ جۆرێک باسی شووکردن و قسەیەکیان نەدەکرد پێوەندیی بەوبابەتانەوە هەبێ، هەموو کەسێک دڵی بەو بەستەزمانە دەسووتا.
-خودایە تاوانم چییە، بۆچی وام لێ هات.. دەبێ چی بکەم؟
ڕۆژێکیان لە قوتابخانە دەهاتەوە، لەبەردەمی دووکانێکدا وەستا و.. خاوەنەکەی دەناسی، " ئەحمەد " ی دراوسێیان بوو، دوای چاک و چۆنی:
-گویلەر خان بلیتێکی یانسیب ناکڕی؟
-تۆش تەواو.. پیاوی خۆت دیبەوە، بەخت کوا؟
-نابێ پێکەوەی بکڕین؟ نیوە بە نیوە.
-باشە بە تەمای چین؟ گردمان بردیبەوە؟
-تۆ بیانی نیت.. ئیدی شایی دەکەم.

-دەبێ ئەم کیژە بەختەوەرە کێ بێ؟ دەتوانم بپرسم؟
-ڕاستییەکەی هێشتا کەس نییە. بزانین کێ بە قسمەت دەبێ.
-ڕاست دەکەی هەموو شتێک قسمەتە براکەم.
-نابێ تۆ بۆمی پەیدا بکەی؟
-" بە پێکەنینەوە " ... دەبێ..
-کە لە دووکان چووە دەرەوە.. خەمێک لەناخیدا خستییە بیر کردنەوەوە.. کە هاتەوەماڵەوە چووە ژوورەکەی و زارزار دەستی بە گریان کرد.
دوای هەفتەیەک لە دەرگا درا.. ئەحمەد لە بەردەرگا بوو مژدەی هێنابوو:
-ئەمان گویلەر خان یانسیبەکە دەرچووە، پێنج هەزار دینارمان بردەوە.
گویلەر وەک لەخۆچوویەک بە دەنگێکی نزم:
-باشە کەی پارەکە وەردەگرین..
-گویلەرخان چەند ڕۆژێکی دیکە سەر لە دووکان بدە پێکەوە دەچین وەریدەگرین.
دوای سێ ڕۆژ گویلەر لەگەڵ باوکیدا سەریان دا، پێکەوە کەوتنەڕێ چوون بۆ وەرگرتنی پارەکە..
لەڕێدا ئەحمەد دەستی بە قسە کرد و لە گویلەری پرسی:
-داخۆ کیژان بەمن ڕازی دەبن؟
-لە تۆ باشتریان دەست ناکەوێ کە... گەرچی لە ژیانی قوتابخانەتاندا سەرکەوتوو نەبوون بەڵام لە ژیانی بازرگانیتاندا سەرکەوتن و ڕێیەکی باشتان بۆ خۆ دیتەوە.. ڕەوشت و پەروەردەشتان لای هەموو کەسێک زانراوە براکەم.
-کەوابوو پرسیارێکی دیکەش دەکەم.
-فەرموو بپرسە.
-دەمەوێ زێدەڕۆییەک بکەم و بڵێم من چۆن دەبینی؟ دەتوانم بێم بۆ خوازبێنیت؟
گویلەر حەپەسایەوە، هێندەی نەمابوو بەربێتەوە.. پاڵی بە باوکییەوە دا.
-ئەمان کچم چ بوو؟
-باوکە. ئەحمەد.. داوام.. داوام دەکا..
-ئەوجا کچم وەڵام لای ئێوەیە.. بەمن بێ لاریم نییە، ئەحمەدیش وەک کوڕی خۆمان وایە..
-منیش قایلم باوەگیان.
هەرسێکیان لەناو خۆشیدا.. پارەکەیان وەرگرت و گەڕانەوە ماڵێ..
دایکی گویلەر:
-پارەکەتان هاوردەوە؟
-بەڵێ، مێردێکیشمان بۆ گویلەر هێناوە..
-چی.. مێ.. رد.. لە ڕێی خودا ڕاستم پێ بڵێن.
-ئیدی ئەحمەدی هاوسێمان داوای کرد و.. ئێمەش قایل بووین... دەڵێی چی..
-من ڕازیم.. کەی بوومەتە تەگەرەی پێش شادیی کچەکەم.. خێردار بێ..
دایک و باوک و کیژە، بە گریانەوە بە یەکدا ئاڵان.. لە کاتێکدا ئەحمەد کشابووەوە لایەکەوە، لە هەموویان کامەرانتر بوو.

×××

لە لاپەڕە ( ٦٦ – ٧١ ) ی کۆمەڵە چیرۆکی – هەنگاوە بەراییەکان " ایلک ادیملار " ی " هاشم قاسم ساڵحی " یەوە وەرگیراوە. چاپخانەی " الزمان " بەغداد ١٩٧٥.

# لە بیرچوونەوە

نەرمین موفتی

لە ناو نوێنە هەڵواسراوەکەی فارگۆنەکەدا، بەملاو بەولادا دێم، لە لەرینەوەیەکی بەردەوامدایە، ناتوانم بخەوم، دەنگی پێچکەکانی شەمەندەفەرەکە خەوی زڕاندووم، دەنگێکی ناساز.. لە دوورەوە، لە سوچێکی پەنجەرەکەمەوە، ماڵێک دەبینم.. وایدادەنێم، لەبەر ئەوەی بەم درەنگە پەنجەرەکانی ڕووناکن. ژنەکە هێشتا بەخەبەرە و تەلەفزیۆنەکەی نەکوژاندۆتەوە، هەرچەندە قەناتەکەش کاتی تەواو بووە... مێردەکەی پێی وتووە: چاوەڕێم کە نەخەوی بەر لەوەی بەرنامەکان تەواوبن دێمەوە..

ماڵەکەم لەبەرچاو دیار نامێنێ، شەمەندەفەرەکە ماندووە، ئەگینا لە ڕاوەستانیدا ئەم بۆڵە بۆڵەی لێوە دەرنەدەچوو.. نیوەی شەوە هێشتا بۆ گەیشتن زۆری ماوە.. وێستگەکە چۆڵە، دارەکانی لە سەرمادا دەلەرزن.. بەڕێوەبەری وێستگەکە، دێ، چاو هەڵدەگلۆفێ، سوێند دەخوات نەخەوتووە.. بە دەگمەن ڕێبوارێک لەم وێستگەیەوە سەفەر دەکات.

ڕووم لە شووشەی پەنجەرەکە قایم دەکەم، ڕەنگە لە پڕێکا لە پشت یەکێ لەو دارانەوە دەرکەوێ، ڕەنگە لەناو سەعاتەکەوە دەرچێ.. دارەکانی ئەم وێستگەیە، لە دارە کالب تۆسەکانی (وەزیریە)ی بەغدا دەچن. لەوێ لە شەوێکی ساردا، دەستەکانت، دەستمیان گەرم دەکردەوە.. نەئ تۆ نەبووی تۆ وەهمێکی..

-ڕۆژێ لە ڕۆژان پێم وتووی خۆشم دەوێی.. نەێ ، دەستەکانت وایان دەگوت.
-تۆ، دەستی منت گرتبوو.
-نازانم.
کامەرانی خۆشەویستی نییە...
-هەستەکانم منیان فریو دەدا.. خەونم دەبینی!
جولانەوەیەکی سەیر و سەمەرە، ئەوانەی دەوروبەر دەبینم، ناتوانم قسە بکەم.. لەسەر نوێنێک ڕاکشاوم "موشەمما"یەکی سوری بەسەرا دراوە.. بۆ لەم دەم و چاوانە دەترسێی؟ .. دکتۆرەکە دەستم دەگرێ، بە جیهازێک پشکنینم بۆ دەکات.. لەولاوە جیهازێکی تر، لێدانی دڵم نیشان دەدات.. دابەزیوە.. چاوم لێک دەنێم.. تۆ بڵێی لە گیانەلادا بم.. بیر لەوە دەکەمەوە خەون بەباڵێ هەڵنافڕێ.. بەڵام مردن هەڵدەفڕێ.. شەڕ، چی بۆ هێشتووینەتەوە.. تۆ بڵێی کەمێ ماوەم پێ بدات، تا ئەو باڵەکەی دیکەی خەون بدۆزمەوە.!
-دەرگای فارگۆنەکە پێوە بدە خانمەکەم.
ئەی ئەو سەربازانەی کە فارگۆنەکانیان پڕ کردووە...
-ئەوان لەگەڵ ماندوو بووندا ڕاهاتوون..
چاوم بڕیبووە ئەو ئامێرەی دەستمی بە خۆیەوە بەستبوو لێدانی دڵمی دەژمارد.. هەوڵ دەدەم دەستم بجولێنم، بە دەستی ڕاستم دەستی چەپم بگرم،.. دکتۆر ناهێڵێ.. نامرم.. ئێستا نامرم باڵێکی دی بۆ خەونەکەم پەیدا دەکەم ئەوجا.. دەنگی پێچکەی شەمەندەفەرەکە و دەنگی ئامێری لێدانی دڵەکەم تێکەڵ دەبن... بێ دەربەستیت، گوێ نەدانت هەست پێدەکەم.. لەم بێدەنگیەدا، کە تەنها دەنگی شەو دەژنەوم: بۆ؟ بۆ قەدەر ناو و وێنەی تۆ و هێنایە ناو خەونەکانمەوە!!
لەرینەوەی فارگۆنەکە دەمهێنێتەوە سەر باری ئاساییم.. وەهم و تراوێلکەیەک بووی، کامەمان نەیتوانی پیایدا بگات.. ئەم وەهمە، وەکو جگەرەکەی دەستم کۆتایی پێ دێنم..
لە فارگۆنەکە دەردەچم. لەسەرخۆ بە ڕێڕەوەکەدا ڕێ دەکەم.. دەڕۆمە فارگۆنی نان خواردن، لە سوچێکدا دادەنیشم.. لەبەردەممدا، کورسیەکی بەتاڵە، بەتاڵیش نییە، نایەی.. لە تۆ بیرناکەمەوە.. داوای چایەک دەکەم و خۆم حەزم لە قاوەیە.. تۆ زۆر حەزت لە چای بوو... ئەمە هەوڵ دانێکە بۆ لەبیر کردن..! بێ ئەوەی ڕووخسەت وەرگرێ، پیاوێک لە بەرامبەرم دادەنیشێ.. دەڵێ:
شوێنێ ترم دەست نەکەوت...
-..........
-حەزت لە گوڵە..؟
-.........
-بڵێ بەڵێ.. ئێستا دەستەیە گوڵی سورت بۆ دێنم... شێوەیەکی ناشیرینی هەیە.. سمێڵێ کورت، لێوی ئاوساو، ددانەکانی شاش و ناڕێک.. بەرد ئاسا وشەی لەدەم دێتە دەرێ.. "ئەم کابرایە لە کوێ دەزانێ تۆ ڕۆژێک منت بە گوڵی سور چوواند؟! .. چایەکە ناخۆمەوە، هەڵدەستم، فارگۆنی نانخواردنەکە بەجێ دێڵم.. دەبێ لە بیری خۆمت بەرم.. کێ لە بیری خۆم دەبەم؟!!.. تۆ لە وەهمێ زیاتر هیچی تر نەبووی.. ڕەنگە منیش وەهم بم.. شەمەندەفەرەکە ڕادەوەستێ، دیوارەکانی مەڕمەڕە.. چەند ڕقم لە مەڕ مەڕە.. هەر لە تۆ دەچێت.. پاک و ڕەق و بریسکەدار.. بەڵام بێ هەست، بێ گیان و ڕۆح.. شەو کە چەندین سەعات هەوڵی دەدا خۆر هەڵنەیەت وا خەریکە دەڕوا.. بە ئەسپایی لەسەرخۆ، تەنها گوێم لە ترپەی دڵی خۆمە.. شادمانم بەوەی توانیم لە بیرت بکەم و بڕیارمدا بەرلەوەی بگەمە لات دابەزم.. هەر بە مەڕمەڕی بمێنەوە، کە کەسانی کە ڕووی پاک دەکەنەوە.
هەر وەکو وەهم بمێنەوە.



# نەسرەت مەردان

و: لە تورکمانیەوە: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

- سالی ١٩٤٨ لە کەرکووک لە دایک بووە.
- سالانی حەفتاکان چووەتە تورکیا، سەرەتای هەشتاکان گەڕاوەتەوە.
- خوێندنی زانستیەکانی ئابووری لە تورکیا تەواو کردووە.
- لە هەشتاکان لە زانکۆی سەلاحەدین مامۆستا بووە.
- شیعر و چیرۆک و شانۆنامە دەنووسێت.
- چەندین بەرهەمی لە تورکییەوە بۆ عەرەبی وەرگێڕاوە.
- دوا دیوانی بە ناوی (دۆستایەتی لەگەڵ باڵندەکاندا) بە زمانی عەرەبی بڵاو کردۆتەوە.

## کتێبی مردن

-١-

هەرچەند دەڕوانمە
خامۆشی ئەم ئێوارەیە
هەست بە کپی مردن دەکەم
لە کەرکووکدا.

-٢-

وەرە بۆنی ناخم بکە
هەناسەکانت گەرمم بکەنەوە
دانیشە شەهرەزاد
دەبا ئەمشەو کەڵەبابان
نەقوقێنن.

-٣-

من "کەمانچەیەکم"
خەون بەبێ دەنگییەوە دەبینم
"ڤالس" دەژەنم

-٤-

ژیان نهێنییەکە
لە دڵی مندا
لە ناخی تۆدا،
بەر لە مردن
بڕیاری هەڵهێنانی نادەین.

-٥-

ڕوو لەکوێ دەکەم
من غەریبم..
هەمیشە گۆرانی تەنیایی
لە لێوم ناکەوێ
مەیخانەکان هاوڕێی منن
ئەو مەلانەش لەگەڵ باراندا کۆچ دەکەن
دەزانم لە دەروازەی
سنوورێکدا گیان دەسپێرم
یادەکانیشم دەبنە خۆڵەمێش
لە ڕۆژانەی عاشقێکەوە
دوو شەممە:
دیسانەوە وا لەوسەر مێزەکەوەی
لەو شوێنە هەموو ڕۆژێک لە وێدای
نە من شەهرەیارم
نە تۆ شەهرەزادی
دڵی خۆمت دەدەمێ
بیبە بۆ کەنار دەریا دووره لەبیر کراوەکان
لەوێش لە نێوان کولیلکە کێویەکاندا
سەر لە نوێ تۆی خۆش بوێ.
سێ شەممە:
نە من شەهرەیارم
نە تۆ شەهرەزادی
چیاکان
یاساغەکان
کەلەپچەکان
بەسەریانا گوزەر دەکەم
تا لە باوەشی تۆدا بمرم
تا هەزار جار لەبەر چاوت
بژیمەوە.
چوار شەممە:
هەر دەڵێی کراسی خوێناوی عوسمانی
بۆ ڕاست دەڕوانم
لە هەموو شتێکدا تۆ دەبینم
بۆ چەپ بڕوانم هەر تۆ دیاری!
هەر بۆ ئەوەی خۆشم نەوێیت
دەڵێی دنیا لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون.
پێنج شەممە:
لە هیچ شتێک ترسم نییە
دڵی خۆم
لە کەنارەکانی تۆدا لەبیر کردووە
هەینی:
دەمەوێ لە شارە دێرینەکاندا
هەناسە هەڵمژم
ئەستێرەی نوێ بخەمە ئاسمانەوە
ئەوەی تۆ گرت تێبەردا
هیچ شتێک نایکوژێنێتەوە.
نە مردن
نە دووریت
نە ژیانی غەریبی.



# لە ئەدەبی تورکمانییەوە

ڕەمزی چاووش

لە سەرەتای حەفتاکانەوە شیعر دەنووسێ.
ئەم کۆمەڵە شیعرانەی بە چاپ گەیاندووە.
- ڕووی شارەکەم ناگۆڕێ ١٩٧٦.
- وەرزی عەشق ١٩٧٩.
- کانی ئەم وشانە ١٩٨٨.
- خەونی زامدار ٢٠٠٦.

## دایکم

دایکێکم هەبوو
بخوورد ئاسا دەسووتا
لە سووتانیدا بۆنێکی پیرۆزی دەبەخشی
جارێک بۆ باوکم
جارێک بۆ زەمان
جارێکیش بۆ ئێمە
لە دەفتەری یادگارەکانیدا
ئەو بۆنانەی ئەوی تێدا نووسرابوو

## عەشقێکی نوێ

ئەم (با)یە لە کوێوە هەڵیکرد
لە کوێوە ئەم عەشقە سەری هەڵدا
سالآنێکە
هەرگیز ئاوا
پڕ بە سینە هەناسەم هەڵنەکێشاوە
قەتیش ئاوا بە حەسرەتەوە
چاوەڕێی هەڵهاتنی خۆرم نەکردووە
تۆ بڵێی سالآنی پڕ لە خەمم
بیر بچنەوە
ئەو سالآنەی بەبێ تۆیی بەسەر چوون
تۆڵەیان لە کێ بکەمەوە
وازم هێنا
چڵی تەمەنم بەبێ تۆ وا خەریکە وشک بێتەوە
ئەم بایە لە کوێوە هەڵیکرد
ئەم خۆرە لە کوێوە هەڵآت
ئومێد هەیە چڵی تەمەن شین بێتەوە

## شاعیرێک

پیاوێکی ماندوو دەناسم
چوون باڵندەیەکی ماندوو
پڕ بە گەرووی خۆریات دەڵێ
لە باڵەکانییەوە بەسەرمانا
پەلکەزێڕینە دەپرژێنێ
شێتە ئەم پیاوە شێتە
لە کەناری ئاوە سپی ڕادەکشێ
ئەستێرەکان ڕووت دەبنەوە
دێنە ناو ئاوەکەوە
یەکە یەکە ئەستێرەکان دەژمێرێ
دوو ڕوومەتی لە بیر ناچێ
ڕوومەتی دایکی و
ڕووی ئاوەکە
ئەم پیاوە چ عاشقێکە
بە خەون خۆی دەڕازێنێتەوە
لەو خەونانەی ژنێکی جوان
پەرییەکمان نیشان دەدا
وشەی جوانی لەبەردایە
بە وشە دەژی
خەمی دنیای بە کۆڵداوە و
خۆشەویستی دەبەخشێنێتەوە
لە (یارالی دوش)ەوە.



# وشەیەکی کورت دەربارەی خۆیرات

ئەسعەد ئەربیل

خۆیرات – خۆریات، توخمێکی ئەدەبییە و بەشێوازێکی تایبەتی لەسەر شێوەی چوارینە دەنووسرێت..
مانا و دەلالەتێکی قووڵ بە کەمترین وشە دەردەبڕێ.. گێڕانەوەی ڕووداوێکە پەند و عیبرەتێکی تیا دەردەبڕرێ، خەون و ئازار و هیوا و ئاواتی کەسانێک دەخاتە ڕوو. ئەم جۆرە دەربڕینە، سەرچاوەکانی سەرهەڵدانی کەیە و لە کوێوەیە بە تەواوی ڕوون نەبۆتەوە، ئەوەندە هەیە، لە ناو خەڵکەوە هەڵقوڵاوە و دەماودەم بڵاوبۆتەوە، بەڵام لێکۆڵێرەوان بە بناغەی ئەدەبی تورکمانی دادەنێن، لە باوباپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە و لە دێر وزەمانەوە لە دەمی خەڵکە سادەکە ناکەوێت و دەیلێینەوە بۆیە بە ناسنامەی تورکمان دادەنرێت و لقێکی گرنگی ئەدەبیاتمانە. ئەو دەربڕینە بەرزانەی لە ئەدەبیات و دیوانە کۆنەکانماندا هەیە، لە خوریاتیشدا دەبینرێن، بەڵام یەکەم لە هزر و بیری شاعیرەکانمانەوەیە، خویرات لە زمانی خەڵکەوەیە، بۆ مەبەستێکی دیاریکراو...
تایبەتمەندی (خوریات –خویرات–) لەوەدایە لە ناو بەیتەکانیدا ماناکان بەیەکەوە بەستراوە، یانی، لە خوریاتێکدا بابەتێک، ڕووداوێک، دەخاتە ڕوو، بەیتەکان لە کۆتاییدا، مانایەک دەردەبڕن، کێشی هەجا بەکاردەهێنرێ، تایبەتیەکی دیکەی هەیە که نابێ لێی لابدرێ و پشت گوێ بخرێ، دێڕی یەکەمی دەبێ "جناس" بێ، دێڕی دووەم و سێهەم و چوارەم، کێشی حەوت "هەجا"یە، دێڕی یەکەم، که دەبێ جناس بێ، لە ٣، ٤، ٥ هەجا دادەمەزرێ، وشەکەش لە دوو بەش پێکدێ، دێرەکانی دیکەی خۆریات، لە حەوت هەجا پێک دێن بەم شێوەیە:
(٣+٤) یاخود (٤+٣) یاخود (٢+٥) یاخود (٥+٢)...
تایبەتمەندیەکی دیکەی خۆریات کە دەبێ لە دانانی خۆریاتدا پەیڕەوی بکرێت:
دەبێ دێڕی یەکەم و دووەم و چوارەم (بڕوانە دێڕی سێهەم سەروای لەگەڵ دێڕەکانی دیکەدا شەرت نییە یەک بێ)، بۆ دەرخستنی سەرواکان ئەم نموونەیە دێنینەوە

**(یاری یولدا**
**کیم گوروب یاری یولدا**
**خەیالو اولما سایدی**
**قالیردیم یاری یولدا)**

هەروەها دەبێت لە خۆریاتدا لە نێوان هەر چوار دێرەکانیدا پەیوەندییەک لە نێوانیاندا هەبێ، شتێک بەیەکیانەوە ببەستێ و پێکەوە مانایەکی ئاشکرا و دیار ببەخشن..

هەندێ جار ، شاعیران ئەو سنوورەی (چوارینە)یان تێپەڕاندووە، خوریاتەکە ئەگەر لە چوار دێر پتر بوو، ئەوا پێی دەوترێت (موستەزاد) یاخود (قناتلی خوریات – خۆریاتی باڵدار)..

(یارا قالدی
دەرت گیتتی، یارا قالدی
یارینا ئەمەل اولدوم
عاشقیما تەمەل اولدوم
یاپیسی یارا قالدی)

خۆریات بەو چوارینەیە دەوترێ، کە دەبێ چەند مەرج و خەسڵەتی تایبەتی لە دانانیدا پەیڕەو بکرێت، لە ناو خەڵکە سادەکەدا، بە چەند جۆرێک وشەکە دەردەبڕن، لە هەندێ شوێندا پێی دەوترێت "خۆیرات" یان "قوریات" یاخود "قویرات" بەڵام وشە گونجا و ڕاستەکەی "خۆریاتە"..
لە ناو تورکمانەکاندا چەند ڕاو بۆچوونی جیاواز هەیە لەوانە: هەندێک ئەسڵی خوریات دەگەڕێننەوە بۆ "قورط و – یاد" و بە"قوریات" ناو دەبرێ. بەڵام وشەی "خوریات" بۆ "کرک" کردن گونجاوترە، لە بارەی ماناشەوە "خوریات" بە مانای "ئازایەتی" کە لە "خواردا –بەرچاو تێر و سەخی–" وەرگیراوە و کەوتۆتە سەر زاری خەڵک..
ڕایەکی دیکە هەیە، کە لە (خور و –یاد– "یانی بیری هیچ و پوچ") دەگەیەنێ، چونکە گوایە، کوڕ و کاڵ کە مەست دەبوون دەکەوتنە ئەو ناوانەوە، قسەی هیچ و پوچیان دەبزرکان، وشەی هەلەق و بەلەقیان دەکرد بە گۆرانی و بەزم، پێیان دەگوت "خوڕ و خاگرەسی" بۆیە ئەو گۆرانی و قسە هەلەق و بەلەقانە پێیان دەگوت: خور و یاد، دواجار بووەتە خوریات..
بەڵام ئەم بۆچوونە جێگای متمانە نییە. "عوسمان مەزلوم" لە کتێبی "کرکوک خویراتلاری"دا، بەم شێوەیە دەدەوێ:
"خوری، ناوی ئافرەتێکی دیانی دانیشتووی قەڵای کەرکووک بووە.. ئەم خێزانە کە لە (گاورەکانی قەڵا) بوون، شەوانە دەیانخواردەوە، دەیانکردە بەزم و گۆرانی، بە قەڵادا دەگەڕان، خەڵکەکە بەو گۆرانیانەیان دەگوت "خوریات" بە ناوی ئەو ئافرەتەوە ناونرا.. (شاعیر هیجری دەدە)یش، پشتگیری ئەم بۆچوونەی "مەزلوم" دەکات..
هەندێ لە نووسەران و شاعیران وشەی "قوریات" ڕایان وایە، لە (گەڕەکێکی کەرکووکەوە ناوەکەی وەرگیراوە). ئەویش گەڕەکی "قۆریە"یە و بووە بە "قۆریات" بۆچوونێکی لاواز و دوور لە مەنتق هەندێ جار دەکەوێتە بەر گوێ گوایە "قوریات" لە وشەی "قریە"ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، کە هیچ مەنتقی تێدا نییە...
پرۆفیسۆر (فوئاد کوپرلو) ڕاو بۆچونێکی دیکەی هەیە: – (ئەو وشەیە بە هۆی زمانی تورکی (رومەیلی) یەوە هاتۆتە ناو زمانی تورکییەوە، لە وێشەوە گەیشتۆتە ناو هۆزەکانی تورکمان...
ئەم میراتە کە لە باوباپیرانمانەوە نەوە لە دوای نەوە هاتووە و تا گەیشتۆتە ئێمە و بۆمان ماوەتەوە، بە تایبەتی لە ناو تورکمانەکانی عێراق زۆر بە بەربڵاوی بەکاردەهێنرێ و دەوترێتەوە، دەگمەن لە ناو خێزانی تورکمانێکدا خۆریاتی گوێ لێ نەبووبێ، یاخود خۆریاتی ئەزبەر نەبێ، لە شوێن و کاتی خۆیدا بۆ سەلماندنی کارێک، بەرپەرچدانەوەی وتەیەک، بۆ وەبیر هێنانەوەیەک حازر بە دەست دەیڵێتەوە.. تا دایکان لە لایلایەی ساواکانیاندا بە دەم ئاوازی خۆشەوە بە گوێیاندا دەیچرپێنن.. ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ خوریات تەنها لە ناو تورکمانەکانی عێراق و ئازەربایجاندا دادەنرێ و خەڵکەکەشی پێی ئاشنایە، بەڵام لە ئازەربایجان، بەم جۆرە چوارینە و بەو مەرج و خاسیەتەی لە خوریاتدا هەیە لەوێ پێی دڵێن "بایاتی" بەڵام لەگەڵ خوریاتدا هیچ جیاوازییەکی نییە، تەنها لە جیاتی دێڕی یەکەم کە لە خوریاتی تورکمانی عێراقدا "جیناسە". بەڵام لە ئازەربایجان لە دێڕی یەکەم (عەزیزم.. گوزوم) دادەنێن بەڵام "خۆریات" تایبەتە بە تورکمان و لە ئەدەبیاتی میللەتانی دیکەدا نییە، تا لە تورکیاش نەبەکاری دەهێنن، نە شاعیران هەولی نووسینی ئەم توخمەیان داوە.
لە کۆتاییدا دەڵێم ئەم باسە زۆر هەڵدەگرێ ئێمە لێرە زۆر بە کورتی وەکو پێناسە کردنێک لێی دواین..
گۆرانی بێژان و مەقام زانانی تورکمان ئەم جۆرە شیعرە بە ئاوازی خۆش و مەقام دەڵێن، حەزدەکەم لێرەدا ناوی ئەو مەقامانە و ئاوازانە بخەمە ڕوو کە خوریاتی پێ دەوترێت:
١–یەتیمی، قیزل. کە لە مەقامی راستەوە دەردەچن.
٢–مخالف. لە مەقامی هوزامەوە دەردەچێ، سێ جۆر خوریاتی پێ دەوترێت
أ–مخالف خویرات
ب–تەللی خویرات
ت–سادە خویرات
٣–دەللی حسن. لە مەقامی "بەیات" و "حیجاز"ەوە دەردەچێ.
٤–عمر گلە. لە مەقامی مەسوری و بەیاتەوە دەردەچێ.
٥–کەسوک،
٦–کوردە. لە مەقامی (موحەیەر)ەوە دەردەچێ.
٧–ماگاری. لە چوار گاوە دەردەچێ.
بە گەلێ مەقام و ئوسولی دیکە خوریات دەوترێ کە لێرەدا جێگای باسکردنیان نییە.

# محەمەد عومەر قازانچی

- ساڵی ١٩٥٢ لە کەرکووک لە دایک بووە.
- ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ کۆلێژی کشتوکاڵی تەواو کردووە، دواتر بڕوانامەی دکتۆرای وەدەست هێناوە.
- یەکەم بەرهەمی لە ساڵانی شەستەکاندا بڵاو کردۆتەوە.
- بە چاوێکی سۆفیانەوە لە خۆشەویستی دەڕوانی و لە شیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.
- لە پاڵ شیعردا چیرۆکیشی دەنووسی.
- ساڵی ١٩٧٩ یەکەم کۆمەڵە شیعری بە تورکمانی بڵاو کردۆتەوە (بۆلای تۆ دێم).
- کۆمەڵە شیعری دووەمی بە ناوی (وتووێژ بە زمانی سروود) بەتورکمانی ساڵی ١٩٨٤ بە چاپ گەیاندووە.

## بێدەنگ بە

نەکەی پێم بڵێی:
لە خۆشەویستی دەست هەڵگرە.
خوویەکە پێم ناگۆڕێ
بێدەنگ بە
نا، نا
ئاوی ژیانە
خۆشەویستی
پێم مەڵێ: دەست هەڵگرە
مەحاڵە واز هێنانی
ئەوەی دێ، لە پێناوی خۆشەویستیدا دێ
ئەوەی دەڕوا، بۆ ئەو ئێرە بەجێ دێڵێ

## شەهوەت

سەگە شەهوەت
بەڵێ سەگە.
بێ ڕاوەستان دەحەپێ
بە ژیر و شێت
بە کۆیلە و ئازاد
بە ژیان و هەرچی تێدایە.

## چی تێدایە

ئاساییە
ئێواران دوا بکەویت
بەڵام
کە دەگەڕێیتەوە
لە بیرت نەچێ
خۆت بە دەستی خۆت بهێنەوە.

# ڕێگا

د. محەمەد مەردان



کارەکتەرەکان
١- قەڵەبالغیەک
٢- هابا
٣- گەنجی ١، ٢، ٣.
٤- ژنی ١، ٢، ٣، ٤، ٥.
٥- منداڵی ١، ٢، ٣
٦- دەنگێک
٧- پیرەمێرد
٨- کچێکی قەیرە
٩- بەهجەتی شێت
١٠- بەندکراو ١، ٢، ٣، ٤، ٥
١١- بەندییەکی تازە
١٢- چەند شەهیدێک
١٣- چەند شاعیرێک

**بەشی یەکەم**

گۆڕستانێکی کۆن، گۆڕەکانی داتەپیون و هەندێکیان تەخت بوون، کێلی هەندێ لە گۆڕەکان هێشتا بە پێوەن، بەخەت و پیتی هەمە جۆر لەسەر کێلەکان نووسراوە و هەڵکەنراوە، هەندێ لەو نووسینانە لە راستەوە بۆ چەپ نووسراون، هەندێکیشیان بە پێچەوانەوە.. لە لای رۆژهەڵاتی گۆڕستانەکەوە رووبارێک دیارە تیلماسکێک شینایی بە قەراغ رووبارەکەدا کشاوە، کۆمەڵە کەسێک، لە دەوری گۆڕێک کۆبوونەتەوە، جل و بەرگی تورکمانیان لەبەردایە، وا دەردەکەوێت ئەو مەزارەیان نۆژەن کردبێتەوە، هەندێکیان کز و غەمبار و هەندێکیان دەگری، بەبێ دەنگ دەگری، هەشە وەک لەگەڵ مەزارەکەدا بدوێ وایەن بەڵام تورە دیارە، گەنجێک لە گۆڕەکە نزیک دەبێتەوە، یەک دوانێکی تر شوێنی دەکەون دەکەوتە دەمەتەقێ:

گەنجی ١: کێ پێی وتی بۆ یەکجاری لێرە راکشێی؟

گەنجی ٢: هاوڵاتیەکانی خۆشت لێرەدا بەجێ بهێڵی..

گەنجی ٣: دەبوایە ملت نەدایە و بەرەنگاریت بکردایە.. ورەت بەرز بوایە و خۆت رابگرتایە.

گەنجی ١: بۆ ئەوەی بژی ئەوەی پێت دەکرا بتکردبا. تا بەردەوامیت بە ژیان بدابا.

قەڵەباڵغیەکە: بۆ ئەوەی بژین.. بۆ ئەوەی بژین

گەنجی ٢: بۆ پەنات بۆ (عەنقا) نەبرد، تا بە چین و ماچینت بگەیێنێ، کە تا ئێستا "گوزیدە" چاوەڕێیە، چاوەڕێی ئەو سوارەیە کە نایەت..

گەنجی ٣: لە بیرت چوو "میردەزمە" دانی خۆی تیژکردووە بۆ راوی منداڵان.

گەنجی ١: بۆ سیس کردنی نێرگز و پەلە پەرەسێلکە و ( بێ دەنگی ئەو ناوە دەگرێتەوە) یرەمێردێک بۆ لای گۆڕەکە دەڕوات، گالۆکێکی بە دەستەوەیە، رۆژگار بە تەواوی کاری لێکردووە. بە دەنگێکی گریناوی گۆڕەکە دەدوێنێ.. ئاپورەکەش هەندێکیان هەوڵ دەدەن گریانیان ئاشکرا نەکەن.

پیرەمێردەکە: ئەو کۆڵانانەی پێیدا تێپەڕیت باران تیایدا کردویەتیەوە.

قەڵەباڵغیەکە: خوایە داکەیتە باران

بۆ فەقیر و هەژاران

دەنگەکەی دیکە: خوایە داکەیتە باران

دیوارەکان بخووسێ.

پیرەمێردەکە: ئەو دێهاتانە، بۆ تەلانەی جانەوەران بلدۆزەری قەڵاچۆ کردنی تیایاندا دەگەڕێ.. ئەو دەستنووسە خۆشەویستیانەی ناوی تۆیان پێوە خۆڵ و تۆز داگیری کردوون...

(پیرەمێردەکە بۆ ماوەیەک بێدەنگ دەبێ... وەک هەناسەی سوار بووبێ و بیەوێ پشوویەک بدات).

پیرەمێردەکە: کێ کۆسە بە بارانێمان بۆ دەگێڕێ، ئەگەر کەوتینە بێ بارانی؟

قەڵەباڵغیەکە: کێ ئاهەنگمان بۆ ساز دەکات؟

پیرەمێردەکە: ئەگەر کەوتینە قات و قڕی بە کۆمەڵ قرتێنەرەکان دەورەیان داین.

قەڵەباڵغیەکە: خوایە بیکەیتە باران

بۆ فەقیر و هەژاران

دەنگەکە: خوایە بیکەیتە باران..

تەڕبێ دار و دیوار و سەربان

(یەکێ خۆریات دەڵێ..) ئەوەی گۆرانیەکە دەڵێ، بەرە بەرە نزیک دەبێتەوە، ریشێکی ماش و برنجی هەیە، بە دەنگێکی کاریگەر و خۆش خۆریاتەکە دەڵێ.. قەڵەباڵغیەکە دەیناسنەوە.. (هابە)یە...

هابا: تامی دەم

بۆگەن بووە تامی دەم

گەندەڵی ئەم سەردەمە

کەوتۆتە دەم هەمووکەسێ. (بە ئاوازەوە ئەمە دەڵێ).

قەڵەباڵغیەکە: "هەموو جارێ" بەخێر بێی هابا

هابا: (ئەم پێشوازی لێکردنەی بە خوریاتی وەڵام دەداتەوە)

خۆزی ئەم چیایانە نەبوونایەن

گوڵەکان نەژاکایەن

مردن ویستی خودایە

لێکدابڕطان نەبوایە.

قەڵەباڵغیەکە: لێکدابران قەت نەبوایە...

چەند ژنێک تەمەنی جیا جیا، هەریەکە و لە لایەکەوە دێن و دەورەی گۆڕەکە دەدەن، یەکێکیان دەستی پێدەکات:

ژنی ١: دایکان لای لایەی چی بکەن، ئەگەر بێشکە تەنها بووکە شووشەی تیادا بێت..

ژنی ٢: کۆرپەکان چۆن بنوون ئەگەر لایلایە لە قورگمان یاخی بێ؟

قەڵە باڵغیەکە: لای لایە رۆڵە لای لایە.

دەنگەکە: بنوو رۆڵە بنوو

ژنی ٣: نەمامە تەرەکان وا پیر دەبن.

قەڵەباڵغیەکە: بنوو رۆڵە بنوو.

ژنی ٤: مەزرا بە پیتەکان گەچۆرن.

قەڵەباڵغیەکە: لای لایە رۆڵەم لای لایە.

دەنگەکە: بنوو رۆڵە بنوو.

(ژاوە ژاوێک دەبیسترێ و بەرە بەرە لە گۆڕەکە نزیک دەبنەوە هەندێ مێرد منالّن.. بە پاڵەپەستۆ دەچنە نێو ئەوانەی دەورەی گۆرکەیان داوە).

یەکەم: من بۆ ئاوا بم

منداڵی ٢: دەفتەرێکم بە ناوی خۆمەوە نییە.

منداڵی ٣: ئەوەی لە ناخمدایە بە گریان دەرنابڕێ.

(هابا، دێتە پێشەوە و بە دەنگە زوڵاڵەکەی خۆریات دەڵێ)
هابا: گوڵیلکەکان لە چیادا سەرخۆشن
ئەو یادانەش بە دەستەوەن
لە مەنزڵێکدام
منداڵی بێشکەی تیا سەرخۆشە.
(لە ناو قەڵەبالغیەکەوە ئافرەتێک دێتە پێشەوە، بە دەنگێکی غەمگین روو لە گۆڕەکە دەکات):
ژنی ١: بۆ کارێکی وات نەکرد خۆت بە قوربانی بدەی تا سەر بنێتە سەر رانی "ئاڵلی" خۆشەویستتەوە؟
ژنی ٢: بۆ دوگمەی سوخمەکەیت نەترازان لە شەوی بوکێنیدا تا وەکو قەقنەس بسوتێیی لە ناو خۆڵەمێشی خۆتدا زیندوبیتەوە.
قەڵەبالغیەکە: تا سەر لە نوێ هەڵچیتەوە.
ژنی ٣: بۆ نەفرەتت لەو ئەسپە نەکرد "ئارزی" سواری ببوو.
ژنی ٤: بۆ نەفرەتت نەکرد لەوەی رازاندییەوە تا هەر دە پەنجەکەی هەڵوەرێ..
قەڵەبالغیەکە: تا هەر دە قامکی هەڵوەرێ.
ژنی ١: کوللە دەورەی داوین.
ژنی ٢: پوشی وشکیانیش نەهێشت،.
(هابا، لەم بارەیەوە خۆریاتێ دەڵێ):
هابا: داهۆڵی باڵندەکان
باغەوان بۆتە داهۆڵی باڵندەکان
خاوەنی بوستان بوو لە پێشدا
ئەمڕۆ بۆتە داهۆڵی باڵندەکان
(ئافرەتێکی قەیرە بەڵام هێشتا جوانیەکەی ماوە)
قەیرەکە: گوێ را دەدەم لەو ورێنە زیاتر هیچ نابیستم.
(تەماشای دەوروبەری خۆی دەکات)
قەیرەکە: پەنجەرەیەک نابینم بۆ خەونەکان واڵا بووبێ. بەڵام گەواڵە هەورەکان دەبینم ئاوسن، وا دەبینم بارانێک بەڕێوەیە کە دەمێکە تویوەکان چاوەڕییانە.
قەڵەبالغیەکە: باران بەڕێوەیە، لافاو خەریکە دەگاتە بەر دەرگاکان.
قەیرەکە: بەڵام "قەڵا" لە خاچ درا.
قەڵەبالغیەکە: چی پەتایەک بوو بەسەریا هەڵیکرد؟
قەیرەکە: بلدۆزەرەکان یادەوەرییەکانی قوت دا... گەلە گورگی لێ ئاڵا، بەدەم زامی گورگەکانەوە پێدەنکی.. گوێ بە زامەکانی جەستەی نادات.
قەڵەبالغیەکە: خانمەکە، برین تاجی سەرە.. زامەکان گوڵاڵە سورەن خانمەکە..
قەیرەکە: لەو بڕوایەدام خۆر لە کەلاوەکانی (قەڵاوە) هەڵدێ. وای دەبینم دەستی غەدر دەبردرێن. کامتان گومان لەوە دەکەن مرۆڤ تۆوی خوایە لەسەر زەوی؟ چاوەڕێی چی دەکەن، بۆ ئەم لاشەیە نوێژ نابەستن. کێ لە پێناو ئەم خوێن بەربوونەدا نایەوێت بمرێت؟
ئێوەی بێ سبەی چاوەڕێی کام سبەی دەکەن.
قەڵەبالغیەکە: چاوەڕێی چیتانە؟
(ژاوە ژاو پەیدا دەبێ، هاوار و غەڵبەغەڵب بەرز دەبێتەوە، لەم کاتەدا (بەهجەتە شێت) دێتە پێشەوە، چرایەکی بە دەستەوەیە، چراکە بەرز دەکاتەوە و بە دەم و چاوەکاندا دەڕوانێ)
بەهجەتە شێت: ئەم چرایە هی منە
ئەمە عەیامێکە هەڵم گرتووە
ئەو کاتانەی سواری ئەسپیش دەبم هەر بە دەستمەوەیە.
قەڵەبالغیەکە: جا چی سودێکی هەیە، ئەگەر نەفرەت هەمیشە لێت جیا نابێتەوە و بە دواتەوەیە.
بەهجەتە شێت: قەدەری من وابوو گورگەکان شوێنی خوێن رشتنەکەمیان پێ زانی... ئیتر چۆن بە دووم ناکەون..
قەڵەبالغیەکە: لەگەڵ بکوژەکاندا چیتان لە نێواندا هەیە.
بەهجەتە شێت: بە تاڵانی و دزی رازی نەبووم و ئەوانەی گەواهی درۆ دەدەن ئاشکرام کردن ئابڕوم بردن.
قەڵەبالغیەکە: مەبەستت چییە؟ چیت دەوێت؟
بەهجەتە شێت: تەنها مەزاری خۆم بۆ خۆم بێ..
تیشکی ئەم چرایەم بەرکەوێ کە سەدان ساڵە بە کۆڵمەوەیە، روومەتی خۆم لە ئاوێنەکاندا ببینم.
(وەک بۆ خۆی بدوێ و لەگەڵ کەسیدا نەبێ)
بەهجەتە شێت: دەکرێ، لە هەموو شتێک بێ بەری بین و ئەم ئاڵایەمان لە دەست بەربێتەوە... دەکرێ پشت لە دوژمن بکەین، کە هەمیشە سنگمان ڕووبەڕووی دوژمنان بووە.
قەڵەبالغیەکە: ئێمە نەوەی (ئوغوز)ین، لەسەر ئەسپەکانمان گیانمان دەردەچێ.
(دوای ئەم وتانە، بێ دەنگییەک هەموو لایەک دەگرێتەوە، هابا ئەم خوریاتە دەڵێ:)
وا لە مەیدانە ئەسپ
هەر لە وێدا دەردەکەوێ
ئەگەر مەردی وەرە پێشێ
ئەوە تیر و ئەویش مەیدان
(بۆن و بەرامەیەکی خۆش، بەو ناوەدا بڵاو دەبێتەوە، هەموو تەماشای ئەملاو ئەولا دەکەن، لە پڕ کۆمەڵێک لە روومەتیانەوە تیشکێکی بەهێز دەدرەوشێتەوە، لەبەر ڕۆشنایی و تیشکەکە ناناسرێتەوە. بەرەو گۆڕەکە دەڕۆن.
قەڵەبالغیەکە: هەستن شەهیدەکان هاتن.
(هەموو راستەپا هەڵدەستن بۆ ڕێزگرتن لەوانەی خوێنی خۆیان لە پێناوی نەوەی داهاتوودا هەرزان کرد.) هابا، خۆریاتێک دەڵێ:
هابا: ئەو دەمەی دەمرم
چاوم مەبەستنەوە
تاکو یارم دەبینم.

(لە ناو منداڵەکاندا، منداڵێک جیا دەبێتەوە، جلی تورکمانی لەبەرە ڕوو لەوانە دەکات ڕوومەتیان پرشنگ دەدا و نوریان لێ دەبارێ)
منداڵی ١: خوێنی گەشی ئێوە
ئێمەی فێرکرد
ناوی خۆمان بنووسین
منداڵی ٢: ئەم خۆرە لە پێناو ئێمەدا هەڵدێ.
تا ئێمە سبەینێ دروست بکەین.
(هابا، دێتە جۆش)
هابا: باخچەی بە میرات بۆ بولبول ماوەتەوە.
منداڵی ٢: خۆشەویستی ژیان لە دڵماندا زیندووبۆتەوە
بە پێنووسەکانمان مێژوویان دەنووسیەوە.
تا بە خۆریات ڕوو بەڕووی دوژمنان ببینەوە.
قەڵەباڵغیەکە: تا بە خۆریاتەکانمان ڕوو بەڕووی دوژمن ببینەوە.
بەهجەتە شێت: باشە بۆ ئێمە ببینە قوربانیانی تۆفانەکە. دۆڵ بە دۆڵ دەگەڕێین و چرای ڕووناکی هەڵدەگرین. بۆ دەبێ ئێمە وەک ئاو خوێنمان لێ بڕوا. (سەری ڕێز بۆ کۆمەڵە شەهیدەکان دادەنەوێنێ).
قەڵەباڵغیەکە: سەڵاوتان لێ بێ ئێوە ئەی شەهیدان.
(بەهجەتە شێت، هەر دوو لەپی درێژ دەکاو ڕایان دەگرێ)
بەهجەتە شێت: سەلمانتان ئێوە نەوەی باپیرانمانن، ئەوانەی لە شەڕەکاندا پشتیان لە دوژمن نەدەکرد تا هەموو دنیا ناسینی.
قەڵەباڵغیەکە: تا لە دنیادا ناوبانگیان دەرکرد.
ئەوانەی خۆیان دەخستە نێو ئاگرەوە
تا نێوان گوڵ و بولبول تێک نەچێت
تا پەندەکانی "ئارزی و قەنبەر" لە گوێمان هەر بزرنگێتەوە.. تا داپیرەکان بۆ نەوەکان لەبەر مەنقەڵەی پڕ پشکۆ بیگێڕنەوە.
(هابا دیسان دێتە جۆش)
هابا: کوا گوڵ؟ کوا بولبول؟
(جارێکی کە بێدەنگی)

گەنجی ١: (ڕوو لە شەهیدەکان دەکات) ئێوە هەموو شتێکتان لە جیاتی ئێمە گوت، ئێمە لە ئێوەوە فێری عەشق بووین لە ئێوەوە فێر بووین چۆن سەری ئەژدەها پان دەکرێتەوە.
گەنجی ٢: جەلادەکان چۆن پرکێشیان کرد باخچەکان گوللەباران بکەن...
گەنجی ٣: چەند ڕۆحی پاکتانمان بە نهێنی و ئاشکرا لە ئامێز دەگرت. ئێمە هەموو شتێک لە ئێوەوە فێر بووین. (ماوەیەک بێدەنگ دەبێت، تەماشایەکی گۆڕەکە دەکات):
دەبوایە زووتر لێرە کۆببواینەتەوە.
لە دەوری ئەم گۆڕە گرد بواینەتەوە
ئەو هەناسانە بدەین کە زەوتیان کردبوو
گەنجی ٢: (ڕوو لەوانە دەکات لە دەوری گۆڕەکەدان).
کوا پاچ و بێڵەکانتان تا بتەکان بشکێنین.
گەنجی ١: لورەی گورگەکانتان لە بیر چووەوە
زیندانە تاریکەکانتان لە یادە
دەبوایە ئێمە بێدەنگ نەبوایەین
ئاوی خاسە پیس بکرێت
نەدەبوا تف لە ئاوێنەکانی خۆمان بکەین
گەنجی ٣: بەڵێ هەموو دڵمان بۆ دڵدارەکانمان لێ دەدا.
هابا: دەگریم فرمێسک دەڕێژم
ڕابوەستم هاوڕێکەم دەڕوا
دەست لە یار هەڵناگرم
با سەرم لە پێناوی بڕوا
(پیرەمێردێک لە ناو قەڵەباڵغیەکەوە): هەرچەندە زۆر چاوەڕێم کرد، بەڵام توشی نائومێدی نەبووم (ڕوو لە گەنجەکان دەکات).
گەنجی ١: باپیرە تۆ ڕۆحێکی گەنجانەت هەیە.
پیرەمێردەکە: ئەوەی عاشق بێ تەمەن کاری لێ ناکات.
گەنجی ٢: عەشق لەگەڵ پیرێتیدا دژ نین.
پیرەمێردەکە: بەڵێ وایە.

گەنجی ٣: هێشتا ئومێدت هەیە بێت..؟
پیرەمێردەکە: پێم لە زەوی قایم دەکەم، تا ماندوویەتی کارم لێ نەکات. دەستم دەکەمە ئاسن نەبسوتێ نە ژەنگ بگرێت. هەمیشە چاوەڕوانم.. چاوەڕوانم.. چاوەڕێم.
(هەر سێ گەنجەکە): ئێمەش چاوەڕێین.
پیرەمێردەکە: ئەوەی دڵم خۆش دەکات، کاروانی عاشقان، ئەو عاشقانەی چاوەڕوانن ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەکەن.. هەموو –چاوەڕێی ئەو دڵدارەن.. هەموو عاشقە کانیش لەوە دڵنیان ڕۆژێ هەر دێ، پەیدا دەبێت.. هەمووومان سەرسام دەبین بە بەژن و بالآی. (بێ دەنگ دەبێ.. لەگەڵ خۆیدا دەدوێ... دواجار بە دانیشتوانەکە دەڵێ):
پیرەمێردەکە: هێشتا هەر لێرەم.
قەڵەبالغیەکە: هێشتا هەر لێرەداین.
(پیرەمێردەکە دەچێتە لای کۆمەڵە شەهیدەکان، دەڕوانێتە دانیشتوان و ئاماژە بۆ شەهیدەکان دەکات).
پیرەمێردەکە: ئەم کۆمەڵە کەسانەش عاشقن.. عاشقێتییان لە ڕادە بەدەر بوو.. بە عامودی کارەباوە بەستنیان، خوا حافیزیان لە منداڵەکانیشیان نەکرد کاتێ سەرکەوتنە سەر سێدارە، بەڕادەیەک ئەوانەی خۆشیان دەویست ماڵئاواییان لێ نەکرد.. دەم بە پێکەنینەوە هەر وەکو ئێستایان ڕۆحی پاکیان فڕی (بێ دەنگ دەبێ، تا فرمێسکەکانی بسڕێ.. پاش کەمێک دەستی پێدەکاتەوە).
پیرەمێردەکە: وا ئێستا لە ناو دڵی ئێمەدا دەژین، لە ماڵەکانمانن، فەرمان بە مێژوو دەدەن، بە زێڕ لاپەڕەکانی خۆی بۆیان تەرخان بکات.. لە هەموو شوێنێکدا ئامادەییان هەیە.. لە کۆڵان و شەقامەکاندا، لە قاوەخانەکاندا لەگەڵماندان، لەگەڵ منداڵەکاندا دەنوون، لای لایە بۆ منداڵان دەکەن، لەگەڵ تنۆکی باراندا دێنە خوارەوە هەموو شوێنێک ئاوەدان دەکەنەوە و تەمیز دەکەن. (ڕوو لە گۆڕەکە دەکات).. ئەمانە ڕۆڵەی بە ئەمەکی تۆن.. تۆ لەگەڵ ئەمانەدا شتێکی پیرۆز بەیەکتانەوە دەبەستەوە، هیچ چارەیەکیان نەبوو لەوەی زیاتر ڕێگا بگرن و بۆ لای تۆ بێن.. لە تۆوە فێربوون بڵێن نەئ...

(پیرەمێردەکە بێدەنگ دەبێ).. قەیرەکە ڕوو لە پیرەمێردەکە دەکات:
قەیرەکە: باسی دەرد و کەسەری ئێمەت کرد. ئێمە لە هەموو لایەکەوە کارەساتەکان رووی لێ کردین، دەرگاکان بە ڕووماندا داخران.. ژوورەکانمان تاریکی باڵی بەسەریاندا کێشا.. ئەوانە بوون پەنجەرەیان لە دیوارە ئەستوورەکان بۆ کردینەوە...
(ڕادەوەستێ دواجار وەک ئازیز مەردەیەک دەست پێدەکات)
قەیرەکە: من ئەو ڕۆژەم لەبەر چاوە خۆری تێدا گیراو پەنجەرەکان ڕۆشناییان تیادا نەما. (ڕوو لە گەنجەکان دەکات).. ڕۆڵەکانم.. هەموو شتێک چاوەڕێی ئێوەیە.. دەرگا و پەنجەرەکان بۆ رووناکی بکەنەوە...
پیرەمێردەکە: پێشوازی لە ڕووناکی، لە خۆر بکەن...
قەڵەبالغیەکە: پێشوازی لە خۆر بکەن...
تاریکی

**بەشی دووەم**
هەمان شوێن و جێگایە.. تاریکی شانۆکەی گرتۆتەوە، تەنها رووناکیەک لە گۆڕەکەوە دەردەچێت و رووناکیەکە شەهیدەکان ئاشکرا دەکات.. شانۆ رووناک دەبێتەوە، یەک دوو شاعیر بەرەو گۆڕەکە دەڕۆن.. هەروەها ژنی ١، ٢، ٣، ٤، ٥، دێنە پێشەوە.
ژنی ١، شاعیرەکان دەناسێنێ: ئەمانە ئەو شایەتانەن هاوارەکانمان دەگەیەنن.
ژنی ٢: ڕۆحە شەڕ خوازەکان دوور دەخەنەوە.
ژنی ٣: بەرچاومان رووناک دەکەن.
ژنی ٤: ڕۆحە بەهەشتیەکانمان پێ دەناسێنن.
ژنی ٥: لەگەڵ ئاسماندا پەیوەندی دەکەن بۆ خێری ئێمە.
شاعیری ١: (ڕوو لە ژنەکان دەکات بە کەیف خۆشییەوە پێیان دەڵێت) ئێوە بەم قسانەتان خەمی سەرشانمان رادەماڵن.. زۆر جار دەنگی گوللە دەنگمانی کپ دەکرد.
ئێمە هەناسەکانی "بابا گورگور"مان دەژمارد. لەگەڵ ماڵەکانی (قەلا)دا نوێژمان کرد، کە بە پێوە مردن. لەسەر پەیژەکانی (خوریات)مان نووسی، کە ئێستا بەبێ پێ ڕاوەستاوە.

دەرگای (قشڵە)مان رازاندەوە.
بووینە ئاو لە ڕووباری (خاسە)..
ئێمە کلیلی دەروازەی خۆشەویستەکەمان لەلایە و چاکمان دەناسێ.
شاعیری ٢: ئێمە ئەو دەنگانەمان ڕووناک کردەوە. لەگەڵ ئێمەدا لە دژی جەور و زوڵم ڕاوەستا.. (بەردەوام دەبێت).. لە بیرمە.. چاوم بڕی.. لە هەموو شوێنێکدا خۆم دەبینی.. پەرەسێلکە لەسەر شانم هێلانەیان چێ کرد.. منداڵیم بە دوای ڕووباری (زاب)دا دەگەڕا.. هەموو جارێکیش دەستم بە "خوریات" دەکرد، بۆم دەردەکەوت ئەو ئەو ئازارەی دەیچێژم بە بۆنەی ئەوەوەیە..
ژنی ١: (دێتە پێشەوە) دەچێتە لای شاعیرەکەوە... تۆ تەنها نەبووی لەو ئازار چەشتنە و تەنیا نەبووی کاتێ لەبەر دەروازەکەی ڕادەوەستای و شەڕی تارماییەکانت دەکرد.. منیش لە باران پاڕامەوە پەنجەکانی ڕەنگ بکات و پەنجەرەکانی لە خەنە بگرێت.
ژنی ٢: (لە تەنیشت ژنی ١ ڕادەوەستێ): هەموو شتێ ئەو ڕاستیانە دەردەخەن.
ژنی ٣: شاعیران لەبەر خاتری دڵی ئەو دەفتەرەکانیان پڕ کرد لە شیعر.
ژنی ٤: چییە؟ بۆ وا خۆتان هەڵدەنێن.. گرنگ ئەوەیە چۆن سەر لە نوێ هەنگاو بهاوێژن.
شاعیری ١: هەر ئەوەمان لەدەست دێ لەبەردەم قەبارەی برینەکان ڕاوەستین.
ژنی ١: زام گەیشە ناخمان.
ژنی ٢: دەبێ چارەیەکی بکەین.
شاعیری ٢: چۆن چارە دەکرێ، نەزانین دەردەکەی چییە؟
ژنی ٣: بەڵام دەبێ ئەم سەرەتانە ببڕینەوە.
ژنی ١: لالانەوە و کروزانەوە هیچ ئەنجامێک بە دەستەوە نادات.
ژنی ٣: (لەسەر خۆ).. ساڵانێکی دوور و درێژ نەکێڵراوە، خاکی گەچۆڕە خوێنی لێ دەڕوا.
قەڵەبالغیەکە: خوێنی لێ دەڕوا
شاعیری ١: (ئاماژە بۆ گۆڕەکە دەکات) بۆیە بۆ ئێرە هاتووین...
شاعیری ٢: تا ئەو نەهەنگە سەربڕین بەری ئاوی لێگرتووین.
شاعیری ٣: چاوەڕێی مەلی (عەنقا)ین تا بمانباتە باخچەی جادوو و گیایەکی لێ بهێنین تاریکی بەرچاومان پێ بڕطەوێتەوە.
ژنی ١: دەتوانین زەمەن بگەڕێنینەوە؟
ژنی ٢: دەتوانین پرسیاری وەڵامەکان بدەینەوە؟
(ژنی ٤، ژنی ٥، دێنە پێشەوە، قسەکان بۆ لایەکی دیکە دەبەن)
ژنی ٤: چەندە هاوارمان دەکرد دیوارەکان دەنگمانی دەخنکان.
ژنی ٥: هەرچەندە دەستمان درێژ دەکرد، کەس بە تەنگمانەوە نەدەهات.
(ژنەکان و شاعیرەکان دەکەونە گفتوگۆ)

شاعیر ١: پەنجەرەکانیان لێ داخستبووین.
ژنی ١: ئەی ئێوە چیتان دەکرد؟
شاعیر ١: ئێمە لە هەموو لایەکەوە مردن ئابڵوقەی دابووین.
شاعیری ٢: تا ئاو و هەوایان لێ قەدەغە کردبووین.
ژنی ٢: ئەی ئێوە...؟
شاعیری ١: وەرزەکانمان بێ ناو بوون.
شاعیری ٣: ترسیان دەچاند.
ژنی ٣: ئەی ئێوە...؟
شاعیری ٣: ئێمە تەنها پەنجەکانمان هحی خۆمان بوون.
قەڵەبالغیەکە: ژیان بۆ ئەوانەی لەبەردەم مردندا دەیان توانی هەناسە بدەن.
ژنی ١: (ڕوو لە شاعیری یەکەم دەکات):
ئەی بۆ و چۆن بوویتە عاشق؟
شاعیری ١: عشق لە خوێنماندا دەژی هەروەک چیایەک لە تاڵی..
کێ توانای ڕامالێنی ئەو تاڵییەی هەیە.
ژنی ٥: (ڕوو لە شاعیری دووەم دەکات).
ئەگەر هەموو وەرزەکانت بێ ناو بوون، ئەی ئەم مکوڕ بوونەت لە پای چی؟
شاعیری ٢: دەبێ ڕووی خۆم ئاشکراکەم با پڕ بێ لە برین.
دەبێ لە ناو نیلەنێلی ئاگردا سەمای خۆ بکەم..
ژنی ٤، ٥: (ڕوو لە شاعیری ٣ دەکەن): ئەگەر تەنها خاوەنی پەنجەکانی خۆت بووی، ئەی چۆن لەگەڵ باراندا هاوڕێتی دەبەستی؟
شاعیری ٣: تا بیانکەمە پاساپۆرتی دۆزینەوەی ناسنامەی خۆم، مارەی ئەو گوڵە بە نەفسەجە لە خۆم ببڕم کە لە نێو پەراسوەکانمدا شاردوومەتەوە.
قەیرەکە: (ڕوو لە شاعیرەکان و ژنەکان دەکات)
دەست بۆ یەکتری درێژ بکەن.. کات درەنگە، مردن زوو پەیدا دەبێ بۆ ئەوانەی تەنیان.
داکەنە باران تا ئەم خۆڵ و تۆزە دەرەوێتەوە کە بەری بینینی لێ گرتووین.
(دواجار لەبەر خۆیەوە).. نازانم چۆن کارمان گەیشتە ئەم ڕادەیە؟!.. بۆ ئێمە؟ بۆ؟
شاعیری ٢: (وەک بیەوێ وەڵامی بداتەوە) چونکی ئێمە مێژوومان پەیدا کرد.. ناومان لێ ناو ناوەکانمان فێرکرد..
قەیرەکە: کەسێک هەیە ئەمە نەزانێ؟
(هابا دێتە پێشەوە، دەست لە بنا گوێ دادەنێ و دەستی پێ دەکات خۆریات دەڵێ):
دڵدارەکەی لە باخچەدا
لە باخچەدا بۆی دەگەڕێ
ئەمڕۆ خۆی بە قوربانی کرد

تا سبەی ببینیێ لە باخچەدا
(گەنجەکان دڵ گەرمی دەیانگرێ):
گەنجەکان: ئێمە دەبێ ئەم عەشقە پیرۆز بکەین. بێ ئەم ئاگرە بەستەڵەک ڕەقمان دەکاتەوە.
قەڵەبالغیەکە: بەبێ ئاگر عەشق بەستەڵەک ڕەقمان دەکاتەوە.
قەیرەکە: دەبا پەیمانێک ببەستین و دەست لە ناو دەستی یەکتر بنێین..

**بەشی سێهەم**

ژوورێکی بچووک چەند بەندکراوێکی تێدایە، بە ئاستەم ڕۆشنایی تێدایە، دەرەوەی ژوورەکە تاریکە، گۆڕەکە نەبێ تیشکێکی خراوەتە سەر.. هەروەها شەهیدەکانیش لەو لاوە ڕووناکیان خراوەتە سەر. بەندکراوەکان بێ دەنگ دانیشتوون لەم کاتەدا، گاردیانێک یەکێکی دیکە دێنێ و دەیخاتە ژوورەکەوە.
گاردیانەکە: ئەمە بەندییەکی ترە، کە هەتا هەتایە حوکمی بەسەرا دراوە.. گوێ لە ئازایەتییەکانی بگرن کە بووەتە شایانی ئەوەی لەم هوتێلە پێنج ئەستێرەیە دانیشێ...
(گاردیانەکە ژوورەکە کلۆم دەکات، بەندییەکانی لە دەوری بەندکراوە تازەکە خڕ دەبنەوە).
بەندی ١: چی گێژەڵوکەیەک گەیانیتە ئێرە؟ چیت کردووە؟
بەندییە تازەکە: (بەبێ دەنگی تەماشای دەکات) و دواجار بەوانی دیکەشدا دەڕوانی کە هەموویان نیشانەی پرسیاریان لێ دیارە... بەڵام وەڵام ناداتەوە..
بەندی ١: ئەوەی تۆی گەیاندۆتە ئێرە ئێمەش هەمان دەست ئێمەی بۆ ئێرە گەیاندووە...
بەندییە تازەکە: (دوای بێدەنگییەکی قووڵ) تاوانی من ئەوەیە، تەماشای ئاوێنەم کرد و خۆم تێدا بینییەوە.. زۆرم بەلاوە سەیر بوو کاتی بینیم روومەتم هیچ جاوازییەکی نییە لە روومەتەکانی دیکە. هەستم کرد دەبێ منیش دەست لە زامەکانی خۆم بدەم و پڕ بە گەرووم گۆرانی بڵێم.
بەندی ٢: (ڕوو لە بەندییە تازەکە دەکات) ویستووتە لە نێوان خۆت و ئەوانی تردا هیچ مەسافەیەک نەبێ بۆیە وا ڕقیان بەسەرتا باراندووە، گەلە گورگت لێ ئاڵا...
بەندی ٣: ویستووتە برۆیتە شوێنە قەدەغە کراوەکان، خۆت ناسیوە، بۆیە زەوی لە ژێر پێتدا لەرزیوە و بەر خەنجەری قابیل کەوتووی.
بەندییە تازەکە: هاوارم کرد.. من هابیل نیم بۆ دەتانەوێ بمکوژن.. من هابیل نیم بۆ دەمتاسێنن.. من هابیل نیم بۆ وەکو ئێوە نەبم.
بەندی ٤: باشە دواجار چی ڕوویدا؟
بەندییە تازەکە: سەری دنیایان لێ هێناومەیەک، هەر وەکو چۆن سەری دنیایان لە ئێوە هێناوەیە یەک..
بەندی ٥: (بە دەنگێکی نزم).. ئێمەیش خۆمان لە شوێنێکی مین ڕێژکراودا بینیەوە.. دەستمان بۆ گۆڕە پیرۆزەکە درێژ کرد.. لەمە تاوان گەورەتر دەبێت؟
بەندییە تازەکە: (دڵنیا بوو کەوا ئەمانەش، هەمان خەمی ئەویان هەیە، هەستی بە دڵنیایی کرد)، ئەوەی جێگای خۆشیمە زامەکانمان یەک زامە. کە تەماشای برینی خۆم دەکەم برینەکانی ئێوەش دەبینم، گەلێ جار ژوانم لەگەڵ ئەو دڵدارەدا دەبەست، کە دڵداری ئێوەشە، بەڵام دەستە خوێناوییەکان دەبوونە لەمپەر لەبەردەم بەیەک گەیشتنماندا.. من تەنها نەبوم لەو چاوەڕوانیەدا، هەزارەها وەک من چاوەڕوان بوون.. ئەوەی سەیرە "غیرە" نەیدەگرتم، بێزار نەدەبووم لەوانەی وەک من چاوەڕێیی ڕێگای ئەو خۆشەویستە بوون.. زۆر جار من خۆم هانای کەسانی دیکەم دەدا بۆ چاوەڕوانی.
بەندی ١: چەند بەسەر شان بەردمان کۆکردەوە تا پەرژینێک بە دەوریا بکێشین، تا لێمانی داگیر نەکەن.
بەندی ٢: گۆرانیمان بۆ گوت، ئازارمان بۆ چەشت..
بەندی ٣: زیندانەکانیان لێ پڕ کردین.
بەندی ٤: لە پێیناویا زۆر زۆرمان سەری نایەوە.
بەندی ٥: بە دەستی پەتی سنگمان کردە قەڵغان.
بەندییە تازەکە: لێیان نزیک دەبێتەوە و دەست لە نێو دەستی یەکتر دەنێن

**دیمەنی کۆتایی**

هەمان دیمەنی بەشی یەکەم دووبارە دەبێتەوە.. کۆمەڵێ شەهید لە نزیکی گۆڕەکەدان.. شاعیرەکان.. ژنەکان.. منداڵەکان.. بەهجەتە شێت.. قەیرەکە.. گەنجەکان و پیرەمێردەکە و قەڵەبالغیەکە.. چاوەڕێن دەرگای زیندانەکە بکرێتەوە... دوای چاوەڕوانیەک، هەموویان یەکە یەکە دەردەچن.. بەڵام لەو زیندانە بچووکە دەردەچن دەچنە زیندانێکی گەورەوە.. هەموو ئەوانەی سەر شانۆکە دەچنە ئەو زیندانە گەورەیەوە.. هابا دەست بە خوریات دەکات:
هابا: گوڵییەکەمیان لێ زەوت کردم
گوناهێکی گەورەیان کرد
نەیان هێشت بگەم بە ئاوات
نەیانتوانی زبانم ببڕن.
تاریکی شانۆکە دادەپۆشی، بەڵام رووناکی سەر گۆڕەکە و شەهیدەکان هەر دەمێنێتەوە.
د.محەمەد مەردان: ساڵی ١٩٤٠ لە کەرکوک لە دایک بووە. بە عەرەبی و تورکمانی دەنوسێ، گەلێ بەرهەم و دەقی ئەدەبی لە تورکمانییەوە بە عەرەبی کردووە. چەندین لێکۆڵینەوەی لەبارەی شیعر و ڕەخنە و وەرگێڕانەوە بلاو کردۆتەوە.



# چیرۆک

## یادی لە دایک بوون

عیسمەت ئۆزجان
و: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

بۆ ئەو ساڵانەی کە وەک کۆمەڵە گەڵایەکی زەرد هەڵگەڕاو، لە دەستی بەربوونەوە، دەبوایە چل مۆمی بۆ ئەو گەڵا زەردانە دابگیرسانبا، دەبوایە بوتڵێ شەمپانیای بکردایەتەوە تا بێدەنگی غەمە قوڵەکانی بۆ ساتێک بهێنێتە پێکەنین و چارۆکەیەکی سپی هەڵکات بەرە و دەریای شینی سبەینێ.. ئەم شەو لە "ترپەی" تەپەدووری دەمی شووشە شەمپانیاکە بەولاوە گوێی لە هیچ نەبوو، بگرە ئاوازی گۆرانیەکیشی نەهاتە گوێی، تەنها گڤەگڤی شێتانەی "با"کە نەبێ پەنجەرەکانی هێنابووە تەقەتەق.. خامۆشیەکی بێزار کەر، ژوورەکەی تەنیبوو. تەماشاکانی لە ناو ڕۆشنایی مۆمەکاندا لە ناو بێدەنگیە بێ ڕۆحەکە بەر دیوارەکان دەکەوت، هەستی دەکرد لە ناو تەونێکی بێ سەر و بنی جاڵجاڵۆکەدا گیری خواردووە و ئابلۆقە دراوە. چی بکردایە ئەمشەو؟ ئاهەنگی ساڵە لە دەست چووەکانی بگێڕێ؟ ئەو دڵە پڕ ئاواتە کوا؟ ئارەزووە بێ سنوورەکانی لە کوێ مان؟.

دوای ئەم هەموو ساڵە وشک و برینگانە، ڕۆشناییەک لە دڵیا شک نابات. لە ناخیدا، لە ناو ڕۆحیدا چەقۆیەکی تیژ دەگەڕێ، دەگەڕێ و شوێنەوارێ بە جێ دێڵێ.. لە خۆی دەپرسێ: "چ بەرێکی ئەم ژیانەم خوارد؟" چەند جارێ لە ژێر لێوەوە ئەو پرسیارەی دووبارە کردەوە. پێشتر پرسیاری وای بە بیرا نەدەهات لە خۆی بکات. بەڵام ئێستا ئەم پرسیارە ئاڵۆزانە هەمیشە لە مێشکیدا دەزرنگێتەوە... چاوی بە ژوورەکەدا گێڕا، هەموو شتێکی نامۆ هاتە بەرچاوی... "ئەم شت و مەکانە، هەمان ئەو شتانەن کە بە شەوقەوە کاتی خۆی کڕیمن؟.. باشە بۆ کڕیمن؟"

پرسیارەکان تا دەهات زۆرتر، ئاڵۆزتر دەبوون، بێ وەڵامیش دەمانەوە. "ئەم پرسیارانە یادەوەرییەکانم دەورووژێنن.." باشە لە کوێوە دەستی پێ بکات و کامیان هەڵبژێرێ؟ جارێکی کە چاوی بە ژوورەکەدا گێڕا.. "سەیرە.. من ئەم شتانەم خۆشدەوێت؟!".. حەزم کردووە ئەم شتانەم هەبێ!؟ ئەو پەرۆش بوونەی جارانی بە کەم ئاوەزی دانا.. لێوی خۆی کرۆشت و پێکەنینی بە خۆی هات!.

سووتوی جگەرەکەی کەوتە سەر چەنەی، زانی کوژاوەتەوە، لە ژێر پێیدا پلیشاندییەوە.. حەزی کرد لە ژوورەکە بڕواتە دەرێ. هانەسەیەکی قووڵ هەڵکێشێ، لەسەر تەختە پاڵی دایەوە. چاوی لێکنا، بە دوای ئارامیەکدا دەگەڕا.. وەک هەستی بەوە کردبێ ئەو ئارامییەشی دەست ناکەوێت، چاوی کردەوە، بە شڵەژانێکەوە چاوی بەملا و بەولادا گێڕا، گیرفانەکانی خۆی پشکنی، لەسەر تەختەکە هەستا، چووە ژووری نووستنەکەی، پاکەتی جگەرەی لەوێ بەجێ هێشتبوو.. جگەرەیەکی داگیرساند پێڵوەکانی لێکنا و مژێکی قوڵی لێدا، دووکەڵ بە قوڵایی سییەکانی ڕۆچوو دواجار قەف قەف لە کەپوویەوە دەرکەوت. کە ویستی لە ژوورەکەی دەرچێ، لەلای دەرگاکەی وەستا، ئارەزوویەک لە ناخییەوە سەری هەڵدا، تەماشایەکی خۆی بکات، لەبەردەم ئاوێنەکەدا وەستا، دەستێکی بە چەنەی خۆیدا هێنا، پەنجەکانی خستە ڕدێنە هاتووەکەیەوە کە حەوتوویەکە تەراشی نەکردووە. دەنکە دەنکە مووی سپی بینی.. داچڵەکی، لۆچەکانی تەوێڵی قوڵتر بوونەوە. لە ڕوویدا ترسی ڕۆژانی داهاتووی دەرکەوت.. چووە ژوورەکەی تر و هەمدیس لەسەر تەختەکە پاڵ کەوت، ئینجا چاوی لە وێنە هەڵواسراوەکەی خۆی بڕی.. "هی پانزە ساڵ بەر لە ئەمڕۆیە" چاوی لە وێنەکەدا بسکە بسکێتی.. هەرچەندە زۆرتر دیققەتی دەدا، زیاتر لێی نزیک دەبووەوە، لە پڕ کرایەوە و بووە شارێک.. بەڵێ شارێک. چووە ناو یەکێ لە شەقامەکانییەوە:

بای فێنکی ئەو بەیانییە لووتی لە بۆنێکی خۆش پڕ کردبوو. "قوڵانیەکی" بە ڕوومەتی خۆیدا برژان بەر لەوەی بچێتە دەرەوە، هەستی بە بەختەوەرییەکی بێ سنوور دەکرد.. بارانی عەشق بەسەریا دەباری، ڕوحێکی شاد، دڵێکی پڕ ئاوات..دەبوایە زوو بگەیشتایەو دوا نەکەوتایە، کورتترین و نزیکترین ڕێگای لەبەر گرت، چووە ناو کۆڵانێکەوە هەنگاوی خێرای دەنا و دەکۆشا جلەکانی پیس نەبن.. هەرچۆنێ بوو لەو کۆڵانە قوڕاوییە دەرچوو و خۆی لە شەقامێکی بەریندا بینییەوە.. لە نێوان لق و پۆپی دارەکانەوە تەماشای وێستگەی پاسەکانی کرد. یەکێک بە کراسێکی سپی و تەنوورەیەکی شینەوە وەستابوو لە دوورەوە ناسیەوە، هەر لەو دوورەشەوە بۆنی کرد، هەستی بە حیلەی ئەسپێ کرد، لە ناخیا دەحیلێنێ.. ویستی ڕابکات، دڵی کەوتە لێدان.. ترسا، تۆ بڵێی ئەمە لەم شارەدا ڕووبدات؟ ئەو ڕووداوەی بیرهاتەوە کاتێ پێکەوە بوون و هێرشیان بۆ هێنان... نەیویست وردەکارییەکانی بیر بکەوێتەوە.. جگەرەیەکی دیکەی داگیرسان.. "یادەوەرییەکان هیچ دادێک نادەن..." چەند جارێ لەبەر خۆیەوە وای گوت.. هەستا پەنجەرەکەی کردەوە.. گڕەی دەهات.. گەڕایەوەو لە جێگاکەی خۆی دانیشتەوە. "حەزم دەکرد ئەمشەوم لە بارێکدا بەسەر ببردایە" دوای کەمێ وەستان "دەبێ کێ لەوێدایە؟"

پێویستی بە وەڵام نەبوو.. خۆی لەوێدا بینییەوە.. خۆشی نەیزانی چۆن گەیشتە ئەوێ .. چاوی بە دانیشتوانەکاندا گێڕا.. "عەلی" بینی، یەکێکە لە چەقۆکێشەکانی شارەکە، لە قوژبنێک مت بووبوو، لە یەکبینە دەکۆکی، هەمیشە جگەرە پاکەتەکەی لە توتنەکەی بەتاڵ دەکرد و حەشیشەی تیا دادەنا.. لەولاترەوە "عیسا"ی بینی، کە لە گاورەکانی قەڵا بوو، چووە لای مێزەکەیەوە:

– شەو باش عیسا..

بێ ئەوەی سەری هەڵبڕێ وەڵامی دایەوە.

– مەرحەبا...!

– ئەمڕۆ یادی لە دایک بوونمە با پێکەوە دانیشین لەگەڵ مندا ئاهەنگی ئەم یادە بگێڕین..

– کام لە دایک بوون.. تکایە خەریکە دەمگرێ، لێمی تێک مەدە.

– لەدایک بوونی من..

عیسا قاقایەکی بۆ کرد:

– پێم بڵێ تۆ پێغەمبەری یادی لە دایک بوونت دەکەیتەوە؟

چوو لە قوژبنێک بەتەنیا دانیشت و دەستی کردە خواردنەوە تا هەموو شتێک لەبیر بەرێتەوە.



# زنده خەو

نازم سائیغ

دادوەرێکی بێ ویژدان ، بریارێکی نا عادیلانە دەرهەق بە تاوانبارێکی گەنج دەچەسپێنێت ، کە تاوانی کوشتنی کابرایەکە دژی خێزانە خۆشەویستەکەی ئەنجامی داوە، پارێزەرێکی هاوەڵی تاوانبارە گەنجەکە ، داکۆکی کردن لە تاوانی هاوەڵەکەی دەخاتە سەر ئە ستۆی خۆی ، پارێزەرەکە داوای دواخستنی ڕۆژی دادگایی کردن دەکات بۆ ماوەیەکی پێویست، پاش ئەمە لەگەڵ خێزانەکەی کە ئەمیش پیشەی پارێزەری دەکات کۆدەبێتەوە، بۆ بیر کردنەوە لە دۆزینەوەی چارە ڕێگایەک بۆ ئەم مسەلەیە، پارێزەرەکە، بیرۆکەیەکی خنجیلانەی بە مێشکی دادێت و خێزانەکەی ڕادەسپێرێ بە شێوەیەکی وا (کەس نەیناسێ) بۆ ماوەی مانگێک لە ماڵی دادوەرەکە بە کارەکەر کار بکات، وە هەموو شتێک دەربارەی ماڵی دادوەر و خێزانەکەی و کەلو پەلی ناوماڵەکە بزانێت و هەر شتێک لای خۆی بنوسێت، خێزانەکەش بەم کارە هەلدەستێت، بە جوانترین شێوە کاری خۆی بۆ ماوەی مانگێک لە ماڵی دادوەر وەک کارە کەرێک ئەنجام دەدات، ڕۆژی دادگایی کردن هات و کۆڕی دادگا دامەزرا، و داواکەری گشتی کەیسەکەی خوێندەوەو داوای توندترین سزای بۆ داوانبار کرد کە لە سیدارەدان بوو، دادوەریش ڕێگای بە پارێزەری تاوانبار دا بۆ داکۆکی کردن لە تاوانەکەی، بەڵام شتێکی زۆر سەیرو سەمەرە لەهۆلی دادگا ڕوویدا، ئەویش پارێزەکەی تاوانبار داوای لە دادوەر کرد کە بۆ پێنج خولەک ماوەی بدات تاکو سەر خەوێک بشکێنێت، دادوەر و داواکاری گشتی و هەموحازران دایان لە قاقای پێکەنین بۆ ماوەیەکی کورت، دادوەریش بە چەکوشەکەی هێمنی بۆ هۆڵەکە گەڕاندەوە و ڕێگای بە پارێزەر دا بۆ ماوەی پێنج خولەک بخەوێت، پارێزەریش سەری دانا سەر مێزەکەی

بەردەمی و خەوت بۆ ماوەی دیاریکراو، کە بەخەبەر هات گووتی بەڕێز دادوەر و بەڕێزان دەستەی دادوەری و داواکاری گشتی و ئامادەبووان من دەمەوێ بەر لە داکۆکی کردن لە موەکیلەکەم بکەم باس لەو خەونە بکەم کە لەخەوی ئێستادا دیم ، دەستی بە گێڕانەوەی خەونەکەی کردو گوتی، لەم خەونەمدا بە کوچەیەکی زۆر چۆل و هۆڵدا تێپەڕیم دەرگای یەکێ لە خانووەکانی کوچەکە کرایەوە کە ژمارەکەی ئەوەندەبوو ( ئاماژەی بە ناوی کوچەو ژمارەی خانووی دادوەر کرد) و ئافرەتێکی یەجگار قەشەنگ بانگی ژوورەوەی کردم ومنیش چومە ژوورەوە کە لە لای ڕاستی خانوەکە باخچەیەک هەبوو ئەم گوڵانەی کە لە باخچەدا دیم لە هیچ شوێنێکی ترم نەدیبو، لە دیوەکەی تریش جولانەیەکی ڕازاوەو جوان دانرابوو بەڕاستی سەرنجی ڕاکێشام و ژنە قەشەنگەکەش هەر بەرەو ژورەوە بانگی دەکردم کە لە دەرگای ژوورەوە نزیک بومەوە دەستەی دەرگای زێڕینی دەرگایەکە ئەوەندە جوان بوو زانیم کەوا ئەمە لە کەرەستە تایبەتییەکانە تۆزێک وەستا، دادوەریش گوێچکی بۆ شل کردبوو و ئەم جۆرە وەسفە ماڵی ئەوە، دوبارە پارێزەر دەستی بە قسان کردوو گووتی بەهەر حاڵ چومە ژورەوە، ژنەکە منی لەسەر قەنەفەیەکی لەم جۆرە دان، هەردەهاتوو دادوەر زیاتر بەرەو شلەژان دەچوو چونکە هەر چەندە پارێزەر زیاتر وسفی ماڵکەی دەکردو دادوەر زیاتر دەشلەژا، پارێزەر بەردەوامی بەقسەکانی داداو دەڵی ژنەکە منی خستە ناو گەرماوی ماڵەکەی و دەستی بە وەسف کردنی گەرماوەکەو ئەو خاولییەی کە خۆی پێ وشک کردەوە بە وردی دەکرد، چونکە خێزانی پارێزەر بۆ ماوەی ئەم مانگە هەموو تێبینیەکی ناو ماڵەکە نووسی بوو هەتا جل و بەرگی دەرەوەو وماڵەوەی دادوەرو خێزانەکەی و تادەگاتە ئەو خاڵانەی لە لەشی خێزانی دادوەر دا هەبوو کە لەکاتی شووتنی لەشی لە گەرماوەکە ، پارێزەر دووبارە تۆزێک دەوەستێ و بەردەوامی بەقسە کانی دەدات و هۆڵی دادگا بێ دەنگیەکی ترسناک گەمارۆی دەدات هەر وەک بڵێیت کەسی تیانەبێ، دەڵی کە منی ووشک کردەوە جلەکانی خۆی فڕی دا و هاتە تەکم لە لای شانی چەپی خاڵێکی سروشتی هەبوو لە شێوەی ئەستێرە و لە ناوەڕاستی پشتیشی لەکەیەکی سوور هەبوو بەڕاستی ئەم دوو نیشانە سەرنج ڕاکێشەر بوو، دادوەر تا دەهات زیاتر وەزعی تێک چوو خۆی لە بیر کرد کە دادوەرەو و لە هۆڵی دادوەری دایە، بە دەمێکی پر لە هاوار کوتی ئەوە خێزانی منە ئەم کابرایە بگرن واتە (پارێزەر) چویتە ماڵی من و ئیعدامی بکەن، مشت و مڕێکی نائاسایی گەمارۆی هۆڵی دادگا دەداو فەوزاییێک دروست دەبێت، هەر چونێک بێت دادوەر دەبەنە دەرەوە بۆ ماوەیەک تاکو هێور دەبێتەوە ئینجا دووبارە هێمنی دەگەڕێتەوە بۆ هۆڵی دادگا، و بۆ ماوەیەکی کەم هۆلەکە زۆر بێ دەنگ دەبێت و دادوەر ڕووی دەکاتە پارێزەرو دەڵێت کوڕە تۆ بۆ وات کرد نازانی ئەم ماڵە ماڵی منە و ئەویش خێزانمە، دەبێ لە سزای ئەم تاوانەت لەسێدارەت بدەم، پارێزەریش زۆر بە هێمنیەوە دەڵێت قوربان ئەمەیان خەون بوو خەون، باشە تۆ سزای من بە لە سێدارە دەدەیت کە تەنها لەخەودا تاوانێکم ئەنجام داوە، باشە ئەی موەکیلەکەم بە دوو چاوی خۆی کابرایەکی دیوە تەعەدای لە خۆشەویستەکەی کردووە، ئینجا کوشتنی ئەنجام داوە.



# له خۆشەویستیەک دەگەڕێم

حوسام حەسرەت
و: له تورکمانیەوە: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

له خۆشەویستیەک دەگەڕێم
جیابێ لەوەی مەجنوون و کەرەم
وەها ڕوون بێ،
ناخمی پێ برازێتەوە.
نه لەزەوی، نه له ئاسمان
وێنەی نەبێ.
نه شوێنیشی لای کەس دیار بێ
***
له خۆشەویستیەک دەگەڕێم
له سێ گەوهەر پێک هاتبێ،
"وەفا و ڕاستی و خۆبەخت کەر بێ"
سۆمای چاو بێ.
ڕۆژانی ڕابووردووم
ڕۆژێکی تر بخاته سەر سبەینێم.
به دوای خۆشەویستییەکدا دەگەڕێم
له هیچ خۆشەویستییەک نەچێ،
نه له ئێستا بچێ و نه له کۆن،
نەکەس هی وای بینیبێ،
نەلای کەسیش پەیدا ببێ
من "حەسرەتی" عەشقێکی وام

## دیاری

دڵ تەنگ دەبن
گەر ئەمجارەش،
پێتان بڵێم من غەمگینم
چونکی:
کام شوێن جێگای خەم بوایا
لەوێ منتان
چاو پێدەکەوت..
جارێکی که خەمەکانم
سەر له نوێ لەم ڕۆژگارەدا
ناخم دەهەنجێنێ،
بەڵام ئەمجارەیان
بەختەوەرم،
چۆن له ڕۆژە سەختەکاندا
هاوبەشی خەمی من بوون،
منیش ئاوا، ڕۆژانی
پڕ له شادیم
لەگەڵ ئێوە دابەش دەکەم
دڵ تەنگ مەبن
گەر ئەمجارەش
پێتان بڵێم،
من خەمگینم
چونکی:
له شەوانی تاریکیدا
لەگەڵ مندا،
ئەستێرەی عەشقتان دەژمارد..
وا جارێکی که
دەوروژێن
بەڵام دەڵێم بەختەوەرم
ڕۆمانی عەشقم کۆتایی نایەت
به دابڕان
بۆ ئێوەی دەکەم
به دیاری.

# قەدریە زیائی

قەدریە زیائی
– ساڵی ١٩٤٠ لە کەرکووک لە دایک بووە.
– هەر لە قۆناغی ناوەندییەوە دەستی بە خوێندنەوەی شیعر و ڕۆمان کردووە، خۆشەویستی ئەدەب چووە بە دڵیەوە.
– سەرەتای نووسینی بە عەرەبی دەستی پێکردووە، دواتر دەستی بە خوێندنەوەی ئەدەبی تورکی کردووە لەوەو دوا بە تورکمانی شیعری نووسیوە.
– بەر لەوەی کۆمەڵە شیعرێکی بە ناوی (بۆتۆ) بڵاوبکاتەوە ساڵی ١٩٦٩ کۆمەڵێ چیرۆکی منداڵانی بڵاو کردۆتەوە.
– سروشت و ژیانی دەوروبەرەکەی پانتاییەکی لە شیعرەکانی داگیر کردووە، ئازاری کەسەکانی دەوروبەر و ئەو شوێنەی تیادا ژیاوە لە بیر نەکردووە، لە شیعرەکانیدا بەرجەستەی کردوون و ڕەنگیان داوەتەوە.

ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان
ڕەنگە ڕۆژێک
لە پرێکدا بەیەک بگەین
لە ڕۆژێکی بەهاردا، زستان
یان لە خەزانی ڕۆژێکی پایزیدا.
نازانم..
لەو ساتانەدا بە تەنیا نابین
گەڵایەکی وەریو
گوڵێک
ڕەنگە روویەک
بە تەنیا نابین
چاومان لە سەرنجە قووڵەکانی جاران دەگەڕێ
نایبینینەوە..
چونکی ئیتر
چاومان بەیەک ناکەوێتەوە..

# گەڕۆکەکانی ئێستێتیکای دەق لە شیعری هاوچەرخی کوردییدا

پێشکێشە بە (عومەر مارف بەرزنجی)



دەوەن

(شاعیری بلیمەت زمانی پاشەڕۆژ دەخولقێنێت)
پییر گامارا

خەسڵەتی هەرە گرنگی (جەمال غەمبار) ناونیشانی دەقە، ناونیشانی دەق بۆ خۆی هەم لەڕووی ئێستێتیکاوە و هەمیش لەڕووی فۆڕمەوە داهێنانە و خاوەنی کۆمەڵێ پرسیاری هزرییە و بیر لەگەڵ خۆیدا دێنتە بەردیدەی بینینمان و زیهنمان دەورووژێنی، بە دیوێکیتردا ناونیشانی دەق دەبێت هزرو بیر بخولقێنێت، نەک لە چوار چێوەی یەک مانادا لە قاڵب بدرێ، دەقە شیعرییەکانی (جەمال غەمبار) هەمیشە پرسیاری بەردەوام دەخولقێنێت و لەگەڵ یەکەمین خوێندنەوەمانەوە دەکەوینە ناوەخنی گەڕان بەشوێن ماناکانی دەقدا و پەلکێشمان دەکات بۆ ناو سیاقە بەردەوامییەکانی بیرکردنەوە، وەک(میوانەکانی باران، پاڕانەوە لە ئاو، برۆن عیشق ڕێگەتان بێت، نیشتیمانێک هەبوو... پڕبوو لە باخی جێهێشتن) بەمجۆرە (غەمبار) ڕەواجی خوێندنەوە بۆ خۆی مسۆگەر دەکات لەکاتی نووسینەوەی دەق و خوێندنەوەی دەق لەلای خوێنەر، زەروورەتی دەقە شیعرییەکانی (غەمبار) لە گشت حاڵەتەکاندا مانا گەلێکی فرە گرنگ چێدەکەن و لەزەتی زمان و حوزن لە دەقدا دروست دەکەن، ئەوی شاعیر خودی کۆکردنەوەی پرسیارەکانی تەنیایی و خاکە، دەقیش خستنەڕووی پرسیارەکانە بە دیدو پێوانەی زمان و فەنتازیا، ڕووخساری نووسین لای (غەمبار) هەمیشە دەم و چاوێکی عاریفانەیە و دەگەڕێ بە شوێن مانا قووڵەکانی دونیای تەسەوف و لەحزە گەرم و گۆڕەکانی دونیای لوتفدا، ئەم گەڕانە لەزۆربەی دەقە شیعرەکانیدا بوونی هەیە و بارانی وشەو جوانی دەق ئارایشت دەکات، دەقی زیندوو هەمیشە ئاوسە بە داهێنانی نوێ و زمانی دروست دەخولقێنێ، کەلە هەموو حاڵەتەکاندا نووسەری جدی خولقێنەری باس و خواسە نەمرەکانە بە گشت ماناو پێکهاتەکانی دەق خۆی، کەوابێ ئەگەر نەلوا بۆمان لە دروستی زمانێکی دەق قسە و ڕاڤە بکەین، ئەوا ناشتوانین لە زیندووی دەق و جوانی زمان قسەمان هەبێت، ڕەنگە لەزۆر دانیشتنی گشتی باسی جوانی زمان و دەق و ئێستێتیکا بکرێت،

بەڵام هەموو ئەم بۆچوونانە جگە لە بەدحاڵی بوون هیچ شتێکی تازەمان پێنابەخشێت و بە پێچەوانەوە دەمانباتەوە سەر زمانی مەزاج و تێگەیشتنی ناتەندروست، کە بۆ خۆی ئەم دەیالۆژە لەهیچ زەمانێکە جێگەی ئیهتیمام نەبووە و زۆرجار تووشی دابڕان بوون لە ئاخفتنی لۆژیکیانە، پرسی زمانی دەق لە نووسینی ئێمەدا زۆر بە کەمی خۆیمان نیشاندەدات، خەسڵەتی ئەم نەبوونەش دەگەڕێتەوە بۆ کەم ئەزموونی هەندێ لە شاعیرانی ئێمە لە خوڵقاندنی دەقدا، وەلێ بەدیو یکیتردا پرسی زمانی دەق و زەنگینکردنی زمانی شیعر لە چەند قەڵەمێکی هەمبەر ئێمەدا بوونی هەیە و قسەی ناوێ، روون و دیارە وەک (جەمال غەمبار، فارووق ڕەفیق، دلاوەر قەرەداغی، ڕێبوار سیوەیلی، شێرکۆ بێکەس، ئەنوەر قادر محەمەد، دڵشاد عەبدوڵا، سەلام مستەفا، قوبادی جەلیزادە، هیوا قادر، محەمەد عومەر عوسمان، لەتیف هەڵمەت) جوانی ئەم قەڵەمانەی کە ناویان لە ڕیزبەندا هاتووە، جوانییەکە خۆیان و مۆراڵی بەرپرسیارێتی لە ویژدانی دەقدا دروستی کردون، بەدیو یکی تردا ئەم زاتانە خۆیان بە وەڵامدەرەوەی تێکستە ڕۆشنبیرییەکان دەزانن، ئاخر ئەم هزرو بیرکردنەوەیە لە خۆڕاو لە پڕا چێ نەبووە، بەپێچەوانەوە خوێندنەوەی بەردەوام و منەی کایە تازەکانی بواری ئەدەبی لە جیهان و لە ناوچەکە لە ژێر ئاوەزی ئەم قەڵەمانەدا ئاشکراو دیارە و لەگەڵ خۆیاندا دەمانبەن بۆ ناو بیرکردنەوەیەکی تر و نووسینێکی تر کە من ناوم ناوە (گەڕۆکەکانی ئێستێتیکای دەق) ئەم کنەو گەڕانە، هەمیشە دەقی نوێ و زمانی تازەو ڕۆشنبیری چاکترمان لەلا ئاشکرا دەکەن، هەموو دەم ئەم قەڵەمانە لە پێناو زەنگین کردنی زمانی ئێمـەو فراوان کردنی ڕۆشنبیری ئێمەدا، خۆیان دەکەن بەو کائینە سەودا سەرانەی کە هەموو تەمەنیان کرد بەخێر لە پێناو ئیشراق کردنی دەقە زیندووەکانی دونیا ڕۆشنبیری ئێمە، حاڵی حازر ئەم ڕۆحانە لەگەڵ هەمووماندا دەژین، لەتەک گشت ژانرە ئەدەبییەکاندا بوونیان هەس و وێنەیان لەبەر چاوانمانە، ئەگەر بە وردی تێفکرین و تەماشای تێکستەکانی (گەڕۆکەکانی ئێستێتیکای دەق) بکەین دەبینین پرس و ئێستێتیکا لە گشت دەقەکاندا باگراوندێکی زیندووە، لە ناوەخنی زمانی دەق و زمانی ڕۆحدا، گەڕان بە شوێن هەنگاوەکانی شاعیرانی وەک (مەحوی و مەولانا و مەولەوی)دا، بۆ خۆی جۆرە عیشقێکە ئەم عیشقە عیرفانییە دەق لە ناو چاوانی قەڵەمدا بەرهەم دێنێ، کێشەی هەرە گەورەی ئێمە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە زۆربەی هەرە زۆری دێبات و ڕاڤەو شیکارییەکانی ڕۆشنبیرانی کورد، ئیشکردن بووە لەسەر دەقە بێگانەکان و پشتگوێخستنی داهێنانەکانی نووسەرانی لۆکالی ئێمە. دەق بۆ خۆی دونیایەکە لەمانای دروستی زمان و واتا، کەدەبێ ڕەخنەگر نەبێتە هۆی لەناوبردنی واتا و شێواندنی دروستی زمان، کاتێ ڕەخنەگر زمانی دەقی تێکەڵ بە زمانی سروشت کرد ئەوجا، کارەسات لێرەوە سەرهەڵدەدات و دونیایەک جودا لە ماناکانی ئێستێتیکا و واتا دەخوڵقێنێ، مادامەکی زمانی ئەدەب خاوەنی مۆراڵە و واتا دروست دەکات دەبێت لەهەمان کاتیشدا ماناکان لە جوانی زماندا چێبکات، واتە شێواندنی زمان، کوشتنی واتا و تەئویلە لە دەقە زیندووەکانی دونیای ئەدەبدا، شیعر لای من گوزەرێکە بەناو تێگەیشتنەکانی مەعریفە و فەلسەفەدا، مادامەکی شیعر هەڵگری دونیا عیرفانەکانی فەلسەفەیە لەهەمان حاڵیشدا پرسیارێکی پڕ هزرە کەم شاعیر دەتوانێ وەڵامیان بداتەوە، یان کەم ڕەخنەگر دەکارێ تەمی سەر پرسیارەکان پاکژ کاتەوە، بۆ ئەوەی دروست ڕەفتار لەتەک دونیای شیعردا بکەین، بەر لە هەموو شتێ پێویستمان بە داناییە لە شادەمارەکانی فەلسەفەو مەعریفدا، خوڵقاندنی ئەم هزرەش چەندان سەدەی گەرەک بووە بۆ ساخکردنەوەی شیعر و ژانرە ئەدەبییەکانی ڕۆمان، چیرۆک، نۆڤلێت. ژبەر هەندێ ئەزپێم خۆش بوو بەو پەڕی نەزاکەتەوە ڕاڤەی ئەم هێشووە شیعرانە بکەم، کە هەموو کاتێک باسکردنیان لەزەت ئەتکێتە ڕۆحی پەرت بوونمانەوە. لە مێژە حەزم کردووە دان بەو ڕاستیەشدا بنێم کە زۆربەی هەرە زۆری ڕۆشنبیرانی ئێمە خۆیان لە داهێنانەکانی ڕۆشنبیرانی کورد دوورە پەرێز گرتووەو زۆرجارانیش، بۆ خێزگەی نووسینەکانیان سوودیان لە نووسەرانی بێگانە بینیوەو، بە حسابی خۆیان، کورد خاوەنی ڕۆشنبیرو رووناکبیرو داهێنانی تازە نییەو ناچار پەنایان بردۆتە بەر داهێنەرانی بێگانە، خۆدزینەوە لە زمانی دایک و داهێنەرانی هاوزمانی دایک، کێشەیەکی مەزن و هەڵگری قسەو باسی زۆرە کە دەتوانین لەزۆر ڕێگەوە ڕاڤەو شیکاری لەسەر بکەین. لەبەرایی ئەم باسەدا کەڵکەڵەی ناولێنانی دەقە شیعرییەکانی (جەمال غەمبار)مان هێنایە بەرباس، کەدەکرێ لە جەوهەر و ناوەرۆکدا نموونەی قەسیدەی (سوپاس بۆ ئاو کەتۆ لێرەیت) لەتەک ئەم نموونانەی دێنە بەرباس بەراوورد بکەین.

بەهەمان شێوە ناولێنانی دەقی شیعر لەلای (فارووق ڕەفیق) پرسیاری گرنگ دێنێتە بەر دیدەمان، لەڕووی مێژووی، فەلسەفی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، کەدەکرێ ناونیشانی (داستانەکانی خۆرهەڵات لەبەردەم ئاوێنەی زاتی خوادا) لەزۆر لاوە قسە و باسی لەسەر بکەین، ڕەعناترین مانای شیعر، ناونیشانی دەقی شیعرە، کە شاعیر دەتوانێ لە ڕێگەی ناولێنانەوە دونیایەک پرسیارمان لەلا دروست بکات و جوانی دەق و ڕووخسارە جوان و جەوهەرییەکانی دەق بخاتە ڕوو، ڕیتمی دەنگ و دەوڵەمەندکردنی زمانمان بۆ ئاشکرا بکات، هەر لە ڕێگەی ناونیشانی دەقەوە شیعر و شاعیر دەناسینەوە (وێرانە خاک) تۆماس ستێرن ئیللیەت (غەزەلی ئاوی دەریا) فدریکۆ گارسیا لۆرکا (عەتری غەریب وگوڵی خراپە) بۆدلێر (سوراحی شکاو، کلیلی ئاو) ئۆکتاڤیۆ پاپ، سوهراب سپهری (دەنگی پێی ئاو) ئەگەر بەووردی بڕوانینە

عەبدولقادر سەعید (ژنێک لەو پەڕی جوانیدا، شاعیرێ وێنە دەکێشێ)
سەلام مستەفا (پەڕەسێلکەی سپی، خەمی شەوە، نیشتیمانێک بۆ کرێ)
محەممەد کەساس (چاوەڕوانیم درەختێکی باڵابەرزە، سینەم شارێکی خامۆشە)
تەیب جەبار (ئەو ڕۆژەی من دەمرم، بنوو..ئەی یار)
شێرکۆ بێکەس (دەربەندی پەپوولە، پاییزە میوان)
بەرزان هەستیار (لەماڵی ژنێکی عاشقدا، نیشتیمانێک مات وەکو خۆم)
ئیدریس عەلی (وەهابوون خەڵکی گەڕەکی ئێمە، لە ئاوێنەیەکدا جێ بە خۆم ناگرم)
سابیر سدیق (هەناسە حەرامەکانی شاتوو، لە دووریتان عەتر.. لەنزیکتان عەزاب)
ئارام ئیسماعیل (مارۆن.. بۆنی خەونی لێوە دەهات، سالم سنوورەکانی ڕۆح دەبڕێ)
هاشم سەڕاج (شەبەنگی شینی ژمارەکان، کچێک لە سەڵسالی سپی)
لازۆ ( گەر تۆ بمریت، ئەو پیاوەی بە ماچێک داگیرم دەکات)
مەحەممەد عومەر عوسمان (ئەترسم دڵ ببێتە پارچەیەک سەهۆڵ، نوێژێک لەبەر بارانا)
نیگار نادر (دەریاکانم لە عوریاندا تێکەڵ دەبن، لەوێندەرێ مارەم دەکەیت)
ئیسماعیل خورماڵی (کچەکانی هەرێمی باسووق، خوا چەن تەڕە دوولبەری من)
شێخ ئەنوەر (خاک و ئەوین و غەریبی، شاکاری گەردوون)
زانا سامان (ئەگەر تەنیایی لێگەڕێ دڵم لەباراندا شینە، شتێک لە ڕۆحما ستارە دەگرێ)
لەتیف هەڵمەت (پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە، گەردەلوولی سپی)
سەلام سەعید مەولوود (دیدەنی مەرگ، پیری کۆڵانەکانم ئەگێڕێ)
عەبدوڵا پەشێو (هەم تۆم خۆش ئەوێ هەم ئەویش، شەونییە خەوتان پێوە نەبینم)
بەختیار عەلی (لە چاوەڕوانی یەکتردا پیر دەبین، وەک دێوانە هەمیشە بۆ گیا دەگەڕێم)
کەژاڵ ئەحمەد ( وەکو بەرسیلە عاشقم، قاوەیەک لەگەڵ "ئەو"دا)
محەممەد مەردان (بەرد ڕازەکانی بۆ سێبەر ئەگێڕێتەوە، گەڵا وەریوەکەی پایزی دڵ)
چۆمان هەردی (لە ڕووناکی چراکەدا، دابەشبوون)
عیرفان ئەحمەد (دایە سەفەر، سەردەمێکی تر)
جەمال غەمبار ( بڵێی هەڵکات بای عەشقی من، سێوەکانی



دیوانی (زریان)ی ئەنوەر قادر محەممەد دەبینین ناولێنانی دەق چەند عەزابێکی گەورەیە لەلای شاعیر، کەدەکرێ هێندەی نووسینەوەی دەقێکی شیعر، شاعیری تووشی دونیایەک گومان کردبێت و دواجار لەئاست ئەم ناولێنانەدا گومانەکانی تێپەڕاندووەو ناونیشانی قەسیدەیەکی زۆر ناسکی لەجەوهەر و لە مانادا دروست کردووەو ناوی لێناوە (وەرە خوارێ.. ئەی خواکەی غەریبان لە کلکەی هەوری ئاڵەوە وەرە خوارێ) یان (هەموو دڵداری بەیان و نانین) ئەم جوانی و تێپەڕاندنە تەقلیدییەی ناولێنانی دەق، ئامادەبیەکی ئێجگار گرنگی هەیە لە دەقە شیعرییەکانی ئەم شاعیرانەدا:
فاروق ڕەفیق (گوناهی سێ ساڵ خۆشەویستی بۆ فرمێسک، خەونی سپی ڕەبەن)
دلاوەر قەرەداغی (من لە شارێکی زۆر دوورم، قاوەخانەی کچانی بەختەوەر)
دڵشاد عەبدوڵا (شەوەکانی ئامیتا بە درێژایی بابل، گۆڕە شووشەییەکان)
ئەنوەر قادر محەممەد (بم دەرە دەس سەرماو سۆڵە، داستانی ئەڤینی سێوەخان)
حەمە سەعید حەسەن (ئەوین لە پایزی تەمەندا، ئەوینێکی خودایی)
دڵشاد مەریوانی (پیرەمەگرون سەرلە حوجرەکەی نالی دەدا، شەماڵ پێی بڵێ)
هیوا قادر (چاوم پڕ بووە لە تۆ، دڵی من خودای نییە جوانی هەیە)
قوبادی جەلیزادە (شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات، خۆر لەناو پەرداخێکی شکاودا)



بەیرووت)
شیرین.ک (ئەو دەڕوات و لەم باخچەیەدا نامبارێنێ، بەفریش باری)
عەباس سالْح (ئەو شەوانەی کە ڕازی تیا ئەسوتێ، سەگێ بە فریام دەکەوێ)
عەلی پێنجوێنی (مانگ لەفەقیانەکەی دایکمەوە هەڵدێ، باران تر بدوێ هەوری لار)
جەلال بەرزنجی (لەپشت ئاسمان هەمیشەپەنجەرەیەکی شین دیارە، سەمای بەفری ئێواران)
مەهاباد قەرەداغی (من بەهەناسەی پەپوولەیەک دەژیم، زمانت هەورەو پەیڤەکانت باران)
نەورۆز عەباس (شەهیدەکان ئەم هەفتەیە ئەگەڕێنەوە، پەچەی شەرم)
سەباح ڕەنجدەر (ئاهەنگی ناولێنانی درەختێک، سالْی سفر)
شیعر لە جەوهەر و لەمانادا شتهایەکی عەنتیکە و گران لە خۆ دەگرێ وەک. (خودا، باران، ڕەنگ، جوانی، خیانەت، گوڵ، نیشتیمان) بەهەمان جۆر ئەگەر بە وردی تێفکرین دەبینین جینالۆژیا نەک هەر لەناوەڕۆک و زمان و ئێستێتیکادا بوونی هەیە، بەڵکو لەناو خودی ناولێنان و ناونیشانی دەقی شیعردا بوونی هەیە و لە یەکەمین لەحزەی خوێندنەوەی ناونیشانەوە، دەکەوینە ناو بیرکردنەوە لە بنچەناسی خودی ناوەڕۆک و پێکهاتە جوانیناسییەکانی خودی دەقەوە، شیعر موناجاتی دەنگ و بەهاداری زمانە، شاعیری بەئەزموون دەکارێ لەناویاندا ڕۆحی خۆی تیادا پەروەردە بکات تاکو بتوانێ عیبادەتی شاعیرانەی بۆ بخوڵقێنێ، شیعری جوان هەمیشە خاوەنی دەنگێکە کە دەتوانین وەک دەنگی ئاسمان و خودایی گوێبیستی بین و بیخوێنینەوە، یەکێک لەخەسڵەتە گرنگ و جوانەکانی دونیایی شیعری شاعیرانی هاوچەرخی کورد، ئەو ئارامی و بێدەنگییە کەلە دەقە شیعرییەکاندا بەدیان دەکەین، بەڵام ئەگەر بە وردی بڕوانینە هەندێ لە شیعری شاعیرانی (بێگانە) دەبینین قەرەباڵغییەک لەناو دەقەکاندا بوونی هەیە و زۆرجاریش ئەو ناجێگیربوونە بۆتە هۆی تێکدانی میزاجی خوێنەر و لەبەرامبەریشدا خوێنەری تووشی گومان کردووە، ناونیشان و ناولێنانی دەقی شیعری شاعیرانی کورد، گەلێ لە ناونیشانی شاعیرانی (بێگانە) جوانتر و پڕماناترە. ناونیشانی قەسیدەی (پەڕەسێلکەی سپی) سەلام مستەفا، ڕەنگکردنی باڵندەکان و سروشتی ژیانی مرۆڤاکان بەڕەنگی شیعر، بۆخۆی هەڵگری کۆمەڵی مانای جەوهەرییەو دانایی شاعیر لەئاست پێکهاتە گرنگەکانی دونیایی شیعردا دەخاتە ڕوو، بەهامان جۆریش لەناوەڕۆک و ماناداا شاعیرانی هاوچەرخی کورد توانیویانە خالقی شیعر لەلاسایی کردنەوە بپارێزن و دونیایەک لە جوانی بۆ ئەدەبی کورد چێبکەن. قەسیدەی (سوپاس بۆ ئاو کەتۆ لێرەیت) بە خامەی جەمال غەمبار:



(هەموو شەوێک ئەچمەوە ناو بیرەوەری
هەموو شەوێک گەڵاکانی ناو زاکیرەم هەڵئەوەرێن!
هەموو شەوێک بەر لەخەوتن
لەبەر ئاوێنەکەدا خۆم لەتەنیایی ڕۆژ ئەتەکێنم
شیعرێک ئەگرمە باوەش و
دەستێک ئەگرم بەدڵمەوە
نەبادا نیشتیمان بەربێتەوە و هەپروون ببێ
دەستەکەی تریشم ئەدەم بە خوا
نیگەرانی کچ و کوڕە نائومێدەکانی
وڵاتی پێ کۆکاتەوە.
هەموو شەوێ بەر لەخەوتن
خۆم پڕ ئەکەم لە مۆسیقا
دەمو چاوم بە ڕووناکیی مۆمە غەمگینەکەم ئەشۆم
بەر لەخەوتن گڵۆپی سفری نزایەک هەڵئەکەم و
ئەڵێم خوایە، تەنیا ئەم شەو
ئەم شەو و بەس،
لە خەونێکدا بمبەرەوە بۆ نیشتیمان!)

(جەمال غەمبار) لەبەردەم لێپرسراوێتی نووسین و ماناکانی دەقدا، هەمیشە خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت و پێی وایە دەبێت نووسین بەر لەهەر شتێ مۆراڵ بێت و بەرگری لە جوانییەکانی نیشتیمان و یادەوەرییەکانی بکات (تیۆدۆر ئادۆرنۆ) وتەنی (نووسین دەبێت لەبەردەم پرسیاری قووڵدا خۆی ببینێتەوە)

نووسینەوەی مێژووی خۆرهەڵات بەزمانی شیعر، بۆ خۆی دەگمەن کارێکەو سەلیقە و توانایی زمانی گێڕانەوەی دەقی شیعرمان بۆ دەخاتە ڕوو، میتۆدی ئەم زمانەش، ئاشکراکردنی گوزەرێکە بەناو ڕووداوەکانی خودی خۆرهەڵات وداستانە پڕ خوێناوییەکەی لە قەسیدەی (داستانەکانی خۆرهەڵات لەبەردەم ئاوێنەی زاتی خوادا) بەخامەی فاروق ڕەفیق:

(ئای کە خواوەند تاک و تەنیایە ئەمشەو
ئای کە خودا پڕ گریانە ئەمشەو
ئەم شەوە چەندە پڕە لەنووری خودا
خوداوەند چەندە مەفتوونە بە تاریکی
ئەمشەو"
لەچاوی منی دەردا دەبینی کە چەندە خوداوەند
پڕ زریانە ئەمشەو
سێوە، کرمە، ئەسپ
نەهەنگ، سەما، مۆسیقا
خودا ئەمشەو
پڕچنگێ بەخشندەییە خودا ئەمشەو
هێندەی گەردەلوولێک میهرەبان خودا
هێندەی بەرماڵێ
سۆفیەک پاک و بێگەرد خودا
هێندەی غوربەتی
مەولانا خالیدێک غەریبە خودا
ئەمشەو"
خودا لە چاوی سەوزی مندا غەمگینە
ڕۆژ نییە خودا ترۆر نەکردرێ
ژیان چییە جگە لە مێژووی
ترۆرکردنی خودا
ژیان چییە
جگە لە بەسەرهاتی کوشتنی خودا
خۆرهەڵات چییە
جگە لە داستانی مەرگی خودا و مرۆ"
" ئای کەلە چاوی مندا خوداوەند پڕ گریانە ئەمشەو
ئای کە دڵی خوداوەند لە غەمی مرۆ
لەعەشقی ژیان
لێوان لێوە ئەمشەو")

بینینی خوداوەند لەلای فاروق ڕەفیق، بینینێکی عاریفانەیە و لەتەک خۆیدا پەلکێشمان دەکات بۆ ناو داستانە سەیر و سەمەرەکانی خۆرهەڵات، ئەو داستانانەی کە مرۆڤەکان جارێک خوداوەند وەک سۆفییەکی بێگەرد و سپی پۆش دەبینن و جارێک وەک شاعیرێکی سەراپا خێر نەدیو لەخوداوەند و لە مرۆڤەکانی، جارێکیش بەدەستی تیرۆرستێک گشتمان دەکوژێت و مردنمان

حەلاڵ دەکات، شاعیر خوداوەند لە چاوانی غوربەتی (مەولانا خالید)دا دەدۆزێتەوە و ڕاستەڕێ دەمانباتە ناو چاوی پاک و سەوزی خودی ئەو کائینە بێگەردەی کە خودا لە چاوانیدا فرمێسک دەڕێژێ، لەئاست ئەو هەموو گوناهانەی کە خۆرهەلات خاوەنیەتی (پاولۆ کۆیلۆ) وتەنی (لەهەر شوێنێکدا کە بەدوای خودادا دەگەڕێیت، هەر لەوێدا دەیدۆزیتەوە) فاروق ڕەفیق خودا لەناو چاوانی خودی خۆی و مەولانادا دەبینێتەوەو دەخوازێت چیدی خودا و مرۆڤە پاکژەکان غەمگین نەبن و خوداوەند و ژیان، وەک چاوی سەوزی ئەو ببینن.

شەو خەمێکی گەورەی شاعیرانە،کەم کەس دەتوانێ وەک شاعیران لەخەمی شەودا ئێشک بگرن بەدیار مەعنا قووڵەکانی ئینسانیەتەوە، شاعیران لە شەودا هەر هەموویان نیشتیمانێکیان هەیە تەژیە لە فرمێسک و لە ڕۆژانی یادەوەری، ئەوە تەنیا شاعیرەکانن کە ناتوانن بەبێ یادەوەری ژیان بخوێننەوە، قەسیدەی (خەمی شەو) بە خامەی (سەلام مستەفا) گەڕانە بەدوای شەپۆلەکانی خەیاڵ و هێنانەدی خەونی شاعیران.

(خەمی شەوە..
دەریاش لەمن تێناگات چۆن دەکەومە ڕێ
زامی ئەوە..
بۆیە گریانم کەوتۆتە ناو ساڵی نوێ
من شەوانم..
یادی کەشتییەکی وێڵە نزیک دەریا
ڕۆژانەشم..
منداڵێکە بەرگێکی شڕ وا لەبەریا
خۆم ناکوژم
نەبا زریان لافاوی شووم داباڕێنێ
پێئەکەنم..
تا ڕووخسارم شەرمی گوڵیش بوەرێنێ
ڕۆژگاری من..
سەمایەکی بێ ڕەنگ بۆ تامی نییە
دەریایەکە
شەپۆلی شووم گرتوویەتی ڕەنگی نییە
ئەی ڕۆژگارم
ئەم گۆرانییەم یادگارە دەیدەم بە تۆ
دەیدەم بەتۆ
قەت ناپرسم لە ئازاری گریانی خۆ
ئەوا ئێستاش
لە گێژاوی دەریای خۆما ئەتلێمەوە
ئاوازیشم هەموو سەردەم و سەردەمێک
ئەیلێمەوە)

شاعیر بەئارامی و لەژێر دەنگی شەپۆلەکانی دەریادا، شەوی ناوەتە ناولەپی دەستی و بە ئارامی گۆرانی بۆکەشتییە بێ ناونیشانەکان و لای لایە بۆ سەردەمانی مناڵی خۆی و ئێمە دەچڕێ، خۆیشی ناکوژێ، بۆ ئەوەی زریان ڕوئیای ساڵی نوێی و گوڵی تەمەنی نەوەڕێنێ، بێباکانە پڕ بە دەریا پێدەکەنێ و سەما لەگەڵ شەپۆلەکان و باوەش بە یادگارییەکانیدا دەکات. ئەو دەزانێت کەشتییەکان ماڵیان نییە و شەپۆلەکانیش قەلەنەدەرێکی کەنار دەریان، بە هێوری بە زمانی شیعر شەپۆلەکان و کەشتییەکان دێنێتە قسە و تەنیایی ڕۆژەکان و ئازارەکانی دەخاتە ناو ناخی شەوەوە.

ڕەغبەتی پەیداکردنی پرسیار لەناو دەقدا، وەزیفەی شاعیری بە ئەزموونە، کەدەتوانێ لەناو دەقدا پرسی دەق دروست بکات، هونەری گێڕانەوەی شیعریش هونەری زمان و تەکنیکی خودی دەق خۆیەتی، لێرەڕا بۆمان دەردەکەوێت کە پرسی دەق هەڵگری ئەو دەیالۆژە عەقڵانییە کە خودی شاعیر لەناو دەقدا دەیخولقێنێ، خەیاڵی شاعیر زمانی دەقە، زمانی شاعیریش خودی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناوەوەی دەقە، واتە شاعیر دەتوانێ وەک پەردەیەکی شانۆی کارەکتەری شانۆ لەناو دەقی شیعردا نمایش بکات، کەدەکرێ نموونەی دەقی شیعری (پرس) بەخامەی (ئەنوەر قادر محەمەد) لە دیوانی (زایەڵە) نمایش بکەین:

(لێم دەپرسی؛ لەکام زەریای شیرینەوە تۆ هاتووی
گیانت هەموو بارانی سپیی هەنگوینە،
لەبەر کامە خۆری گەشدا تۆ گەورە بووی
چاوت، قژت وا ڕەش بوون،
دەمت، دەستت، هەموو گیانت گڕو تینە؟!
لێم دەپرسی؛ باهۆزی هەڵکردووی سینەت،
هی کام شاخە؟!
ئەی ئەو تەمەی وا ڕووخسارتی داگرتووە،
بۆ مەرگی کامە دڵدارە؟!
ئەی کچی شەنگ!
لە خاکێکەوە من هاتووم،
ساڵی هەزاران فەرهادی تێدا دەمرێ و
دەم نانێنە دەمی شیرین..)

بۆ ئەوەی تەنیایی و دابڕان، زەفەری پێنەبەن و خەیاڵی شاعیرانەی ئاڵۆز نەکەن، شاعیر دەیالۆژێک بەرەگەزی ئەفسانە لەتەک خودی خۆی و دەقی شیعردا، دەخولقێنێ و ئاخاوتنێک لەنێوان پرس و وەڵامەکاندا چێدەکات، بەکارهێنانی ڕەگەزی ئەفسانە لەناو دەقی شیعردا، هۆشیاری شاعیرمان لەئاست داستانەکان نیشان دەدات، خوێندنەوەی شیعرێکی جوان، نیعمەتێکی گەورەیە بۆ خوێنەر، لەویش جوانتر بەکارهێنانی زمانی شیعر و خەیاڵی شاعیرانەیە لەناو دەقدا، دروستکردنی کارەکتەری شانۆی لەناو دەقی شیعردا، گەوهەرێکە ئەندێشەمان لەبەرامبەریدا فراوانتر دەکات، چەند دڵگیرە شاعیر لێرەدا چپەیەکی ناوەکی تایبەت بە خۆی، لەگەڵ

ئەفسانەدا ئاوێتە بە مەراق و غوربەت دەکا و خۆی لەیاد دەچێ و خوازیاریێتی گشت (فەرهاد)ەکانی نیشتیمان دەمیان بخەنە دەمی (شیرین)یانەوە.

ئەو دەمانەی شیعر، ئەفسانە و مێژوو دەنووسێتەوە، ئیدی دەق لەبەرامبەر شاعیردا حیکایەتخوانێک دروست دەکات، واتە خودی شاعیر حیکایەتخوانی گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووی و ئەفسانەکانە، کە دەتوانین لە قەسیدەی (شەوەکانی ئامیتا بەدرێژایی بابل) بخوێنینەوە، لۆژیکی شیعر ئەگەری ئەوەمان دەداتێ کە بتوانین ئەفسانە و مێژوو لەناو دەقی شیعردا لەتەک ئەمڕۆ بەراورد بکەین، ئەم ئەگەری لۆژیکەش هێزی ئەوەمان دەداتێ ڕووداوە مێژووی و ئەفسانەکان لەچوارچێوەی دەقێکی شیعردا بناسێنین، بەتایبەت لەدیدی زمان و جوانی شیعردا، شیعر بەرهەمی شاعیرە، شاعیریش خولقێنەری زمان و فۆرم و واتایە، ئەو دەکارێ ئەفسانەکان و ڕووداوە مێژوویەکان لە خەون و خەیاڵەوە، بگوێزێتەوە بۆ دونیای ئەمڕۆ، دڵشاد عەبدوڵا لە قەسیدەی (دوا شەوی ئامیتا) ڕێگوزەرێکمان بۆ کەشف دەکات کەتەنیا لەلای مێژوونوسەکان نووسراوەتەوە، دڵشاد عەبدوڵا لەم قەسیدەیەدا خۆی مێژوونووس و هەر خۆیشی کارئەکتەرێکی بزێوی دونیای ئەم داستانە شیعرییە، مێژوو بۆ شاعیر جێگەیەکە خۆی و ئێمەی تیادا دەدۆزێتەوە، ئاخر ئەوە شاعیری هۆشیارە کەپێمان ئێژێت شیعر لەهەموو ئاینەکان و مێژووەکان و داستانەکان کۆنترە، دەبێت شاعیرەکان بیانخوێننەوەو بیاننووسنەوە.

(ئەم شەو بمکە بەدۆستی خۆت
جێگەیەکم لە تەنیشت خۆت بۆ ڕاخە
بە نازی مانگ و ئەستێرەکان دڵم ڕاگرە
تاریکیش هەرچییەکم لێبکا
ڕازیم بە ڕەفتاری
ئەی شەو من و تۆ بۆ یەکتر خولقاوین
ئەی شەو من شاعیری خۆتم
شیعرەکان کە جگەرگۆشە من
تۆیان چنیوە
بەنووکی چراکانیان
شاعیری خۆتم بە چریکەی بێدارەکانتەوە
کەشتییەک لەئاوێکی تاریک
لەبەر سێبەری تریفەدا
دوو عاشقی بەسەرەوەیە
خودایە! بمکەی بە سەوڵی دەستیان )

پێشتر لەگەڵ سێ دەقی شیعردا کەلە (داستانەکانی خۆرهەڵات لەبەر ئاوێنەی زاتی خوادا) بە خامەی (فاروق ڕەفیق) و (خەمی شەو)ی (سەلام مستەفا) و (سوپاس بۆ ئاو کە تۆ لیرەیت) لە نووسینی (جەمال غەمبار)دا کەوتینە ناواخنی باس و خواسی (شەو) لەوێدا ئاشکرامان کرد، کە شەو بەهەشتی شاعیر و تێکستە شیعرییەکانە.

دڵشاد عەبدوڵا لە دەقی شیعری (دوا شەوی ئامیتا) ڕاستەڕێ دەمانباتە ناو دونیای شەوی داستانە مێژووییەکانەوەو عەودالّی داستانەکان و مێژووە دێرینەکانی دونیای ئێمەیە، ئەو گەلێ لە مێژوونووسەکان جوانتر، داستانەکان و مێژووە دێرینەکان دەگێڕێتەوە، شاعیران (فەرهاد)ی داستانەکان و( شیرین)ی زمان و دەقە شیعرییەکانن.

ئیدی لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە شاعیرانی ناو ئەم باسە، خۆیان و ناونیشانی دەقە شیعرییەکانیان، پرس و ڕامانمان لەلا دروست دەکەن و هەرلەیەکەمین خوێندنەوەی ناونیشانی دەقەکانیانەوە، خوێنەرو گوێگر دەکەونە ناو کایە عەقڵانی و میتۆدەکانی دونیایی داهێنانەکانیانەوە. لێرەدا ئەز حەزمکردووە چیدی خوێنەری کورد بەچاوی بازاڕ تەماشای دەقە شیعرییەکانی شاعیرانی هاوچەرخی کورد نەکەن و ئەوەی لەدەستیان دێ، خوێندنەوەی لۆژیکیانە بۆ دەقە شیعرییەکان بکەن و دونیای داهێنانی شاعیرانی کورد بەهەند وەربگرن و خۆیان لەناو ناوەخنی باسە گرنگەکانی دەقە شیعرییەکاندا ببینەوەو دونیایەک بۆ خوێندنەوە، لەوێژدان و لەئەفکاریاندا بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.!

## سەرچاوەکان:


١- لاپەڕە پەرشەکان، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی (داهێنانی ڕاستەقینە و داهێنانی ساختە) پیر گامارا.

٢- وێرانە خاک، تۆماس ستێرن ئیللیەت، وەرگێڕانی عەتا قەرەداخی.

٣- غەزەلی ئاوی دەریا، گارسیا لۆرکا، وەرگێڕانی کامبیز کەریمی، هەڵبژاردەیەک لە شیعری شاعیرانی سەدەی بیست.

٤- گوڵی خەراپە، بۆدلێر، وەرگێڕانی ئەحمەدی مەلا.

٥- بەردی هەتاو، ئۆکتاڤیۆ پاپ، وەرگێڕانی ئەحمەدی مەلا.

٦- دەنگی پێی ئاو، سوهراب سپهری، وەرگێڕانی ڕێبوار سیوەیلی.

٧- زریان، ئەنوەر قادر محەمەد، لەچاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد.

٨- ڕووبارێک بە قەڵەمی خۆی، جەمال غەمبار.

٩- تیۆدۆر ئادۆرنۆ، وەرگێڕانی سەلاح حەسەن پاڵەوان.

١٠- داستانەکانی خۆرهەڵات لەبەردەم ئاوێنەی زاتی خوادا، فاروق ڕەفیق.

١١- عاریفانە، پاولۆ کۆیلۆ وەرگێڕانی یووسف محەمەد.

١٢- شەوەکانی ئامیتا بەدرێژایی بابل، دڵشاد عەبدوڵا.



# پەنجەرەکانی ئارابخا

## بە ڕووی ئاسماندا ئاوەڵا نابنەوە

ئەدیب نادر

١

بە خۆی دەڵێت ئەگەر ژیان نیشتمان بێت
ئەوا مەرگ دیکتاتۆرێکی موتڵەقە
نەفیم دەکات بە یەکجاریی نەفیم دەکات
دەڵێی سەفەرم کردووە و
جارێکی تر نایەمەوە
جارێکی تر نایەمەوە بۆ نیشتمان

٢

خرمەژنە ناکاوەکان
زەردەپەڕی ئێوارەیان پڕ کرد
لە باڵەفڕەی هەڵەداوانی پاساری و
ورد و خاشبوون
وەک قەڵبەزە گوێچکەکان ئاوقای ئاسمان بوون
حەوشەی خودا بوو بە گۆڕەپانی جەنگێکی بێ هەدادان
باوکێکی پیر
بە چاوی خەیاڵێکی سەرسام
وێنای ئا ئەو گۆڵەی دەکرد
کە هێشتاکێ قاچی نادیار نەیکردبوو

## ٣

ئەم شوێنە وەک جاران لە خۆی حاڵیم ناکات
قووڵ قووڵ لە تاریکی ڕادەمێنم
وێنەی دۆزەخ سەر ڕووخساری ئاوێنەکان دەسووتێنێ
کە خەو بە یادی ئەستێرەی چاوەکانی خۆم دەسپێرم
شیعر پردێکە لۆژیک ڕایەڵی کردووە
ڕووباری هزر بە ژێریدا ڕادەبووری
شیعر باڵایی بە دەست دەهێنێ
دەگەڕێ پێناسەیەکی تازە
بۆ مێژووی هەناسە تەنگەکانی من بدۆزێتەوە

## ٤

کۆنە سەرینێکی سپی
ماڵی نقوم بووی واقیعت پێ جێ دێڵێت
خەو دەتبات و
دەبێتە کۆترە ماندووەکەی پێغەمبەرێک
هەر بە تەنها ئاو گەمارۆی چاوی دەدات
ڕەنگی پەڕ و باڵەکانت هەڵدەوەرێن
قامچی هەتاو ئەسپی ئاواتەکانت گشت تەرە دەکات
وەک دیدالۆس
سەرابی دەرباز بوونت لەبەردەمدا
دەبێتە دەروازەیەکی سیحر ئامێز
دەزانی ئەشکەوتی دەریا قووتت دەدات
دەربازبوون لەسەر یادی خۆت دەتەکێنی
بیرت لای یادوەرییەکانە
دەترسی ڕەنگ بە شەپۆلەکان نەدەن و
ماسییەکان قووڵایی دەریا لەبیر بکەن

## ٥

گەنج وەک زەمەن
بە قاڵدرمە ڕووخاوەکان دادەگەڕێت
ساتێک لەسەر کۆسپە نزمەکەم ڕاتدەگرم
پەنجەکانت لەناو لەپم ناکەونە سەرپێچی کردن
تەماشایەکی ڕووبارە قەترانییە پڕ داروپەردووەکە دەکەیت
پیر وەک مێژوو
عاشقم شتەکان ڕووبدەن
دەڵێم ژوورەکەم پڕ بکە لە شەهوەتی گەنجییەکی سپی سپی
تەماشایەکی ئێوارە دەکەیت
قامکەکانت وەک ماسی لەدەستم دەخزێن
ئاورێک لە سپێتی گیانم دەدەیتەوە
دەڵێی بەفرە شێتەکە چاوەڕوان بە
نەوشەفەق دێم
پەرداخی قاوەی هەڵماوی نێو پەنجەکان و
کراسە زیوینەکەم بەرە ژووری
قاوەکە چۆڕ چۆڕ بڕێژە ناو بۆشایی هەناوت و
کراسەکەشم بکە بەر ئەستێرەکان

## ٦

دەزگیرانەکەی منداڵیم
بۆتە مەریەمی مەگدەلی و
بۆنی بنیشت لە بزە ئالوودەکانییەوە هەڵدەستێ
خێڵ هەمووی ڕیزیان بەستووە
مشتیان باڵ بە بەرد دەبەخشی
وەک یاساوڵ
چاوی خەڵتانی فرمێسکم
لەسەر ڕێگای مەسیحێکدا بە چاوەنۆڕی دەسپێرم
ڕێگاکە دەبێتە سەراب
پرسیاریش دەنگی ئەو گوناهانەیە
کە هەرگیز من نەمکردوون
دوای چاوەڕوانی خودایە
لە ژێر سێبەری دەگمەنی بیابانێک دەرمدەکەیت
بۆ دەمهاوێتە هەڵدێری منداڵییەک
کە بەهەشتی ونکردووە

## ٧

هەردەم بیری لای ئەوە بوو
لە پاش مردن
خۆی ڕادەهێنێ بخەوێت
ئەو ڕۆژەی تەقینەوەیەک
کتوپڕ بردی بۆ ماڵی تاریکایی
منداڵەکەی لەبەر دەرگاکە وەستا بوو
بە دەستە ئەشکبارەکانی هەیدیی لە خەمبارەکان دەکرد و
دەیووت من لە تەنیشت گڵکۆکە دەمێنمەوە
ڕۆیشتووەکان بوون بە ئاپۆرایەک دڵۆپەی قەتیسماو و
ئەویش لە ماڵی تاریکی خەوی جاوید
هەر بیری لەلای ئەوە بوو
تا هەتایە خەوی لە بیر بچێتەوە

## ٨

سەدەیەک مێژووت بەجێ هێشت
دوای بزربوون هاتیتەوە

کەوتیتە نێو ئایندەی جاڕ و جەنجاڵی
شارۆچکە باستانییەکەت
بە دوای بزرکەرەکەی خۆتدا گەڕایت
وەک جەستەیەک
ماندوێتی خۆت هەڵوەراندە
سەر ڕۆحی زەردی گەڵاکان
دەستەمۆی ڕەنگە هەڵوەریوەکانی خەونێک بوویت
تۆی قابیل پەڵە هەورە پڕ میهرەکەی
سینەی تۆی هابیلی داباراند و
دەریاکەی ئەکلیماشی کرد
بە عەرشە بەتاڵەکەی خودا

٩

پەنجەرەی دەستەکانی خۆمم کردەوە
پەنجەرەی چاوەکانی خۆمم نوقاند
ئەوەتا لێی ڕادەمێنم
خەوم بینی وەکو ئەوەی لەسەر وەتاغەکەی ئەودا بم
فڕیم وەکو ئەوەی لەسەر باڵەکانی ئەودا
دەست لە ئێوارەیەکی ڕەنگاڵە بدەم
ئای خەیاڵ چەند فریووم دەدات
نێرڤانا لە ژیاندایە
منیش هەردەم شتێک دەکەم بە مەهانە
هەتاکو لەگەڵ ژیاندا
مەودای بێکۆتایی بگرم

١٠

شەو خەوێکی تاریکم دیت
سیمرخێک هات کەژاوە ئاوریشمینەکەی خودای هەڵگرت و
کەوتە کۆچێکی خەیاڵی و هەتا هەتایە بزر بوو
کە سپێدە چاوم گێڕا
درەختەکان منارەبوون

ماڵەکانیش گومەزی سەوز
شاریش پەنجەرەی نەمابوو
بە ڕووی ئاسماندا ئاوەڵای بکاتەوە

١١

ئەو بۆ ئینجانەی برسێتی
مرخی لە گوڵێکی بچووک خۆش کرد بوو
کە چووە ناو خەونێکەوە
گەڵاکانی دنیا پێش با کەوتبوون و ڕاویان دەنا
کە ئاوڕی دەدایەوە
هەر بە تەنها خۆی دەبینی

١٢

بەربەستێک دەبێتە ماڵی هەموو قەوزە خەمبارەکان
ئاو شەقڵی خۆی نایەتە بیر
دەکەوێتە ناو تەنوورەی گێژەنگێکی کەفاوییەوە
سەر ئێشەیەکی جوانکیلە یەخەی دەگرێ
کەچی فێرە شەڕانگێزیی شەپۆلەکانی بکاتە مشتێ گەراو
وەک مروارییە نیهانەکانی قووڵایی
لە شەوانی هەرس نەکردنی یەکتر
ببنە کۆمەڵە هەیڤێکی بچکۆلانە

١٣

تۆ بارتەقای هەموو هەورەکانی دنیا
تامەزرۆی ڕشتنی ئاو و
دوو دەستی سەخیت وەکو عەشق
منیش دەریایەکی تژی و
دوو دەستی تا بڵێی خاڵیم
وەکو سارایەکی زێڕین

## ١٤

قژی بوردەباری ئاسمان
بە بارتەقای بێزاریی میلانیاکان بێدواییە
درەختە خۆڵەمێشییە بەرزەکان
هێشتا لە ماڵی زستاندا هەڵدەلەرزن
بەڵام هێلانەی پێواری ناو لقەکان
سەبەتەی جوانی پڕ هێلکەن
پیری شەکەتی ئەندێشە
پڕ دەکەن لە شەققەی باڵە ڕەنگامەکان
من نازانم باڵەکانی کام باڵندە
لەویوە خۆیان دەگرنە ئاسمانەکان
کەچی فڕین هەمیشە فەزاکانی یاد سەرشار دەکات

## ١٥

دەمویست گوێم لە سەدایەک بێت
میهری جوانییەک ببینم
لە ناکاو دەلاقەیەک لە سینەمدا
خۆی خەڵتانی ڕەنگەکان کرد
لەو دیوو پەلکەزێڕینەوە
بزەیەکی غەمبار و شەرمنم بینی
لەو دیوو قووڵایی ڕەنگی شیندا دیار نەما

## ١٦

تۆ ئەی خودا بۆچی تەنها یاخیبوونی من دەبینی و
چارەنووسی ئەهریمەنم پێدەبەخشی
بۆ دەمکەیتە ڕۆحێکی لە خوێن گەوزاو و
هەتا هەتایە ئاوارەی دنیام دەکەیت
تۆ ئەی خودا
پێم بڵێ من لە خۆم هەڵدێم
یان لە سێبەری دزێوی تێپەڕیوێک
کە هەمیشە ئاوێنەیەکی نەفرەتە
لەبەر ڕووخساری ئایندەم

## ١٧

ساڵەکان بە غوباری ماڵئاوایی
ژوانێکی ئێوارە وەختە چێ دەکەن
لە پاش ئەو هەموو مردنە
کە لەم شارە لەبیرکراوەی دونیادا
چاوم ڕووخساری دەبینێ
یەکەم شت دەڵێت دەمناسیت
منیش سەربوردەی ئەو فرمێسکانەی بۆ باس دەکەم
کە لە گریانە کۆنەکەی بە میرات بۆم ماوەتەوە و
تاهەتایە ڕۆحی وشک هەڵگەڕاوم
نقووم دەکات

## ١٨

تۆ ئەی ئەوەی هەر داوای شتی تر دەکەیت
سەر لەبەری عومرت بردم
گشت شادییەکانی زیندەگیت
وەک باڵەکانی پەپوولە
بە فانۆسی نائومێدییەکی سپی
هەڵکرووزاند
دەپێم بڵێ بە نیازی چرای چی تر داگیرسێنی

## ١٩

تۆ ئەی ئەوەی بە گشت پیاوانی دنیاوە
خەو دەبینی
بۆ دەتەوێ سێو ێکمان لە نێواندا بێت
من ئامادە نیم
ئێرەیش هەرگیز بەهەشت نییە
بۆ دەتەوێ
خودا فرێم داتە شوێنێکی مەجهوولەوە

## ٢٠

هەر دەڵێی ئەو پیاوە جوانەی
سەر پشتی شێرە بەفرینەم
کە بێدارییەکی زیوین دوای کەوتووە
هەر لە باوێشکی شەوەوە کە کازیوە ڕادەپەڕێت
لەگەڵ ڕووەک و گوڵە شەونم دارەکاندا پیاسە دەکا و
زوبانی کەمدووی ئەم شارە باستانییە دێنێتە گۆ
کە ئێوارێیش
بە ژێر تاریکییەکانی ئاسۆدا هەنگاو دەنێت
منداڵێکی تاق و تەنیا ڕێگایەکی بۆ دەهێنێ
تا سەرابی ورشەداری چاوەکانی تیا جێ بێڵێت

## ٢١

دەڵێی سەدەیەکە لێرە نیم
من ئیتر شاری زادگام ناناسمەوە
جەنگەڵێکە با بەناو یا گوزەر ناکات
هێشتا دیوارە کۆنەکان پێدەکەنن
هێشتا لەودیوو دەمامکە تازەکانەوە
لمۆزی سوور بەدی دەکەم

## ٢٢

کە بۆ ئەم شارە پڕ لم و دۆزەخییە گەڕامەوە
شاعیرێک بووم
بە بەرچاوی کۆترە کێویلەکانەوە
دزەکان سەریان لە گیانم جیاکردەوە
برینێکی ئەفسانەیی لە ڕۆحمدا هاواری دەکرد
هیوادارم خودا هەبێت
تا لە دۆزەخی جاویدان
تا هەتایە ئەو دزانە بسووتێنێ

# غەریب هەرگیز خانەنشین ناکرێت



سەلام محەمەد

بۆنی غەریبی لە بۆنی ماچی سووتاو دەچێت
لە بۆنی مەمکی نەگوشراو و نەمژراو و بۆن نەکراوی
قەیرەکچێکی خەمگین و چاوەڕێ دەچێت
غەریب هەرگیز پیر نابێت
هەرگیز خانەنشین ناکرێت
غەریب هەمیشە منداڵە
هەمیشە حەزی لە گوڵی سروشتییە
ڕۆژانە لە خەون و بێداریدا بەرەو باخەکانی نیشتمان
غلۆر دەبێتەوە و ڕادەکات
لە ساتی نزیکبوونەوەدا
نیشتمان وەکو سەراب دوور و دوورتر دەکەوێتەوە
نیشتمان بە نەوت گوڵی باخەکانی ئاو دەدات
نیشتمان پڕە لە گوڵی باغەیی و نەوتاوی
***
لە غەریبیدا تەنها نیم
من و کەرکووک هەردووکمان غەریبین
من و شارەزوورەکەی نالیش
قەڵاتەکەی هەولێریش
من و شیعرە جوانەکانی نیشتمان
هەمووماں غەریبین
***
غەریب قەقنەس نییە
پەپوولەیەکە لە تیشک
تاکو تاریکایی ئەنگوستەچاوتر بێت
ئەو زیاتر دەدرەوشێتەوە
هەمیشە بزەکەی مۆنالیزای لە سەر لێوە
هەمیشە چاوەکانی کچە کافرۆشی لە بەرچاوە
غەریب تەنها نییە ، خودا تەنهایە
خودا غەریب نییە
نیشتمان لە ماڵی خۆیدا غەریبە
شاعیرێکیش لە وڵاتی ڤایکینگەکانەوە
سواری بەلەمی بڵێسەی ئاگر بووەو
غەریبی ئەو نیشتمانە دەکات

٢٠١٠/٨/٧

# ئەم پیاوستانە ئەمکوژێ

چنوور نامیق



لەم کەناری خەڵوەتەدا ، قەسیدەیەک ئەنووسمەوە
خێرا دێیت و هەراسانیم
لە بۆ دێنی
دڵم لای تۆ و
پرچم لە لای زیکری گوڵاندا بیر ئەچێ
پیتەکان پچڕ پچڕن
لێ ناگەڕێی
خەیاڵ بیانهۆنێتەوە
جەستەم لای تۆ و
روحم لە بۆنی گوڵەکاندا ون ئەبێ
نووکە لە تەلقینی ساتێکی ژیان بوومەوە و فریای غەریبی
نەکەوتم . . .
گەرمم گەرم
دڵم شوێن پەپوولەیەکی
نەزان و تازە فڕیو کەوتووە
ڕێگا ئەبرم
بەرەو ئەشکەوتەکانی ئارامی
تەنیا من و سەگێکی خەواڵووتر لە من
لەم درامای بێدارییە
زیندەخەون ئەمانباتەوە
خەیاڵ دیسانەوە ئەمبا
بە نیازم دڵۆپەیەک
لە خەونی ئاو بخۆمەوە
کەچی لێوم لە لای تۆ بیرچووە
بە نیازم
بگەڕێمەوە لای ژیان




وەلێ کەشیدە بەسەرێک
خەونەکانم بەتاڵ ئەکاو
نۆتەکانی نەسرەوتنم
لە بۆ دێنێ . .
وەک ڕاهیبەیەکی بەجێماو
پرم لە وەنەوزی بڕیارلە نزای تازە زەیستان
ژیان لە خۆڕا ئەمگێڕێ
ئەو
لە موبتەلابوونی گوڵێک ئەچێ
بە نەهاتنی هەنگەکان
فیراق لە بێ شەوقی ڕووم چێ بووە
چ ڕێیەکی دی شک نابەم
لە بۆ گەیشتنم بەخۆم
لەبەر مۆمێکی لەرزۆکدا
ڕەنگ بۆ لێوم هەڵئەبژێرم
تۆش دێیت و بە ڕووی ساردەوە
ئارامیم لێ ئەکەیتەوە
لەم خەڵوەسێبەرانەدا
ڕێگا بۆ ئەلای تۆم ئەبا
ئا لەوێشدا
من و سەگێکی خەواڵوو
باس لە وەفای مرۆڤ ئەکەین
باس لە شوێن پێی قەدەری

کەهفەکان ئەکەین
باس لە کورتبڕی نووستن و
چاوی سووری عەشق ئەکەین
لەوێش دوو فاتیحەی
بەتاڵ بۆ
عەشق و وەفا دائەدەم
لە ئەدای فەرزەکانی پێکەنین نابمەوە
شیعرم ملوانکەیەکی پچڕاوە
بە گەردنی خەیاڵەوە
فەنا ئەبێ
روحم بە شوێن پەپوولەیەکی نەزاندا
سەرگەردانە
بیری ئادەمیش خەواڵوو
لە کەهفەکاندا جێ ماوە
جارنە جارێ
پێکە بەتاڵەکەی دەستم
ژیانم بیر ئەخاتەوە
چەند بەتاڵە



# ستایشەکانی عیشق

فەرەیدوون سامان







وەرزێکی دیکە ماوە بۆ عیشق
ژوانێک بۆ ئاوێتەبوونی هەست
ئاوێتەبوونی رۆح
بەرلەوەی مانگ ئاوا بێ
چۆلەکەکان بەسەر درەختەکانەوە بمرن
شلپە و شۆڕی تاڤگەکان کۆتاییان بێ
بەفرەکانی بتوێنەوە
سەراپای زەوی ببێتە ئاو
ئاو جوانی خۆی لەدەست بدات
خۆرەتاو بەرائەتی خۆی بدۆڕێنێ ،
ئەی عیشق وەرە ، تۆ نەبیت
پەپوولەکان روو لەگوڵی باخچەکان ناکەن
رووناکی پاڵتۆی تاریکی دەپۆشێ
منداڵەکان ئیدی خەون بەیارییەکانەوە نابینن
فرمێسک ژەنگ دەگرێ
هەناسە دەبێتە چەقۆ
سێبەر، تارمایی
شەقامەکان بەمین دەچێنرێن
درەخت دەبێتە خۆڵەمێش
هەور قامچی گڕ دەوەشێنێ
جوانی دەبێتە برین
ماڵ، گۆڕستان
نیشتیمان، تاراوگە.
تۆ نەبیت ...
منداڵەکان زوو پیر دەبن
پیری کەنەفت و ئوفتادە
باڵندەکان لە فڕین دەکەون
رەنگەکان دەمرن
قسەکردن دەبێتە لاڵی
گۆرانییەکان، کەڕ
رێگاکانیش ناچنەوە سەر یەک...
تۆ نەبیت
تەمی خەمۆکی رووخساری ئاسمان دادەگرێ
شەممە دەبێتە سێ شەممە
ئەمڕۆ، دوێنێ
دارستان دەبێتە بەرد
سەرەتا، کۆتایی

## ستایشەکانی ئاوێنە

ئاوێنەش لە سیمام راماوە
دەڵێی نامناسێتەوە
بەگومانە من خۆم بم
منی میراتگری عیشقێکی ئەفسانەیی
لەوەرزی خنکانی هەناسە و
بەدمەستی ئەفیوونی گوڵەکان
منی جێماو لەدووریانێ
سەرە رێیەکی مەرگە و
ئەویدیکەش لێژدەبێتەوە

بەرەو چاڵی فەنابوون...
لەیۆتۆپیای عیشقدا
سەفەر خەونی مەحاڵە
نەگەیشتنە بە بۆنی گوڵەکان،
ئاوێنەش بەگومانە
کەمن خۆمم
یان ئەو نیم
ئەریٚ... بەڕاست
تۆ بڵێی ئەوە من بم
ئەدی بۆ لەخۆم ناچم !؟
ئەوە رووباری رۆحی کێیە وشک بووە
کەنارەکانی حاشا لەجەستەی دەکەن
ترۆپکی کام کێوە
بوومەلەرزەی نائومێدی
هەپروون بە هەپروونی کردووە
گڕکانی کام گوناهە
سەراپا جەستەی داگرتووە
نا ئەوە من نیم
من دەمێکە
ژیانم کاتژمێرێکی خەوتووە
ئیدی چما ئاوێنە بمناسێتەوە
جارێکی دی ئامێز بۆ سەرگەردانیم بکاتەوە ،
من کە پیرێکی هەزار ساڵەم
لەوەتەی هەم
سەرگەردانی شارەکانم
کەچی هێشتا
لەسووچێکی کوچەی عیشقی ئەودا بەجێماوم...
ئیدی بێهوودەیە خەیاڵ
خەو بینین
لەنێو ژوورێکی تاریک
گۆرانی چڕین ،
رۆژگار تێپەڕی
هێشتا پاسارییەکان نەگەڕانەوە
لەئێوارەیەکی پاییزیدا
بەنێو هەورەکاندا پەرت بوون
هەڵفڕین ،
نەبەرەبەیان
نە دەمەو ئێوارە
هەنووکە شتێکم وەبیر نایێ
خەیاڵم تەنها لای گوڵەکانە،
بەڵام ئەو وێنەی تاوسێکی لەخۆبایی
جیلوەیەکی نیشاندام و ڕۆیی
ئاوازی شڵپەی شەپۆلێکی رەنگاوڕەنگی بۆ هێنام
لەگەڵ گویرانی ماڵاوایی کەنارەکان
لەو هەموو گۆزەی شەرابە
تەنها دەنکە ترێیەکی بۆ کردمە دیاری.

## توخمەکانی عیشق

عیشق کتێبی رازەکانە
هێشتا کۆدەکانی نەخوێندراوەتەوە
عیشقی ئەو خەونی رەنگاڵەیی
منداڵێکی ساوایە
خەستترین شەراب و
سادەترین خەیاڵە
عیشقی ئەو ، هەنگوینێکی تاڵە
عیشقی ئەو
کارمامزێکی چیایی بوو
دەستێک هات و هەڵیگرت
وێنای پڵنگێکی کاغەزی
نێو چیرۆکی منداڵان لرفی کرد
ئەو رەدووی ئەندێشەی شاعیرێ کەوت ،
ئیدی لەو رۆژەوە
پیتەکان بوونە تەم
وشەکان لەشەقەی باڵیاندا
وێنەکان سڕانەوە
ئێستێتیکا ئیدی واتایەکی نەبەخشی ،
لەوساوە نەکەس هەواڵی دەزانێ
نەچاوەکان شیعرەکانی دەخوێننەوە
نەباران سەردانی زەوی دەکات
نە سلاوێکیش دەنێرێ بۆ ئەستێرەکان
درەختەکان وشک دەبن
کەسیش نایەتە پرسەی گەڵاکان
لەو ساوە ساتەکانی دیدار پیربوون
کاتەکانی ژوان بەسەرچوون ،
ئەو لەوەتەی هەواری عیشقی جێهێشتووە
شیعریش هەواری خاڵییە لەواتاکان
کەس نازانێ بەرەو کوێ
کام تاراوگە باری کردووە.
ئێستاش کە جارجارە وڕێنە دەکەم
تای شیعر دەمگرێ و بەرم نادات
رۆحم رووباری خوێنی بیرەوەری
ئەوی لێ دەچۆڕێ...

ئاسمان بەرەو ژوور هەڵمدەکێشێ
خاک بۆ هوندر رامدەکێشێ
ئاو دەمباتەوە نێو دەریا هەڵمدەلووشێ
ئاگر بەرگی عیشقی ئەوم لەبەر دەکات
دەبمە کوانووی خۆڵەمێش
خەیاڵی عیشقی ئەوجارێکی تر
ژیانم پێ دەبەخشێ

## چامەکانی عیشق

وێڵە سێبەری من
بە شوێن هەنگاوەکانت ،
چاوی شار شەکەتە و رێگا ون
بستێک نەما لەشەقامی نیگەرانی بۆت نەگەڕێ
کەچی نە پێکدەگەین
نە لێکترجوێدەبینەوە ،
شەو ناخەوێ ، بەڵام کە تۆ
نیگات تیشکی رۆژە
فرمێسکت ئاوابوون
ماچت زەردەخەنەی مانگە
لێوەکانت خولگەی گەردوون ،
تۆ چیرەی درێژترین حیکایەتی عیشق بووی
لەدرێژترین رووباری عیشق دەچووی
عیشقت خۆرەتاوێکە بە دەستمەوە
تاریکی شەو راودەنێ ،
کە ئاوێزانی یەکتر دەبین
با دەهۆڵ دەژەنێ
هەور سەما دەکات
فریشتە گۆرانی دەچرن
برین سارێژدەبێ
هەناسە دادەمرکێ
گڕکان خامۆش
تاریکی خۆی لە شەو دادەماڵێ
رووناکی لە رۆژ
رەنگ لە خۆی
تۆش لەمن
دوو ئاراستەی جیاوازین
من و خۆم ...
گوڵێکیم بەدەستەوە گرتووە
بە دەستێکی دیکەش شمشێر
کێڵگەی زامێک دەئاژنم
من هەمیشە گوناهێکم کردووە
بەرەو ئامێزی تۆش دەگەڕێمەوە
زەمەن قیتاریکە بێ ئاوڕدانەوە دەڕواو....دەڕواو ناوەستێ
وێستگەکانی ئەزموونی شیرین و تاڵی جێدەهێڵێ
بە هەموو وەرزەکاندا رادەبرێ ،
رێگا سەخت و کاروان دوورە
گەیشتن بە تۆش خەونی مەحاڵە
– ئێستا واگۆنێکی خاڵییە زێدی من ،
تۆ کە رەگت بە ناخمدا رۆچووە
عیشقی سەرشێتانەم خولیای هەورێک بووە
باران تاری بۆ دەژنێ
برووسکە ئاوێزان دەبێ بەتەم
هەناسەت ئاوێتە دەبێ بە هەناسەم
کە دووریت نزیکییە
بێدەنگیت تاریکییە
تاریکیت رووناکییە
لەو شەوە نووتەکانە
لەم چاوەڕوانییە بێهوودەیە
چرایەکانت بۆ هەڵدەکەم ،
تۆ خەیاڵی وەک نیشتمان
سنوورەکان دەبەزێنی
یاساکان پێشیل دەکەی
دەبی بە هاودەمی زیندان و
بە نێچیری چەقۆی
دەستی رەشی تاوان ،
تۆ گەواڵە هەورو من ژانی برووسکە
تۆ زەریاو من شێتی شەپۆل
تۆ کێو و من هەڵدێری لووتکە
تۆ ئاگرو من مشتێ خۆڵ
تۆ ئازار من چەشتن
تۆ شارو من نامۆیی
تۆ وێستگەومن نەگەیشتن
تۆ رێگای هەموو رێگاکانیش بە تۆ دەگەن
من کوچەیەکی بن بەست
یەک هەنگاویش بە تۆ ناگەم،
پشکۆو کلۆبەفر
ئاوێزانی یەکتردەبن
بە هاتنت...
شەوبووکێکی یەکشەوە
رۆژ پیرێکی هەزار ساڵە
هەموو شتێ کۆتایی دێ
تەنها سێبەری تۆ جێدەمێنێ.



# خۆشەویستی لە دوا وێنەدا

## لە شیعری "سەمای بەفری ئێواران" ی جەلال بەرزنجی

رێبین ئەحمەد خدر

مرۆڤـ وابەستەی مانەوە بووە لە سەر زەمین، ئەمەش وایکردووە ئاگا و بێ ئاگا بۆ نهێنی مانەوەی خۆی بگەڕێت، هێزێک لە ئەودا بەرەنگاری ئەو دیاردانە بکات کە ژیانی ئەویان بەسەردا دابەش بووە و چۆنییەتی ئەم بەرەنگاربوونەوەش بەردەوام گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە هەمانکاتدا لەگەڵ بەرەو پێشچوونی شارستانییەت و هەنگاونانی مرۆڤ زیاتر ویستوویەتی پارێزگاری لەو خەسڵەتانەی خۆی بکات، کە هاوسەنگیان لەگەڵ نهێنی مانەوەی لە ژیاندا دروستکردووە، ئەمەش وەک پەرچە کردارێکی سروشتی خودی مرۆڤـ خۆی، بەڵام ناکرێت ددان بە دوالیزمی ئەو کاردانەوانەدا نەنێین کە زۆرجار مرۆڤ بە دیوێک لە دیوەکان پێچەوانەی ڕێگابڕین بۆ مانەوەی خۆی هەنگاوی ناوە.

دەکرێت بپرسین چی وا لە مرۆڤ دەکات تامەزرۆی مانەوەی هەبێت لە ژیاندا؟ ژیان وەک مەودا چۆن خۆی درێژدەکاتەوە؟ ئاشکرایە قۆناغەکانی تەمەن و حەوانەوەی مرۆڤ ئەوە نیشان دەدەن کە مرۆڤ بوونەوەرێکە خەریکی گواستنەوەیە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و هەر کات و شوێنێکیش، شتێکی تر بە مرۆڤ دەدەن، قۆناغ بە قۆناغ چاوەڕێی شتێکی ترە و بوونەوەرێکی چاوەڕوانە. چی چاوەڕوانی دروست دەکات؟ ئەو شتانەی نەهاتوون و مرۆڤ چاوەڕێ دەکات بێن. دەکرێت بڵێین ئەو وێنانەی نەهاتوون، نەماندیون؟ بەڵێ..کەواتە مرۆڤ چاوەڕێی تابلۆیە نوێیەکانە. یەکێک لە هێزە هەرە گەورەکانی مانەوە و تامەزرۆیی بۆ ژیانیش شەیدابوونە بۆ بینینی شتە نوێیەکان و سەرسامیی بۆ ئەو شتانەی نەبینراون. مرۆڤی نائومێد، یان کەسانێک کە هەوڵی خۆکوژی دەدەن شەڕی هەرە گەورەیان لەگەڵ ئەو سەرسامییەیە کە لە خۆیان دا بەرامبەر بە ژیان و دیاردەکان دا بوونی هەیە، کاتێک سەرسامی و چاوەڕوانی بۆ شتێکی تر لە گۆڕێدانییە، لەوێدا کەسی نائومێد ئامادەیی هەیە.

دوای ئەوەی دەزانین سەرسامی کار بۆ ژیان دەکات تاوەکو مرۆڤ

ڕابکێشێت، ئیتر ئەو دیاردە سروشتییە وەک هێزێک مرۆڤ بۆ خۆیشی هەوڵی دروستکردنی دەدات، دەیەوێت کار لەسەر چاوەڕوانی و سەرسامی خودیی خۆی بکات چ لە دەرەوەی خۆیدا، یان لە ناوەوەی خۆیدا، هەندێک جار ئەم کارکردنانە تێکەڵ دەبن و ناناسرێنەوە. هەندێک لەم هێزانە کە بە توندی پەیوەستن بە سەرسامی و چاوەڕوانی و ئەو فاکتەرانەی کار لەسەر مانەوەی مرۆڤ دەکەن، هەرچەندە لە بنەڕەتدا پڕن لە سەرسامی سروشتی مرۆڤانە، بەڵام خاڵیش نابنەوە لە هەمان ئەو دیاردانەی مرۆڤ خۆی دروستیان دەکات و درێژەیان پێدەدات. یەکێک لەم هێزانە کە خاڵی گەورەی سەرسامی و نوێبوونەوەیە لە مرۆڤدا و کێشی دەکات: خۆشەویستییە.

خۆشەویستی هاوارێکە بۆ گەیاندنی دەنگی مرۆڤ بە زەمینی خۆی، دواجار خوودی عاشق ئەم دەنگەی بۆ دەبێتە جەستە و لەنێویدا دەژی. تێپەڕکردن و فراوانکردنی ئەم دەنگەش پەیوەست نییە بە هاواری عاشق ئەوەندەی پەیوەستە بەو بێدەنگییە ترسناکەی تەنها عاشق دەیبینێ و نائارامی دەکا، چونکە عەشق خۆی کردەیەکی نائارامە.. هەرکەسێک بۆ ئەوە ڕووی تێبکات لەنێویدا لە کونجێکدا ئارامبگرێ، گەیشتن و ڕۆیشتنی هاودەم دەبن.

لە شیعری "سەمای بەفری ئێواران" ی " جەلال بەرزنجی" دا .. هەست بەو بێدەنگی ترسە دەکەین کە عاشق لە ڕێگەی ئامادەنەبوون و ونبوونی خۆشەویستییەوە دەیابینێت. لەم دەقەدا خۆشەویستی هەر لە دەربڕینی چۆنییەتی و چەندێتی شەیدایی و تاسە بۆ یار تەواو نابێت ، بەڵکو خۆشەویستی لەگەڵ خۆیدا چەند جەمسەرێکی تر دێنێتە کایەوە و ئەم جەمسەر و خاڵانەش لەناو شیعرەکەدا بەریەک دەکەون. بۆ ئەمەش دوا وێنەو دێرەکانی شیعرەکە هاوکێشەی ئەم بەرەنگاربوونەوەی عاشق لەگەڵ فەزای دەرەوە و ناوەوەدا تەواو دەکەن. لێرەدا بۆ ئەوەی بتوانین ئەم هاوکێشەیە نیشان بدەین و پەیوەندی و پردی نێوانیان دەست نیشان بکەین، دەبێت لەکۆی تێکستەکەدا خۆشەویستی لە چەند گۆشەیەکەوە تەماشابکەین.

بەفر تا ئەو شوێنەی ئێوارەکە ،
تۆم لێی بەڕێ کرد باری، بەهار،
لەژێر پێخوسی بەفرا نەمابوو!
بۆنی کای هاوینیش دەهات
لێرە نەبووی ، بە تەنیاش نەچوومە تووتن
ڕست کردن ، چ دەزانی
چەندم خۆشدەوێی !

"سەمای بەفری ئێواران" لە فەزایەکی سروشتی و لادێیی دا ئەو مەودایە نیشان دەدات، کە خۆشەویستی کاری چنینی بۆ دەکات. لەم دەقەدا سروشت ناکەوێتە ناو خانەی وەسفکردنێک کە تەنها نیشان بدرێت و ببێتە لێچووی شتێکی تر، یان تەنها بۆ مەبەستی ئێستێتیکی بەکارنایەت، بەڵکو دەقەکە خۆی لەناو سروشتدایە و سروشتیش لە ناو دەقەکەدا. بۆ ئەمەش حاڵەت و گۆڕانی وەرزەکانیش لەگەڵ خۆشەویستیدا هەنگاو دەنێن، ئەو دوورکەوتنەوەی لەم دێرانەدا دەیبینین سەرەتای حاڵەتی جوودایی ( فیراق)ی ناو دەقەکەیە کە دواتر بۆ حاڵەتەکانیتری ترس و بێدەنگی و بیرکردنەوە لە خۆکوژی دەگۆڕێت. لەسەرەتای دەقەکەدا کۆتایی بینینی یار دەبینین بەشێوەیەک بەفریش وەک ئەوەی ماڵئاوایی لە یار بکات:

بەفر تا ئەو شوێنەی ئێوارەکە،
تۆم لێ بەڕێ کرد باری...

لە دوای ئەم دێرانەدا ئیتر ململانێ و بەیەکداچوون دەکەوێتە نێوان "بینین و نەبینین" بزربوونی خۆشەویستی لەگەڵ خۆیدا وێنەکانیش ون دەکات. ئەم ونبوونەی لە دەقەکەدا هەیە لەگەڵ خۆیدا چەند پرسیارێک دەهێنێت: خۆشەویستی چۆن لەگەڵ بینیندا پەیوەندی دەبەستێ؟ ئایا وێنەی یار بەچەند شێوە خۆی دەردەخات ؟ عاشق لە وێنەی یاردا چی دەبینێت ؟ ئایا یار دەبینرێت؟. هەر ئەم چڕبوونەوە لەسەر ونبوون و نەمانی وێنەی یار دەبنە هۆی نائارامیی و بینینی ئەو فەزا ترسناکەی لە ئەنجامی ونبوونی یار و ڕۆیشتنەکەی لە دێرەکانی دواتری دەقەکەدا دەردەکەون. خۆشەویستی هەروەک لەم دەقەدا دیارە لەوە دەردەچێت تەنها یەکڕەنگی بینینی هەبێت و هەموو ڕوانینەکان برژێنێتە سەر ئەم خاڵە، یان بیانکات بە قوربانی ئەم خاڵە، یان دەکرێ بڵێین بیانکات بە قوربانی یار بینین لەم دێرانە لە ئەنجامی ونبوونی یار دەگوازرێتەوە بۆ بینینی تر کە هەستکردنە بە ترس و وەستانی ژیان و (دەست هەڵگرتن لەکار) چوون بەرەو جۆرێک لە تەماشاکردنی دونیا بە بێ مانا. ئەوەی وایکردووە دەقەکە لەناوەخۆیدا شێوەیەک لە شەپۆلی هەژێنەری هەبێت ئەو گۆڕانانەن کە لە نێوان ڕۆیشتن و بێ دەنگی – بێ مانایی و خۆکوشتن دا خۆیان دەنوێنن. هەستکردن بە ترس و دەستهەڵگرتن لە ژیان لەم دەقەدا ڕاستەوخۆ لە ئەنجامی دروستبوونی جۆرێکی تر لە بینین دێتە کایەوە.

دروستبوونی بینینێکی تر لە نەبینینی یاردا.ئەم بێ ماناییەش پەیوەست دەبێت بەو ئازارانەی عاشق لە بیرکردنەوە و کێشانی وێنەی یاردا بۆی دروست دەبن.

شەوان کوندەکە چیم بەسەر دێنێ ؟

هەموو شەوەکانی پایزی پار گوێت لە دەنگی بوو

بە تاو خۆت بە باوەشم دا دەدا

کێشانی وێنەی ئازار لەگەڵ ونبوونی یاردا لەم دێرانەدا دەردەکەوێت، چونکە نەمانی یار بینین فراوانتر دەکات و خوێندنی کوندەکە و پەیدابوونی ترس ئەمە ڕوونتر دەکەنەوە.هەر وەک لە شیعرەکەدا دەیبینین عاشق دوای نەمان و ونبوونی یار بە تەواوی گیرۆدەی، یان ناچاری بینین و هەستکردن بە وێنەکانی تر دەبێت، ئەمەش وا دەکات ئازار پەرە بسێنێ و لە یاردا چەندین دەروازەی تر بێنە پێشەوە. ئەم تێنووبوونە بۆ بینین وامان لێدەکات بڵێین لە خۆشەویستیدا وێنەی یار هەرگیز بە تەنها هی خۆی نییە، لەم دەقەدا بینین دوای یار پەرت دەبێت بۆ بینینێکی گشگیرتر، ئەم تاسەکردنە بۆ دیدار لە خۆیدا تاسەکردن بۆ تێگەیشتن و بینینی چەندەها شتیتریش هەڵدەگرێت کە عاشق لە ئەنجامی بیرکردنەوە لە یاردا پێیان دەگات، کەواتە بینینی یار لەم دەقەدا هەر بەهۆی ونبوونی نییە و بەسەرچوونی نییە لە بەهاردا، بەڵکو ترسیشە لە نەبینینی یار لەناو ئەو هەموو وێنە و سیمبۆلانەی دایانپۆشیوە، یان ئازاری بینینی هەموو ئەو شتانەن کە لە خۆشەویستی ئاڵاون.ئەوەش وادەکات خۆشەویستی درێژەی هەبێت، کاتێ توانای تەماشاکردن و دۆزینەوەمان نەماوە چیتر عاشق نین.کەواتە عاشق دەڕوانێتە شتێک کە هەرگیز هەمووی – گشتەکەی – نابینێت.بە دوو جۆر لە دەقەکەدا خۆشەویستی دەکرێ ببینین، لە شوێنێکدا کە هەڵگری بیرکردنەوە و ڕامانە لە ژینگەو دەروبەر و بردن بەرەو بێ مانایی و بێدەنگی ( دەنگی کوندەکە).لەشوێنێکی تریش بەرگەنەگرتنی بینین لەدوای نەمانی وێنەی یار، یان هەر خودی یار. لە حاڵەتێکدا بە تایبەت لە دروستبوونی وێنەکانی تر و مامەڵەکردن لەگەڵ بوون لە دوای یار ئەوەمان نیشان دەدات خۆشەویستی لە یاردا کۆتایی نایەت (تایبەت لە مەسەلەی بینین دا) لە حاڵەتێکیتردا دژایەتیەک دروست دەبێت کاتێک نەبوونی یار دەبێتە هۆی نەبوون و نەمانی دەوروبەر و کار و شتەکانیتریش.

لە "سەمای بەفری ئێواران" دا خۆشەویستی لەنێوان دوو شەپۆل دا دێت و دەچێت، شەپۆلێک خۆشەویستی تەنها لە یاردا قەتیس ناکات، شەپۆلێکیتر کە زیاتر بەرەنگاربوونەوە و پەرچەکردارێکە لە بەرامبەر ئازاردا (ئەمە لە کۆتایی دەقەکەدا دەبینرێت) یار دەکات بە سێنتەر و نەمانی یار دەبەستێتەوە بە نەمانی خۆشەویستی و خۆشەویستیش گرێ دەدا بە مەرگ.

ئێستا بەردەوام دەخوێنێ و ،

بە تەنیاش گوێم لێیەتی!

دیارە منیشت فێرکردووە لە دەنگی بترسم،

ئەوا دەترسم و دڵیشم توند دەبێ،

بەهاریش ناگەڕێتەوە.

نزیکبوونی خۆشەویستی لە مەرگ لەم دەقەدا (ئەگەری خۆکوژیی) پلە بە پلە دەست پێدەکات. ئەم خۆکوژییەش لە ئەنجامی ترس لە تێکەڵ نەبوون هاتۆتە کایەوە، ئەگەر لەم تێکەڵبوونە بڕوانین هاوسێیەتی ئەوین و مەرگمان بۆ دەردەکەوێت.ئەوە ڕاستە کاتێ خۆشەویستی فراوان دەبێت لەم دەقەدا و یار ون دەبێ، بێ مانایی ئاراستەیەک وەردەگرێت بۆ خۆکوژی، بەڵام ئەوەش فەرامۆش ناکەین ئەو خۆکوژییەی ئەگەری ئەنجامدانی نیشاندراوە گوازراوەتەوە بۆ ڕوانگەیەک کە یار وەک خاڵی بەیەکگەیشتنی هەموو لایەنەکانی بوون تەماشادەکات، واتە کاتێ یار نییە شتەکانی تریش نین.

ئەم ئەگەری خۆکوشتەکە لەم دەقەدا بەهۆی هەڵچوونێکی شیعریی و عاشقانەوە دەردەکەوێت،چەندە لە دوورکەوتنەوەیە لە یار دوو ئەوەندە ئازاری ئەو دنیا پارچە پارچەیە کە تووشی عاشق دێت.لەلایەک (خۆکوژی)یەکە خۆی وەک چەندێتی ئەویندارى و شەیدایی دەردەخات لە لایەکی تریش وەک کۆتاییهێنان بەو پرسیار و بێ ماناییەی بە نەمانی یار قووڵتر دەبنەوە.بەڵام چۆن لەم دەقەدا یار لە دەورو بەر و هەستی ترس و بێدەنگی جیا دەکەینەوە؟ چونکە دونیا کەوتۆتە دوای وێنەی یار . ئایا یار وێنەی دونیا تەواو دەکات، یان بە پێچەوانەوە؟ ئەمە بۆمان دەردەخات کە (یار) بریتی یە لەم وێنانەش کە خۆشەویستی لە ئەنجامی بیرکردنەوە پێی دەبەخشێ. خۆشەویستی گومانی تێدانییە بەهۆی بوونی فیراق و بەردەوام ئامادە نەبوونی یار. زیاتر کار لەسەر هەمان ئەم وێنە و هەست و خەیاڵانە دەکات کە عاشق لە یارەوە دروستیان دەکات. هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی گواستنەوەی یار لە جیهانی واقیع و ناسنامەیەکی سادە بۆ جیهانی عەشق و ناخی عاشق و ناسنامەیەکی نادیار و هەمیشەیی. بەمەش بوونی یار دەگۆڕێت و عاشق لە خۆشیدا بۆ یار دەگەڕێت، ئەم بەدوادا گەڕانەش فیراق و ویساڵ لای عاشق لە یەک نزیک دەکەنەوە، چونکە

دۆزینەوەی تەواوی یار ناگاتە کۆتایی و ویسالٚ دووبارە فیراقێکی ترە. پرسیارەکە ئەمەیە لەم دەقەدا چەندە خەمی ویسالٚ و تاسە بۆ بەیەکگەیشتن فیراقی کورتکردۆتەوە، یان کردەی خۆکوژییەکە (واتە لەناوچوونی عاشق) چەند دوورکەوتنەوەیە لەو دونیایەی بەهۆی پرسیارەکان رووێکی تری دەرکەوتووە؟

لە خۆشەویستیدا بە شوێنێک دەگەین کە بەیەکگەیشتنی واقیعی بۆ یار بەیەکگەیشتن و ئاوێتەبوونی تەواونییە،عاشق بەجۆرێک هەردەم لە فیراق دا دەمێنێتەوە و عەشق درێژە پێدەدات، یان فیراق لە خودا درێژ دەبێتەوە. وەک "مەولەوی" ی تاوەگۆزی لە شیعرێکدا دەڵێت :

**خسوسا بولبول جە لای زامداران**
**دووری خاستەرەن وەسڵەن یاران**
**نزیکی یاگەی تەریدەی فەسڵەن**
**دووری ڕای خەیاڵ قافڵی خەستەن**

( واتە: بریندارانی زامی خۆشەویستی دووریيان لا باشترە لە گەیشتن بە یار ، چونکە نزیکی جێگەی جەردە و دەربەدەربووانی جیایی و دوورکەوتنەوەیە، بەڵام دووری ڕێگای تێپەڕبوونی کاروانی بە یار گەیشتنە.مەبەسی ئەوەیە کە بە یار گەیشتن تۆوی دوورکەوتنەوەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە لەبەر ئەوە ناخۆشە، بەڵام دووری پاڵ بە ئینسانەوە ئەنێ بۆ بیرکەوتنەوە لە بە یار گەیشتن، وە بۆ ئەوە کە بگا بە یار- دیوانی مەولەوی - کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی - مەلا عبدالکریمی مدرس).

"سەمای بەفری ئێواران" دەرگا دەکاتەوە بۆ چوون بەرەو نائومێدییەکی وا کە بەرگە گرتنی گرێدراوە بە پرسیارەکانییەوە. ئەو مەودایەی کەوتۆتە نێوان عاشق و یار شوێنی درککردنی ژیانە بە شێوەیەکی تر، واتە عاشق چەندە بیر لە یار دەکاتەوە دوو ئەوەندەش بیر لە بوون، یان دیاردەکان دەکاتەوە و لەوانیشدا وێنەی خۆی دەبینێت.ئەمە وا دەکات بڵێین (ئەگەری خۆکوژی) لە کۆتاییدا چەندە نیشاندانی چەندێتی خۆشەویستی و بەرگە نەگرتنی دوورییە ، ئەوەندەش دەرخستن و وێنەکێشانی دوورییە.

**ناچمە تووتن چاندن**
ناچمە توونیش
**گوڵە حاجیلەش لە بانان شین دەبن**
بنارەکانیش دەبنەوە گۆمی سۆر
ڕەنگە هیچ لە بارەی منەوە نەزانی
شاخەکان چەقیونەتە دڵم
**خوێنم دەڕژێتە قەدپاڵەکان...**

ونبوون و ئامادەنەبوونی یار لەم دەقەدا تایبەت لە دێرەکانی کۆتاییدا دەبەسترێتەوە بە ونبوونی خودی عاشق و ژیانیش.هەرچەندە لەگەڵ دوورکەوتنەوەدا پرسیارە بێ کۆتاییەکان دەرسکێن، بەڵام لەم دەقەدا ئەوەندەی ترس و بێدەنگی دوای جوودایی نیشاندراوە، ئەوەندە بەیەکگەیشتن نەبۆتە بابەت.هەرچەندە ئەم چڕبوونەوە خەمگینە لەسەر جوودایی زیاتر نیگاری ئاوێتەبوون نیشان دەدا.بەڵام ئایا بیرمان بۆ ئەوە ناچێت "یار" ی ئەم دەقە تاکە ئامانجە؟ واتە گەیشتن بە یار گەیشتنە بە کۆی بوون؟.

"ئیمانوێل کانت" پێی وایە "مرۆڤ ئامانجە، نەوەک هۆکار" بەڵام لە هەندێک گۆشەوە ئەگەر لە خۆشەویستی بڕوانین (یار - مرۆڤ) وێنەی قیبلەنوومایەک دەردەکەوێت و سەر زەمینە پەنهانەکان پێشانی عاشق دەدا. واتە لە خۆشەویستییەکی قووڵدا بیرکردنەوە لە یار عاشق دەگەیەنێت بە شوێنێکی تر و ئەم شوێنەش دونیایەکی تر. خۆشەویستی لە شیعری "سەمای بەفری ئێواران "دا چەند خاڵێک بەیەکەوە کۆدەکاتەوە و بەیەکداچوونی نێوانیان دەخاتە روو:١. جوودایی.٢. هەستکردن بە ترس لە دوای ونبونی یار.٣. درککردنی بێ مانایی ڕاستەوانە لەگەڵ نەمانی خۆشەویستیدا. ٤. بە سێنتەرکردنی یار.٥. تاسە بۆ ئاوێتەبوون.٦. خۆکردنە قوربانی ( ئەگەری خۆکوژی).دەبێت ئەوەش بڵێین ئەم ئەگەرەی لەناوچوونی عاشق لەدوا وێنەدا تەواوی خۆشەویستی یەکە نیشان دەدات و هەر تەنها قوربانیبوون نییە بۆ یار، بەڵکو قوربانیبوون و لەناچوونە لە بەرامبەر ئەو بەربەستانەی جوودابیەکەیان تۆخترکردووە.دەبێ بپرسین ئایا نەمانی یار کۆتایی خۆشەویستییە؟

**هەر خۆشم دەوێی!**
با پێکەوە لە بەفرمان بگرن
**پەنجەکانیشمان لە خەنەی هێرۆیان بگرن!**
لە گیامان بگرن!
**لە شاخمان بگرن!**
ئەگەر وامان بە سەر دانێ
ڕۆژێ دێ،
دەمانچەیێ لە ناو دڵم دا بەتاڵ دەکەم!.


سەرچاوە:

سەمای بەفری ئێواران. جەلال بەرزنجی. هەولێر. ١٩٧٩.



## لالە عەبدە:

# هونەر بابەت و شێواز نییە، هونەر کارامەیی و تەکنیکە

دیمانە: کامەران سوبحان

هونەرمەندی شێوەکار لالە عەبدە، یەکێکە لە هونەرمەندە شێوەکارەکانی دیارەکانی کورد، ئەو دوای بە جێهێڵانی وڵات بۆ ماوەی ٣٤ ساڵ لە گەڕاندنەوەیدا بۆ کوردستان پێشانگەیەکی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی شاری سلێمانی کردەوە، لەو پێشانگەیەدا بە تابلۆکانی بینەرانی سەرسامکرد، پێشانگەکەی ئەو دیالۆگ و گفتوگۆیەکی زۆر لە نێوەندی هونەریی و رۆژنامەنووسیدا دروستکرد، بە جۆرێک هونەرمەندان باسی ئەوەیان دەکرد (لالە عەبدە) تاکە هونەرمەندی کوردە کە ٣٤ ساڵ کوردستانی جێهێشتووە، بەڵام بۆ چرکەیەک کاریگەریی و ناوبانگی ئەو لە هونەریی کوردیدا ون نەبووە، دەربارەی زۆر پرس و کێشەی هونەری و شێوازی کارکردنی ئەم هونەرمەندە، بۆ گۆڤاری ئایندە، ئەم دیدارەمان لەگەڵیدا سازکردووە ئەمی خوارەوە پوختەی دیدارەکەیە.

**× دوای دابڕانی ٣٤ ساڵ لە کوردستان، بە پێشانگەیەک هاتیتەوە کە مێژووەکەی لە ساڵی ١٩٧٢ ەوە دەستپێدەکات بۆ ساڵی ٢٠٠٥ک لەو ماوەیەدا بە چ شێواز و فۆرمێک کارت کردبێت لەم پێشانگەیەدا تابلۆی ئەو قۆناغە دەبینرێت، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

– بە ڕاستی ئەو پچڕانەی من لە ماوەی ئەو ٣٤ ساڵەدا و بە جێهێڵانی وڵات و ڕۆیشتن بۆ ئیتالیا و دابڕانم لە کوردستانک پێمخۆش بوو ئەو دابڕانەم بە جۆرێک بێت کە هاتمەوە نمایشی ئەو تابلۆیانەم بکەم کە لەو ماوەیەدا کارم لەسەر کردووە، هەروەک خۆشت ئاماژەت پێدا، من ویستوومە ئەو ماوەیەی کە دابڕاوم بینەر بزانێت چیمکردووە ئەوسا پێشانگەیەک بێنمەوەو نمایشی بکەم کە بەرهەمە تازەکانم بێت، واتە من لە ١٩٧٢ ەوە تا ٢٠٠٥، ئەو ماوەیەی دابڕانم بووە، ئەگینا کاری زۆر تازەیشم هەیە، هەروەک وتم پێمخۆش بوو سەرەتا ئەو ماوەیەی دابڕانم نمایشبکەم، دواتریش بە پێی دەرفەت تابلۆکانی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠١٠ بێنمەوە بۆ کوردستان و نمایشی بکەم، چونکە ڕەنگە بینەرێک یان هونەرمەندێک نەزانێت من لەماوەی ئەو دابڕانەدا چیمکردووە گەر بێت و ئەم پێشانگەیە و بەرهەمی ئەو ساڵانەی نەبینییایە لەم پێشانگەیەدا.

**×کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم پێشانگەیە مێژووی ژیانی تۆ دەگێڕێتەوە لە ماوەی دابڕانت لە کوردستان؟**

–بەڵێ بە دڵنیاییەوە، بۆیە منیش حەزم کرد دەستپێکردنی کردنەوەی پێشانگەی شێوەکاریم بەم کارانەبێت، بۆ ئەوەی سبەی پێشانگەیەکم کردەوەو تابلۆ نوێکانم نمایشکرد ئەو کارانەی بەلاوە نامۆ نەبێت و باگراوندێکی لە بارەوە هەبێت.

**× بۆچی تۆ پێچەوانەی زۆر هونەرمەندی تری کورد کە وڵاتیان جێهێشت، بەڵام تووشی دابڕان نەبوون، بەڵام (لالە عەبدە) تووشی دابڕانێکی گەورە بوو لەگەڵ هونەرو مێژووی میللەتەکەیدا؟**

– هۆیەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە وەک دەیان هونەرمەندی تری کوردیش لە ئەوروپا، گەلێک پێشانگەی شێوەکاریمان کردەوەو توانیمان کۆمەڵەی شێوەکارانی کورد دروستبکەین و لە زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپا پێشانگە بکەینەوە و کاریگەری خۆشی هەبوو، بەڵام سەیرمان کرد هیچ دەزگایەکی ڕۆژنامەنووسی و میدیایی لە کوردستان خۆی تێنەگەیاند و بایەخی پێنەدا، ئەوە تاڕادەیەک نائومێدی لە ناخی مندا دروستکرد، خاڵێکیتر بارودۆخی شەڕی براکوژی لە کوردستان کارێکی زۆر ناخۆشی کردە سەر دەروونی هونەرمەندی کورد لە ئەوروپا، یەکێک لەوانە من بووم و ایکرد بە تەواوەتی دابڕێم لە کوردستان، من بۆخۆم هەرگیز باوەڕم نەدەکرد جارێکیتر لایەنە شەڕکەرەکانی شەڕی ناوخۆ جارێکیتر واز لە شەڕ بێنن، بێنەوە سەرمێزی گفتوگۆو وتوویژ، ئەم کارەساتەیش ڕێنەدام و ڕێگربوو بێمەوە بۆ کوردستان و وەک هەموو هاوڵاتییەکی کورد پێمخۆش بوو بەشداری ئەو ڕاپەڕینەبوومایە کە میللەتەکەم ئازادی تێدا بەدەستهێنا، چونکە من پێم وایە کارەساتێک لە ناویا بیت جیاوازەو کارەساتێک لە دەرەوەی بیت جیاوازە.

**× لە زۆرێک لە تابلۆکانتا جۆرێک لە فرەیی هەیە لە ستایل و فۆرمی کارکردندا، بە تایبەتیش لە مامەڵەکردن لەتەک تەکنیک و ڕەنگدا، ئەم هەمەچەشنەییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

–بێگومان ئەم تابلۆیانەی من کە تۆ دەیبینی کەمینەیەکە لە سەدان تابلۆی ترم ، بەس قۆناغی ئەنفال و پێش ئەنفال، کە زۆرجار هونەرمەندە کوردەکانی ئەوروپا یەکەم پێشانگەی منیان بینی دەیانوت لالە عەبدە پێشبینی ئەنفالی کردووە، ئەنفال لای من لە ساڵی (١٩٧٦)ەوە دەستپێکردووە، نەک لە ساڵی ١٩٨٨، چونکە ئەو کۆمەڵە تراژیدیایەی بەسەر کوردا هات لە دوای ساڵانی شەستەوە خۆی بۆخۆی تراژیدیا بووە، ڕەنگە ئێمە هەستمان پێنەرکردبێ، وێرانکردنی هەزارەها گوندی کوردستان، کوشتن و بڕین، ماڵوێرانی، ئەمانە بۆخۆی ئەنفالێک بووە، ئیتر بۆ ئێمە ئەنفال لە (٨٨)ەوە دەستپێبکەین، بۆ ئەنفال لەو شوێنەوە دەستپێنەکات کە کوردی تێدا قەتڵ و عام کراوە، من ساڵی ١٩٧٦ کە چوومە ئیتالیا، لە یەکەم پێشانگەمدا لە فلۆرەنسا بەسەدان تابلۆم نمایشکردو ئەو خەمانەی کوردم خستە ڕوو، لەوێ دەیان گۆڤار و ڕۆژنامە باسی تابلۆکانی من و باسی کوردیان لەو پێشانگەیەی منەوە کرد.

**× واتە ئەو قۆناغە لە مێژووی کورد ڕەنگدانەوەی تەواوەتی هەبوو لە ناو تابلۆکانتا؟**

– بەڵێ ڕەنگدانەوەی زۆر هەبوو، دوای ئەوەی من کە لە کوردستانەوە کۆمەڵێک تابلۆی واقیعی خۆمم بردە ئیتالیا، بەگەیشتنم بۆ ئیتالیا یەکسەر زانیم تراژیدییایەکی گەورەم لە وڵاتی خۆمدا بە جێهێشتووە و ئەو تراژیدیانەش کەم تا زۆر کاریگەریی دەبێت لەسەر بەرهەم و کاری هونەریم، ئیدی من وەک هونەرمەندێک لە کوردستان بم یان لە ئەوروپا.

**× لەم قسانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کارەکتەری هونەرمەند پێکهاتەیەکە لە مێژووی نەتەوەکەی، واتە خۆشی و ناخۆشییەکانی نەتەوەکەی بە شێوەیەک لە شێوەکان لە بەرهەمی هونەرمەند ڕەنگدەداتەوە؟**

–من دوای ئەوەی کە چوومە ئیتالیا و دواتر لە ساڵی ١٩٨٣ چوومە فەڕەنسا، ئەو کاتانە لە کوردستان بەداخەوە زنجیرەیەک ڕووداوی زۆرناخۆش کاریگەریی زۆریان لاجێهێشتم، بەدەر لەوەی کە من هونەرمەندێکی شێوەکار بووم، لەهەمان کاتیشدا دوور نەبووم لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی میللەتەکەم، و لە ڕەوشی

سیاسی وڵاتەکەم، چونکە پەیوەندی من بە سیاسەتەوە، پەیوەندی من بە کولتوورەوە هەمیشە پەیوەندییەکی زۆر راستەوخۆ بووە، تەنانەت لە یەکێک لە پێشانگەکانمدا لە ئیتالیا زۆر کارم لەسەر برسییەتی ئەفەریقا کردووە، چونکە نەهامەتییەکانی میللەتانی تر بە دەر لە کورد قووڵاییەکی زۆری هەیە لە ناخی مندا، رەنگە من لەو کاتانەدا لە ئیتالیا بمتوانیایە وەک هونەرمەندە ئیتالییەکان کار بۆ چێژیی هونەریی خۆم بکەم و ناوبانگی زۆرتریشم پەیدابکردایە، بەڵام هەرگیز ئەوەم نەکردووەو ویستوومە لەپاڵ کاری هونەرییشدا لە خەمو ئازارەکانی نەتەوەکەم نەمتوانییوە دیوار دروست بکەم و دووربکەومەوە، کە دێمە سەر کارەساتی هەڵەبجە من بەردەوام پێنج ساڵ کارم بۆ کردووە، تا یەکەم پێشانگە و دووەم پێشانگەم لە فەرەنسا لە پەرلەمانی ئەوروپا پێشوازی گەرمی لێکرا، بەڵام بەداخەوە رەنگە لە کوردستان کەس هەر ئاگاشی لێنەبوو بێت، چ هونەرمەندان چ دەزگاکانی راگەیاندن.

**×دوای ئەو قۆناغانەت لە کارکردن قۆناغێکیتر لە کاری تۆ دەردەکەوێت ئەویش گەڕانە بەدوای زمانی ئەفسانە و بیرکردنەوەی میتافیزیکییانە، ئەم رەگەزانەش لە زۆرێک لە تابلۆکانی دوای ساڵانی (٢٠٠٠)ەوە دیارە، ئایا لەم قۆناغە لە کارکردندا ماویتەتەوە یان بە قۆناغێکیتر گەیشتوویت؟**

–دوای ئەو قۆناغانە وەک خۆشتان ئاماژەتان پێدا دێمە قۆناغێکیتر لە کاری هونەریی، کە ئەویش قۆناغی نەوەدەکانە، لەو قۆناغەدا من لە کاری ئەبستراکت بەردەوام بووم و زیاتر ئەو کارانەم دەکرد، ئەوکاتانەی کە کارەساتی هەڵەبجەش روویدا، من لە ئەبستراکتدا بووم لە کاری هونەریی و بەرەو کاری رۆحی و دنیای تەسەوفیی هەنگاوم دەنا، بەڵام کۆمەڵێک رووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتەکەم وایلێکردم زوو زوو ببڕێم و نەتوانم بەردەوام بم لەو شێوازەو بە ناچاری بە شێوازێکیتر کاربکەم بۆ ئەو کارەساتانەی وڵاتەکەم، ئەم قۆناغە بەردەوام بوو تا راپەڕین کە قۆناغێکی نوێی ئازادی نەتەوەکەم بوو لە دونیاشدا دەنگیدایەوە، ئەوە بۆ من یەکەم ئاسۆ بوو کە بەرووی ئازادیدا کرایەوە بیر لەوە بکەمەوە جارێکیتر بێمەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە ٣٤ ساڵە تووشی دابڕانێکی سەخت بووم لە گەڵیدا، دوای ئەم قۆناغەش لە کارکردنم روومکردە بواری هەستو سۆزدوور لە بابەتی هۆشداریی و بابەتیی، کە لەم قۆناغەدا ئەفسانە لە ناو رەنگ و لەناو تەکنیک و بەرهەمی هونەرییدا بە زمانێکی جیاوازتر قسە دەکات، زمانێک دەرفەتی زیاتر بۆ بینەر و هونەرمەندیش دەخوڵقێنێت ئەوەی هەیەتی لەپشتی ئەفسانە و رەنگەکانەوە بیڵێت، لەناو ئەو ئەفسانانەشەوە شتیتر راستەوخۆ و ناراستەوخۆ هاتوونەتە ناو تابلۆکانمەوە وەک پیت و وشە و دەنگ و پیت و رەمزو هێمای گوزارشتیی کە دواتر لە بینەر و لای تۆیش وەک ئەفسانە خۆیان لە تابلۆکاندا نمایشدەکەن، کە دواتر ئەو ئەفسانەی لە ناو تابلۆدا دەبێتە دیوارێک، دەبێتە فەرشێک، دەبێتە کۆمەڵێک هەگبە، دەبێتە کۆمەڵێک رەنگی جیاواز، کە هەموویان پێکەوە ئەفسانەیەکی هونەریی لە ناو تابلۆدا دروستدەکەن، دواتر ئەم ئەفسانانەش دەبنە رەنگ، دەبینیت رەنگەکان لە ساڵانی هەشتاکانەوە لەو هەموو رەنگە شینە تراژیدییەوە لە ناو تابلۆکاندا لە نەوەدەکاندا دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵێک رەنگی سووری گەشاوە، کۆمەڵێک شینی پاک، کۆمەڵێک سووری ئاڵ، کۆمەڵێک سەوزی وەنەوشەیی، ئەمانە چین ئەوە ئەو هەستە دەروونی و سایکۆلۆژییانەیە کە من بەرەو تەسەوف دەبات، جارێکیتر لە میحنەت و لە تراژیدیا رزگارم دەبێت، لەوێشەوە کۆمەڵێک دەمامک و وشەی نوێ دێتە ناو تابلۆکانمەوە.

**هەموو ئەزموونێک، هەموو قۆناغێک، گۆشەنیگایەکی تایبەتی دروستدەبێت، فەرەنسیەکان وتەیەکیان هەیە دەڵێت: تا گەنجی لە ئاوێنەدا خۆت دەبینیت، کە پیر بوویت خۆت لە خشتا دەبینیت!.**

**لە ئەزموون و تابلۆ کۆتاییەکانی لالە عەبدەدا هەست بە تێکەڵاوبوون و هارمۆنییەتی نێوان دوو ئیش و دوو شێواز لە کاری هونەریی دەبینرێت، ئەمە جگە لە هاتنە ناوەوەی وشەو پیتی کوردی بۆ ناو تابلۆکانت، هۆکاری ئەم هارمۆنییەتە لە کاری هونەرییدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟**





– بەشداری پێکردنی کۆمەڵە وشەو رستەیەکە کە لە شیعرەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەو پێیەی من زۆر نزیکم لە ئەدەبی کوردی و ئەدەبی میللەتانی ترەوە، بەتایبەتیش لە ئەدەبی فەرەنسی، ئەمە راستەوخۆ کاریگەریی لەسەر تابلۆکانم هەیە و بەشدارە لە پێکهاتەی تابلۆدا، تاکە شتێک کە لە ئەدەبەکەی ئێمەدا بە نەمریی ماوەتەوە ئەو شێوازە نووسین و رێنووسە کوردییەیە کە ئێستا بەداخەوە وردە وردە بەرەو لەناوچوون دەچێت، پێموایەو پێشبینی ئەوە دەکەم لە چەند ساڵی داهاتوودا بەهۆی رێنووسی لاتینییەوە ئەو شێوازە جوانەی رێنووسی کوردی خۆمان بەرەو لەناوچوون و نەمان دەچێت، بۆیە من بەو شێوازە دەمەوێت لە تابلۆکانمدا تارمایی و بوونیان هەبێت، بەهۆی ئەو وشە و پیتانەوە دەمەوێت یادەوەرییەکانی منداڵی خۆم لەگەڵ پیت و وشەدا هەمەو بە منداڵی لەسەر تەختە رەشی قوتابخانە نووسیوومە، جارێکیتر لەسەر تابلۆ بینووسمەوە، بە شێوازێکی هونەریی و ئەپستراکتییانە.

**یەکێک لەو رەخنانەی کە لە دواهەمین پێشانگەی هونەریی تۆ دەگیرێت ئەوەیە، کە دوای ٣٤ ساڵ لە نەکردنەوەی پێشانگەی هونەریی لە کوردستان، دواجار کە پێشانگەتان کردەوە هەموو تابلۆکانتان کۆپی بوون و هیچ کام لەو تابلۆیانە ئۆرژیناڵ نەبوون؟ واتە ئەو تابلۆیانە نەبوون کە بە فڵچە و هەست و سۆزی خۆت دروستت کردوون و بینەر رۆحی هونەریی تۆی تێدا ببینێت، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

– لە سەرەتادا ئەوە دەڵێم من لە ماوەی ئەو ٣٤ ساڵەی کە لە ئەورووپا پێشانگەم بۆ تابلۆ کردووەتەوە، هیچ کام لەو تابلۆیانەی کە نمایشمکردوون نەماون، فرۆشراون و لای خەڵکن، تەنها کۆپییەکانیان نەبێت، تەنها من لە فەرەنساوە تەنها ئەوەندە دەتوانم ئەو تابلۆیانە بێنمەوە کە لام ماون، بەڵام تا ئێستا هیچ دەزگایەکی رۆشنبیریی و دەوڵەتی نەهاتووەو بەو ئەرکە هەڵسێت و بتوانێت تابلۆکانم بێنێتەوە بۆ کوردستان، ئەوەش توانای خۆیی دەوێت بۆ هێنانەوە و گواستنەوە، ئەمە لە کاتێکدا دەڵێم بە داخەوە پارەیەکی خەیاڵی سەرفکراوە بۆ کۆمەڵێک هونەرمەندی هاوی نەمسایی، کە خۆیان وتابلۆکانیان بێن لە کوردستان پێشانگە بکەنەوە، بەڵام کەس ئەو کارەی بۆ من نەکردووەو رەنگە خۆشم نەتوانم بەو کارە هەڵسم، ئەمە گرفتی سەرەکی ئەو پرسەیە، ئەمە جگە لەوەی دەچن بۆ وڵاتان و بەشوێن هونەرمەندانی تردا دەگەڕێن و دەیانهێننەوە بۆ کوردستان و کەس لە ئێمە ناپرسێتەوە، رەنگە ئەمە یەکێک بێت لەو گرفتانەی کە وایکردووە من تووشی ئەو دابڕانەبم و تابلۆکانیشم بەو شێوازە بگاتە کوردستان، من ئێستاش دوای ٣٤ ساڵ دابڕان لە کوردستان و بڕیاری ئەوەم داوە بگەڕێیمەوە بۆ کوردستان، نازانم چۆن و بەچی ئەو هەموو مەرسەم و گەلەریی و بەرهەمانەم بێنمەوە بۆ کوردستان؟

**×وەک هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموون و ناودار، چەند باوەڕت بە هەرەمی کارکردنی هونەرمەند هەیە بە پێی قۆناغ بەندی، واتە پێویستە هونەرمەند لە ئەزموونی کارکردنیدا قۆناغ بە قۆناغ بگاتە ئەزموونە جیاوازەکانی کارکردنی هونەریی، واتە لە ئاستی سەرەتاییەوە بۆ کاری کلاسیکی و بۆ ریالیزم و ئەپستراکت و...هتد، بۆچوونێک هەیە دەڵێت پێویستە هونەرمەند بەو قۆناغ بەندییەدا بڕوان بۆچوونێکیتر ئەم تێڕوانینە رەتدەکاتەوەو پێیوایە هونەرمەند ئازادە لە چ قۆناغ و شێوازێکەوە کاری هونەریی دەکات، تۆ لەگەڵ کام لەو دوو تێڕوانینە دایت بۆ کارکردنی هونەرمەند؟**

–من لەگەڵ بۆچوونی دووەمیاندام و پێموایە هونەرمەند ئازادە بە چ شێوازو ریتم و ستایلێک کاردەکات و سەربەستیشە لە کوێوە دەستپێبکات، چونکە هونەرمەند بریتییە لە بەهرەو هەست و گۆشەنیگا، رەنگە هونەرمەند هەبێت بەبێ ئەوەی ئەو قۆناغ بەندییە ببڕێت یەکسەر لە ئەزموونە مۆدێرنەکانی کارکردنی شێوەکارییەوە دەستپێبکات و سەرکەوتووش بێت، گەر هونەرمەندێک توانی خۆی بەو شێوەیە بسەلمێنێت بۆ نەیکات، بە دڵنیاییشەوە لەو بوارەدا سەرکەوتن بە دەست دێنێت و نموونەی زۆر هونەرمەندی لەو شێوەیەشمان هەیە و سەرکەوتووش بوون و ناوبانگی گەورەشیان هەیە.

**× بە پێی ئەو ماوە زۆرەی لە کارکردنی هونەرییت لە**



**فەڕەنسا، پێش ئەوەش لە کوردستان کاری هونەرییتان کردووە، گەر جیاوازی کارکردنی هونەریی لە نێوان فەڕەنسا و کوردستان بکەیت لە کوێوە دەست پێدەکەیت و ئەو جیاوازییانە لە چیدا دەبینن؟**

– جیاوازی زۆرە، جیاوازییەک ئەوەیە کە لێرە ئەوانەی هونەرمەندن، یان دەیانەوێت ببنە هونەرمەند لە قۆناغەکانی ستایلی هونەرییەوە دەستپێدەکەن، هیچ رەهەند و قووڵاییەکیان نییە بۆ هونەر، دەبینین لە فەڕەنسا لە هەموو شێوازو ریتم و ستایلی هونەرییدا لە هەریەک لەو بوارانەدا بە سەدان هونەرمەند هەیە، هەر لایەنێک دەگریت لەو بوارانەی هونەردا سەدان هونەرمەند بەو شێوازە کاردەکەن، سەدان هونەرمەند هەیە بەس گوڵ دەکەن، سەدان هونەرمەند هەیە بەس کاری ستیلایڤ دەکەن، سەدان هونەرمەند هەیە بەس کاری بەلەم دەکات، هەیە بەس کاری نەقڵ و کاری کلاسیکی دەکات، هەریەکە لەو شێوازانە نرخ و بەهای خۆی هەیە و هەموویان ئاستی هونەریی خۆیان هەیە، بەڵام لەم وڵاتەی خۆماندا هونەرمەندان دەگەڕێن بە دوای دواهەمین شێوازی کارکردنی هونەرییدا، راستە هونەرمەندی باش هەیە، بەڵام لە کوردستان ئەم هەمە چەشنەییە نییە لە کارکردنی هونەرییدا، گەر هونەرمەندێکی کورد هەبێت بەس کاری گوڵ یان کاری سەبەتە یان شتێکی تایبەتی بکات، رەنگە عەیبە بێت لێرە یان لای هونەرمەندەکەش، رەنگە پێشی بڵێن هونەرمەندەکە کلاسیکە و دواکەوتووە، بەڵام ئەمە زۆر پێچەوانەی کارکردنی هونەریی ئەوروپایە و ئەمەش لای من خاڵی جیاوازی نێوان کارکردنی ئەوێ و ئێرەیە لای هونەرمەندان، بیریشمان نەچێت هونەر تەنها بابەت و شێواز نییە، هونەر کارامەیی و تەکنیک و داهێنانە لە شێوازی دەربڕین و دروستکردنەوەدا.

**× ئایا ئەم شێوازە کارکردنانەش هەبێت بە بێ بوونی گەلەرییەکی مۆدێرن هیچ بەها و نرخێکیان دەبێت، گەر لە کوردستاندا تا ئێستا گەلەرییەکمان نییە بە پێی ستانداردی جیهانی؟**

-بێگومان تا گەلەریی زیاتر بێت باشترە بۆ بەرەو پێشچوونی ڕەوتی هونەریی لەم شارەدا، پێش گەلەرییش زۆر پێویستە ئەو هونەرمەندانەی کە جۆرێک لە جۆرەکان ژیانیان باشە بۆخۆیان لە ماڵەوە گەلەرییەکی تایبەتییان هەبێت، ئەمەش بۆخۆی کاریگەریی هەیە بۆ هونەرمەندەکە و ناوبانگی هونەریی و ڕەوتی بەرەو پێشچوونی هونەرە لەو شارەدا، لە فەرەنسا چ ماڵی هونەرمەند یان ئەو شوێن و دوکانەی کە گرتوویەتی بەکرێ بۆ کارکردنی خۆی، ئیدی سیرامیک بێت یان پەیکەرسازی، یان تابلۆ، ڕۆژانە دەیان بینەر دەچن و سەیری کارەکانی ئەو هونەرمەندە و ئەو شێوازە هونەرییە دەکەن کە ئەو هونەرمەندە کاری لەسەر دەکات، تا ئێستا ئێمە نەمان توانییوە هونەر بێنینە ناو خەڵکەوە، لەم شارەو لە کوردستانیشدا هونەرمەند هەیە پێی عەیبە ستاندە بنات و لەناو شار یان لە شەقامێک کاری هونەریی بکات، بەڵام لەوێ دەیان هونەرمەندی گەورەو بەناوبانگ هەیە دەچێتە سرووشت و شوێنە گشتییەکان بە خۆیی و ستاندەکەیەوە دەچێت و کاری هونەریی و تابلۆ دەکات، ئەمانە هەمووی پەیوەندی بە گەلەریی و ئاستی گەلەریی و تێڕوانی هاوڵاتی و هونەرمەندەوە هەیە بۆ بەهای گەلەریی و ژمارەی گەلەریی لە وڵاتەکەدا، من لە فەرەنسا لە شارۆچکەیەکدا دەژیم ١٥هەزار کەس لەو شارۆچکەیەدا دەژی، ١٣گەلەریی تێدایە، هەر گەلەرییەک تایبەتە بە شێوازێک لە کاری هونەریی، چ پەیکەرسازی چ سیرامیک چ وێنەکێشان، ڕۆژانە بینەر دەچن و ئەو هونەرمەندە و ئەو بەرهانە دەبینن و سەیر دەکەن هونەرمەند چۆن ئیشدەکات، بەڵام تا ئێستا ئێمە لە کوردستان فێر نەبووین چۆن هونەر لە خەڵک نزیکبکەینەوە.

بەبڕوای من بوونی گەلەریی هاوچەرخ بۆ سلێمانی بۆ هەولێر بۆ دهۆک بۆ زاخۆ زۆر گرنگە، لە شارێکی (١٠٠) هەزار کەسی لە ئەوروپا دەیان و سەدان گەلەریی هەیە، لە کاتێکدا سلێمانی ڕێژەی دانیشتوانەکەی لە یەک ملیۆن کەس نزیکبووەتەوە، بەداخەوە تا ئێستا یەک گەلەریی تێدا نییە بە مانا هونەرییەکەی گەلەریی بێت، ئەوەی لێرە پێی دەڵێن گەلەریی بەس گەلەریی نییە.

**× بەبڕوای تۆ، بۆ ئەم کێشەیە هونەرمەندان لێی بەرپرسن یان حکومەت، پێویستە لەم حاڵەتەدا هونەرمەندی کورد چۆن و بە چ شێوازێک فشار دروستبکات؟**

– وایە ئیشی هونەرمەند نییە شۆڕش بەرپا بکات بۆ دروستکردنی گەلەریی، یان شوێنی هونەریی، ئیشی دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی ترە، ئیشی شارەوانییە، ئیشی پارێزگارو دەزگاکانی ترە، ئیش وەزارەتی پلاندانانە کە بزانێت سلێمانی یان هەولێر چەند گەلەریی پێویستە، چەند هۆڵی شانۆیی دەوێت، چەند هۆڵی ئۆپێرای دەوێت، نەک هونەرمەند ڕاپەڕین بکات و دارو پەنجەرە بڕوخێنێت، چییە؟ وەڵا گەلەرییم نییە، یان هۆڵی شانۆم نییە!!

**×وتەیەکی بەناوبانگ هەیە دەڵێت" ئاستی هونەرمەند لە نرخی تابلۆکانییەوە دیاری بکە" ئایا تۆ تابلۆت زۆر فرۆشتووە؟ هەرزانترین تابلۆت بە چەند فرۆشتوو ساڵی چەند؟ گرانترین تابلۆت بەچەند فرۆشتوو ساڵی چەند؟**

-بەڵێ تابلۆم زۆر فرۆشتووە، لە بارەی نرخی تابلۆشەوە لە دونیای سەرمایەداریدا بەڵێ پێشبڕکێی زۆر هەیە لەسەر نرخی تابلۆ و بەرهەمی هونەریی، ئەمە جگە لەوەی پێشبڕکێیەکی گەورەو خێرا و گەرموگوڕ هەیە بۆ چەواشەکردنی هونەرو کولتوور، نرخی کاری هونەریی بێ ئەنداز دەتوانرێت ببرێتە سەرەوە، بێگومان ئەمەش بە پلەی یەکەم کۆمەڵگەی سەرمایەداری لێی بەرپرسە، بە دیوەکەی تریشدا هونەرمەند مافی خۆیەتی کاتێک گەلەرییەک نرخی تابلۆکەی دەگەیەنێتە سەد هەزار دۆلار، بێگومان هونەرمەندەکەش پێی خۆشەو باوەڕیش ناکەم هیچ هونەرمەندێکیش هەبێت پێی ناخۆش بێت تابلۆکەی ئەو برە پارەیە بکات، بەڵام ئەمە سیستەمێکە دەبێت پێی بڵێین سیستەمی سەرمایەداری تابلۆ و بەرهەمی هونەریی، چونکە هونەرمەند نییە ئەم بڕیارە دەدات، بەڵکو ئەو سیستەمەیە کە ئاماژەمان پێکرد، بە فەرەنسییەکەی پێی دەڵێن"سەرمایەداریکردن بە شێوەیەکی ڕەش" کاتێک نرخی یاریزانێک یان نرخی گۆرانی بێژ یان تابلۆیەک دەچێتە سەدان هەزار دۆلار، ئەمە بزنزێکی تایبەتیە، باوەڕناکەم گەر سیستەم و بازارەکە واز لە هونەرمەندەکە بێنێت هونەرمەند بیر لەوە بکاتەوە تابلۆکەی بدات بە دەیان هەزار دۆلار، من بۆ خۆم گەر منداڵێک بێت بۆ بینینی تابلۆکانم و بڵێت سەد هەزارم پێ نییە و پەنجا هەزارم پێیەو ئەو تابلۆیەی تۆم دەوێت، ئەو کات من تابلۆکە بە چەپکێک گوڵیشەوە پێشکەشی ئەو منداڵەی دەکەم.

سەبارەت بە نرخی تابلۆش کە من فرۆشتبێتم هەرزانترین تابلۆ ساڵی ١٩٦٥ فرۆشتوومە بە دوو دینار و نیو بە هونەرمەند ئەحمەد سالار، گرانترین تابلۆش ساڵی ٢٠٠٥ فرۆشتوومە بە ١٠ هەزار یۆرۆ لە فەرەنسا.



## سەرگۆن پۆڵس :

# هەندێک جار دەگریم چونکە زمانەکەم لەناو دەچێت

و: نەبەز گەرمیانی

کاتێک ڕاسپێرراوی ئەمەریکی لە ڕەبات داوای لێکردم هەندێک لەو شتانەی بۆ پێشنیاز بکەم کە خۆم بایەخیان پێدەدەم کە دەشێت بخرێنە بەرنامەی سەردانەکەمەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، منیش دوو شوێن و ژمارەیەک تیمەی ڕۆشنبیری و وێژەیی و ڕاگەیاندنی ئەمەریکام بۆ هەڵدا. وەک زیارەتکارێکی نێودەوڵەتیش تکام لێکرد پێشنیازێک بخاتە بەردەم بەرپرسانی (زیارەتکارانی نێودەوڵەتی) لە واشنتۆن سەر لە شاری سان فرانسیسکۆو موزەخانەی میترۆپۆلتان لە نیۆیۆرک بدەم پاشان ئەوان ئازادن چ شوێن یان شار یان ویلایەتیکم بۆ دەستنیشان دەکەن بۆ ئەوەی سەریان لێبدەم. دەشبوو چەند بابەتێکیش دیاری بکەم بۆیە جەختم لەسەر گرنگی ئەوە کردەوە کە بە چەندین شاعیرو نووسەرو هزرەڤانی ئەمەریکی ئاشنا ببم، کە ئیدوارد سەعیدو چۆمسکی و ولیەم زارتومانیان تێدا بێت و، ئاشنای ناوچەکانی کولتووری زارەکی و ناوچەیی ببم و سەر لە هەندێک ڕۆژنامەی جەماوەری و شتی لەو جۆرە بدەم.

ئەوە بوو لە ئایاری ٢٠٠٢دا بوو، لە (کازابلانکا)وە بە ڕێگەی (ئەمستردام)دا گەیشتمە واشنتۆن و بینیم ئەو وەرگێڕەی بەڵێنیان پێدابووم چاوەڕێم دەکات لەگەڵ براو دۆستم محەمەد عەلەمی، پاش پشووی سەرەتای هەفتە، سەرلەبەیانی دووشەممە دیدارێکی ڕێکخراویان لەگەڵ ئاژانسی ڕێکخەری سەردانەکەدا بۆ ڕێکخستم. سەرم سوڕما کە شاری (سان فرانسیسکۆ)یان نەخستبووە ناو خشتەی سەردانەکەمەوە، منیش سووربوونی پێویستی خۆم لەو بارەوە هەبوو، کاتێک لەبارەی پێویستی ئەو شتەوە پرسیاریان لێکردم، باسی ئەوەم کرد کە ئەوەی بۆ من گرنگە سەر لە شاعیرێکی ئەمەریکی بە نژاد (عەرەب) بدەم ناوی (سەرگۆن پۆڵس)ە، لەو شوێنانەی زۆر جار باسی بۆ کردووم و زۆر شتی لەبارەیانەوە نووسیوەو لە ناو ئەندێشەمدا تەلارسازییەکی تایبەتی بۆ دروست کردوون، گوتیشم دەبێت تۆزێکیش سەر لە بەندیخانەی بەناوودەنگی کاتراس بدەم بۆ ئەوەی تۆزێک بەراورد لە نێوان ئەندێشەی سینەمایی و واقیعدا بکەم.

گەشتەکەم بە ناو شەش ویلایەتدا دەستی پێکرد، لە فڕۆکەیەکەوە بۆ فڕۆکەیەکی دیکەو، لە ویلایەتێکەوەو بۆ ویلایەتێکی دیکەو، لە فڕۆکەخانەیەکەوە بۆ فڕۆکەخانەیەکی دیکە. ئەو کاتەیش هێشتە ئەمەریکا درێژەی بە وریایی لەڕادەبەدەری خۆی دەدا پاش دەستوەشاندنە نەگریسە تیرۆریستییەکانی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١، بۆیە دەبوو گەشتیاری ڕۆژهەڵاتی چ بە ناو یان ڕەنگ یان ڕوخسارو شێوە لە خاڵەکانی سنوورو پشکنین باجی شەکەتی و ماندووبوون بدات. جانتا گیرفان بە گیرفان، کراس و دەرپێ یەک بە یەک، شووشەی بۆن و ئەوەی پێوەندی بە خۆشوشتنەوە هەبووایەو پێڵاوو قایش ... هەموو شتێک بەر چنگی گەڕان و پشکنین بە تیشک دەکەوت.
لە کاتی ئەو سەرقاڵی و سەرلێ شێواندنە یەک لە دوای یەکە، پاسپۆرتەکەم لە سەر مێزی بەرپرسی ئاسایش لە فڕۆکەخانەی ئەلبوکیرکی لە ویلایەتی نیۆمەکسیکۆ بەجێ هێشت و سەفەرم کرد، بێ ئەوەی پەردە لە ڕووی ڕیسواییەکەی ئەو مەغربییە لابدەم کە بەبێ پاسپۆرت بە فڕۆکەخانەی دەینڤەردا سەفەری کرد، ئەو کاتە نەبێت کە گەیشتمە ئوتێلی ڤینتاگ کۆرت لە سان فرانسیسکۆ ٦٥٠، شەقامی بوش.
ئەو کاتە هەستم بە جۆرە پەشیمانی یان نائومێدی یان بێ بەشی یان شتێکی لەوەی نایزانم کرد. لە کاتێکدا لە واشنتۆن برا عەلەمی وەرگرتنی پاسپۆرتێکی کاتی کردە ئەرکی خۆی و، بە دەستی شەکەتی دۆستایەتی و ئێسک گرانی هەندێک لە دیپلۆماتکارە مەغریبییەکانەوە ناڵاندی، ئەو کاتە شاعیری جوان و دۆست و چاوتێرو ئێسک سووک سەرگۆن پۆڵس گەیشتە ژوورەکەم. وەک چۆن دەشێت ئەو کەسانە پێشبینی دەکەن کە ناسیویانەو خوێندوویانەتەوە، ئەوە بزربوونی پاسپۆرتێک لە ئەمەریکای دەمارگیراودا سەرچاوەی ئازارو ژان یان بێزاری یان سەرقاڵی نەبوو!
لە ژوورەکەی خۆمەوە لە ئوتێلەکەوە بە هۆی تەلەفۆنەکەیەوە کە ژمارەی (٠٦٥٠٧٥٤٠٢٢٥) بوو قسەم لەگەڵ کردو لە پاش نیوەڕۆ خەوێکی ناسکدا هەڵمساند. بڕوای نەدەکرد کە من لە سان فرانسیسکۆم و، ئەم هەموو ڕێگە دوورەم بە ناو شوێن و کاتدا بڕیوە بۆ ئەوەی ئەو لەو شوێنە ببینم کە دەبێت لێی ببینم، ئەویش خودی (سان فرانسیسکۆ)یە.
سان فرانسیسکۆ، گەورەترین شاری کالیفۆرنیا. لەوێ لە کەناری ڕۆژئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەو شوێنەی پاڵی بە ئەرخەبیلێکەوە داوە هەمان ناوی هەیە لە نێوان ئۆقیانووسی ئارام لەلای ڕۆژئاواوەو کەنداوێکی بچووک لەلای ڕۆژهەڵاتەوە. لە ئاسۆشەوە پردە سوورە هەڵواسراوەکە (گۆڵدن گێت) دیارەو، لە قووڵایی بینراوی لازۆردی دوورگەی کاتراس و تەلاری بەندیخانە بەناوبانگەکەی بەرچاو دەکەوێت کە بووەتە مەزارگەیەکی

گەشتیاری ئەگەر بتەوێت کەشتی تایبەت دەتگەیەنێتە ئەوێ و دەتوانیت لەوێ بووکەشووشەیەک بکڕیت جلی بەندکراوەکانی لەبەربێت.
پێنج ڕۆژی تەواو لەگەڵ سەرگۆن پۆڵس بووم، بەیانیان لە گەڕەکێکی شارە گەورەکەوە دەهات، تا ئێوارە بەجێی نەدەهێشتم، پێنج ڕۆژ، براو دۆست ئەیمەن دەرویش، وەرگێڕی ئەمەریکی بە نژاد میسری لە چنگم قوتاری بوو، هەلێک بوو بۆی ڕەخسا تا ئامۆزاکەی بانگهێشت بکات کە نیشتەجێی ناوچەیەکی نزیک بوو لە کالیفۆرنیا، بۆ منیش هەلێک بوو تا لە ژێر کاریگەری سۆزی شاعیرێکی گەورەی عەرەبدا بم و، فێری ئەوە ببم چۆن لە بەر تیشکی پسپۆرایەتی شیعری و ڕۆشنبیریی دەگمەندا شارەکان بخوێنمەوەو خۆشم بوێن.
پیاسەیەکی زۆرمان کردو، زۆرمان قسەکرد. زۆر ڕوخسارو ئەزموونی شیعریی ئەمەریکیمان هێنایەوە بەرچاو. واڵت وێتمان، واڵاس ستیڤنس، ڕۆبەر فرۆست، ئیزرا پاوەند، تی. ئێس. ئیلیەت. شتێکی ئاساییە کە گرووپی شیعری و ئەدەبیی سان فرانسیسکۆ تەوەری دوورو درێژی ئاخافتنەکەمان بوو. سەری سوڕما کاتێک زانی کە من بە جدی بیر لەوە دەکەمەوە شاکارێکی گێڕانەوە لەبارەی ژیانی خانمە ڕۆماننووسی ناوداری ئەمەریکا گێرترۆد ستاین بنووسم، باسی ئەوەی کرد کە کچی سان فرانسیسکۆیە، باوکی جێگری بەڕێوەبەری کۆمپانیای ترامی تێل بوو لە شارەکەدا. (هەر ئەو بووە کە گوتوویەتی دەبێت نووسەران دوو نیشتمانیان هەبێت. نیشتمانێک کە بە ڕاستی سەر بەو بن، یەکێکی دیکەیش ئەوەی کە لێی دەژین). پێم دەڵێت:
لەگەڵ شاعیرێکدا بووم چرای بە دەستەوەیەو شەوی هەنگاوە سەرسامە هەڵنووتاوەکان ڕووناک دەکاتەوە. سەرگۆن کە ڕێ دەکات، کە تۆزێک ڕادەوەستێت، کە دەچێتە ناو چێشتخانەیەکەوە، کە دەچێتە ناو مارکتێکەوە، کە دەخزێتە ناو کوشک یان بارێکەوە، کە دەچێتە ناو کتێبخانەیەکەوە، کە سڵاو لە برادەرێکی ئەمەریکایی دەکات، کە بە ڕێکەوت تووشی دەبێتە تووشی شاعیرێکەوەو پێم دەناسێنێت و منی پێ دەناسێنێت، کە لەسەرخۆو بە بڕوابوون لە بیرۆکەو دەربڕین دەپەیڤێت، کە هەنگاو دەهاوێت و جیهانی لەناو سەریدا هەڵگرتووەو، جەستەیشی لەناو جیهاندا هەڵگرتووە، کە دەزانێت چۆن شت دەبینێت و، چۆن باس دەکات و، چۆن ناو دەنێت و، چۆن شتەکان دەڵێت.
وەک بڵێیت سان فرانسیسکۆم نەبینیبێت کاتێک لەوێ بووم، بەڵکو لە دەقێکی نەبینراوی نووکی پەنجەو ئاماژەی هەردوو دەست و هەردوو چاوی دەمخوێندەوە، هەندێک جار شارەکان دەبنە زمانێکی رووت کاتێک یاوەری کەسانێک بین کە دەزانن چۆن لە بارەیانەوە دەپەیڤن، دەبنە ئاوێنەی گیانی مرۆڤ کە بەوپەڕی خۆشەویستییەوە پێشکەشت دەکات وەک بڵێیت گیانی

خۆیت لەسەر سینییەک بۆ دابنێت.
سەرگۆن ئەو شارە ئەمەریکاییە دڵڕفێنەی لە بزاوتی کاتی شیعریدا دەبینی کە بە هەموو ناخ و هوشیاری و هەستییەوە گوزەراندوویەتی، لە بزاوتی درێژبوونەوەی ئەفسانەیی ناسکیدا. لێرە شاعیرانی گرووپی پیتینگ ژیاون، ئەلەن گیسینبێرگ، جاک کیرواک، گریگۆری کۆرسۆ، لۆرەنس فیرلینگیتی، گاری سنایدەر، پۆپ کۆڤمان. دەڵێم (سەرگۆن، من بە تایبەتی هاتووم تۆ لێرە ببینم)، پێم دەڵێت (منیش، هاموشۆی ئەم شوێنانە ناکەم، تەنیا لەبەر تۆ هاتووم).
ئەوە کتێبخانەی (سیتی لایت)ە کە فیرلینگیتی دایمەزراندووە بۆ ئەوەی ببێتە شوێنی هیماگەری ڕاستەقینەی بزووتنەوەی شیعریی سان فرانسیسکۆ، لە ناوەوەی ئەوانەی پێ ناساندم کە بەرێوەی دەبەن کە ناویان دەزانێت. پاشان دەچینە نهۆمی سەرەوەی. (لێرەدا، وتووێژو مشت و مڕی گەرم و گوڕیان ڕانەدەوەستا). (ئەمەیش شاعیر جاک هێرشمانی برادەرمە، وەرە شتێکی لەگەڵدا بخۆینەوە).
جاک وتەیەکی پێشوازی لێکردنم لە پەراوێزی ئەنتۆلۆجیایەکی شیعری بۆ دەنووسێت کە فیرلینگتینی بڵاوی کردووەتەوە کاتێک لە کتێبخانەکەدا کۆبەرهەمێکی خۆی دەست نەکەوت پێشکەشمی بکات. زۆر شادومان بووم کاتێک گوتی شاعیرێکی مەغریبیم خوێندووەتەوە ناوی (اللعبی)یە. ( اللعبی بەردەوام بۆ شوێنە دوورەکانی خۆشەویستی پێشمان دەکەوێت). کە شاعیرێکی دیکەی ئەمەریکایی لە بارەیەوە پەیڤیبوو ئەویش ڕۆبەرت کیللی بوو. ئەم جۆرە بڵاوبوونەوەیەی مەغریبییە نایابەکانم خۆش دەوێت.
دەبێت سەبارەت بە ئەلەن گینسبێرگ و کیرواک و بۆراوز و تینیسی ولیەمزو پۆل باوەلزو شاری تەنجە بئاخڤین. هەردووکمان لەسەر بەهێزیی شاعیرەتی گریگۆری کۆرسۆ ڕێککەوتین و، لەسەر جیاوازی ئەو هەوایەیش ڕێککەوتین کە پێویستە بەردەوام لێی ئاگەداربین لە نێوان شاعیری ڕاستەقینەو بازرگاندا کە خۆی بە بەرگی شاعیر دادەپۆشێت. دەبێت کەمێکیش لای چامەی (وەڕین) ڕابووەستین کە گینسبێرگ ناوبانگی پێ دەرکردووە. پاشان ڕادەوەستێت. ( لێرەدا بۆ دوایەمین جار (فیرلینگیتی)م لەگەڵ هەردوو سەگە ئەفغانیەکەیدا بینی، ئەرێ وەڵڵا!). درێژەی پێدەدات و ڕوونی دەکاتەوە، ئێستە فرلینگیتی بەساڵدا چووە، لە کێڵگەکەی خۆیدایە، جێی ناهێڵێت بە دەگمەن نەبێت. بەڵام هێشتە ئامادەیەو کاریگەری لەسەر نەوە نوێیە شیعرییەکان هەیە.
دەنگی شیعریی ئەو زۆر بیستراوە. سەرگۆن پۆڵس، کوڕە ئاشووری قووڵ و سەنگین، ساڵی ١٩٤٤ نزیک بە دەریاچەی حەبانییە لە عیراق لەدایک بووە. لەو شوێنەی کە هاوڕێکەی دیکەمان، ئاشووری قەشەنگ، سەمۆیل شەمعۆن، لەدایک بوو.

ناوی چ وەک دامەزرێنەرو چ وەک کاریگەر بە گرووپی شیعریی کەرکووکەوە پەیوەستە، ناوێکی پرشنگداری لە ناو گرووپی شاعیرانی وەک فازل عەزاوی و موئەیەد ڕاوی و سەڵاح فایەق و ئەب یووسف سەعید و ئەوانی دیکەدا هەبوو. ساڵی ١٩٦٧ بەنهێنی و ترس و لەرزەوە عێراقی بەجێ هێشت و ڕووی کردە دیمەشق، پاشان دزەی کردە بەیرووت و، لەوێشەوە ساڵی ١٩٦٩ بەرەو سان فرانسیسکۆ کۆچی کردو لەوێ لە تاراوگە بە خۆی و چامەکەی تەنیا مایەوەو، ئەویی بەجێ نەدەهێشت تەنیا لە گەشتی پچڕ پچڕدا نەبێت بۆ بەشداریکردن لە فیستیڤاڵی شیعری لە ئەوروپا و وڵاتانی عەرەب (دوو جار سەری لە مەغریب داوە، یەکەمینیان کاتێک دەزگەی تۆبقال کۆبەرهەمی ـ ژیان نزیک بە ئەکرۆپۆل ـ ی بۆ چاپ کرد. دووەمین جاریش کاتێک لە یەکیەتی نووسەرانی مەغریب بۆ بەشداریکردن لە فیستیڤاڵی شیعریی ناوەڕاست لە شاری ڕەبات بانگهێشتمان کرد). زۆری نووسی، ئەگەرچی کۆشیعری و هەندیک لە وەرگێڕانەکانی درەنگ ڕووناکییان بینی، کە دیارترینیان کۆشیعری ـ گەیشتنە شاری کوێ ـ ئەسینا ١٩٨٥، ژیان نزیک بە ئەکرۆپۆل ـ کازابلانکا ١٩٨٨، ئەگەر لە ناو کەشتییەکەی نووحدا نوستبوویت ـ بەیرووت ١٩٨٨، یەکەم و ئەوی دواتر ـ بەیرووت ١٩٩٦، چراهەڵگر لە شەوی گورگەکاندا ـ بەیرووت ١٩٩٦، جگە لە ئەنتۆلۆژیای وەرگێڕانە شیعرییەکانی (رقائم لروح الكون) بەیرووت ٢٠٠٢... ئەوانەی سەبارەت بە سەرەتاو دەست پێکردنەکانی ئەم شاعیرەیان نووسیوە، گوتوویانە ئەوان هەر لەیەکەمین ساتەوە شاعیرێکی ڕاستەقینەیان دۆزیوەتەوە، ئەوانەیش پاش مردنی لەسەریان نووسیوە، گوتوویانە بەدرێژایی ژیانی شاعیری ڕاستەقینە، شاعیری گەورە بوو (تەنیا شاعیری عیراق) بووە، وەک سەعدی یووسف بە ڕاستگۆیی و خۆشەویستی و بێ فیزی و وەفادارییەوە نووسیویەتی، ... ئەو شاعیرە گەورەکەی دیکە دەڵێت ئەو (شاعیر بوو). سەرگۆن چڕکردنەوەی هەموو شیعرەتی عیراق بوو، تێکەڵاوبوونێکی واڵای دیارترین و قووڵترین و بێگەردترین مەرجەعیەت و پسپۆڕایەتی شیعری و ئێستیتیکای عەرەبی بوو. شتی بەوانی دیکە بەخشی و شتیشی لێوەرگرتن، ڕووناکی کردنەوەو ڕووناکیان کردەوە، هاوڕێیەتی کردن و لەگەڵیان بوو، دڵی پێیان خۆش بوو ئەوانیش دڵیان پێ خۆش بوو، خۆشیان ویست و ئەویش خۆشی ویستن. لە ناو نەخشەدا شوێنی خۆی لە ناویاندا دۆزییەوە، هەروەها زمانی خۆی لەناو زماندا دۆزییەوە، بۆ تاراوگەو، گۆشەگیری و بێ دەنگی و سەرکێشی و نەزانراوی فەرهەنگێکی شیاوی بە هەموو ئەم حاڵەتانە دۆزییەوە کە مرۆڤ زیندوو دەکەنەوەو دەمرێنن. وەک بڵێیت باوەشێنی چامە بەرەو لووتکەی ژیان بەرزی کردووەتەوەو، پاشان بۆ قووڵایی مرواری و ناسکی گژوگیای دابەزاندووە.

زەمینی وەک دەشتاییەکی والا هاتە بەرچاو بۆیە تێیدا بلاوبووەوە. لە کەرکووکەوە بۆ بەغدا، بۆ دیمەشق، بۆ بەیرووت، بۆ سان فرانسیسکۆ. پاشان هەر گەشتی بە هەموو لایەکی زەویدا دەکرد. شیعری دەنووسی و دەخوێندەوەو ژیانی دەگوزەراند. بە دیداری شاعیران دەگەیشت و، شاعیرانی بەجێ دەهێشت و، شاعیرانی بیر دەکەوتەوەو، شاعیرانی بیر دەچووەوە. دەستی بۆ ڕەفەکان درێژ دەکردو هی دیکەی دەشکاندو، دەستی بۆ کتێب درێژ دەکردەوە بۆ ئەوەی بیانخوێنێتەوەو، بۆ ئەوەی تەنیایی بەسەر ببات.

لە چامەکەی خۆی دەچوو، چامەکەیشی لە خۆی دەچوو.

هەردووکیان پێکەوە لەسەر گوریسێک سەمایان دەکرد. پێکەوە سەمایان بە ژیان دەکرد وەک بڵێیت ژیانێکی ڕاستەقینەیە، یان وەک بڵێیت هەندێک جار مردنێکی هاوشێوەی ژیان بێت!

وەک بڵێیت بەخششێکە، هەموو سیفەتە جوانەکان لە (سەرگۆن)دا کۆبووبوونەوە: سەرسامی بەردەوامی منداڵی بەرانبەر بە کۆمەڵەی شت و کردارو ڕووداوەکان و (خواوەند؟!) هەبێت، ئاشووری بێت، عیراقی بێت، تەنیا بێت، سەرگەردان و وێڵ و دوورخراو بێت، ساکارو قووڵ بێت، گەورەو بێ فیز بێت. بە کورتی بەخششێک بێت شاعیر بێت، بەخششێکی تایبەت بێت بە هەموو کەسێک نادرێت، وەک ئەنسی حاج ئەوەی لە سلاوێکی بۆ سەرگۆن تێبینی کردووە پاش ئەوەی ئەم ئاشوورییە مردنی لەگەڵ خۆی ڕاکێشا کاتێک مرد! بەداخەوە تا ئێستە سەرگوزشتەی ژیانیم نەخوێندووەتەوە (گەواهیدەرانی سەر کەنارەکان). وەک زانیم بە ئەڵمانی بلاوکراوەتەوە. سەرگۆن بەوە ناوی دەرکردووە کە خوێنەران بە ئاسانی کتێبەکانی دەستەبەر ناکەن یان هەرگیز دەستیان ناکەوێت، وەک بڵێیت ڕوقەیمی ئاشووری لەسەر ئاو دەنووسی! تەنانەت ئەگەر بیخوێنیتەوەو ناسیت، ئەوە بە تەواوی نایناسیت وەک ئەوەی پێویستە بیناسیت، ئەویش ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە (لە ناو زماندا نیشتەجێیە) وەک بەسام حەجار لە بارەیەوە نووسیویەتی. ڕەنگە لەبەر ئەوەیش بێت کە چامە نیشتمانی گەڕۆکی بوو. ڕەنگە لەبەر ئەوەیش بێت خۆی لە مەرجەعیات و، باوباپیران و، لە کاغەزانی ناسنامە سووک کردبێتەوە.

لە هەموو شتێک کەمی بەکار دەهێنا ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت ببێتە بوونەوەرێک بەرگەی سووکیی بگیرێت. ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت ببێتە شاعیر، تەنیا شاعیر.

لە باری فیزۆف کە شانی بەسەر لاکەلەکەی (سیتی لایت)دا دادابووەوە لەسەر کورسییە بەرزە لە قامیش دروستکراوەکەی دانیشاندم، کە کیرواک لەسەری دادەنیشت، وێنەیەکی بۆ گرتم. منیش هەمان شتم کرد، منیش لەسەر کورسییەکەی کیرواک وێنەیەکیم گرت. لەشەقامی کۆلۆمبس لەسەر تەواریش ڕاوگرتم و وێنەیەکی بۆ گرتم. بەرانبەر بە کتێبخانەکەیش، هەروەها لە ناوەوەی کتێبخانەکەشدا، پاشان بردمیە باری (تریێست) ئەو بارەی فیرلینگێتی حەزی لێبوو، لەوێش وێنەیەکی بۆ گرتم. لێرەو لەوێ، کامێراکەی منی بە دەستەوە بوو وێنەی دەگرتم و داوای لە ڕێبوارێک یان خانمە گەشتیارێکی رووخۆش یان بۆیەکی چاوتێر دەکرد پێکەوە وێنەیەکمان بۆ بگرێت. شەرم دایدەگرت کاتێک باسی شیعرەکانیم دەکردو ئەوەی لێوە فێربوومە.

یادگەی شیعری عەرەبی چۆن دەنوێنێت، چۆن تێیدەپەڕێنێت. مانای چی دەگەیەنێت ئەگەر ئاماژەی دەست پێکردنی چامە وەربگرێت و، واتای ئاماژەی کۆتایی پێهێنانی بۆ بێت. چۆن چامەکەی دەنووسێت، چۆن دەیخوێنێتەوەو، ڕۆڵی خوێندنەوە (خوێندنەوە یان وەک سروود چڕین) لە پێکهاتەی ڕێتمی چامەدا چییە.

چەند چامەکەی بەلای منەوە لە نێوچە پەرجوویەکی بچووک دەچوو!

(واڵت وەیتمان)ی پێ ناساندم وەک سەعدی یووسف پێی ناساندم. ئەوپەڕی سەرسوڕمانی خۆی بەرانبەر بە دەوڵەمەندی شیعری و هێزی (گەلای گژوگیا) پیشان دەدا. ئەو شاعیرە گەورە بەڕیشە نەمرەی ئەمەریکا کە هەردوو چاوی پرشنگداری بۆ ژیان دەکردەوە وەک پڵنگێکی بازدەر بۆ بازی ژیان خولقابێت، ئەو شاعیرەی کە هەرگیز ئامێری سەربازی و دیپلۆماسی ئەمەریکای ڕۆچوو بە تاواندا ناتوانن کارێکی وا بکەن لێی بتۆرێین.

سەرگۆن، لە ڕووی ئێستێتیکی و مەعرەفییەوە، لە نووسینی پەخشانە شیعر(چامەی پەخشان)دا هۆشمەندییەکی تیژی هەبوو(هەرگیز حەزی لەم ناولێنانە نەبوو)، کە بە بۆچوونی ئەو پێویستی بە چنینێکی جیاکارو زمانێکی تایبەت و، پێکهاتەیەکی چڕکردنەوەی دیاریکراو بوو. لە بنەڕەتیشدا لایەنگری لە پەخشانە شیعری ئەمەریکی دەکرد، سەرسامی بەرانبەر بە چامەی پەخشانی فەرەنسی سارو سڵتر دەبوو.وەک سەعدی دەڵێت لایەنگیری لە (نەبەردی دەقی پێکەوە بەستراو ) دەکرد.

بەلای ئەوەوە پەخشانە شیعری فەرەنسی تەنیا لاساییکردنەوەی هاوچەشنە ئەمەریکییەکەی بوو، تەنانەت بۆدلێر لە (پەخشانە شیعری بچووک)دا لەژێر کاریگەری ئەدگار ئەلان پۆدا بووە.

بە لای ئەوەوە پەخشانە شیعر تەنیا نووسینێک نەبوو هیوای ئەوە بێت شیعریەتی خۆی بەدی بهێنێت لە ڕووی خۆقوتارکردن لە قورسایی کێشی کلاسیکی یان سیستمی تەفعیلە. تەنیا بەرهەڵستی کێش نییە، بەڵکو بە بۆچوونی ئەو دەربڕینێکی شیعری ئێستێتیکییە لە حاڵەتێکی قووڵ لە ڕوو بە ڕووبوونەوەی تەواومان لەگەڵ سەردەمدا.

ئەم چامە جیاوازە بەلای ئەوەوە حاڵەتێکی فەلسەفی ئێستێتێکی نوێیە لە شیعری عەرەبیدا ناشێت لەبەر ڕۆشنایی جۆرەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری باوی ئێستەی عەرەبدا بخوێنرێتەوە یان دەرک بە

جوانیەتی بکرێت. بۆیە هەقی ئەوەی بڵێت: (یەک وشە لە تێنووسەکەی خۆمدا دەنووسم و، دەینوقێنم، یەک جووڵە بەسە بۆ ئەوەی دنیا بگۆڕێت).

تا ئێستەیش بڕوام وایە کە سەرگۆن ناودارترین دامەزرێنەری پەخشانە شیعری نوێیە لە دیمەنی شیعری عەرەبی هاوچەرخدا. گەیشتوومەتە ئەوەی بڵێم کە ئەو شتێکی ئەوتۆی بۆ ئەم شێوە شیعرییە بەدی هێناوە بە ڕادەی ئەوەی سەیاب بەدی هێناوە بۆ نموونە لەسەر ئاستی نوێکردنەوەی چامەی عەرەبی، لە ڕووی ڕیتم و زمان و ڕۆشنبیرییەوە.

بەهرەو خۆڕسکی (ماغووت)ی هەبوو. بوێری و زیرەکی (ئونسی الحاج)ی هەبوو. تایبەتمەندی خۆیشی هەبوو بە بەراورد لەگەڵ دینامییەتی نەوە نوێیەکان لە بواری پەخشانە شیعردا. گیانی فریای کەوت و، بێ فیزی مرۆییانەو نیگەرانی مەعریفی، ئارەزووکردنی سەرکێشی و کۆچ کردن، زمانی ئینگلیزی بە توانای بەرەو ئەوەیان برد شتی ئەوتۆ بێنێتە کایەوە لەوەی ماغووت و ئونسی و ئەوانی دیکە جیاوازتر بێت و .. زۆر لە ئاسۆی تەوفیق سایغ نزیک بێتەوە.

هەرگیز، ئەوەی لە یاد نەدەچوو، کە بە بۆماوەی دوورو درێژو بە شێوەیەکی وەفادارانەی مەعریفی، لای شیعریەتی ئەو پەخشانە شیعرییە بەپێزە هەڵوەستە بکات کە ئەم شاعیرە فەلەستینیە کۆچ کردووە، تەوفیق سایغ نووسیویەتی. بەردەوام ناوی دووبارە دەکردەوەو، زۆر جار پێداگیری لەسەر ئەوە دەکرد سەرلەنوێ سوود لە ئەزموونی (گۆشە تیژەکان)ی وەربگرین و سەرلەنوێ (چامە سەیرەکەی) بخوێنینەوە، وەک چۆن باسی دەکرد. بۆیە، هەموو ڕێتمخوازەکان، هەموو داهێنەرەکان، هەموو سەرکێشەکان، پەیامبەرانی چامەی ڕەها، هەموو ئەوانەی بە پەنگرە گڕگرتووەکانی شیعر سووتاون خۆشیان ویست.

شەو، لە سان فرانسیسکۆ، من و وەرگێڕەکە بە ئۆتۆمبیلە جوانەکەمان کە بەکرێمان گرتبوو تا شارۆچکەکەی خۆی لە دەورو بەری شار یاوەریمان کرد. لە ڕێگە بە ئاماژەی پەنجەی ڕێگەی پیشان دەداین تا گەیاندینیە بەر دەرگەی ماڵەکەی. کاتێک بۆ ئوتێلەکە دەگەڕاینەوە، ڕێمان بزرکردو نەمانزانی چۆن بگەڕێینەوەو، تووشمان بە تووشی کەسەوە نەبوو بۆ ئەوەی پرسیاری لێ بکەین و ڕێگەکەمان پێ پیشان بدات.

بەجێمان هێشت بۆ ئەوەی وەک هەموو شەوێک، چۆن ڕاهاتبوو، تا بەرەبەیان شەوبێداری لەگەڵ چامەکەیدا بەسەر ببات. ڕەنگە تا هەنووکەیش هەر شەوبێداری بکێشێت. هەرچی منم، ئەوە هێشتە ڕێم بزر کردووەو، نەگەڕاومەتەوە.

**ئەوەتە لە سان فرانسیسکۆ بە دیداری یەکدی دەگەین. پرسیارێکی ئاسایی بەرایی هەیە: چۆن خۆت گەیاندە ئەم شوێنە؟**

ـ بە چەند ڕێگەیەک کە ئەوەند بە ناویەکدا چوونەو بە ئاستەم لەسەر نەخشە دەدۆزرێنەوە هێشتەیش سەرم لێ سوڕماون. لەم ماوەی کاتەوە وام دێتە پێش چاو کە گەشتەکە تێکەڵییەکی ئەفسوونی چارەنووسیانەو خەیاڵگەی شیعری گڕگرتوو بوو. ئێمە نازانین بۆچی لە کتێبی نەزانراودا شارێکی دیاریکراو بە ناوی ئێمەوە تۆمار کراوە، بەڵام شتەکان بەم شێوەیە ڕوو دەدەن و، لەپڕ خۆم لە سان فرانسیسکۆ دەبینمەوە کە بە لامەوە زۆر دڵگیر بوو، وەک بڵێیت پێشتر لە شوێنێک و لە سەردەمێکی دیکەدا سەرم لێی دابێت.

**ساڵی ١٩٦٩ هاتیتە ئەم شارە. دەقەکان تۆیان ڕاپێچی ئەم شارە کرد؟**

ـ ئەو دەق و شانەی لە کتێبی دیاریکراودا تووشم بوو بە تووشیانەوە، لەگەڵ نووسینی تایبەتدا لەوانەیش نووسینەکانی ئەو نەوەیەی ئەو کاتە شۆڕشێکی ڕاستەقینەی لە شێوازەکانی خەیاڵکردن و، شێوازەکانی ڕەفتارو گۆڕینی ڕوانینی ئادەمیزاد بۆ چەرخی خۆی دەست پێکردبوو، لەگەڵ هەوڵی دارشتنی شێوازی نوێی ژیان گوزەراندن بە ساکارترین شێوە. وەک چۆن لەگەڵ نەوەیەکی تەواو لە عیراق دیارە: کەرکووک و بەغدا، هەستم بەو پێشبینییە کرد کە پاڵم پێوە دەنێت پەردە لە ڕووی شتی زۆرتر لادەم و، بە ناو ئەم نووسینانەدا ڕۆبچم. وشە ـ وەک دەبینیت ـ هێزێکە سنووری مەودای نازانین.

**چۆن بە ئەزموونی شاعیرانی بیتنیکەوە پەیوەست بوویت؟**

ـ شتێکی ئاساییە بە ڕێکەوت بوو، لەو ڕۆژنامەو گۆڤارە ئینگلیزییانەی لە عیراق دەمخوێندنەوە، پێش ئەوەیش کاتێک ساڵی ١٩٦٧ گەیشتمە بەیرووت. ئەوەبوو چەند کتێبێکی دیاریکراوم لە کتێبخانەی زانکۆی ئەمەریکایی لە بەیرووت بینی، لە پێش هەموویانەوە ئەنتۆلۆژیایەکی زۆر گرنگ، کە هێشتە چەندین چاپی جۆراوجۆر چاپ دەکرێتەوە، کە لە نووسین یان کۆکردنەوەی (دۆناڵد دالەن)ە. ئەو کتێبە شۆڕشێکی ڕاستەقینەی لە شیعری ئەمەریکیدا بەرپاکرد، نووسینی کرواک و کوزلێرو سنایدەرو ئەوانی دیکەی تێدابوو. ئەو بزووتنەوەیە بزووتنەوەیەکی گەورە بوو. کاتێک ئەو کتێبەم دۆزییەوە زۆر لە دەقەکانیم وەرگێڕاو، وەک دەزانیت، لە گۆڤاری شیعرو چاپەمەنی دیکەدا بڵاوم کردنەوە.

**ئەوە سی وسێ ساڵە تۆ لە سان فرانسیسکۆ دەژیت، لەوەتای ساڵی ١٩٦٩ گەیشتوویتەتە ئێرە بەم شوێنەوە، بە یادوەری و، بە خۆشەویستی و، بە ڕواڵەت و بە سپێسە جۆراوجۆرەکانیەوە بەستراویتەوە. ئێستە، چۆن لەم پێوەندییە دەڕوانیت؟**

ـ مەودا زۆر سەرسوڕهێنەرو بەرفرەوانە، شتێکی ڕوونە ناتوانم ئەم

یادوەرییە شی بکەمەوە بەبێ ئەوەی لەو هەموو هەڵدێرانە لەرزم لێ بێت کە ڕێگەیان لێ دەتەنیمەوە بۆ هەر کوێیەک بچووبایەم، لەو بڕوایشەدام ئەو دەوڵەمەندییەم لەم سەرکێشییەوە بۆ بەدی هاتووە. گرنگ ئەوەیە لە سەرکێشی ماندوو نەبووم، هەوڵم نەدەدا جەخت لە سەلامەتی بکەمەوە بەر لەوەی یەک هەنگاو بهاوێژم. ئەوەبوو تا کۆتایی گەشتەکە هەنگاوەکانم بە تەواوەتی هاویشت بەبێ ئەوی بیر لە سەلامەتی و تووش نەبوون بکەمەوە. لەو بڕوایەشدام کە پێویستە کردەی شیعری لە ئاکامدا جۆرە مەترسی یان جەربەزەییەکی تێدا بێت، واتە هەندێک جار سەرەتاتکێی سەر هەڵدێر بکات. ناڵێم بازی بۆ بدات وەک چۆن (ئەرتۆ) و ئەوانی دیکە وایان کرد، بەڵکو بزانێت چی لەوێ هەیە؟ بەڵێ! گەشتی گەورەو بەرفرەوان بوون و هەمووشیان لە واقیعدا بوون و لە ئاکامیشدا لە پێکهاتەی خەیاڵی و، لە پێکهاتەی خەیاڵگەدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەوی هیچ گومانی لێ ناکرێت ئەوەیە ئەم پرسانە لە ناو شیعری مندا ڕەنگ دەدەنەوە.

**من کە دوێنێ و ئەمڕۆ، پیاسەی هەندێک شوێنی فرانسیسکۆم لەگەڵ کردیت، شوێنەکەت پێ دەناساندم و خەڵکی شوێنەکەشت پێ دەناساندم. کێ ماوەو کێ کۆچی کردووەو بەجێی هێشتوویت؟ چی لەم ڕوخسارو ئەم پێوەندییە بیر دەهێنێتەوە؟**

ـ شتێکی ڕاستەقینەت پێ دەڵێم، من زۆر ئاموشۆی ئەم ناوچەیە ناکەم، نەشهاتووم تەنیا لە بەر تۆ نەبێت، چونکە لە خاڵێکی ئەم ناوچەیە، کە تێیدا بووین، بیرەوەریم هەن. ئەو تەلارانەی کە نەمان و، ئەوانەی هێشتە ماون هەر هەموویان لە ناخمدا ڕەنگدانەوەیان هەیە، سێبەری خۆیان هەیە، لەبەر ئەوەیە پێدەچێت ناوچەی کەناری باکوور لە یادگەی زۆر کەسی دیکەی جگە لە من شوێنێکی پیرۆز بێت. نیوچە بەردەرگەیەک بێت بە واتای ئایینی ڕوحانی تەواو. وەک دەبینیت چەندین شەقام بە ناوی شاعیرانی ئەو ماوەیەوە هەن.

پێدەچێت مرۆڤ لە ئاکامدا، پاش مردنی ئەو شاعیرانە ـ شتێکی ئاساییە ـ هەست دەکەن کە جۆرە پیرۆزییەک هەیە کە لە جیهانێکی ناقۆڵای لەم جۆرەدا شاعیر بیت، جۆرە هەڵبژاردەیەکی دژوارو گران. بە بەراوردکردن لە گەڵ پیشەکانی دیکەدا (ئاکام شیعر پیشە نییە) ئەم ئەرکەت پێ بگات و بە دەنگییەوە بچیت و ئەم جۆرە ئەرکە لە ئامێز بگریت، کە کردەیەکی گەورەیەو مەودای هەیە.

**لەم ناوچانەدا ژیایت و، لە ڕووی شیعریشەوە تێیاندا دەژیت، پێدەچێت دەکۆشیت ژمارەیەکی زۆرتر چامەی شیعری و سپێسی شیعری خۆتی تێدا بەرهەم بهێنیت. چۆن ئەم پێوەندییەی نێوان شوێن و نێوان دەقی شیعری هەڵدەسەنگێنیت؟**

ـ بە درێژایی ساڵان، بەردەوام دەکۆشام ئەو هاوکێشەیە بدۆزمەوە کە ڕێم پێدەدات شتی ناخەوەی شوێنەکان بزانم.. سەرکێشی مرۆیی لە ئاسمانیدا بزانم کە بە وردەکاری دیاریکراو سنووردار کراوە. ئەو وردەکارییانەیش لە ناشوێنەوە نایەن. ناشێت تەم و مژاوی یان تەنیا وشەی گۆکراو بن. بە درێژایی ئەو ماوەیە، دەکۆشام و، هێشتەیش بەردەوامم ئەو شتە بدۆزمەوە کە بە زمانی ناخەوە ناوی دەبەم: ئەو زمانەی شتی ناخەوەی ئەم شوێنانە دەخاتە ڕوو بەبێ ئەوەی بکەومە ناو ناولێنانی ڕاستەوخۆوە. ئەمەیە بەرەنگاربوونەوەو هەڕەشەی شیعر. ڕەنگە بۆ نموونە لە یەکێک لە چامە نوێیەکانمدا کە هێشتە دەیاننووسم، کە ئەم زمانە دیاریکراوە ڕێم پێدەدات بە ناخی شتەکاندا ڕۆبچم و، کارێکی وا بکەم زمان ببێتە خاوەنی من، ئەگەرچی من سنووری خاوندارییەتی بۆ دەستنیشان دەکەم.. ئەم گرژییەی نێوان قبووڵکردن و ڕەتکردنەوە و، ململانێ لەگەڵ زمان و باوەش پێداکردنی ئەوەیە کە چامە دروست دەکات. ئەم چامەیە، وەک گوتم بەردەوام لە شوێنێکدا ڕەگی داکوتاوە، تەنانەت ئەگەر ناوی شوێنەکە نەهێنم ئەوە هەست پێکردنی شوێنەکە لەناو چامەکەدا هەیە، واتە بۆ کوێی دەبەم؟ ئەمە پرسیارەکەیە. یان چامە بۆ کوێم دەبات؟ کام لە ئێمە بڕیاری جوگرافیای شیعرسازی دەدات؟ جوگرافیای نووسین بە خۆی؟ چۆن سنوورەکان دەکێشم؟ چۆن شێوەو ڕوخساری پرسگەلی تێکەڵ و پێکەڵ سنوور دەکێشم. بێ گومان تۆیش بەدەستی هەمان شتەوە دەناڵێنیت. من دەمەوێت دڵسۆزی ئەم کردە سەمیائییە بم. نەک تەنیا لە زماندا بەڵکو لە کاریگەری زمان بەسەر ئەو کەسەی کە دەنووسێت. ئەم ئاڵوگۆڕە، یان ئەم باوەش پێداکردنە، ئەو شتەیە کە بایەخی پێدەدەم.

**لە پێوەندیتدا بە شوێنەوە بە تایبەتی لە سان فرانسیسکۆ، ئێستا هەندێک قاوەخانە، هەندێک کورسی، هەندێک وێنەی تایبەت بە یاد دەهێنێتەوە، لەوانە چییان لات ماوە لەو قۆناغەی کە بەسەرت بردو تێیدا زۆر لە شاعیرانی بیتنیکەوە نزیک بوویت؟**

ـ شتێکی ئاساییە، تۆ دەزانیت، کە یادوەری لەگەڵ کاتدا هەڵەوگێڕ دەبێتەوەو، دەکۆشێت ببێتە شتێکی دیکە، بە شێوەیەکی ڕوون دەڵێم بۆ نموونە تۆ، کاتێک لەسەر ئەو کورسییە تایبەتییە لە قاوەخانەی فیزۆف دانیشتیت ئەوەم زۆر باش لە یادە کە جاک کیرواک لەسەر ئەو کورسییە دادەنیشت و ڕۆمانی (بەڕێگاوە)ی دەنووسی. پاش مردنی کرواک بەچەند ساڵێک جۆرە زانایەکی دەروونی هەبوو دادەنیشت و تۆی شی دەکردەوە ئەگەر بتویستایە تۆیش (بە پێکەنینەوە) بەرانبەری دادەنیشتیت. ئەمە لاساییکردنەوەی بزاوتنە، بزاوتنی بیتنیک لەو کاتەدا. بەڵام کورسییەکە هێشتە هەر لەوێیە. ئێستەیش کەسی لەسەر دانەنیشتووەو چاوەڕوانە هەر جەستەیەک بێت و لەسەری

دانیشێت. هەر هەموو ئەوە چی دەگەیەنێت؟ نازانم ...بەڵام ئەوەی دەیزانم کە جۆرە بریسکەدانەوەیەکی زێڕین ئەو کاتە لە کەشەکەدا هەبوو، هەستت پێدەکرد کاتێک لەو کاتەدا بژیایەیت. منیش هێشتە لەو کاتەدا دەژیم لەبەر ئەوەی هەر کاتێک بێمە ئەم شارە ئەو یادوەرییەم تووش دەبێت...

**ئەی کتێبخانەکە، کتێبخانەی (سیتی لایت)؟**

ـ کتێبخانەکە، کتێبخانەی رووناکییەکانی شار زۆر بەناوبانگە، وەک بینیت ئەوە بووەتە جۆرە مەزارگەیەک، واتە ژمارەیەکی زۆر شاعیرو نووسەران و کەسانی ئاسایی لە جیهانەوە دێن بۆ ئەوەی سەر لەم کتێبخانە بدەن. ئاشکرایە ئەم بەناوبانگی و ئەو ناودەرکردنەی بە هۆی پەیوەستبوونی بە بزووتنەوەی بێتنیکەوە بووە. هەروەها چامەی (وەڕین)ی گینسبێرگ هێشتە هەموو ساڵێک، یان دوو ساڵ جارێک چاپ دەکرێتەوە، تەنانەت نەوەی نوێ هێشتە سەرسامی ئەو چامەیەیەو دەیخوێنێتەوە. ئێستە ڕاچەنینێکی ڕاستەقینە هەیە پێوەندی بە جاک کرواکەوە هەیە...

**کە لە ڕابوردوودا لە پەراوێزەوە بوو؟**

ـ بەڵێ، ئەو مێژووی خوێندبوو. کیرواک لە پەراوێزەوە بوو هەروەها بە جۆرە شێتێک دادەنرا. تەنانەت کتێبەکانی لە کاتی خۆیدا لەلایەن چەند نووسەرێکەوە چاپ کران و چەند بەشێکیان لێ پچڕاندو بەپێی ئارەزووی خوێنەران دەستکارییان کرد. بۆیە ئێستە ئەو کتێبانە بە شێوەی ئەسڵی خۆیان چاپ دەکرێنەوە کە ئەو کاتە بە ئاژاوەگێڕی و ناپەسەند دادەنران... پێدەچێت هەندێک لە نووسەران لە هەموو سەردەمێکدا لەو بڕوایەدان کە ئەوان تەنیا کەسانێکن کە دەزانن ئەدەب چییە. ئەوانە لای ئێمەیش هەن.، جا بۆیە ئەوی دیکە لە پەراوێزەوەیەو ئەوەی دووەم ئاژاوەگێڕو ئەوەی سێیەم شێتە ... تاد... لەکاتێکدا چەند تێگەیشتوویەکی کەم هەن (پێدەکەنێت)، ئەمە ئەو پەندەیە کە دەبێت تێی بگەین. ئێمەیش بەم ڕەوشانەدا تێدەپەڕین..لە ئەدەبەکەی ئێمەشدا کەسانێکی وا هەن ڕۆژێک لە ڕۆژان مافی خۆیان وەردەگرنەوە.

**بۆچی چەند شاعیرێکی دیاریکراوی بزووتنەوی بێتینک زۆر ناودارترو بڵاوتر بوون کەچی شاعیرانی گەورەی بزووتنەکە تا ڕادەیەک لە سێبەردا مانەوە بۆ نموونە وەک گریگۆری کورسۆ؟**

ـ گیسنبێرک بلیمەت بوو لە بڵاوکردنەوی شتەکانی خۆی. ئەگەر لەگەڵ گینسبێرگ دانیشیت دەتبینی کە زۆر ڕێی تێدەچێت کە بەقاڵێکی جوولەکەی باش بێت... ئەقڵیەتی ئەو بەم شێوەیە بوو. گینسبێرگ ئاشکرایە کە ناوداریەتییەکی زۆر و پارەیەکی زۆری دەست کەوت. بەڵام کۆرسۆ لەو ڕووەوە بەستەزمانە، لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی دڵسۆزانە بڕوای بە شیعر هەیە. خەریکە لە ڕۆمانسیەتی نزیک بکاتەوە.. ئەم دڵسۆزییەی شیعر ڕێی نادات لە سەدا نەوەدی توانای خۆی بۆ بڵاوکردنەوی ئەم شیعرە تەرخان بکات. لە ڕاستیدا گینسبێرگ لەبەر ئەوەی ئەوەندە کۆرسۆی خۆش دەویست، لەو دەزگەیە شەڕی لە پێناودا دەکرد. بۆ نموونە شەڕە بەناوبانگەکەی کە لە ڕۆژنامەکاندا ڕووی دا، لەنیۆیۆرک تایمزو ..تاد... چونکە گینسبێرگ، لە هەشتاکاندا لەسەر ئەوە سووربوو کە خەڵاتی پۆلیتزەر بە گریگۆری کۆرسۆ ببەخشرێت، لە کاتێکدا شاعیرانی وەک تاوەر و سیمسۆن لایەنگرییان لە ئافرەتێکی پڕوپووچ کرد.. هەتا ئێستە پڕوپووچەو کەس نایخوێنێتەوە، بەڵام خەڵاتی پۆلیتزەریان پێبەخشی. ئەمە یەکێکە لە شەڕە بەناوبانگەکان چونکە قەڵپیی ناو دەزگەی ئەدەبی و دەستەڵاترۆیشتوویی ئەو فەرمانبەرانە دەردەخات کە ڕوانینێکی دیاریکراویان بەرانبەر بە شیعر هەیە. ئەم ئافرەتە چامەی ئاسایی لەسەر شێوازی کلاسیکی دەنووسێت، بۆیە لێرەوەیە یاخیبوو نییە، دەربارەی شتی ناوماڵەو پشیلە ... شتی ناوماڵەی چینی ناوەند دەنووسێت، ئەزیەتی کەس نادات و ئاکامیش شتێکی ئەوتۆ ناڵێت. کەچی کۆرسۆ بە یەکێک لەوانە دادەنرێت کە بە سۆزێکی نائەمەریکییانە دەنووسێت، بە سۆزی مرۆییانە کە لە خۆشویستنی شتەکان و جیهاندا زۆر دوور دەڕوات. زۆری حەز لە ڕۆژهەڵات بوو، هەروەها سەبارەت بە کارتێکردنی ئەدەبی بابلی و عەرەبی لە بەرهەمەکانی نووسیویەتی. ئەم شتانە لە شەستەکان و حەفتاکاندا بەشێوەیەکی نافەرمی نیوچە قەدەغەکراو بوو. کەواتە وەک دەبینیت شەڕ لێرەش هەیە.

بۆب کۆفمان شاعیرێکی ڕەش پێست بوو باشترین کەسە کاریگەری لەسەر هەموو نەوەکە کردووە، بەڵام گوێی بە ناوبانگ دەرکردن نەدەداو ڕکی لەو کەسانە دەبووەوە سەرسامی دەبوون، بەڵکو بڕیاری دا تا هەتایە بێ دەنگ بێت و پاش مردنی جۆن کنێدی هیچ نەپەیڤێت. لەگەڵی دادەنیشتم بێ ئەوەی ورتەی لێوە بێت، تەنیا تەماشای دەکردم، وەک بڵێیت بە تەماشاکردن قسان دەکات. ماوەیەکی دوورو درێژە شیعرەکانی بە زمانی فەرەنسی وەرگێڕراون، لە پاریس ناوی ڕامبۆ ڕەشیان لێ ناوە.

ئەم گرووپە لە تەنجە، لەناو جەستەی ڕۆشنبیری عەرەبدا بەردەوامیان هەبوو، بەڵام هەر بەکزی مایەوە ئاوڕدانەوەکانی محەمەد شوکری نەبێت لە هەندێک لە کتێبەکانیدا.

**سەرچاوەی ئەو بێ دەنگییە لە کوێوە هاتووە؟**

ـ ئەوە نازانم، ئەم بزووتنەوە گەورەیە لە تەنجە چڕ بووبووەوە، وەک گوتم بەتایبەتی لە تەنجە. چەند دێڕە شیعرێک سەبارەت بەم پرسە هەیە لە ناو چامەیەکدا وەرمگێڕاوەو لە گۆڤاری (الکرمل)دا بڵاوبووەتەوە.

یەکەم: کاتێک پۆل پۆلز لە سییەکاندا تەنجەی بینی، گوتی جارێکی دیکە سەری لێ دەدەمەوە. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە شوێنگەلێکی کەم لە جیهاندا هەن کە هەست بکەیت تۆ لە پێناویاندا لەدایک بوویت و لە پێناوی ئەوەی تێیاندا بژیت،

تەنجەیش چارەنووسی ئەم پیاوە بوو. پاش ئەوە نووسەرێکی زۆر توندڕۆترو شێتتر لە پۆل پۆلز هاتە تەنجە، ئەویش ویلیام بوراوز بوو. خووی بە تلیاک و ڕابواردنەوە گرتبوو. هەستی بەوە کردبوو کە شوێنێکی وەک تەنجە بەهەشتێکە بۆ خۆی ئەگەر بێت و بە ئەمەریکاو بە دۆزەخی ئەمەریکای پڕ لە چاودێریکردنی ڕەفتارو هەڵسوکەوت بەراورد بکرێت.

شتێکی ئاساییە ئەوانە جۆرە زێدەڕۆییەکیان لا هەیە چونکە خەڵکی ڕۆژئاوان. ئەو شتەی بە لای منەوە سەیر بوو ئەوەیە کە بیانخوێنمەوەو لەوە ئاگەدار بم چۆن باسی وڵاتەکەی تۆ دەکەن. دەیان کتێب هەن، نزیکەی بیست کتێبم لە بارەی ئەو نووسەرانەوە هەیە بە تایبەتی بوراوزو پۆلز، کە نووسینی نووسەرانی مەغریبیان تێدایە. ئاشکرایە کە پۆلز زۆر نووسینی زارەکی مورابت و شەرادی و کەسانی دیکەی وەرگێڕاوەو ناوبانگیان دەرکردووە چونکە تەنانەت لە عیراقیش لە گۆڤارە ئەمەریکاییەکاندا شتی ئەوانم دەخوێندەوە. پۆل بۆلز لە شەستەکانەوە نووسینی ئەوانەی بڵاو دەکردەوە لەوانەیش ئەحمەد یەعقووبی کە هونەرمەندی شێوەکاریش بوو. تابلۆکانی تا ئێستە وەک مارکەیەکی تۆمارکراو لەسەر چاپەمەنییەکانی پەپلیشەرێکی زۆر گەورە دەردەکەون ئەویش (ئیکۆبرێس)ە. پۆل پۆلز لە سەرگوزشتەکەیدا باسی هەر هەموو ئەم شتانە دەکات و باسی پەیوەندییەکانی بەو نووسەرانەوە دەکات. ئەوەیش ئەوە دەگەیەنێت کە بە زمانی ئینگلیزیی ناساندوون، بە ڕۆژئاوای ناساندوون. بۆ نموونە لە ئەوروپا ڕوو لە هەر شوێنێک بکەیت، بە تایبەتی لە ئەڵمانیا، گوێت لە شتی سەبارەت بە مەرابت دەبێت. ئەوەیش ئەدەب بخوێنێتەوە دەزانێت لە بریتانیای ناوەڕاستەکانی حەفتاکان مەرابت کێیە. شانۆگەرییەکی مەرابت لە بی بی سی پێشکەش کرا. ئەو لە ژیانیدا شانۆگەری نەنووسیوە، شتەکە پەیوەندی بە دەقێکی پۆل پۆلزەوەیە، هەموو پرسەکە پەیوەندی بە پۆل پۆلزەوە هەیە کە بە مەزنترین نووسەر دادەنرێت لەوانەی زمانی ئینگلیزییان دەوڵەمەند کردووە. هەرچی دەنووسێت بەهایەکی تایبەتی هەیە، واتە ئەو نووسەرێکی ئاسایی نییە، ئەو لە سەمۆئیل پیکیت دەچێت. سەمۆئیل پیکیت پەخشانی ئینگلیزییە لە بەهێزیدا. پۆل پۆلز یەکێکە لەوانەی بێگەردترین ڕستەی سفت و سۆڵ دەنووسێت کە لە ڕووی ڕێتم و، لۆژیکەوە هیچ کەلێنێکی تێدا نییە. ئەمە بەهێزییەکەیەتی. مەرابت بە زمانی میللی مەغریبی شتی ئاسایی دەڵێت ئەگەر وەک خۆی چۆن نووسراوە بڵاو بکرێتەوە ئەوە هیچ بەهایەکی نەدەبوو. تەنیا گێڕەرەوەیە. گێڕانەوەکانی جیاوازییان لەگەڵ ئەو گێڕانەوانەدا نییە لە مەغریب باون. ئەگەر تەنیا بۆ یەک ئێوارە لە چایخانەیەکدا دانیشین بە مەبەستی کۆکردنەوەی ئەو شتانەی دەگوترێن ئەوە یەک کتێبی تەواومان دەست دەکەوێت. بۆ نموونە کاتێک کتێبی (ژیانێکی پڕ لە کون)ی (شەرادی) (العربی العیشای)م لێرە لە کتێبخانەکاندا بە چاپێکی بەرگ گیراوەوە لەگەڵ جلوبەرگی مەغریبیدا بینی وەک بورنس، وام زانی گێڕانەوەیەکی زۆر ئاساییە، بەڵام بە هۆی زمانە نائاساییەکەی پۆڵ پۆلزەوە دەبێتە شتێکی دیکە.

وەک بیستم، ئەم پیاوە بەر لە ساڵێک، یان دوو ساڵ مرد، لە سان فرانسیسکۆ دەژیا. ڕۆژێکیان چوومە کتێبخانەیەک کە خانمە شاعیرێکی ئەمەریکی کاری تێدا دەکات بە خۆم دەیناسم و، کتێبێکیم بینی بە ناونیشانی (ئاشقی جاڕدار) تازە چاپ کرابوو ، کە لە جیاتی پۆل پۆلز ئەو خانمە شاعیرە کاری تێدا کردبوو. وا پێدەچێت ئەم پیاوە وەک بڵێیت لە کەشتییەکەوە بازی دابێت بۆ ئەمەریکای هێنابێت بۆ ئەوەی تێیدا بمێنێتەوە. لە شوقەیەکی بچووکدا دەژیت وەک باسیان بۆ کردووم. ئەو خانمە شاعیرە ئەوەی بۆ باس کردم، کە باخچەیەکی هەیە بۆ لێ ڕامان لێی دادەنیشێت. (پێدەکەنێت) ترسابوو، پۆلز ئەمە دەڵێت، لە مەغریب سزای دەدەن کاتێک کتێبەکە بە وەرگێڕراوی بۆ فەرەنسی دەخوێننەوە بەڵام من خۆم لەو بڕوایەدام کە چەند وەهمێکی سەیری لا دروست بوونە. کتێبی (ئاشقی جاڕدار) سەرنەکەوت، چونکە مشت و ماڵکردنی پۆل پۆلزی پێوە نەبوو، ئەمە هەموو بەسەرهاتەکەیە. بزووتنەوەکە زۆر گرنگە شایەنی ئەوەیە بە عەرەبی لەسەری بنووسرێت، ئەوەبوو لە گۆڤارێکدا وتارێکم لە بارەی ئەو بابەتەوە لە نووسینی حەسەن بەحراوی بینی، کۆششێکی ڕوون و زانیاری جوانی تێدایە، بۆ یەکەمین جاریشە لەگەڵ مەرابتدا قسە لەبارەی ئەو پرسەوە دەکرێت. ئەمەیش لایەنێکی گرنگە.

**حەسەن بەحراوی بەم دواییە کتێبێکی بە ناوی (ئەڵقەی گێڕەوەکانی تەنجە) چاپ کرد؟**

- ئەوەی بەحراوی نووسیویەتی خوێندوومەتەوە، کارێکی باشە.

**هەڤپەیڤینێکیشم لەگەڵ محەمەد مەرابت سەبارەت بە ئەزموون و نووسینەکانی ئەنجام داوە.**

- ئەمە زۆر گرنگەو پێویستە درێژەی پێ بدرێت.

**با بۆ لای شیعرەکانت بگەڕێینەوە، سەرگۆن، بێ گومان لە گرنگترین ئەو دەنگانەی ڕیشەی پەخشانە شیعرت لە شیعری عەرەبی هاوچەرخدا چەسپاندووەو پەرە پێداوە. ئەوە لەکوێ دەبینیت، یان سەرچاوەی بەهێزی لەم ئەزموونە شیعرییەدا لەکوێ دەبینیت؟ تۆ پەخشانە شیعر بە ساتێکی بەرز لە شیعری عەرەبیدا دادەنێیت.**

- ئەوە هیچ گومانی تێدا نییە، هێشتە من دەگەڕێم ... هێشتە هەموو ڕۆژێک شتگەل دەدۆزمەوە، بژاردەیی وشەی نهێنییە، واتە ڕاستییە بێ کۆتایەکان لە ناوی خودی زماندا لە ناوەوە هەن، بەڵام شاعیر یان نەوە شیعرییەکان، چونکە لە ئاکامدا چەندین نەوەی دیاریکراو دەبینم، خۆیان لەم بوارەدا تاقی دەکەنەوە، ئەگەر

بەردەوام بوون و دڵسۆزییان نواند. ئەوە بە شێوەیەکی بەکۆمەڵ زەربەی دامە لە شیعردا دەدۆزنەوە، تۆ هەموو شتێک دەکەیتە قوربانی، نەک بەش، پرسەکە بەش بەشی نییە، من هێشتە شیعری کێشدار دەنووسم، بەڵام بیرۆکە کێش یان پەخشان نییە. ڕاستە کاتێک گەنج بووین ویستمان چەند بتێکی دیاریکراو بشکێنین، دەبوو ئەوە بکەین. من لە نەوەی ئاییندە پێشبینی ئەوە دەکەم کە بتەکانمان بشکێنێت ئەگەر بتوانێت. ئەم توانایەیە کە جۆن کێتس بە توانای نیگەتیڤ ناوی دەبات کاتێک دەربارەی شکسپیر دەپەیڤی. کیتس ئەوەندەی سەر لە زاڵبوون و دەستڕۆیشتوویی شکسپیر سوڕمابوو نەیدەزانی ئەو زاڵبوون و دەستڕۆیشتووییە شی بکاتەوە تەنیا بە فرێزی توانای نیگەتیڤانە نەبێت. وەک شاعیر، ئەوەندەی بایەخ بەو کەرەستەیە دەدەیت کە بە توانای خۆت بەکاری دەهێنیت، دەتوانیت وەک مێشک و وەک ئەندێشە چیت هەیە لەو کەرەستەیەی وەرکەیت، کاتێک لەگەڵ ئەو کەرەستەیەدا.. لەگەڵ زماندا، لەگەڵ خودی شیعردا ناجۆر بیت، پێویستە سیمیائییەک شتێکی لەڕادەبەدەر بێنێتە کایەوە، دەبێت .. پرسەکە بەو شێوەیەیە، واتە شت لەڕادەبەدەر نابینیت ئەو کاتە نەبێت لەگەڵ فاوست ڕێک بکەویت. ناکرێت شیعر ئەقڵەنە بکرێت و، هەر شاعیرێک و تیۆرییەک دەهێنێت و باش دەزانێت کە ئەو تیۆرییە کاتییە، تەماشای مێژوو بکە، مێژووی شیعری ئێمە، چەند تیۆرییەک هەن، بەڵام ناشێن بەردەوام بن، چونکە هەر تیۆرییەک هاتە کایەوە ئەوە دەبێت لەناوبچێت. شیعر ڕاناوەستێت. دیالیکتیکێکی بەردەوام و بزاوتنێکی بەردەوامە، ئەم توانا نیگەتیڤەشە دەتوانێت شتەکان بنووسێت، چونکە ناتوانین شیعر ناچار بکەین شتێکی دیاریکراو بێت. ڕۆژگارێک نەوەیەکی دیکە دێت و دەڵێت کێش کاتی بەسەر نەچووە. لە شیعردا هیچ شتێک کاتی بەسەر ناچێت، بەم شێوەیەیش دەکۆشێت گۆشە شاراوەکان بدۆزێتەوە کە شاعیرێک لە پیشەگەری کێشدا پەی پێ نەبردووە وەک مەزەندەی دەکەم، لە کاتێکدا ئێستە شیعری عەرەبی کێشی زۆر بەکاربردووەو سواوە بەڵام دەستی لە ئازادیی کێش نەداوە، واتە نووسین بەبێ کێش. بۆیە بەلای منەوەو بە لای زۆر کەسانی ئەم نەوەوە، سەرکێشی شیعر شایەنی ڕامانەو، تا کۆتایی لەگەڵی دەبین.

ئێستە دەبینم ـ بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییەدا ـ ئەم زمانە سەیرە وام لێدەکات بەرەو شوێنی نەناسراو بڕۆم و شت بدۆزمەوەو پەردە لەسەر شت لادەم. ئاکام ئێمە دۆزەرەوەین و شتی کۆتایی نییە. ڕەنگ سبەینێ چامەیەکی جیاواز بنووسم. من بڕوام بە یاسای دیاریکراو نییە. زۆرم بڕوا بە پیشەگەرییەکە هەیە بەڵام بڕوایشم بەوە هەیە کە شیعری زمانی عەرەبی نژادی زۆر کۆنی هەیە، سەبارەت بەم حاڵەتەی خۆم، دەکۆشم ڕیتمە بنەڕەتییەکانی زمانی عەرەبی بدۆزمەوە، بۆیە زۆر بایەخ بە وەرگێران دەدەم، وەرگێران وەک هونەرێک نەک ئەرک... لەم ڕووەوە قسە زۆرە.

**ئایە هەندێک جار، لە ئاسۆو درێژە پێدەرەکانی ئەم سەرکێشییە شیعرییە لە چامەی پەخشاندا، هەست بە جۆرە ئەنتەرناشێک ناکەیت بۆ نموونە لەگەڵ پەنگخواردنەوەیەک کە پێویست بە جۆرە سڵنگێکی دیاریکراوو، دینامیکی دیاریکراو هەبێت، بۆ نموونە وەک گەشت کردن، گۆڕینی شوێنەکان، واڵابوون بەسەر شێوەکانی دیکەی دەربڕینی هونەری و ئێستێتیکی و ئەو جۆرانە کە ئەمەیش ڕەنگە پەنجەرەی نوێ و، ڕێچکەی نوێ و توانای دەوڵەمەندتر بە دەربڕین ببەخشێت و خۆ لەم جۆرە هەڵنووتان و ئەنتەرناشە ببوێرێت؟**

ـ من بڕوام بەمە هەیە، بڕوایشم بەوە هەیە کە تێکەڵبوون لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا، بەم واتایەیش لەگەڵ شوێنەکان دیکەدا، چ ئەگەر مەعنەوی، یان جوگرافی بن... زۆر گرنگە. زمانی عەرەبی بە واتای پۆزەتیڤانە نەک نیگەتیڤانە. لە حەفتاکانەوە تا هەنووکە، زۆر دەق دەرکەوتوون و نووسراون و، زمانێکی نوێ و شایەن بە مێژوو پەرەی پێدراوە. ئێستەیش، چامەی عەرەبی بەڕاستی ڕاوەستاوە، کە هەنووکە بە شێوەیەکی تایبەت قسەی لێوە دەکەین، کە خۆی پابەندی یاسای پێشوەخت ناکات و بە خۆی یاسا نوێیەکانی خۆی دەخولقێنێت، چاوی بڕیوەتە شتە نەزانراوو نەناسراوەکان. ئێستە، لەم ساتەدا، لەو بڕوایەدام لەسەرەتای هەزارەی سێیەمدا شیعری عەرەبی ڕاچەنینێکی جۆرەکی بەخۆوە ببینێت. نیشانەکان هەن، ئەو دەقانەی کە ئێستا دەردەکەون، زۆریان هەن زیادەن، لەم زۆرو بۆرییەیش دەقگەلێکی زۆر کەم دەمێننەوە. ئەم دەقانە دەقی دامەزرێنەری دەبن. بۆیە لەو بڕوایەدام ئەوەی پێی دەگوترێت پەخشانە شیعر (چامەی پەخشان) کە ناوێکە پەسەندی ناکەم لەبەر ئەوەی هەڵەیە، ئەو چامەیەیە کە وێنایەکی نوێ بۆ شیعر دەخولقێنێت.

پێدەچێت بەردەوام تەگەرە لەبەردەم قسەکردنندا هەبێت کاتێک دەگەینە ئەم خاڵە، بۆیە زۆر خێرایانە خۆم لە پێناسەی دیاریکراو قوتار دەکەم. پەخشانە شیعر ئەو چامەیەیە کە بۆدلێر بێ پچڕ پچڕی نوسیویەتی. بۆ ڕاستیش جۆرە نموونەیەکە. پێش ئەویش ئەدگار ئالان پۆ هەبوو، ئەوەی زانراویشە ئەوەیە کە بۆدلێر شیعرەکانی ئەدگار ئالان پۆی وەرگێڕاون. بۆدلێر بوو کە چامەیەکی شیعری ئازادی لە ژیانی خۆیدا نووسی. ئەم چامانەی بە (چامەی بە پەخشان) ناودەبرد، تەنیا گێڕانەوە بوون لەسەر شێوازی ئەدگار ئالان پۆ. بۆیە برا لوبنانییەکانمان هەر لەبناغەی یەکەمەوە بەهەڵەداچوون. وۆڵت وەیتمان باوکی شیعری ئازادە، بڕگەو ڕیتمسازی و شیعری ڕاستەقینەی بێ کێش. بەڵام لە شیعری کێشدار کێشدارترە. ئەمەیش ئاراستەی ئێمەیە. ئەو چامە عەرەبییەی ناوی پەخشانە شیعر(چامەی پەخشان) لێدەنێین

چامەیەکە لەسەر بنەڕەتی شیعری کێشدار لە جیهاندا نووسراوە. برگە برگە کراوە وەک ئەوەی بڵێیت کێشی هەبێت، چونکە لە ئاکامدا کێش خودی ئەمەیە. کاتێک بە خوێنەر دەڵێیت من ئەم کێش و ئەم برگەیەم هەڵبژاردووە، دەمەوێت ـ تکات لێدەکەم ـ بەم شێوەیە بمخوێنەوە. بەم شێوەیە خوێنەر لە قاڵبدا بەند دەکەیت و فەرمانی پێدەدەیت بەو شێوەیە بتخوێنێتەوە، ئەمە پەخشانە شیعر نییە. پەخشانە شیعر هیچ فەرمانێکی تێدا نییەو هیچ ڕێنماییەکی تێدا نییە. لەبەر ئەوە وەک هەر چیرۆک یان وتار بەردەوام دەبێت و تەنیا سوود لە نیوەی سپیاتی دێڕەکە وەرناگرێت. کاتێک ئەو بەشە سپییەی لاپەڕکە دەبینیت ئەوە دووەمین دیوی چامەکە دەخوێنیتەوەو، ڕوحیەتی شاعیر بە هۆی شێوازی برگە برگە کردنی زمان و، مەودای هەست ناسکی بەرانبەر بە زمان و بەرانبەر بە ڕوخسار دەناسیت. کەواتە ئەم چامەیە ڕوخسارێکی هەیە، بەڵامە شاعیری خراپ ئەم شتانە نازانێت. چونکە شاعیری ئاسایی کە ڕۆشنبیرییەکی قووڵی لەبارەی ئەم شیعرەوە نییە لەو بڕوایەدایە کە هەر برگە برگە کردنێک سەرکەوتووانەیە. من بە محەممەد ماغووت سەرسامم. بەڵام محەممەد ماغووت بەم واتایەی کە قسەی لەبارەوە دەکەین لە ڕووی شیعرییەوە بە تەواوەتی نەزانە. من داوای لێبوردن دەکەم، چونکە شتی جوانی هەیە، گیانێکی ڕۆمانسیانەی دەگمەنی هەیە .. تاد. زۆربەی شاعیرانی ئەو نەوەیە هەستی ناسکیان بەرانبەر بەم پرسە نەبوو. دەبێت ـ لێرەدا ـ پێداگیری لەسەر وشەی هەست ناسکی بکەین. لەو بڕوایەدام هەنووکە شاعیری ئەوتۆ هەن وشیارییان لەبارەی ئەو پرسانەوە هەیە. ئاکامیش ئەم پرسانە گرنگن کە بڕیار لەسەر چارەنووسی شیعر دەدەن.

**لە تاقیکردنەوەی شیعریتدا بە تایبەتی چۆن پەنجەرەکانی چامەی خۆت بەسەر شێوەکانی دیکەی دەربڕین و شوێنەکانی جیهاندا واڵا دەکەیت؟**

ـ من زۆر لەسەرخۆ دەنووسم و لە ئاکامەکان پەلە ناکەم. هەرگیز ئەمەیش جۆرە شانازییەک نییە، جۆرە سووکایەتییەکە کە من دەکۆشم بیکەمە شتێکی چاکە (پێدەکەنێت). لە تاقیکردنەوەی لەسەرخۆنووسین، بە درێژایی ساڵان، چەندین شت دەبینم تووشم دەبن و وازیان لێدەهێنم تا پێدەگەن. ئەم پێگەیشتنە ئەو نهێنییەیە لای من کە کەلێنەکانی ناو چامە لە نێوان وشەکاندا بدۆزمەوە، وردوکارییە زۆر وردەکان، پێوەندییەکان، چامە بە لای منەوە نەخشەیەکە لە پێوندیگەلی نێوان وشەکانی نێوان ئەم لاپەڕەیە.
ئەم پێوەندییانە لە ئاکامدا دەبنە جۆرە وزەیەک کە لەم شێوەیەدا تۆمار دەکرێت. کەواتە هەموو چامەیەک لە ئاکامدا، دەبێتە جیهانێک کە لە کامڵییەوە نزیکە. ئەگەر تەواویش نەبوو وەک خۆی بەجێی دەهێڵم تا ئەو کاتەی ئەو نیشانانە دەدۆزمەوە کە بەشێوەیەکی نهێنی و هەرگیز نالۆژیکیانە بەرەو پێشەوەم دەبات.

لە شیعردا لۆژیک نییە، بەڵام ئەوەی دەکرێت ناوی لێ بنێین نەبوونی لۆژیک کە جۆرە کۆششێکیشە بۆ ئەوەی شتە تەواوەکان بدۆزرێنەوە، واتە ئەم پێوەندییانە لە نێوان شتە ناو لێنراوەکاندا ...لە نێوان شوێنە هەستییەکان و شوێنەکانی ناوەوە واتە هەستەکان .. چی ناو لێ دەنێیت ناوی لێ بنێ، ئەوەیە کە لە کۆتاییدا هەست کردنەکانی من پێکدێنێت و دەنگی منی هەڵگرتووەو، لە ئاکامدا شوێن پەنجەی تۆ وەک شاعیر: حەسەن نەجمی، دەتەوێت لەوێ بیت... بەڵام ئەمە بە مۆرکردن نابێت بەڵکو دەشێت بەم شێوەیە بێت .. بە شێوازی نهێنی، ئاکامیش ئەگەر دەنگی تۆ لەوێ ئەو دەنگە نەبێت کە دەیناسیت ئەوە بەپەسەندی نازانیت ئەو چامەیە بڵاوبکەیتەوە، چاوەڕوان دەبیت تا ئەو دەنگە دێت... تا دەڵێیت:
ئەمە چامەکەی منە .. ئەمە منم.

**دەشێت سەرگۆن، بەم واتایەی پێش کەمێک قسەی لەبارەوە کرد، ڕوخساری بنەڕەتی ئەزموونگەی شیعری خۆی پێشکەش بکات؟ ڕێوڕوسمی نووسین؟ چامە چۆن رادەچەنێت؟ چۆن هەڵدەقوڵێت؟ ئایە لە وشەیەکەوە دێت، لە وێنەیەکەوە دێت؟ لە دەنگێکەوە دێت؟ لە هەستێکی دیاریکراوەوە دێت؟ لە بیرۆکەیەکی ڕاگوزارییەوە؟ ئەم بریسکە جوانە لە کوێوە دێت و هەڵدەقوڵێت؟**

ـ ڕەنگە لە هەموو ئەو شتانەی کە هەڵتدان، نەک پێکەوە بەڵام هەر یەکەو بە جیا، هەندێک هەرگیز نازانیت ئەم چامەیە لەکوێوە دێت. هەندێک جار چامەکە دێت و تۆیش لە بنەڕەتدا هەر ناتەوێت شت بنووسیت، هەندێک جاری دیکەیش دەتەوێت و دەکۆشیت دێڕێک بنووسیت و ناتوانیت. بۆچی؟ نازانم. ڕەنگە بتوانیت چەندین شیکردنەوەی جیا جیا پێشکەش بکەیت بەڵام پێشەکی نازانێت کە هەر هەموویان هەڵەن. ئەمە هەست کردنە، برام، کە خەریکە ببێتە شتێکی جینی، ڕەنگە زێدەڕۆیی بکەم بەڵام هەندێک جار هەست دەکەم کە شەتحەی مەودا دوورو درێژی ناو ڕوح، ناو ناخ زۆر پێویستە بۆ ئەوەی زەمینە بۆ نووسینی چامە بخولقێنیت. بۆیە من لەو ڕووەوە کابرایەکی شەوانەم.. شەوانە بەو واتایەی شەو واز لەوە دەهێنێت کە تەنیا کات بێت، چونکە جۆرە شەوێکی ناخیانەیش هەیە شتی تێدا ڕاو دەکەم، وەک هەر ڕاوچییەکی ناو بەلەم، بزر دەبم تا شتەکە دەدۆزمەوە. ماسی بەردەوام لە قووڵاییدایە. بەڵام وەک (سانتیاگۆ)ی پیرەمێرد لە (پیرەمێردو زەریا)ی هەمنگوای ـ دا پێویستە ماسییە ڕاستەقینەکە ڕاوبکەیت، نەک هەر ماسییەکی دیکەی ناو دەریا. ئەو ماسییەی شایەنی ئەوەیە خۆتی لە پێناودا بکەیتە قوربانی و سەرکێشی بۆ بکەیت.

**ئایە ئەم چامەیە بەنووسینێکی جەستەیی دەنووسیت یان دادەنیشیت بۆ ئەوەی لەسەر کاغەزو مێز بنووسیت؟**

ـ من ڕاهاتووم ڕادەکشێم، نازانم بۆچی. ڕەنگە بۆ ئەوە بێت بکۆشم هەموو شتێک لە سەردا چڕ ببێتەوە. بۆیە لە باری ڕاکشانی ئاسۆییدا لەو بڕوایەدام کە جۆرە ڕێتێچوونێک هەیە کەمێک لە زەوییەوە بەرزتر بێت. من زۆر شتی پێوەندیدارم بە میرسیا ئیلیاد خوێندەوە: مێژووی ئایینەکان و، تاوو، چینییەکان ئەوانەی دەکۆشان ژیان درێژتر بکەنەوە بەوەی بۆ نموونە خۆیان بەرەواژ هەڵواسن. ـ وەک چینییەکان دەڵێن ـ دەبێت تۆوی مرۆڤ دابەزێتە ناو دەماغ . چونکە دەماغ چیاو دۆڵی تێدایە. ئەمە بیرۆکەیەکی تاوییە باسی قووڵکردنەوەی ڕوحانیەتی ناو مێشک دەکات بە شێوەیەکی فیزیکی، ئاشکرایە، ئەمە لە قسەو باسەکەی ئێمەوە دوورە. دەگەڕێمەوە لای پرسی بوونی فیزیکی چونکە نووسینی شیعر بەلای منەوە جۆرە ڕێوڕەسمێکە. ڕێوڕەسمێکی تەواوە. جۆرە کۆششێکە بۆ چنینی ناوەوەی هەستەکان کە لەوەوە نزیکە ببێتە قسەو ئاخافتن.

ئەو چامەیەی ئێستە پیشانت دەدەم. کە لە نوێترین چامەکانمە ـ دەکۆشێت بە زمانێکی نێوان ڕوون و تەمومژاوی بئاخڤێت. زمانێک هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی شتەکان بەوپەڕی ڕوون و ئاشکرایی ڕەهاوە بڵێت، کەچی لەناو ئەم هەوڵەدا دەبێتە سەرسوڕمانێکی لەفزی، لەبەر ئەوەی ئەو هەستانەی لەم چامەیەدا هەن، کە دەکۆشێت بیانخولقێنێت و ڕوونیان بکاتەوە، ئەوە ئەوەند قووڵن، بە شێوەیەک زمان ئەوە بە باشتر دەزانێت بە خۆلێدزینەوە لە ئەرکی ڕوونکردنەوە دەربازببێت. زمانی عەرەبی، بەبەراورد لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا کە زمانی ئینگلیزی بە گەورەترین نموونەیان دادەنێم، چەند تایبەتمەندییەکی شیعری و دەنگی هەیە قووڵتر لە زمان ئینگلیزی. لەم قسەیەی خۆم بەرپرسیارم: چونکە شیعری ئەمەریکی و ئینگلیزی و شیعری جیهانی بە هەموویەوە بە زمانی ئینگلیزی بەم شێوە قووڵییە ڕێتمی تێدا نییە. ڕێتمی قووڵ لە شیعری عەرەبیدا هەیە. من ئێستە سەرقاڵی سەرکێشییەکم ـ کتێبێکم هەیە تەواو بووە ـ خوا یار بێت ئەم ساڵ یان ساڵی دادێ چاپ دەبێت ـ ئەم کتێبە بەم واتایە پێشکەش دەکەم، ئەو کات دەبینین ئایە پێشوازی لێ دەکرێت یان نا.

**لە نووسینی شیعریدا پێداگیری زۆر لە پرسی زمان دەکەیت کە ئەمەیش پرسێکی بنەڕەتی و بەڵگەنەویستە، بەڵام ئەزموونەکەت شتێکی ئەوتۆی تێدایە کە دەشێت بە ناوچەیەکی سێبەری زمانەوانی بنەڕەتی دایبنێین. چونکە زمانی عەرەبی زمانی زگماکی تۆ نییە بەڵکو زمانی ئاشوورییە، کەواتە چۆن هەردوو زمانەکە پێکەوە هەڵدەکەن؟ چون ئەم پێوەندییە تایبەتەی نێوان هەردوو مەودای زمانەوانی لە ئەزموونەکەی خۆت و بوونی خۆت و ناخی خۆت و ئەندێشەی خۆت هەڵدەسەنگێنیت؟**

ـ زمانی عەرەبی لە شوێنێکی نادیارەوە نەهاتووە. زمانی عەرەبی بناغەی قووڵتر لە دەست پێکردنی ئیسلامی هەیە. وەک هەر زمانێکی دیکە زمانی عەرەبیش هەبوو. بیابانەکان ئەوەندە بێ سنور نەبوون. زمان نژادو بناغەو ڕەگی لە خاکدا هەیە. لەم ناوچەیەدا، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، چەند شارستانیەتێکی قووڵ هەن بۆ دەیان هەزار ساڵی پێش ئێستە دەگەڕێنەوە، لەوانەیش زمانی سۆمەری کە یەکەمین زمانە لە جیهاندا بیناسین. کە زمانێکی تەواوە. چەند لکێکی لێ بووەتەوە لەوانەیش ئەکەدی کە بوو بە زمانی ئارامی کۆن و نوێ کە بە بابلی نوێ ناودەبرێت، کە هەر هەموویان لە ئاکامدا بەر لە هەزاران ساڵ خزانە ناو ئاشوورییەوە، سێ یان چوار هەزار ساڵ بەر لە زایین. زمانی عەرەبی لەو ئەسڵ و نژادانەوە هاتووە، تا ئێستەیش لە سەددا حەفتای وشەو زاراوەگەلی زمانی عەرەبی بە نژادو ئەسڵ ئارامین. زانایانی زمان ئەو شتە دەڵێن و، ئەمەیش لە کتێبەکاندا نووسراوە، بۆ نموونە وشەی شەمش (هەتاو ـ ڕۆژ) لە بنەڕەتدا (شەمشە)یە، جیاوازی لە گۆڕینی دەنگدایە، سەدان بەڵکو هەزاران وشە بەو نژادانە هەن، چەند جارێک باسی ئەم پرسەم کردووە. بۆیە هەست دەکەم ئەو زمانانەی کە لەگیانەڵادا بوون کاتێک زمانی عەرەبی هات، ئەم زمانە بە هەموو شۆڕشی خۆیەوە وەک ئسفەنجێکی زەبەلاح هەر هەمووی هەڵمژین. ئەو زمانانەیش لەژێر کاریگەری سەنسکریتی و زمانانی هندستان و چین و شارستانییە لک و پۆپدارو تێکچڕژاوەکاندا بوون، بۆیە زمانی عەرەبی وارسی هەر هەموو ئەم شارستانیەتانەیە، هەموو سیستەمی زمان و سیستەمی ڕێزمان و ئەو ئالۆزییە سەرسوڕهێنەرانە کە تا ئێستا لە زمانی عەرەبیدا هەن. ئەو زمانە عەرەبییە نوێیەی لە ڕۆژنامەگەری و کتێبدا بەکاری دەهێنن تەنیا بەشێکی زۆر کەمی ئەم زمانەیە. با بۆ ئەو پرسیارە گرنگەیش بگەڕێینەوە کە کردت، دەڵێم: بەڵێ هەست بەمە دەکەم، هەستیش بەوە دەکەم کە ئەزموونەکانم بەشێکی ئەم بزووتنەوەن. هەموویان دەڕژێنە ناو مێژووی ئەم پەرەسەندن و تووانەوەو تێکچڕژانەوە. ئاشووری باکگراوەندمە، کە زمانێکی زۆر جوانە، هەندێک جار دەگریم چونکە دەمرێت، دەیبینم لەبەردەممدا لە گیانەڵادایە. مردنی زمان شتێکی سەرسوڕهێنەرە، گەورەترین جەنازە لەمێژوودا ئەوەیە کە زمانێک بمرێت. هەندێک جار خۆم دەبینمەوە بە وشەگەل و دەربڕینگەلێک بیر دەکەمەوە لە مندالیمەوە دێن، کە لە بناغەدا ئاشوورین. چۆن بە زمانی عەرەبی دەریانببڕم؟ چۆن ئەم دەربڕینە بدۆزمەوە کە چەند شتێک دەڵێت بە زمانێکی دیکە بیرم لێ کردووەتەوە؟ چەند دەربڕینی دیاریکراو لە شیعرەکانمدا هەن، کە جۆرێکە لە تێکچڕژانی نێوان دوو شێوەی دەربڕین، بە تایبەتی لە چامەکانی سەرەتامدا.

بەم بۆنەشەوە کتێبێکی تەواوم هەیە بڵاو نەکراوەتەوە، چامەکانی سەرەتامی تێدایە. ئەوانەی بڵاوم کردوونەتەوە هی ئەم ماوەی دواییەن. کە تەمەنم چواردە ساڵان بوو شتم بڵاو دەکردەوە. بۆیە

چەند دەفتەرێکی کۆنم هەن لە ئوردن دۆزیمنەوە کاتێک کەسوکارم لە بەغداوە هێنابوویان. پێش سێ ساڵ چوومە ئوردن بۆ ئەوەی سەر لە کەسوکارم بدەم کە لە عیراقەو هاتبوون و ئەو کاتە براژنەکەم دوایەمین سندووقی کاغەزەکانی هێنابووم. سندووقی بانۆرام کردەوە (پێدەکەنێت). شەش تا حەوت دەفتەر لە شیعرەکانی سەرەتام تێدا دۆزییەوە، هەر لە ساڵی (١٩٦١)ەوە. ئەو لاپەڕانەی کە هەڵم دەدانەوە دەتگوت کتێبی ئەفسووناوین. خۆمم بینی گاگۆلکێ دەکەم. خۆم لە سەرەتاکانی خۆمدا بینی. کاکە، چەند ناخۆشە، شاعیر لەناکاو هەموو سەرەتاکانی خۆی ببینێت، بە هەموو تەوژم و ساکاری و ئاسانی خۆیەوە. کۆششەکانی منداڵیک گاگۆلکێ دەکات و لەناکاو لەسەر هەردوو پێ ڕادەوستێت، بە درەختەکاندا هەڵدەزنێت، مانگ دەبینێت. بەخوا ئەزموونێکی سەرسوڕهێنەرە! نامەوێت زۆرتر بە شێوەیەکی سۆزدارانەتر خۆم بنوێنم. زۆربەی ئەم چامانە بڵاونەکراونەتەوە. ڕەنگە چامە هەبن لێرەو لەوێ بڵاوکرابنەوە، بەڵام پتر لە سێسەد چامە بڵاونەکراونەتەوە. هێشتە دوو دڵم هەندێک لەم چامانە هەڵبژێرم، چونکە سەرەتا ڕاستەقینەکانن. ئەو کتێبەی بڵاوم کردەوە (گەیشتن بە شاری کوێ) چامەی کۆتایی شەستەکان و حەفتاکان و تا هەشتاکانی تێدایە. پاشان هێشتە ئەم هەموو چامانەو ئەوانەی دیکەی ناو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانم کۆنەکردوونەتەوە. بۆیە بە ڕاسی دەستم بەوە کردووە بیر لە هەڵبژاردەیەکی ئەم چامانەی سەرەتام بکەمەوەو، وێنەکەی خۆم لە کتێبەکەدا بڵاوبکەمەوەو جۆرە چاوبەستێک بەسەر چاومەوە بیت بۆ ئەوەی نەبینم (بە دەنگی بەرز پێدەکەنێت). کە لەناکاو ئەم شوێنەوارانەم دۆزییەوە ئەزموونێیکی سەرسوڕهێنەر بوو. کاغەزەکانیش پێوەندییان بە بۆنەیەکی زۆر ناخۆشەوە هەبوو، چونکە کەسوکارم عێراقیان بەجێ هێشتبوو. ئێمەی کە بە ئاشووری دەژمێررێین نە خانوو و نە کەسوکارم نەما. باشە ئاشوورییەکان کێن؟ ئادەمیزادی نیشتەجێی ئەوسای عیراقن، ئەمەیش ئەزمونێکە لە شیعرەکانمدا هەیە، لەبەر ئەوەی ئەزمونێکی گەورەیە. ڕیشەکێش کردن! چۆن ڕوو دەدات؟ چۆن مێژوو کاری خۆی دەکات؟ کتێبەکەم پێوەندی بەم پرسەوە هەیە. هەر لە سەرەتاو تا ئێستە، لە عیراق و جیهان و ئەمەریکاوە، چونکە ئەم جەمسەرانە بوون بڕیاری چارەنووسی منیان دا. من لە نێوانیاندا ژیام، بۆیە ئەرکی من ئەوەیە، ئەگەر ڕاستگۆ بم، ئەم ئەزموونە دەربڕم.

**چۆن شیعرەکەی دیکە دەخوێنیتەوە؟ لە چامەی عەرەبی و چامەی مرۆڤایەتیدا. جۆری ئەو پردانە چین لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی دیاریکراودا دروست کردوون؟ لەگەڵ ئەم مەیە گەردوونییەدا؟**

- زۆر زۆرن. من بەناو شیعری جیهانیدا ڕۆچووم، بە تایبەتی شیعری کۆن و شیعری چینی و ژاپۆنی و سەنسکریتی و، شیعری ڕۆژهەڵات کە بە ڕاست نەمانخوێندووەتەوە. تەنانەت ئەو شیعرەی دەیخوێنینەوە بە زمانی ئینگلیزی نووسرابوو گوێی پێ نادەم چونکە لەم قۆناغەدا دەستم بەوە کردووە مەزنان ببینم لە هەر شیعرێکدا کە دەیخوێنمەوە. جا بۆیە هەرگیز ئەم پۆشاکە گرنگ نییە، ئێستە کتێبێکم هەیە خەریکە دەکەوێتە بەر دەستی خوێنەران، بە هەموو واتای وشەکە کتێبێکی گەورەیە، بەجەستەو بە هیواو ئاوات. ناونیشانەکەیشی (رقائم لروح الكون). ئەک کتێبە لەسەر بیرۆکەی پردەکان دامەزراوە، لەیەکەمین مرۆڤەوە کە لە دەرگەی ئەشکەوتەکەیەوە تەماشای مانگ یان هەتاوی کردو، جۆرە ڕستەو دەربڕینێکی دەربڕی چ ئەگەر دەنگ یان پەیڤین یان هەر شتێکی دیکە یان شیعر بووبێت، کتێبەکە بە لاواندنەوەیەک بە خامەی شاعیرێکی ناوداری خەڵکی جیکۆر لە عیراق دەست پێدەکات. کە سەبارەت بە کەلاوەکانی جیکۆرە. لاواندنەوەیەکە وای دەبینم بەسەر بارودۆخی ئێستەماندا جێبەجێ دەبێت بە هەموو مرۆڤایەتییەکەوە. لەوێوە دەست پێدەکات. کتێبەکە بە شیعر تا ئێستە بەردەوام دەبێت. لەوێوە بۆ (سافۆ) بۆ یۆنان، بۆ چینییەکان، بۆ شاعیرانی هایکۆ بە تایبەتی، باشۆ، بۆ شکسپیر، بۆ شیللی و شاعیرانی بزووتنەوەی ڕۆمانسی. هەر هەموویان نموونەگەلێکن زۆر وردبینانە هەڵبژێرراون، بە شێوەیەک ئەم کتێبە یەک دەنگی شیعری پێکدەهێنێت، وەک بڵێیت ئەو شاعیرانە لە نێوان خۆیاندا ڕێککەوتوون کە شتێکی زۆر گەورە بڵێن. جا بۆیە ئاکام کتێبەکە، جۆرێک لە یەک چامەیە بە دەنگی سەدان شاعیر. ئەمە بیرۆکەی کتێبەکەیە. هەروەها پێشەکییەکەم بۆ شیکردنەوی ئەوە تەواوکردووە. وشەی (رقائم) لە ناونیشانەکەدا لە (رقائم)ی بابلییەوە هاتووە کە شاعیر شیعرەکانی خۆی لەسەر قوڕو گڵ دەنووسی، ئەوەتا بووژانەوەی ئەو چامانە لەم چەرخەدا بە ئێمە دەگات، لەلایەکی دیکەوە ئێمە چامەکانمان دەخوێنینەوە یان بڵاو دەکەینەوە وەک بڵێیت (رقائم) بن و ڕادەستی نەزانراوی دەکەین و نازانین ڕۆژێک لە ڕۆژان، لە چ چەرخێکدا بە کێ دەگەن. چەند شاعیر هەن ... و چەند چامە هەن بۆ چەندین ساڵ و چەندین نەوەو سەدان و هەزاران ساڵ لە هۆشمەندی ئادەمیزاد بزردەبن پاشان لەبەر هۆیەک لە هۆیەکان دەدۆزرێنەوە، چونکە لە ژێیەکی تایبەتی ئەو سەردەمەیان داوە. بۆیە شاعیران هەن بۆ سەردەمێکی دیکە دەنووسن، یان ڕەنگە بۆ سەردەمی خۆیان بنووسن بەڵام لە دڵی سەردەمێکی دیکە دەدەن. ئەمەیە بیرۆکەی لەوەی پێیوەندی بە پرسیارەکەتەوە سەبارەت بە پردی نێوان کولتوورەکان هەیە.

**لەم جۆرە کارە زێدەڕۆیە لە هەڵکۆڵینی جەستەی شیعری مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو و بەناو جوگرافیای جۆراوجۆری شیعریدا، ئایە لە هەستێکەوە هەڵدەقوڵێت کە ئەزموونی خۆیی ناتوانێت جیهان بۆ خۆی دەستەبەر**

**بکات و دەربیبڕیت وەک ئەوەی پێویستە دەربیبڕین، یان بە پێچەوانەوە ـ ڕەنگە ـ لە کۆششی ڕەگوڕیشەداکوتانی ئەزموونەوە بێت؟**

ـ بیرۆکەکە ئەوەیە کە دەربڕین لەمەڕ جیهان و لەمەڕ ئەزموونی هاتن بۆ ئەم جیهانەو ڕۆیشتن لەم جیهانە چەند شێوەیەکی وێناکردن و دەربڕین لەخۆدەگرێت. بۆیە هەندێک دەڵێن شیعر لە ئاکامدا تەنیا ئەو شێوەیەیە نەک شێوەیەکی دیکە. بەلای منەوە وەرگێران ـ ڕێم بدە با ئەم بەشەی ئەزموونەکە دەربڕم ـ ئەویش جۆرێکە لە شیعر. من خۆم پابەندی ئەو تیۆرییانەی وەرگێران ناکەم کە هەن و لە لێکۆڵینەوە نوێیەکان بەرچاو دەکەون. وەرگێرانی شیعر بە تایبەتی وەک ئەرک، ئەرکی شاعیر تەواو دەکات کە لە بنەڕەتدا ئەوەیە چامەی ئەوتۆ بخولقێنێت هاتن و چوونی خۆیان لەم جیهانەدا دەربڕن. وەرگێران شتێکی دیکەیە من وەرناگێرم، من دەکۆشم لەسەر بنەمای ئەم دەقەی کە بەوپەڕی دەستپاکییەوە وەریدەگێڕم دەقێکی دیکە بخولقێنم. دەستپاکی چییە ـ ئاکام ـ لە ڕووی شیعرییەوە؟ دەستپاکی ئەوەیە واتاو هێزی دەقەکە بۆ قایل بوون بپارێزیت. بۆیە پێویستە دەقەکە بە زمانی عەرەبی خوێنەر قایل بکات، هەندێک جاریش بەم واتایە گوێ بە دەقەکە نادەم، بۆیە من ئازادم خۆمی لێ دوورەپەرێز بگرم، بەڵام وەک شاعیر بە هۆی ئەم دەقەو چوارچێوەکانی بە زمانی خۆم سەرکێشی دەکەم، لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزو خۆشەویستیم بۆ شاعیری دەقەکە، سەرکێشی دەکەم. ئەم بۆچوونانە لای زۆر نووسەران هەن بەتایبەت جۆرج ستاینەر لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (پاش بابل).. بە کورتی، پاش بابل، هەموو زمانەکان پەرت و بڵاوو تێکەڵ و پێکەڵ بوون، بۆیە تیۆری وەرگێران لەو بڕوایەدایە کە ئەو شاعیرەی دەکۆشێت دەقێکی کۆن وەربگێڕێت هەوڵ دەدات دەنگدانەوەی یەکەمین زمانی تێدا بێت بەر لەوەی پەرت و بڵاو ببێتەوە. بەم شێوازە کار دەکەم کاتێک چامەی ئەو شاعیرانە وەردەگێرم. گۆسواف میلۆش شاعیری پۆڵەندا چامەیەکی هەیە وەرمگێڕاوەو لە ڕۆژنامەی (الحیاە)دا بڵاوم کردەوەو لە سەردانێکمدا بۆ لەندەن دانەیەک لە ڕۆژنامەکەم پێ دا زۆری پێ خۆش بوو. ئەو چامەیە باسی چەندین شاعیر دەکات، سوپایەک لە شاعیران بە درێژایی مێژوو کە یەکێکیان نەفرەت لەوی دیکەو ئیرەیی بەوی دیکە دەبات و، هەندێکیان دەیانەوێت ئەوی ڕکابەر بکوژن، بەڵام هاوکات ئەو شاعیرانە یەکدییان خۆش دەوێت و دەشزانن کە هەر هەموویان ئەرکێکیان هەیە هەرگیز کۆتایی نایەت (پێدەکەنێت). چامەیەکی سەرسوڕهێنەرو مەزنە، ئەم بیرۆکەیە لە بیرۆکەی کتێبەکەوە نزیکەو، ئەو چامەیە لەناو کتێبەکەدایەو لەناوەوەیدایە.

**سەرگۆن ئەم وەرشەیەیش، کە بە هەڵکۆڵینی ناو ناواخنی شیعری مرۆڤایەتی دەکەیتەوەو، بە وەرگێڕانیش، وێڕای نووسینی چامە، جۆرە بەرگرییەکی بۆ شیعرێکی دیاریکراو، سەبارەت بە هەڵبژاردەیەکی شیعری دیاریکراو تێدایە، هەروەها هەوڵێکی بۆ قایلکردنی کەسانی دیکە بەم هەڵبژاردە شیعرییە تێدایە، ئایە وا نییە؟**

ـ بە تەواوەتی وایە، چونکە ئاکام شیعر جۆرێکە لە خولقاندنی مەعریفەیەکی دیاریکراو، مەعریفەی شیعری لە ڕووی مرۆییەوە بە دەربڕینی لەمەڕ ڕێڕەوی مێژوومانەوە پەیوەستە، کاروانێکی لەفزی لەسەر ئاستی قووڵایی نەک ئەو کاروانەی لەسەر زەمین هەیە. چەند ئاستێک هەن: سوپا بە درێژایی مێژوو بە هەنگاو هەڵهێنان لە جەنگ و شەڕو شۆڕو نشوستی و نەهامەتی و کوشتن و برین و گێرانەوەو ڕۆژنامەگەری و هەواڵەوە بەسەر توێکڵی زەویدا دەڕوات. ئەمە ئاستێکە. هەروەها ئاستی ژێرەوەیش هەیە. با بیر بکەینەوە کە لە ژێر ئەو توێکڵەوە توێکڵێکی دیکە هەیە. ئەمە ئاستی شاعیرە. لێرەدا شاعیر ڕێ دەکات و هەنگاوەکان دەبینێت، سەربازەکان سەرباز سەرباز دەبینێت و ناویان دەنێت، ئاگەی لە کاروانەکە هەیە، لەبەر ئەوەی کۆتایی دەبینێت بەر لەوەی بیر لە سەرەتا بکاتەوە. ئەمە لای شاعیرە مەزنەکان هەست کردنی گەورەی شیعرییە، لەبەر ئەوە کاتێک شاعیرێکی مەزن دەخوێنینەوە هەست بە هەر هەموو ئەمانە دەکەین بێ ئەوەی بزانین چۆن بیڵێین، لەم چوارچێوەیەوە من زۆر بایەخ بە شیعری جیهان دەدەم لەبەر ئەوەی دەزانم کە هەر هەموومان لەناو هەمان بەلەمداین.

**لەچوارچێوەی ئەو شێوە شیعرییە ستێتیکییەوە هەڵتبژاردووە دەردەکەوێت پێداگیری لەسەر ئەم پێویستییە دەکەیت کە ئەزموونی شیعری و ئەزموونی ڕۆشنبیریش پێکەوە دەبەستێتەوە. ئایە لەبەر ئەوەیە سەرگۆن لە شوێنێکەوە هاتووە تێیدا شیعری و ڕۆشنبیری بە درێژایی مێژوو و شارستانیەتێکی دیاریکراو تێکەڵ بە یەکدی دەبن یان سەیرووڕەی ئەزموون لە ژیان و شوێنەکاندا بەرەو ئەم ڕێککەوتنەی نێوان ڕۆشنبیری و شیعری هێناوە؟**

ـ هەردووک ئەو دوو بۆچوونە لەم پرۆسەیەدا هەن. من زۆر بایەخ بە زانست دەدەم، لە چەند ماوەیەکدا بایەخم بە زانستی بۆشایی ئاسمان و چەندین جۆرە مەعریفەو فەرهەنگ و ئەنسکلۆپیدیا دەدا، هێشتەیش ئەو شتانە واق ورماوم دەکەن چونکە پڕ لە نهێنین، یەکێک لە پرۆژە گەورەکانم، کە هەر لەمێژە کاری لەسەر دەکەم و ڕەنگە هەرگیز تەواوی نەکەم لەبەر ئەوەی پێیدا ڕۆچووومەتە خوارەوە، ئەویش کتێبێکە لەبارەی گلگامشەوە.

بەسەدان کتێب سەبارەت بە گلگامێش نووسراون. دوایەمین کتێب کە دەستم کەوتووە جۆرە ئەنسکلۆپیدیایەکی گەلگامێشییە، چەندین ڕەفەی تەواو کتێبم لەبارەی داستانی گەلگامێشەوە هەیە. جا لەبەر ئەوەیە ئەوەی بە عەرەبی لەبارەی

گالگامێشەوە دەیزانین زۆر کەمە، جێی بەزەیی پێداهاتنەوەو گریانە، لەبەر جیاوازی زۆری نێوانیان، بروام پێ بکە، هێشتە ئەم داستانە، لە ناو هەموو ئەو کتێبانەی لەبارەی ڕۆژهەڵاتەوە نووسراون، هەموو جیهان سەرسام دەکات، چەند ئۆپراو بالێ هەن لەسەر بنەمای داستانی گلگامێش نووسراون، هیچ مانگێک تێناپەڕێت بێ ئەوەی شتێکی نوێ لەبارەیەوە لە گۆڤارو کتێباندا دەرنەکەوێت، هەروەها لە جیهانگەلی وەک میوزیک و تابلۆکێیشاندا. ئەم کەسایەتییە سەیرو سەمەرەیە لە دوایەمین دۆزینەوەکانە، ئەمەیش شتێکە سەرم سوڕدەهێنێت تا ڕادەیەک نازانم چۆن کەس و کاری خۆم لەم دۆزینەوانە ئاگەدار بکەم، چونکە پێویستی بە وزەیەکی لەڕادەبەدەر هەیە. داستانی گلگامێش کتێبێکی بەناوبانگە لە نووسینی فەیلەسووفی ئەسپانی دە سانتلانا لەگەڵ خانمە زانایەکی ئەڵمانیدا. کتێبێکی گرنگە گلگامێش بەشێوەیەک شی دەکاتەوە هەرگیز بە بیری کەسدا نایەت. ئەویش ئەوەیە کە ئەو داستانە سەبارەت بە ئەستێرەکانە. سۆمەرییەکان خەڵکێکی ئاسمان ناس بوون. دەزانیت زۆربەی ئەستێرەکان هێشتە ناوی سۆمەرییان هەڵگرتووە، پاشان گەردووناسە عەرەبەکان وەریانگرتووە. بۆیە زۆربەی ئەستێرەکان هێشتە ناوی عەرەبی و سۆمەرییان هەیە. نامەوێت زۆرتر لەسەر ئەو بابەتە بڕۆم، بەڵام داستانی گلگامێش چەند مەودایەکی هەیە کە بڕوا نەکرێت، ئەوانیش مەودایەکی بەردەوامن. دەمەوێت ڕۆژێک ئەم پرۆژەیە تەواو بکەم و هەر هەموو ئەم زانیارییانە کۆبکەمەوە چونکە زانیاری تەواوی ڕۆژهەڵاتی کۆنن. کێ چوزانێت .. ڕەنگە لە شوێنێکی ئەم جیهانە تەواوی بکەین.

× دیدار و پێشەکی: حەسەن نەجمی
× شاعیرێکی مەغریبییە. سانفرانسیسکۆ

سەرچاوە: گۆڤاری (الحادثە) ژمارە (١) مانگی حوزەیرانی ٢٠١٠ لاپەڕە (٩٢- ١٠١).



# دۆزینەوە

## محەمەد مەولوود مەم

محەمەد مەولوود مەم ( ١٩٢٧ مەهاباد - ٧-٥ -١٩٨٧ هەولێر ).

چاپکراوەکانی :

١- چیرۆکەکانی مەم، بەرگی یەکەم، بەغدا، چاپخانەی ئەسعەد ، ١٩٧٠ .

٢- چیرۆکەکانی مەم، بەرگی دووەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، ١٩٨٤ .

٣- پایزە خەون، بەغدا، چاپخانەی دار الحریە للگباعە، ١٩٨٧.

٤- گوڵە بەڕۆژە، ١٩٨١ . . . . . . . . . . . .

٥- ڕێگا، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠١ . لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس .

٦- کاروان و سەگوەڕ، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٣ . لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس .

ژنێکی ڕەقەڵەی باڵا بەرزی سوور و سپی بوو ، ئەگەر لە نزیکەوە سەیرت بکردبا ، دەتگوت هێشتا هەر کچە . گەچڵانێکی پێوە دیاری نەدەدا . هەموو بەیانییێکی هەینی، خۆی ئارایشت دەکرد، لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەی رووەو ڕۆژئاوا دەوەستا، لەبەر خۆیەوە دەی مرتاند :

– ئیمڕۆ دەچمە لای کۆرپەکەم. دەستە جلکە نوێیەکەی لەبەر دەکەم .

کە ڕۆژیش هەڵدەهات، ماوەیێک لە ڕۆژ ڕادەما .

لەسەرخۆ خۆی دەدواند :

– ئیمڕۆ کچە جوانەکەم بەسەر دەکەمەوە. بۆنی دەکەم. تێر. تێر بۆنی دەکەم. دەیگرمە باوەش .

بۆ چێشتەنگاویش، پرێچکەیێکی دەخستە بن هەنگڵی و لە زارکی ژوورەکەی دەردەپەڕی .

ژنانی گەڕەک، بە کرێ و دڵسۆزییێکەوە سەیری ڕەوتی ژنەکەیان دەکرد، منداڵەکانیش لەوبەر و لەم بەری کۆڵان ، دەوەستان لە ژێرەوە تێی ڕادەمان. یەکێکیان جووڵەیەکی نەدەکرد، دەنگێکی لێوە نەدەهات. جاران کە ژنەکە لە ژوورەکەی دەردەچوو، ژنانی گەڕەک پێشیان پێ دەگرت، هەوڵیان دەدا بیگێڕنەوە، منداڵەکانیش دەورەیان دەدا، شەڕیان پێی دەفرۆشت، ڕاویان دەنا. بانگیان دەکرد:

-هۆ. . . هۆ. . . گوڵە شێت.

هەتا لە دواییدا ئەوانیش وەڕەز بوون، دەستیان لەو بەزمە بەردا ، خەڵکەکەش لەوە دڵسارد بوون کە بتوانن ژنەکە، لەو گەشتە هەفتانەیەی بگێڕنەوە، یان پێی بسەلمێنن کە کچەکەی تازە نادۆزێتەوە. ئەمانیش وازیان لێ هێنا و بەوە ڕازی بوون. کاتێک گوڵێ لە کۆڵان تێ دەپەڕێ، لە سووچی دیوار و بەردەرگای ماڵەکانیان بوەستن و بە پەرۆشەوە سەیری بکەن. گوێیان بۆ قسەکانی شل بکەن کە بەرێگاوە دەیگوت و دەیگوتەوە:

– ئەمرۆ . کچەکەم . کۆرپەکەم دەبینم، جلکە تازەکانی لەبەر دەکەم:

بەم ڕەنگە، گوڵێ پەیوەندیی لەگەڵ خەڵکی گەڕەک بڕا و وەکو نەناسی لێهات. ڕۆژانی هەینی کە ڕێگای نەخۆشخانەی دەپێچایەوە تەنانەت ئاورێکیشی لە دەرەوەی خۆی نەدەدایەوە، تا وای لێهات خەڵکەکە، لەگەڵ خۆیان وەها لێک بدەنەوە کە:

– گوڵێ هەست بە بوونیان ناکا.

– گوڵێ هەتا هەست بە بوونی دەوروبەری خۆیشی ناکا.

گوڵێش کە دەگەیشتە نەخۆشخانە گەورەکە، کەسێک ڕێی لێ نەدەگرت، کار بەدەست و فەرمانبەرەکان بە نەرمی لەگەڵی دەجووڵانەوە، یەکسەر ڕێگایان دەدا بچێتە قاووشی منداڵان، ئەویش یەکە یەکە بەسەر منداڵە نەخۆشەکاندا دەگەڕا، لێیان ورد دەبووەوە، تاکو بەخۆی دەگوت :

– ئەمە جوانەکەی من نییە. ئەدی گوڵەکەی من لە کوێیە؟

بە کزی لە قاووشەکە دەکشایەوە، پرێچکەکەی بن هەنگڵی لەسەر مێزی سستەرەکە بەجێ دەهێشت و بەخۆی دەگوت:

– تا هەینییێکی دیکە، کچەکەم گەورەتر دەبێ، ئەم جلکانە پێی ناکەن، ئەمجارە دەستەیێکی تازەی بۆ دێنم.

بە جۆرێکی میکانیکی، لە نەخۆشخانەکە دەردەچوو. ڕێگای ژوورەکەی دەکوتایەوە .

ساڵ دەهاتن و تێ دەپەڕین، گوڵێ لەم گەشتە هەفتانەیەی، تەنیا هەینییێکی نەدەبوارد. هەرجارەی کە دەچووە نەخۆشخانەکەش دەستە جلکێکی تازەی بۆ کچەکەی دەبرد، کە بە خەیاڵی خۆی لەگەڵ تەمەن و بەژن و قەڵافەت و ڕەنگی کچەکەی بوەشێتەوە ئێوارەیێکی درەنگ گوڵێ بەخۆی دەگوت:

– ئەم هەینییە، پازدە پڕ دەکا.

سەرێکی بۆ ئاسمانی ڕۆژهەڵات بەرز کردەوە، مانگی چواردە سەری لە ئاسۆ هەڵدابوو، بە ئاوازێکی ناسک و هێمن بە کچەکەی هەڵدەگوت:

– ڕووی وەکو مانگی چواردە خڕ و ڕووناکە .

– چاوەکانی وەکو مانگ گەشن .

لە پاشدان ئەنگوستی بۆ دار هەنارەکەی ناوحەوشە ڕایەڵ دەکرد. دار هەنارەکە، شووش، باڵا بەرز، بەرەو ڕۆژ هەڵچوو بوو. هەنارەکانی شەوقی مانگە شەویان دەدایەوە :

– کچە تاقانەکەم، وەک ئەم دارە شووش و باڵا بەرزە. سینگ و مەمکی جوانەکەم بەم دار هەنارە دەچن. لە تەنیشت دارهەنارەکە ڕاوەستا، ڕوانییە بەژن و باڵای خۆی، بە پەشێوی و سەرسوورماوییەوە رووی لە مانگ هەڵبڕیەوە، پەڵە هەورێک وردە وردە بەرەو ڕووی مانگ دەخشی، چاوەکانی لە ئاسمان نەدەگواستنەوە، پەڵە هەورەکان بەرەو مانگ دەخشین، مانگیان قووت دەدا، شەوقی مانگ لەسەر ڕوومەتی هەنارەکان ڕای کرد، شێوانێکی بەسەرداهات، بەتەنگە تاوی ڕایکردەوە ناو

ژوورەکەی، لە تاریکایی ژوورەکەدا نقووم بوو.
لەگەڵ تاریک و ڕوونی بەیان، لەخەو ڕاپەڕی، لەپێش پەنجەرەی ژوورەکەی بەرەو ڕۆژهەڵات ڕاوەستایەوە. کە ڕۆژیش هەڵهات تا ماوەیێک چاوەکانی تێ برین، لەبەر خۆیەوە دەی مرتاند :
– ئەمرۆ کچەکەم دەدۆزمەوە. کچە شۆخەکەم، نازەنینەکەم. هەندێک لە جێگاکەی جوولایەوە، بە دووچاوی کراوە، بەپەلە پاشە و پاش بۆ ناو ژوورەکە کشایەوە، دەستی بۆ پرێچکەکە درێژ کرد. جلکە تازەکانی لێ دەرهێنان. چووە پێش ئاوێنەکە ڕاوەستا، ماوەیێک لە خۆی ڕوانی، لە ڕووی خۆی ڕوانی ، لە ڕووی خۆی ورد بووەوە، چاوێکی بە بەژن و باڵای داخشاند. سینگی بۆ ئاوێنەکە دەهێنایە پێش. هەردوو گۆلمیی بۆ مەمکەکانیی بردن، چاوەکانی لە دەست و پەنجە و مەچەکی دائاڵان. دەستێکی بە کوڵمەکانی داهێنا، دووچاوی ئەبڵەقەی لە ڕووی ئاوێنەکە چەقین لەسەر کورسییەکە دانیشت. خۆی لەبیر کرد:
– شەوێک لە شەوان، لەسەربان ڕاکشابوو، چاوەکانی مانگی چواردەیان دەلێستەوە، ڕووی مانگ وەک ڕووی خۆی گەش و پڕ بوو. دایکی لەسەر جێگاکەیەوە دەیدواند:
– تۆش وەک ئەم مانگە، گەش و جوانی، تۆ میوەیێکی پێگەیشتووی.
دایکی بە هێمنی دەیگوت:
– کە میوە پێ گەیشت، ئەگەر نەڕنرێ دەگەچڵێ، دەگەڕێتەوە، پووچ دەبێ، دەڕزێ.
ئەویش لە دەروونی خۆیدا دوا بەدوای قسەکەی دایکی دەچووەوە:
– میوە کاتی میوە پێگەیشت.
لە خۆی دەپرسێ :
– کێ بم ڕنێ؟
خۆی لەناو دەریایەکی شێلووی پڕ شەپۆلی بیرکردنەوە دەدۆزیەوە.
دایکی دووبارەی کردەوە:
– میوە کە پێگەیشت.
پێی گوت:
– دایە.. دایە.. دایە گیان.
دایکی گوتی:
– دەزانم دڵت بە سوارەوە بەندە.
چ دەنگیکی نەکرد، لە ناوی ناوەوەی ئاوازێک هەڵدەستا:
– سوارە ئاواتی من بوو.
– ئەو ڕۆژە بوو، کە بەهۆیەوە دەژیام، ئەو مانگە بوو شەوان هۆگریی دەبووم تێکەڵاوی ڕووناکییەکەی دەبووم.
– ئەو ژیانە بوو، کە لەگەڵ هەموو پارووەنانێک خوێنی لەشی نوێ دەکردمەوە. گیانی بە هێزتر دەکەم.
– ئەو هەوایە بوو. لەگەڵ هەموو هەناسەیەکدا، بۆ ناو سیپەلک و دڵ و دەرونم هەڵم دەمژی.
– سوارە پارچەیێک بوو لە خۆم، منیش پاچەیەک بووم لەو.
– ئێمە هەردووکمان وەکو، دوو لەتکی خۆخ بووین ئاهێکی بەتین و گەرمی هەڵکێشا، ڕووی بۆ مانگ هەڵبڕیەوە، پەڵە هەورێک دای پۆشیبوو. تانەیێکی بۆری بەسەر ڕووناکییەکەی داگرتبوو.
لە ناو نوێنەکەی گەوزێکی دا. ڕووی کردە دایکی.
– ئینجا دەڵێی چی دایە گیان؟
لێی پرسی
دایکی پێی گوت:
– ئێوە یەکتری تەواو دەکەن، خۆتان لە یەکدی دەدۆزنەوە.
گوڵێ خۆی وەبرهاتەوە، وەکو لە خەوێکی قووڵ هۆشیاریان کردبێتەوە، ڕاچڵەکی، کورسییەکەی بەجێ هێشت، بەرامبەر ئاوێنەکە وەستایەوە، سەیری بەژن و باڵای خۆی کردەوە. بە خۆی گوت:
– کچە جوانەکەم میوەیێکی پێگەیشتووە.
بۆ ناوەوەی ژوورەکە سووڕایەوە، پەلاماری پرێچکەکەی دایەوە. کراس و سوخمەکەی هەڵگرتنەوە، چووەوە پێش ئاوێنەکە کراسە سپییەکەی بە بەژنی خۆی گرت. ملوانکەکەی بە گەردەنی خۆی شۆڕ کردەوە، لەگەڵ خۆی مرتاندی:
-کچە شۆخەکەم بووکە بووک..
ئامێزێکی لە ئاوێنەکە وەر هێنا، بەدەنگ ئاهێکی کرد و گوتی:
– ئۆخەی، کچە خۆشەویستەکەم، چاوەکەم، بۆچ خۆت لە دایکت ون کردبوو. بۆچ؟
خوێنی هەڵچوو، هەناسەیێکی پچڕ پچڕی خواردەوە. نەختێک هێمن بووەوە، کەوتەوە گلەیی کردن:

-بەڵام قەیناکە دەی، قەیدی ناکە، مادام لە کات و وەختی خۆی هاتیەوە. ئەوە باشتر. باشتر.
– ڕووی گەش بووەوە، وەکو کچەکەی لەبەردەم وەستا بێ. وەها بە نەرمی و دڵسۆزیەوە دەیدواند:
–دەی زوو خۆت ئامادە بکە. زوو زاوا چاوەنوارێتە. دەی زاوا چاوانوارە.
تێکەڵ بە پێکەنینێکی نەرمی هیستیریانە دەیگوت:
– دەبا خەڵکەکە پتر دڵخۆش بن. با ئاهەنگەکە، پتر گەرم تر بێ. دەستێکی بۆ چارۆگەکەی سەری برد، بۆ سەر زەوی هاوێشتی سوخمەکەی بەری داکەند، کراسەکەی لە لەشی خۆی داماڵی، شانەکەی هەڵگرت. دەستی بە شانەکردنی قژە زەردە درێژەکەی کرد، کەزیەکانی نواندنەوە، بە نیوە ڕووتی، چەند هەنگاوێک لە ئاوێنەکە دوورکەوتەوە، سەیرێکی لەشی خۆی کرد، هەموو جلکەکانی داکەندن، خۆی ڕووت ڕووت کردەوە. جلکە تازەکانی کێشانە لای خۆی، کراسە سپییەکەی لەبەرکرد، سوخمە بنەوشیەکەی بەسەر داهێنا. ملوانکەکەی لە ملی ئاڵاند، بەرمووروەکەی بە گەردەنیەوە کردن و بۆ سەرسینگ و ناو مەمکەکانی بڵاوی کردنەوە، بازنەکانی لە مەچەکی قایم کردن، گوارەکانی کردنە گوێی، کەمەرەکەی بەست، چاوی ڕشتن، چارۆگە تەنکەکەی بەسەردادا. وەک بووک خۆی ڕازاندەوە، ڕووبەڕووی ئاوێنەکە وەستایەوە، بزەیێکی گەورە لەسەر زاری پەیدا بوو.
هەتا دەهات، چاو و ڕوومەتی پتر گەش دەبوونەوە، خۆی هاوێشتەوە ناو کورسییەکە، لە پڕ هەناسەی ڕک بوو، دەهۆڵی سینگی لەگەڵ هەناسە بەرز و نزم دەبووەوە، ڕەنگی هەڵبزڕکا، وردە وردە چاوەکانی نەرم و خەواڵوو دەبوون، بزەکەی سەر لێویشی دەتوایەوە. لەگەڵ توانەوەی بزەی سەر لێو و ڕەوینەوەی ڕووناکی ڕووی، چاوە گەشەکانی، بە هێواشی پووت دەبوون و پێڵوەکانی وەیێک دەهاتنەوە. وردە وردە دەکوژانەوە. هەتا ئاگای لە بوونی پچڕا.
خەڵکی گەڕەک ئەوبەیانیی هەینیەش وەکو جاران تاوەکو چێشتەنگاوێکی درەنگ، لەبەر دەرگای ماڵەکانیان، لە سووچی دیوارەکان، منداڵەکانیش لەم بەر و ئەوبەری کۆڵان، لە گۆڕەپانەکەش، چاویان بە دەرگای ژوورەکەی گوڵێ بەسترابووەوە، بەڵام ڕۆژ بەسەرکەوت. شار کەوتە جووڵە، نوێژی جومعە دابەسترا. گوڵێ هەر دەرنەکەوت. منداڵەکان وەڕەز بوون، بڵاوەیان لێ کرد. گوڵێ هەر دەرنەکەوت. خەڵکەکە لەگەڵ سەرسوورماوی و پەرۆشیانەوە هەریەکەیان خەیاڵێکی بۆ دەهات، هەریەکەیان هۆیەکی بۆ دەرنەکەوتنی ئەو ڕۆژەی گوڵە دەدۆزیەوە، بەڵام هیچ کامێکیان بیری بۆ ئەوە نەدەچوو کە ژنەکە کچە خۆشەویستەکەی خۆی دۆزیبێتەوە.

لەم سەرچاوەیەوە گواستراتەوە:
× چیرۆکەکانی مەم، بەشی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر، هەولێر ساڵی ١٩٨٤. ل: ٢٣٥ تا ٢٤٣.



# داری مەرگ

## حوسێن لەتیف

دیمەنی یەکەم/ گەنجێک تەمەنی لە نێوان بیست بۆ بیست و پێنج ساڵیدایە، لەسەر گازی پشت پاڵکەوتووە، هەردوو دەستی خستۆتە ژێر سەری، بە هێواشی بیر لە ئەنجامدانی ئەو شتە دەکاتەوە کە بە نیازە سبەینێ، لە کاتێکی گونجاودا ئەنجامی بدات.

ئاسمان زریوەی دێت لە ئەستێرە، ئەستێرەکانیش هەردەڵێی کۆمەڵێک مروارین و لەدەریادا دەدرەوشێنەوە، تەنها لەئاستی کلکەی شاخەکەی باشووری ڕۆژئاوای شارەوە نەبێت دوو سێ گەواڵە هەوری شەرمن بەری مانگ دەگرن و بەریدەدەن، وەک ئەوەی بیانەوێت هەواڵی ڕوودانی شتێکی پێ بڵێن و جورئەت ناکەن. کەچی گەنجەکە نە ئاگای لە ئاسمان و نە لە مانگە، هەر لەگەڵ خۆیدا دەدوێت. لە یەک کاتدا دوو دەنگی جیاواز کە گوزارشت لە دوو کەسایەتی جیاوازی ناخی گەنجەکە دەکەن دەبیسترێن هەڵبەتە یەک لە دوای یەک.

دەنگی یەکەمیان:
-(خۆم ئەکوژم. ئەڕۆم بۆ لای هاوڕێکانم، هەرخۆم ئەزانم چەند بیریان ئەکەم، ئەڕۆم بۆ لای ئەوانەی زوو بە جێیان هێشتم، یان خودا بردنیەوە بۆ لای خۆی، ئای بە بینینیان چەند شادمان ئەبم).
دەنگی دووەم :
(خۆم ناکوژم، دڵم نایە هاوڕێکانم جێبهێڵم، دەمەوێت تا دەرفەت هەبێت لێرە بمێنمەوە، ژیان لیریە تامێکی تایبەتی هەیە).
دیمەنی دووەم/
پیاوێک لە تەمەنی پەنجا ساڵی یان زیاتردایە، لە ژوورێکدا و لە پشتی مێزێکەوە (گرنگ نییە کۆن، یان تازە بێت) دانیشتووە، بیر لە تەواو کردنی چیرۆکێک دەکاتەوە، بیرۆکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سی ساڵ لەمەو بەر. ئالەو سەر و بەندەدا یەکێک لە هاوڕێکانی هەمیشە بیرۆکەی خۆکوشتن بەر دیدەی گرت بوو، پرسیاری نەگەڕانەوە)؟
دنیا خەریکە بە تەواوی ڕووناک دەبێتەوە، نووسەرەکە ماندوێتی و بێداری بە رووخسارییەوە دیارە، بێ ئەوەی بەهیچ ئەنجامێک بگات، دەڕواتە ناو نوینەکەیەوە، وەک بڵێی قسە بۆ یەکێک دەکات:
(سبەی شەو هەر دەبێت ئەم چیرۆکە تەواو بکەم).
چەرچەفەکە بە خۆیدا دەدات، وەک چۆن ساڵانێکی دوور و درێژ تارمایی خۆکوشتن وازیان لە هاوڕێکەی نەدەهێنا، ئاوەهاش خۆ کوشتن کە گرێی چیرۆکەکەی ئەمە وازی لێناهێنێت، هەرچەندە پرخە پرخی دێت و وا دەردەکەوێت لە خەوێکی قووڵدایە، بەڵام لە خەودا دەبینێت هەندێک لە نووسەرە مەزنەکانی دنیا هەریەکە و بە جۆرێک خۆیان دەکوژن.
دیمەنی سێهەم/ دنیا بە تەواوی ڕووناکە، جموجووڵ لە ناو شاردا

بوونگەرایی وەک ئەژدیها ناخیان دەخوارد، هاوڕێکەی هەمیشە دەیوت:
(من بۆ لێرەم؟ حیکمەت لە مانەوە لەسەر زەوی چییە؟ هەتا کەی لێرە دەبین؟ هاتن و ڕۆشتنیش بۆ بە دەست مرویڤ نییە)؟ کەچی پزیشکە دەروونیەکان هەمیشە لە کەپسولێکی ئارامکەرەوە زیاتریان نە ئەدایە!
نووسەرەکەش سی ساڵی ڕەبەقە بیر لەوە دەکاتەوە لە ڕێگای چیرۆکێک، یان زیاترەوە هەمووان لە خۆکوشتن پەشیمان بکاتەوە. ئەو ڕستانەی بە یاد دێتەوە لە نێوان خۆی و هاوڕێکەیدا گۆڕیبوویانەوە.
هاوڕێکە: ئاخر ژیان کراسێکی تەنگە بەبەری من.
نووسەرەکە :(دەی گریمان خۆت کوشت ؟چی لە هاوکێشە ئاڵۆزەکانی بوون دەگۆڕێت)؟
هاوڕێکە: (ڕەنگە هیچ نەگۆڕم.. بەڵام گرنگ ئەوەیە بڕیار دەدەم)؟
نووسەرەکە: (با ئێوارە شەراب بخۆینەوە).
هاوڕێکە: (من ئەمەوێت تامی شەرابی مردن بکەم)!
نووسەرەکە: (بەڵام شەرابی ژیان خۆشترە)!
هاوڕێکە: (ئەگەر وایە، ئەی بۆ ئەوانەی ڕۆشتن کەسیان دەستی پێکردووە، ئەو کوڕە گەنجەی دەیەوێت خۆی بکوژێت، لەسەر زەرفی بە تاڵی نامەیەک دەنووسێت:
(لای ئێوەم خۆش، ئەگەر هاتن ڕەنگە لەوێ یەکتر ببینینەوە). لەگەڵ نووسینەکەدا ڕستەکەش دەخوێنێتەوە.
بەرەو دەرەوەی شار دەکەوێتەڕێ، تا خۆی بەیەکێک لە لقەکانی داری مەرگەوە هەڵبواسێت، داری مەرگ تەمەنی چەند سەد ساڵێک دەبێت، هەمووی چەند ساڵێکە ئەو ناوەی لێنراوە، چونکە ئامرازێکی ئاسانە بۆ خۆکوشتن و تا ئێستا چەند گەنجێکیش لە هەوڵی خۆکوشتندا سوودیان لەو دارە بینیوە، ئەو دارە لە یادەوەری چەندین نەوەی ئەم شارەدا دارێکی پیرۆز بووە، لەسەر مەزاری ئیماندارێک نێژراوە. ئەو پێڵاوە تازانەی لە پێدەکات، کە ڕۆژی پێشووتر لەگەڵ حەبلێکی ئەستوردا بۆ ئەنجامدانی خۆکوشتنەکەی کڕیبووی، دەخاتە عەلاگەیەکەوە. بۆ دوایین جار سەرنجی هەموو شتەکانی ژوورەکەی و حەوشەکەیان دەدا، لە ڕێگا لەهەموو شەقام و کۆڵان و باڵەخانەکان ورد دەبێتەوە، هەموو ئەمانە هیچ لە بڕیارەکەی کەم ناکەنەوە، وەک بڵێی هیچ یادگارییەکی لەگەڵ ئەم شارەدا نییە، ئێستا بەرەو دارەکە دەچێت، هەموو نزیک بوونەوەیەک لەدارەکە نزیک بوونەوەیەتی لە

چارەنووسی خۆی، لە کاتێکدا سەرقاڵی جێبەجێکردنی پرۆژەی خۆکوشتنە، لە یەکێک لە ناوەندەکانی شاردا و لەکۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا، سەرۆکی شارەوانی بڕیاری بڕینەوەی ئەو دارەرادەگەیەنێت. (سەرۆکی شارەوانی لەپشت مینبەرێکەوە ڕاوەستاوە، چەند لاقیتەو ڕێکۆردەرێک لەسەر مێزەکە دانراون، وەک ئاماژەیەک بۆ گرنگیدانی میدیاکان بە کۆبوونەوەکە، سەرۆکی شارەوانی چاویلکەکەی تۆزێک بەشۆڕی لە چاو کردووە، قائیمقام و بەڕێوەبەری پۆلیس لە ڕاست و چەپییەوە وەستاون، جەماوەریش لەهەمان جێگەدا کۆبوونەتەوە، بەمەبەستی گوێگرتن لە پەیامەکەی سەرۆکی شارەوانی، لە کاتی خوێندنەوەی پەیامەکەدا، هەر یەک لە بەڕێوەبەری پۆلیس و قائیمقام سەری ڕەزامەندی دەلەقێنن.

سەرۆکی شارەوانی:

هاوڵاتیانی ئازیز لەپێناوی بەرژەوەندی گشتی وپاراستنی ژیانی گەنجانی شارەکەمان و لەسەر داوای بەڕێز بەڕێوەبەری پۆلیس بڕیارماندا، لە چوار چێوەی پرۆژە خزمەت گوزارییەکانماندا، لەو بودجەیەی ئەمساڵ بۆ ناوچەکەمان دابین دەکرێت، ئەو دارە ببڕینەوە کەپێی ئەوترێت داری مەرگ.

بەڕێوەبەری پۆلیس: بەڕاستی ماوەیەکە، گەنجانی شارەکەمان ناخۆشیان کردووەو پەتی ملی خۆیان بەو دارەدا هەڵدەواسن، پەیامنێرەکانیش بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ داب و نەریتێک هەواڵی خۆکوشتنیان بڵاو دەکەنەوە، ئەمەش بۆ ناو و ناوبانگی ناوچەکەمان ناخۆشە.

قائیمقام: من لەلایەن خۆمەوە سوپاسی بەڕێوەبەری پۆلیس دەکەم بۆ ئەو پێشنیارە گرنگەیان، هەروەها بە پێویستی دەزانم سوپاسی گەرمی خۆم پێشکەشی بەڕێز سەرۆکی شارەوانی بکەم، کە هەرزوو پێشنیارەکەی پەسەند کردوو، بڕیاریدا هەنگاوی پێویستی بۆ بنێت، تکام وایە با هەموو لا یەک هاوکاری بەڕێزیان بین لە بڕینەوەی ئەو دارەدا.

پیرەمێردێک لە ناو جەماوەرەکەوە: ئەوە داری مەرگ نییە، بەڵکو داری پیرۆزە، سەدان ساڵە ئێمە زیارەتی دەکەین، نەخۆش و کەنەفتەمان لەژێر ئەو دارەدا شیفایان بۆ هاتووە.

ژنێکی بەتەمەن: ئەی ئیتر ڕووبکەینە کوێ؟ ناشکوری نەبێت کەس لە توانایدا نییە بڕوات بۆ لای دکتۆر.

مامۆستایەکی ئاینی: ئەستەغفیروڵا، ئەم کێشەیە بە یاساکانی شارەوانی و پۆلیس چارەسەر ناکرێت، بەڵکو پێویستە بە گوێرەی یاسای شەرع و لیژنەی فەتوا چارەسەر بکرێت!

ئەفسەرێکی پۆلیس لەجێگەی خۆیەوە لە ناو خەڵکەکەدایە و ئەرکی پاراستنی ئەمنیەتی کۆبوونەوە جەماوەرییەکە: دەی باشە، با لیژنەی فەتوا خەمی خۆکوشتنی گەنجەکانی شار هەڵگرێت!

بەرپرسەکانی شار حەوسەڵەی گوێگرتنیان لە جەماوەر نییە، هەریەکەو سواری ئۆتۆمبیلی خۆی دەبێت، بەڵام ڕۆژنامەنووسەکان وازیان لێناهێنن و لاقیتەو ریکۆرەدەرەکانیان بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکانیان درێژ دەکەن.

ڕۆژنامەنووسی یەکەم: بەڕێز سەرۆکی شارەوانی پرۆژەی بڕینەوەی ئەو دارە چەند ڕۆژ دەخایەنێت، چەند پارەی بۆ تەرخان کراوە؟

سەرۆکی شارەوانی: سبەینێ وەرە بۆ شارەوانی ئەو ژمارانەت ئەدەمێ، بەڵام لەدارشتنی هەواڵەکەدا ئاماژە بە گرنگی وتارەکەی من بدە.

ڕۆژنامەنووسی دووەم: بەڕێز قائیمقام، پاش بڕینەوەی دارەکە، بەنیازن جێگای دارەکە بۆ چ جۆرە پرۆژەیەک بەکار بهێنن؟

قائیمقام: ئەو کاتە بەڕاوێژکردن لەگەڵ ریش سپییەکانی شاردا بڕیارێکی لێدەدەین؟

ڕۆژنامەنووسی سێهەم: من پەیامنێری دەنگی گەنجانم، بەڕێز بەڕێوەبەری پۆلیس ئایا بیرتان لەوە نەکردۆتەوە، تا پرۆژەی بڕینەوەی دارەکە دەست پێدەکات، چەند پۆلیسێک بۆ پاسەوانی ئەو دارە دابین بکەن؟

بەڕێوەبەری پۆلیس: خۆتان دەزانن ئێمە هەمیشە ئێشکگری سەرو سامانی هاوشارییەکانی خۆمانین، بۆ ئەو مەبەستەی کە ئێوە باسیدەکەن، چەند ڕۆژێکە نووسراومان بەرزکردۆتەوە بۆ سەرەوەی خۆمان، چاوەڕوانی وەڵامی سەرووی خۆمانین.

لەگەڵ پەڕینەوەی لە دواین شەقامی شار بە ئاراستەی داری مەرگ، یان دار پیرۆزدا، خاڵخاڵۆکەیەک بە ژوور سەریەوە دەردەکەوێت، بەدرێژایی ڕێگاکە هەر لەگەڵیدادەبێت، لە کاتی نزیک بوونەوە لە داری مەرگ، یان داری پیرۆز خاڵخاڵۆکەکە بە ناوچاوی گەنجەکەوە دەنیشێت، کەدەست دەبات خاڵخاڵۆکەکە لێبکاتەوە، لەدامێنی ئەو چیایەدا کەدارەکەی لێڕواوە، بەردێک لە ژێر پێی دەردەچێت وبەدەمدا دەکەوێت، لە کاتی هەستانەوەیدا گوڵە کێویلەیەک دەبینێت، هەمان ئەو گوڵە کێویلەیە لە مناڵیدا، لەگەڵ هاوڕێکانیدا پەڕە پەڕەیان دەکرد: (دەرئەچم، دەرناچم، دەرئەچم)، ئێستا بەیادی ڕۆژەکانی مناڵی ئەم گوڵە بۆ خۆکوشتن پەڕە پەڕە دەکات.

دەڵێت: (خۆم ئەکوژم، خۆم ناکوژم، خۆم ئەکوژم، خۆم ناکوژم، خۆم.. خۆم.. خۆم.. خۆم..).

تێبینی یەکەم (دەرکەوتنی دوو دەنگە جیاوازەکەی دیمەنی یەکەم ئەگونجێت لە شێوەی تارماییدا بێت).

تێبینی دووەم (دەکرێت هاوشێوەی خۆکوشتنی پەسەنین، یان سادقی هیدایەت، خۆ هەڵدانە خوارەوەی دۆڵۆز لە باڵەخانەیەکی چەند نهۆمییەوە) یان هەردیمەنێکی تری خۆ کوشتن نیشان بدرێت.

تێبینی (هیچ دەرهێنەرێک بە بێ ئاگاداری نووسەر مافی کارکردنی لەم بەرهەمەدا نییە).

٢٠١٠/٧/٦


باشلار

# سۆسیۆلۆژیاو دابڕانی ئەبستمۆلۆژی

هاشم سالّح
و: شوان ئەحمەد

وتمان کە دابڕانی ئەبستمۆلۆژی، ڕوودانی لە کایەی زانستە مرۆییەکاندا زەحمەتترە وەک لەوەی کە لە کایەی زانستە سروشتییەکاندا ڕووبدات. بەڵگەشمان بۆ ئەمە سۆسیۆلۆژیایە. ئەو مەسافەیەی لە نێوان ژیانی ڕۆژانەو لابوری فیزیایی، یان کیمیاییدا هەیە، مەسافەیەکی گەورە و پانو پۆڕە، هەر بۆیە زانایانی بواری فیزیا و کیمیا دەتوانن بەئاسانی سنوورێک بکێشن لە نێوان بۆچوونە تایبەتیو هەستە ناوەکییەکانیان لەلایەک، لەگەڵ توێژینەوە زانستیو ئەزموونە تاقیگەییەکانو هاوکێشە کیمیاییەکانی لەلایەکی دیکەوە، بەڵام دۆخی سۆسیۆلۆژیست زۆر جیاوازترە. ئەو لە دۆخێکی ئاڵۆزتردایە، لەبەرئەوەی مەسافەی نێوان ژیانی ڕۆژانەی لەگەڵ لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانی زۆر بچووکەو تەنانەت هەندێجار وەک نەشبێت وایە، بۆیە بەزەحمەت دەتوانێت بۆچوونە گشتییەکان ئەو بۆچوونانەی لە ژینگەکەیدا هەیە، لە توێژینەوە زانستییەکانی جوێبکاتەوە. سۆسیۆلۆژیست وەک ئەوانیتر مرۆڤە. واتە وەک ئەوان دەژیو هەمان ئەو بیروبۆچوونانە بیرکردنەوەی داگیردەکەن کە لە کۆمەڵگەکەیدا هەن، بۆیە پێدەچێت بکەوێتە ژێر کاریگەریانو دواتریش زۆر بەزەحمەت لێیان قوتار دەبێت، تابتوانێت دیدگایەکی زانستی لەبارەی کۆمەڵگە بەرهەم بهێنێت. تایبەتمەندی زانستە مرۆییەکانیش کتومت لێرەدایە، چونکە باسکارو کەرەستەی باسلێکراو سەر بەهەمان ڕەگەزن، واتە مرۆڤ باس لە مرۆڤ دەکات. واتە مرۆڤ خۆی لەیەک کاتدا خودی لێکۆڵیارەو کەرەستەی لێکۆڵینەوەشە. ئەمە لە کاتێکدا زانایەکی بواری فیزیا باس لە بابەتو مەسەلەیەک دەکات کە زۆر لە خۆی دوورە. بۆ یەکەمجار مرۆڤ بوو بەبابەتی لێکۆڵینەوەو خودی لێکۆڵیار، ئەمەش لە بەراییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەوروپادا دەستیپێکرد. دوای ئەوە زانستە مرۆڤایەتییەکان لەگەشەکردن بەردەوام بوو تا گەیشتە ئەو ئاستە گرنگو کامڵەی ئەمڕۆ هەیەتی (بڕوانە ئەو پێگە گەورەیەی لە زانکۆکانی خۆرئاوادا هەیەتی. سۆسیۆلۆژیا زیاد لە بیست لقی لێ بۆتەوەو هەر لقێکیشی لێکۆڵیارو پسپۆڕی خۆیی هەیە. دەکرێت هەمان شتیش دەربارەی دەروونناسیو مێژووناسیو ڕەگەزناسیو.. هتد، بڵێین). ویستی ئەم زانستە مرۆییانە ئەوەیە کە لە یەک کاتدا دیدگایەکی زانستی لەبارەی تاکو کۆمەڵگە دروستبکەن.

ئەگەر زانای بواری فیزیا توانیبێتی مادە تاووتوێی بکاتو پەی بەیاساکانی بەرێت، ئەی بۆچی زانای بواری کۆمەڵناسیش نەتوانێت لە مرۆڤ بکۆڵێتەوەو پەی بەو یاسایانەش بەرێت کە ئاراستەی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی دەکەن لە کۆمەڵگەدا؟

یەکەمین کۆسپێکی ئەبستمۆلۆژی کە پێویستە کۆمەڵناس لە کاتی لێکۆڵینەوەکردنی لەسەر کۆمەڵگە خۆی لێ لابدات، مەعریفەو زانیاری ڕووکەشو خۆڕسکانەیە. ئەمەش مەعریفەیەکە مرۆڤ لە ڕێی کۆمەڵگەو ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی دەسگیری دەبێت. هەر بۆیە کەم ئیش کە پێویستە کۆمەڵناس ئەنجامیبدات، کاتێک دەست بە توێژینەوەی زانستی دەکات، ئەوەیە کە خۆی لەو زانیاریو بڕیارە پێشوەختانە ڕزگار بکات کە لە مێشکیدا چەسپیون. ئەمەش پرۆسەیەکی سەختو گرانە، لە بەرئەوەی هەر بەتەنها شتێکی زانستیو میتۆدی نییە، بەڵکو دەروونیشە.. ئاخر کێ دەتوانێت هەروا بەئاسانی دەست بەرداری هەموو ئەو شتانە بێت کە لەسەرەتای ژیانیدا فێریان بووە؟ ئەمە پرۆسەیەکە کتومت بەدەروونشیکاری دەچێت. ئەوەی (باشلار) دەربارەی زانستە سروشتییەکان باسیکردووە، بەسەر زانستە مرۆییەکانیشدا دەچەسپێت. دروستکردنی دابڕان لەگەڵ بۆچوونە تایبەتیو هەستە ناوەکییەکانماندا، کارێکی زۆر دژوارەو هەرگیز ناکرێت سەرلەبەر دەستبەرداریان بین، بەڵکو ئەو دابڕانە ڕێژییە، بەڵام ئەزموون دەریخستووە زانا مەزنەکان ئەوانە بوون کە توانیویانە ئەو دابڕانە تا ئەوپەڕی بەرنو مەسافەیەک لە نێوان خۆیانو حەزو ئارەزووە تایبەتییەکانیاندا بهێڵنەوە، بەرلەوەی دەست بەپرۆسەی توێژینەوەی زانستی بکەن. ئەوانەی ناتوانن ئەو مەسافەیە بهێڵنەوە، ئەوە ئایدیۆلۆژیستە دۆگماکانن. هەر بۆیە نووسینو گوتارەکانیان دوورە لە وردیو بابەتی بوونو زیاتر دیماگۆگیانەیە. ئەمەش وا دەکات باسو لێکۆڵینەوەکانی ئەوانە دووربێت لە واقیعو هیچ بابەتی بوونێکی تێدا نەبێت. هەر بۆیە ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە زانیاریمان دەربارەی خاوەنەکانیان پێ دەڵێت، نەک زانیاریمان دەربارەی ئەو واقیعە بداتێ کە باسی لێدەکەن. لێرەدا ناوی ئەو ئایدیۆلۆژیستانەی عەرەب ناهێنم کە بەدرێژایی پەنجا ساڵی ڕابردوو دیقەتیان لە واقیع دا، بەڵام بەبێ ئەوەی یەک ئەگەر لە واقیع ڕۆشن بکەنەوە، یان دەست بخەنە سەر تاکە کێشەیەکی ئەو واقیعە. هەر بۆیە شتێکی سەیر نییە کە لە ئێستادا ڕمانی هەموو ئەو ئایدیۆلۆژیایانە دەبینین.

ئەوەی لێرەدا بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە کە جیاکاری بکەم لە نێوان گوتاری زانستیو گوتاری ئایدیۆلۆژیدا، لە نێوان توێژینەوەی زانستیو ئەو هەڵچوونو کەفوکوڵە تایبەتییەی خاوەنەکانیان توانای کۆنترۆڵکردنیان نییە.

توێژەرانی ئێمە ناتوانن لە قۆناغی ئایدیۆلۆژییەوە بچنە قۆناغی ئەبستمۆلۆژی، ئەگەر بێتو توانای جڵەوکردنی هەڵچوونو هەستو نەستە تایبەتیەکانی خۆیی نەبێت، بەڵام چۆن دەتوانێت لە ناو ئەم هەلومەرجە سەختو فشارە زۆرانەی ناوەوەو دەرەوەدا ئەوە بکات؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئەم مەرجی یەکەمە بۆ چوونە ناو قۆناغی زانست.

یەکەمین پرسیارێک کە بەرۆکی لێکۆڵیارێکی تازە دەستپێکردو بگرێت، ئەوەیە کە: ئایا دەتوانێت جڵەوی حەزو ئارەزووە تایبەتییەکانت بکەیت، بەرلەوەی داخڵ بەدنیای زانست بیت؟ ئەگەر ناتوانیت ئەوە بکەیت، بڕۆ خەریکی نووسینی وتارە ئاگرینو حەماسییەکان بەو واز لە زانست بهێنە. ئەوەی ناتوانێت دابڕانێکی ئەبستمۆلۆژی لەگەڵ خۆیو ئەو بیروبۆچوونانەدا دروستبکات کە لە ژینگەو چواردەورەکەیەوە فێری بووە، با بچێت بەکارێکی ترەوە خۆی خەریک بکاتو دەستەبەرداری زانست ببێت. زانست مەرجی قورسو گرانی خۆیی هەیەو بەئاسانی خۆی نادات بەدەستەوە.

کایەی زانست کایەیەکی ئاسان نییە، هەر کەس ویستی خۆی پیا بکات. ئەگەر زانست ئاسان بوایە، هەمووکەس دەبوو بەزانا، بەڵام دەزانین کە ژمارەی گەورە زانایان لە مێژوودا کەمە. ئەوانەی توانیویانە ببنە زانای ڕاستەقینە، ئەوانەن کە لە خۆیان ئازادبوونو بەسەر خۆیاندا سەرکەوتوون. وەک نموونەیەک بۆ ئەمە باباس لە دامەزرێنەری کۆمەڵناسی فەرەنسی (ئەمیل دۆرکهایم) بکەین لەسەدەی نۆزدەدا (ئەڵبەتە دامەزرێنەری یەکەم ئۆگست کۆنتە، بەڵام تیۆرسینی گەورە ئەمیل دۆرکهایمە کە ڕاستەوخۆ دوای کۆنت دێت).

بابزانین ئەم زانایە واتە (دۆرکهایم) لە کتێبەکەیدا (ڕێساکانی میتۆدی سۆسیۆلۆگی) چی دەڵێت؟ (دۆرکهایم) پێیوایە بۆچوونە گشتییەکانمان دەربارەی شتەکانی چواردەورمان، پێش بۆچوونە زانستیەکانمان دەکەوێت لەسەر ئەو شتانە. بۆ نموونە بەرلەوەی زانستی فیزیا، یان کیمیا، یان گەردووناسی پەیدابێت، ئێمە دیدگاگەلێکی غەیبیانیمان لە مێشکدا هەبوو، لەبارەی گەردوونو دیاردەکانی ناو گەردوون: (خۆرو مانگو ئەستێرەو زەویو درەختو هەورو بارانو باو...هتد). ئەم دیدگا سەرپێیو خۆڕسکانە کە هۆشیاریمان داگیر دەکات، دیدگاگەلێکی (پێش زانستیە). واتە ئێمە- بەر لە هاتنە ئارای زانستی مۆدێرن-، دیاردە سروشتییەکانمان بەشێوازێکی زۆر سەیر شرۆڤە دەکرد. ئێمە ناچاربووین ئەوە بکەین بۆ خاتری ڕێکخستنی ژیانمانو دیاریکردنی ئانو ساتی کشتوکاڵکردن بەپێی سووڕی وەرزەکان. ئەم زانیارییە میتۆلۆژیانەمان لەبارەی جیهانی شتەکان، تێکەڵ بوو بە هەندێ ڕەگەزی واقیعی کە سەرچاوەیان ئەزموونی کردەی ڕۆژانە بوو.

ئێمە پێمان وابوو ئەم دیدگا سەرەتاییانە لەبارەی جیهانی شتەکان، بریتییە لە خودی شتەکان خۆیان، بەڵام لە پڕێکدا بۆمان دەرکەوت

که ئەوە تاڕادەیەکی زۆر هەڵەیە، یان وەهمو خەیاڵە.

کاتێک زانستی فیزیاو ئەزمونگەری هات، وێنەیەکی دیکەی لەبارەی جیهانی شتەکان پێبەخشینو توانی ئەو وێنەیەی ڕابردوو لە زەینماندا بسڕێتەوەو وێنەیەکی تازە لە شوێنی دابنێ. ئەمەش بۆ خۆی دابڕانی ئەبستمۆلۆژیە.

ئەوەی بەسەر فیزیاناسێکدا جێبەجێ دەبێت، بەسەر کۆمەڵناسێکیشدا پراکتیزە دەبێت. خەڵک چاوەڕێی سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی نەبوون تا وێنەیەک دەرهەق بەیەکتر، یان بەرامبەر بەیاساو مۆراڵو خێزانو دەوڵەتو کۆمەڵگەو ...هتد، دروست بکەن، بەڵکو ئەوان بەرلەوەش خەریکی داتاشینی وێنەیەک بوون دەربارەی هەموو ئەو شتانە، ئەو وێنەیەش ئەگەرچی سەرەتاییو نازانستیش بوو، بەڵام پێویست بوو بۆ ئەوەی بژین. دواتر کۆمەڵناسی نوێ هاتو وێنەیەکی دیکەی جیاوازی دەربارەی ئەو شتانە پێشکەشکرد. خەڵکیش دووچاری سەرسوڕمان هاتنو پێیان سەیربوو چۆن توانیویانە ئەو هەموو ماوە دوورودرێژە لەسەر ئەو دیدوبۆچوونە هەڵانە بژینو ژیان بگوزەرێنن، هەر بۆیە دیدگا زانستیە تازەکان لە ناخەوە ڕایچڵەکاندنو تووشی شۆکی کردن.

مەعریفە دوو ئاستی هەیە:

یەکەمیان: ئەو مەعریفە گشتیو باوەی کۆمەڵگەیە کە دەکرێت بەمەعریفەی سەرەتاییو خۆڕسکی ناوبەرین.

دووەمیان: مەعریفەی زانستییە کە لە تاقیگەکان، یان لە ڕێی لێکۆڵینەوەی مەیدانیو ئامارەوە دەسگیردەبنو ئەم کارەش کۆمەڵناس پێی هەڵدەستێت. ئەم دوو جۆرە لە مەعریفە پێکەوەو لەیەک کاتدا لە ناو هەموو کۆمەڵگەیەکو لە هەناوی هەموو کەسێکدا هەن.

کۆمەڵناس هەر کە توێژینەوەو لێکۆڵینەوە مەیدانییەکانی بەجێهێشتو گەڕایەوە ناو ژیانی ئاسایی خۆی، ئیتر وەک هەر کەسێکیدی دەبێتەوە بەمرۆڤێکی ئاسایی، واتە دەبێتەوە بەئینسانێک حەز لەم شت دەکاتو ڕقی لەو شت دەبێتەوە، لایەنگری هێزێک دەکاتو دەبێتە هەواداری لایەنێکی سیاسیو...هتد. بەمجۆرە لە دەستبەرداری بابەتی بوونی زانستی دەبێتو لە لابورەکەی دێتەدەرو دەگەڕێتەوە ناو ژیانی ڕۆژانە کە پڕیەتی لە ویستی جیاجیاو ململانێو هەڵەو وەهمو سەرکێشی، ئەمانەش هەڵەگەلێکن پێویستن بۆ هەناسەدانو بۆ ژیان، لە بەرئەوەی مرۆڤ هەر تەنها بەهەقیقەت ناژی! بگرە دەکرێت بڵێین فەزای حەقیقەت بەستەڵەکو ساردوسڕو زۆر زبرو کۆنکرێتییە.

مرۆڤ ناتوانێت بیستو چوار سەعاتی ڕەبەق، لە فەزایەکی پڕ هەقیقەتی زانستیدا بژین، چونکە پێویستی بەماوەیەکیش لە پشوو و ئارامی هەیە تا زانستو ڕێساو میتۆدە کۆنکرێتییەکانی تیا لە یاد بکات. لەبەرئەوەیە هەندێ جار کۆمەڵناسێکی ئەوروپی پێت دەڵێت: (من لێرەدا وەک هاووڵاتیەک قسە دەکەم، واتە وەک کەسێک کە حەزی بەهەندێي شتەو ڕقی لە هەندي شتی ترە، لایەنگری هەندێ مەسەلەیەو دژ بەهەندێکی ترە... یان پێت دەڵێت: من لێرەدا وەک کۆمەڵناسێک قسە دەکەم، واتە وەک لێکۆڵیارێکی بابەتی ساردوسڕ قسە لەسەر ڕووداوو دیاردەکان دەکەم). بەم پێیە لە ناو یەک کەسدا هەردوو جۆرەکەی مەعریفە پێکەوە دەژین: (مەعریفەی ئایدۆلۆژیو مەعریفەی زانستی)، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کە ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵناس زۆر بابەتیانە ترە لە ئایدیۆلۆژیای مرۆڤی ئاسایی، لەبەرئەوەی ئەقڵانیەتی زانستی کە ئەو وەک توێژەرێک پەیڕەوی دەکاتو کاری پێدەکات، دەبێت وەک مرۆڤێک تێیدا ڕەنگ بداتەوەو زیاتر توانای ئەوەی هەبێت کە کۆنترۆڵی خۆی بکات، بەرلەوەی بڕیاری خۆی لەسەر شتەکان بدات. ئەوەی لەسەر ئاستی تاکەکەس بەدی دەکەین، لەکۆمەڵگاکانیشدا دەیبینین.. کۆمەڵگە ئەوروپاییەکان ئەقلانیو بابەتیو ساردوسڕ دیارن، ئەمە لە کاتێکدا شەقامی عەرەبی، پەنگی خواردۆتەوەو پڕ لە هەڵچوونو جۆشو خرۆشە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەقڵانیەتی زانستی ماوەیەکی دوورودرێژە بەهەناوی کۆمەڵگە ئەوروپاییەکاندا ڕۆچووەو لەڕووی مادییەوە تێروپڕبوون، ئەمە لە کاتێکدا کۆمەڵگەکانی ئێمە تا ئێستاش لە ڕۆحی زانستیو ئەقڵانی بێبەشن. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە کۆمەڵگە ئەوروپاییەکان خاڵین لە ئایدیۆلۆژیاو هەڵچوونو جۆشو خرۆش. نەخێر، هەرگیز. مەسەلەکە ئەوەیە کە توانای زیاتری هەیە کە هاوسەنگی بکات لە نێوان جۆشو خرۆشی ئایدیۆلۆژیو بابەتی بوونی زانستی، ئەویش بەهۆی ئەوەی پێشکەوتووترەو لە ڕووی مێژوویشەوە کامڵترە. کارەکتەری هەموو ئینسانێکو هەموو کۆمەڵگەیەک تێکەڵییەکی لە هۆشیاری مێژوویی، یان زانستی تێدایە.

مەرگە ساتی کۆمەڵگەکانی ئێمە لەوەدایە کە تیایدا بەڕادەیەکی زۆر هۆشیاری میتۆلۆژی یان(ئایدیۆلۆژی)، بەسەر هۆشیاری زانستیدا زاڵە، ئەمەش پێچەوانەی کۆمەڵگە ئەوروپییەکانە. هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەلومەرجە مێژووییە دژوارەی کە زیاد لە جارێک تێی کەوتین. گرنگترین ئەو هەلومەرجانەش تێربوونی مادیو بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەرانو ئابوورییە لە کۆمەڵگە ئەوروپییەکاندا، لە بەرامبەریشدا نەبوونی ئەو شتانەیە لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا کە بەدەست هەژاریو نەبوونییەوە دەناڵێنن.

پاشان (دۆرکهایم) جەخت لەم پرانسیپە ئەبستمۆلۆژیە دەکاتەوە کە لای (باشلار)یش بەدیدەکەینو دەڵێت: (پێویستە تەواوی ئەو چەمکو وتەزا گشتیانە وەلاوە بنێین کە لە کۆمەڵگەوە بۆمان ماوەتەوەو دەتوانین بەچەمکو وتەزای پێش زانستی ناودێریان بکەین، ئەو کات دەتوانین دەست بەپرۆسەی لێکۆڵینەوە بکەینو بگەینە هەقیقەت لەبارەی بابەتێکی دیاریکراوی وەک بابەتی یاسا، یان مۆراڵ، یان ئاینزا، یان دەوڵەت، واتە دروستبوونی



دۆرکهایم

مێژوویی یاساو دەوڵەتو مۆراڵو بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکانو...هتد).

کەم کەس هەیە بتوانێت هەقیقەتی زانستی دەربارەی خۆیو کۆمەڵگەکەیو بیروباوەڕەکەی قبوڵ بکات. بێگومان دەتوانین هەقیقەتی ئەو شتانە لەسەر کۆمەڵگەیەکی دیکە قبوڵ بکەین، بەڵام دەرهەق بەکۆمەڵگەی خۆمان بەدیاریکراوی، ئەستەمە. هۆکارەکەشی ڕوونو ئاشکرایە: کارێکی ئاسانە لەڕووی دەروونییەوە شیکاریی کەسانی دیکە بکەیتو بگرە گاڵتە بەخۆیانو دابو نەریتیان بکەین، بەڵام کەس ناچێتە ژێر باری ئەوەی دان بەگرێ دەروونیو کێشە ناوەکییەکانیدا بنێت. هەموو کەس حەز دەکات پەردەپۆشی بکات، بۆ ئەوەی بەحاڵی نەزانن. بەم پێیە (باشلار) چاکی پێکاوە کە مەعریفەی زانستی بەدەروونشیکاری بۆ خود دەچوێنێ، چونکە هەردووکیان ڕووبەڕووی کۆسپ و تەگەرە دەبنەوەو پێویستیان بە هەڵکۆڵینی ئارکیۆلۆژی هەیە لە ناخدا. ئەم هەڵکۆڵینە ئارکیۆلۆژیە لە ناخی خود، یان مێژوو، یان کۆمەڵگەدا، کارێکی پێویستە بۆ خاتری پەی بردن بە ڕەگو ڕیشە سەرەکییەکانیو بۆ ئەوەی بزانین چۆن بۆ یەکەمجار دروستبوو، ڕێکو ڕاست وەک چۆن دەرونشیکارێک بەناخود ئاگای نەخۆشدا ڕۆدەچێت، بۆ ئەوەی پەی بەگرێ دەروونییەکانی بەرێتو بزانێت سەرەتاکانی چۆن دروستبووە، چونکە ئەمە تاکە ڕێگەیە کە بۆ ئەوەی نەخۆش لە دەست گرێ دەروونییەکانی ڕزگار بکەین. ئیتر ئەو نەخۆشە تاکە کەس بێت، یان تەواوی کۆمەڵگە، ناتوانێت لە دەردو بەڵایکانی ڕزگاری بێت، ئەگەر بێتو ڕەگوڕیشەی ئەو گرێو بەڵایانە دیارینەکرێت.

ئێمە دەمێ ساڵە چاوەڕێی ئەو ڕزگارییە مەزنەین. ئەم ڕزگارییە ڕۆحییە گەورەیە لە بەراییەکانی سەدەی حەڤدەو لەگەڵ ساتەوەختی (ڕینێیە دیکارت)دا لە ئەوروپا ڕوویدا. بەم پێیەش دەتوانین بڵێین (دیکارت) مەزنترین دەروونشیکاری کارەکتەری خۆرئاواو ناخی خۆرئاوایە، نەک (سیمگۆند فرۆید)(١). (فرۆید) درەنگ وەخت هات، ئەو کۆتایی کاروانێکی دووورودرێژ بوو، نەک سەرقافڵە بێت وەک هێندە پێیان وایە. بگرە دەتوانین بڵێین ئەم شیکارییە -یان ئەم ڕزگارییە- لەگەڵ ساتەوەختی (مارتن لوسەر)دا لەبەراییەکانی سەدەی شازدەهەمدا دەستی پێکردو تا ساتەوەختی ئەمڕۆشمان بەردەوامە. لەبەر ئەم هۆیەش خۆرئاوا بەسەر ئەوانی تردا زاڵ بوو، توانی ئەو قەڵەمبازە شارستانییە بداتو کۆنترۆڵی جیهان بکات. ئەوەی یەکەمجار بەسەر خودی خۆیدا زاڵ ببێت، دواتر توانای ئەوەی دەبێت بەسەر هەموو شتێکدا سەرکەوێت. (دۆرکهایم) بەهەڵەدا نەچوو کاتێک ئەو پرانسیپە ئەبستمۆلۆژیە گەورەیەی گەڕاندەوە بۆ (دیکارت)، مەبەستم ئەو پرانسیپەیە کە باس لە پێویستی قوتاربوون لە بڕیارو حوکمە پێش وەختەکان دەکات، بەر لە تێکەڵبوون بەمەعریفەی زانستیو پەیبردن بەواقیع بەشێوەیەکی بابەتی. (دیکارت) یەکەم کەس بوو کە لە تێڕامانە میتافیزیکییەکاندا، ئەو پرانسیپەی فۆرمەلا کرد، دوای ئەویش بە سێ سەد ساڵ (گاستۆن باشلار) دێت، بۆ ئەوەی تەئکید لە هەمان پرانسیپ بکاتەوە. پێویستە بەر لەوەی خۆمان دروست بکەین، خۆمان لە دەست خۆمان ڕزگار بکەین. بەر لە دروستکردن پێویستمان بە لێکشیتاڵکردن هەیەو نێگەتیف پێش پۆزەتیف دەکەوێت. ئەمەش لەگەڵ ئەو قسەیەی (گاستۆن باشلار)دا یەک دێتەوە کە دەڵێت: (ڕاستی لە هەناوی هەڵەوە سەر دەردێنێو هەقیقەت لە ناو جەرگەی وەهمو هەڵەو نا هەقیقەتەوە لەدایک دەبێت)..

## پەراوێزو سەرچاوەکان:

١-بۆ زیاتر شارەزابوون لەم ڕووەوە بڕوانە کتێبەکەی فەیلەسووفی فەرەنسی (میشێل هنری):

ژینالۆژیای دەروونشیکاری -دەسپێکی ون بوو-:

Psychanalyse: Le Commencement Perdu , Paris , Puf , 1985.

-Michel Henri, Genealogie de La




# هونەری زمان لە ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە)ی

## کاروان عومەر کاکە سووردا

حەمە مەنتک

زمان بنیادی سەرەکی هەموو دەقێکە، بە شێوەیەک زمان کاریگەریی لە بارەی دەقەوە دەبێ کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە دەقی زیندوو و نایاب لە دەقی خراپ جیابکەینەوە. هەر بە هۆی زمانەوەیەوە دەتواندرێت پێوەندیی لەگەڵ هونەر و توخمەکانی تری ناو دەق دروست بکرێت ، بەتایبەتی توخم و هونەرەکانی گێرانەوە. بە هۆی زمانەوە دەتواندرێت جوانی و چێژێکی وا بە خوێنەر ببەخشین کە هەست بکات لەناو فەزای ڕووداوەکانی ناو دەقەکەدایە، ئەمەش وا دەکات زیاتر لە جارێک هەوڵی خوێندنەوەی دەقەکە بدات. کەواتە ئەرکی زمان دروستکردنی جوانی و بەخشینی چێژە بە شێوەیەکی هونەریی . بۆیە چ لەتێکستی خۆماڵی و چ لەوەرگێڕاندا کە دەیان ڕۆمان و چیرۆک و شیعر بەناوەڕۆک دەوڵەمەندمان هەیە، لێ چونکە زمانیان ناتەواوە و جوان نیین، خوێنەر هیچ چێژێک لەخوێندنەوەی ئەو دەقانە وەرناگرێت و زوو لێیان بێزار دەبێت و تەنانەت کاریگەرییشیان دەبێت لەسەر هونەرەکانی تری ناو ڕۆمانیش. بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ زمان لە لایەن شاعیر و ڕۆماننوسەوە کارێکی زەحمەتە و بە ڕاستی بەرپرسیارییەتییەکی گەورەیە. ئێمە تانووکەش لە ئاست بەرهەمەکانی مامۆستایان (شوکر مستەفا) و (مەسعوود محەمەد) و (هەژار موکریانی)دا سەراسیمەین، هەمووومان دەزانین ئەمە بە هۆی جوانی و تۆکمەیی و پاراوەیی زمانەکەیانەوەیە.

هەرچەندە مامەڵەکردن و بەکارهێنانی زمان لە شیعر و ڕۆمان جیاوازییەکی زۆری هەیە، چونکە ڕۆماننووس لەناو فەزای ڕۆماندا ئازادترە و بەسەر هونەرەکانی ڕۆماندا زاڵترە، هەروەها مەودای ئیشکردنی تێدا فراوانترە، بۆیەش ئێستا لەناو ئەدەبی کوردیدا ئەوەندە ڕۆماننووسمان زۆر بووە کە مرۆڤ پێ ڕاناگات بیانخوێنێتەوە، لێ چەندیان کاریگەرییان هەیە و لەلایەن خوێنەران و ڕەخنەگرانەوە خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت (ئەگەر خوێنەر و ڕەخنەگرێکی جدیمان هەبێت). ئەمەش کێماسی دروستکردووە لە هەموو هونەر و تەکنیکەکانی ڕۆمانی کوردی کە لاواز بووە لەو ڕوانەوە، هەروەها جیاوازیی نێوان زمانی گێڕانەوەی مێژوو و زمانی گێڕانەوەی ڕۆمان دەزانین، لێ جاری وەها هەیە ڕۆماننووس بۆ یادەوەری و مێژووی خۆی دەگەڕێتەوە، بە زمانی گێڕانەوەی ڕۆمان بۆیەش ئەم قسەیە دەکەم ، چونکە ئەم ڕۆمانەی کە ئێمە خەریکین لەڕووی زمانەوە لێی بکۆڵینەوە (سوارەکان بەقاچاغ بووکیان گواستەوە)ی (کاروان عومەر کاکەسوور و دوارۆژی کوڕی) هەڵگری بەشێکی زۆرە لە یادەوەری و مێژووی ڕابردووی نووسەر، لێ نووسەر بە شێوەیەکی هونەرییانە بۆی گەڕاوەتەوە و لەگەڵ یادەوەری و خەیاڵی خۆیدا تێکەڵاوی کردوون، تەنانەت هەست بە بوونی بیرکردنەوە و یادەوەریی منداڵی (دوارۆژ)ی کوڕی دەکەین، کە لەسەرێکی ترەوە کۆپیی یادەوەری (کاراون)ە. بۆیە ڕۆماننووس لەم ڕێگەیەوە لە هەوڵدابووە کەسەکان، شوێنەکان، بارودۆخی ئەو کاتە، کە لە یادەوەریی ئەودا هەبوونە زیندوو بکاتەوە بۆیە کاروان بەشێک لە سەردەمی ژیانی خۆی کردۆتە هەوێنی ئەم ڕۆمانە، بۆ ئەمەش زیاتر پشتی بەهونەری دیالۆگ و مەنەلۆگ بەستووە بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە، لە لایەکی تر هەست بە بوونی دونیایەکی، یان فەزایەکی منداڵی بەسەر ڕۆمانەکەدا دەکەین، ئەمەش هاوبەشیی دوارۆژی کوڕیمان بۆ دەسەلمێنێت لە نووسینی ڕۆمانەکەدا. هەروەها ئەوەشمان بۆ دەردەخات کە ڕۆمان لەناو خودی واقیعدا سەر دەردێنێت هەتا ئەو ڕادەیەی کە هەموو ڕووداوەکانی پشت بە فانتازی ببەستن. لێ مەبەستی ئێمە ئەوە نییە کە بڵێین ڕۆمان بەگشتی و ئەم ڕۆمانە بەتایبەتی گێڕانەوەیەکی سەدلەسەدی واقیعە، نەخێر خەیاڵ و بیرکردنەوە و فانتازیای ڕۆماننووس دەورێکی کاریگەر لە بنیادنانی هونەر و توخمەکانی ئەم ڕۆمانەدا دەبینن، زمانیش یەکێکە لەو توخمانە کە فانتازیا و بیرکردنەوەی ناو ڕۆمانەکەی پێ دەگێڕدرێتەوە.

لەلایەکی تر زمانی ڕۆمان و داستان جیاوازییان هەیە، لەبەر ئەوەی زمانی داستان زیاتر زمانێکی شیعرئامێزە و لە هەمان کاتیشدا ڕەگەزەکانی چیرۆکی تێدا بەرجەستە دەبێت وەکوو جێکات (شوێن و کات)، ڕووداو... تاد. زمانی داستان زمانێکی پەخشانی نییە. بۆ نموونە، ئەگەر سەیری زمانی داستانی (مەم و زین) ی ئەحمەدی خانی بکەین کۆمەڵێک ڕێسا و یاسا دەبینین " بۆ نووسینی داستان کۆمەڵێک ڕێسا هەن کە دەبێ شاعیر پەیڕەویان بکات. زمانی داستان لەو ڕێسایانە بەدەر نییە و بۆ چۆنییەتی بەکارهێنانی زمانیش کۆمەڵێ ڕێسا دانراون ، کەواتە دەبێ داستان پشت ببەستێ بەزمانێکی شیعری جیاواز و یەکگرتوو کە دابەکانی لە تایبەتمەندییە ڕەهاکانی فۆرمەوە وەربگرێت" (١) کەواتە کۆمەڵێک یاسا هەن کە دەبێ لە بەکارهێنانی زمان لەناو داستاندا پەیڕەو بکرێن، لێ لەناو ڕۆماندا زمان زیاتر شێوەیەکی گێڕانەوەیی و پەخشانی وەردەگرێت بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان، لە ڕێگای زمانەوە ئێمەی خوێنەر بە چۆنییەتیی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە ئاشنا دەبین. لە ڕێگای زمانەوە دەتوانرێت دونیابینیی جیاواز دروست بکرێت. بۆیە زمان دونیایەکی جیاوازمان بۆ دەئافرێنێ، وەکو (نانی ڕووت)ی (محەمەد شوکری) کە گێڕانەوەی یادەوەری خۆیەتی، لێ لە ڕێگای زمانەکەیەوە توانیوییەتی ئەو جوانی و چێژەمان پێببەخشێت. لێرەوەیە لێزانی و هونەرمەندیی ڕۆماننووس لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا بەدیاردەکەوێت لە ڕێگای زمانێک کە پڕ بێت لە جوانی و سیحر. ڕەنگە هەمان ڕووداو و بیرۆکە کەسێکی تر توانای ئەوەی نابێت بەو شێوە هونەرییە بیگێڕێتەوە. بۆیە بەشێکی زۆری داهێنانی ڕۆمان دەکەوێتە سەر شێوە سیحراوی و هونەرییەکی زمان. لەناو ڕۆمانی کوردیدا ( عەبدوڵلا سەڕاج ) و (عەتا محەمەد) و (جەبار جەمال غەریب) زۆر گرنگی بە لایەنی زمان و فانتازیا دەدەن کە بووەتە ناسنامەی ئەوان.

لە ڕۆمانی(سوارەکان بەقاچاغ بوکیان گواستەوە)ی (کاروان) و (دوارۆژ)دا هەست بە زمانێک دەکەین کە زیاتر سیمایەکی منداڵانەی بەخۆیەوە گرتووە، ئەمەش بۆیە ئەوهایە، چونکە دونیایەکی منداڵی بەسەر تەواوی ڕۆمانەکەدا زاڵە و کەسایەتییەکانیش زیاتر لە لاو و منداڵن، وەکو پێشتریش باسم کرد بەشێکی زۆری بۆ کاریگەریی بیرۆکە و جیهانبینیی (دوارۆژ) ی کوڕی لە نووسینی ڕۆمانەکەدا دەگەڕێتەوە. هەروەها زمانەکەی تێکەڵەیەکە لە شێوەزارەکانی× زمانی کوردی کە زیاتر لە زمانێکی ستاندارد لەناو فەزای ڕۆمانەکەدا دەکا. هەرچەندە زۆربەی شوێنی ڕووداوەکان ناو شاری هەولێر و دەوروبەریەتی و کارەکتەرەکانی خەڵکی شاری هەولێرن. ڕۆماننووس هەوڵی داوە جڵەوی خەیاڵیان بۆ شل بکات و ڕێگایان بدات بە ئازادی گفتوگۆ بکەن بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە بە جوانترین و باشترین شێوە خوێنەر هەست بکات ئەوە خۆیەتی ڕۆڵی تێدا دەبینێت. هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا لە دیالۆگی نێوان سەنگەر و غەیبزانەوە دەرگایەکی فراوانە بۆ چوونە ناو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دەکاتەوە لەوێوە هەست بە زمانێکی هەرزەکارانە و منداڵانەی سەنگەری کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە دەکەین . هەروەها کاتێک

ڕۆماننووس ڕێگا دەدات کە ئەو خەڵکەی دروستی کردوون بە دەمودووی ڕاستی خۆیان بدوێن ئەوسا شێوازی گفتوگۆ و قسەکردنی کەسایەتییەکانمان بۆ بە دیاردەکەوێت و دەزانین هەریەکێ لەمانە سەر بەچ چین و توێژێکی ناو کۆمەڵگان. دەتوانین هەموو زانیارییەک لەم ڕێگایەوە بە دەست بهێنین چ لەبارەی کەسایەتییەکان و شوێن و پایەی کۆمەڵایەتییانەوە. لێرەوەیە گرنگیی زمانمان لای کەسایەتییەکان بۆ بە دیاردەکەوێت.

زمان لەم ڕۆمانەدا بە شێوەیەکی گشتی زمانێکی سادە و ڕەوانە، لێ ئەمە لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا وایە، دواتر لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا زمانەکەشی دەگۆڕێت و ئاڵۆزتر دەبێ. بۆ نموونە لە کاتی قسە و گفتوگۆکانی (دڵخواز)دا هەست بە زمانی فکر و ئایدیۆلۆژیا دەکەین. من لێرەدا نامەوێت باسی فکر و فەلسەفە بکەم، کە کاروان لەم ڕۆمانەدا لە چەند شوێنێکدا ئیشی لە سەرکردووە، لێ ئێمە زیاتر مەبەستمان لە بەکارهێنانی زمانەکەیە کە سەنگەر زۆرجار لە قسەکانی (دڵخواز) ناگات." ناتوانم ئێستا پێت بڵێم، بەڵام ئا ئەوەیە جوانی گۆڕستان، سەنگەر... وا نەزانی هێشتا دەتوانم تێت بگەیەنم کە من بۆچی وێنەی گۆڕستان کۆدەکەمەوە" ئەم بەکارهێنانی زمانی فیکرە گەڕانەوەیەکی کاروانی ڕۆماننووسە بۆ سەردەمی لاویەتی خۆی کە ئەوکاتە وەکو زۆربەی ڕۆشنبیر و نووسەران لەژێرکاریگەری ئایدیۆلۆژیای مارکسیدا بووە، ئەمەش وا دەکات هەست بەفرەڕەهەندیی زمان بکەین، بۆیە ڕۆمانی نایاب ئەو ڕۆمانەیە کە زمانەکەی لە کۆمەڵێک توخمی جیاوازی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی پێکهاتبێ. لەگەڵ ئەوەشدا وشە و زاراوەی دیالێکتە جیاوازەکانی زمانەکەش لە خۆ بگرێت، کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە هەریەکە و لە ئاستی بیرکردنەوە و ڕۆشنبیری و تەمەنی جیاوازەوە بئاخڤن.

زمانی وەسفکردن لەم ڕۆمانەدا ئاڵۆز نییە، هەرچەندە لە زۆر شوێن هەست بە وشەی زیادە دەکەین لە وەسفکردندا، لەگەڵ ئەوەشدا وەسفکردن پێویستی بە نەفەسدرێژی هەیە، لێ بەگوێرەی وەسفکردنەکە دەبێت وشە بە کاربهێنی. چونکە ئەگەر وشەکان زیاد بۆ وەسفکردن بەکارهات ئەوا کار دەکاتە سەر خوێنەر ، چونکە خوێنەر پێویستی بە کاتێکی زۆرە بۆ خوێندنەوەی ڕۆمان بۆیە ئەگەر هاتوو زمانەکەی پوخت و پاراو بێت و دوور بێت لە درێژدادڕی ئەوا خوێنەر لەو ماوە درێژەی خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بەهیچ شێوەیەک هەست بە بێزاری ناکات.

هەروەک پێشتر هەڵوێستەم لە سەرکرد کە زمانی قسەکردنی کەسایەتییەکان، ژینگە و ڕادەی ڕۆشنبیری و کەسایەتییان دیاری دەکات، لە هەمان کاتدا زمان لێرەدا شتێکی زۆر گرنگترمان بۆ بە

دیاردەخات وەک پێکهاتەی دەروونی کەسایەتییەکان. ئەمەش لە دیالۆگی ڕۆمانەکە زۆر دووبارە بۆتەوە جا چ لە دیالۆگە ڕاستەوخۆکان، یان ناڕاستەوخۆکاندا بێت. وەک لە دیالۆگی لاپەڕە(٧٦)دا هاتووە لەنێوان (سەنگەر) و (شەماڵ)دا سایکۆلۆژیای هەردووکیانمان بۆ بە دیار دەکەوێت، کە دەزانین (سەنگەر) بە باسکردنی خوشکەکانی لەلایەن (شەماڵ)ی هاوڕێیەوە قەڵس دەبێت، دواڕۆژ و کاروان لەوێ پێمان دەڵێن کە (سەنگەر) کاریگەری کلتووریو دابونەریتی دواکەوتووی ناو کۆمەڵگای بەسەرەوە ماوە:

" سەنگەر ویستی خێرا چیرۆکێک هەڵبەستێت و ڕاستییەکەی لێ بشارێتەوە،. بەڵام هەرچەندی کرد و کۆشای نەیتوانی چونکە دەیزانی (شەماڵ) هی ئەوە نییە ئاوا بەئاسانی بیخەڵەتێنێت بۆیە بەشەرمەوە وتی:

-دایکم شووی کردۆتەوە و دوو کچیشی هەیە.

-باشە بۆچی من تا ئێستا نەمزانیووە.

شڵەژانەکەی زیادی کرد.

– نازانم .. باوەڕبکە نازانم من بۆچی زۆر شتی گرنگ هەیە لە ژیانمدا بیرم دەچێت بۆ هاورێکانمیان باس بکەم."

ئەگەر سەیری دیالۆگەکە بکەین هەست بە شڵەژان و شەرمی (سەنگەر) دەکەین بەرامبەر پرسیارەکانی (شەماڵ) و دەزانین لە رووی دەروونییەوە چۆنە. هەروەسا دەزانین ڕۆماننووس لەو سەردەمە کە سەردەمی منداڵیی خۆیەتی لەناو ڕۆمانەکە هەڵگری چ ئایدیۆلۆژیایەکە و بیرکردنەوەی چۆن بووە.

گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا گێڕانەوەیەکە لە شێوەی (تەوژمی ئاگایی) (التیار الوعی) کە گێڕەرەوە رووی دەمی لە بشنەوە(المخاگب)، وەک لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا هاتووە " لەسەری کۆڵانە تەسکەکە پێچ دەکەیتەوە...دەستی کوڕێکی هەرزەکار توند توند یاخەت دەگرێت... لێزانانە بەخێراییەکی سەیر چەقۆی ناو دەستی ڕاستی دەخاتە سەر سنگت." بەپێچەوانەی ڕای (سۆران ئازاد) کە نووسینەکەی لە (ڕەخنەی چاودێر) بڵاوکراوەتەوە بەناوی (بەقاچاغ ڕۆیشتن بەرەو سەرزەمینی خەیاڵ)، زمانی گێڕانەوەکەی بە زمانی دیالۆگ داناوە، ئەمە بەشێکی ڕاستە، لێ لەچەندان شوێندا مەنەلۆگیش بە کار هاتووە. دەزانم مەبەستی (سۆران) ئەوەیە کە گێڕانەوەی ڕۆمانەکە زیاتر درامییە، چونکە زۆر هونەری دیالۆگی تێدا بە کار هاتووە، لێ ئەم ڕۆمانە گێڕانەوەکەی بە زمانێکە کە جگە لە هونەری دیالۆگ بە تەوژمی ئاگایی نووسراوە. واتە لێرەدا پێش (سەنگەر) کە گێڕەرەوە و کەسایەتی سەرەکیی ناو ڕۆمانەکەیە، گێڕەرەوەیەکی تریش هەیە کە لەسەرەتادا دەست پێ دەکات، لێ وەک گوتمان مەنلۆگی زۆریشی تێدایە وەک لە لاپەڕە(٢٠)دا هاتووە (سەنگەر) لەدڵی خۆیدا دەڵێت:" دیناری سیحری... ئێستاش نازانم باوەڕم کردووە یان نا" ئەمەش خۆدواندنە.

" زمانی گێڕانەوەی و وتوویژ بەشێوەیەک دەبێت دوور لە زمانی ئاسایی و بازاڕی ناو کۆمەڵ. پێویستیشە بەشی گێڕانەوەی زۆر پتر بێت لە بەشی دوانەکان(الحوار) ئابەمەش لە دراما جیادەبێتەوە" ، لێ ئەوەی کە بیروڕای من جیادەکاتەوە لەم ڕایەی(عەبدوڵڵا سەڕاج) ئەوەیە کە زمانی ئاسایی و بازاڕییش زمانی ناو کۆمەڵگان، تاکی ناو کۆمەڵگاش قسەی پێدەکەن. ناکرێت کەسێکی ڕۆشنبیر و خاوەنبڕوانامە قسە وەکو نەخوێندەوارێک بکات، یان کەسێکی گوندنشیین و پەروەردەی ناوکەژو کێوان بێت قسەکانی وەکو کەسێکی خاوەنبڕوانامەی بەرز بێت، بە مانایەکی دیکە ڕۆماننووس دەبێ ڕەچاوی ئەو زەمینە و ژینگەیە بکات کە ئەو کەسایەتییەی تێدا پەروەردە بووە، بۆیە وشە و زامنی ناو بازاڕیش سەنگی خۆی هەیە و تەنانەت بۆ زمانی ستاندارد سوودی لێ وەردەگیرێت.

دواڕۆژ و کاروان لەم ڕۆمانەیاندا هەندێک لایەنە نادیارەکانی ژیانی لە ڕێگای زمانێکی ڕاست و سادە و ڕەوانەوە هەڵداوەتەوە کە ئەمەش کۆڵەکەیەکی گرنگی ڕۆمانە و دەتوانین لەم ڕێگەیەوە گەلێک نهێنی بدۆزینەوە کە پێشتر نەماندەزانین. وێڵبوونی (سەنگەر) بە دوای ئەو قسانەی کە غەیبزانەکە بۆی کرد هەوڵدان و گەڕانێکە کە کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکە دەیدات بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکان کە بەدیوێکی تردا کاروان خۆی بووە لەو سەردەمەدا. هەر لە ڕێگای زمانە فانتازیەکەیەوە ڕۆماننووس ئەزموونی ژیانی خۆی تێکەڵ بە ڕۆمانەکە دەکات ئەوەش بۆ زیاتر باوەڕ پێهێنانی خوێنەرە. ئێمە لەوە زیاتر نامانەوێ قسە بکەین بەتایبەتی لەبارەی لایەنی زمان و فانتازیاوە ، چونکە (سۆران ئازاد) پێشتر قسەی لێوەکردووە.

### سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١.بنیادی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زینی) ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی( شارە مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلیدا، سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، دەزگای موکریان، هەولێر،چاپی یەکەم،٢٠٠٩، ل ٨٦.

زۆرجار وشەی(بنزاراوە) مان بەرچاو دەکەوێ کە بە لای منەوە ئەمە هەڵەیە، چونکە ئەمە بە مانای (کوڕی زاراوە، یان نەوەی زاراوە) دێت، وشەی(بن) وشەیەکی عەرەبییە بەمانای (کوڕی فلان) دێت، لەناو کوردیشدا وشەی تر هەیە وەکوو(بنجوو) واتە لەنەوەی جووەکانە. ئەم وشەیە لە کتێبی (کورد پێویستی بە یەک زمانی نووسینی نیشتمانی هەیە) لە نووسینی (هەندرێن، کامیار سابیر)دا هاتووە.

٢. بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکانی، عەبدوڵڵا سەڕاج، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١١.



# سێ شیعری ئەحمەدی شاملو

و: عەتا جەمالی

ئاسۆی روون
دێ ئەو رۆژەی ئێمە دیسان کۆترەکانمان دەدۆزینەوە و
میهرەبانی دەستی ناسکی جوانی دەکوشێت.
رۆژێک کە کەمترین سروود
ماچە و
هەر مرۆڤەو
بۆ ئەوی تریان
برایە.
رۆژێک کە ئیترهیچ کەسێک دەرگای ماڵەکەی داناخات
قفڵ
ئەفسانەیە و
دڵ
بەسە بۆ ژیان.
دێ ئەو رۆژەی ئێمە دیسان کۆترەکانمان دەدۆزینەوە
رۆژێک کە مانای هەر وتەیەک خۆشویستنە
بۆ ئەوەی بۆ دوایین وتەت بەدوای قسەدا نەگەڕێی
رۆژێک کە مۆسیقای هەر وتەیەک، ژیانە
بۆ ئەوەی من بۆ دوا شیعرم رەنجی گەڕان بەدوای سەروادا نەکێشم
ئەو رۆژەی کە، هەر لێوەو گۆرانییەکە
بۆ ئەوەی کەمترین سروود، ماچ بێت.

رۆژێک کە تۆ بێی، بۆ هەمیشە بێیت و
میهرەبانی لەگەڵ جوانیدا یەکسان بێت.
رۆژێک کە ئێمە دیسان دان بۆ کۆترەکانمان رۆکەین...
چاوەڕێی ئەو رۆژە دەبم
تەنانەت رۆژێک
کە نەبم...
(لە کتێبی هەوای تازە)

# بۆ ئێوە کە ئەوینتان ژینە

ئێوە کە ئەوینتان ژینە
ئێوە کە توورەییتان مەرگ
ئێوە کە درەوشاندووتانە لە بێهیوایی ئاسمانان
پرشنگی هیوای ئەستێران
ئێوە کە خولڵقاندووتانە سالان و
سەدەکان
ئەو پیاوانەی نووسیویانە لەسەر قەنارەی دارەکان
بیرەوەری و
بە هیواوە مێژووی مەزنی داهاتووتان
لە هەناوی گچکەی خۆتاندا پەروەراند
ئێوە سەرکەوتنتان گۆش کرد
لە زێ و زێدانی شکستدا،
ئێوە کە ئەوینتان ژینە
ئێوە کە توورەییتان مەرگ.

***

ئێوە کە بریسکەی ئەستێرەی ئەوینن
لە نووتەکی بێ گەرمایی دڵەکاندا
ئێوە کە سووتاندووتانە بریسکەی ماچ
لەسەر سکڵی تینووی لێو و
فێرتان کردین لەکۆڵ نان و بەهێز بوون لە ئەشکەنجەدا و
ماندویەتی و
پێیە بلۆق و هاوڵە گرتوو
بە پێڵاوی گرانەوە
بەدوای ئەوینی ئێوەدا تێدەپەڕی
بەسەر دووره رێیەکاندا و
لەبیرتاندایە ئەو پیاوەی
سەوڵی گەمیەکەی لێدەدا
لە ئاوە دوورە دەستەکان

***

ئێوە کە ئەوینتان ژینە
ئێوە کە توورەییتان مەرگ



***

ئێوە کە جوانن بۆ ئەوەی پیاوان
بەبالای جوانیدا بلێن
هەر پیاوێکیش کە بە رێیەکدا رادەکا
جادوویەکە لە بزەی شیرینی ئێوە و
هەموو پیاوێک لە سەرئازادیی خۆیدا
بە زنجیری زێڕینی ئەوینێکە پابەند
ئێوە کە ئەوینتان ژینە
ئێوە کە توورەییتان مەرگ!
ئێوە کە رۆحی ژیانن و
بەبێ ئێوە ژین وجاخێکی کوێرە و بەس
ئێوە کە ئاوازی باوەشتان
لە گوێی گیانی پیاودا خەمرەوێنە
ئێوەیەک کە لە سەفەری پڕ لە مەترسی ژیاندا
لە باوەشی گەرمی خۆتان پیاوەکان دەحەسێننەوە و
ئێوە کە پەرستوویانن، هەموو پیاوێکی خۆپەرست،
ئەوینتان بدەن بە ئێمە
ئێوە کە ئەوینتان ژینە !
توورەییتان بە دوژمنان
ئێوە کە توورەییتان مەرگ!

# سڵاوت لێدەکەم

سڵاوت لێدەکەم، لەپاڵ دەستت دادەنیشم و
لە خەڵوەتی تۆدا شاری گەورەی من چێ دەبێ.
ئەگەر من هاواری مەل و نسێی سەوزەم
لە خەڵوەتی تۆدا بەم هەقیقەتە گەیشتووم.

***

شەکەت، شەکەت، لە کوێرە رێیەکانی گومانەوە دێم.
وەک ئاوێنە لێورێژم لێت.
هیچ ئارامم ناکاتەوە
نە لاسکی باسکەکانت و نە کانیاوەکانی لەشت.
بەبێ تۆ خامۆشم، شارێکم لە شەودا.
تۆ رادەسێی
من گەرماییت لە دوورەوە دەچێژم و شاری من لەخەو رادەبێ.
بە زەنازەنا و دڕدۆنگی و تێکۆشان و زەنازەنای دڕدۆنگی تێکۆشانەوە.
ئیتر هیچ شتێک نایهەوێ ئارامم بکاتەوە.
دوور لەتۆ بم، ئەمن شارێکم لە شەودا ئەی خۆرەتاو
ئاوابوونت دەمسووتێنێ.
من وەیلانی سەحەرێکی سەرگەردانم.

***

ئەتۆ دەدوێی، من نابیستم
تۆ بێدەنگ من هاوار دەکەم
لەگەڵمدای لەگەڵ خۆم نیم،
بەبێ تۆ خۆم نادۆزمەوە
ئیتر هیچ شتێک نایهەوێ، ناتوانێ ئارامیم داتێ.

***

ئەگەر من هاواری مەل و نسێی سەوزەم
من لە خەڵوەتی تۆدا بەم هەقیقەتەم زانیوە.
هەقیقەت مەزنە و من بچووک، نامۆم بە تۆ.
گوێ بۆ هەرای مەل رادێرە
نسێی سەوزە لەگەڵ نسێت ئاوێتە کە
من لەگەڵ خۆت ئاشناکە بێگانەی من
من لەگەڵ خۆتدا بکە بەیەک.

(لە کتێبی هەوای تازە)





# سرکەوانی خەیاڵ

دیار گوڵزار

( ١ )
لە کەلاوە کۆنەکانی خەیاڵدا
لە ژووره بچووکە کەوانەییەکاندا
جگە لە بۆنی شێ و خنکایی
هیچ بۆنێک ناکرێ
دەنگی سیسرک دێت:
زیک
زیک
زیک
( ٢ )
لە کەلاوە کۆنەکانی خەیاڵدا
داکشام بە ناو خوارێدا
لەهەر تاقێکی خڕیندا
سەرکی ئەوین سەربڕابوو
دانە دانە دانرابوو
دەنگی ڕەشەبا دێت:
گڤ
گڤ
گڤ
( ٣ )
لە کەلاوە کۆنەکانی خەیاڵدا
ئاویلکەیەک لە دووڕڕا
بە جلی ئاوییەوە
لەنجەولارێتی
هەر لەزەتەو هۆگری دەبێت
دەنگی بڵێسە دێت:
گڕ
گڕ
گڕ
( ٤ )
لە کەلاوە کۆنەکانی خەیاڵدا
کاسەیەکی فستقی باو
لە بان ڕەفی دانراوە
حەبلی تەلیسماوی گرێدراو
ئەهریمەنێکی پشتکۆماو
دەنگی کسپە دێت:
چز
چز
چز
( ٥ )
لە کەلاوە کۆنەکانی خەیاڵدا
لاشەی کچێتی ئازادی
ڕووت ڕووت
سپی سپی
خەڵتان لە خوێن پاڵخراوە
دەنگی نووزە دێت:
ئم
ئم
ئم
( ٦ )
لە کەلاوە کۆنەکانی خەیاڵدا
شیعر پرچبڕاو کرا
تارایەکی لە ڕەنگی بوێژ
لە ڕەنگی پەچە درۆینەکانی سیاسەت
درا بە ڕوویدا
دەنگی تەپڵی بووکێنی شیعر دێت:
دم
دم
دم

بەفرانباری ٢٠٠٨

# نارام سین

## ئەلیاس ئەلمەقدەس ئەلیاس

و : سابیر ڕەشید

١

( ئەم دەقە شەش خەڵاتی جیهانی بە دەست هێناوە و بۆ زۆر زمانی دنیا وەرگێڕدراوە )

فەلسەفەی نووسەر : کۆیلایەتی و هەژاری مرۆڤ پەلبەست دەکەن و ناهێڵێ لە دنیای هزر و فەلسەفەدا گەشە بکات .

دیمەن : خاکێکی گردۆلکەیە لە تەنیشت ڕووبارێکی گەورەدا دار بەڕوویەکی بەساڵاچوو لەم دیمەنە سروشتییەدا دەبینرێت .

کەسایەتییەکان : نارام سین – عەبدیلات .

نارام سین : ( بە عەبدیلاتی هاوڕێی خۆی دەڵێ ): کێ بوو بە تۆی گوت ، کاتێک من کە دەخۆمەوە بێهۆش دەبم ؟ بەڵکو خۆشم وا دەبینم کە گەیشتوومەتە مەرامی خۆم . ئەو کاتە گرێی کەمبینی بە خۆمەوە نابینم ، یانیش من بەبێ کەسانی دیکە ئەم قەدەر و پایە بە خۆمەوە نابینم .

عەبدیلات : ( بە سەرسووڕمانەوە ) ئەی کەواتە بۆچی پێمانی دەبەخشن ؟

نارام : ئەو شیر حیزانە دەیانەوێ ئێمە هەمیشە لە خوارەوەی ئەوان بین .

( پێدەکەنێ ) کاتێ بۆم ڕێدەکەوێ چەند پێکێک هەڵدەدەم ، ئەوسا هەست بەوە دەکەم کە من لە هاوڕێکەمان ( غولیانا ) باشترم و لەویش زیرەکترم .

عەبدیلات : ( دەتاسێ و بە سەرسووڕمانەوە سەیری برادەرەکەی دەکات و هەر بە سەرسووڕمانەوەش دەپرسێ ) ئایا ئەم هەموو کاریگەرییە سیحرییەی هەیە ؟

نارام : بە ڕاستی وەک سیحر وایە ، بەڵام ئازایەتی نابەخشێ بە ترسنۆک و زوبانی کەڕ و لاڵانیش ناکاتەوە ، بەڵکو ناواختی هەر یەکێکمان وەدیار دەخات و ئەو ڕاستییەی لە ناخی دا نووستووە وەئاگای دێنێ .

( لە دوای بێدەنگییەکی کورت ) ئایا نهێنیت پێ دەپارێزرێت ؟

عەبدیلات : ( پرسیارەکەی پێ سەیرە ) بە تەئکید .

نارام : ( وەک نهێنییەکی ترسناک بدرکێنێ ) زۆرجاران خەیاڵ هەڵمدەگرێ و ئارامییەکی گیانم پێ دەبەخشێ و دەمگەیەنێتە حاڵەتی مێشک سافی بێ وێنە ، ئەوسا هەست بەوە دەکەم کە من لە خاوەن شکۆ باشترم ، پادشای ( فاشۆکانی ) بە خودی خۆی .

عەبد : ( بەسەرسووڕمان و سەیر پێهاتنەوە ) چۆن تا ئەم ڕادەیە مەست دەبی ؟

نارام : ( بە تۆزێک ترسەوە ) . . نا . . مەستم ناکات بەڵکو ڕاستییە شاردراوەکانم بەدیار دەخات ، لێت دڵنیام و نهێنییەکی ترسناکت بۆ دەدرکێنم ، نهێنییەک کە تا ئێستا جورئەتم نەکردووە لای کەسی بدرکێنم . . ئەگەر زیاتر بخۆمەوە ، مێشکم ڕۆشنتر دەبێ و هزری وام بە خەیاڵدا دێت خۆشم سەرم سووڕدەمێنێ پێی . ئەو دەمی وا هەست دەکەم من دەنگی خوداوەندەکانم .

عەبد : ( وەک ئەوەی جوێنی دابێ ) دەنگی خوداوەندە مەزنەکان ؟

نارام : ( بە جورئەتەوە ) بەڵکو لەویش گرنگتر ، هەست دەکەم کە ئەو هەڵەیە ، من خۆم بە تەنیا ڕاستم ، ئەم دژگەییە مرۆییانەش تەنها سەلماندنی .

عەبد : ( قسەکەی پێ دەبڕێ ) وس بە هەی دەبەنگ ، خوداوەندە گەورەکان هەڵەن و تۆ لەسەر هەقی ؟ ئەم ئاژاوەییە چییە ؟

نارام : چاوەڕوانی کرد تا تووڕەبوونی عەبدیلات دامرکایەوە – بە زمانێکی تەئکید کردنەوە ) بەڵێ تووڕەمبە و سەرت سووڕنەمێنێ، من هزری زۆرم لە لایە کە زۆر بەم داو و دەرمانانە دەچێ کە نەخۆشی سەخت چاک دەکاتەوە و دەبێتە دەرمانی سەرکەوتوو بۆ . . . . )

عەبد : ( بە ناڕەزاییەوە جارێکی دی قسەی دەبڕێ ) تۆ ؟

نارام : ( بە بڕوایەکی لە خۆ ڕازی بووەوە ) بەڵێ ، بۆچی سەرت سووڕ دەمێنێ ؟

بۆ نموونە دەزانم تۆ گیروگرفتت چییە ، هیواو ئاواتەکانت چین . . . .

دەزانی بۆچی ؟ ( بێدەنگی ) چونکە من لەگەڵ ژیاندا گوزەرانم کردووە ، تێیدا قاڵ بوومەتەوە ، ئازارم زۆر دیوە وەک تۆ دیوتە ، بەڵام خواوەندە مەزنەکان ئەوان نا ! بڕوام پێ دەکەی ئەو کاتانەی من دەچمە پەرستگای گەورە و بۆ خواوەند خەڵوەت دەکێشم و دەست بە گفتوگۆکردنی دەکەم و . . . .

( قسەکانی دەبڕێ ) گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەی ؟ تۆ گفتوگۆ لەگەڵ خواوەندە مەزنەکاندا دەکەی ؟

نارام : ( زۆر بە ساکارییەوە بۆی ڕوون دەکاتەوە ) بۆچی نا ؟ زیاتریش ، بگرە قسە لە قسەشیدا دەکەم ، پرسیاری گەورە گەورەشی لێ دەکەم ، بەڵام بێهوودە هەوڵ دەدەم بەپرسیارەکانم تەواو گەمارۆی بدەم ، ئیحراجی دەکەم ، بە وشەیەک چییە وەڵام ناداتەوە ، تەحەددای دەکەم ، بەڵام بە پرسیارەکانت تەحەددای کێ دەکەی ئەی نارام سین ؟

2

عەبد : ( پاشماوەی قسەکانی بەلاوە گرنگ نییە ، ئاگاداری ڕاستییەکی دەکاتەوە کە لێیەوە دوور بووە ، بە پەرۆشییەوە پێی دەڵێ ) ئۆە ئێستا من نهێنییەکەم پێزانی ؟

نارام : کامە نهێنی ؟

عەبد : نهێنییەک کە لە پەرستگای گەورە دەتترسێنێ تۆ هەموو جارێ کە هەندێک پێک لە پاشماوەی ئەم پیاڵانەدا هەڵدەدا کە هاوڕێمان ( غولیاناو ) میوانەکانی نۆشی دەکەن ، ئەوا ئاگات لە خۆت نامێنێ و ناتوانی بەرگری ئارەزووی خۆت بکەی بۆ گەیشتن بە کۆنە مەی ناو قەڕابەکان ، تینوویەتی شکان لێی دەخۆینەوە ، پاشان بزر دەبێ ، تا لە پەرستگای ( ئیل یۆ ) ی گەورە دەدۆزرێیتەوە

نارام : ( بە بێدەنگیەوە پێدەکەنێ ) .

عبد : تۆ بە پێچەوانەی غولیانی هاوڕێمانی ، ئەویش کە ئارەقەکە مەستی دەکات ، بە شێوەیەکی تەواو بە پێچەوانەوە هەڵسوکەوت دەکات ، ئەوسا دەبێتە مرۆڤێکی چاک ، بیرتە لە دواجار کە مەست بوو ؟

نارام : ( بیری دێتەوە و پێدەکەنێ ) بەڵێ لە بیرمە ئەو کاتی بۆنەی جەژنی ( ئیل یۆ ) بوو ، کەیف خۆشیکردین و پێکەنین ، بەڵکو بوو بە منداڵیی بە زەوق ، گاڵتەی دەکرد و گۆرانی دەگوت ، بەڵکو لەوە

زیاتریش یاری لەگەڵدا کردین بە سەمای هێناین و بە جۆشی هێناین . . هەروەها . . .

عەبد : ( قسەی دەبڕی ) بەڵام تۆ ئەوا وەزعەکەت جیاواز بوو ، ئێمە حیسابی ئەوەمان بۆ دەکردی کاتی ي کە تەواو مەست دەبی لە پەرستگای گەورەدا بزر دەبی ، تۆ ئەوەیانت بۆ ئەم مەبەستەیە تا زوڵمەتەکەی خۆت بگەیەنیتە ( ئل یۆ ) و گلەیی هاوڕێمان غولیانای پێ بگەیەنی کە خراپ لەگەڵتدا ڕەفتار دەکەن و توندە لەگەڵت . . هەروەها . .

نارام : ( هەڵدەچێ نارەزایی دەردەبڕێ ) ئەی نەزانەکان . . من لە لای خوداوەند شکایەتی توند و تیژی غولیانا دەکەم ؟ خوداوەندیش بەستەزمانە ، مەبەستی هیچ کەسێک نییە یاخود یارمەتی بدات ، ڕۆژێ لە ڕۆژان خواستی موحتاجێکی جێبەجێ نەکردووە ، یا منداڵێک بە وەجاغ کوێرێک ببەخشێ یا . . .

عبد : ( بە تووڕەییەوە قسەکەی دەربڕی ) هەی شەڕ خوازی بێ دین ، تۆ بە خۆت شەیتانی .

نارام ( بە نەشئەوە پێدەکەنی ) هاوڕێکەم لەسەرخۆیە بە بێ بیرکردنەوە تۆمەتەکانت هەڵمەڕێژە ، ئەگەر چی هەمان تۆمەت ڕوو بە ڕوو ئاراستەی خوداوەند دەکەم . کاتێ لە تەنیشتی دادەنیشم و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەم وەک ئەوەی ئێستاکە لەگەڵ تۆدا دەیکەم .

عەبد : ( بە کۆڵانی ناخەوە ) جا بە ڕاستی ئەوە دەکەیت ؟ لە تەنیشتی دادەنیشی و دەمەتەقێی لەگەڵدا دەکەی ؟

نارام : ( بەڕاسگۆییەوە ) بێگومان ، بە دەیان جار چاوەڕوانی ئەوە دەکەی بە کڕنووشەوە بچمە لای ، وەک نەزانەکان دەیکەن ؟ یا نیوچاوانم لە ژێر پێیەکانیدا ڕاخەم ئەو کاتەی داوای پاڕانەوە و لێبووردنی لێدەکەم ، داوای یارمەتی و پشتگیری ؟

عبد : ( بەسەرسوورمانەوە ) بۆچی نا ؟

نارام : ( بە نکولییەوە ) لەسەر چی داوای تۆبەی لێبکەم ؟ داوای پارێزگاری لێبکەم لە کێ ؟

عبد : ( باوەشی پێدا دەکات )

نارام : نەزانانی جگە لە من، ئەوە دەکەن، بەڵام من کڕنۆش بۆ خوداوەند نابەم ، من لە کرداری دروستکردنی ئامادەبوویت تۆ بەشداریت لە دۆزینەوەیدا کردووە .

عەبد : ( بە سەرسووڕمانەوە ) تۆ لە کرداری دروستکردنیدا ئامادە بوویت ؟ تۆ بەشداریت لە دۆزینەوەیدا کردووە ؟

نارام : بەڵێ . . .

عەبد : ( گومان لە قسەکانیدا دەکات )

نارام : هاوڕێکەم لە بیرتە ئەم ڕۆژەی خاوەن شکۆ ( فاشۆکانی ) ، ( شارۆکێی سۆمەری ) لە ( ئۆرۆک ) ی وڵاتی سۆمەر هێنایە لای من؟

عەبد : بەڵێ لەبیرمە

نارام : زۆرچاکە ، ئەو ڕۆژە غولیانا لەسەر ئارەزووی شای خاوەن شکۆ ، داوای ئەوەی لێکردم تا لەگەڵ ژمارەی ئەوانە بم کە مورافەقەی شارۆکینی سۆمەری دەکەن ، ئەوسا ژمارەمان دەگەیشتە نزیکەی سەد کەسێک .

عەبد : ( گوێی بۆ قسەکانی شل کردووە )

نارام : ئینجا ئەم ڕۆژە شارۆکینی سۆمەریمان لەگەڵ خۆدا بردە کانەبەردی ( هورمز ) لە کێوی ( توور ) ی ڕۆژئاوای ( دەریاچەی وان )

لەوێ ئەم بەردانەی هەڵبژارد و کە بۆ بیناکردن دەستیان دەدا ، بیناکردنی پەیکەر . ئەو بەردانەش کە بۆ پەیکەر خواوەندەکان دەستیان دەدا . . ڕۆژان هاتن و چوون لە نێوان من و ( شارۆکینی سۆمەری )دا دۆستایەتی پەیدا بوو ، پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت من لەگەڵ هەمووأندا جیاوازم ، بوومە نزیکترین کەس لە لای ئەو ، منیش خزمەتم دەکرد و شەونخوونیم دەکرد بۆ ئارامی ئەو

بە عەشقەوە گوێم لە قسە سەیرەکانی ڕادەگرت و هەستم دەدایە هزرە سەرسووڕهێنەرەکانی . تا وای لێهات بە دەستی ڕاستی خۆی دا دەنام و تەقریبەن لە هەموو شتێکدا پشتی پێدەبەستم .

(بێدەنگییەکی کورت . بۆ بە بیرهاتنەوەی یادگارییەکانی) ئای لە جوامێری شارۆکینی سۆمەری مەزنترین پیاو بوو کە لە ژیانمدا ناسیبێتم ، پێشتر نەبووە وەک مرۆڤێک مامەڵەم لەگەڵدا کرابێت ، مرۆڤێک قەوارەیەک و کەرامەتێکی هەبێت وەک ئەو مامەڵەی کردووم ، هیچ سەنگێکی بۆ ئەو جیاوازییە چینایەتییەی کە لە نێوانماندا هەبووە دانەدەنا ئەو دەیگوت : (جیاوازی ڕاستەقینە دەبێ جیاوازییەکی ئەقڵی بێت نەک جیاوازی ماددی).

٣

جا پێش ئەوەی دەست بە هەڵکۆڵینی پەیکەرەکانی خواوەند بکات ڕایسپاردم تا زیادەکان لادەم دەیگوت : نارام سین من تۆم پێویستە کە بەشداری بکەی لەگەڵدا بۆ تاشینی و ئامادەی کرداری دروستکردنی بیت تا لە دوارۆژدا لەلای ئەو هەست بە ترس نەکەی ، ئەگەر نا دەبێ کڕنۆشی بۆ بەریت . ئەی نارام بە چەکوشەکەت ئا لێرە بدە . . ئەم بەشەیم لێی ناوێ ، لێیدە بە چەکوشەکەی من لێیبدە . زۆر باشە نارام گیان . ئەم پارچە زیادانەی ڕووی پشتەوەشی فڕێدە، خواوەند دەبێت باڵای ڕێک بێت .

زۆر جوانە نارام گیان هەستی هونەرمەندیت تێدا دەبینم ، ڕێک و پێکی لە پەنجەکانتدا هەیە . دەیوەشاند چەکوشەکەم دەوەشاند ، بە گوێرەی ڕێنمایییەکانی شارۆکین و لە ژێر چاودێری ئەو بووم ، تا وردە وردە بەردەکە ئەو شێوەیەی وەردەگرت کە ئەو دەیویست ، ئەوجا شارۆکین دەستی بە تاشینی تەواوی کرد و دوا پەنجە سیحرییەکانی خۆی تێدا بەکار هێنا . ڕاستیەک هەیە حەزم لێیە پێتی بڵێم ، ئەو دەمانەی کە پەیکەرەکەی دەتاشی وام هەست دەکرد ئاوازی لێ بەرز دەبێتەوە ، بە چەکوش و کەرەستەکەی

ئاوازێکی پڕ لە نەغمەی سیحراوی دەبەخشی ، ئەو دەم بە مەراقەوە ، بە تاسەوە سەیریم دەکرد . دەمدیت ڕووکارەکانی خواوەند ڕوونتر و ڕوونتر دێتە بەر چاوان. شارۆکینی مەزن تەنیا چرکەیەکیش کپ نەدەبوو ئەو کاتانەی کە پەیکەرەکەی دادەتاشی ، بەڵام داخوا لێیەوە هەڵدەقووڵا ؟ نەخێر ، ئەوەی کە من لێم دەبیست بەم قسانە نەدەچوون کە من لە ژیانی خۆمدا بیستبووم ، ئەو هزری گەورەی لێ هەڵدەڕژا . بە خەونە گەورەکانی ئاسۆیەکی نوێ دەدی کە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی بێتە دی .

شارۆکینی سۆمەری بڕیاری دا کە پێش وەختە ناوێک بە باڵای خواوەندەکەدا ببڕێت ، هەروەها بیکات بە خواوەندێک تا دەگەڵ هەموو خواوەندەکانی دیکە جیاوازی هەبێت ، تا میللەت لە جەژنی خۆیدا لە ڕۆژێکی زانراوی ساڵدا ئاهەنگی بۆ بگێڕیت .

شارۆکین ناوی ( ئیل یو )ی لە پەیکەرەکە ناو واشی بە پەسەند زانی بیکات بە خواوەندی ئاو و ڕووبارو باران ، ئینجا دەستی بەوە کرد هەواڵ لەبارەی ( ئیل یو ) بچنێت و خاسیەتی نایابی بۆ هەڵبژارد و بۆی داهێنا تا جیای بکاتەوە لە خواوەندەکانی دیکە کە پێشتر لە وڵاتی سۆمەر و دەشتاییەکانی کەنعانی دا دروستی کردبوون ، سەرەتا لە عەسقەلانەوە دەستی پێکردبوو کۆتاییەکەشی لە (لالا) وە، هەروەها لە ئیبللا و وڵاتی دەلەموون دا لە ڕەها و حەران و نووسیبین و "ئاماد"ەوەش .

٤

عەبد: (بە سەرسووڕمانەوە قسەکەی دەبڕی) شارۆکینی سۆمەری هەموو ئەو خواوەندانەی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای گەورەدا دروست کردوون ؟

نارام : بەڵێ ، بەڵکو زیاتریش ، شارۆکینی سۆمەری پێشتر ناوی بۆ ڕۆژانی حەفتە داناوە و وای بە باش زانیوە بیکات بە حەوت ڕۆژ ژمارەی بۆ مانگەکانیش داناوە . ئایا دەزانی ئامانجی ئەو لە هەموو ئەوشانەدا چی بووە ؟

ئەگەر هەموو ڕۆژەکان بەیەکتر چووبان مرۆڤ هەستی بە بێزاری و وەڕس بوون دەکرد ، هیچ وێستگەیەک نەما لێی بووەستێ ، لەڕۆژانی خۆیدا هیچ پشوویەکی نەدەما تا هەناسە ماندووەکانی خۆی تێدا بحەسێنێتەوە . هەروەها بۆ هەموو ئەو خواوەندانەش خاسیەتی تایبەتی جیاکەرەوەی داناوە ، ئەوجا تەشقی ئایینیشی بۆ داناون ، ئینجا لاواندنەوە و پێدا هەڵگوتنی ڕۆحی بۆ داناون ، تا بەتەنیا جیابکرێتەوە لەگەڵ خواوەندەکانی دیکەدا و

عەبد: ( بە قسەبڕینەوە ) لە هەموو ئەم قسانەدا دەتەوێ چی بڵێیت ئەی نارام سین ؟ مەبەستمە ڕات بەرامبەر بە خواوەند چییە ؟

نارام: (بە شێوەیەکی بێ بایەخییەوە) کۆمیدیایەکە بۆ دوورخستنەوەی بێزاری لە ژیانی خەڵکیدا .

عەبد: ( بەتووڕەییەوە ) کۆمیدیا چی پێ دێت ؟

نارام: ( بە مکوڕبوونەوە ) بەڵێ ، تەنێ نەزانەکان لاواندنەوەی ئەو خواوەندە دەکەن کە لە دروستکردنیدا ئامادەبووینە و بەشداربووینە لە هەڵبژاردنی ناوەکەی . هەروەها چی دەنوێنێ و هێمای چی دەدات .

بۆیەش من لە لای دادەنیشم و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەم ، گاڵتەی دەگەڵدا دەکەم و پێکەوە ڕادەبوێرین . بڕوا دەکەی کە من لە دواجاردا بە ئامادەبوونی ( ئۆرۆب )ی پاکیزەی پەرستگا و بە گوێمدا چرپاند تا پەیکەرەکەی ( ئیل یۆ ) لە بنکەکەی خۆی هەڵبکەنرێ و ئەویش لە جێدا دابندرێ ، بەڵام ( ئۆرۆب ) ئەمەی ڕەت کردەوە و گوتی (( بڕوات پێ دەکەم بەوەی کە دەیڵێیت ، بەڵام سوودی چی دەبێت ئەگەر ئێمە لامان برد ؟ ئەوسا ئاژاوە لە ناو مێشکی خەڵک پەیدا دەبێ ، گومانیش لەناو دڵاندا دەڕوێ )) .

منیش وەڵامیم دایەوە : (( ئەوە باشترە کاتی ئەوە هاتووە زوڵم و زۆرداری خوداوەند و زوڵم و زۆرداری نەهێڵین ، مرۆڤ ڕزگار بکەین لە ژێر دەستی و کۆیلایەتی و دەریبێنین لە دەردی ئەم وەهمە ، دوای ئەوەی ئەو دژگەییە مرۆڤایەتییە لە ژیانی وەلادەنێین ، ئەوجا بۆ بوونەوەرێکی دانراوی قەدەر دەگۆڕدرێ ، ئەوجا ئەویش لە ڕۆڵی پێشڕەوایەتی خۆی بۆ خواوەند دێتە خوارەوە و ناچار دەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەوەی کە دێتە پێشی لە کێشە و گیروگرفتەکان ، چاوەڕوانی ئەوە دەکات ئەوەی کە ئارەزوویەتی جێبەجێ ببن ، بەڵکو زیاتریش وایلێهاتووە نەزانەکان چاوەڕوانی ئەوە لە خواوەند دەکەن کە دوژمنان لە چوارچێوەی نیشتمان بە دووربخاتەوە ، ئینجا بە لاواندنەوە و قوربانییەکانیان چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە پارچە داگیرکراوەکانیان بۆ بگێڕێتەوە و ڕزگاریان بکات .

٥

عەبد : بیرۆکەکانت هەر تەنیا ئازایانە نییە ، بەڵکو ترسناکیشە ( بەسەرسووڕمانەوە ) ئا لەبەر ئەوەیە لەم هەموو گێلایەتیە واز ناهێنێ ؟

نارام : کامە گێلایەتی ؟

عەبد : ئێمە هەموو جارێ کە لە پەرستگای گەورەدا دەستگیرت دەکەین تۆ تەواو مەستی ، ئەوجا هەندێک دارکاریت دەکەین و دەتگەڕێنینەوە بۆ کۆشک تا لەوێ لە زیندانێ بخرێیت .

نارام : ( بەبێ موبالاتیەوە ) گرنگ نییە ئەوەی کە پێمی دەکەن ، گرنگ ئەوەیە هەست بە چی دەکەم ئەوکاتەی دەمەتەقێ لەگەڵ خواوەند دەکەم ، ئەو دەمانەی گفتوگۆی لەگەڵ دەکەم و لەگەڵیدا توند دەبم .

عەبد : ئەدی ئەوەی لەم نکولیەدا دەیچێژی ؟

نارام : ( بە سادەیی و ڕاستگۆییەوە ) بڕوات هەبێ ناگاتە ئەم چرکە کورتانەی کە ئارامی گیانی دروست دەکەن ، ئەوەی کە دەیگەمێ کاتێ کە گفتوگۆی دەگەڵدا دەکەم . دەمەتەقێی لەگەڵدا دەکەم و قسانی پێ دەڵێم .

عەبد : ( بە بێ برواییەوە ) ئایا سزای ئەوە نادرێیت ؟
نارام : ( بە شانازییەوە ) هاورێکەم تۆ بڕوام پێ دەکەی کاتێ کە من دەمەتەقێی لەگەڵدا دەکەم هەست بە نەشئەیەکی بەرزفڕ دەکەم، بەڵکو زیاتریش، هەست بە ڕۆشنایی منداڵی خۆم دەکەم ، هەست بە ڕاستی مرۆڤایەتی خۆم دەکەم ، هەست دەکەم منیش ڕۆژوبا سەربەستم . پاشان ئەوەی بەدوای ئەوەوە دێت بە هیچ جۆرێک بەلامەوە گرینگ نییە . تا چیدیکە هەست بە لێدانی ئەم قامچیەش ناکەم کە جەستەم هەمووی کون کون دەکات .
ئایا لەم گەردوونەدا بەختەوەریەک هەیە خۆشتربێت لە بەختەوەری ئەو مرۆڤەی تەنیا بە زانینی ڕاستی واز ناهێنێ بەڵکو هەوڵیشی بۆ دەدات ؟ هەمدیس بە گەورەیی و سەربەرزییەوە گفتوگۆی خواوەند دەکا ، لەوەش زیاتر ئەوەی لێیەوە دەزانێ بە بیریشی دێنێتەوە ؟

٦

عەبد : هەر بە ناو هێنانی پەرستگای گەورە و پاکیزە ڕەبەنەکانەوە و . . .
نارام : ( بە فزولییەوە ) دەتەوێ چی لەبارەی پەرستگای گەورە و پاکیزە ڕەبەنەکانەوە بڵێیت ؟
عەبد : داخوا چوونی بەردەوامت بە شەوان بۆ پەرستگای گەورە بۆ ژووانی ( ئۆرۆب ) نییە بە نهێنی دەگەم لە پەرستگای گەورەدا ؟
نارام : ( بە سەرسوڕمانەوە ) من بە نهێنی دیداری ( ئۆرۆب ) دەگەم لە پەرستگای گەورەدا ؟
عەبد : ( بە نیمچە لێبووردنێکەوە ) ئا بەم جۆرە گەندەڵەکانی کۆشک بە گوێی یەکتردا دەچرپێنن و . . .
نارام : چرپەی چی دەکەن ، چی دەڵێن ؟
عەبد : ( بە تۆزێک دوودڵی و شەرمەوە ) دەڵێن تۆ پەیوەندیەکی خۆشەویستیت دەگەڵ ( ئۆرۆب )دا هەیە .
نارام : وای لەم گەندەڵانە ، هەتا پاکیزە ڕەبەنەکانیش بەمجۆرە سومعەیان لەگەدار دەکرێ ؟ ئایا لە تووڕەیی و تۆڵەی خواوەند ناترسن ؟ ( ئەم ڕستەی دوایی بەبێ بڕواییەوە بە شێوەی دەستکردەوە دەیڵێت )
-( پاشان پێدەکەنێ ) .

٧

عەبد : من گرەوت لەگەڵدادەکەم ئەمانە هەندێکن لەم هۆیانەی سەردانی نهێنی شەوانەت بۆ پەرستگای گەورە . هاورێ ئازیزەکەم دووکەڵ بەبێ ئاگر پەیدا نابێ .
نارام : ( زەردەخەنەی خۆی دەشارێتەوە ) ئایا دەتوانی ئەم نهێنییە بپارێزیت ؟
عەبد : ( بە سینگ دەرپەڕاندنەوە ) سینگی من لە بورکانی ( کاجو )ی ئارارات گەلێک قوڵترە .
نارام : ( بە کورتییەوە ) قسەکانت هەندێک ڕاستیان تێدا بەدی دەکرێ .
عەبد : ( بە فزولیەوە ) بە شەوان بۆ پەرستگای گەورە دەچیێ بۆ دیداری ئۆرۆب ؟
نارام : ( لە نێوان ڕاستی و گاڵتەدا ) تەنیا هەر ئەوەندە نییە ، بەڵکو چاوەڕوانیشم دەکات ، بە ڕاستی هەموو گیانی ئارامی و پڕ لە خۆشەویستییە .
عەبد : ( بە شادمانیەوە هاوار دەکات ) ئای لەم ژووانە خۆشە . تەواوکە ، تەواو ، داخوا لەنێو پەرستگای گەورەدا چاوی پێت دەکەوێ ؟
نارام : ( بە شێوەی ڕوونکردنەوە ) بەڵکو لە ناو خودی هەیکەلی پیرۆزیش ، شوێنەکەلەوێندەرێ لەبارتر و ئارام ترە ، هەروەها بۆ ئۆرۆبیش ئاسانترە کە لەم شوێنە بەرتەسکەبۆ ڕاڕەوەکانی دواوەی هەیکەلەکە خۆی بدزێتەوە ئەو کاتەی کە هەست بە مەترسیەک دەکەین بەرە و ڕوومان دەبێتەوە .
عەبد : وەک ئەوەی ئێمە لە ناکاوێکدا ئامادەبین بۆ پشکنین بە دوای تۆدا ؟
نارام : ( بە دڵنیاییەوە ) شتێکی لەم بابەتە .
عەبد : بەڵام وەرە تۆ پێم بڵێ هاورێ ئازیزەکەم ، چۆن ئۆرۆبت ڕازی کرد ، ئەگەر چی ئەو بە تەقوا ناسراوە لەناو پاکیزە ڕەبەنەکاندا ، بە پێکگەیشتنیشت لەناو خودی حەرەمی هەیکەلی پیرۆزدا ؟
نارام : ( بە نەشئەوە ) لەسەرەتا لامل بوو ، کارەکە درێژەی کێشا ، بەلای ئەوەوە وەکو کوفرێک وابوو ، کەللەسەری پڕی ئەفسانە و خورافات بوو ، پاشان ( ئەقڵی خۆی خستەکار ) . کێشەی مرۆڤ ئەوەیە وەک چۆن شارۆکینی سۆمەری دەڵێ بە کۆت و وەهمەوە وەک هەمبانەیەکی مۆمیاکراو دەژی و زۆر بە کەمی ئەقڵی خۆی بەکار دێنێ ، ئەگەر ئەوەشی کرد ئەوا مرۆڤایەتییە ڕاستەقینەکەی خۆی مومارەسە دەکات و . . .
عەبد : ( بە قسەبڕینەوە ) جا ئۆرۆب بۆ هەیکەلی پیرۆز بۆلای تۆ دێت ؟
نارام : بۆ ژووانم نایەت ، بەڵکو لەوێدا دەیدۆزمەوە . بە تاسەوە چاوەڕوانم دەبێت ، دوای ئەوەی وا باوەڕم پێهێنا ئەوەی کە ئێمە پێکرا کۆدەکاتەوە لە هەموو ئەو لە هەموو ئەو تەشقانە پیرۆزترە کە کاهینە گەورەکان لە پیرۆزی هەیکەلدا خەریکی دەبن جا لەو کاتەوە ئۆرۆب چیدیکە ڕازی نەدەبوو بە یەکتر بگەینەوە تەنیا لە ژوورە نەبێت .
عەبد : داخوا ڕاموسانی دەگەڵدا دەکەی ؟
نارام : ( پرسیارەکە پەستی دەکا پاشان بە هەڵچوونەوە ) بەڵێ ڕایدەمووسم . پرسیاری دەبەنگانەم لێ مەکە . . ( بێدەنگیەکی کورت ) ئەوەی لە نێوان ئێمەدا هەیە شتێکی زۆر لە ڕاموسان زیاترە بەڵکو لە خودی عیشقیش زیاترە . . ئەوجا من ئۆرۆبم خۆش ناوێ بەڵکو دەشیپەرستم لە ناو چاوە شینەکانیدا نقوم دەبم . بە

لاواندنەوە کرنۆشی بۆ دەبەم . کەسانی دیکە جگە لە ئێمە کاری خراپ دەخەنە ناو پێوەندیەکانیان ، بەڵام من و ئۆرۆب ، ئەو کاتانەی دەگەینە یەکتر ، ئەم کارە ئەنجام دەدەین کە لە نوێژ زیاترە . ئایا بڕوا دەکەی لە دوا پێکگەیشتنماندا ، هەردووکمان هەستمان بەوە کرد کە ڕووناکییەکی ئاسمانی دڵمان ڕۆشن دەکاتەوە ، هەروەها هەیکەلەکە لەبەردەماندا بەرزمان دەکاتەوە و بەرزدەبێتەوە ، جەوقەیەکی نەبینراو لە خواوەندەوە سروودیان بۆ دەچڕین و بەلاواندنەوە پیرۆزباییان لێ دەکردین . بینراوەکان بزربوون ، هەموو بینراوەکان لەپێش چاوماندا نەمان . لەسەر دووگردێکی پیرۆزەوە هەڵدەفڕین .

٨

عەبد : ( بە ڕوویەکی گەشاوەوە گوێدێری برادەرەکەیەتی )

نارام : (بە هەستێکی شاعیرانەوە ) تۆ هەڵەی ئەگەر وا تێبگەیت ئەوەی کە ئێمە پێی هەڵدەستین کردارێکی نارێکە لە نێوان ژن و پیاوێکدا ، ئەوەی خۆی بە پارچە مۆسیقا ژەنینێکی سیحر ئامێز دەچێ کە ئاوازەکەی زۆر بەرزە . وەک خەیاڵی یەکێکە لەم پارچە مۆسیقایەی کە شارۆکینی سۆمەری بە قیسارەکەی خۆی ، دوای لێبوونەوەی لە تاشینی پەیکەری ( ئیل یۆ ) ی خواوەند دەیژەنی . .هەتا خودی خواوەندیش نەشئەی لە چرپەکانی من و ئۆرۆب وەردەگرت و درکاندن و ئاهەکانیشمان تەواو سەرخۆشیان دەکرد . .ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێ لەم کۆیلایەتیە بە هەژموونە دەری بێنم ، کۆیلایەتی ڕێچکەی ( پاکیزە ڕەبەنەکان ) . ئینجا لە فاشۆکانی و مەملەکەتی میتانی ڕادەکەین .

عەبد : (بەسەرسامییەوە ) جا بۆ چ لایەک دەرفێنێ و ڕادەکەن ؟ بۆ حەران ، ئەی ( نارام–سین ) ی حەرانی ؟

نارام : ( بە هێوری و غموزەوە ) هاوڕێکەم ڕامەبوێرە ، دوو ئاشق یەکتریان خۆش بوێت داخوا بۆ کێندەری سەرهەڵدەگرن ؟ ماڵ و جێگایان کێندەرێ دەبێ ؟ نیشتمانیان کێندەرییە ؟ ( بێدەنگ دەبێت و بیر دەکاتەوە ) .

بە ڕاشکاویەوە ، دەمەوێ بچمە لای شارۆکینی سۆمەری ( ئۆرۆب ) شارۆکین بەڵێنی پێداوم کە کارێکی سەربەستم بۆ بدۆزێتەوە ، پاپەندبووم بە ئۆرۆب تا ئێستا دوای خستووم کە بتوانم خۆی بگەینمێ . ئەوجا هەڵقەنینمان و ڕاکردنمان لە فاشۆکانی وا دادەنرێ کە . . .

٩

( قامچی بە هێزەوە لە پشتی نارام – سین و عەبدیلات دەدرێ ، وایان لێ دەدرێ کە چاوەڕوانیان نەدەکرد ، پێش ئەوەی بێنەوە هۆش خۆیان سەیری ئەو کەسە دەکەن کە لێیان دەدات ، چینێکی دیکە قامچیان لێ دەدرێتەوە لەگەڵ دەنگی ئەو جوێنە پیسانە کە لە لایەن ( غولیانا میتانی ) گەورەیانەوەیە ، لەرینەوەی دەنگە ناخۆشە تووڕەکەی تێکەڵ بە دەنگی ئەم قامچیانە دەبێ کە پێیان دەکەوێت :

غولیانا : ( بە دەنگێکی ناخۆشی تووڕە کە لەگەڵ قامچیەکەوە دێتە دەر )هەی بەرازینە دیسانەوە لە کێلانی زەوی وازتان هێنایەوە ؟ ( بە قامچیە درێژەکەی بە جوێن و تووڕەییەوە بەردەوامە لە لێدانی ئەو هەردوو کۆیلە ) . . . کەم تەرخەمی دەکەن دایک حیزینە ؟ ئەمە چ زمانێکی بەدە کە تێی کەوتووین . گەورەکان ناتوانن ساتێک لە کویلەکانی خۆیان جودا ببنەوە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان ، دەی دایک حیزینە دەست بە کێلانی خۆتان بکەنەوە .

نارام و عەبد : ( بە وەستایەوە دەستیان بەسەر گاسنەوە بوو و دەستیان بە کێلان کردەوە و گاسنەکەیان لە زەوی دەچەقی و ورگی زەوی هەڵدەدڕی ، دوورکەوتنەوە لەم دار بەڕووەی کە لە ژێریا پشوویان دابوو ، ئینجا دەستیان بە کێلانی ئەم کێڵگەیە کردەوە کە دەکەوتە کەنارەکانی ( ڕووباری گەورە ) لەوێدا کۆمەڵێک لە کۆیلەکان ئاویان لە ڕووبار دەردەهێناو و بە لێهاتووییەوە بەسەر ئاوەڕۆکاندا دابەشیان دەکرد تا زەویە تینووەکە ئاو بدەن . . نارام و عەبد لەو شوێنە دوورکەوتنەوە کە گەورەکەیان غولیانا میتانی لێێ وەستا بوو ، لەرینەوەی دەنگی جوێنبارانەکەش بەردەوام بوو ) .

١٠

نارام : ( بە پێکەنینەوە ڕووی دەمی لە عەبدیلات کردبوو و دڵنەوایی دەدایەوە . . بە چرپاندنەوە . . بەردەوام بوو لە کێلان ) یەڵڵا دەی هیچ نییە قامچی وەشانەکان بە هێز و ئەزیەتبار نەبوون ( جوێن بەگەورەی خۆی غولیانا و باب و باپیرەی دەدات ، بە دەنگێکی کزەوە بە عەبد دەڵێ ) دەبێ وەک من بیت کاتێ دارکاری دەکرێم و ناتوانم وەڵام بدەمەوە ، جوێن دەدەم ، بەڵێ جوێن دەدەم . بە قەوارەی تووڕەیی تۆو تێکشکانت .

عەبد : جوێن بدەم ؟

نارام : بەڵێ جوێن دەدەم . هیچ شتێک وەک جوێن لە دڵی مرۆڤدا نادرەوشێتەوە و ڕووناکی ناکاتەوە . هیچ شتێک تیماری خەفەت و نسکۆکان ناکات وەک جوێن .

عەبد : ( گاسنەکەی زیاتر دەچەقێنێ ) ئا ئەوە دەکەی تۆ کاتێ لێت دەدرێ و ئیهانە دەکرێیت ؟

نارام : بەڵێ ئەوەش ئەم نهێنییەیە کە تا ئێستا بە گەنجی منی هێشتۆتەوە ، مێشک و دەروونم بە کارامەیی ماوەتەوە ، هیچ شتێک لە بووندا بەدبەختی مرۆڤ و پەژارەی ناشواتەوە و تیماری بەزین و نسکۆکانی ناکات وەک جوێن . هیچ شتێک پیری وەلانانێ وەک ئەو .

مرۆڤ و پەژارەی ناشواتەوە و تیماری بەزین و نسکۆکانی ناکات وەک جوێن . هیچ شتێک پیری وەلانانێ وەک ئەو .

١١

( حیلەی ئەسپەکەی غولیاتا بەرز دەبێتەوە ، هەردووکیان بە

بایەخەوە کێلانی خۆیان دەکەن )
غولیانا : ( ئەسپەکەی زین دەکا - چاودێری کوێلەکان دەکات - قامچیە درێژەکەی لە هەوادا دەدات تا ترس بخاتە ناو دڵیانەوە - نارام عەبد دوور دەکەونەوە و کێلانی خۆیان دەکەن )
نارام : ( ئامۆژگاری هاورێکەی دەکات ) ئاگادار بە مەهێڵە بەزین خۆی بخاتە ناو دڵتەوە ، مەهێڵە ڕق و کینە لە ناختدا کەڵەکە بن ، مەهێڵە یادگاریە تاڵەکانی ژەهری خۆیان برژێننە ناو ڕووحتەوە ، تا پەکت نەخات و ژیانت لێ داگیرنەکات .
عەبد : ( بە تەوسەوە ) دەباشە جا من چی بکەم باشە ؟
نارام : ( بە ئامۆژگاریەوە ) بە جوێنێک لەناوی بەرە . بە جوێنێک بیدرێنە . لەمەش زیاتر جوێنی زیاتری بۆ بدۆزەرەوە . جوێنی نا ئاسایی . ئەم جوێنە داهێنراوەی یەکسان بێت لەگەڵ ئەو بەزینەی کە تۆ هەستی پێ دەکەی . لەگەڵ ئەم بێئومێدیەی کە یاخە گیرت بووە و نەعلەت لە تاریکی دەکا و دژی زۆرداری ڕادەوەستێ . ( بەردەوامن لەسەر کێلان ) .
عەبد : ( بە گەڵتەجاڕیەوە ) دەڵێن مۆمێک داگیرسێنێ باشترە لەوەی کە جوێنبارانی تاریکی بکەیت و نەعلەت لە ستەم بکەیت .

نارام : بەڵام ڕای شارۆکینی سۆمەری جیاوازە ( ئەگەر مۆمێک دابگیرسێنی تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت تاریکی ناهێڵێ ، جا ئەوانەی کە لەناو تاریکیدا نقووم بووینە ڕووناکییەکە وا دێتە ناو گیانیان و بڵاودەبێتەوە و ئیتر تەواو پشتی خۆیانی لێ دەکەنەوە . بەڵام ئەگەر بەردەوام بوویت لەگەڵ لەعنەتی تاریکیدا ، بێ ئەوەی مۆمێک دابگیرسێنێ خەڵکانی دیکەی پێ هەڵناخەڵەتێ ، بەڵکو ئاگاداریان دەکاتەوە بۆ واقیعە تاڵەکەیان ، ئینجا وات لێ دەکەن تا تۆش بەشدار بیت لە هاوارکردن و لەعنەت کردنی تاریکی ئەوکاتە خۆریش هەڵدێ ، خۆری سەربەستی و یەکسانی و . . .

١٢

غولیانا : ( سەرلەنوێ لێدانی قامچی لە پشتی هەردووکیان - جوێنی پیس دەدات ) : ئای لەو بەرازانە ، کەمتەرخەمی دەکەن لە کێلان ، گاسنەکانتان دووبارە لە هەمان خەتەجۆت دەدەنەوە ؟
نارام و عەبد : ( ئاگاداری هەڵەکانی خۆیان دەبنەوە پاش ئەوەی بە قسان غافل بوو بوون - هەڵەکانی خۆیان ڕاست دەکەنەوە - خەتە جۆتێکی دیکە دەگرنە بەر و لەم شوێنە دوور دەکەونەوە کە غولیانای سەرداریان لێیەوە وەستا بوو ) .

١٣

عەبد : ( هەناسەیەکی بە ئیسراحەی هەڵدەکێشێ دوای ئەوەی تەئکید دەکا کە غولیانا دیار نەماوە - بە چرپەوە ) . . هاورێکەم تۆ دەزانی منیش هەندێک لە بیرو باوەڕەکانی تۆ و خەونەکانی تۆم لەلا هەیە .
پێت سەیر نەبێ هاورێکەم ، بەڵێ منیش شتی زۆرم هەیە کە دەمەوێ بیاندرکێنم ، لە ناخمدا ئارەزوویەکی کپ کراو چەخماخە دەدات بۆ یاخی بوون و شۆڕش .
نارام : ( بە شێوەزارێکی سەرکێشی کردنەوە ) جا بۆچی نایکەی ؟

عەبد : ( کێلانی خۆی دەکا و خۆی دەغافڵێنێ ) جورئەتم نییە تا بیکەم . . پاشان سوودی چییە کە من شتی گەورە بڵێم ، با بیر لە بابەتی مەزن بکەمەوە ، منیش هەر ئەوەبم کە ئێستاکە تییدام ؟
نارام : ( بەسەرسووڕمانەوە ) کاری تۆ خەفەتبارە ئەی هاورێ بەدبەختەکەم ، ئەوەندە خەمناکە تا ڕادەی گریان ، ئایا دەزانی بۆچی ؟ کۆیلایەتی هاورێ گیان کۆیلایەتی جەستە نییە ، بەڵکو کۆیلایەتی ڕۆحە ، کۆیلایەتی جەستە ڕۆژێک لە ڕۆژان سەرکەوتن وەدەست دێنێ کاتێ لێی نزیک دەبێتەوە ، ئەگەر ڕووحەکەت سەربەست بوو و یاخی بوو شۆڕشی کرد ، بەڵام ئەگەر کۆیلایەتی ئەگەر خۆی خزاندە ناو ڕووحتەوە و لەناو دڵتدا ڕووا ، ئەوا بۆ هەتا هەتایە بوو. کۆیلەیەکی مل بادراو دەمێنیتەوە ، ئا ئەمە شارۆکین وای دەگوت.
عەبد : ( خۆی بە دەست لە ئەوکێ نراو دەبینێ ، قروقەپ واقی وڕ دەمێنێ و هیچ قسەناکات هەردووکیان دەست بە کێلان دەکەنەوە )

نارام : ئایا دەزانی ، لەوانەیە ئەوەم لەسەر بێ کە ئاگادارت بکەمەوە ئەی هاورێکەم . . ئەم دەست لە ئەوکێ نانەی تۆ کە لە ڕووحتەوە ڕوواوە ، لەوانەیە لە ئەنجامی ناوەکەتەوە بێت . .
عەبد : ناوی من ؟
نارام : بەڵێ ناوەکەت ، ناوی عەبدیلاتە -عەبدی-لات ، واتە کۆیلەیەکی لات ، ناویش کاریگەری قووڵی بە هەڵسوکەوتی مرۆڤ و ڕەوشتەکەیەوە هەیە ، ئا ئەمەی دەگوت شارۆکینی سۆمەری - باوکی تۆ تاوانی لەگەڵ کردووی کاتێ ناوی ناوی عەبدیلات ، بەناوی کۆیلایەتییەوە ناوی ناوی ، تۆی پێوە لکاندووە ، لە ناخی تۆدا ئەو هەستەی بە قەدەرە شوومەکەتەوە چاندووە ، لەبەر ئەوە لە بڕیاری دەروونی خۆتدا تۆ کۆیلەیەکی تا هەتا هەتایە .
چەند ڕۆژێک لەمەوبەر هاوڕێیەکم منداڵێکیان بوو ، بڕیاری دا ناوی بنێت ( عەبدولمەلیک ) منیش بە ڕوویا هەڵشاخام و لۆمەم کرد و پێم گوت : ئەگەر تۆ لە بڕیاری دڵی خۆتدا هەست بە کۆیلایەتی دەکەی ، ئەوە لەبەر چی هەر لە ئێستاوە کوڕەکەت بەم ناولێنانەوە دەکەیتە ئەو قوربانیە ؟ بۆچی دەتەوێ تا هەتا هەتایە هەر کۆیلە بێت ؟ بۆچی ناوی نانێیت سەروەری پاشایان ؟
خوداوەندی خوداوەندەکان ؟ ئەشروبعل ؟ ئەدونی ؟ هنیبعل ؟ ئەمرحدون ؟ وهب اللات ؟ سەنحاریب ؟ شارۆکین ؟ بەڵام ئاگاداربە تکات لێ دەکەم ناوی نەنێیت عەبدیلات ، عەبدوئیلا ؟ عەبدولئەمیر . . .

ئەم ناوە دانراوانە کۆیلایەتی لە بڕیاری دڵی خۆیدا دەچێنێ و هەست بە ونبوونێک دەکات لە ناخی خۆیدا و پاشەکشە دەکات لە ڕزگاربوون لە کۆیلایەتی تا هەتا هەتایە ، ئەوەی ناوەی لێ بنێ کە متمانەی پێ پەیدا دەکات و هەڵچوون و بە گڕدا چوونەوەی فێر دەکات ، ئەوجا بۆ ئەوە هەوڵ دەدا تا بگاتە ئەو ئاستەی یەکسان بێت لەگەڵ مانای ناوە گەورەکەی خۆی و . . .

عەبد : ( بە هەڵچوونەوە قسەکانی دەبڕی ) لەگەڵ ئەو قسانەی کە تۆ کردووتن و بەوەشەوە کە من ناوم عەبدیلاتە ، گەلێک جاران لە ناخی خۆمدا ئارەزووی یاخی بوون ختووکەم دەدا و وا هەست دەکەم لەسەرمە شتی گەورە بڵێم .

١٤

نارام : ( گاسنەکەی دەخاتە سەر خەتە جۆتێکی نوێ و بە بێزاریەوە ) ئەو کەسەی چی دەڵێ خاوەنی بێت و ئەو هزارنەیشی هەبێ کە خۆی ئیدعای دەکا و جورئەتیش ناکات بە کاریان بهێنێ ، جیا لەوەش کارێک بکات ئەوە نەک هەر کۆیلەیە بەڵکو لە بەرازیش پیسترە و لە جورجیش کەمترە و شایانی ئەوە نییە کە سەربەستی وەدەستبێنێ . تۆ سەربەستی بە قەد ئەوەی کە مومارەسەی سەربەستیەکەی خۆت دەکەی و لە پێناوی سەرکەوتنی بیر و لێکدانەوە و هزرنامەی خۆتدا دەجەنگی کە لەگەڵ ڕاستی بوونی مرۆییتدا یەکسانە ، ئەگەر ئەوەت کرد ، ئەوجا هەست بەوە دەکەی کە تۆ لە ڕێزدار غولیانا و بەڵکو لە خودی پاشاش گەورەتری ، ئینجا دەبینی کە ڕێگا بڕین برە و سەربستی گەلێک ئاسانترە .

عەبد : ( بە باوەڕ پێهێنانەوە ) نهێنییەک هەیە دەمەوێ پێت بڵێم : منیش وەک تۆ خۆشەویستێکم هەیە ناوی ( ئەنانا ) یەو زۆرم خۆش دەوێ و ئەویش منی زۆر خۆش دەوێ ، بۆیە خەون بە ڕزگاربوون وسەربەستیەوە دەبینم تا بیخوازم .

نارام : ( وەک موفاجەئەیەک بە دان پیانانە ) ئای لەو شەیتانە .

عەبد : ( نهێنییەکی دیکە دەدرکێنێ ) ئەوەش دەزانم کە غولیانا کلیلەکانی قوبەکانی مەی لە کوێ دەشارێتەوە . ڕات چییە ئەمشەو دزە بکەین بۆ قوبەکان ؟ بۆخۆمان لەم مەیە کۆنە تێر بنۆشین بەشی ئەوە بکات هەست بکەم من وەک خوڕ و با سەربەستم . وەک تۆ ، شوێن پێی تۆ بکەوم و خۆم بە باشتر بێتە پێش چاو لە غولیانا و هەتا لە پاشا فاشۆکانیش .

نارام : جوانە . جوانە هاوڕێ ئازیزەکەم ، دەی بەردەوام بە .

١٥

عەبد : ( بە بڕیاردان و ئازاری ماندووبوونەوە ) جا لەگەڵ تۆدا پێکەوە بۆ پەرستگای گەورە دزە بکەین نەک بۆ ژووانی ئۆرۆب ، بەڵکو بۆ داگیرساندنی مۆم و قەندیلۆکە و گفتوگۆکردن لەگەڵ خوداوەندەوە . چەند بە شەوقەوەم کە چەند پرسیارێکی لێ بکەم . ئەگەر لە وەڵامەکانیدا شەرمەزاربووم و پاشەکشەبووم لە بەدیهێنانی ئەوەی کە دەیخوازم و داوای دەکەم : ئەوە بە توونديیەوە بەرەنگاری دەبمەوە و پاشان هەوڵ دەدەم کە ناوی خۆم بگۆڕم ، کۆیلایەتی ڕەت دەکەمەوە ، تۆ خۆت ناوێکم بۆ هەڵبژێرە کە گەشبینی و بەرەنگاربوونەوەی تێدابێت . ئینجا بۆ چوونی ئەورووپاش ئاگادارم بکەرەوە تا من و ( ئانانا )ی خۆشەویستم لەگەڵ ئێوەدا ببینە ( ئۆرۆک ) ئەوجا تەواو پشت بە تۆ دەبەستم و نەعلەتیش لە تاریکی دەکەم . پڕ بە دەنگیشم هاوار دەکەم . . هاوار . . هاوار . . بەردەوام هاوار دەکەم تا ئەوەندەی دەتوانم نووستووەکان بێدار بکەمەوە .



# حەرفە دوورەکانی من و تۆ

ڕۆژ هەڵەبجەیی

ببوورە گەر زاهیدانە لە تۆ دووام،
بەبێ هەناسە سەوزەکانی تۆ،
کەناری ئەم ئاوەدانییە دڵۆپە دەکا
تژی لە تەماشای باغەیی و مەوجدان لە مردن.

٢

بێدەنگیم پێوە ئەدەم،
تۆفانی خامۆشیم ئەدوورم...
ئەو کاتەی لە ترویپکی لەرزیندام
ئێوارەیەکی بچووکم داوە بەخۆمدا،
پڕە لە نوێژی تۆ.

٣

گەر لە بیرم بێ بخەوم،
دەستەکانم دەکوژێنمەوە و
سێوەکانم هەڵدەکەم....
گیرفانی خەیاڵەکانم قووڵتر دەکەم لە تۆ.

٤
هەندێ جار تا بەرەبەیان بێدارم بێ تۆ..
چەند حەرفێک ڕەنگ دەکەم،
بە سمێڵەکانی سلفادۆر دالی...
لەسەردەمی سریالیستیشەوە،
کە کراسێک قسە دەکا
دەکەمە بەری سپێدە تا ئاوا نەبێت تۆ.
٥
ئەوەچراکانی منن دەستیان پڕە،
لە لەفافی زیوین...
ئاخر شەوەکان سەریان دەشکێ لە فیراقی تۆ،
تاوێک وەرە قۆپچەی ئەم شەوە بکەرەوە،
کە چرا پێدەکەنێ و
فیراق دەڕوات بەرەو فەنا بوونی فەنا.
٦
دیوارەکان برێک جار نەخۆش دەکەون،
چونکە دڵیان دەکێڵن بە بزماری قسەکانی تۆ...
دیوارەکان قاقا دەژەنن..
چونکە برێ جار هەتاوی هەتاوی تۆ،
باڵایان دائەگیرسێنێ.
٧
کە کاتێک باران لە ئاسمانی چاوەکانمەوە
بینینم تۆخ دەکا...
ئەوە پەژارەی پەڵە هەورێکە،
بۆ دایکم دەگەڕێ ئینجا تۆ.
٨
کە کورسییەک دەشکێ،
لە ڕۆحی ڕۆمانسییەتی منەوە
ئێوارەم پێکراوە بە حەرفی شکستە،
کەچی تۆ لەوڵاترەوە ئاخی درەختێکی،
بە دەزووی تۆ پەڵێک خەمەوە شپرزە.
٩
مانگ منالێکە لە کۆڵانەکانی ئاسماندا
گەمە ناکا..
لە باخەکانیا بۆنی گوڵ نادزێ،
لە حەوشەکانیا تۆپ تۆپێن ناکا..
مانگ مەعدەنێکە پڕە لە منالی و ڕۆمانسی
تەماشای من و تۆ گرێ ئەداو
کە گوێشی لە پیادەڕەوی ئاوێک دەبێ،
ورد ورد دەبێتە پێڵاوی.

١٠
زۆر جار شەو دەکەوێت بە دەمدا ودەشکێت،
لە پارچەکانی سێبەر هەڵدەقوڵێ...
من دەنکە سێبەر دەکەمە ملوانکە،
تۆش پارچە سێبەرەکانی
دەکەیتە بۆینباخ و شەبقە.
١١
هەر کاتێک مردن فوارەی زەوقی بەر ئەداتەوە
ژیان ختووکەی دێ....
مردن جێنوێنی لەسەر چرپاکەی ژیانە...
ژیان هەر بەو دەگاتە ئۆرگازم ،
نەک من و تۆ.
١٢
من کەی خەڵکی وڵاتی کاتم
تۆ دەڵێی چی؟
کات شمشێرەو هەموو شتەکان سەر دەبڕێ....
کەچی شیعری من وڵاتی کات سەر دەبڕێ.
١٣
ئاوەدانی لە درەختا نیشتەجێیە
نەک لە حەرفە دوورەکانی من و تۆ
ئەو کە سەوزی ئاوڕشێن دەکا،
دەبێتە ماڵی چۆلەکە و کۆتر و کەناری و کەنەسمە.
١٤
من وتۆ لەیەک ناچین، تۆ جانتایەکت هەڵگرتووە
قورس بە حەرفە دوورەکانی دوێنێ،
ئەمە نامەیەک بوو لە دەستی (با) بە جێما
من جانتایەک لە دڵمایە قاچەکانم،
دەکاتەوە بۆ سەفەر فڕینی تیا هەڵدەگرم،
ئەمە نامەیەکە ڕەشنووسی منالێم.
١٥
گەوجێتی ئەقڵ ڕاو دەکا...
هەندێ جاریش دەگاتە من و تۆ،
ئەو کاتەی پێکێک ژەهر،
لەشەرابەکانی ئەزموونەوە فڕ دەکەین...
ئەو کاتەی بە گرەوی گەمەوە دەست شکاندن،
لەگەڵ شێردا دەکەین.

سلێمانی ٢٠١٠/٨/٦



# کوشتار

مستەفا مستوور
لە فارسییەوە: جەبار سابیر

من سیحر نازانم. من تەنیا رۆحم گەورەبوو و بە قورسی رامخست. من سیحر نازانم. وتت بوویتە زستان و منیش دڵم بە حاڵت سووتا و رۆحیشم کە قورس و گەورەبوو، وەک چادرێک دام بەسەر تۆدا و وێردی عەشقم خوێند تا تۆ گەرم بوویت. من سیحر نازانم. هەناسەت کەوتبووە ژمارەو رۆحی من بە هەناسەی تۆ لێیدەدا. وتم خۆشمدەوێیت و ئیتر تۆ هەناسەت نەدا و رۆحی منیش لە لێدان کەوت. وتم نەکا تۆم کوشتبێ؟ نەکا من مردبم؟ دواتر رۆحم لەسەر تۆ هەڵگرت. بەڵام تۆ نەمابووی. ونببووی. وتم کە سیحر نازانم.

**بەڕێز و خۆشەویست ئاغای سەرمەدی، نووسەر و هونەرمەندی بە نرخی ئێران.**

لەگەڵ ڕێز و سڵاوی زۆر

لەوەی کە دوو هەفتە لەمەبەر توانیم بۆ یەکەمین جار لە نزیکەوە نووسەرێک ببینم و لەگەڵی ئاشنابم، هێشتایش سەراسیمەو خۆشحاڵم. بە هەموو هاوپۆلەکانم وتووە کە هاوین کاتێ لەگەڵ خێزانەکەم هاتین بۆ تاران، لەگەڵ بەڕێزتدا لە واگۆنێکدا بووین. بەهەرحاڵ ئومێدەوارم هەمیشە لە ژیاندا سەرکەوتوو بیت و بتوانی ئەو ڕۆمانە تەواوبکەیت کە لە شەمەندەنەفەرەکەدا وتت دەستم کردووە بە نووسینی.

ڕاستیەکەی ئەم نامەیەم بۆیە نووسی تا داوای کتێبێکت لێبکەم کە ئومێدەوارم لە کتێبخانە تایبەتییەکەی بەڕێزتدا هەبێت. ئوستازی ئەدەبیاتمان وتوویەتی کە بۆ دواتێرم دەبێ شیکردنەوەک لەمەڕ چیرۆکە کورتەکانی کۆمەڵە چیرۆکێک بنووسین بە ناوی(دڵتەنگییەکانی شێوەکارەکەی شەقامی چل و هەشت) لە نووسینی جروم دیڤید سالینجەر. هەموو کتێب فرۆشییەکانی ئێرە گەڕاوم، بەڵام کتێبەکەم دەست نەکەوت. هەفتەی پێشوو تەلەفۆنم بۆ یونسی برام کرد، کە لە زانکۆی تاران دەیخوێند، کە بە دوای کتێبەکەدا بگەڕێ، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک زەنگی لێداو وتی کە هەموو کتێب فرۆشییەکانی بەرامبەر زانکۆ گەڕاوەو کتێبەکەی دەست نەکەوتووە. براکەم وتی یەکێ لە کتێب فرۆشەکان پێی وتووە کە بە دوای کتێبەکەدا نەگەڕێ، چون ئەم کتێبە دە ساڵ لەمەوبەر چاپ بووەو دەگمەنە.

لە هێکرا تۆم بیرکەوتەوە، ویستم هەفتەی پێشوو ئەم نامەیەت بۆ بنووسم، بەڵام نەمدەزانی باوکم ئەدرەسەکەی تۆ، کە لەسەر کاغەزی پاکەتە جگەرەکەی نووسیبووی، لە کوێ دانابوو. دوێنی لای ڕۆژژمێرە گیرفانییەکەیەوە دۆزیمەوە. بەهەرحاڵ ئومێدەوارم کتێبەکەت هەبێت.

لەگەڵ ڕێزی دووبارەم

مونس فیردەوس، شیراز – دوازدەی سپتەمبەری ١٣٧٤

**بەڕێز کاک یووسف سەرمەدی، نووسەر و هونەرمەندی بەڕێز**

بەهۆی ناردنی کتێبی(دڵتەنگییەکانی شێوەکارەکەی شەقامی چل و هەشت)ەوە زۆر سوپاست دەکەم. ئەم بەیانییە پۆستەچییەکە کتێبەکەی هێنا. هەوڵدەدەم زۆر زوو بیخوێنمەوەو بۆتی بگێڕمەوە. ڕاستییەی ئەو ڕۆمانەی کە وتت یەک لەسەر سێیم تەواو کردووە، کەی بە کوێ؟ ئایا دەکرێ ناوی ڕۆمانەکە بزانم؟

مونس فیردەوس، شیراز – نۆزدەی سپتەمبەری ١٣٧٤

**بەڕێز کاک سەرمەد، نووسەر و هونەرمەندی بەڕێز**

لەوەی کە جارێکیتر کاتی بەنرختان دەگرم، زۆر بەداخم. ڕاستی درککردنی چیرۆکەکانی سالینجەر بۆ من و خوێندکارەکانی تر گرفتەو ئوستازی ئەدەبیاتیشمان وەڵامی پرسیارەکانمان ناداتەوە و دەڵێ ئەمە بە دواداچوونێکەو دەبێ خۆمان کێشەکانی چارەسەر بکەین. زۆرینەی ئەو کەسانەی لە شیراز دەیانناسم، تەنانەت ناوی سالینجەریشیان بەر گوێ نەکەوتووە، چ بگات بەوەی پەی بە دژواری چیرۆکەکانی بەرن. بەهەرحاڵ هەندێک لەو پرسیارانەت لەگەڵ ئەم نامەیەدا بۆ دەنێرم، هیوادارم وەک هەمیشە لە هاوکاری و یارمەتی بەڕێزت بەهرەمەند بم.

م. فیردەوس، شیراز – سێی تشرینی یەکەمی ١٣٧٤

**خانمی بەڕێز، مونس فیردەوس**

سڵاو

پرسیارەکانتانم وەرگرت، لەمەڕ چیرۆکەکانی سالینجەر، وەڵامەکانیان لەگەڵ ئەم نامەیەدا دەنێرم. ماوەیەکی زۆر بوو چیرۆکەکانی سالینجەرم نەخوێندبۆوە و پرسیارەکانی تۆ وای لێ کردم تا کۆپییەکی لە کتێبخانەی میللی وەربگرم و جارێکیتر چیرۆکەکانی بخوێنمەوە. بەهەرحاڵ هەمیشە ئامادەی کۆمەکی خانمێکی ئەدەب دۆستی وەک بەڕێزتم.

ناوی ئەو چیرۆکە درێژەی خەریکی نووسینیم، (لە چاوەکانتدا مەلەدەکەم و لە دەستەکانیشتدا دەمرم)ە. بابەتی چیرۆکەکە، چۆنێتی داگەڕانی عەشقە بۆ نەفرەت و کارەکتەرە سەرەکییەکەی شاعیرێکە کە بە دەلیلی ڕووبەڕووبوونەوەی توندووتیژی تاڵ و کتوپڕ، هاوسەنگی خۆی لە دەست دەدا و لە شاعیرێکەوە کە شیعرەکانی لێوڕێژ بوون لە میهر و عەشق، دەگۆڕێت بۆ مرۆڤ کوژێکی پیشەیی. ئومێدەوارم بتوانم بەپێی ئەو بەرنامەیەی دامناوە بە ڕەچاوکردنی بەڵێننامەکەی لەگەڵ بڵاوکەرەوەکە، تا پاییزی داهاتوو چیرۆکەکە تەواو بکەم.

لەگەڵ ئارەزووی سەرکەوتن بۆ بەڕێزت

یووسف سەمەدی، تاران – هەشتی تشرینی یەکەمی ١٣٧٤

**بەڕێز کاک سەرمەدی**

سڵاو، بە بینی دەستوخەتی تۆ، جارێکیتر یادەوەرییە خۆشەکانی هاوین و بە تایبەت ڕێگەی مەشهەد– تاران و واگۆنی شەمەندەفەرەکەم هاتبۆوە بیر. چێژم لە وەڵامە کورت و وردەکانی بەڕێزت وەرگرت. بەهەرحاڵ لەو بەشەی نامەکە کە ڕێگەت دابوو بەردەوامی بدەم بە نامە گۆڕینەوە، زۆر خۆشحاڵ بووم. ئایا دەکرێ کە جارجارێ نامەت بۆ بنووسم و نووسینەکانمت بۆ بنێرم؟ دەمەوێ لەو شانسەی کە دەستم کەوتووە، زۆرترین سوود وەربگرم.

سەرسامی چیرۆکەکانی جەنابت مونس، دوازدەی تشرینی یەکەمی ١٣٧٤

### بەڕێز کاک سەرمەدی

سڵاو

ماوەیەک چاوەڕوانی وەڵامی بەڕێزت بووم، بەڵام هەواڵێک نەبوو. بەداخەوە لە واگۆنی شەمەندەفەرەکەدا وتبووت کە داوای لێبووردن دەکەیت لە دانی ژمارەی تەلەفۆن، هەربۆیە ناچاربووم بە نامە پارێزگاری لە پەیوەندیم بکەم لەگەڵتدا. نامەی پێشترم بەر لە چوارده رۆژ، واتا دوازدەی تشرینی یەکەم پۆستم کردبوو. لەو نامەیەدا لە بەڕێزتم پرسیبوو کە ئایا ڕێگە دەدەیت هەندێک لە نووسینەکانمت بۆ بنێرم بۆ ئەوەی بیروبۆچوونی خۆتی لە بارەوە دەربڕی؟

بەهەرحاڵ لەبەر ئەوەی تا نهۆ وەڵامێک لە تۆوە نەگەیشتووە، لەگەڵ ئەم نامەیەدا نووسینێکت بە ناوی(یادەوەرییەک لە هاوین) بۆ دەنێرم کە لەژێریدا نووسیومەو پەیوەستە بە دیداری ئێمە لە شەمەندەفەرەکەدا. تکا دەکەم گەر کرا، بیروبۆچوونی خۆتانم لە بارەیەوە بۆ بنێرن.

یادەوەرییەک لە هاوین:

کە دەچووینە قوتابخانە هەمیشە یەکەمین بابەتی داڕشتنی پاییز ئەمە بوو کە هاوینتان چۆن بەسەر برد؟ زۆرینەی هاوڕێیان، ئیتر ڕاست یا درۆ، دەیانوت کە چوون بۆ سەفەر و دەکەوتنە گێرانەوەی بەسەرهاتی سەفەرەکانیان.

تاڕادەیەک داڕشتنی هەموو هاوڕێیان- زۆروکەم- لە یەک دەچوون. لە ڕاستیدا داڕشتنی هەموو ساڵێک وەک یەک وابوو. لەگەڵ ئەوەی کە ساڵانێک بەسەر ئەوەدا تێدەپەڕێ، بەڵام بۆ یەکەمین جار هەست دەکەم لە قووڵایی دڵەوە حەزدەکەم یادەوری هاوینم بنووسم. لە ڕاستیدا ئەوەی کە لە هاوینی ڕابردوودا لە من ڕوویدا، جیاوازی لەگەڵ ڕابردوودا نەبوو، مەگەر لە ڕووداوێکدا. لە ڕووداوێکی سادەدا. ئەم ڕووداوەیش دیداری من بوو لەگەڵ یەکێ لە نووسەرە گومناوەکانی وڵات، کە لە ڕێگەی گەڕانەوە لە مەشهەد و لە واگۆنی شەمەندەفەرەکەدا ڕوویدا. کاتێ چوومە واگۆنەکەوەو چاوم کەوت بە گەنجێکی بیست و چەند ساڵە کە خەریکبوو ڕۆژنامەی دەخوێندەوە، بە بینینی دڵم داخورپا. هەستم کرد کە ساڵانێکە دەیناسم. تا بەر لەوە هەرگیز ناویم نەبیستبوو، چونکە نووسەرێکی بەناوبانگ نەبوو. تەنیا کتێبێکی چاپ کردبوو و لە کاتی نووسینی دووەمین کتێبیدابوو. چەندین کاتژمێر، لەمەڕ ژیان، مەزهەب، هونەر و چەمکە گرنگەکانی مرۆ، وەک عەشق و خەموخەفەت و تەنیایی قسەمان کرد. بەجۆرێکی سەیر قسەکان لە دڵم دەدا. لە هاوبەشی ڕۆحیمان هاتبوومە وەجد. قسەکانی وەک بارانێک وابوون کە بەسەر بیابانی ڕۆحی مندا دەباری.

هەستم کرد بۆ یەکەمین جار لە ژیاندا دووچاری چێژێکی مەعنەوی قووڵ بووم، چێژێک کە بە وەستانی شەمەندەفەرەکە تەواوبوو.

مونس، بیست و شەشی تشرینی یەکەمی ١٣٧٤

### سڵاو بەڕێز سەرمەدی

دوو هەفتە دەبێت کە نامەیەکم بۆ تۆ ناردووە، لێ وەڵامێکم لە تۆوە بە دەست نەگەیشتووە. دڵم وەک سیر و سرکە دەکوڵێ. نەکا لە نووسینی ئەو یادەوەرییە بێتاقەت بوویت؟ کارێکی خراپم کرد؟ ئەگەر ئەو نامەیە تۆی تووڕە کردووە، بەڕاستی بەداخم و داوای لێبووردن لە بەڕێزت دەکەم. تکا دەکەم وەڵامی ئەم نامەیە بدەرەوە هەرچەند کورتیش بێت تا قوتاربم لە نیگەرانی. بێ ئارامانە چاوەڕێی وەڵامی تۆم.

مونس، هەشتی کانوونی یەکەمی ١٣٧٤

سڵاو بەڕێز سەرمەدی

ئێستا تەواو چل و دوو ڕۆژە کە نامەیەکم لە تۆوە پێنەگەیشتووە. ڕەنگە ئەمە دوایین نامە بێت کە بۆتان دەنێرم. ئەگەر حەزناکەن نامە گۆڕینەوەم لەگەڵ بکەن، ناتوانم ناچاری ئەم کارەتان بکەم. بەڵام دەتوانم ڕازێک بە تۆ بڵێم. ڕەنگە بیستنی بۆ تۆ زێک قورس بێت، بەڵام بە وتنی من ئیسراحەت دەکەم. ئایا بەسەرت هاتووە کە لە یەکەم نیگادا کەسێکت خۆشبوێ، یا لە یەکەم نیگادا ڕقت لە کەسێک بێت؟ تەواو لەو ساتەوەی تۆم لە واگۆنی شەمەندەفەرەکەدا بینی، دڵم تێکچوو. وەک بڵێی ساڵانێک بوو کەسێکم ونکردبوو و ئێستا دەمدۆزییەوە. ڕەنگە باوەڕنەکەن، بەڵام لەو ڕۆژەوەی قسەم لەگەڵ کردووی تائێستاش، تەنانەت بۆ ساتێکش نەمتوانیوە لە بیرتان بکەم. بەداخەوە وردە وردە خەریکە شێوەتانم بیردەچێتەوە، بەڵام هەمیشە دەنگتان لە گوێمدا دەزرنگێتەوە. ڕەنگە خۆشتان پەیتان پێبردبێت، کە کتێبی سالینجەر و ئەو پرسیارانە هەنجەتێک بوو بۆ پەیوەندی لەگەڵ تۆدا. ئاشنایی لەگەڵ تۆ هەل و دیارییەک بوو لە لایەن خوداوە بۆ من. تکا دەکەم درێغی لەو دیارییە مەکە لە من.

خۆشیدەویی، مونس، بیستی کانوونی یەکەمی ١٣٧٤

### سڵاو مونس

هەموو یادەوەرییەک، نابێتە یادەوەری. هەموو ئازارێک، ئازار نییە تا ڕۆح وەک کاغەز چرچولۆچ بکات. یادەوەری دەبێ گیانی تێدا بێت تا زیندوو بمێنێ. دەبێ ڕۆحی تێدا بێت تا بۆ هەمیشە نەمر بێت. یادەوەری دەبێ بسووتێنێ و بیکاتە خۆڵەمێش، بەو شێوەیەی کە کاغەزەکەی تۆ بە منی کرد.

دوای بینین و قسەکردن لەگەڵ تۆ لەو شەمەندەفەرە نەفرەتییەدا- کە ئەی خۆزگە هیچ کاتێ رووی نەدەدا- منیش دووچاری هەستێکی سەیر بووم. سەرەتا وامزانی جۆرە دڵتەنگییەکی ئاساییە کە بە تێپەڕینی کات لە ناو دەچێت. وامدەزانی لەو هەستە زوو تێپەڕانەیە کە بە تێپەڕینی کات لە ناو دەچێت. هەوڵمدا لە بیرت بکەم. هەوڵمدا سەر بخەمە ناو کتێب و رۆژنامەوە تا هەموو ئەو چەند کاتژمێرە نەفرەتییە لە بیر بکەم، کە وەک بڵێی لە ناو کەللەمدا بەستویێتی. بەڵام نەکرا. چی لە سیمای بێگەردی تۆدا هەبوو کە بەمجۆرە دڵمی برد؟ چی بوو لە چاوە سەیرەکانی تۆدا، کە لەو واگۆنە نەفرەتییەدا گوایە جادووی کرد و رۆحمی لە جەستەم کردەوەو لەگەڵ خۆی بردی بۆ شیراز؟ دەبینی کە بارودۆخی من لە هی تۆ باشتر نییە. ئەو بڵێسەیەی لە واگۆنی شەمەندەفەرەکەدا کڵپەی سەند لە سینەی منیشدا بڵێسە دەسەنێ. حەزناکەم ئەم بارودۆخە درێژە بکێشێ. دوو ساڵ لەمەبەر لە رووداوێکی هاتووچۆدا دەزگیرانەکەم لە دەستداو دوای ئەویش نامەوێ، واتا ناتوانم عاشق ببم. دەڵێی کەسێک پێم دەڵێ سەرەنجامی ئەم عەشقە هەرچییەک بێت پێک گەیشتن نییە. هەستێکی نەناسراو پێم دەڵێ دەبێ لەو عەشقە هەڵبێم. دەبێ هەر ئێستا واز لەم عەشقە تەمومژاوی و سەیرە بهێنم. رەنگە دوای بتوانم شتێکی لە بارەوە بنووسم، بەڵام ئێستا نا. هەستدەکەم هەڵگرتنی ئەم عەشقە لە تاقەتی من بەدەرە.

یوسف، بیست و پێنجی کانوونی یەکەمی ١٣٧٤

## سڵاو یووسف

حەزدەکەم بگریم. حەزدەکەم بڕۆمە حەوشەکەو لەژێر دار نارنجەکەدا بوەستم و بقیژێنم. وەک ئەوەی شتێک لە گەروومدا گلۆڵە بووە کە تەنها بە هاوار دێتە دەرێ. حەزدەکەم بە هەمووان بڵێم کەسێکم خۆشدەوێ کە بە تەواوی نازانم شێوەی چۆنە. لە کاتی وانەکاندا بە دەست خۆم نییە لەسەر گۆشەی هەموو کتێبەکانم ناوی تۆ دەنووسم. وای چەندەم خۆشدەوێی یووسف. ئەگەر باوکم بزانی ئەم شتانە بۆ تۆ دەنووسم، گەر تێبگات عاشق بووم... وای.... نانا.

یوسف داوام لێمەکە فەرامۆشت بکەم. داوا مەکە هەمان ئەو مونسە بم کە بەر لە هاتنی تۆ بووم. باش دەزانم کە ئەمە عەشقێکی سادە نییە. بە تەواوی خانەکانمەوە هەستدەکەم عاشقی رۆحت بووم. رۆحی ئاشنا و گەورەی تۆ، تکا دەکەم تەنیا جێم مەهێڵە. قەت تەنیا جێت ناهێڵم.

خۆشمدەوێی- مونس، بیست و نۆی سەرماوەز

## سڵاو مونس

مونس، مونس، مونس، مونس.... حەزدەکەم هەموو نامەکە پڕ بکەم لەم ناوە ئازیز و پڕ میهرە کە هەرچی زیاتر دووبارەی دەکەمەوە، زیاتر شێت و شەیدای دەبم. وەک بڵێی یەکەمین جارە کە ئەم ناوەم بەر گوێ دەکەوێت. چ ناوێکی پڕ مانا! حەزدەکەم هەمیشە پیتەکانی گۆ بکەم. حەزدەکەم یەک یەک پیتەکانی بنووسم و لێیان وردببمەوە: م و ن س. چیرۆکێکم نووسیوە کە ناوی کارەکتەرە سەرەکییەکەی (مونس)ە. چیرۆکەکە کتوپڕ و یەکسەر فوارەی کرد و من هەر ئەوەم لەسەر بوو بینووسم. ئێستا هەست دەکەم هەمیشە تۆ لە نیوان وشەکاندا نەمر بوویت. ئایا ئەمە بەس نییە؟ لەگەڵ ئەم نایەدا چیرۆکەکەت بۆ دەنێرم. ئومێدەوارم حەزت لێی بێت.

تاڕادەیەک هەندەکی سیماتم بیرچۆتەوە. ئێستا ئیتر بۆ من مونس هەموو سیمایەکەو هیچ سیمایەکیش نییە. هەموو دەموچاوێکی جوان دەخەمە پاڵ ئەو، بێئەوەی کە بزانم کێی و چیت. ئەم نەزانییەشە کە ئەم عەشقەی بۆ من کردۆتە شتێکی هەراسناک. تاقە شتێک کە لە قووڵایی گیانەوە هەستی پێدەکەم ئەمەیە کە دەبێ هەرچی زووترە تەواوی بکەم. حەزدەکەم لە ئەوپەڕی جوانی و پاکیدا تەواوی بکەم. دەزانم ئەگەر هەنگاوێکی تر بچمە پێش هەموو پاکی و راستگۆیی ئەم خۆشویستنە لە دەست دەدەین. دەزانم کارێکی دژوارە. بۆ هەردووکمان، بەڵام دەبێ تەواوی بکەین.

خۆشمدەوێی- یووسف، چواری کانوونی دووەم

## سڵاو یووسف

ئەمە چارەنووسی منە کە کەسێکم خۆشبوێ و نەیەوێ خۆشی بوێم. ئەگەر تۆ بتەوێ، ئەگەر تۆ حەزدەکەی، من قسەیەکم نییە. هەوڵدەدەم وەک چۆن تۆ دەتەوێ هەموو شتێ تەواو بکەم. رەنگە تەنها خوداحافیزییەکی سادە بتوانێ هەموو شتێک تەواو بکات. تەنیا وتنی ئاسانە. ئەگەر قەرار بوو بکشێتە ئەم جێیە، بۆچی پێش هات؟ خۆزگە ئەسڵەن یەکترمان نەبینیایە. خۆزێ ئەو چوارشەممەیە نەبوایە. ئاخر ئەمە چبوو کە روویدا؟ کاتێ بیر لە تۆ ناکەمەوە وەک بڵێی شتێکم ونکردووەو کاتێکیش بیر لە تۆ دەکەمەوە وەک بڵێی شتێک لە قوڕگم گیربووە. دوێنێ شەو چوومە حەوشەکەوە بۆ بەر بارانەکە.

لەبەر خۆمەوە ناوی تۆم دەوتەوە. لەچکەکەم تەڕ تەڕ ببوو. بیرمدەکردەوە ئەگەر رۆژێ بمرم و تۆ ئاگادار نەبی چی؟ ئەگەر ببمە ژنی کەسێکی تر چی؟ خۆزگە دەمتوانی خۆشم نەوێی. خۆزگە تۆفانێک دەهات و هەموو شتێکی لەگەڵ خۆی دەبرد.

مونسی تۆ، نۆی کانوونی دووەمی

مونس من، سڵاو

ئەمە باشترین، جوانترین، بە شکۆترین، دڵسۆزانەترین، روونترین، عاشقانەترین و غەمناکترین شتێکە کە تا ئێستا خوێندومەتەوە تەنانەت ئەگەر تا نهۆ هیچت بۆ من نەنووسیبوو، ئەمە بۆ هەمیشەی من بەسە تا بە خوێندنەوەی پڕبم لە میهری تۆ. پڕبم لە مانای پاکی خۆشویستن. ئەمە نزیکترین نووسینی تۆیە بۆ من. وەک ئەوەی خۆم بە وردی وشەکانیم هەڵبژاردبێت، تیفتیفەم دابێت، ساف و لووسم کردووەو نووسیومە. تەنانەت ئەگەر ئەمە دوا خاڵی کۆتایی بێت بەسەر هەرچییەک کە لە نێوان ئێمەدا بوو، ئەمە باشترین و پڕ شکۆترین کۆتاییەکە کە دەتوانی بێدەی بەسەر کۆتایی هەموو عەشقێکی پاکدا. وشەکانی ئەوەندە پیرۆزن کە بێ دەستنوێژ دەستیان لێنادەم.

مونس، ئەمە دوایین نامەی منە. جێت دەهێڵم، بەڵام ماڵەکەم بۆنی تۆی لێدێ. درۆدەکەم کە دەڵێم دەتوانم بەرگەی دووریت بگرم. دەمەوێ لە چیرۆکێکدا بتگێرمەوە.

دەمەوێ تۆ، تەواوی تۆ، بەهەر جۆرێ کە زیاتر حەزت لێیە، کارەکتەری سەرەکین دانای هەموو، یا هەر جۆرێکی تر بگێڕمەوە. ئیتر چیرۆکەکانم لێوڕێژن لە رۆحی تۆ. تۆ خاڵسترین تەرحێکی کە هەرچی زیاتر دەینووسم، گۆشە نەوتراوەکانی زیاتر دەبێت. لە گێڕانەوەی تۆدا من گێژبووم. وەک بڵێی چیرۆکەکە تۆ دەینووسی نەک من. بۆ هەرکوێ بتەوێ دەیبەی و دواجار کۆتاییەکەی پردەکەی لە خەموخەفەت. هەمیشە لە جەرگەی مقۆمقۆی کارەکتەری چیرۆکەکاندا دەردەکەویت و پاشان ساف نیگات لە چاوم دەبڕی و لەو هەراوزەنایەدا کە هیچ کەسێک دەنگی ئەویتر نابیستێ، بە بزەیەکەوە دەڵێی خۆشمدەوێی و کتوپڕ چیرۆکەکە تەواو دەبێت.

تا ئەبەد خۆشمدەوێی – یووسف، پازدەی کانوونی دووەم

## سڵاو یووسف

لە ترسی باوکم، بەیانی ئەمڕۆ هەموو نامەکانتم سووتاند. بەڵام ئەوەندەم خوێندەوە هەموویانم لەبەرکردووە. هەرگیز فەرامۆشت ناکەم. دوێنێ بابەتەکەم بە دایکم وت. دایکم وتی تۆ لەسەر حەقی. وتی وا باشترە ئەم عەشقە بێ بنەمایە تەواو بکەیت. وتی لە خێزانی ئێمەدا عەشق بۆ کچان نەنگییە. وتی ئەگەر باوکت پێبزانێ چی؟ بەڵێنم بە دایکم دا تەواوی بکەم، بەڵام نازانم دەتوانم یاخود نا. ئەگەر ویستت ئەو نامانە لە ناوبەرە کە بۆم ناردوی.

تا ئەبەد خۆشمدەوێی – مونس، نۆزدەی کانوونی دووەم ١٣٧٤

## بەڕێزو خۆشەویست کاک یووسف سەرمەدی، نووسەر و هونەرمەندی بەڕێز

ئومێدەوارم هەمیشە تەندروستیت باش بێت و سڵامەت بی. ئەدرەسەکەتانم لە بڵاوکەرەوەی کتێبەکەتان بەڕێز کامیاب وەرگرت. ئەوان وتیان کە ماوەیەکی زۆرە هەواڵیان لێت نییەو ئومێدەوارن کە ئەدرەسەکەتان نەگۆڕابێت. باری باوکم ئامۆژگاری کردم کە ئەم یاداشتە کورتە هاوڕێ لەگەڵ کارتی زەماوەندەکەمتان بۆ بنێرم و داوەتی بەڕێزتان بکەم بۆ رێوڕەسمی هاوسەرگیرییەکەم. رێوڕەسمەکە لە یاریگای میهری شیراز بەو ئەدرەسەی کە لە خوارەوە نووسیومە بەڕێوەدەچێت. بلیتی هەردوو سەرتان هاوپێچ لەگەڵ نامەکەدا بۆ دەنێرم. بێگومان ئامادەیی تۆ مایەی شانازی بەندەو خێزانی فیردەوس دەبێت.

بە سوپاسەوە – مونس فیردەوس، شیراز – دووی نیسانی ١٣٧٨

## خانمی بەڕێز مونس فیردەوس

سڵاو

دوێنێ بەیانی دکتۆر کیمرام نامەکەتانی دامێ. لە ریزی گەرماودا بووین کە کیمرام نامەکەی خستە گیرفانی کراسەکەمەوە. کیمرام دەڵێ: ئەگەر دوش نەگرین شەیتانەکانی سەرمان دەکەونە هەراوهۆریا. دەڵێ: ژانە سەری ئێمە بەهۆی هەراوزەنای شەیتانەکانەوەیە. لێرە شەوانە دەنگی شەمەندەفەرە.... تیکوپ تیکوپ.... تیکوپ تیکوپ.

هێشتایش هەرکاتی کچێک لە چکەکەی بۆسەر هەنییەی رادەکێشێ، تۆم بیردەکەوێتەوە. هەرکاتێ کەسێک پێدەکەنێ و گوپەکانی چاڵیان تێدەکەوێ، گوپەکانی تۆم بیردەکەوێتەوە. کاتێ خانم پەرستار لە هەمان ئەو بۆنە لە خۆی دەدا کە تۆ لە خۆت دەدا، تۆم بیردەکەوێتەوە. کیمرام وتی: (هەنگاو.. یەک دوو.... یەک دوو..... یەک دوو...) چۆنی بۆ گەرماو. لەملایەنەوە سوپاسی تۆ و باوکی مەزنتان دەکەم بۆ ئەم داوەتە. بەداخەوە بەشداری لە رێوڕەسمی پایەبڵند بۆ من جێگەی قبوڵ نییە. بەڕێز دکتۆر کیمرام زۆر مرۆڤێکی باشە. کیمرام هەموو رۆژێ شوکولاتەو ئاو نەباتمان دەداتێ. من دوێنێ شەو گریام چونکە شەمەندەفەرەکە نەهات.

کیمرام دەڵێ ئێمە تامان هەیەو سەرمان ژان دەکات. دەڵێ تەنیا گەرماوە بە ئاوی گەرم شەیتانەکان دەکوژێ. دەڵێ دەبێ هەموو شەیتانەکان بکوژین تا نەجاتمان بێت. دەڵێ دەبێ هەموو شەیتانەکانی سەرمان وەک مەڕی قەسابخانە بکوژرێن. دەڵێ تەنها کاتێ هەموو ئەوانە بکوژرێن، ئێمە باش دەبین و دەتوانین بۆ هەر کوێ بمانەوێ بڕۆین. کیمرام دەڵێ رەنگە دووسەد ساڵی تر باش ببین. بەهەرحاڵ ئومێدەوارم لە ژیاندا بەختەوەر و سەرفراز بیت.

دڵسۆزت – یووسف سەرمەدی

**سەرچاوە: چند روایت معتبر**

**مجموعه داستان کوتاه-چاپ پنجم-نشر چشمه**

**زمستان ١٣٨٥، تهران**



# شتەکەم تۆ شت نیت

کلارا

---

سیمای ئەم قاوەخانەیە لە خۆمان ئەچێ
وەک ئێمە
زۆر بلێیەکی هەمیشە (بێ دەنگ) ە
ئەم قاوەخانەیەی
لەوە ئەچوو کەرەتێکی دیکەش
لەنێو فنجانە سپییە شکاوەکانی ،
خۆمان خواردبێتەوە
ترس زنجیری ئەم دەرگایە ئەپچڕێنێ
لەوێ
لەسەر کورسییە شکاوەکانی بەردەم
مێزە یەک قاچەکە
لەنێو باوەشە تاگرتووەکانی خۆمان ئەخەوین...
کە لە نووسینەوە زیاتر هیچی تر فێر نەبووی
ئەمە باشییەکە
فێربە چۆن باغ دەردێنی لەنێو عەورەتی درەختێک
پرتەقاڵێک بە چەقۆکە لکێندراوە
ئەبێت چەقۆ تامی کامە پرتەقاڵ بکات؟؟؟؟؟
پەیکەرێکی خاوەن دوانزە گیانیش لەملاوە
جوولانی چاوەکان وەک وەستانێک ئەی تۆقێنێ
زیندوویەتی ئەو لەبیرکە
چاوەکانی
پارچەی دووەمینت ئەخوێننەوە
ئەو ئێوارەیەی هەڵتبژارد
شەراب لەوێوە بۆ مەلەی نێو جامێک
خۆی تووشی گێچەڵی سەرخۆش بوون کرد و
نەگەڕایەوە...
خەریکم تێ ئەگەم
تاڵەمووە سپییەکانی قژت
تێکەڵ بە ناشیرنییەکی بێ وجوود بکەم
مەنووسەوە
عەشق خۆی چییە ؟
ئەم ناعاشقییە عەشقت پێ ئەخاتە نێو گیرفانی قەڵەم
نازانی
عەشق کامە جۆر بەڵا لەژێر سەرینەکەت دائەنێ
تا شەوێ خەوتنەکانی لەگەڵ بەشکات
کە دەریاچەییت ئەوەندە قووڵ بێ؟
کامە مەلەوان لەنێوی دا بە زیندوویی ئەمێنێتەوە ؟
خاڵیم کەوە
لەو هەموو پڕیەتییەی بوونی هەیە
هێشتا ڕۆحم بۆنی ئاوی باخچەکەتی گرتووە
هێشتا بۆنی یەکەمین ڕۆژی ناسینی پەنجەرەم لێ دێ

کە هەستم بە بێ جەستەیی کرد
ئەو بەیانییە بوو کە دەستت بەر جەستەم کەوت
ئەو بەیانییەی لە باڵکۆنەکە ئیبلیست فێری (نا) ئەکرد
سەیرکە دەستەکانت چەند نەناسراو ماونەتەوە
لەنێو بەحوزن بوونی
پەنجەیەکی براوەمدا!
کە ئەفڕم
گەڕیدەیەکی قسە فزوڵ نەڵێ :
( بۆ باڵی سێ یەمین دروست ناکەیت )
کە باوەش بۆ خۆم ئەکەمەوە
دەمی ئەم قەفەسە شکاوە بگرە
تا هەست نەکات گوناهم کردووە
شکانی قەفەس بیرم ئەخاتەوە
خۆم لە سەعاتی شەوەوە بیرچۆتەوە
ڕۆژی باران
چەتری تۆ لەنێو بارانا ون ئەبێت
منیش لەنێو خۆم
باران لە پەنجەرەی قاوەخانەکەمان ئەدات
کە ڕۆژی باران ئەوەندە ترسناکە بۆ من
بۆ خانوویەک لە باران بۆ خۆت دروست ناکەیت؟
وتبووم
قەسیدەکانم پێداویت
ئەمەش درۆیەک بوو
چونکە ئەوان بەر لە باوک بوونیان
گیرفانی پاڵتۆکەتیان هەڵبژاردبوو
واز لەم حەرفانە بێنە کە لە بێ هۆشییەتیم دێنەدەر
گەر مانگیش سەفەرکات
من چاوەکانم تەنیا بۆ بینینی ئێوارەیەکە
من بەردەوام بوومەتە کەسێ کە نەم ناسیووە
ئێستا ئەم قاوەخانەیە چۆڵە
کە جارێ منی کردە تۆ و
تۆشی لکاند بە خۆتەوە
ئەو قاوەخانەیەی سیمای دەرگاکەی
قسەم بۆ ئەکات
( لە دوای چوونی دەریاچەیەک
پڕبووم لە بۆنی قاوە تاڵەکان و
هەموو فنجانەکانم شکانیان هەڵبژارد).






# ئەستەنبوڵ

## نووسەران هەڵدەفریوێنێ بۆ نووسینی ڕۆمانی پۆلیسی

نزار ئاگری

شارەکان، بە گشتی پێچەوانەی لادێیە، شوێن گەلێکی داخراون نهێنیەکان کۆ دەکاتەوە و هیچیان لێ نادرکێنێ، ئەوەی ئاشکرای دەکات لە نهێنیەکان زۆر ترن، تاریکایی شار پێچەوانەی تاریکی لادێ ترسناکە، ئەوەی لادێ تەڕ و نەرم و دڵ دەکاتەوە شنەی باو دەنگە دەنگی دەشت و دەر لەگەڵ خۆدا هەڵدەگرێ. تاریکایی شار لە قوژبنە شێدارەکاندایە،لە ماڵە داخراوەکاندایە تاریکاییەکی خنکێنەر تارمایی و ڕۆحە شەڕانگێزەکان و تەونی جاڵجاڵۆکە دەشارێتەوە. شار کۆڵان و شەقام و ژێر زەمین و عەمبار و ماڵە نهێنیەکان و تونێلەکانی ژێر زەوی، سەرداب و ونگەکانن، مرۆ تیایاندا ون وسەرگەردان دەبێت، شوێنی بزر دەبێت و لەبەر چاونامێنێ. کاتێ شار گەورە دەبێت و دەچێتەناو ساڵەوە بۆنی ڕابوردوو دایدەپۆشی، جا پڕ لە ئاڵۆزی دەبێت.

ئەستەنبوڵ شارێکی ئاڵۆزە، جادووکەرە، کوین و نوێی تێدا تێکەڵ یەکتر بووە، ترسناک و خۆشی بەخشە، چاک و خراپ، باش و بێ کەڵک، هۆگر و نامۆ. شاری ترس و ئومێدە، ژێرزەمینی مێژووو شارستانیەکان و ئاین و زمان وخەونەکانە. لەپای ئەمەدا، لێوان لێوە لە نهێنی و چاوەڕوانی...

زۆرێک لە نووسەران و گەریدە سەرکێشەکان لە بارەیەوە نووسیویانە، بەردەوام فرێوت دەداو بۆ لای خۆیت پەلکێش دەکات. هەموو کەسێک چی بوێ تیایدا دەستی دەکەوێت.. ئەستەنبوڵ بۆ ڕۆماننووس ئورهان پاموک جیهان هەموویەتی، بەهەشت ودۆزەخە، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە، ڕۆشنایی و تاریکیە،

ئەستەنبوڵ دنیایەکە بۆ خۆی. بۆیە لەوێوە ڕۆمانەکانی لە دایک بوون، کاتێ دەقێکی سەبارەت بە ئەستەنبوڵ نووسی، وتی، ئەم دەقە شتێکی زۆر بچووکی ناخیەتی لە بارەی ئەستەنبوڵ و ژیانی تیایدا. ئەگەر بیەوێ بە درێژی لەبارەیەوە بنووسێ، ئەوا پێویست بەوە دەکات بیست بەرگی لەبارەوە بنوسرێت.

زۆربەی ئەو ڕۆمانانەی پاموک نووسیویەتی، ئەگەر هەمووی نەبێ ڕووداوەکانی لە ئەستەنبوڵدا ڕوودەدەن یا لە ئەستەنبوڵەوە دەست پێدەکات، هەندێکیان پشتی بە هەندێ لایەنی ژیانی خێزان وخزم و هاوسێ و برادەرانەوە بەستووە، هەندێکی دیکەشی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە بەر لەئەمڕۆ بە قووڵایی مێژوودا ڕوودەچێ و لەبەسەرهات و ژیانی کەسانێک و ئەو ڕووداوانەی بەسەریاندا تێپەڕیوە کەڵک وەردەگرێت. بڕێکی دیکەیان شاو میرەکانن، سەرباز و زانا و وێنە کێش و نەخشکەر و حەکایەتخوان و گەواد و گۆرانیبێژن.

ئەو نووسەرانەی کەوتنە داوی خۆشەویستی ئەستەنبوڵەوە و بەجێگا و شانۆی چنینی ڕۆمانەکانیان کردن پێیان نەکرا لە لایەنە زولوماتەکانی ئەم شارە خۆیان لادەن، لایەنە تاریک و نهێنیەکانی شار، خۆشی و کەیفسازی و بێ دەنگی و راحەتی سەر، لە هەموو شارێکدا هەن، بەڵام لە ئەستەنبوڵ هەمیشە لایەکی دیکە هەیە، کە لەسەر شاردنەوە و ئاڵۆزی و بێ هامتەقایی و سەیر و سەمەرەیی دڵەڕاوکێ و ئاڵۆزی بەندە."ئەجاسا کریستی" لە بارەی ئەستەنبوڵەوە ڕۆمانێکی نووسی. ئەو تاوانەی لەشەمەندەفەرە خێراکەی ڕۆژهەڵات ڕوویدا..

خانمە نووسەرێکی دیکەی ئینگلیزی "باربارا دیل" پابەندی ئەستەنبوڵ بوو، جارە جارە دەهات و تیایدا دەمایەوە. ڕۆمانەکەشی باس لەئەستەنبوڵ دەکات. ئەمیش چوون "ئەجاسا کریستی" ڕۆمانی پۆلیسی، ڕۆمانی تاوانی بەشێوازێکی گونجاو شیاو زانیوە بۆ گێڕانەوەی کەڵەکە بووە قووڵەکانی ناخی خوارەوەی شاری ئەستەنبوڵ، لە تەرزی شاکەسی"هیرکل بوارد"ی پیاوی پشکینەری ناو ڕۆمانەکەی "کریستی"، کەسێکی تورکی خوڵقاندووە "چەتین ئیکمەن" تا نهێنیەکانی تاوانەکان بدۆزێتەوە و تاوانباران ئاشکرا بکات.. "نادل" کەڵکی لەزانیاریە قوڵەکانی دەربارەی ئەستەنبوڵ و تورکیا وەرگرتووە و مێژووی تورکیا و لق و پۆپە بێ ژمارەکانی کردۆتە باکگراوندی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی. لەبەر ئەوە باشترین پاداشتی ڕۆمانی پۆلیسی مێژوویی وەدەست هێینا..

ئایا ئەستەنبوڵ کەرەستەی خەیاڵی وا لەبەر دەستی نووسەر دادەنێ بێ ئەوەی پێی بزانێ، بیخاتە نێو تۆڕی گێڕانەوەی پۆلیسی؟ ڕەنگە وابێ.. ئەمە پاموک دەگرێتەوە لە ڕۆمانی "ناوم سورەیە" دا ئەو ئێرەییەی لە دڵی نەخشەکەراندایە، هەریەکەو هەوڵی ڕازی بوونی دڵی سوڵتانیەتی. ئەمە پەلکێشی چنینی فێڵ و داو نانەوەیان دەکات دژی یەکتر. "پۆشتە" بە دەستی "أسود" دەکوژرێ، دوای دابڕانی چەندین ساڵ و گەڕانەوەی بۆ ئەستەنبوڵ.

کوژراوەکە لە ناو ئەو بیرەوە تێی فڕێدراوە دەدوێ، ڕووداوەکان لە ئەستەنبوڵی کۆتایی سەدەی شانزەدا ڕوودەدەن. کەسەکان لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا بەشداری دەکەن هەریەکە و لە بۆچوون و بینینی خۆیەوە دەدوێ، بە بکوژ و کوژراوەکەشەوە، گێڕانەوەی هونەر و مێژوو فێڵی کاربەدەستان و حەز و ئارەزووەکانی سوڵتان و هونەری ئەشکەنجە و ئازاردان و لەت و پەتکردنی تەرم و خنجیری بە خوێن سوور هەڵگەڕاو...

لە ڕۆمانی "بەفر"دا، "کا"ی شاکەسی ڕۆمانەکە، لە ئەستەنبوڵەوە بۆ "قارس" دەچێت، کە دەکەوێتە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی تورکیاوە لەسەر سنووری ئەرمینیا، "کا" لە فڕانکفۆرتەوە گەڕابووەوە، کە ساڵانێکی زۆری تیادا بەسەر بردووە. هاتووە کارێکی ڕۆژنامەگەری ئەنجام بدات، لەبارەی هەڵبژاردنی شارەوانیەوە و پەنا بردنی کچانی لەچک دار بۆ خۆکوشتن. لە شارەکەدا پرۆسەی کوشتن ئەنجام دەدرێت "کوشتنی سیاسی؟" دەزگا نهێنیەکان لە دووی بکوژەکە دەگەڕێن "کا" لەم سەر و بەندەدا دەستەوسانە و هیچی بۆ ناکرێت. هەموو شتێک جێگای مەترسییە، لە ژێر چاودێریدایە و لە گەڵێ لایەنەوە هەڕەشەی لێ دەکرێت. لە پۆلیسی نهێنییەوە لە لایەن کۆمەڵانی تیرۆریستەکانیشەوە. شار لە ژێر ترس و بومێکی بێ وێنەدایە. (سەرباری بارینی بەفرێکی زۆر کە نایکاتەوە و هەر دەبارێ) ترس و چاوەڕوانی و خۆ ئامادەکردن کون و قوژبنی شارەکەی گردۆتەوە. "کا"ی شاعیر و دڵ ناسک، هەمیشە ئیلهامی بۆ دێ، بەڵام بەرگەی ئەم دەورووبەرە خنکێنەرە ناگرێت.

لە "کتێبی ڕەش"دا، شاکەسی ڕۆمانەکە "غالب" لە خەو هەڵدەستێ بۆی دەردەکەوێت ژنەکەی دیار نییە. وایدادەنێ کە ڕەنگە بۆ ماڵی براکەی ڕۆیشتبێ "جەلالی" ڕۆژنامەنووس. بەڵام دەبینێ "جەلال" خۆیشی دیار نەماوە. غالب بە دوایاندا دەگەڕێ. بە پێچ و پەنا و کۆڵانە تەسکەکانی ئەستەنبوڵا دەگەڕێ. خۆی بە "جەلال" دادەنێت و بە ناوی "جەلال"ەوە لە ڕۆژنامەی "میللەت" ستونێکی ڕۆژانە دەنووسێ. هەروەکو جەلال هەڵس و کەوت دەکات، بیرکردنەوە و بۆچوونەکانی ئەو دەردەبڕێت بە تەمای ئەوەی سۆراخێکی دەست دەکەوێت و ئەو شوێنە دەدۆزێتەوە کە بۆی چووە. لە وتارەکانیدا ئاماژەش بۆ ژنەکەی دەکات کە لە ڕازی بگا و بگەڕێتەوە. تەلەفونێکی لە ژنێکەوە بۆ دێ ئەم وادەزانێ جەلالە. ژنەکە هاوڕێیەکی کۆنی جەلالە. پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەبووە بەر لەوەی وازی لێ بهێنێ. ژنە وا تێدەگات ئەو نامانەی ناو نووسینەکە داوایەکە بۆ گەڕانەوەی پەیوەندیان. مێردی ئەو ژنە دەکەوێتە دووی "غالب" تاکو شوێنی خۆ شاردنەوەکەی جەلال پێ بزانێ بەمەبەستی کوشتنی. لە کۆتاییدا جەلال



دەدۆزێتەوە، بەڵام بە کوژراوی لە کۆڵانێکی لاچەپدا فڕێدراوە، "ڕۆیا"ی خوشکی "ژنی غالب" ئەویش تەرمەکەی لە شوێنی "عەلائەدین"فڕێدراوە، کە غالب هەمووجارێ سەردانی ئەو شوێنە دەکات.

لە "ژیانێکی تازە"دا، کەسی ڕۆمانەکە "عوسمان" لە ڕێگای خوێندنەوەی کتێبێکەوە هەموو ژیانی دەگۆڕرێت. "جنان" هاوڕێی کۆلێجێتی بە هاوڕێیەکی دەناسێنێ "محەمەد". کەپێشتر کتێبەکەی خوێندۆتەوە. بەڵام "محەمەد" دەکوژرێت. عوسمان و جنان، لە گەشتێکی دوور و درێژ و پڕ زەحمەت لە بکوژەکە دەگەڕێن (لێرەش ئەم گەشتە دوور و درێژە لە گەشت و گەڕانەکەی غالب دەچێت ). باشە بکوژەکە چۆن بناسن؟ لە ڕێگای ئەوانەی ئەو کتێبەیان خوێندۆتەوە.. لە شارێکدا چاوییان بە دکتۆرێک دەکەوێت. دەڵێ کوڕەکەی ناوی "محەمەد"ە (ئایا ئەو محەمەدەیە کە لە زانکۆکە کوژراوە؟). کوژراوە چونکی کتێبێکی خوێندۆتەوە. (باشە کتێبەکە ناوی چییە؟) بۆ ئەوەی بکوژەکە بدۆزێتەوە و ئەو تاوانە ڕاگرێ، یەکێک ڕادەسپێرێ ئەوانەی کتێبەکەیان خوێندۆتەوە بکوژرێن. (ئایا دەبێ عوسمانیش بکوژێ؟). بەڵام عوسمان بۆی دەردەکەوێت محەمەد نەکوژراوە، بڕیار دەدا خۆی محەمەد بکوژێ.

لە "قەڵای سپی"دا، خۆمان لە ئەستەنبوڵی سەدەی هەڤدەهەم دەبینینەوە. هەرچەندە لێرەدا تاوانی کوشتن بە مانا جینایییەکەی نییە. بەڵام حیکایەتەکە سەرتاپا، لەسەر تاوانی دەست بەسەرا گرتن بەسەر کەشتیەکی ئیتالیدا دامەزراوە. کە بەرە و ناپۆلی دەڕۆیشتن. دزەکانی دەریا دەستی بەسەرا دەگرن و دەریاوانەکان دەکوژن و یەکێکیان دەبەن و لە بازاڕی کۆیلە فرۆشاندا دەیفرۆشن، زانایەکی تورک "خۆجە عوسمان -لێرەشدا هەر عوسمانە-" دەیکڕێت.

لەیەکەم ڕۆمانی پاموکدا "جەودەت بەگ و کوڕەکانی" هەروەها لە دوا ڕطۆمانیشیدا "مۆزەی بێ تاوانیدا" ڕووداوەکان دووور لە تاوان ڕوو دەدەن . هەرچەنێ لە دوورە ئاماژە بۆ هەندێ حەکایەت دەکات کە پەیوەندی بە تاوانەوە هەیە. لێرەدا ڕووداوی لایەنە پرشنگدارەکانی ئەستەنبوڵ ڕوودەدات. کەش و هەوای خێزانە بەختەوەرەکانە، کە خۆشی ژیانی شاری ئەستەنبوڵ دەچێژن، لێرەدا دەردەکەوێت، لایەنی ڕووداوی پۆلیسی بەسەر زۆربەی ڕۆمانەکانی "پاموک"دا زاڵە. ڕۆمانەکانی ریتمێکی لەسەر خۆی هەیە. پڕن لە چاوەڕوانی و دوودڵی و بەیەکا چوون و ئاڵۆزی دەزووی ڕووداوەکان، نهێنی پرش و بڵاو، ڕووداوەکانی تاوان و کوشتن لە پشت پەردەوە ڕوو دەدەن. بە شێوەیەکی نهێنی و ئاڵۆز. بە پێچەوانەی ڕۆمانەکانی "یاشار کەمال"ەوە کە لە لادێدا ڕوو دەدەن. تاوانەکانی کوشتن تیایاندا بە ئاشکرا و لەبەرچاوی هەمووان ڕوودەدەن و بەبێ ئاڵۆزی و پێچ و پەنا.. بکوژێ شار، شاری پاموک، هەوڵ دەدات کەس نەیناسێت. تاوانێک دەکا و هەڵدێ، هەوڵ دەدا هیچ بەڵگەیەک لە دوای خۆی بەجێ نەهێڵێ. بەڵام بکوژ لەلای "یاشار کەمال" دەست دەداتە چەک، خەنجەر هەڵدەکێشێ دەچێتە مەیدان و کوژراوەکەش ئاگادار دەکاتەوە و لە پێش چاوی هەمووان ئەو کارە ئەنجام دەدات، شانازی پێوە دەکات، ناترسێ، بکوژەکەی لەسەر زەوی تەخت کردووە و خەڵتانی خوێنی کردووە و بێ باک لێی دەدا و بەرچاوی خەڵکەکەوە دەڕوات.

بکوژی شار لە لای پاموک تاوانبارە. بکوژی لادێ لەلای یەشار کەمال، قارەمانە.

و: ئاینده

لە (دار الحياه)ەوە

٢٤ ئاب ٢٠١٠

* وەکو ئەوەی لە ڕۆمانی "دەریا تۆرا"دا ڕوویداوە (ئەحمەد).



# گەوهەری کۆشک و هونەری وەرگێڕانی دراما و دۆبلاژ

سۆران حەمە رەئوف
ئا: ئیدریس عەلی

زنجیرە درامای ( گەوهەری کۆشک) لەیەکەم ئەڵقەیەوە توانی بینەرێکی زۆر لەخۆی کۆبکاتەوە، ئەگەر بوونی ئەو بینەرە زۆرە پەیوەندی بە ئاستبەرزی لایەنی هونەری دراماکەوە هەبێت، ئەوا لەلایەکی ترەوە پەیوەندی بەخودی وەرگێڕانو دۆبلاژکردنی ئیشەکەوە هەیە بەزمانی کوردی.

وەرگێڕی زنجیرە درامای گەوهەری کۆشک (سۆران محەمەد رەئووف) پێشتر کاری لەبەرنامەی (دۆکیۆمێنتی – مێژوویی – کولتوریی)دا کردووە، ئێستاش وەک دەرهێنەر و بەرهەمهێنی بەشی میدیای رێکخراوی هارتلاند ئەڵایەنس کار دەکات و سەرپەرشتیاری گشتی گرووپی درامای شەمە، لەم دیدارەدا ناوبراو تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی وەرگێڕانی گەوهەری کۆشک.

×سەرەتا چۆن بیرت لە وەرگێڕانی ( گەوهەری کۆشک ) کردەوەو گرنگی ئەم درامایە بۆ بینەری کورد لەچیدایە؟

–لە راستیدا وەک بیرکردنەوە بۆ وەرگێڕانی درامای گەوهەری کۆشک، من هیچ پلانێکی پێشوەختم نەبوو بۆی و دەکرێ بووترێ کە ئەم کارەم بە رێکەوت کرد، چونکە بەر لەمن دەقی ئەم درامایە درابوو بە چەند بەڕێزێکی تر بۆ ئەوەی کاری وەرگێڕانی بۆ بکەن و چەند ئەڵقەیەکیشی لێ وەرگێڕدرابوو، بەڵام لەکاتی ریکۆرد کردنی ئەڵقەی یەکەمدا بەزەقیی کێشەی لیپسن دروست دەبوو، واتە (قسەکان لەگەڵ لێو، یان جووڵەی دەمی ئەکتەرە کۆرییەکاندا ڕێکنەدەکەوت) و جیاوازییەکە ئەوەندە زۆر بوو کە بەسێ رۆژ نەتوانرا ئەڵقەی یەکەم دۆبلاژ بکرێ و زۆرێک لە رستەکانی دەقە کوردییەکە درێژتر بوون لە ماوەی لیپسنی ڤیدیۆکان، دیارە لێرەدا پێویستە ڕوونکردنەوەیەک بدەم لەبارەی هۆکاری ئەو جیاوازییە لە لیپسندا، کە ئەویش ئەوەیە

هۆکاری ئەو جیاوازییە گەورە و زەقە لە لیپسندا وەرگێڕەکان نەبوون، بەڵکو هۆکارەکە خودی تێکستە عەرەبییەکە بوو، چونکە ئەو تێکستە، تێکستە خامەکەی وەرگێڕە عەرەبییەکە بوو نەک تێکستی پاش دۆبلاژ، بۆیە پێویست بوو وەرگێڕانی ئەو درامایە، واتە گەوهەری کۆشک لە ڕێگەی ڤیدیۆییەوە بکرایە نەک لە ڕێگەی تێکستەوە، واتە دەبوو گوێ لە ڤیدیۆکە بگیرایەو لەگەڵ وێنەکان، یان گرتەکاندا کاری وەرگێڕانی بۆ بکرایە، لە سەرەتادا داوا لە من کرا کە وەک ئەکتەر بەشدار بم لە دۆبلاژی دراماکەدا، بەڵام پاش ئەوەی کە چەند ڕەخنەیەکم لە تێکستە کوردیەکان گرت و پێشنیارم کرد کە لە ڤیدیۆکەوە کاری وەرگێران بۆ دراماکە بکرێ، لە لایەن هاوڕێ مستەفاو ئەحمەد ناتقەوە داوام لێکرا کە خۆم کاری وەرگێرانی دراماکە بکەم و بەم شێوەیە دەستمکرد بە وەرگێرانی دراماکە.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکە کە گرنگی درامای گەوهەری کۆشک بۆ بینەری کورد لە چیدایە؟. بەڕای من ئەم درامایە، یان ئەم شێوەکارە لە دۆبلاژی دراما‌دا، هەنگاوێکی زۆر گەورەیە لە هونەری دۆبلاژی کوردیدا و بەتایبەت لە کوردستانی باشووردا و دەتوانم بڵێم کە تا ئێستا ئەمە یەکەمکارە کە بەو شێوە پرۆفیشناڵییە ئەنجامدرابێ، یان بەرهەمهێنرابێ و هەموومان شایەتی ئەو ڕاستییەین کە تا ئێستا زۆربەی بەرهەمە دۆبلاژ کراوەکان لە ئاستی پێویستدا نەبوون، چ لە ڕوویی لیپسنەوەو چ لە ڕووی زمانی وەرگێڕان و دەنگ و ئەدائی کەسایەتییەکانی ناو درامەکەشەوە، من پێموایە بینەر و بەتایبەت ئەو بینەرانەی کە شارەزاییان نییە لەو کارە هونەرییانەدا، هەتا بەرهەمێکی باش نەبینن ناتوانن بڕیاری تەواو لەسەر بەرهەمە خراپەکان، یان لاوازەکان بدەن، بۆیە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بوو بە ڕێنیشاندەرێک بۆ ئەو جۆرە لە بینەران کە باسملێکرد، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بتوانن باشتر بەرهەمی دۆبلاژ کراو هەڵسەنگێنن. جگە لەوانەش ئاشکرایە کە دراما ئامرازێکی زۆر پێویستە بۆ ئەو کەناڵانەی کە پەیڕەوو پرۆگرامەکانیان ڕێگەی پەخشکردنی درامای پێداون، هەروەها پێویستییەکی گەورەی ژیانی مرۆڤە لە جیهانی میدیادا و دەتوانم بڵێم کە بوون و پەخشکردنی درامای باش، جا لە هەر کەناڵێکەوە بێت، یەکسانە بە زیاتر نزیک کردنەوەو زیادکردنی ڕێژەی بینەری کەناڵەکە، بۆیە دەتوانم بڵێم کە گرنگی بەرهەمهێنان و پەخشکردنی ئەم درامایە لەوەشدایە کە پێویستییەکی گەورەی بینەری کوردی تێرکردووە، چونکە ئێستا لە کوردستاندا و سەرەڕای بەرهەمە خۆماڵییەکان و ئەو کارە باشانەی کە دەکرێن بۆ بەرهەمهێنانی درامای کوردی، بەڵام هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە پێویستی بینەری کورد لەو ڕووەوە تێر بکات.

×زەحمەتو ڕێگریە هونەریەکانی بەردەم وەرگێرانی ئەم درامایە چیبوون، باسی ئەو قۆناغانە بکە کە تێیدا پرۆسەکەت ئەنجامدا؟

–وەڵامی ئەم پرسیارەت بە گشتی ئەدەمەوە، بەڕاستی وەرگێرانی ئەم درامایە زەحمەتێکی زۆری هەبوو و زۆر ماندوو بووم لەگەڵیدا تا تەواوم کرد، یەکێک لەو هۆکارانەی کە بوو بەهۆی ئەوەی زەحمەتی زۆری لەگەڵدا بکێشم کەمیی ماوە بوو، ئێمە و بە تایبەت من ماوەیەکی زۆر کەمم لەبەردەمدا بوو بۆ تەواو کردنی وەرگێرانی دراماکە و کەمیی ماوەکە بەشێوەیەک بوو کە دەبووایە ڕۆژانە کاری وەرگێرانم بۆ ئەڵقەیەک بکردایە و دەبووایە وەرگێرانی دراماکە لە ماوەی ٢ مانگ و نیودا تەواوببووایە، لەکاتێکدا دراماکە ٥٤ ئەڵقەیە.

لە ڕووی هونەریشەوە تووشی زەحمەت و ماندوو بوون بوومەوە، بۆ نموونەو وەک باسمکرد دەبوو کاری وەرگێرانم لە ڕێگەی تەماشاکردن و گوێگرتن لە ڤیدیۆکەوە ئەنجامبدایە، بۆ ئەمەش من هەموو دیالۆگ و گرتەیەی ناو دراماکەم چەند جارێک دووبارە کردۆتەوە، واتە بۆ هەر چەند وشەیەک وێنەکەم ڕاگرتووەو چەند جارێک گەڕاومەتەوە سەری، بۆ ئەوەی بە تەواوی لە دیالۆگەکە بگەم و دواتر کاری وەرگێرانم کردووەو بەم شێوەیە لەسەرەتاوە تا کۆتایی کاری وەرگێرانم بۆ (گەوهەری کۆشک) ئەنجامدا، ئەمەش جگە لەوەی کاتی زۆری لێداگیر دەکردم، لەڕووی جەستەییشەوە زۆر ماندوو دەبووم بەدەستییەوە.

هەروەها خاڵێکیتر کە ماندوو بووم بە دەستییەوە، ڕێکخستنی لیپسن بوو، ئاشکرایە شێوازی قسە کردن و لێو جووڵاندن و خێرایی و خاویی لە قسەکردندا هەروەها کورتیی و درێژیی وشە، لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر و لەگەڵ کۆمەڵێکی تر جیاوازی هەیە، گەوهەری کۆشکیش درامایەکی کۆرییە و ئێمە لە ڕووی شێوازی قسەکردنمان و کورتو درێژی وشەکانمانەوە جیاوازی زۆرمان هەیە لەگەڵ خەڵکی کۆریادا، بۆ نموونەو ئێمە زۆربەی وشەکانمان لە وشەکانی ئەوان درێژترە، هەروەها ئێمە لە کۆتایی زۆربەی قسەکانماندا، یان دەممان دائەخەین، یان دەممان نزیک ئەبێتەوە لە داخستن، بەڵام ئەوان لەزۆربەی کاتەکاندا کۆتایی قسەکانیان بەشێوەیەک دێ کە دەمیان بکەنەوە، ئەمەش زۆر ماندووی کردم بۆ ئەوەی هەوڵ بدەم لیپسن ڕێکبخەم و هەمیشە وشەیەک دانێم کە ماناکە نەشێوێنێ و لەگەڵ جووڵەی لێویشدا ڕێکبێت، هەرچەندە ئەمە کاری وەرگێڕ نییە وەرگێڕ تەنها ئەوەی لەسەرە کە تێکست وەربگێڕێ، بەڵام لە ڕاستیدا من خۆم پێمخۆش بوو ئەو کارە بکەم، ئەوەش دوو هۆکاری هەبوو کە یەکێکیان حەزی خۆم بوو بۆ ئەوەی کاری دۆبلاژەکە زۆر جوان بەرهەمبهێنرێ و بینەر لێی ڕازی بن و ببێتە کارێکی باش لە مێژووی

ئەزموونەکانی ژیانمدا، هۆکارەکەی تریش کە هاندەرم بوو، خۆشەویستیم بوو بۆ کەناڵی کوردسات، دیارە مەبەستم ئەوەیە کە دڵنیابووم کارەکە لە کەناڵی کوردسات پەخشدەکرێ و منیش هەوڵی ئەوەم دا کە کارێک بکەم شیاوبێ بۆ پەخشکردن لەرێگەی ئەو کەناڵە خۆشەویستەوە.

هەروەها یەکێکیتر لەو خاڵانەی کە بوو بەهۆی زۆر ماندووکردنم، درێژی ماوەی ئەڵقەکانی گەوهەری کۆشک و زۆری دیالۆگی ناو ئەڵقەکان بوو، چونکە هیچ ئەڵقەیەکی لە (٥٥) خولەک کەمتر نەبوو، هەروەها لەم درامایەدا ماوەی مۆسیقا کردنەوە زۆر کەم بوو، تەنها جارجارێک مۆسیقا بەبێ دیالۆگ ئەرۆیشت و ئیتر هەمووی ئەو (٥٥) خولەکە دیالۆگ بوو، دیالۆگەکانیش بەشێوەیەک زۆر بوون کە هەر ئەڵقەیەک نزیکەی (٥٥٠٠ بۆ ٧٠٠٠) وشە ئەبوون.

سەبارەت بە قۆناغەکانی ئەنجامدانی وەرگێڕانی گەوهەری کۆشک، پێموایە لە قسەکانی پێشومدا باسملێ کردووەو تەنها خاڵ کە مابێ باسیبکەم، ئەوەیە کە رۆژانە بۆ وەرگێرانی هەر ئەڵقەیەک لە (١٠) سەعات کەمترم پێنەدەچوو، زۆربەی رۆژەکان لە ٦ یان ٧ی ئێوارەوە دەستم بەکار دەکرد تا ٦ یان ٧ ی بەرە بەیان بەردەوام دەبووم.

×ئەم درامایە بینەرێکی زۆری هەیە، بەتایبەت خەڵکانێکی زۆر لەزمانی وەرگێڕانەکە رازین، تۆخۆت وەک وەرگێڕی ئەم بەرهەمە هەستت چییە کاتێک ئەم سەرکەوتنە دەبینی.

–لەڕاستیدا لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوودا وتم: ئامانجێکی گەورەم ئەوەبووە کە بینەر رازی بن لە کاری وەرگێڕان و لە بەرهەمەکە، ئێستا ئەو ڕازی بوونە زۆرەی بینەر لەکارەکە و زمانی وەرگێڕانی گەوهەری کۆشک و بەتایبەت کەسانی وەک بەڕێزتان پاداشتێکی گەورەیە بۆ من، ئەوەی کە زۆر خۆشحاڵی کردووم ئەوەیە کە ئەمە یەکەم ئەزموونی ژیانم بوو لە وەرگێڕاندا، مەبەستم ئەوەیە تا ئێستا هیچ کارێکی وەرگێڕانم نەکردووە بۆ بڵاو کردنەوە، جا چ دەق بووبێ، یان دراما و فیلم و ئەمەش مایەی گەورەییە بۆ من کە بینەر لە کارەکەم ڕازی بن، لەکاتێکدا کە یەکەم ئەزموونمبێ لە کاری وەرگێڕاندا.

×دواجار پێمان خۆشە حیکمەتەکانی ئەم درامایە باسبکەیت بۆ خوێنەر، بەکورتی ئەم درامایە جگە لەرەهەندە هونەریی‌و ئیستێتیکییەکەی، چ حیکمەتێکی تری تێدایە بۆ بینەری کورد ؟

–ئەم پرسیارە زۆر لە جێی خۆی بوو، چونکە هەر لەسەرەتاوە باسمان لە کاری وەرگێڕان کردووە و ئەم پرسیارە بوو بە دەرفەتێک بۆ ئەوەی ئەو راستییە بڵێم کە هۆکاری رازی بوونی بینەر لە گەوهەری کۆشک و بوونی ئەو ڕێژە زۆرە لە بینەری، چ لەناو خێزانەکانداو چ لەو کۆبوونەوەو تەماشاکردنەی بە دەستە جەمعی لە شوێنە گشتییەکاندا، پێش باشی کاری دۆبلاژ و وەرگێڕانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەرهێنانی دراماکە، بەشێوەیەکی زۆر باش و داهێنەرانە، هەروەها جوانی چیرۆک و سیناریۆی دراماکە، بەرای من هونەری دۆبلاژو وەرگێڕانی دراما هیچ کات سەرکەوتوو نابێ ئەگەر خودی دراماکە لە ڕووی هونەرییەوە کاری باشی بۆ نەکرابێ و جوان نەبێ، لە راستیدا حیکمەتی ئەم درامایە دیسانەوە چاوکرانەوەیەکی ترە بۆ بینەری کورد بەگشتی و دیسانەوە دەتوانم بڵێم کە گەوهەری کۆشک و درامای لەم جۆرە ڕێنیشاندەرە بۆ ئەوەی کە بە بینەر بڵێ دراما دەبێ چۆنبێ و چۆن کاری دەرهێنان و نووسینی سیناریۆی بۆ بکرێ، دیارە مەبەستم پێوتن نییە لە ڕووی ئەکادیمییەوەو مەبەستم ئەوەیە بینەر چاوی بکرێتەوە بەڕووی بریاردان لەسەر باشیی و لاوازیی دراما و دەرهێنانی دراما‌دا، چونکە بەداخەوە ئێمەی بینەری کورد هەتا چاومان لە بەرهەمێکی باشی خۆماڵی دەبێ، چاومان لە زیاتر لەبەرهەمێکی خراپ دەبێ، ئەمەش بەراستی جگە لەوەی زیانێکی گەورەیە بە مێژووی هونەری کوردی، زیانێکیشە بە چاو و مێشک و هەستی بینەری کورد، بۆ نموونە ئێمە درامای کوردیمان بینیوە کە لەسەرەتای دراماکەوە تا کۆتایی دراماکە دوو ڕووداوو دوو گرێی تیا نەبووە، کۆتاییەکی بێ مانا، یان سادەشی هەبووە، لەکاتێکیشدا ڕەگەزێکی گەورەی دراما ( ڕووداوو گرێیە)، بۆ نموونە لە گەوهەری کۆشکا بە دەگمەن ئەڵقەیەک دەبینی کە چەند ڕووداوێکی تیا نەبێ و کۆتایی زۆربەی ئەڵقەکانیش بەشێوەیەکە کە وا لە بینەر دەکات بەشەوقەوە چاوەڕوانی ئەڵقەی دواتری بکات، ئەم قسانەم لە ڕەشبینییەوە نییەو بگرە ئێستا دۆبلاژ و پەخشکردنی درامایەکی لەو چەشنە لە کەناڵێکی کوردییەوە هاندەرێکی گەورەیە بۆ ئەوەی ئیتر بەرهەمەکانی خۆشمان باشتر ببن و ئێمە کەسی زۆر بەتوانا و لێهاتوومان هەیەو خەڵکێکی زۆریشمان هەیە کە ئەگەر بێت و دەرگایەک بە ڕوویاندا بکرێتەوە، ئەوا ئەوانیش وزەیەکی زۆر گەورەی خۆیان دەخەنە کار، کە پێشتر نەیانتوانیوە ڕێگەیەک بدۆزنەوە بۆ بەکارهێنانی ئەو توانا و وزەیەیان.

کۆی ئەم درامایە جگە لەوەی بەریەککەوتنی لەگەڵ زۆربەی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤدا کردووە، چ لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بێ، یان لەڕووی گەمەی سیاسی و تەکەتولات‌و چاڵ هەڵکەندن و..هتد، مەسجێکی زۆر جوان‌و گەورەیە بۆ هەموو دونیا و ئەوەی کە منی زۆر خۆشحاڵ کرد ئەوە بوو کە گەوهەری کۆشک بەدەنگێکی بەرز بە هەموو خەڵک ئەڵێ: (نا بۆ توندوتیژی جێندەری و توندوتیژی دژی ژنان) و ئەڵێ: (ژن و پیاو لە هەموو کاتێکدا یەکسانن)، لەو درامایەدا باس لەوە دەکرێ کە چۆن لە سەدەی شانزەدا کچێکی بەتوانا و لێهاتوو بەناوی (جۆن گۆم)ەوە توانی بوونی خۆی بسەلمێنێ و توانی کۆمەڵێ کار

بکات کە نەک لە ئاستی کاری پیاوەکاندا بووە، بگرە پیاوەکان پەککەوتە بوون لەئاست ئەو کارانەی ئەودا، ریزێکی گەورەشی بۆژن دروستکردووە. لە دیدی کۆمەڵگەی ئەو کاتەی لاتی کۆریادا، بەراستی ئەمەش مەسجێکی زۆر گرنگە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە و بەتایبەت بۆ ئەو پیاوانەی کە بە چاوێکی کەمو بێنرخ ئەڕواننە ژن و پێیان وانییە کە ژن وەکو پیاوی پێ بکرێت.

×ئەگەر ئاگاداربیت پرۆسەی دەنگ تۆمارکردنی دۆبلاژەکە چۆن بوو، هەروەها باسی وردەکاریەکانمان بۆ بکە، ئایا لەراستیدا پرۆسەی دۆبلاژکردن هونەرێکە ئاسانە، یان زەحمەتو ماندووبوونو ئاستی رۆشنبیری دەوێت ؟.

–پێم خۆش بوو ئەم پرسیارە لەکەسێکیتر بکرایە، لە ستافی دۆبلاژەکە و بەتایبەت پێمخۆش بوو ئەحمەد ناتق وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، بەهەر حاڵ من دوورو نزیک ئاگاداری پرۆسەی دۆبلاژکردنی گەهەری کۆشک بووم، چونکە وەک باسمکرد من دەبووایە هەموو رۆژێک ئەڵقەیەکم وەربگێرایەو ئەوانیش رۆژی دواتر ریکۆردیان دەکرد و لەبەر ئەوەش زۆر جار دەچوومە ستۆدیۆی خاک و ئاگاداری پرۆسەی دۆبلاژەکە دەبووم، بەڵام من بە دوو حوکم وەڵامی پرسیارەکەت دەدەمەوە، کە یەکێکیان ئاگاداربوونم بوو لە پرۆسەی دۆبلاژەکە و ئەوی تریشیان ئەزموونمە لەبواری دەرهێنان و راگەیاندندا.

پرۆسەی دۆبلاژەکە لە ستۆدیۆی تەلەفزیۆنی خاک جێبەجێدەکراو هاورێ مستەفا سەرپەرشتیاری پرۆسەکە بوو، (ئەحمەد ناتق)یش کاری جێبەجێکردن و دەرهێنانی دۆبلاژەکەی دەکرد، پرۆسەی دۆبلاژەکە رۆژانە و لە کاتژمێر چوارەوە دەستی پێدەکردو شەو درەنگانێک ئەڵقەیەک تەواو دەکرا، لێرەدا یەک خاڵی زۆر گرنگ هەیە کە باس بکرێ و ئەویش ئەوەیە کە کاری نواندن لە پرۆسەی دۆبلاژەکەدا تەنها لە رێگەی (١٣) ئەکتەرەوە کرا، لە کاتێکدا هەموو بینەر دەزانن کە گەوهەری کۆشک زۆر لەو رێژەیە زیاتر ئەکتەری تیدایە، ئەمەش بەراستی دەگەرێتەوە بۆ لێهاتوویی و بەتوانایی ئەو ١٣ ئەکتەرە بەرێزەو من شایەتی ئەو راستییەم کە ئەگەر ئەوان نەبوونایە مەحاڵ بوو گەوهەری کۆشک بە سیانزە ئەکتەرەوە دۆبلاژ بکرایە، ئەوان ئەوەندە بەتوانا بوون کە زۆربەیان زیاتر لە رۆڵێیک و دوو رۆڵی بینیوەو زۆر بەکەمییش هەست بە دووبارە بوونەوەی دەنگەکان کراوە، جگە لەوەی کە هەر یەکێکیان زۆر لێهاتووانە چونیەک (أقتباس)ی کارەکتەرە سەرەکییەکی خۆیان کردووە، لەمەشەوە زۆر پێویستە باسی رۆڵی ئەحمەد ناتق بکرێ چ لە هەڵبژاردنی ئەو ئەکتەرە بە توانایانەدا و چ لەوەدا کە ئەو هێندەی ئەندشزیارێکی ئەکادمیی دەنگ، بەتوانایەو شارەزایانە کاری کردووە لە بەرهەمهێنانی گەوهەری کۆشکدا.

هونەری دۆبلاژ کارێکی ئاسان نییە و کێشەیە ئەگەر دۆبلاژی دراما بەکارێکی ئاسان بزانرێ، لەڕاستیدا زەحمەت و ماندوو بوونێکی یەکجار زۆری ئەوێ و لەبری ئاستی رۆشنبیری ئەکرێ بووترێ کە ئەزموون و شارەزایی پێشوەختی ئەوێ.

×پرۆسەی وەرگێرانی گەوهەری کۆشک هیچ تایبەتمەندییەکی تیابوو؟. یان هیچ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ وەرگێرانی درامایەکی تردا ؟

–هەرچەندە ئەمە یەکەم ئەزموونم بوو لە وەرگێرانی درامادا، بەڵام بە دڵنیاییەوە جیاوازییەکی زۆر گەورەی هەیە لەگەڵ وەرگێرانی درامایەکی تردا، چونکە هەموومان دەزانین کە زۆربەی هەرە زۆری دراماکان زیاتر کۆمەڵایەتی و سیاسین و دیالۆگەکانیش لەو رووانەوەن، بەڵام لە گەوهەری کۆشکدا رێژیەکی زۆر لە زاراوەی پزیشکی و زانستی پزیشکی گژوگیای تیا بەکار هاتبوو، کە ئەمەش زۆر ماندووی کردم بۆ ئەوەی ماناکانیان لە زمانی کوردیدا بدۆزمەوە، جگە لەوەی کە زۆر وشە هەبوون کە قورس بوو لە زمانی کوردیدا بەرامبەرەکەی بدۆزیتەوە.

×تۆ جگە لە وەرگێران هیچ کارێکی ترت کردووە لە پرۆسەی دۆبلاژی گەوهەری کۆشکدا ؟.

–نەخێر، چەند کارێکی تریشم کرد، کە لە ڕاستیدا کاری من نەبوون، بەڵام وەک باسمکرد حەزکردم بۆ باشی بەرهەمەکە وایلێکردم ئەوانە بکەم کە یەکێکیان رێکخستنی (لیپسن) بوو لەکاتی وەرگێراندا و پێشتر باسی ئەمەم کرد، ئەوەی تریشیان ئەوە بوو، کە دۆبلاژە عەرەبیەکەی گەوهەری کۆشک کۆمەڵێ هەڵەی زەقی تیادا بوو، من زۆرم لەلا سەیر بوو کە کەناڵێکی پێش کەوتووی وەک (MBC) ئەو هەموو هەڵەیەی بەسەردا تێپەرێ و من زیاتر لە ٢٠ هەڵەی ئەکادیمیم لای خۆم تۆمار کردووە کە لە دۆبلاژە عەرەبیەکدا هەبوون وەک (قسەی دژ یەک)، واتە لە شوێنێکدا قسەیەک دەکرا و دواتر قسەیەکی تر دەکرا، کە پێچەوانەی ئەوی پێشتر بوو، یان جیاوازی هەبوو لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا کە پێشتر لە دراماکەدا باسی لێ کرابوو، هەروەها زۆر جار لە عەرەبیەکەدا بەهەڵە ناوی ئەکتەرەکان دەوترایەوە، بۆ نموونە بە (مین جانگ هو) وتراوە (ۆن بایک) کە (ۆن بایک) ناوی پزیشکەکەیە، جگە لەوانەش لە عەرەبیەکەدا هەندێک بەشی کورتی لێ دەرکرابوو کە ئەمەش ببووە هۆی دروستکردنی (Jump) لەکاری مۆنتاژدا، هەروەها هەڵەی ڕاکواری دروستکردبوو، من هەموو ئەڵقەیەک ئەو هەڵانەم بە تێبینی دەنووسییەوە و دەمنارد بۆ ستافی دۆبلاژەکە.

لە کۆتاییدا پێمخۆشە سوپاسێکی زۆری خێزانی زۆر خۆشەویستم (سوزان) بکەم کە هاوکاری زۆری کردم لە کاتی وەرگێرانی گەوهەری کۆشکدا.



# دەقی شیعریی: گوتاری شیعریی

## هەندرێن

شیعر چێژەکەی لە کۆتاییدا دەبەخشێت. بە واتایەکی تر: شیعر لە کۆتاییەکەیدا گوتارەکەی، کۆی رایەڵە ماریفیی و جوانناسییەکانی چڕدەکاتەوە، تاکو ئاسۆیەک بەرەو ژیانێکی شکۆمەند ئاوەڵا بکاتەوە. لێ مەرج نییە هەموو شیعرێک ئەو کردەیە تەنیا لە کۆتاییدا چڕبکاتەوە.

شیعر لە بێدەنگییدا خودی ئەو کردەیە ئەنجام دەدات. ئەو کردەیەش مەرجی سەرکەوتنی شیعرە، تاکو بتوانێت ئەو واتایانە جەختبکاتەوە کە ئەفراندوویەتی. بەو شێوەیە شیعر سەفەرەکەی بەرەو داهێنانی دەڤەرە نوێیەکانەوە دەست پێدەکات. کەواتە شیعر پرۆسەیەکە لە بوونێکی هەمیشە بەڕێوە. شیعر لەو پرۆسەیەدا بە ویستێکی ئەڤیندارانەوە دەخوازێ بە دابڕان لەو دۆخەی قەتیسماوەی هەنووکەدا، روحێکی نوێ بە ئایندەی مرۆڤ ببەخشێ.

لەو کاتەی کە مرۆڤ لەم رۆژگارە کلۆڵەدا لە رەوتەکەیدا بەرەو ئاییندەکەیەوە، هەست بە سەرگەردانی و دۆشدامان دەکا. دەکرێ لە رۆژگارێکی ئەوها کلۆڵدا نیشتەجێبوون لە زمانی شکۆمەندی شیعر، واتای تەرزە هەڵوێستێکی بەرهەڵستکاریی بێت لە هەمبەر ئەو دۆخە بێماڵییەی کە جڤاکی کوردیی و بگرە جیهانیشی گەمارۆداوە.

لە پرۆسەی شیعراندندا پەرۆشییەخودییەکانی شاعیر ئاوێتەی وێنە، رامان و شەپۆلەکانی زمانەکەی دەبن. بەمجۆرە ئەوە ئاستی پێکهاتە دەروونیی و ئاوەزییەکانی شاعیرە کە ئەزموونە شیعرییەکەی رەگرێژ دەکەن.

دیارە ئەگەر شاعیر تایبەتمەندییە دەروونیی و ئاوەزییەکەی خۆی بکات بە کرۆکی بابەتە شیعرییەکانی، ئەوە دەکارێ وزەیەکی زیندوو، خۆکرد بە ئەزموونە شیعرییەکەی ببەخشێت. سازکردنی ئەو بابەتە خودییانە، ئاسۆیەکی تر بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەزموونی شیعریی تر فەراهەم دەکەن و دەرسکێنن.

دەقی شیعریی، بە گشتی، لە پرۆسە و شێوازە شیعرییەکەیدا دەست و پەنجە لەگەڵ ئەو ژیانە دەرەکییەی کە هەموو کەسێک دەیبینێ نەرمناکاتەوە، بەڵکو لە وێنەکردنەکەیدا ئاماژەکانی ژیان و جیهانە ناوەکییەکانی ناو خودی زمان چڕدەکاتەوە و رادەگەیەنێت.

لە کردەی شیعرییدا تخووبی مەیلە تاکەکەسییەکان ئەو مەرجگەلە گرینگە نین کە پێش دەست پێکردنی پرۆسەی نووسینی شیعر رابگەیەنرێن، بەڵکو ئەوەی کە لە دەستپێکی سەرهەڵگرتنی سەفەری شیعرەوە گرینگە، زمانی شاعیر، گوتاری شیعریی و گشت ئەو شوێنپێیانەیە کە لە دوای سەفەرەکەیەوە نمایشیان دەکات. ئەزموونی تاکەکەسیی شاعیر کە سەرچاوەیەکە بۆ خەملاندنی ژیان، دەبن بە هێزێک بۆ توانای گۆڕانێکی بزۆکی شیعریی و پەیوەندییەکانی شاعیر بە دەوروبەرەکەی خۆیەوە.

بەمجۆرە کاریگەریی دەقێکی شیعریی، وەک پرۆسەی هۆنینەوەی مافوورێک، لە پرۆسەی کۆپلە بە کۆپلەی هزرینەکەیدا دێتە کایەوە.

بەمجۆرە هەر دەقێکی شیعریی بە دوای گەیشتن بە یەکایەتییەک لە خۆیدا رێدەکا. لێ بۆ ئەوەی ئەو دەقە شیعرییە بتوانێت ئەزموونێکی فراژوو بەرجەستە بکاتەوە، دەبێ خۆی بە کۆی دەقە شیعرییەکانی ترەوە گرێبدات. کەواتەدەکرێ بێژین، دەقە شیعرییەکان دیمەنگەلێکن لە کۆپلە کۆپلەی کۆی ئەزموونی شیعریی شاعیرێک. لێرەوە یەکایەتی ئەو ئەزموونە شیعرییەی شاعیر، فرەرەهەند و لێکچڕژاوە.

مەیلی چێژی جوانیی، ویستی چڕکردنەوەی خود لە ئادینتیتێت (ناسنامە)یەکی شیعریی، زمانێکی شیعریی خۆکرددا، بەندە بە ئاستی نیگەرانییەکانی شاعیر لەمەڕ رۆشنبیرییەکەی خۆیدا. ئەگەر شاعیر لە پرۆسەی شیعرییەکەیدا نەیتوانی هێدی هێدی ئەو ناسنامە خودییە دەستەبەر بکات، وێدەچێ ئەو شاعیرە خاوەن ئەزموونێکی شیعریی جیاواز نەبێت کە مایەی هزرلێکردنەوە بێت.

پرسی دەستاوێژ، میتۆدی شیعریی راگەیاندنی ئامانجێکی شیعرییە. بەمجۆرە شیعر چۆن بەردەوام ئەو ئەرکە، راگەیاندنی ئامانجە روحیی، شیعرییە بە شێوەیەکی نوێ راپەڕێنێت؟ هەروەک چۆنییەتی کۆتایی هاتنی دەقێکی شیعریی و چەندان پرسی شیعریی تر، بەندن بە پرسی دەستاوێژی شیعرییەوە...

بە دیوێکی دیکەوە، ئەزموونی رۆشنبیریی و هەست و سۆزە شیعرییەکان دوو چاوگەی سەرەکین لە پرۆسەی شیعر نووسیندا، لەبۆیە بە هەند وەرگرتنیان ئەرکێکی بنەڕەتیی شاعیرە. دەقی شیعریی هەر تەنێ دەربڕینی هەست و سۆزی مرۆڤ نییە، بەڵکو شیعر وەک کردەیەکی باڵاش، رەخنە و بەرنگاربوونەوەی جڤاک و نەریتە چەقیوەکانییەتی. کەواتە تێگەیشتن لە شیعر، وەک کردەیەکی باڵای رەخنەیی، مانای رەخساندنی بوارێکە بۆ ئاڵوگۆڕکردن و نوێکردنەوەی هزری مرۆڤ. لێرەوە دەکرێ لەم رۆژگارە تەکنۆکراتیی، دیجیتالیی، بێماڵییەدا دەقێکی شیعریی تەنێ پەرۆشخۆریی وروژاندن و سەرنجکێشکردنی مرۆڤ، خوێنەر بێت بەرەو ئەو سەرچاوە هاوبەشانەی کە شاعیر لە پێناو دووبارە ئەفراندنەوەیان لە زمانەکەیدا بۆیان دەگەڕێتەوە. دیارە شاعیر بەو کارەی سەرلەنوێ ئەو جیهانە کەنەفتە پێناسە دەکاتەوە کە هەر خۆی، یان ئەوانیتر پێشتر سازیانکردبوو.

هەڵبەتە کۆی ئەزموونی شیعریی، وەک تاقیکردنەوەکانی دیکەی ژیان، نابنە پرۆسەیەک بۆ راگەیاندنی گوتارێکی شیعریی، بەڵکو ئەو ناکۆکییەی کە هەوڵدەدا لە تەرزە ئاراستەیەک، شێوازێکی دیاریکراودا ئەو دەقە شیعرییە وێنە بکا کە زمانەکەی ئامادەی ئاوەڵابوونەوە، پەرژکردنەوەی رۆشنایی ئامانجە روحییەکەیەتی.

ستۆکهۆلم



# لەبارەی شیعرەوە

بۆتان جەلال

له وتەی هۆمیرۆس له((ئەلیازە))و " ئۆدیسەدا " بە شیعر ئازارەکانی دەربڕیوە لە خەونەکانیدا گەڕاوە بە دوای شێت بوون و گرگرتن، سەوداسەری جوانییەکانی ژیان بووەو سەفەری بێهوودەیی ئەنجام داوەو تا دەگاتە ئەم چرکە نیگەرانانەی ئەمڕۆ کە شیعر پێی تێدەپەڕێت، سیحری "شیعر" بە هەزارەها جۆر و فۆرم و جلوبەرگی گۆڕیوەو قۆناغ و سەردەمی جیاجیای بەزاندووە هەر لە ڕۆژانی کلاسیکەوە تا دەگاتە ڕۆمانسیەت و ڕیالیزمی و ڕەمزیەت و واقیعی ئیشتراکی و واقیعی سیحریی و زمانگەرایی و دادئیەت و سوریالیەت و بونیادگەرایی و پارچە پارچەیی و مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنیتە و دەقی کراوە، شاعیرانی مەست کردووە و خەیاڵ و ئەندێشەو هزری کراوەی پێبەخشیون، شاعیران هەمیشە شاسواری گۆڕەپانی داهێنانە پیرۆزەکانی ئەدەب بووینە، لەگەڵ خۆشیاندا لێشاوی خوێنەریان کۆکردۆتەوە هیچ زەمەنێکی رابردوو نەبۆتە لەمپەر بۆ راگرتنی سیحری شیعر خوێندنەوە و شیعر نووسین .

شیعر لە ریزی پێشەوەی داهێنانە گەورەکانی وێژە بووە، هەزارەها شاعیری مەزن، هەزارەها دەق و چامەیان بەرهەمهێناوە، زۆر جار شاعیر هەبووە لە ریزی پێغەمبەر و سوڵتان و پاشاکان حیسابی بۆ کراوە، کتێبی شیعری وا هەیە بە قەد کتێبە موقەدەسەکان لە ڕووی بایەخ و پیرۆزییەوە هەژمار دەکرێت، ڕەنگە زیاتر لە ٥٠٠٠ هەزار ساڵە مرۆڤ ئاشنایی ئەوە بووە خەیاڵەکانی بکاتە خەت و نووسین لە بایەخی شیعر و وانەکانی گەیشتووە، شیعر پابەندە بەو "زەمەن"ەی کە مرۆڤ تیایدا ژیان دەگوزەرێنێ و تا زەمەن لەبار بێت شیعر لە ڕۆحی شاعیردا چرۆ دەکات، بەردەوامی شیعر ڕێچکەکانی تەواو دەکات، ئەگەر بە پێچەوانەش زەمەن زەمینە خۆش نەکات و هاندەر نەبێت، دووچاری نوشستی و سڕبوون دەبێت، لەوانەشە سیس ببێ و بمرێت، گەورترین هەڕەشەیەک لەبەردەم شیعردا خۆی نیشان دەدات هەڕەشەی شۆڕشی تەکنەلۆژیای سەردەم و جیهانگەرابیە کە سەرەتاپای دنیای گرتۆتەوە بەر لە گەیشتنی تەکنەلۆژیاو عەولەمە شیعر ڕۆڵێکی کاراو بەرچاوی هەبووە لە خزمەتکردنی کۆمەڵگا جیاجیاکان و کولتووری میللەتانی دنیا، بە درێژایی مێژوو "شیعر" هاوسەنگەری مرۆڤ بووە لە هەر زەمەنێک و لە هەر شوێنێک شەڕو ئاشووب و جەنگ پەیدا بووبێ شیعر وەک تەپڵ لە جەنگدا دەنگی هەبووە و شاعیران بە قەڵەم جەنگی دوژمنکارانی مرۆڤایەتییان کردووە، پارێزەرانی بەها ڕەوشتییەکان و داهێنانە پیرۆزەکانی بووینە، ئەگەرچی هەر لە دێر زەمانەوە خودی شاعیران و شیعرەکانیان بەرلێشاوی ڕەخنە و هەڕەشەی توندی جۆرەها خەڵکانێک کەوتوون، بەڵام ئیرادەی شاعیران و سیحری وشە و دنیای داهێنان گەورەتر بووینە لە هەڕەشەکانیان، ئەفلاتوون فەیلەسووفی یۆنانی لە کتێبە ناسراوەکەی (کۆماری ئەفلاتوون) دا شاعیرانی وەدەرناوەو بە وروژێنەری ناخ و سۆزی ئادەمیزادی لەقەڵەم داون، ئەو وای پێناسە دەکردن کە شاعیر هۆکارن بۆ لادانی خەڵک لەسەر ڕێگای دروست و بەها ئەخلاقییەکان و سەرچاوەی گێژەلووکەی سۆزو خرۆشاندنی ناخن کە بە پێوەری ئەو شاعیران هەڵەو گوناهێکی مەزن دەکەن کە بە خەیاڵ و وشە خەڵک فریو بدەن .

شاعیران لە کۆڕو مەجلیسی پادشاو سوڵتانەکان خۆشکەری دانیشتن و شەوچەرە و میوەی دیوەخان و چرای هۆڵ و دیوەخانەکانیان بووینە، لە کۆڕی خەبات و شۆڕشەکانی چەوساوەو پۆلیتارەکان مەشخەڵی ناخی پاڵەوان و شاسوارەکانیان بوون و هاوەڵ و برادەری گیانی سەرمەست و عاشقان و جوانپەرست و سۆفی و دەرویشەکانی تەکیە و خانەقاکان و بووینە، بەڵێ بەدرێژایی ژیان ئەو ژیانەی مرۆڤ درکی بە عەقڵ و دەوروبەری خۆی و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان کردووە لەگەڵ شیعردا کۆک و هاوڕێگای کاروانی ڕۆژانەی ژیانیان بڕیوە.

ئەمڕۆ، شیعر لە چ زەمەن و شوێنێکی خولگەی خۆیدا خول دەخواتەوەو ئایا ئێستاش پێویستیەکی مرۆڤە؟ ئەو زەمەنەی کە ئێستاکە پێتێپەڕدەبین زەمەنی شیعرە؟ ئایا شاعیر هەر ئەو کەسەیە پەیامێکی زیندووی هەڵگرتووە؟ خوێنەر تا چ سنوورێک حەزیان لە شیعرە و چێژی لێ وەردەگرن و کاتی خۆیانیان بۆی تەرخان دەکەن؟

لێرەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە بە کەمێک شرۆڤەوە درێژە پێدەدەین، ئاشکرایە ژیانی ئازادی و مافی مرۆڤ و شۆڕشە پیشەسازی و پێشکەوتنە تەکنەلۆژیاکان هەر هەموویان لە چوار چێوەیەکدا بەیەکتر گەیشتوون تیایدا بنەماکانی جیهانگەرایی نەشونمای کردووە، ئێستاکە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکای باشوور باکوور و ئوسترالیا و هەندێکیش لە وڵاتانی ئەفریقی و ئاسیا بەر ئەو تەوژمە توندو تازەیە کەوتوون، لەڕووی خزمەتگوزاریە جەستەییەکانەوە سوودێکی بێ هاوتایان لێ دیوە، زۆربەی زۆری غەریزە ئادەمییەکانیان پێ پڕ کردۆتەوەو لە ڕووی کێشەی عەشقبازی و سێکسی و پەیوەندییە ڕۆحانییەکانەوە بەشی خۆیان وەرگرتووە بە زیادەوەش، سەرقاڵبوونیان بەکاری ڕۆژانەوەش هێندەی دیکە ئەو کاتەی لێ تەسک کردوونەتەوە بپرژێنە سەر شیعر نووسین و خوێندنەوە، ئەو کاتە بەتاڵەی دەستیان دەکەوێ بە ئەنتەرنێت و چوونە سینەماو گەشت و گوزار کردن خەرجی دەکەن، بەڵگەش لە وڵاتێکی وەک فەرەنسا کە خاوەن مێژوویەکی پڕشنگدارە لە بواری ئەدەبدا، بەتایبەتیش لە شیعر ئێستاکە لەو وڵاتە شیعرناسەدا کە ژمارەی دانیشتوانیان (٦٠) ملیۆن کەسە تەنیا ٢٠٠ کەس خولیای شیعر نووسین و شیعر خوێندنەوەن.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لای میللەتانی کورد و عەرەب و تورک و فارس و ئەفغان و بەو شێوەیەی ڕۆژئاوا نییە، ئەگەرچی هەست بەو هەڕەشە چاوەڕوانکراوەش دەکرێت، کەچی لای نەتەوە

رۆژهەڵاتییەکان شاعیری باش و بە ئەزموون ماوە خەڵکانێکی زۆریش شیعر دەخوێننەوەو گۆڤارو رۆژنامەو سایتی ئەدەبی هەیەو دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە بایەخ بە چاپکردنی بەرهەمی شاعیران دەدەن، ئەوەی مایەی نیگەرانیمانە رۆژ دوای رۆژ کۆمەڵگای ئێمەش ئاڵۆسکاوی و جەنجاڵیەت رووی تێدەکات ئامێرە ئەلکترۆنیەکان عەقڵ و هەستی لاوانی داگیر کردووە و بەپێی خۆمان بەرەو جیهانگەرایی هەنگاو دەنێین کە رەنگبێ لە زۆر لایەنەوە پەشیمانی بەدواوە بێت، ئەوەی دەیبینین ئەوەیە چینی رۆشنبیرانیش روویان لە غەزوەکانی عەولەمەو کردووە بەرەو پیلی دەچن، لایەنە بەرپرسەکانی پاراستنی کولتوور دەبێ دەرک بەو هەڕەشانە بکەن و کولتووری نەتەوەکەمانی لێی بپارێزن، ئەگینا ئێمەش خەریکە وەک کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان بەرەو تێرکردنی غەریزە جەستەییەکان دەچین و رۆحمان بەبەتاڵی دەهێڵینەوە، هەر نەتەوەیەکیش رۆحی بەتاڵ بوو خوێنی جەستەی وشک دەبێت و دووچاری لەناوچوون دەبێت.

کێشەیەکی دیکە کە هەڕەشە لە شیعر دەکات و پەرت و پەروازەی کردووە ئەوە یە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت زۆر لەرەخنەگرانی بواری ئەدەب بەتایبەتی ئەوانەی ئەدەبیاتی کلاسیک دەکەن، زۆرێکیش لە خوێنەران و هەوادارانی شیعری کۆن لایان وایە ئەو شیعرەی ئەمڕۆ بەناوی جیا لەکلاسیک دەنووسرێت شیعر نین وئەوانەی ئەو جۆرە شیعرانە دەنووسن شاعیر نین.

بە لای کلاسیکییەکانەوە شیعر واتە (کێش و سەروا) ئینجا یەکێتی بابەت وناوەڕۆک، هەر شیعرێک یەکێک لەو بنەمایانەی تێتدا نەبێ شیعرێکی کەم و کورتە، ئەو کەسەی نەتوانێ دێڕ دوای دێڕ بە شێوەی ستوونی بچێتە خوارەوە ئەوە توانای داهێنانی شیعری لاوازە، بلیمەتی شاعیران لای گرووپی کلاسییس- زمەکان سەلیقەو یەکێتی بابەت وکێش وسەروا و چێژەو هۆنراوەکە مانەیەکی ساکار بدات بە خوێنەر، وشەکانی ماناداربن و رستەکان مانا بەخش بن، ئاسان لەئەنجامی نووسینی شیعرەکە تێبگەی، دیارە گلەیی و ڕەخنەی ئەمجۆرە گرووپە لە قوتابخانەکانی (رۆمانس و ریالیزم )، نەبووە، چونکە ئەگەر شێوازی دارشتنی دێڕە شیعرەکان، واتای رستەکان ویەکێتی بابەت گۆڕانکاری هزری تێکەوتووە، بەڵام چونکە زۆربەیان (کێش و سەروا ) دار بووینە و خوێنەریان ماندوو نەکردووە، لایان پەسند بووە تا ئێرە هیچ کێشەیەک نییەتا ئەو کاتەی لە ئەوروپا لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم شاعیرانی رۆمانسی شۆڕشێکیان دژ بە کلاسیک هەڵگیرساند، پاشان گڕوتینی ئەو شۆڕشە بەربڵاوەی لێ کرد تا دەهات رووپێوی شۆڕشەکە فراوانتر دەبوو شۆڕشی شیعری نوێ لەسەر بنەمایەکی فیکری و رۆشنبیری بوو بۆیە زوو لەسەر پێ وەستاو

سەرکەوتنێکی جیهانیی بەدەست هێنا هەڵگرانی ئاڵای شیعری نوێ بیروەڕەکانیان لەوە چڕکردبۆوە کە شیعربە هیچ کلۆجێک شێوە نییە، بەڵکو شێوەی دیکەی جیا لە قاڵیبکاری کلاسیکی لەخۆ دەگرێت و باوەڕیان بەدەست و پەیوەندی (کێش ودەریا شیعرییەکان )نەما، شیعرلەڕووی (کێش)و دەریاکانی کەرت بوون وجۆرەها شێوەی دیکەی بە خۆیەوە بینی، لەو شاعیرانەی کە توانیان پێشەنگی سەرپەرشتی شۆڕش بن، لە ئەوروپا بۆدلێر و رامبۆ و لۆتریامۆن بوون پاشان چەندین شاعیری سوریالی و دادایی چوونە ریزی ئەو گرووپە هزرییە مۆێرنە کە لە ڕووی کێشەوە چەند جۆرێک لەشێوازی نوێی دارشتن هاتنە ئارا بایەخێکی زۆریان بە مۆسیقای دەقەکاندەدا کە زۆر جیاواز بوو لەگەڵ دەنگی سەروای کلاسیکی، یەکێتی بابەت بووە چەندین بابەت و هەر بابەتێک چەمکێک لە هزری مەعریفی لە خۆدەگرت، زەمەن ئەو زەمەنە نییە کە کلاسیکییەکان پێوەی پابەند بوون، زەمەنی شیعری نوێ رادەبەدەر و سنووری بۆ دانانرێت هەر وەک شوێنیش نەخشەی نییە لە هەموو فەزای گەردووندا چۆنیان بووێ شوێن بۆ نووسینی ئەو هزرە دەکەنەوە کە دەیانەوێ تیادا خول بخوات، (ئیحا) لە شیعری نوێ تەنها لە بینینی ئەو کەرستانە وەرناگیرێ کە لە بەر دەستن و دەبنە مایەی وێنەگرتنی چاو ئینجا بچێتە مێشک و لەدڵەوەش دابڕێژرێتەوە، ئیحا لە شیعری نۆی سەرابێکی بێ سنوورە، خەیاڵ تێدا کاری وێنە گرتن بەهزرە نووستووەکان دەکات وچەند قووڵتربێ فەزای دەقەکان فراوانتر دەبێ چەمکی ئاراستەی جۆرا و جۆر دەبێت هەر لەگەڵ هاتنە کایەی ئەم جۆرە شیعرانە لە ئەوروپا پاشان لە ریگای وەرگێڕانی دەقەکان لە فەرەنسیەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی، کەم و زۆرێک شیعری پەخشانی یان بڵێین پەخشانە شیعریش لە رێگای خوێندنەوەی رۆشبیران و

خوێنەرانی کوردەوە بۆ ئەو پەخشانە شیعرانەی کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبییە عەرەبییەکان بڵاودەکرانەوە، سێبەری گەیشتە لای ئێمەش، شاعیران بە تایبەتی ئەوانەی لە هەشتاکاندا ئامادەییان لە گۆڕەپانی شیعری کوردییەوە هەبوو سوودیان لەو نووسین و دەقانە وەرگرت پاش چەند ساڵێک لە وەرگرتنی ئەزموون و خۆ ڕۆشنبیرکردن و لاساریکردنەوە، پەخشانە شیعر ڕەگی داکوتا و پەرەی پێدراو تا دەگاتە ئەمجۆرە شیعرانەی کە ئێستا بەناوی(نوێخوازی) و (پاش نوێخوازی) و (دەقی کراوە) و (ڕەگەزی کتن و پڕی) و (دەقی خەونی)(فۆرمی گران) بڵاودەکرێنەوە پرسیاری ئەم نووسینەم ئەوەیە، خوێنەران بۆچی وەک پێویست مامەڵە لەگەڵ دەقە نوێخوازەکانی کوردیمان ناکەن، بۆچی نەک هەندێ لەخوێنەرو ڕۆشبیرو هونەرمەند و ڕەخنەگرانیش دان بەمجۆرە شیعرانە نانێن و بەشیعری تێکدەر و لادەری ناودەبەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەلای منەوە چەند لق وپۆپێکی جیاوازی هەیە و باری سەرنج و دەربڕینی زۆر هەڵدەگرێ کە لێرە لەم شوێنە ناکرێ بە تەواوی بچینە ناوەڕۆکی وەڵامدانەوەکان، بەڵام باری سەرنجە تایبەتییەکانی خۆم بە کورتی دەردەبڕم کە بەو هیوایەی دەرگایەک بێت بۆ وەڵام دانەوەی تێرو تەسەلتر لەلایەن پسپۆڕانی بواری ڕەخنەی شیعرو خودی شاعیرە کوردەکانی خۆمان، من وای بۆ دەچم گوێڕانکارییەک لە شیعری کوردی هەر لە کلاسیکەوە بۆ ڕۆمانسیەت و پاشان ڕیالیزمییەوە خێرا بۆ شیعری نوێ ئەو ماوە کورتانە بوون کە ڕێگای لەبەردەم خوێنەرانی شیعری کوردی خۆش نەکرد بتوانن گۆڕانکارەیەکانی سەر شیعری کلاسیک هەر بکرێت خێرا دوای کلاسیک شاعیرانی ڕۆمانسی کوردی هەڵگەڕانەوەیەکی بنەڕەتیانەیان لەسەر شێوە و ناوەڕۆکی کلاسیک ئەنجامدا، هەر زوو شیعرە ڕیالیزمیەکان پاڵیان بە شیعری ڕۆمانسی کوردی دا لێنەگەڕانتەواو ڕۆمانسیەکان ئەوەی هەیانە بەتاڵی بکەن هێشتا شیعری ریالیزمی لە ئەدەبی کوردی دا ئەوەیش قۆناغی تەواوی خۆی کامڵ نەکردبوو (شیعری ئازاد) سەری هەڵدا پاش چەند ساڵێکی زۆر کورت شیعری (پەخشانە شیعر) و نوێخوازی و دوای نوێخوازی و دەقی کراوە و ڕەگەزی کتن و پڕی و دەقی خەونیفۆرمی گران ...تاد، سەریان هەڵدا شوێنی یەکتریان دەگرتەوە، ئەم گۆڕانکارییە خێریانەی شیعری کوردی بۆ سەر گەدە و مێشکی خوێنەری کورد قورس بوو، هەر یەک لەمجۆرە ڕێبازانەی شیعر، بە چەمکێک نوێکاری هزری وشێوەو بابەت هاتنە پێشەوە ئاسان نەبوو خوێنەرو زۆریش لە ڕۆشنبیران بتوانن مامەڵەی فیکری لەگەڵدا بکەن وچێژ و تامی لێ وەربگرن، جا هەر شتێکیش نەبێتە مایەی جووڵانەوەی هزر و هەست چێژ دروست ناکات، بێگومان ناتخرۆشێنێ وخێرا بەسەرتدا تێدەپەڕێ و هیچ ئاسەوارێکی ڕۆشبیری وفیکری جێناهێڵێ هونەرمەندانی کوردیش وەک پێویست نەیانتوانیوە سوود لەم جۆرە شیعرانە وەربگرن و لە بەرهەمە هونەرییەکانی خۆیان بەتایبەتی لە ئاوازی کوردی بەرجەستەیان بکەن، وەک چۆن ئاوازدانەران زۆرچاک ڕۆڵیان هەبووە لە جوانکردن و بەچێژکردنی شیعری کلاسیک و ڕۆمانسی، بەڵام کەمێک لەو ئاوازدانەرانەی کوردستان توانیویانە مامەڵەی شیعری نوێ بکەن و جوانی بکەن و لای گوێگری شیرینیان بکەن، بەڵام بەشێوەیەکی کەم هەروەها بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم بەتایبەتی ئەوانەی پرۆگرامی ئەدەبی کوردی دادەڕێژن وەک پێویست شیعری نوێ و قۆناغ و شاعیرانی ئەو قۆناغانەیان نەهاوێشتۆتە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن، تا قوتابیان هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا کۆلێژەکان شارەزاییان لێ هەبێت و بایەخی پێبدرێت، ئەگەر شیعری نوێ بەهەموو شێوازەکانی لای ئێمەی کوردیش موتابع و خوێنەری خۆی هەیە و شاعیرانی چاک هەبووە لە بەرەگاژۆبوونی ئەمجۆرە ستایلە شیعریانە، بەڵام بەشێکی زۆری خوێنەریش تا ئەمڕۆکە هەر حەز لەشیعرەکانی ئەحمەدی خانی و جەزیری و نالی وحاجی قادری کۆیی و مەولەوی و مەحوی و گۆران و دیلان... تاد دەکەن زیاتر لەوەی چێژ لە شیعری شاعیرانی نوێخواز بکەن ئەمە کێشەیەکی ستراتیژی ئەدەبی کوردیمانە دەبێ کار بۆ ڕەخسان و خۆش کردنی پانتاییەکی لە باری شیعری نویی کوردیمان لە دەزگا ڕاگەیاندن و فێرکردنەکان بکرێت بۆ ئەوەی خوێنەرلەگەڵ سەردەمی نوێ وچێژی نوێ وبابەتی نوێ ڕابهێنرێت پێدەچێ جۆرێک لەکەمتەرخەمیکراوە بۆ مەیسەر بوونی ئەو هۆکارانەی کەوا دەکەن خەڵکی لە شیعری نوێ و جۆرەکانی شیعری نوێ دووربکەونەوە و بەسەلیقەو حەزێکەوە نەیخوێننەوە خۆ شیعری نوێش مۆسیقای تیایە هەست ببزوێنێ وبابەتی تیایە سەرنجت ڕاکێشێ، بەڵام لە نێو فەزایەکی کراوەی دیکەی مەعریفەت و تازە بابەتانەی کە لەگەڵ ئەمڕۆی ژیانی شارستانییەت و مەدەنیەتدا هاوکۆک و هاورازبن خوا یاربێت ئەم بابەتەم نووسینی پسپۆڕانی ئەدەبی کوردی لە سەرهەڵدانی قەیرانەکە وچارەسەر کردنی بدوێن.



ئەکیرا کوراساوا:

# جیهان ناگۆڕێت، مەگەر بەردەوام خودی سروشتی مرۆیی و شێوازەکانی بیرکردنەوەمان بگۆڕێت

سازدانی: کیوکۆ هیرانۆ
و: ئەکبەر حەسەن

گۆڤاری (سەنسێت)ی ئەمەریکی لەساڵی ١٩٨٦ ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ دەرهێنەری ژاپۆنی (ئەکیرا کوراساوا) لەسەروەختی سەردانەکەیدا بۆ نیۆیۆرک ئەنجامدا. چاوپێکەوتنەکە ئەمەی خوارەوەی لێهاتە بەرهەم. هەموو ئەو ڕستانەی کە لەنێوان کەوانەدان، وەرگێڕی عەرەبی دایناون.

پاڵاوتنی کوراساوا بۆ خەڵاتی ئەکادیمی ساڵی (١٩٨٦) وەک یەکێک لەباشترین دەرهێنەرە سینەماییەکان، ئەگەرچی درەنگوەختیش بێت، داننانە بەوەی کەیەکێکە لەباشترین دەرهێنەرە زیندووەکانی ژاپۆنو هەموو جیهان. فیلمی ران (ئاژاوە) کە بیستو حەوتەمین فیلمی کوراساوایەو لەشانۆنامەی (شا لیر)ی شکسپیرەوە وەرگیراوە، کوراساوا ماوەیەکی درێژ خەونی بەدەرهێنانییەوە بینیووە، ترۆپکی رەوتە ناوازەکەیەتی. لەسەروەختی سەردانەکەی کوراساوا لەپایزی ١٩٨٦ بۆ نیۆیۆرک، هاوکات لەگەڵ نمایشکردنی فیلمی ران لەفێستیڤاڵی سینەمایی نیۆیۆرک، کیوکۆ هیرانۆ چاوی بەکوراساوا کەوتو ئەم چاوپێکەوتنەی بەزمانی ژاپۆنی لەگەڵدا سازکرد.

لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤارێکی ژاپۆنی باسی ئەوەت

**کردووە، کەویستوتە لەفیلمی (ران)دا قەدەری مرۆڤ لەڕوانگەیەکی ئاسمانییەوە وێنا بکەیت. ئایا دەتوانیت ئەمە تەفسیر بکەیت؟**

– بەدیاریکراوی وام نەوتووە، رۆژنامەنووسە ژاپۆنییەکان خراپ لێم تێدەگەنو ئاسانە لایانەوە ئەو قسانەی کە من دەیانکەم، کورتیان بکەنەوە. مەبەستم ئەوەبوو کەهەندێک لەدیمەنە جومگەییەکانی ناو فیلمەکە لەسەر ئەو پرسیارانەم وەستاون، کە پەیوەستن بەچۆنێتی ئاگاداربوونی خوداو بوزا لەم ژیانەی مرۆڤایەتیو ئەم رەگەزەی مرۆڤایەتی کە بەمۆدێلە رەفتارییە بێماناکاندا گیریان خواردووە. کاجیمۆشا وەک سێبەری جەنگاوەرێک وێنەی گیراوە، کە ئەو جەنگە دیاریکراوانەی دەبینی کەبەشداری تیادا دەکردن، سەرباری ماوەی جەنگە ناوخۆییەکان بەشێوەیەکی گشتیو لەدیدگایەکی گشتگیرەوە. ئەمجارەیان ویستم لەفیلمی (ران)دا بەشێوازێکی بابەتیتر دونیابینییەکی فراوانتر وێنە بگرم. مەبەستم ئەوە نەبووە بڵێم: ویستومە شتەکان لەچاوی بوونەوەرێکی ئاسمانییەوە ببینم.

**فیلمی ران لە ژاپۆن سەرنجی کام جەماوەری راکێشاوە؟**

– ئەو کەسانەی کە لەگۆڕەپانەکانی گۆڵف لەنزیکی چیای فۆجی، کەبەشێک لەفیلمەکە لەوێ وێنەی گیراوە، جانتای یاریزانەکان هەڵدەگرن، رۆشتوون بۆ سەیری فیلمەکە لەتۆکیۆ. زۆر فیلمەکەیان خۆشویست، داوای ئەوەیان لێکردم فیلمی دیکە بەرهەمبهێنم.

× تۆ کۆمەڵە فیلمێکت دەردەهێنا، کە بەشێوازێکی زۆر راستەوخۆ وێنەی کێشە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی دەگرت، وەک فیلمی (ئابرووچوون– ١٩٥٠) و فیلمی (شەرەنگێزەکان بێخەمانە دەخەون ١٩٦٠)، بەڵام بەم دواییانە فیلمەکانت باس لە رابردوو دەکەنو مۆرکێکی فەلسەفییانەیان هەیە.

– پێموایە جیهان ناگۆڕێت، تەنانەت ئەگەر راستەوخۆش بڵێیت ئەمە بکەو ئەوە بکە. جیهان ناگۆڕێت، مەگەر ئەوەی بەردەوام خودی سروشتی مرۆییو شێوازەکانی بیرکردنەوەمان بگۆڕین. لەبری پێشکێشکردنی چارەسەری دیاریکراو بۆ گرفتەکان، لەبری بەرجەستەکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی راستەخۆ، دەبێت لەو خراپانە دەرباز بین، کەرەگو ریشەیان لەسروشتی مرۆڤدا داکوتاوە. رەنگە لەبەر ئەمە بێت کە فیلمەکانم مۆرکێکی فەلسەفییانەیان وەرگرتووە.

**کاتێک کەگەنج بوویت، بیرت لەم شێوازە دەکردەوە؟**

– نا، کاتێک گەنج بووم، بیرم لەمە نەدەکردەوە. هەر بۆیەش ئەو جۆرە فیلمانەم دەردەهێنا. بەڵام دواتر بیرم کردەوە ئەم فیلمانەم کاریگەر نینو جیهان ناگۆڕن. مەسەلەکە جووڵاندنی شتەکان لەڕاستەوە بۆ چەپ نییە بەئاسانی. من رووبەڕووی ئەو کێشانە دەبوومەوە، کە پەیوەست بوون بەماوەیەکی دیاریکراوەوە. دڵنیام لەوەی لەفیلمەکانمدا گوزارشت لەو شتانە دەکەم، کەدەبێت گوزارشتیان لێبکەم. بەڵام پێموانییە لەفیلمەکانمدا پەیامەکان بەشێوەیەکی بەرجەستە دەرکەوتبن. چونکە ئەو پەیامانە دەرەنجامێکی پێشکەوتووی بیرکردنەوەی منن. هەوڵنادەم پەیامێک بڵاو بکەمەوە، یان پەمامێک فێری خەڵک بکەم، چونکە جەماوەر رقیان لەوەیەو لەم مەسەلانە بێزارنو لێیان دووردەکەونەوە. خەڵک بۆیە دەچن بۆ سەیری فیلم، بۆ ئەوەی چێژی لێببینن. پێموابێت من وام لێکردوون ئاگایان لەکێشەکان بێت بێئەوەی ناچار بم وایان لێبکەم بەشێوەیەکی هۆشیارانە ئاشنای کێشەکان بن. ئەمڕۆ رەخنەگرەکان بەشێوازێکی خراپ کاریگەری لەسەر بینەران دروست دەکەن. ئەوان لێرەدا فیلمەکان دەبینن (کوراساوا بە دەستی ئاماژە بۆ سەری دەکات). نەخێر، من دەمەوێت لێرەدا فیلمەکان ببینن (کوراساوا ئاماژە بۆ دڵی دەکات). چونکە کاتێک فیلم دەردەهێنم، بیر لەم شێوازە دەکەمەوە. نامەوێت بینەران هەوڵبدەن هەموو شتێک تەفسیر بکەن. ئەو خەڵکانەی کە پاڵدەنرێن بۆ بینینی فیلمێک، بەو شێوەیە دەیبینن، کە هەیە. سەرباری ئەوەش، پێموانییە سینەما یەک رەهەندی هەبێت، بەڵکو کۆمەڵێک رەهەندو رووخساری هەیە. دەبێت فیلم بازنەیی بێت (فرە رەهەند بێت)و لەحاڵەتی ئایدیاڵیدا بێت. سەرباری ئەستەمیی دەستەبەرکردنی ئەمە لەڕووی مادییەوە، بەڵام دەشێت هەوڵی ئەوە بدەین پێی بگەین. دەبێت فیلم سەرنجی بیرمەندانو خەڵک بەلای خۆیدا رابکێشێت، لەهەمان کاتیشدا دەبێت چێژ بەخەڵکی ئاسایی ببەخشێت. ئەگەر تەنیا کەمینەیەکی بچووکو داخراوی خەڵک چێژیان لەفیلم بینی، ئەو کاتە فیلمەکە کاریگەریی نابێت. دەبێت فیلم توێژێکی فراوانی خەڵک رازی بکات، هەموو خەڵک.

**کاتێک فیلمەکانت بەشێوەیەکی راستەوخۆ باسی بابەتە سیاسییەکانیان دەکرد، رووبەڕووی فشاری سیاسی دەبوویتەوە؟**

– بەڵێ. بۆ نموونە لەکۆتایی فیلمی (ئەکیرۆ)دا، پاش رێورەسمی تەرمەکە، سەرلەنوێ مەسەلەکان بەشێوازێکی بیرۆکراتییانە لەنووسینگەی کەسێتییە سەرەکییەکەی فیلمەکەدا بەرێوەچوون. جێگری سەرۆکی کۆمپانیای بەرهەمهێنانەکە پێی وتم پێش ئەو دیمەنە بەڕادەی پێویست رەخنەمان لەبیرۆکراسی گرت، بۆیە پێویستمان بەم دیمەنەی کۆتایی نییە. منیش پێم وت: "بەدڵنیاییەوە دەتوانیت ئەو دیمەنە لاببەیت، بەڵام لەم حاڵەتەدا، ئەگەر بەئەرک نەبێت، سەرجەم دیمەنەکانی دیکەی فیلمەکە لاببە". کۆمپانیاکە لەحاڵەتی زیاندا بوو، دواتر پێیان وتم فیلمەکە وەک خۆی بەبێ لابردنی هیچ دیمەنێک دەمێنێتەوە. کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان هەوڵیاندا خۆیان لەهەر کێشەیەکی چاوەڕوانکراوی وەک ئەمە بەدوور بگرن، کاتێک راستەوخۆ هەوڵمدەدا گوزارشتی رەخنەگرانە بەکاربهێنم، بەڵام ملکەچی هیچ کام لەو فشارانە نەبووم. باسی ئەوەم کرد فیلمێکم دەرنەهێناوە، کە کۆمەڵێک تێما (Theme) ی هاوچەرخ لەخۆی بگرێت. پێموایە ئەگەر کێشە هاوچەرخەکانم وەک بابەتی فیلمەکان بەکاربهێنایە، هیچ کۆمپانیایەک بوێریی ئەوەی نەدەکرد دابەشکردنی فیلمەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی. ئەگەر کۆمپانیایەک نەبێت فیلمەکانم بۆ دابەش بکات، ئەوا هیچ هۆکارێکم نابێت بۆ دەرهێنانی ئەو



فیلمانە. لەدیمەنی کۆتایی فیلمی (شەڕەنگێزەکان بێخەمانە دەخەون) ڕەنگە هەموو بینەران ئەنجامگیری ئەوەیان کردبێت کە (کیشی)ی سەرۆک وەزیران ئەو کاتە گەورەترین سەرچاوەی گەندەڵی بوو بێت، کە ئەو لە لایەکی دیکەی گفتوگۆکەوە قسەی دەکرد. لەبەر ئەم هۆیە کۆمپانیای بەرهەمهێنانەکە ئامادە نەبوو جارێکی تر فیلمەکە بڵاو بکاتەوە، سەرباری تامەزرۆیی بینەران بۆ سەرلەنوێ بینینەوەی. فرانسیس فۆرد کۆبلا وتی ئەوە دڵخوازترین فیلمی بووە. کۆمپانیاکە فیلمەکەی دابەش نەدەکرد ئەگەر ئەو کەسێتییە نەناسراوە بناسرایەتەوە. بەمەست ویست روون بم، بەرهەمهێنەرەکانی فیلمەکە نەیانتوانی لەوە تێبگەن کاتێک کە سیناریۆکەیان خوێندەوە، لەبەر ئەوەش ڕەزامەندییان لەسەر بەرهەمهێنانی پێشانداو پارەی خۆیان تیادا خەرج کرد. بەرهەمێنەرەکانی فیلم کەمترین تێگەیشتنیان بۆ فیلم هەیە.

**ئایا ئەوان لە ڕەخنەگرەکانی فیلم خراپترن؟**

– بەدڵنیاییەوە. ئێمە لێزانانە سیناریۆ دەنووسین و بۆیان دەنێرین، لەکاتێکدا بەرهەمهێنەرەکان لێی تێناگەن. سەبارەت بەڕەخنەگرەکانیش، دەبێت بڵێم ئەوان هەمەجۆرن. زۆر لەرەخنەگرە ژاپۆنییەکان ڕەفتار سەیرن (غریبو [illegible]). پیاچوونەوە دەنووسن، وەک ئەوەی کۆمەڵێک یاسای دیاریکراو لەنێوانیاندا هەبێتو بەیەکدی بڵێن: "ئەمجارەیان من پیاچوونەوەی بۆ دەکەمو رای باش دەنووسم، تۆش پیاچوونەوەی خۆتی بۆ بکەو رای خراپ بنووسە" مەسەلەکە لەسەر ئەوە وەستاوە کێ پارەیان پێدەدات، نەک لەسەر ویستو بۆچوونی کەسێتیی خۆیان.

**بەم دووایيانە بەشێک لەرەخنەی سینەمایی لەژاپۆن بووە بەرەخنەیەکی فکری. ئەکادیمییەکان دەستیان کردووە بەنووسین لەسەر فیلم بەبەکارهێنانی میتۆدی ڕەخنەیی تازەی وەک میتۆدی بونیادگەری. پێتوایە ئەمە لەپەرەدان بەکوالێتیی ڕەخنەی سینەماییدا بەشداریی کردووە؟**

– ئەوان زاراوەی زۆر قەبە بەکاردەهێنن. من بڕوام بەم بەعەقڵانیکردنو زمانە شەقو شڕە نییە. دەبێت فیلمەکان لەپەیوەندییان بەهەستە مرۆییەکانەوە زۆر ڕاستگۆ بن. بۆ نمونە زاراوەی "بیری ئەستوونی لە سینەما"دا وەربگرە، ئەوان دەیانەوێت جڵەو بۆ ئەم زمانە شەقو شڕە شل بکەن، بەڵام لەڕاستیدا نازانم مانای چی دەگەیەنێت. ئەمە بۆ ڕەخنەی مۆسیقیش هەر ڕاستە.

تۆرۆ تاکیمیستۆ ـ و ئەوانی دیکەش ـ دەڵێت: ڕەخنەگرەکان هیچ تێناگەن. ئەو سەری سوڕماوە لەوەی ئەو هەموو ئاڵۆزیو بێمانایيە چی دەگەیەنێت. هایدۆ کۆباياشی "ڕەخنەگری بەناوبانگی هونەر" دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر شیکردنەوەی ڕەخنەیی نووسیوەو ئەو کارانەی بە جوان زانیووە، کە لەرەخنەکانیدا ستایشی کردوون، ئەنجامگیری دەکاتو دەڵێت: "پێموایە ڕۆڵی ڕەخنەگر هاندانی هونەرمەندانە پاش دۆزینەوەی بابەتە باشەکانی ناو بەرهەمەکانیان. بێمانایە تەنیا پەنجە بۆ خاڵە خراپەکان رابکێشیت، لەڕاستیدا بێدەنگبوون لەوە باشترە. تەنانەت ئەگەر زۆر توندیش ڕەخنە بگریت، هێشتا ئەو توندییە ناتوانێت بەرهەمەکە چاک بکات، ئەگەر ڕقت لەو بەرهەمەیە کەڕەخنەی لێدەگریت، باشتر وایە خۆتی لێ لابدەیتو فەرامۆشی بکەیت". هونەرمەندەکان لەگەڵ ڕەخنەگرەکاندا هاوڕانین. هونەرمەندەکان حەزیان لەپیاهەڵدانە، جائەگەر ئەو پیاهەڵدانە لەجێی خۆیدا بێت، یان نا. خراپترین شت کەدەشێت لەرەخنەگر دەربکەوێت، ئەوەیە پیاچوونەوەیەکی خراپی شکێنەر لەسەر پیاچوونەوەی ئەوانی دیکە بنووسێت، ئەوەشی کەدەینووسێت، لەقەناعەتەوە نەبێت، بەڵکو تەنیا خواستێک بێت بۆ دەرکەوتن. ڕەخنەگران ئازادن لەنووسینی ڕەخنەو تێبینیی نێگەتیف، بەڵام ئەوەی کە ناتوانم لێی خۆشبم، ئەوەیە کە بە ڕقەوە هێرش بکرێتە سەرم و پێم بوترێت گەمژەو بێ عەقڵ. نازانم چ هەڵەیەکم بەرامبەر ئەو "ڕەخنەگر"ە کردووە تا شایەنی ئەو جنێوانەی بم؟ دەبێت سەرچاوەی ڕەخنە خۆشەویستی بێت، نەک ڕق. ڕەخنەگرەکان لەژاپۆن شتی زۆر نامەعقول دەنووسن. بۆ نموونە ئەمجارەیان پروپاگەندەیان ئەوەیان کرد کە گوایە من بۆ کۆکردنەوەی سامان فیلمی "ران"م دەرهێناوە. ئەگەر ئەوەی ئەوان دەیڵێن، ڕاست بێت، ئەوا فیلمێکم دەردەهێنا، کە سەرئێشەی کەمتر بێت. دەرهێنانی

ئەو فیلمە کارێکی زۆر زەحمەت بوو. بەهەرحاڵ، من بەو درۆو دەلەسانە راهاتووم، لەگەڵ ئەوەشدا راستگۆ نابم ئەگەر بڵێم باکم نییەو خۆمیان لێدەبوێرم.

**جارێکیان وتت گرنگترین شت بۆ ئەو گەنجانەی کەدەیانەوێت ببن بەدەرهێنەر، ئەوەیە کەئەدەبیاتی کلاسیکی بخوێننەوە. ئایا ئێستاش باوەڕت بەمە هەیە؟**

– بەدڵنیاییەوە. ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت هەموو شتێک بخوێنێتەوە، لەبەر ئەوە دەبێت ئەو بەرهەمانە بخوێنێتەوە، کەخۆشیدەوێن‌و ئارەزوویان دەکات. پاشان دەبێت بەرهەمە پەسەندو جوانەکانیان بدۆزێتەوەو دووبارەو چەندبارە بیانخوێنێتەوە. دواتر تێگەیشتنی بۆ ئەم کارانە قووڵترو قووڵتر دەبێتەوە. مرۆڤ، پاش یەکەمین خوێندنەوەی بەرهەمەکە، قۆناغێکی دیاریکراوی تێگەیشتنی هەیە. بەڵام پاش ئەوەی دەیان جار دەیخوێنێتەوە، ئەوا خۆبەخۆ قۆناغی تێگەیشتنەکەی دەگۆڕێت. زۆر گرنگە ئەکتەرەکان لەرۆڵی ئەو کەسێتییانە تێبگەن، کەدەیگێڕن. گرنگترین شت کەدەتوانرێت بکرێت، نووسینی سیناریۆیە، ئەمە لەبنچینەکانی فیلمسازییە، چونکە دەشێت سیناریۆیەکی باش فیلمێکی باشی لێبکەوێتەوە، تەنانەت ئەگەر دەرهێنەرێکی پلە سێش فیلمەکە دەربهێنێت. لەکاتێکدا ناشێت سیناریۆیەکی خراپ فیلمێکی باشی لێبکەوێتەوە، تەنانەت ئەگەر دەرهێنەرێکی پلەیەکیش فیلمەکە دەربهێنێت. لەبەرئەوە دەبێت مرۆڤ دەرک بەگرنگیی سیناریۆ بکات. هەروەها کاتێکیش کەسێک دەیەوێت لەفیلمسازی بکۆڵێتەوەو لەو بوارەدا کار بکات، ئەوا دەبێت بزانێت بەکاربردنی مادە خامەکەی فیلمەکەو دیاریکردنی شوێنەکانی وێنەگرتن پارەیەکی زۆریان تێدەچێت، لەراستیشدا بەدەگمەن مرۆڤ دەرفەتێکی وای بۆ دەرەخسێت، ئەمە لەکاتێکدا نووسینی سیناریۆ تەنیا پێویستی بە کاغەزو قەڵەمە. وێستگەکانی تەلەفزیۆن، بەتایبەتی لەژاپۆن، داوای سیناریۆی باش دەکەن. سەبارەت بەفیلمەکان، ئەوە هەر مەپرسە کە چەند سیناریۆی باشیان پێویستە. هەر لەبەرئەوەشە کەئامۆژگاریی دەیان گەنجم کردووە سیناریۆ بنووسن، بەڵام ئەوان وا ناکەن.

جارێکیان بەلزاک وتویەتی گرنگترین شت بەنیسبەت رۆماننووسەکانەوە ئەوەیە بەرگەی بێتاقەتی قورسیی نووسینی دێر لەدوای دێری پیتە ئەبجەدییەکان بگرن. بەڵام گەنجەکان وەک پێویست بەرگە ناگرن. تەنانەت ئەوان زەحمەتی ئەوە ناکێشن رۆمانیش بخوێننەوە. خۆیان بەخاوەن بەهرە دەزانن، بەڵام شتێکی ئەوتۆیان نییە کەبەهرەکانیان پیشان بدات. بۆ کارکردن لەفیلمی "ران"دا دوو یاریدەدەری گەنجی بەتوموحم دیاریکرد. لەنێوان زۆر لەو کەسانەی کەداوایان پێشکەش کردبوو، لەسەر بنەمای سیناریۆکانیان سیانیانم هەڵبژارد. هەمیشە هەوڵدەدەم هانی بەهرە گەنجەکان بدەم. پاشان گەنجێکی ئیتالی هەبوو، بوو بەیاریدەدەری دەرهێنەر لەفیلمی "ران"دا، ئەو گەنجە توانی بەزمانی ژاپۆنی بنووسێت‌و بخوێنێتەوە.

دەبێت نووسین‌و خوێندنەوە ببن بەدوو پرۆسەی ئاسایی، ئەگەرنا، ئەوا دەرهێنانی فیلم لەتوانادا نابێت. ئەمڕۆ یاریدەدەرە گەنجەکان سیناریۆ نانووسن‌و بیانووی ئەوە دەهێننەوە، کەسەرقاڵن. من هەموو کاتێک دەمنووسی. کارکردن وەک یاریدەدەری یەکەمی دەرهێنەر لەشوێنی وێنەگرتندا زۆر سەخت‌و ئاڵۆز بوو، لەبەرئەوەش نیوەشەوان لەنێو جێگەدا دەمنووسی. زۆر ئاسان توانیم ئەو هەموو سیناریۆیانە بنووسم، بەوەش پارەیەکی باشترم دەست دەکەوت وەک لەوەی وەک یاریدەدەری دەرهێنەر کار بکەم. ئەمە مانای ئەوەبوو کە دەمتوانی زیاتر بخۆمەوە. بەمشێوەیە دەمنووسی، دەمخواردەوە، کاتێکیش بێپارە دەبووم، جارێکی دیکە دەستم دەکردەوە بەنووسین. هاوڕێکانم چاوەڕێیان دەکرد سیناریۆ بنووسم، بۆ ئەوەی پارە پەیدا بکەم. دواتر دەمانخواردەوە، بەدرێژایی کاتی خواردنەوەکەمان باسی فیلممان دەکرد. بەشێک لەو قسەکردنانە بوون بەپرۆژەکانی داهاتوو. تا ئێستاش، کاتێک لەوێنەگرتن تەواو دەبین، لەگەڵ تیمەکەو ئەکتەرەکاندا دەخۆینەوەو باسی کارەکەمان دەکەین. هەندێک جار ئەو قسەکردنانە دەبن بەگرنگترین قسەکردنمان.

**شاشە گەورەکەی "سەنتەری لینکۆلن" شوێنەوارێکی دراماتیکی سەرسووڕێنەری فیلمی "ران" پیشان دەدات بەراورد بەشاشە بچووکەکانی هۆڵی نمایشە رۆژنامەگەرییەکان. بۆ ئەمە دەڵێت چی؟**

– لە پاریس فیلمی "ران" لەشاشەیەکی تایبەت بە فیلمی ٧٠ میلیمەتری نمایشکرا. دیمەنی جەنگەکان بەتایبەتی زۆر جوان دەرکەوتن. بینینەکە بەهۆی سیستەمی ستیریۆی شەش کەناڵەوە سەرسووڕهێنەر بوو. ئەو بینەرانەی کەنەیاتوانی بێنە ژوورەوە، لەدەرەوە ژاوەژاوێکی گەورەیان دروستکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ژاوەژاوەکە لەناوەوە دەبیسترا. لەفیلمەکەدا هەندێک دیمەنی دەروونی‌و لاواز هەبوون، کە رەنگە سەرکەوتوو نەبووبێتن. ئەو دیمەنانە زیاتر لەگەڵ شاشەی بچووکدا دەگونجان. ئەو هۆڵانەی کەفیلمی ٧٠ میلیمەتری نمایشدەکەن، کەمن. پێموایە باشترین ئەو فیلمانەی کە بەکامێرای ٧٠ میلیمەتری وێنەگیراون، فیلمی (بن هێر)ی وێلزو (لۆرەنسی عەرەب)ی لینن. لەفیلمی یەکەمدا بەدیاریکراوی دیمەنی پێشبڕکێی گالیسکەکان سەرکەوتوو نەدەبوو ئەگەر لەشاشەیەکی تایبەت بەنمایشکردنی فیلمی ٧٠ میلیمەترییەوە نمایشنەکرایە.

کاجیمۆشا: وشەیەکی یابانییەو مانای سێبەری جەنگاوەر دەبەخشێت. کاجیمۆشا بۆ وەسفکردنی ئەو مرۆڤە بەکاردێت، کە خۆی دەخاتە بەرگی کەسێتییەکی دیکەوە.

http://www.nizwa.com/articles.php?id=2067



## لەبارەی بۆرخێسەوە

# ئەفسانەی ئەدەبی ئەرژەنتینی

لە ئینگلیزییەوە : سەعید محەمەد عومەر

شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووسی ئەرژەنتینی : بۆرخێس لەخانەوادەیەکی ڕەوشت بەرزو چینی ناوەندی شاری (بۆینیس ئاریس)ی پایتەختی ئەرژەنتیتن لە بەرواری ٢٤ – ٨– ١٨٨٩ لەدایک بووە. دوو کاریگەریی خێرایی لە سەر ژیان و بەرهەم و کارەکانی بۆرخێس هەبوو، ئەوانیش یەکەمیان بەهۆی نەنکییەوە، لەبەر ئەوەی کە نەنکی ئینگلیز بوو(بۆرخێس) فێری خوێندنەوەی زمانی ئینگلیزی بوو بەر لەوەی فێری ئیسپانی ببێت) هەروەها کاریگەریی دووهەمیش کتێبخانەکە گەورەکە باوکی بوو. هەرچەندە بەر لە ساڵی ١٩١٨بۆرخێس چەند ساڵێک تەمەنی لە جنێفی پایتەختی سویسرا بەسەر برد، دوای ماوەیەک ژیان لە ئیسپانیا، کە بۆرخێس بۆ یەکەم جار ڕێیکەوت لە فۆرمێک لە ئەدەب کە ناوی( ئالْترایزم) بوو، هەرچەندە ئەم لایەنە زۆر جار لە ژیانی (بۆرخیس)دا ئاماژەی پێناکرێت، بەڵام ئەم جۆرە ئەدەبە بوونێکی راستەقینەی لە بەرهەمەکانیدا هەبووە، ئەم کاریگەرییەش لەساڵی ١٩٢١ زیاتر دەرکەوت کاتێک کە گەڕایەوە بۆ ئەرژەنتین و کاری ڕاستەقینەی خۆی دەستپێکرد، لەگەڵ گەڕانەوەیدا بیرۆکەیەکی ئەدەبی لا گەلاڵە بوو کە جۆرێک لە توندڕەوی پێوە دیاربوو، کە بە ( ئالْترایزم) ناوی دەرکرد، دواتر لە لاپەرەی چەند گۆڤارێکی ئەدەبیدا بانگەشەی کرد بۆ ڕێبازی ئەدەبی ( ئالْترایزم) بانگەشەکەش پێکهاتبوو لە بنەما سەرەتاییەکانی نووسینەکانی پێشتری خۆی.

یەکەمین کتێبی بۆرخێس بریتی بوو لە(جۆش و تینی بۆینس ئاریس) لە ساڵی ١٩٢٣ دا بڵاوبوویەوە، ئەم کتێبە تا ئێستا لە ئەدەبیاتی بۆرخیس بە شاکاری ئەو بلیمەتە دادەنرێت، دوای نووسینی ئەم کتێبەش بەردەوام بوو لەسەر نووسین، لە بەرهەم هێنانی شیعری و وتار و لێوردبوونەوەی چەندین بابەتی فراوان وجۆراو جۆر، هەروەها چیرۆکە کورتە بێوێنەکانی بەهۆیەوە زیاتر ناوبانگی دەرکرد. کە تا ئێستاش کورتە چیرۆک بووەتە ناسنامەی ئەو.

سەرەتای نووسینەکانی بۆرخیس بەو باس و بابەتانە دەستی پێکرد کە جێی حەز و سەرنجی ناوخۆ بوون و خوێنەر بەدوایاندا دەگەرا، ئەمەش دەرفەتێکی باشی بەخشی بە ناوبانگ دەرکردنی لە ولاتەکەی خۆیدا، بەڵام دواتر ڕوویکردە ئەو بابەتە کەلتوورییانەی کە لە ئەدەبی جیهانیدا برەویان هەیە بە سوود وەرگرتن لە پارادۆکس و ئاڵۆزی و گومان و نا دڵنیایی لە چرکەساتەکانی نووسین و بەرپرسیارییەتیدا.

لە کۆتایی ژیانیدا کەمێک بە ڕوونتر ڕوویکردەوە ئەو باس و بابەتانەی کە زیاتر پەیوەندی بە ئەرژەنتینەوە هەبوو. بەدرێژای ئەو ڕێگا توانی بەشدارییەکی گرنگ بکات لە دروستکردنی ترادیسیۆن و نەریتی ئەدەبی ئەمریکای لاتیندا کە بە " ڕیالیزمی سیحری" ناسراوە، دواتریش بە شێوەیەکی ناکامانە ویستی ململانێی کوێریی بکات کە هەر لەتەمەنی ناوەندییەوە وکت و مت لەو کاتەدا واتە ساڵی ١٩٥٥ کە کرا بە بەڕێوەبەری کتێبخانەی نەتەوەیی ئەرژەنتین تووشی ئەم کوێربوونە بوو، دواجار بەر لەوە

مەرگ ڕێگەی بگرێت گەڕایەوە بۆ جنێف، دواتر لە بەرواری ١٤- ٦- ١٩٨٦ بەهۆی شێر پەنجەی جگەرەوە لە جنێفی پایتەختی سویسرا کۆچی دواییکرد و بەمەش یەکێک لە چیرۆکنووسە دیارەکانی ئەو سەدەیە بە هێمنی سەری نایەوە.

بیر و رای سیاسی بۆرخێس دژ بە کۆمنیزم

لە چاوپێکەوتنێکیدا لە کۆتایی شەستەکاندا کە ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی ( ڕیچارد بورگین) لەگەڵ بۆرخێسدا ئەنجامی دابوو، بۆرخێس ناحەزی خۆی دژ بە کۆمۆنیزم و مارکسیزم دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی، دوای ئەوەی کە حیزبی کۆمۆنیست کودەتایانکرد بەسەر ئەو پارتەی پیرۆندا کە بە شێوەیەکی دیموکراتیانە بۆ جاری دووەم هەڵبژێردرانەوە، هەر لە میانەی ئەم چاوپێکەوتنەدا (بورگین) لە بۆرخێسی پرسی بۆچوون و گۆشە نیگات بەرانبەر بە شاعیری ناوداری شیلی ( پابلۆ نیرۆدا) چۆنە؟ لەوەڵامدا بۆرخیس وتی "شاعیرێکی زۆر باشە، بەڵام سووک و بێ کەسایەتییە، چونکە لایەنگیری یەکێتی سۆڤیەت دەکات و ناوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەکەدار و ناشیرین دەکات"

بۆرخێس لایەنگیری بۆ دەستەی سەربازی دەربڕی، کە وڵاتی ئەرژەنتینیان بەڕێوە دەبرد، بەڵام دواجار ئەم دەستەیە تووشی ئابرووچوون هاتن دوای ئەوەی هەستان بە ڕەشەکوژی ئەو کەسانەی کە گومانی کۆمۆنیستیان لێدەکرا، بەمەش بۆرخیس تووشی جۆرێک لە بێ هیوایی بوو بەرامبەر سیاسەت و هەستی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدارانی وڵات و ناوچەکە..

بیر و رای سیاسی بۆرخێس دژ بە پێرۆنیزم

کاتێک کە سەرۆک (خوان دۆمینگۆ پیرۆن) لە ساڵ ١٩٤٦دا بەیارمەتی ژنەکەی کە ناوی ( ئیڤیتا ) دەستیکرد بە گۆڕینی سیستمی دەسەڵاتی ئەرژەنتینی، لە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرییەوە بۆ ڕژێمێکی گەل پەروەری و دیموکراتی، دواتر بۆرخێس کەوتە ڕەخنەگرتن لە پەیرەوەی ڕژێمی پیرۆن و بە گەندەڵ ناوی دەهێنا و پێی وابوو دەسەڵات وردە وردە بەرەو دیکتاتۆریی هەنگاو دەنێت، هەر لەو ماوەیەشدا بۆرخێس پلەکەی بەرزبووەیەوە لە بەڕێوەبەر کتێبخانەی ( میگوێل کەین) بۆ پشکنەری کێڵگەی پەلەوەری وکەروێشکەماڵییەکان لە شاری بۆینس ئایریس، بۆیە بۆرخێس زۆر بەم کارە نیگەران بوو، داواکاریەکی پێشکەشکرد بۆ ئەوەی هۆکاری ئەم بەناو پلە بەرزبوونەوە بزانێت ؟ لەوەڵامدا پێیان وت تۆ لە بەرەی هاوپەیمانانیت، ئەی چاوەڕێ چی دەکەیت؟ لە وەڵامی ئەم کارە نابەجێیەدا ڕۆژی دواتر بۆرخێس دەست لە کار کێشانەوەی لە پۆستی ڕاژەی میریی کرد، چونکە ئەمە جوێن و سووکایەتیە کە هەرگیز لە بیری ناکات و لێی خۆشنابێت. بۆ ئەم مەبەستەش بۆرخیس نامەیەکی نووسی بۆ یەکێتی نووسەرانی ئەرژەنتین داوای وازهێنانی لەکارە کەی کرد و دەڵێت" دیکتاتۆرەکان زوڵم و زۆرداری و دڵڕەقی دەهێنن، دیکتاتۆرەکان بەندایەتی دەهێنن و لەوەش خراپتر دیکتاتۆرەکان کەرێتی دەهێنن و میللەت بێدەنگ دەکەن، بێدەنگییەکی ترسناک!".

کۆ بەرهەمەکانی جۆرج لویس بۆرخێس

یەکێک لە سەرنج ڕاکێشترین لەو کۆ بەرهەمانەی کە لە بەشی کۆ بەرهەمە تایبەتەکانی کتێبخانەی زانکۆی (ڤێرجینیا) دا هەیە بریتیە لەو بەرهەمانەی کە لەلایەن (جۆرج لویس بۆرخێس)ەوە ئامادەکراوە یان لەبارەی بەرهەمەکانی ناوبراو ئامادەکراون ( ١٨٩٩- ١٩٨٦) زیاتر لە ٢٠٠٠ بابەتی تایبەتی لەخۆ دەگرێت، کە بەکردەوە و بە هەموو شێوەیەک کێومالّی دوورو درێژی شەست و پێنج ساڵ تەمەنی پیشەیی بۆرخێس دەکات و پڕ لە رستە پەرەگرافی بەبایەخ و سەرنجڕاکێشی ئەدەبی.

یەکەمین کتێبێک کە بۆرخێس لە کتێبخانەکەی باوکیدا خوێندیەوە، لە نێویاندا سەرکێشیەکانی " هەکل بێری فین" و نۆڤڵەکانی ( ئێتچ جی وویلس) "هەزار و یەک شەو" " دۆنکیشۆت" بەزمانی ئینگلیزی، بوون، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو کتێبانەی کە لە کتێبخانە مەزنەکەی باوکیدا دەیخوێندەوە، هەر لەسەرەتای تەمەنی لاوێتیەوە بۆرخێس بۆی دەرکەوت لە ناوچەوانی نووسراوە کە شیعر و چیرۆک و ڕۆمان دەبێتە پیشەی ژیانی و دەبێتە ئەدیبێکی تایبەتمەند.

بۆرخیس هەمیشە پێشبینی ئەوەی دەکرد کە ببێتە نووسەر، چونکە باوکی چەندین هەوڵی لەگەڵیدا دابوو، هەوڵەکانیشی بێ ئەنجام نەبوون و دواتر بۆرخیس بوویە ئەو ئەفسانە ئەدەبییەی نەک وڵاتەکەی خۆی بەڵکو سنووری هەر حەوت قارەکەی جیهان ببڕێت و ببێتە نووسەرێکی هەرە دیاری دونیای ئەدەبیات.

لە ساڵی ١٩٥٦دا بۆرخێس پۆستی مامۆستایەتی پێدرا لە بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە زانکۆی بۆینس ئایریس، ئەو پۆستەش کە پێدرابوو بۆ ماوەی ١٢ ساڵ بوو، دواتریش هەمان ساڵ بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو خەڵاتی نەتەوەیی لە ئەدەبدا پێ بەخشرا. ساڵی ١٩٦١ بە هاوبەشی لەگەڵ (سامۆئیل بێکیت)دا، خەڵاتی دووەهەمین بلاوکەرەوەی نێودەوڵەتیان پێبەخشرا. ساڵی ١٩٦٧ لە لایەن زانکۆی
(هارڤارد)ەو بانگهێشتکرا بۆ ئەوەی ساڵێک لە ئەمریکا ژیان بەسەر بەرێت وەک مامۆستایەکی سەردانکەر و کاتی ئەویش داوەکەی رەتنەکردەوەو ماوەی ساڵێک لە ئەمەریکا وەک مامۆستا وانەی ئەدەبی وتەوە.

واردریب فروین و مۆنتفۆرت، بەڵگە دەهێننەوە لەسەر ئەوەی کە وا لە سەردەمی ( سێرڤانتیس) ە وە، بۆرخێس گرنگترین کەسێتیە لە ئەدەبی زمانی ئیسپانیدا . درێژترین چیرۆکی نووسراوی بۆرخیس بریتییە لە چوارده پەره و ناوی "کۆنگرێس" ە و لە ساڵی ١٩٧١ دا بڵاویکردوەتەوە. بۆرخێس بە دەر لە چیرۆک و شیعر و

رۆماننووسین وەرگێڕێکی ناودار و شارەزایەکی باشی ئەدەبی ئینگلیزی ، فەرەنسی، ئەڵمانی بووە بۆ سەر زمانی ئیسپانی و لەو بوارەشدا دەیان کتێب و وتاری دانسقەی وەرگێڕاوە..

بۆرخێس چەندین کتێبی نووسەر و چیرۆکنووسە ناودارەکانی وەرگێراوە، لەوانە " میری دڵخۆش" ی ئۆسکار وایڵد، لە تەمەنی ١٠ ساڵیدا، ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەیەکە لەسەر بەهرەی ئەدەبی ئەو وەک ئەفسانەیەکی سەرسوڕهێنەر . هەروەها کارەکانی (ئێدگار ئیلن پۆ) و (فرانز کافکا، هێرمان هیسە، ویلیام فۆکنز، ڤیرجینیا وۆلف، ئاندریە گید) و چەندین رۆماننووس و چیرۆکنووس و شاعیری بەناوبانگی جیهانی وەرگیراوە بۆ سەر زمانی ئیسپانی و تا ئێستاش لە کتێبخانەی ئیسپانیا بەهای گەورەو گرانیان هەیە.

لە بوار وەرگێراندا بۆرخێس خاوەنی تێزی تایبەت بەخۆی بووە، هەر لەو بارەشەوە چەندین وتار ولێکۆڵینەوەی نووسیووە، تەنانەت پێی وابووە کە دەبێت وەرگێڕان لە نووسینی زمانە نووسراوەکە بەپێز و جوانتر بێت ئەوسا کاریگەریی لای خوێنەر بە جێدێڵێت و خوێنەر لە خوێندنەوەیدا بێزار نابێت.

بۆرخێس لە کارە ئەدەبییەکانیدا هەستاوە بە تەوزیفکردنی دوو شێوەی ئەدەبی، یەکەمیانی دارشتنی ئەدەبی و دەرخستنی کاری خەیاڵی. هەردووکیان دوو جۆر لە دەقی نوێ و ناسنامەی نادیار پێک دەهێنن، تەنانەت لە سەرەتای هەندێک لە چیرۆکە کانی وا دەردەکەوێت وەک ئەوەی بڵێیت لێکۆڵینەوەیەکی زانستی پوختەیە،هەندێجاریش لەسەر شێوازی بیری فەلسەفی و زەمینەی جەدەلی بووە، هەندێک جاریش لەسەر شێوازی داپێنانی ڕاناوی خۆیی، لەوبارەشەوە تەکنیک و لێزانیەکانی زۆرن، هەندێک جار بە برگەی دەقێکی کاری ئەدەبی کۆن دەستپێدەکات یاخود لەژێدەرێکی مێژووی یان زانستی، یاخود بەهێنانی گفتوگۆیەکی ئەفسانەیەکی کۆن یا خود فەلسەفی کە تا هەنووکەش یەکلانەکراوەتەوە کە کامیان لە کامیان کاریگەر تربوون.

بابەتە پەسەندەکانی بۆرخێس لەم تەوەرانەدا دەسورێتەوە:

-دید و گۆشەنیگای بۆ واقیع، بە و پێیەی کە واقیع لای ئەو ژیان پێچ و پەنایە و هەندێ نهێنی لە خۆ دەگرێت.

-تەلیسماوی و پڕ نهێنی قۆناغەکانی مرۆڤ بە گشتی.

-چارەنووسی مرۆڤ و گرووپی مرۆڤایەتی و ژیاریی بەگشتی.

-کات بەهەموو پانتاییەکانیەوە.

-نەمری و مانەوە.

-تەناسوخی رۆحەکان و لەناوچوونی "خۆ" یان خود.

ئەو کتێبانەی کە بۆرخیس نووسیوونی:

یەکەم: شیعر

١- جۆش و تینی بۆێنس ئایریس، کۆمەڵە شیعر، لە ساڵی ١٩٢٣ لە بۆێنس ئایریس بڵاوکرایەوە.

٢-مانگی بەرانبەر یان مانگ لەبەرانبەردا، لە ساڵی ١٩٢٥ لە بۆێنس ئایریس بڵاوکرایەوە.

٣-کتێبی سار مارتین، لە ساڵی ١٩٢٩ لە بۆێنس ئایریس بڵاوکرایەوە.

٤-کۆمەڵە شیعر (١٩٢٣- ١٩٤٣) لە بۆێنس ئایریس بڵاوکرایەوە.

لەگەڵ چەندین کتێبی دیکەدا.

**دووەم: کۆمەڵە چیرۆک:**

١-مێژووی ئابڕووچوونی جیهانی، لە ساڵی ١٩٣٥ لە بۆێنس ئایریس بڵاوکرایەوە.

٢- پەرلەمان، لە ساڵی ١٩٧١ لە بۆێنس ئایریس بڵاوکرایەوە.

٣- کتێبی لم، لە ساڵی ١٩٧٥ لە بۆێنس ئایریس بڵاوکرایەوە.

٤-ڕێگەی باخچە دووفاقەکە، لە ساڵی ١٩٣٥ لە بۆێنس ئایریس بڵاوکرایەوە.

سێیەم: وتار و لێکۆڵنەوە ئەدەبیەکان:

١-زمانی ئەرژەنتین، لە ساڵی ١٩٢٨ لە بۆێنس ئایریس بڵاوکرایەوە.

٢-ئیڤاریستۆ کاریێجۆ، لە ساڵی ١٩٣٠- ١٩٥٥ لە بۆێنس ئایریس بڵاوکرایەوە.

٣-لێکۆڵنەوەکان، لە ساڵی ١٩٢٥ لە بۆێنس ئایریس بڵاوکرایەوە.

٤-مێژووی نەمریی، لە ساڵی ١٩٣٦- ١٩٥٣ لە بۆێنس ئایریس بڵاوکرایەوە.

**چوارەم: کارە هاوبەشەکان:**

کە لە دووتویی چواردە بەرگ دایە (بۆرخیس) یش وەک یەکێک لەم شاعیر و چیرۆکنووس و نووسەرانە بەشداری تێداکردووە:

١-مارگریتا گریرۆ.

٢-سێلڤینا پالینکە.

٣- پاتینا ئێدیلبیرگ.

٤- پێدرۆ ئانکریس ئۆرنیا.

لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٦٠ ەوە ناوبانگ و ناوداری بۆرخیس بوویە ناوبانگێکی جیهانی، لە سایلی ١٩٦١ دا بە هاوبەشی لەگەڵ (سامۆئێل بێکیت) دا خەڵاتی فۆرمێنتەریان وەرگرت. هەر بەو بۆنەشەوە حکومەتی ئیتالیا وەک ڕێزلێنانێک نازناوی " سەرکردە"ی لێنا، لەساڵی ١٩٦٥ دا شاژنی بەریتانیا، شاژنە ئیلیزابێس مەدالیای ئیمپۆاتۆریەتی بەریتانیا پێبەخشی، هەروەها فەرەنسایش مەدالیا شەرەفی ئەدەبیی تایبەتمەندیی پێبەخشی.

ژێدەر:

١-کتێبی Geniuses of Literature

tp://www.sccs.swarthmore.edu/users/00/pwillen1/lit/index3.ht 2-ht



# لیتوما لە چیای ئەندیزدا

ماریو فارگاس یۆسا

## شاری قابیل بە خوێنی مرۆڤ بنیات نرا، نەک بە خوێنی گاو بزن

بەم دەسپێکە کە وتەیەکی شاعیر "ولیام بلیک"ە، ڕۆماننووسی پیرۆیی، ماریو فارگاس یۆسا، ڕێگا بۆ خوێنەرەکەی خۆش دەکات، بچێتە ناو جیهانە ترسێنەرەکانی ڕۆمانەکەیەوە "لیتوما لە چیای ئەندیزدایە"، کە لەم دواییەدا ساڵح علمانی لە "دار المدی" ٢٠٠٩ بە چاپی گەیاندووە.. ئەم دەسپێکە کە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو چیرۆکە ناسراوە، کە قابیل، هابیلی برای کوشت. ئەمە لێرەدا هەر لەخۆڕا نەهاتووە. بەڵکو گەلێک لەو نهێنییە سەرسوڕهێنەرانە ئاشکرا دەکاو ڕۆشنایی دەخاتە سەریان لەم ڕۆمانە پڕ لە وێنەی ترسێنەردا، سەبارەت بە دڵ ڕەقی و ترس و توند و تیژییەکان لە پیرۆ و بەرزایی چیاکانی ئەندیز کە ئەفسانە و پروپووچ و بەندوباو کاری خۆیان دەکەن، لە ویی پڕ لە ئەفسانە و حەکایەتە خەیاڵیەکان کە لە ئاستی نانی ڕۆژانەی دانیشتوانی ئەو دەورو بەرەیە بێ ئەوەی هیچ گومانێک لای کەسیش بورووژێنێ..

"یۆسا"ی لە دایکبووی ١٩٣٦ز لە ئەریکیبای پیرۆ. شارەزاو دەست ڕەنگینە لە خستە ڕووی چیرۆکەکانی، هەر حیکایەتێک بگێڕێتەوە توانای بە کێشکردنی خوێنەری هەیە. ئەو پێشوازییەش لەبەرهە وەرگێڕدراوەکانی بۆ عەرەبی و زمانانی دیکە، ناوبانگی ئەم ڕۆماننووسەی پێ دەرچووە..

ئەم ڕۆژنامەوانە کە چەندین جار بۆ خەڵاتی نۆبڵ پاڵێورا و بەختی نەیهێنا، ئەمساڵ ٢٠١٠ خەڵاتەکەی وەرگرت "وەرگێر"، ساڵی ١٩٩٠ز یش، بۆ سەرۆکایەتی پیرو پاڵێورا...

"یۆسا" هەر زوو لە سەرەتاکانی ساڵانی شەستی سەدەی بیستەمدا کاتێ یەکەم ڕۆمانی "شار و گەماڵەکان"ی بڵاو کردەوە ناسراو ناوبانگی دەرکرد. هەمان سەرکەوتنی لە ڕۆمانی دووەمیدا "ماڵە سەوزەکە" بەدەست هێنا.. ئیتر لەوساوە لە دوای یەکتردا کارەکانی بڵاو بوونەوە: "وت ویژێک لە کاتە ترائیدا" "بانتالیۆن و میوانەکان" و "شەڕی کۆتایی جیهان" و "چیرۆکی مایتا" و "پەسنی باوەژن" و "دەفتەرەکانی دۆن ریگۆبیرتۆ" و "کێ بالۆمیتۆ مۆلیرۆی کوشت" و "کەتن و پەتنەکانی کچۆڵە نەگریسەکە"، ئەم ڕۆمانانە سەرجەمیان بە عەرەبی کراون، پەنجەرەیەکی بەرینی کراوەیە بۆ ناسین و شارەزابوون لە جادووی ژیان لە ئەمریکای لاتینی..

ڕۆمانی "لیتوما لە چیای ئەندیز" ساڵی ١٩٩٤ز، پاداشتی بەرزی سرفانتسی لە ئەدەبی ئەسپانی وەرگرتووە. ئەمەشیان چوون کارەکانی دیکەی، بەڵکو لەو ڕۆمانە دەگمەنانەیە کە بە ڕێگا سەختەکانی پیرۆدا گوزەری کردووە، چۆتە ناوجەرگەی ئەو جوگرافیا نائارامە پڕ لە مۆتەکە و نهێنی و ختورەکانەوە. شار و شارۆچکە و دێهاتەکانی دەگەڕێ، سەر بە ئەشکەوتە پڕ لە جوغز و وێنەی ئاڵۆزدا دەکات، نامەکانی باو باپیرە نێژراوەکانی ناو درز و بنکڕی دۆڵ و دامێنی چیاکانی دەژنەوێ. دەڕوانێتە شەڕە نهێنی و ئاشکراکانی، لە پاشماوە و کەلەپووری میللی سادە و پڕ لە فێڵ و سحری وەردەگرێ. "پیرۆ! ئەمەیە: پان و بەرین، ئاڵۆز، شینایی، هەژاری، سامان، ڕەسەنایەتی، نهێنییەکی مەحکەم..".

لە ئاست ئەم ناتەباییە و هاڤدژییەدا، حەکایەتەکان لق و پۆپیان لێ دەبێتەوە، کەسایەتییەکان هەمەچەشن و هەمەجۆر دەبن، دەنگەکان تێکەڵی یەکتر دەبن "لەم ڕۆمانە ئاوێتەیەدا" کە چاودێری هەمە چەشنەیی وڵاتێک دەکات پیرۆی ناوە. عەریف لیتوما و یاریدەرەکەی "تۆماس"، کە بەرپرسی بنکەیەکن لە ئاوایی "ناکوما"ی لاچەپ، ڕووبەڕووی زنجیرەیەک دیار نەمان و ونبوونی کەسانێک دەکەونەوە، کە هیچ هۆی دیارنەمانەکانیان نازانرێ لە چیای ئەندیزنی کەش و هەوا سەختدا، سەختی کەش و هەوا، جیاوازی زۆری گەرمای ڕۆژ و شەوی دێنە پاڵ دڵ ڕەقی خەڵکەکەی، عالەمێکی سەرەتایانەی لێ پێک دێ کە لە هیچ عەقل و زەینێکدا جێی نابێتەوە. "دەنگی هەورە تریشقەی دوور، بە ناڵەی پچڕ پچڕ لە چیاکانەوە دەهات، لە ژێر زەوییەوە ناڵە ناڵی دەهات، چیا نشینەکان وایان دەزانی گاو ئەژدیها و داڵی "کوندور" و ڕۆحەکانە... نهێنی ونبوونەکە دەست بەسەر "لیتوما و تۆماس"دا

دەگرێ، لە کەش و هەوایەکی ناحەزانەدا، لە جیهانێکی بەرایی دا شارستانی لە بیری کردووە. جیهانێ سنوور لە نێوان مرۆڤایەتی و ئاژەلیدا نامێنێ، وەهم و ڕاستی لێک جیا ناکرێتەوە، سەرەڕای مەترسی هەرەشەی بەردەوامی جەنگاوەرانی شەڕی پارتیزانی ماوییەکان، لە ئەندامانی کۆمەڵەی "ڕێگای ڕۆشن"، کە ناوچەیەکی پان و بەرینی زنجیرە چیاکانیان بە دەستەوە بوو، ببوونە مایەی ترس و تۆقین لە دڵی دانیشتوانەکەدا. "توندو تیژی ئەو چیانەی گرتۆتەوە پڕی کردووە لە مردن و ترس و تارمایی"، لێرەدا "یۆسا" بە "کۆمەڵێ تیرۆرست" ناویان دەبات، لە دەمی کەسایەتییەکی ناو ڕۆمانەکەوە دەپرسێ: "ئەوە نییە تیرۆرستەکان بە چەپ و ڕاستیدا بە بیانووی شۆڕشەوە خەڵک ناکوژن؟"

بەڵام ڕاوەستە، ڕۆمانەکە بە ئیش و ئازاری دوو پۆلیس کورت ناکرێتەوە، چیرۆکی جادوکەر "ئەدریانا" و مێردەمەی خۆرەکەی "دیونیسیو"ش هەیە. کە مەیخانەیەک بەڕێوە دەبەن، کرێکاران و لادێییە هەژارە سادەکان هامشۆی دەکەن. حەکایەتی "ئەلبیر"ی فەرەنسی کچە هاوڕێکەی "میشێل" دەگێڕێتەوە، کە ژیانی خۆیان لەسەر کێشیەکدا پوچ کرد، هەمان شت بەسەر خانمە لێکۆلیرەوەدا هات "دهارکور"، خۆشەویستی بیابان و دارستان و ئاژەڵەکانی پیرۆ دادی تەواو، بووە قوربانی توندوتیژی.. وا دیارە، هەموو ئەو بیانیانەی ڕوو لەم وڵاتە دەکەن، عەشق مێشکیان بە جۆرێ تێکدەدا.. "ئێرە، وڵاتێکە کەس لێی ناگات، هیچ شتێکیش لەوە سەرنج ڕاکێشتر نییە، کە بە ئاسانانی لێی تێ نەگەی..". ئەمە پاڵی بە پرۆفیسۆری دانیمارکی "پول ستیرمسون"ەوە نا، سی ساڵ خەریکی مێژووی ئەو وڵاتەو داب و نەریت و ئەفسانەکانی ببێ، تا "ئەندیز"بووە ماڵی.. ڕەنگە گەیشتبێتە هەندێ ڕاستی پێچەوانەی بیروڕای مێژوو نووسان بێ. "یۆسا" کەڵک لەمە وەردەگرێ بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی مێژوو. لە دەمی ئەوەوە دەڵێ: شارستانیەتی "هوانکا"و "تشانکا" لەسەر دەستی "ئینکا" لەناو چوو... هەرچەندە "ئینکا" ناوێکی باشی هەیە، هەر لە سەدەی هەژدەهەمەوە وا باس دەکرێت "داگیرکەرانێکی لێبووردە بوون، خواوەندەکانی دۆڕاوەکانیان دەپەرست..".. وەکو "یۆسا" دەڵێ، ئەمە داستانێکی گەورەیە، "ئینکا" وەکو هەموو ئیمراتۆرییەتەکان لە هەڵس و کەوتیاندا لەگەڵ گەلاندا دڕەندەییان نواند، هەردوو گەلی "هوانکا" و "تشانکا"یان لە مێژوو دەرکرد... شارەکانیان وێران کرد، زمان و داب و نەریتیانیان سڕییەوە. بەڵام مێژوونووسان لەگەڵ "هوانکا"دا هاوسۆزی ناکەن، چونکی یارمەتی ئیسپانییەکانیان دا لە دژی "ئینکا".. ئایا ئەمە ڕەوا نەبوو؟

یارمەتی ئیسپانییە داگیرکەرەکانیان دا، وایان دەزانی یارمەتیان دەدەن و لە دەستی ئەوانەیان ڕزگار دەکەن کە بە کۆیلەیانیان کردبوو، بەڵام هەڵە بوون، بێگومان، جارێکی کە ئیسپانییەکان بە کۆیلەیانیان کرد. بێگومان مێژوو نارەوایی نواند لە ئاست گەلی "هوانکا" بە دەگمەن ناویان لەو کتێبانەدا دێ کە باسی پیرۆی کۆن دەکات، باسی ئەوەیان دەکەن کە دواکەوتوو بوونە و یارمەتی ئیسپانییەکانیان داوە.

ئەم باسە مێژووییە، شوێنێکی دیار لە ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە. "یۆسا" پشت بە ڕۆحی ڕۆشنبیری ناوخۆیی دەبەستێت، کە ڕەگێکی قوڵی لە خاکی ئەو ناوچەیەدا هەیە، کە هەندێ ڕووداو دەخاتە ڕوو باوەڕپێکردنی ئاسان نییە، تاکو ئەمڕۆ ئەو چیا نشینانە بروایان وایە، بۆ ئەوەی لە توڕە بوونی سروشت دوور بکەونەوە. "قوربانی" دەدەن. ئەو ڕێبازیانە بۆ دەرخستنی ڕێز لە ڕۆحی چیاو خاک، تا کارەسات ڕوو نەدات، هەرەسی شاخ بەرپا نەبێت، هەورە بروسکە بێ زیان تێپەڕێت. لافاو هەڵنەسێت. بە گوێرەی بڕواو ڕۆشنبیری باو باپیرانیان کارەساتی سروشت بوونی نییە، بەڵکو هەمووو شتێ بە ویستی هێزێکی باڵا ڕوو دەدات، دەبێ بە قوربانی ڕازی بکرێت. ئەو هێڵەی کە لەناو ڕۆمانەکەدا، لە توندوتیژی ئەو ڕووداوانە کەم دەکاتەوە، چیرۆکی ئەو دڵدارییەی "تۆماس و مرسیدس"ە ئەو عاشقە لە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆشەویستی خۆی بۆ "لیتوما" بێزار نابێ، کە هیچ شتێک لەو چۆڵەوانییەدا نییە کاتی پێ بباتە سەر لە گوێگرتنی ئەو چیرۆکانە نەبێ. یۆسا تەنیایی مرۆ لەو هەرێمە دوورانە دەردەخات، دەقێکی پڕ لە وردەکاری پێشکەش دەکات، سەر بە ڕیالیزمی جادووکارییە، وا دیارە ئەم سیفەتە (جادووکاری) ڕەوایی خۆی لەو "فەزا" پڕ لە نهێنییە وەرگرتووە کە ئەو جۆرە کارانەی وێنەی دەکێشن.

کە ڕاستییەکانی تێکەڵی پڕوپووچەکانی دەبن، هیچ سنوورێکیش لە نێوان خەون و واقیعدا نامێنێ. ئەم داستانە هەندێ ساڵانی پڕ لە ترسی پیرۆ تۆمار دەکات، کارەساتە کۆمەڵایەتییەکان داستان ئاسای تیادا خراوەتە ڕوو، توندوتیژی تیایدا بووەتە دیاردەیەکی ڕۆژانە لەلای هەندێ لە توێژەرەکانی ناو کۆمەڵ، یان ئایدیولۆجیەک بڕوای بە توندوتیژی هەیە و وەکو ڕۆشنبیرییەکی بیروباوەڕ، ژمارەیەکی زۆر لە هەژار و جووتیار لادێ نیشینەکان پێی سەرسامن. بە ئامرازی گێڕانەوەی سفت و سۆڵی، بە زمانێکی ئاسان، دۆخێکی سەخت مۆتەکە ئاسا دروست دەکات، کە پشت بە هیچ یاسا و لۆجیکێک نابەستێ و ڕاڤەش ناکرێ، ئەو بابەتەی کە لەم ڕۆمانەدا زۆر بە ئاشکرا دیارە.

ئەو توندوتیژییەیە کە چارەنووسی کەسایەتییەکان و ڕێڕەوی ڕۆمانەکە و ڕووداوە دڵ تەزێنەکانی دیاری دەکات.

دار الحياة

٣١ ئاب ٢٠١٠

ئیبراهیم حاجی عەبدی

و: ئایندە



# جەلالی میرزا کەریم

جەلالی میرزا کەریم ( ١٩٣٥ سلێمانی - ١٤ / ١ / ١٩٩٣ هەولێر ) .

چاپکراوەکانی :

١-الولادە ، کۆ شیعر ، ١٩٨٢ .

٢-چرپەی ژانێکی نقووم بوو ، کۆ شیعر ، ١٩٩١ .

٣-ڕێگا دوورەکانی چاومان ، کۆ شیعر ، ١٩٩٢ .

ئەو پرسیارەی دەکەوێتە نێوان شیعر و کۆمەڵگا بە چ ڕێگایەک دەگاتە دۆخی شکۆمەندی داهێنان، شاعیر بە چ زانیاری و پێوەرێک ئاسۆی نێوان شیعر و کۆمەڵگا دەپێوێت. زمانی کۆمەڵگا کەمتر لەناو ڕۆشنبیری نوێبەخشدا کارا و چالاکە، بگرە لە ئاستی دەستنیشانکردنی شتەکاندا هێزی خۆی ڕادەگەیەنێ. لەهەمان کاتیشدا زمانی کۆمەڵگا زمانێکی فرە دەنگە و توانای داهێنانی زمانی تێدایە و وزەکانی دەربڕین پەرە پێدەدات، پێویست نییە شاعیر وەک گومان و ترسێک لێی ورد بێتەوە و خۆی لێ تار و تەریک بگرێت، کۆمەڵگا بەردەوام لە ڕێگای داهێنانە هەمە جۆرەکانییەوە وزەی زمانی بەرز دەکاتەوە، بەڵام لە شیعردا زمانی، سۆزی بۆ خەون و داوا و پێشبینی و هەست..... تاد، هەیە و ئاستێک دیاری دەکات و بەسەر پێکهاتە دەروونییەکانی دەکرێتەوە.

لە کرانەوەیدا کاکڵی کاکڵەکانە. دەستبڵاوی لە بەکارهێنانیدا مەبەست و مانا ماندوو دەکات، لەهەمان بەکارهێنانیشدا چڕکردنەوەی زیاد لە پێویستیش دیسان مەبەست و مانا ماندوو دەکات. لە هەردوو باری بەکارهێناندا زمان توانای پاراستنی بێدەنگی نامێنێت. ئەم شاعیرە بە بڕوایەکی پتەوەوە بەشداری لە ڕۆشنبیری زمانی نەتەوەی خۆیدا کردووە.

(کاروانی وشەی ڕاچەنیوو ) کۆ شیعری یەکەمی ئەم شاعیرە بووە . ساڵی ١٩٧٤ ئامادەی چاپی کردووە و بردوویەتییە چاپخانە و تەنانەت بووەتە فیلمیش . بە هۆی بارودۆخی سیاسی لە چاپخانەدا وەرگیراوەتەوە . شاعیریش لەم کاتەدا بەغدای جێهێشتووە و بووەتە پێشمەرگە ، بە ئامانەت لای برادەرێکی ئەدیبی داناوە (.........) ، دوای نسکۆی شۆڕش ساڵانێکی زۆر وەک پەنابەری دژە دەسەڵات لە ئەمریکا ژیا و لەگەڵ ڕاپەڕیندا گەڕایەوە کوردستان و هاتەوە ناو کۆمەڵگای پڕ جووڵە و زیندووی خۆی و کانگای هەڵڕشتنی هەستەکانی. کوردستان و کۆمەڵگای کوردی ناو و ناوڵێنانێکی بوونی ڕاستەقینەیان لە شیعرەکانیدا هەیە و شادەماری خوێنن، ماوەیەکی کەم تێیدا مایەوە و کۆچی دوایی کرد ، کەچی ئەم ئامانەتە سەرەداوێکی نەدرایە دەست کەس . کە گرینگترین کۆ شیعری نوێبەخشی قۆناغی ڕوانگەیە ، گوزارشت لە زمان و فۆرم و داڕشتنی ئەم بزووتنەوەیە بکات.

گەردوون بەجۆرێک ترپە و ڕیتمی دامەزراو، بە دوای یەکدا هاتنی تاریک و ڕووناکی و وەرزەکان...... تاد، هەڵدەسووڕێنێ. ئەو جۆرە ترپە و ڕیتمەی کە گەردوون بەڕێوە دەبات گواستراوەتەوە ناو دەروونی مرۆڤ و وزەیەکی زۆری لە بیر و مێشکی خستووەتە گەڕ بۆ هێنانە کایەی بەها ئێستێتیکییەکانی ژیان ڕێکخستن. لێدانی دەمارەکانی لەشی مرۆڤ جۆرێک ترپە و ڕیتمی بەڕێوە بردن. گرینگترین ترپە و ڕیتم لە ڕۆیشتنی مرۆڤەوە پەیدابووە و خۆی لەگەڵ حەقیقەتدا گونجاندووە.

لە شیعریشدا لەیەکەم دێڕیەوە تا دوا دێڕی ڕۆیشتنێکی نەرم هەیە و ترپە و ڕیتمی ئەو ڕۆیشتنە دەبێتە ئاهەنگ. شیعری ئەم شاعیرەش بەهۆی بوونی سروشتێکی ترپە و ڕیتمییەوە دەربڕین لەبارە بوونییەکان و دەرخستنی مانا دەکات، بەڵام تەنیا لە ڕێگای ترپە و ڕیتمەوە ناگەینە ناخی ئەدەب، ناخی ئەدەب خۆرە و زەوی وەک پێکهاتەی مەوداکان بە دەوریدا دەخولێتەوە. ناشزانین کامەیان سەرچاوە و بنەوانە و کامیان پێکهاتەیە. هەر کاتێکیش بمانەوێ بە تەواوی ئەو زانیارییە بزانین و بناسین ون دەبین.

شاعیری داهێنەر هەر بە داهێنەری خۆی دەمێنێتەوە. خوێنەری هەمە جۆریش ناتوانێت خۆی لە ئەفسوون و کاریگەرییەکانی بەدوور بگرێت. پێوەری ئەفسوونی داهێنان شوێنی بۆ دەستنیشان دەکات. لەم دەستنیشانکردنەدا پێوەندییە داهێندراوەکان دەدۆزرێنەوە. بە دوای ئەوەدا دەگەڕێین کە هەیە و قسەی لە بارەوە دەکەین.

سەباح ڕەنجدەر

# پیاوێک
# بە تاجە گوڵی هێرۆوە

**بۆ ئەوانەی ئێوارەیەک لێمان بزر دەبن.. بۆ کاردۆ گەڵاڵی**

دڵشاد عەبدوڵڵا

ماسییە، دڵی گوشراوە لەبەر سنووورداری ئاو
یان مۆرووە بە گەردنی کەڵەگەتی کێوەوە

بە گوللە بیانکوشتبا
برینەکانی پڕ دەبوون لەتریفە
گوریسیان خستبا ملی
پەلکە زێڕینە لەو جێیە هەڵیان دەدا
بزریان کرد لە چاوی شەو
بزریان کرد لە باوەشی دایکی سووتاو



ئەڵقەیەک نەبوو لە پەنجە دابکەلێ
فڕێ بدرێتە گۆمێک
یان پارچە دارێک نەبوو ئاو بیبا
یان شتێک لەناو پووش و پەڵاشدا بزربێ
بەو هەموو ساڵانەی لە ئەستۆدا
بەو هەموو دۆست و یارانەوە
چۆن لە چاو نووقانێکدا نەما؟
کوشتییان..؟ نەیانکوشت...؟
سەرچاوە کوێر کرایەوە
کرا بە بڵق لە حەوزی نەتریکدا
نە پشکە خوێنێک بەسەر بەردێکەوە مابوو
نە دەسڕۆکە بە لکی دارێکەوە بەجێمابوو
نە نامەیەکی نهێنی هێمای مانەوەی پێمان دا
نە وێنەیەکی خەمگین
ئەگەر باڵندەش هەواڵیان زانیبا دەیانگەیاند
گۆڕی لە کوێ با حاجیلە دەچوونە سەری
یان پەپوولە تۆز و خۆڵیان دەسووی لە باڵ
غەریبێک هەر دەبوو ڕێ ون بکا بچێتە سەر گۆڕی
ئێستا دەبێ منداڵەکان لە قوتابخانەکاندا
دیمەنی کوشتنی بکێشن هەریەکە و بەشێک لە سیمای
هەر یەکە و ئاهێکی زەرد بووی سەر نیگای
هەتا شتێک لە پەنهانی مردنەکەی دەدۆزرێتەوە
بە مردوویش دەکرێ شاد بینەوە پێی

فڕێیان دابایە دەریا ڕەنگی دەریا دەگۆڕا
خستبایانە بیرێک، تامی ئاوەکەی تاڵ دەبوو
لە هەر بستە خاکێک بایە بۆنی دەگەیشتە ئێرە
ئەو زوڵمە کەڕەکیفەیە بەسەر ڕۆژەکانەوە
هەتا دێ ناخ کرمێ دەکا
گوڵخەنە ئەوەی دەمێنێ
لە دوایاندا.